# گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

## گۆڤارێکی ئەکادیمیە
## زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات


**سەرنووسەر**
**پ.د. محمد علی عبدالله**

**سکرتێری نووسین**
**پ.ی.د. صباح رشید قادر**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**م.ی. تاڤان دڵشاد کریم**

**دەستەی نووسەران**
پ.ی.د. سناء حسن عبدالصاحب
د. حسێن غازی کاک أمین
د. موفق خالید ابراهیم
د. بەهزاد وسو حمد
د. سەردار فتح الله حسێن

**دەستەی ڕاوێژکاران**
پ.د. کریم عبدول
پ.د. جبار قادر
پ.د. وریا عمر أمین
پ.ی.د. محمد صابر مصطفی

**یاریدەدەری سکرتێری نووسین**
**م.ی. محمد قادر رسول**

- گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین - ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٤
- چاپ: چاپخانەی بینایی - سلێمانی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

## لەم ژمارەیەدا

### بەشی کوردی


نەتەوەی کوردو هێڵە تەریبەکان ی زمان و حکومەت.................................................................. ٥

د.هۆگر مەحموود فەرەج

هەندێ لایەنی ڕێزمانی زمانی ئاماژە............................................................................ ٣٤

پ.ی.د. صباح ڕەشید قادر – م.ی. سازان رچا معین

مۆرفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاستدا توێژینەوەیەکی دەنگوشەسازیە........................................ ٤٩

پرفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عەبدوللا حوسـێن ڕسـول

چەند لایەنێك لە کردەی چاکوچۆنیدا........................................................................ ٨١

پ.ی.د. قەیس کاکل تۆفیق

ڕەوانبێژی لەنێوان بوون ونەبوون لەبەشەکانی زمانی کوردیدا............................................ ٩٠

پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی

(جوانی بێناو)، جیهانبینییەکی ڕۆمانتیکییانە (مەولەوی، گۆران ، ۆردزۆرس و بایرۆن) وەك نمونە.................. ١٠٥

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین

وێنەی هونەری لە شیعری ( ئێوارەی پایز )ی هێمن دا................................................... ١٢١

د. حسێن غازی کاك امین – کاروان سلیم قیطران

ڕەخنە) و قۆناغی گەشەکردنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا................................................ ١٤٦

پ.ی.د.محمد دلێر أمین – پ.ی.د.فاضل مجید محمود

ئاستی راستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا................................................ ١٥٩

د. هێرش ڕەسوڵ موراد

پەیامنێری رۆژنامەنووسی.................................................................................. ١٩١

ئاراز رەمەزان ئەحمەد

ڕۆڵی رووحانیەتی شیعە لە بزاڤی مەشرووتە................................................................ ٢٢٣

م.ی. اسماعیل عبدالرحمن سعید


### بەشی عەرەبی – القسم العربي


الزمن في رواية (اللاسؤال واللاجواب) لفؤاد التكرلي................................................... ٢٤٧

شازاد كريم عثمان

التحليل و التقييم المكاني لمراكز اطفاء الحريق في مدينة اربيل.......................................... ٢٦٦

د. هيوا صادق سليم

أثر البطاقة التموينية في الأمن الغذائي العراقي.............................................................. ٢٩٣

د.طلعت محمدطاهر البوتاني

النضم الانتخابية وأهميتها.................................................................................. ٣١٣

م.م. كريم طه طاهر شريف

تملّك العقار عن طريق عقد الاستصناع وتطبيقاته المعاصرة دراسة فقهيّة مقارنة.......................... ٣٣٤

أ.م.د. عثمان محمد غريب – م.م: كمال محمد أبوبكر

ألكايوسية في العلوم الأنسانية ( دراسة في فكر إيليا بريغوجين العلمي ).................................. ٣٦٣

د. بتول رضا عباس

قراءة جديدة في مقتل ابن المقفع........................................................................... ٣٧٨

د.صلاح كانبي اسماعيل


### English Part – بەشی ئینگلیزی


Formulaic Utterances in English and Kurdish.................................................................. 3
Bikhtiyar Omar Fattah

An Evaluative Study of the Application of Teaching Modern Pedagogical Technology at College of Basic Education.................................................................. 13
Dr. Ali Mahmood Jukil

Using Gas Chromatography Mass Spectroscopy to Analyse Fatty Acid Profile of Brown Sesame (*Sesamum indicum L.)* Seeds Oil.................................................................. 27

Jawameer Rasool Hama - Rebaz Anwar Omer

Lipid Peroxidation and Renal Function Response to the Kidney Stone Formation................ 39
Ismail salih AL-kakey - Kaniaw R. Khafar

The impact of Tourism Sector on Iraqi Economy.................................................................. 52
Younis Ali Ahmed - Khalid Abdul Rahim - Norlida Hanim Mohd Salleh

The duties of the parties under FOB contracts... **.................................................. 62**
MUKHLES MURAD

# ڕێنماییەکان
# بۆ بلاوکردنەوەی توێژینەوە

١. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەکادیمیەو توێژینەوەی ڕەسەن و ئاست بەرز بلاودەکاتەوە،لە بوارەکانی زانستی و مرۆڤایەتی و زانستە سروشتی و پزیشکیەکاندا لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم،بە مەرجێ پێشتر لە هیچ گۆڤارێك بلاو نەکرابێتەوە،یان ڕەت نەکرابێتەوە.

٢. هەموو توێژینەوەکان لە لایەن پسپۆری شارەزا، بە پێی پسپۆری هەلدەسەنگێنرێن.

٣. گۆڤارەکە توێژینەوە بە هەموو زمانە زیندووەکان بلاو دەکاتەوە.

٤. توێژەر توێژینەوەکەی بە چاپکراوی لەسەر کاغەزی سپی پێوانەی(A4) دا لەگەل جێهێشتنی(٢,٥)سم لە هەر چوار دەوری لاپەرەکە دەنێرێ.

٥. ژمارەی لاپەرەی توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتیەکان(٢٣)لاپەڕە تێپەر ناکات،جگە لەو وێنەو خشتەو پاشکۆ و پێویستیەکان،و(٢٥)لاپەڕە بۆ زانستەکان.ژمارەی لاپەرە لە لای خوارەوە لە ناوەندی لاپەرەکە دادەنرێ:

٦. توێژەر(٣)سێ وێنە لە توێژینەوەکەو CD توێژینەوەکە ڕادەستی سکرتاریەتی گۆڤار دەکات، دواتر وەکو بنەمایەك بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوودی لێوەردەگیرێ.توێژینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیك دەخرێت:

- ✓ ناونیشانی توێژینەوەکە لەسەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکە دەبێ بەفۆنتی (١٦)بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان و (١٤) بۆ بەشە زانستیەکان.جۆری فۆنتەکە Ali-k-alwandبۆ زمانی کوردی و Ali-a-jiddahبۆ زمانی عەرەبی.
- ✓ ناونیشانە لاوەکیەکان بە پیتی Ali-A-samik بۆ عەرەبی و Ali-k-samik بۆ کوردی.
- ✓ ناوەرۆکی توێژینەوەکە بە جۆری پیتی Ali-a Sahifa بۆ عەرەبی Ali-k-Alwand بۆ کوردی بەکاردێ.
- ✓ ئەو توێژینەوانەی بەزمانی ئینگلیزین, دەبێت بە فۆنتی جۆری (Arial) بنووسرێن, بە پێوانەی ١٤ بۆ سەرە بابەت و ١٢ بۆ نووسینی تێکستەکە لەگەل بە جێهێشتنی مەودای دێرونیوێك لە نێوان دێرەکان, و سەرچاوەکانیش بە سیستمی Harvard بنووسرێن
- ✓ ناوی توێژەر یان توێژینەوەکان بە فۆنتی ١٦ بۆ مرۆڤایەتیەکان و ١٤ بۆ زانستیەکان بەکاردێ.
- ✓ کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ تێدا ئامانج و پلان و ڕاسپاردەکان ڕوون دەکرێتەوە بە پیتی ١٤ بۆ مرۆڤایەتی و ١٢ بۆ زانستیەکان.
- ✓ کورتەی توێژینەوەکە بە دوو زمانی تر جیاواز لە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ.
- ✓ لە نووسینی سەرچاوەکان پەیڕەوی سەرچاوەکان و ناوی کتێبەکان دەکرێ.و ئەگەر توێژینەوەکە وەربگیرێت یان وەرنەگیرێت بە هەر هۆیەك بێت بۆ خاوەنەکەی ناگەرێنرێتەوە.

پ.ی.د. صباح رشید قادر
سکرتێری نوسینی گۆڤار

# نەتەوەی کوردو هێڵە تەریبەکان ی زمان و حکومەت

د. هۆگر مەحموود فەرەج

**پێشەکی:**

ئەم لێکۆڵینە، لە چوار پاردا، گرنگترین ی ئەو لایەنانەی، کە پێوەندییان بە کارکردن و کاریگەرییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و حکوومەت و ڕژێمە یەکلەدواییەکەکانیانەوە، هەیە، دەخاتەڕوو، کە بەدرێژایی مێژووی داگیرکراوی ی کورد هەوڵیانداوە تاك ی کورد والێبکەن، گومان لە نەتەوەکەی و توانای یەکبوون و یەکزمانی و توانای لەباربوونی حوکمڕانی و نائاساییەتی مرۆڤی کورد لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کەسانی تر بخەنە دڵەوە، هەوڵدانیان بۆ گومانخستنەسەر مرۆڤییەتی ی بنەچەی کورد، کە گوایە لە جنۆکەن تەنانەت لە مرۆڤیش نین. کاتێکیش کە وەك مرۆڤ لە کوردیان ڕووانیبێت، ئەوا وێنایەکی مرۆڤ ی ناشیرین و ناقۆلایان داوەتێ و هەوڵیانداوە سیما مرۆڤییەکانی، چ لە ڕوواڵەت و چ لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیدا، لێدابماڵن. بۆ ئەم کارەیان، سڵیان لە درۆکردن بەناو هێما پیرۆزەکانی ئیسلامیشەوە، نەکردووەتەوە، چونکە ئەمەیان بۆ مرۆڤە ساویلکەکان، ڕەهەندێکی تایبەتیشی دەبێت. بۆ ئەوانەش کە بەو نزایانە نالێن: ئامین، ئەوا ڕێگەی سڕینەوەی کوردبوونی نەتەوەکەیان بەشێوەیەکی تر گرتووەتەبەر، کە هەریەکە لەلای خۆیەوەو لەپێناو پەرژەوەندی ی ڕەگەزپەرستانەیاندا، بەبەشێك لە نەتەوەی خۆیانمان لەقەڵەمبدەن. لەمەشدا نموونە لای عەرەب و تورك و فارسیش، هەن. هەرسێکیشیان لەم گەندەڵفێڵ و ساختەبازییەدا کاریانکردووە، بەڵام دژیەکیشن، چونکە ئەگەر کورد بە بنەچە عەرەبە! ئەرێ چۆن بووە بە تورکی کێویلە؟!، خۆئەگەر ئەوانیشین، ئیتر چۆن فارس کردوویانین بە بەشێك لە خۆیان، بەکورتی لای داگیرکەرانمان گرنگ ئەوەیە لە کوردبوونمان بدەن، بۆیە لە هیچ شێوەیەك خۆ نابوێرن.

کارکردنیان بۆ ئەو ئامانجەیان، تائێستاش بەجۆرێك لە جۆرەکان بەردەوامەو لەزۆرباریشدا، لەپاڵ لێدانی سەربازیدا، ئایین و ئایینزاکانیشمان بەگژدادەکەن. سەیریش ئەوەیە، ئەو ئایینزایەی کە زۆرینەی کوردی لەسەرە، فەرمانڕەوایی بە کورد ڕانابینێت!، کەچی کورد هەر بەردەوامیشە لەسەری!. هەموو ئەو کارانەی داگیرکەران بەدرێژایی مێژوو، ئەگەرچی نەتەوەی کورد بەرگریی کردووە، بەڵام پتر لە کارە سەربازییەکانیان، کاریگەرییە دەروونییەکانیان کاری لە تاکی کورد کردووە، بەجۆرێك کە خانەگومانیی بەرامبەر نەتەوەکەو تواناکانی تێدا چەکەرە بکات، تائێستاش هیچ ڕژێم و حکوومەتێکی ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتە داگیرکارانە، دەستبەرداری ئەو کارانە نەبوون.

ئەم لێکۆڵینە بۆچوونی چەند بێگانەیەك لە نەتەوە جوداکان، سەبارەت بە کورد دەخاتەڕوو، هەروەها هێندێك لە هۆکارەکانی کاریگەر لە یەکنەگرتنی کورددا، دەستنیشاندەکات. هەر بەوپێیەش گوشاری داگیرکەرە جوداکان بەرامبەر بە زمانی کوردی و شێوازەکانی ئەو گوشارە دەخاتەڕوو. دیارە ئەمەش وەك ئەوەی پایەی یەکەمی نەتەوەکەیە، ئەوا ئەو گوشارە هەمەچەشنانە و هاوکات پەرتکردنی نیشتمانی کورد، کاریگەری ی زۆری لەلایەنی زمانەکەوە لێکەوتووەتەوە، داگیرکەران هیچکات بەسەر ئەمەشەوە نەچوون، لێرەشەوە جارێکی تر هەوڵی کەلەبەرخستنە جەستەی کوردیان داوە، کە ئەمەش مێژوویەکی چەند سەدساڵەی هەیەو تائێستاش هەر کاری تێدا دەکرێت و تاڕادەیەکیش زیانی بە یەکگرتوویی ی نەتەوەکە گەیاندووە.

لێکۆڵینەکە لە کارو کاریگەری ی حکوومەتە داگیرکارەکان دەدوێت، لەبەرامبەریشدا لەوکارانە دەدوێت، کە لەم پارچەیەی کوردستاندا، کە حکوومەتی هەرێممان هەیەو، دەبوو. سەبارەت بە زمان و نەتەوەکە، بکرانایە، کە نەکراون یاخود وەك پێویست نین. هەرلێرەشەوە. ناونیشانی لێکۆڵینە سەرچاوەیگرتووە، چونکە هێڵی کاری حکوومەتی هەرێم دەبێت لەگەڵ زماندا لە خاڵێکدا، کە پەرژەوەندی ی باڵای نەتەوەیە، بگەنەیەك، نەك وەك ئەوەی وابۆ چارەکە سەدەیەك دەچێت، ئەو بەیەکگەیشتنە بوونی نییەو بەوەش زمان بەرهەڵداو نەتەوە زیانخواردوو ماوەتەوە.

## پاری یەکەم:

پارازتنی ناسنامەو خدەی یەکنەگرتنی کورد لە دیدی بێگانەوە:

گومان لەوەدا نییە، کە هەر نەتەوەیەك بخوازێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت و دەوڵەتی خۆی هەبێت، ئەوە کارێکی ئاسان نییەو هەوڵ و قوربانی و ململانێ و ماندوویی زۆری گەرەکە. دیارە ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە پەرژەوەندی ی نەتەوەکان لە زۆربەاردا بەیەکداچوو و تێکچڕژاون و مەرجیش نییە هیچکات هاوسەنگی لەنێوان تواناو خاك و سامان و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکاندا هەبێت. ئەم نەبوونی هاوسەنگی و بەیەکداچوونانەی پەرژەوەندییەکان، وادەکات کە بە کاریگەریی لایەنێك لە لایەنەکان، بتوانرێت نەتەوەیەك خۆی بەسەر نەتەوەیەك یان چەندان نەتەوەی تردا بسەپێنێت و لە سایەی خۆیداو لە پەرژەوەندیی خۆی، خۆیان و سامان و تەنانەت کەلتوورو تایبەتمەندییەکانیشیان بخاتە خزمەت خۆیەوە. لەم بارانەدا بەڵگەنەویستە، کە نەتەوەی ژێردەست یان نەتەوە ژێردەستەکان هەمیشە هەست بە نایەکسانی و چەوسانەوەو پێپەستکردنی مافەکانیان بکەن. ئەم هەستەش بێگومان بیرکردنەوە بە ئاراستەی بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانە دەبزوێنێت. بە بوونی ئەو بیرکردنەوەیەش هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان سەرهەڵدەدەن. بەمەش گەڵاڵەکردنی داخوازییەکانی نەتەوە لەلایەن کۆمەڵ و دەستەو پارتەکانەوە، دێتە ئاراوە. ئەوجا ئەگەر دەوڵەتی داگیرکەر ملکەچی بنەما سەرەتاییەکانی مافی گەلان ببێت، ئەودەم وتووێژو دانوستاندن سەبارەت بەو خوازتانە لەگەڵ ئەو خوازیارانەدا دێتە کایەوە. خۆئەگەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا بە چەندان بیانووی ناڕەوا دەکەوێتە بەرپەرچدانەوەی ئەو خوازیارانەو بگرە ڕاوەدوونانیشیان، بەمەش قۆناغێکی نوێ سەرهەڵدەدات، کە ئەویش پەنابردنەبەر توندوتیژییە، توندوتیژیش یەکشێوەو یەکچەشن نین. بە مانەوەو بە چارەسەرنەکردنی کێشەکەش، شۆڕش و بەرخۆدان دێتە ئاراوە.

بەدڵنیاییەوە هاتنە ئارای ئەم قۆناغەش بێ کاریگەری و کارو کاردانەوەی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی هاوسنووری دەوڵەتە پێشێلکارەکەن، نابێت، چونکە جیۆڕامیاری ی هیچ نەتەوەیەك دابڕاو نییەو ئەمەش بەپێی پەرژەوەندییەکان کاریگەرییان لە شۆڕش و سەرهەڵدانەکاندا دەبێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە گوڕوتینی سەرهەڵدانەکان و بگرە هێندێکجار لە هاتنەکایەو تەنانەت کپکردنیشیاندا، دەبێت. نەتەوەی کورد بەدرێژایی ی مێژووی خۆی و بەتایبەت لەم چەند سەد ساڵەی دواییدا، هەمیشە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بەرەوڕوو بووەتەوەو شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی لە هەڵچوون و داچووندا بوون. جا ئەوەی کە نەگۆڕراوەو بەردەوامبووە، ئەوە دەستهەڵنەگرتن بووە لەو خوازتانە، لەپێشەوەشیاندا زمانی کوردی بووە، کە ناسنامەی نەتەوەکەیە، بەڵام هەر میرو شێخ و ئاغاو بەگێك، هەر گرووپ و پارتێك یاخود ناوچەیەك بەپێی ترپەو ئاوازێك کاریانکردووە، نەك یەکدەنگانە. واتە کورد هەمیشە پەرت و یەکنەگرتوو بووەو تائێستاش ئەم پەتایەی لەکۆڵنەکەوتووە. ئەم دەردەی کورد نەك هەر ڕۆژنبیرانی خۆمان، بەڵکو ئەو بێگانانەش کە بەجۆرێك لە جۆرەکان سەرنجی باری کوردیان دابێت، بەڕوونی ئەمەیان بۆدەرکەوتووە. لەوبارەیەوە، با لە دوو کەسی بێگانە بڕوانین، کە یەکەمیان: خواجە سەعدەدینە، کە فێرکاری سوڵتان موراد‌خانی عوسمانی بووەو دواتر لە (١٠٠٦)ی کۆچیدا بووەتە شێخولئیسلام، ئەم پیاوە سەبارەت بە کورد، وتوویەتی: "هەموو کوردێك بۆخۆی سەربەخۆیەکەو ئاڵای ملهوڕی و زۆرداری بەرزکردووەتەوەو لەناو ئەو شاخ و کێوانەدا بە سەربەستی دەژی، ئەگەر سەرنج بدەنە باری یەکدگیری و هاوبیری و هاوکارییانەوە تەنیا لە شادە ئیمان هێناندا نەبێت لە هیچ شتی تردا یەکتر ناگرنەوە".[1]

دووهەمیان: ئەفسەرێکی ئەڵمانە، کە لە سەدەی نۆزدەدا بەهۆی پێوەندی ی توندوتۆڵی پرووسیای ئەڵمان بە عوسمانییەکانەوە، ئەم پیاوە وەك زۆر ئەفسەری تر لە سوپای عوسمانیدا خزمەتیانکردووە، ئەویش هێلمۆت فۆن مۆڵتکەیە،

[1] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار موکریانی، ل (١٦).

کە دوواتر لە سوپای ئەڵمانیدا بووەتە فیلدمارشاڵ، ئەم پیاوە لەماوەی مانەوەیدا لەناو سوپای عوسمانیدا لە (١٨٣٦-١٨٣٩) بەشداریی جەنگی دژی کوردانی شۆڕشگێڕی ئەو دەمە بووە، جا لەبارەی تورکیای ئەودەمەوە چەندان نامەی بۆ ژنەکەی نووسیون، لەناویاندا باسی ئازایەتی و دلێری و سوارچاکی و جەنگاوەری ی کوردی کردووە، جا لەو باسەیدا کە لەبارەی کوردو وڵاتەکەیەوە نووسیویەتی، بەتەواوی ئەوە دەردەخات، کە تا چ ئەندازەیەك شارەزای ڕەوشت و خوو و جۆری بیرکردنەوەی کورد بووەو تا چ ڕادەیەك دڵی بەو گەلەدا چووە: مۆڵتکە لە یەکێك لە نامەکانیدا لێوەکرۆژێی لەوەکردووە، کە ئەم کوردانە یەکناگرن و کەسیان پشتی ئەویتریان ناگرێت، خۆئەگەر بێتو یەکبگرن و لە هەرکەسبۆخۆیی دووربکەونەوە، ئەوا دوژمن لە بەریاندا خۆیناگرێت، لەوبارەیەوە دەڵێت: هەریەکێك لەو سەرۆکهۆزانە تەنیا لەسەر هۆزەکەی خۆی دەکردەوە، بێهێزی ی ئەم گەلە لەمەدایە. خۆئەگەر یەکیانبگرتایە ژێرنەدەکەوتن، بەڵام کەسیان نەهاتن لەسەر ئەویتریان بکەنەوە. بۆیە کاتێك ڕەشید پاشاو حافز پاشا ناوچەیەکیان لرف دەدا، ئەوانیتر بەوە دڵی خۆیان خۆشدەکرد، کە ئاگرەسووره لە خۆیان دوورە. بەو چەشنە تا سەرە هاتە سەر ئەوانیش.[2] جا ئەو دوو کەسە هەریەکەیان لە نەتەوەیەکی ترن و سەردەمی ژیانیشیان پتر لە دوو سەدەیان نێوانە، چونکە یەکهەمیان پتر لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر ژیاوە و دووهەمیش نزیکەی دووسەد ساڵێك لەمەوبەر ژیاوە، بەڵام بەڕاستی چاك هەستیان بە دەردە کوژندەکەی نەتەوەی ئێمە کردووەو لەمەدا بۆچوونیان وەك ئەوە وایە کە شاعیرانمان خانی و حاجی و بێکەس، دەردەدڵێیان لەدەستکردووە، کەچی نە ئەوساو نە ئێستاش ئەم کوردە، هاودەنگی و یەکدەستی و یەکگرتنی تێدا دروستنەبووە. لە هەموو ئەمانەش نامۆتر ئەوەیە کە لەم سەدەی بیستویەکهەمەداو لەم باشووری کوردستانەدا، کە هەلومەرجی بوونە خاوەن قەوارەی ڕامیاری ی دانپێدانراوی خۆمانمان هەیە، نەمانتوانیوە یەکگرتوویی و یەکدەنگی ی ڕاستەقینەمان هەبێت. دیارە ئەم نەبوونی یەکگرتوویی و یەکدەنگییەش کاریگەری ی زۆر خراپی لە هەموو لایەنەکانەوە، بەتایبەت لەلایەنی زمانەوە لێکەوتووەتەوە، دەنا ئەوەی لەدووای ڕاپەڕینەوەو بەتایبەت لەدووای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە بۆ زمانی کوردی ڕەخساوە سەبارەت بە زمان و گەشەپێکردنی، هەرگیز کورد ئەمەی بەخۆیەوە نەدیوە، کەچی حکومەتی هەرێم خۆی لێکردووەتە نەبان و بە بەرچاومانەوە پێمەڕەی کاولکاری خراوەتە زمانەکەوەو کەس خۆی لێ ناکاتە خاوەن. هاوکات خۆشەویستی ی مرۆڤی کورد بۆ زمانەکە تابێت کەمدەکات و بەهیچجۆرێك بەراورد ناکرێت بەو ڕۆژگارانەی کە قوربانیمان لەپێناویدا دەداو مان و نەمانی نەتەوەکەمان لە زمانەکەدا دەبینی. هەندێك کەس بۆ پاساوی ئەمە، دەڵێن ئاخر ئەوسا ئازادی نەبوو، بۆیە وابووین. لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا دەڵێم: ئەگەر وابێت، کەواتە فەرەنسییەکان کە لەمێژە ئازادن، دەبوو زمانەکەیان گوێپێنەدایە ! !. هەڵوێستی خەڵکی کورد لە ڕۆژگارە سەختەکاندا، لەوپەڕی جوامێریدا بوو. هەر بۆ نموونە کاتێك کە ڕژێمی بەعس پلانی پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کوردی لە خوێندن بە زمانی کوردیی لەدووای نسکۆی شۆڕشی کوردی، داڕژت، لە هەشتاکاندا گوڕیدایە خۆی و بە هاوکاریی کەسانێکی خۆفرۆش و بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە، کاریدەکرد بۆئەوەی کە خوێندن بە زمانی کوردی لەبەرچاوی خەڵکی کورد بخات، بۆئەمەش بە نووسین و بە کۆکردنەوەی دایکان و باوکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکانداو قسەبۆکردنیان سەبارەت بەوەی کە خوێندن بە زمانی عەرەبی هەلی پاشەڕۆژی باشتر بۆ منداڵان دەستەبەر دەکات، بەتایبەت لە چوونە زانکۆو خوێندن لە بەغداو مووسڵ و وڵاتانی عارەبداو هەروەها هەلی دەستکەوتنی کاری باش و پلەوپایەو...تاد، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کەچی جگە لە ڕێژەیەکی زۆرکەم لە کەسانی گێل یان چڵکاوخۆری خۆیان بەولاوە، خەڵکەکە ئامادەنەبوون گوێیان لێبگرن. نەك هەرئەوەش، بەڵکو لە چەند قوتابخانەیەکی شاری سلێمانیدا چەندان مامۆستای کودپەروەر هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی پیاوانی ڕژێم و دارودەستەکەیاندا، باوکان و دایکانی قوتابییەکانیان گلدابووەوەو بێ

---

[2] بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی، جەمال نەبەز، ل

سڵەمینەوە قسەیان بۆکردبوون و زۆر چاونەترسانە وتبوویان: نەکەن فریو بخۆن و منداڵەکانتان بنێرنە بەر خوێندن بە زمانی عەرەبی، چونکە خوێندن بە زمانی خۆمان قوربانیی بۆ دراوەو ناکرێت خۆمان ببینە ڕێخۆشکەر بۆ لەناوبردنی ئەم دەستکەوتەی نەتەوەکەمان. دیارە هۆشیاری خەڵکەکەو دڵسۆزی ی ئەو مامۆستایانە کاریگەریی زۆری هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە پلانەکەی حکوومەتیان پووچەڵکردەوە. بێگومان ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییەی ئەو مامۆستایانەش کارێکی بێمزە نەبوو، چونکە هێندێکیان ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجە بوونەوە.[3]

بێگومان خۆشویستنی زمانیش بۆ هەر نەتەوەیەك شتێکی ئاساییەو کۆکیشە لەگەڵ سەرجەم یاسا ئاسمانی و دانراوەکانیشدا، بەڵام جێگەی خۆیەتی کە بڵێین کێ وادەکات مرۆڤەکان زمانی خۆیانیان لاخۆشەویستبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسە، دەڵێین: لە ساتەکانی خوڵقانی مرۆڤ لە منداڵدانی دایکیدا، دەگوترێت، کە دووای چەند مانگێك منداڵ دەنگی دایکی دەناسێتەوە، دوواتر ئاوازەی ئاخاوتنی زمانی زگماکی دەناسێتەوە، دووای لەدایکبوونیش سەرجەم دایکانی نەتەوەکان و لەناویاندا دایکانی کورد بە بەسۆزترین ئاواز لایلایە بۆ منداڵانیان دەکەن. دوواتریش هەر لە دایەنگاو باخچەی ساوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تۆوی خۆشویستنی زمان و نەتەوە لای منداڵان دەچێنرێت. نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانیش بەگوێرەی خۆیان ئاوی چێژی بەردەوام بەو تۆوانە دەدەن و ئەمەشە وادەکات، کە لە ساتەوەختەکانی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەراندا قارەمانانی ئازادیخوا بە سروودی پڕ حەماسەتەوە بەرەو مەرگبینەوە. لەولاشەوە ڕامیارەکانن، کە باشتر لە خەڵکی سادە، دەزانن زمان چییەو چۆن بۆ هەمیشە لە خزمەتیدا دەبن. جا لێرەدا چاکە ئاماژە بە ڕامیارێکی فارس بکەین، کە کۆنە سەرۆکوەزیرانێك ی حەمە ڕەزا شای ئێرانە، کە ئەویش (ئەمیر عەبباس هوەیدا) بوو. جا کاتێك کە شا وەدەرنراو ڕژێمی پاشایەتی گۆڕرا، هوەیدا گیراو لە زیندان توندکرا بۆئەوەی دادگاییبکەن و بەرەو سەرئەنجامی خۆی ببێتەوە. لەوبارەدا، پێیوتراوە چ دەخوازێت بۆتبکرێت تا ئەودەمەی کە دادگاییدەکرێیت؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: تەنیا ڕێگەی خوێندنەوەو نووسینم لێنەگیرێت. ئەوانیش ئەوەیان بۆ دەستەبەر کردووە. بۆیە کاتەکانی خۆی بە خوێندنەوەو نووسینەوە بەسەربردووە. جا ئەوەی کە گەوهەری ئەم ئاماژەپێدانەیە، ئەوەیە کە هوەیدا لە نامەیەکیدا داوا لە ئێرانیان (مەبەست لە نەتەوەی فارسە) دەکات، کە: زمانی فارسی بپارێزن، چونکە بوونی دووهەزارو پێنجسەد ساڵەی نەتەوەکە، لە زمانەکەماندایە، بۆیە نابێت لەبەرامبەریدا کەمتەرخەمبن.

ئەو ڕامیارە لەو ساتە پڕسامەدا زمانەکەی لەبیرەو لە خەمیدایە، چونکە چاك لەوە گەیشتووە، کە زمانەکەی یەکسانە بە نەتەوەکەی. جا سەیر ئەوەیە، کە هەر ئەم هوەیدایە لەلایەن شاژنی ئێرانەوە، لە یادەوەرییەکانیدا، بە هەوەسبازو بەدڕەوشت ناویدەبات! !. جا ئەگەر ئەوە بەدڕەوشتبێت و ئاوا بیر لە نەتەوەو زمانەکەی بکاتەوە، ئەی دەبێت بەڕەوشتانیان چۆن کار بۆ نەتەوەو زمانیان بکەن؟!.

ئەم بابەتە یادێکی ناخۆشی هاوڕێیەکی ئاکادیمیی بەبیرهێنامەوە، کە لەم ساڵانەی دوواییدا بەسەرخۆی هاتووەو بە حەسرەتەوە لەگەڵ ڕێژنەیەك گلەییدا لە بەرپرسانی کورد، کە بەرامبەر زمانەکەمان خەمساردن و کار وابڕوات زمانەکەمان داهاتوویەکی باشی نابێت. لێمپرسی چییە بۆ وا ڕەشبینیت؟ خۆ ئێمەش تێبینی ی زۆرمان هەن. مامۆستاکە وتی: کورد دەڵێت: کتێب بۆ ئاخری دەگیرێتەوە. بەردەوامبوو وتی: هەر کوردیش، دەڵێت: گەورە ئاو دەڕێژێت بچووك پێیلێدەخشێنێت. وتم ئەگەر دەکرێت ڕاشکاوانە پێمبڵێ چیبووە؟ وتی: بەینیخۆمانبێت، وتم ئەم بەینیخۆمانە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمەی کورد. هاوڕێکەم وتی: برا تاقەتی سەرئێشەم نییە. وتم: چاکە، فەرموو بزانم قسەکە چیبوو؟ وتی: لەم ڕۆژانەدا لە هۆڵی وانەوتنەوەدا بووم لە زانکۆ، لەناکاو لە دەرگاکەماندرا، کە کردمەوە بینیم بەڕێز... بوو (گەورە بەرپرسێك)،

---

[3] یەکێك لەو مامۆستایانە، کۆچکردوو مامۆستا کەمال کوردی بوو، کە ئەودەمە لە قوتابخانەی ئازادی مامۆستا بوو.

منیش بەخۆشحاڵییەوە فەرمووملێکرد، بەڕێزیان وتی: وانەکەتان چییە؟ وتم: کوردی، وتی: لایبە من تاقەتی کوردی و موردیم نییە. دوواتر، بەبێ ماڵئاوایی بەرەو هۆڵێکی تر ڕۆیشت!!. ئێستا من لە تۆ دەپرسم ئایا ئەمە مایەی حەسرەت نییە بۆ ئێمەیەك، کە تائێستا قەوارەیەکی چەسپاوی خۆمانمان نییە، کەچی ئاوا لە زمانەکەمان بڕوانین؟!. بەدووای ئەو قسانەدا، کە بەڕاستی هەستم بە تاسان دەکرد، پاش کەمێك بۆ دڵنەوایی ی ئەویش و خۆیشم، وتم: داخی بەجەرگم شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەکوێ بهێنم، تاوەکو بە فەردێك بەئاگایبهێنێتەوە.

دەبا بزانین نەتەوەکانی تر چۆن لە هۆشیاریی زمانی و کەسایەتی دروست لە دەوڵەتاندا، دەدووێن؟ ڕەنگە ئەم بۆچوونەی (دکتور محمود فهمی حجازی) وەڵامێکی لەباربێت، کە دەڵێت: "بە چاکیزانینی زمانی نەتەوەیی، سیمایەکی بنەڕەتی ی پێگەیشتوویی و کامڵبوونە، ئەمە سیمایەکە لە سیماکانی کەسایەتی ی دروست لە سەرجەم دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا. هەر ئەو هۆشیارییە زمانییەشە، کە دەتوانرێت دیدێکی هۆشیارانە بۆ داهاتوو دەستنیشانبکات".[4] جا ئەگەر ئەوە باری ڕەچاوکردنی زمانبێت لای کەسانی لەو چەشنەمان، ئیتر دەبێت دیدی هۆشیارانە چۆن بۆ داهاتوومان دەستنیشانبکرێت؟!.

ئاخر کێ دیویەتی نەتەوەیەکی چەوساوەی ژێردەستەی چەندان نەتەوە، کاتێك کە لە پارچەیەکی بچکۆلەی نیشتمانەکەیدا ئازادیی بەدەستهێنابێت، کەچی کەسانێك بکرێنە سەرۆکی یەکێك لە زانکۆکانی، کە یەکەم کاری ئەوەبێت، نووسینی کوردی لە هێمای زانکۆکەدا لاببات؟! بڵێیت ئەمە خزمەت بێت بە کوردو ئێمەومانان لێیتێنەگەین؟![5]

وەك دەزانین دەوڵەتی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتییەوە تاوەکو کۆمارییش و ئێستایشی لەگەڵدابێت، هەر هەنگاوێکی کە بە ئاڕاستەی پەرژەوەندی ی کورددا نابێتی، ئەوا لە بڕوای ئەوانەوە بە مافی وەکیەکی ی کوردو عەرەبەوە، نەبووە، بەڵکو بە کاریگەری ی خوازت و قوربانییەکانی نەتەوەی کورد خۆی بووە. هەر بۆ نموونە لەدووای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری، لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ ی دەستووری کاتی ی عێراقدا، دانبەوەدانرا، کە کوردو عەرەب لە خاکی عێراقدا هاوبەشن. لەدووای ئەوە بەماوەیەك لە زانکۆی بەغدا بەشی کوردی کرایەوە. دیارە ئەمەش هەنگاوێکی چاك بووە، بۆئەوەی پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی، بەشێوەیەکی ئاکادیمی پێبگەیێنێت. جا کاتێك کە خوێندکارانی دڵسۆز لە بۆنەکاندا هەوڵیاندەدا کەلتووری کوردی لەلایەنی مۆزیکەو هەڵپەڕکێ و...تاد، پیشانی میوانانی زانکۆ بدەن، ئەوا ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب دەهاتن لە پاشملە بەشەکەیان بە بەشی دەهۆڵ و زوڕنا ناودەبرد، ئەمە لەکاتێکدا کە بۆ بەشەکانی تر، کە سەربەخۆیانبوون، ئەوا کارێکی خوێندکاری ی ئاسایی و بگرە دڵسۆزی بوو. جا گرفتەکە لەوەدا بوو، کە خەڵکی کوردیش ئەو قسانەی ئەوانیان بەرامبەر بە بەشی کوردی، بەناوی گاڵتەوگەپەوە، دەکرد. لە هەموو ئەوانەش نەهامەتیتر ئەوەبوو، کە هێندێکجار کەسانی واش دەبوونە مامۆستا یاخود سەرۆککاری ئەو بەشە، کە خۆیان وەك پێویست گرنگی ی زمان و ئەدەب و بەشەکەیان نەدەزانی. هەر بۆ نموونە دکتۆر ئەنوەر قادر جاف، وەك یادەوەرییەکی پڕحەسرەت لەلایەنی نەتەوەییەوە، دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك کە ئامادەییم بڕی و بەڵگەنامەکانم بۆ بەشی کوردی، بە مەبەستی وەرگرتن و تۆمارکردنم لەو بەشەدا، برد. ئەو بەڕێزەی سەرۆکی بەشەکە بوو، کە بینیی نمرەکانم زۆرباشن، بە سەرسوورمانەوە، وتی: تۆ بەم نمرە باشانەوە بۆ دێیتە ئەم بەشە؟ بێگومان تەنیا ئەم پرسە بەسە بۆئەوەی گەواهی ی ئەوە بدات، کە ئەو بەڕێزە بەهیچ شێوەیەك بەشەکە بەلایەوە گرنگی و بەهای نییە، جا ئیتر بەڕێزێکی واو ئەوانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە، چۆن دەتوانن بەشەکە پێشبخەن و ئەو شکۆیەی کە پێویستە هەیبێت، بۆی بگێڕنەوە؟!!.

---

[4] علم اللغة بين التراث والمناهج الحديثة، دكتور محمود فهمي حجازي، ل (٩٥).

[5] ئەم بابەتەشمان لە چەند مامۆستایەکەوە بیستووە، کە ئاگاداری ئەو سەرۆکزانکۆیەو ئەوکارەین.

هەر ئەو بەشەی زمان و ئەدەبی کوردی، کە سەرەتا هەر لە بەغدا هەبوو، بەهۆی ئەو گوشارانەی کە لە کورد بەگشتی و بەتایبەت لە لاوان دەکراو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو تێڕوانینانەی هاوێنەکانی ئەو سەرۆککارە بەڕێزەوە، ئەمە وایکرد، کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا، کەمترین ڕێژەی خوێندکاران، بخوازن لەو بەشەدا بخوێنن، ئەمەش وەك لایەنی ئاشکرا، ئیتر نازانین بەدیوە شارراوەکەیدا ئایا حکوومەت خۆی وایکردبێت، کە کەمترین ڕێژەی ناوی خوێندکار بۆ ئەو بەشە دەربچێت یان هەر ئاسایی خوازت بۆ بەشەکە کەمبووە، هەربۆیە لە کۆلیژەکەوە کەوتنە هەوڵدان و هاندانی ئەو چەند خوێندکارەش، تاوەکو داوای گوازتنەوە لە بەشەکەیانەوە بۆ بەشەکانی تر بکەن، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەگەر ڕێژەیان نەگاتە ژمارەیەکی دیاریکراو، ئەوا بەشەکە دادەخرێت و دەبێت ئەوانەش کە هەن بۆ پسپۆڕی ی ترو بەشی تر لە کۆلێژو زانکۆکەدا بگوازرێنەوە.[6] ئەم بۆچوونە وادەکات، کە چەند خوێندکارێك دڵسۆزانەو لەخۆبووردووانە، بەپێچەوانەی خوازتی ئەوانەوە، لە بەشەکانی تری کۆلێژو زانکۆوە خوێندن و پسپۆڕییەکانیان بۆ بەشی کوردی بگوێزنەوە، بەمەش ئەو خوازتە ژێربەژێرەی حکومەت، کە خۆی لە دامودەستگاکانی خوێندنی باڵاشدا دەنواند سەرینەگرت. دیارە بەعس هەمیشە لەڕووە ئاشکراکەیدا وا خۆیدەردەخست، کە مافی تەواوی کوردی دەستەبەرکردووە. بۆ ئەم کارەش هەمیشە دەستەو گرووپی خۆفرۆشی ڕەوانەی وڵاتان بەتایبەت ئەورووپا، دەکرد، تاوەکوو لە ناوەندەکانی ئەو وڵاتانەدا بە باڵای ڕژێمەکەیدا هەڵبڵێن، کە گوایە کورد مافی خوێندنی بە زمانی خۆی تا باڵاترین ئاست هەیە. دیارە لەدووای کردنەوەی زانکۆی سلێمانیشەوە لەساڵی (١٩٦٨)دا، بەماوەیەکی کەم، بەشێکی تری کوردی بەناوی (دیراساتی کوردی) کرایەوە، کە دوواتر گۆڕرا بە بەشی کوردی. بێگومان ئەوەش هەر بەپێی هەلومەرجەکانی دەسەڵات بوو، کە خۆی لە هاتنە سەر حوکمی بەعسدا دەبینییەوە، نەك لە بڕوای ڕاستەقینەی ئەوانەوە بووبێت بە مافی کورد لەلایەنی زمان و زانستەوە، هەرچەند ساڵێك دووای ئەوە کاتێك کە بەعس لە کاریگەرییەکانی زانکۆی سلێمانی گەیشت، هاوکات ڕژێمی شای ئێرانیش، تا هەڵگیرسانی جەنگی ئێران عێراق، هەشتجار بە بیروەخەری فەرمی ڕژێمی بەعسی لە ترسناکی ی مانەوەی ئەو زانکۆیە لە سلێمانیدا، ئاگادارکردبووەوە، بۆیە دوواتر بە کۆمەڵێك بیانووی نابەجێوە کەوتە گوازتنەوەی زانکۆکە بۆ هەولێر، بەڵام ئەوەیڕاستیبێت بڕیاری گوازتنەوەکە لە بنەڕەتدا بۆ هەولێر نەبوو، بەڵکو بۆ تکریت ی زێدی سەددام خۆی بوو، دیارە ئەمەش بەپێی ناوی زانکۆکە، چونکە ئەوان پێشتر ناوی تکریتیان کردبووە سەلاحەدین، زانکۆکانی تریش هەر بەناوی شارەکانەوە بوون. جا لەبەرئەوەی کۆمەڵێك گرفت لەمەدا هەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی کاتی بردییە هەولێر. بە پلەی یەکهەمیش گرفتەکە ئەوەبوو، کە تکریت وەك شارێك ی بچووك توانای گرتنەخۆی زانکۆکەی لەلایەنی خانووبەرەو شوێنەوە، نەبوو. لەلایەکی تریشەوە گوازتنەوەی ڕاستەوخۆی تاقانە زانکۆکەی کوردستان بۆ ناوچەیەکی عەرەبنشین و بەتایبەت شارەکەی خۆی، پرسگەلێکی بەدووای خۆیدا دەهێنایە کایەوە، کە ناڕاستی ی پڕوپاگەندەکانی ڕژێمەکەی لە دەرەوەی وڵات و لەناوخۆشدا، دەردەخست. سەرباری ئەوانەش بەهۆی تێچووی جەنگەکەیەوە لەگەڵ ئێراندا، باری ئابووری، بوواری ئەوەی نەدەدا وەك پێویست ئەو کارە بکات.

هەربۆیە دووای ئەوەی کە زانکۆکە گوازرایەوە، بەعس بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەم بەشە لەوە دابماڵێت، کە خزمەتکردنبێت بە زمان و ئەدەبی کوردی، بەڵکو دەیویست بۆ خوازتەکانی خۆی بەکاریبهێنێت. لەوپێناوەدا هەوڵیدا سیخوڕەکانی لە بەشەکەدا وەربگیرێن و بە تیرێك دوو نیشانیان پێ بپێکێت، یەکهەمیان: ئەوەبوو کە فێری زمانی کوردی بکرێن و دوواتر بتوانن بە باشترین شێوە کارە سیخوڕییەکانیان لەناو کورددا ئەنجامبدەن. دووهەمیان: ئەوەبوو کە وەك لایەنە قانوونییەکە ئەم سیخوڕانە بڕوانامەی بەکالۆریۆس ی خۆڕایی وەربگرن و بەمەش هەلی خزاندنە پلەوپایەی حکوومی ی

---

[6] سەبارەت بەم بابەتە، دکتۆر عوسمان عەبدول، خۆی یەکێکبووە لەو خوێندکارانەی ئەودەمەی بەشی کوردی، کە لەپێناوی دانەخستنیدا لە کۆلیژی کارگێڕییەوە، هاتووەتە بەشی کوردی.

باڵاتریان بۆ برەخسێت. ئەو خوازتەی حکومەتی بەعس وایکرد، کە بەشەکە بکرێتە دوو هۆبەو یەکهەمیان بۆ خوێندکارانی کورد یان کوردیزانەکان بێت و دووهەمیان بۆ کوردینەزانەکان، کە ئەمەیان بە ئاشکرا سیخوڕەکان و پیاوانی ڕژێم بوون. ئەم ڕامیارییەی بەعس سەبارەت بە زمان لە زانکۆکاندا، چ لە هەولێرو چ لە بەغداش بەڕێوەچوو، تا ئەو ئاستەی کە لە بەغدا کار گەیشتە ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر، بەشەکە بۆ ئەوان تەرخانبێت.

دیارە دەوڵەت و ڕژێمە یەکلەدواییەکەکانی عێراق، هەمیشە ئەگەر بێهێزبووبن، ئەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان ملکەچی خوازتی نەتەوەی کورد بوون، تا ئەوکاتەی هەلیان بۆ ڕەخساوە، ئیتر لە هیچجۆرە پێپەستکردنێکی مافەکانی کورد نەسڵەمیونەتەوە، تا بە ئەنفال و کیمیابارانیش دەگات. بۆنموونە لەدووای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە، کورد بووە خاوەنی کۆڕی زانیاری، بەناوی (کۆڕی زانیاری ی کورد)ەوە، بەڵام کاتێك کە بینییان کۆڕەکە بەپێی هەلومەرجەکەو بەگوێرەی دڵسۆزی ی ئەندامەکانی، کاری تاڕادەیەك باشیان بەبەراورد بە دەیانساڵ لەوەوبەری خزمەتکردن بە زمان و ئەدەب و مێژوو..تاد، کردووە، ئەوا هەر لەگەڵ هەڵکەوتنی هەلدا بۆیان، کەوتنە کەمکردنەوەی تواناو دەستکراوەییەکانی کۆڕەکەو باشترین بەڵگەش ئەوەبوو، کە هەنگاوی یەکهەم ناوەکەیان لە (کۆڕی زانیاری ی کورد)ەوە، گۆڕی بە (کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد)، واتە ڕاستەوخۆ هێنایانەوە بنباڵی ئەو دەستگایەی کە گوێلەمشتی ڕاستەوخۆی بەعسبوو، بەمەش کوردواتەنی: مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە. ئیتر بەڵگەی ناوێت و ڕێژەی بڵاوکردنەوەو سروشتی بڵاوکراوەکان، چاکترین گەواهی ی ئەو بارەن.

سەبارەت بە دەستگای (ڕۆژنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)ش، ڕژێم بەپێی ئەوەی کە خۆی مەبەستیبوو، نەك ئەوەی کە خوازتی کورد بوو، ئەو دەستگاو جێگایانەی بە پیاوانی خۆی پڕکردبوو، لە کەمترین ئاستدا نەبێت، دەرفەتی بۆ کەسانی دڵسۆزی نەتەوەکە، نەهێشتبووەوە، هەربۆیە بڵاوکراوەکانیشیان بەزۆری، زارو زوڕنای پێداهەڵگوتنی کارو جەنگەکانی ڕژێمەکە بوون. سەرباری ئەمەش ئەوەی لەبیرنەکردبوو، کە بۆ زمانی کوردی، هەوڵی ئەوەبدات لە بڵاوکراوەکاندا، ئەو زارەی کە قۆناغێکی باشی وەك زمانی ستاندارد لەم پارچەیەدا، بڕیبوو، ئەم پارچەیەش خۆی لە خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر نموونەیەکی کوردستانی گەورەیە، لەوەدا کە زۆرینەی زۆری زارو گۆڤەرەکانی زمانی کوردیی تێدان. جا کاتێك کە ڕژێم سەرنجیدا ژمارەی کەسانی سەر بە زارەکانی تر، کە نووسەرن، بەو زارە دەنووسن و لەلایەکی تریشەوە بەردەوامبوونی خوێندن بەکوردی و بەو زارە لە سەرجەم کوردستانی بندەستیداو ئەو نووسەرانەش ڕۆژ دوایڕۆژ لە زۆربووندان. لەلایەکی تریشەوە زۆرێك لەو خوێندکارانەی کورد لە سەرجەم ناوچەو شارو زارو گۆڤەرەکانەوە، کە ئامادەیی تەواودەکەن، لە زانکۆی سلێمانی وەردەگیرێن، بۆیە جگەلە هەوڵدان بۆ گوازتنەوەی زانکۆکەو لەپاڵ هەوڵەکانیدا بۆ نەهێشتنی خوێندن بە زمانی کوردی، هەوڵی ئەوەیشی دا، کە گیانی زارگەری و ناوچەگەری لەنێوان نەتەوەکەدا، دنەبدات. نموونەی ئەوکارەی ڕژێم لەلایەنی ناوچەگەرییەوە تا ئەو ئاستە بێپەردە لەئارادابوو، کە خودی سەددام لەسەر تەلەفزیۆنەوەو بەدەم پێکەنینە ناحەزەکەیەوە، قسە لە سلێمانی و هەولێر بکات. لەلایەنی زارگەرییشەوە، ئەوەبوو کە هەر لەو سەروبەندەدا، بە نووسراوی فەرمی ی نهێنی، ئەو دەستگایانە ئاگادار بکەن کە دەبێت بە هەردوو زار، کرمانجی ی ناوەڕاست و کرمانجی ی باکوور (گۆڤەری بادینی) وەکیەك بڵاوکردنەوە هەبن. دیارە ئەمە بەو واتایە نییە، کە بڵێین کەسانێکی کوردیش لەئارادا نەبوون، لەولایەنەوە کار بۆ پەرژەوەندییە دژە نەتەوەییەکانی کوردیان لەپێناوی بەعسدا نەکردبێت. لەوانەی بە ڕوواڵەت پەرۆشی زارو ناوچەیەکبن، بەڵام لە ناوەرۆکدا کاریان بۆ پەرتکردن و وەستاندنی ڕەوتی هاتنەکایەو بەخۆداهاتنی ستانداری کوردی، دەکرد. ئەمەش بەڵگەنەویستە کە لەگەڵ پیلان و پلانە دۆزەخییەکانی نەك هەر بەعس، بەڵکو ئێرانیش، کۆکبوو.

لەم ئاڕاستەیەشەوە بەعس بۆ لێدان و سستکردنی زمانەکە، ڕێگەیەکی تری نابەجێی بیرلێکردەوە، کە کوردواتەنی شتی وا لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییە ! ئەویش ئەوەبوو، کاربکات بۆ نەهێشتنی وشەی ئێرانی لە زمانی کوردیدا، بێگومان ئەم کارە

وەك ئەوە وابوو بڵێت هێندێك ڕەگ و دەمار لە جەستەی مرۆڤ دەردەکێشین لەپێناوی جوانکردنیدا، کە دیارە بەم کارەش مرۆڤەکە لەناودەچێت و دەمرێت جا زمانی کوردی، کە خۆی لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانەو ئەو خێزانەش لە خێزانی هیندۆئێرانییە، کەواتە چ کوردی و چ زمانانی تری ئێرانیش سەرجەم، میراتگری یەك خێزانین، بەمەش ئاساییە کە چەندان وشەو زاراوەی کوردی لەگەڵ بەلووجی و فارسی و پشتوو...تاد هاوبەشن. دیارە ئەمەش نەك تەنیا بۆ خێزانی زمانە ئێرانییەکان وایە، بەڵکو بۆ زمانانی هەموو خێزانەزمانەکان هەروایە. بۆنموونە عیبری و عەرەبی کە سەر بە خێزانی سامین، لە هەریەکێکیاندا چەندان وشە لەیەکدەچن یاخود کەمێك گۆڕرانی دەنگییان تێدا دروستبووە، بۆنموونە عیبری بە گوند دەڵێن (کریات) عەرەبەکان دەڵێن (قریە). خۆئەگەر لەو زمانانە بڕوانین، کە لە لاتینی کەوتوونەتەوە، ئەوا ئەم دیاردەیە زۆر فراوانترە. جا خۆشبەختانە ئەو هەوڵەی ڕژێم لەو بووارەدا، لە کۆبوونەوەیەکدا، کە بۆ ئەو مەبەستە سازیانکردبوو و چەندان کەسایەتی ی کوردی نووسەرو ڕۆژنبیری دانیشتووی بەغدا بانگهێشتدەکرێن، لەوانەش، بەهەشتییان: مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەسعوود محەممەد، عەبدولستار تاهیر شەریف و...تاد، تاوەکو بە ئامادەبوونی ئەوانە، ڕەوایی بە کارەکەیان بدەن. جا کاتێك بابەتەکە دەخەنەڕوو، خۆشبەختانە، چەند کەسێك لەو ئامادەبووانە زۆر بوێرانە، دەڵێن: ئەم کارە ئەگەر کارێکی چاك و زانستانە بێت و لە خزمەتی عێراقدا بێت، ئەوا دەبێت لە زمانی عەرەبییەوە دەستپێبکەین، چونکە کوردی زمانی دووهەمە لە عێراقدا، بۆیە ناکرێت بخرێتە پێش عەرەبییەوە، هەنگاوی یەکهەمیش دەبێت لە قورئانی پیرۆزەوە دەستپێبکەین، چونکە لە قورئانیشدا وشەگەل هەن و بنەچەشیان ئەعجەمین و ئێرانین. جا ئەگەر ئەمەمان بۆکرا، ئەوا دوواتر لە کوردیشدا ئەوکارە دەکەین. هەر کە بەرپرسە بەعسییەکان ئەم قسانە دەبیستن، ئیتر بێدەنگەی لێدەکەن، چونکە تێدەگەن کە ئەم کارەیان بەو بەهانەیە، ڕیسەکەیان بووەتەوە بە خوری، جا ئەو لۆجیکەی بەرگریکاران لە زمانی کوردی هێندە بەهێز بووە، کە بوواری قسە بۆ ئەوان نەهێڵێتەوە، چونکە ئەوان ناتوانن قسە لە قورئان بکەن. خۆئەگەر بوونی وشەی ئێرانی لە قورئاندا ئاساییبێت، ئەوا بۆ زمانانی تریش هەر ئاساییدەبێت.

نەتەوەی کورد چەندان شۆڕش و سەرهەڵدانی لەم گۆشەو ئەو گۆشەی کوردستانەکەیدا بەرپاکردووەو بە ئاگرو ئاسن و لە هێندێکیشیاندا بە گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی و هەرێمی دامرکێنراونەتەوەو دەیان سەرکردەو ڕێبەر لەناوبراون یاخود هاتوون و بە ناکامی ڕۆیشتوون، تەنانەت بە سەدانهەزار و بگرە پتریش لەم قۆناغ و ئەو قۆناغدا، مرۆڤی کورد ڕەشەکوژ کراون یان لە ناوچەی خۆیان وەدەرنراون و ڕاگوێزراون، نەك هەرئەوەش، بەڵکو ڕووبەری زۆر فراوان لە خاکمان لێرەو لەوێ لە خەڵکەکەی خۆمان چۆڵکراوەو بە سووتماککراوە، یاخود داگیرکەران نەتەوەی تریان بۆ هێناوە، دیارە ئەم کارە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو تائێستاش بەردەوامە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خوازتی ڕەوای کورد هەر بەردەوامەو هەر لە برەویشدایەو سەدە دووایسەدە پتر وەك کێشەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن باڵادەستانی جیهانەوە دەناسرێت.

جا لەو ڕووانگەیەوە، کە نەبوونی دەوڵەت و مانەوەی کوردە بەژێردەستەیی، هەلومەرجی ململانێ ی هەرێمی و نێودەوڵەتی ی ڕامیاری و پێکدادانی پەرژەوەندییەکان، هەموو ئەمانەو کاریگەرییەکانیان، وادەکەن کە کورد لەلایەنی نەتەوەییەوە بیرکردنەوەی تۆکمەی لەبارەی حکوومەت و زمان و زمانی حوکمڕانی و تەنانەت ڕامیاری و ڕامیاری ی تایبەت بە هەریەك لەو لایەنانەی نەبێت. نەبوونی ئەو بیرکردنەوەیەش، واتە نەبوونی پلان و ستراتیژی تایبەت بەو لایەنانە، نەبوونی ئەمەش بە دڵنیاییەوە ژێردەستەیی و شپرزەیی و پاشاگەردانیی لێدەکەوێتەوە. جا کاتێك کە کورد دەوڵەتی خۆی نەبێت، ئەوا بێگومان داگیرکراوی دەوڵەتێك و نەتەوەیەکی تر، یان چەند دەوڵەت و نەتەوەی تر، دەبێت. خۆئەگەر تەنیا یەکپارچەش بێت و لە سایەی دەوڵەتێکی داگیرکەردا بێت، ئەوا مەرج نییە دەسەڵاتی بێگانە ڕەچاوی مافەکانی بکات، کە گرنگترین ئەو مافانەش زمان و چۆنییەتی ی ڕەچاوکردنییەتی.

جا ئەگەر دەستووری دەوڵەتەکەو حکومەتەکەی بڕوایان بە مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت نەبێت، ئەوا نەك هەر لەلایەنی ڕامیارییەوە، بەڵکو لەلایەنی زمانیشەوە دەبنە داگیرکراو، چونکە یەکەم: خوێندن و زۆرجار بڵاوکردنەوەشیان لێزەوتدەکرێت، بەمەش زمانەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەرەو سستبوون دەبرێت، ئەگەر لەناوچوونیش نەبێت. نموونەی ئەمە لە مێژوودا زۆرن، هەر بۆ نموونە زمانی ئارامی، کە تا سەدەی ١٧ قسەپێکەری ئاسایی لە لوبناندا هەبوون، ئێستا لەناوچوون لەبەر داگیرکراوییان لەلایەن عەرەب و زمانەکەیانەوە. هەر بەو چەشنەش زمانی قیبتیەکان، کە بە داگیرکردنیان لەلایەن عەرەبەوە، زمانەکەیان لەناوچوو، جا هەرچەندە ئایینی عیسایی تاڕادەیەك وەك نەتەوەیەکی جیاواز ڕێژەیەکی کەمی لە چاوکۆی نەتەوەکەیانی هێشتووەتەوە، بەڵام بە گۆڕانی زمان و کەلتووریان، هەمیشە لەبەردەم گوشاری لەناوچوونی نەتەوەییدا دەبن. ئەم بارە بۆ زۆر نەتەوەی تر هەروابووە. سەبارەت بە کوردیش گومان لەوەدا نییە، کە گۆڕانی ئایین و تەنگپێهەڵچنینی زمانی، لەلایەن عەرەب و تورك و فارسەوە، کاریگەری ی زۆری هەبووەو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کورد بەدووای دەستبەرداربوون لە زمانەکەو دووای یەکدوو نەوە ئیتر پێوەندییان بە نەتەوەی خۆیانەوە نەماوە. بۆنموونە ئیبن خەلدوون، لە مێژووەکەیدا وتوویەتی: دوو هۆزی کورد لە وڵاتی جەزائیر دەژین، کە ناویان (لاوین) و (بادین)ە. مینۆڕسکیش لە وتارێکیدا سەبارەت بە کوردەکانی لای ڕۆژهەڵاتی ئێران، نووسیویەتی کە لە مەڵبەندی (قەرەباغ) لە قەفقاز بیستوچوار هۆزەکورد هەن.[7] جا ئایا ئەوانە ئێستا ئاسەواریان هەن؟!. دیارە هۆکارەکان بۆ ئەم لایەنە زۆر زۆرن، ئاکام هەریەکەو ئەویش کەمکردنەوەی ژمارەی کوردە، بەتایبەت بەدووای ڕاگوێزانەکاندا، کە لە مێژووماندا نموونەیان زۆرن.

پاری دووهەم:

دەوڵەتانی داگیرکەرو دیموکراسینەبوونیان، لەپێناو درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستاندا:

جا بۆیە قسەکردن لە زمان بۆ هەر نەتەوەیەك، لەلایەنی بەکارهێنان و ڕێخۆشکردن بۆ گەشەکردنی و ڕەچاوکردنی لە بووارە جوداجوداکاندا، ئەوە تا ئاستێکی زۆر پێوەندیی بە هەبوون و نەبوونی دەوڵەت و دوواتر حکومەتەکان و تەنانەت جۆری ڕژێمەکانەوە هەیە. ئەوانەش کۆمەڵێك چەمك و واتای جودایان هەن، هەربۆیە پێویستە ئەوە ڕوونبێت، کە حکومەت تەنیا بەشێکە لە دەوڵەت، چونکە دەوڵەت چوار پایەی هەن، کە بریتین لە: (دانیشتووان، نیشتمان، حکوومەت، سەروەری)، واتە حکوومەت پایەی سێهەمی دەوڵەتەو پێش سەروەرییە. هەروەك شێوەی حکوومەتیش، ناوەرۆکەکەی وەك دەسەڵات ناگۆڕێت، بۆیە دەشێت ناوەندیبێت یان ناناوەندی یاخود فیدراڵی، یان دەشێت ڕژێمی حوکم پاشایەتی، یان کۆماری بێت.

دیارە پێناسەی جۆراوجۆری تایبەت بە دەوڵەت هەن، کە زۆربەیان لەلایەنە قانوونییەکەی (ڕەگەزەکانی دەوڵەت)دا یەکدەگرنەوەو لە بووارە ڕامیارییەکەیدا جیاوازن. ئەمەش وایکردووە کە لە ڕێککەوتن سەبارەت بە پێناسەیەکی یەکگرتووی دەوڵەت، دووربکەونەوە. جا یەکێکی وەك (دکتۆر عەبدولحەمید متوەلی)، بەم شێوەیە ناساندوویەتی، کە بریتیە لە: ئەو کەسایەتییە واتاییەی کە قانوون دەنوێنێت و لە نیشتمانێکی دیاریکراودایەو دەسەڵاتی گشتییشی بەدەستە، ئەوەی کە بە سەروەری ناودەبرێت. هەندێکی تر دەڵێن دەوڵەت لەناو دامەزراوە ڕامیاری و قانوونییەکەوەیە لەو جێگەیەدا کە کۆمەڵێك لە خەڵك بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و ملکەچی دەسەڵاتێکی باڵان، کە ڕامیاری ی خۆی بەسەریاندا پیادە دەکات... هێندێك لە ڕامیارانیش پێناسەی دەوڵەت دەکەن بەوەی کە کۆمەڵە کەسێکن بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و دەستەیەکی ڕێکخراو زاڵە بەسەریاندا، کە خەڵکی بە حکوومەت

[7] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (١٢٧).

ناویدەبەن. بەمەش پێوەندی ی نێوان دەوڵەت و حکوومەت ڕووندەبێتەوە، کە یەکەمیان دووهەمی گرتووەتەخۆ، کە خۆی لە پایەی سێهەم لە چوار پایەکەی دەوڵەتدا دەبینێت هەروەك پێشتر باسکرا.[8]

دیارە دەوڵەت کە هەبوو، بە گۆڕینی کەسەکان و حکوومەتەکان ناگۆڕرێت، واتە دەشێت حکوومەتەکان و کەسەکان بگۆڕرێن و نەمێنن، بەڵام دەوڵەت بەردەوامدەبێت. واتە بەپێی کات و ڕۆژگارو کەسەکان و پارتەکان و...تاد، دەشێت حکوومەتەکان دەستاودەستبکەن، تەنانەت ئەوەش گرنگ نییە، کە سروشتی گۆڕرانەکە چۆنە، واتە دیموکراسییانە بووە یاخود بە کودێتا، چونکە دەوڵەت و دامەزراوەکانی بەردەوامدەبن. جا ئەگەر دەوڵەت دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت و دامودەستگاکانی دیموکراسییانە ڕەفتار بکەن، ئەوا حکوومەتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی و لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە مانەوەو نەمانەوەیان دیاریدەکرێت.

هەربۆیە لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا زمانیش ڕەچاوکردنی بەشێوەیەکی دروست دەبێت. جا ئەو زمانە هەر زمانێکبێت. بۆنموونە لە وڵاتێکی وەکو سویسرادا، کە خاوەنی دەوڵەتێکی دیموکراسین، ئەوا ئەگەرچی چوار زمان و چوار نەتەوە هاووڵاتیانی پێکدەهێنن، کەچی هیچکام لەو زمانانە نە پەراوێزخراون نە هەڕەشەی پەرتکردن و نەمانیان لەسەرە، هەربۆیە هەستی هاووڵاتیبوون لەو وڵاتەدا زۆر بەهێزە. خۆئەگەر بهاتایەو چەوساندنەوەی زمانی بەرامبەر بە هەر نەتەوەیەکیان هەبووایە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکسانە بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئەوا ئەودەمە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا، کە ئەو نەتەوەیە ئەو هەستی هاووڵاتێتییەی بەمجۆرە بێت.

ئاشکرایە کە زمان زمانی نەتەوەیە، ئەگەر بەزۆر یاخود بە هۆکارێك لە هۆکارەکان وانەکرابێت کە جێگەی زمانی ڕەسەنی نەتەوەیەکی پێگیرابێتەوە، کە دیارە لەم چەشنەش هەن، وەك پێشتر لێیدووان. ئەوا زمان هەروەکچۆن نەتەوە گەشە دەکات هەر بەو چەشنەش زمان گەشە دەکات. واتە زمان زمانی نەتەوەیەکە، بەڵام دەوڵەت دەشێت لەباری هەلومەرجی دیموکراسیشدا، دەوڵەتی چەندان نەتەوە بێت. کەواتە حکوومەتەکانیش دەشێت هەر بەو پێودانگە حکوومەتی چەندان نەتەوە بن.

بۆیە لێدووان لە زمان، بەتایبەت بۆ زمانێکی وەك زمانی کوردی، ناکرێت لەپاڵ باسکردن لە نەتەوەکەدا نەبێت، چونکە لە بنەچەدا مان و نەمانی هەر نەتەوەیەك، کە ناسنامەکەی لەدەستنەدات، ئەوا بە پلەی یەکەم بەهۆی زمانەکەیەوە دەبێت، دەنا لەمێژوودا دەیان و بگرە پتریش هەبوون، کە لە ئێستادا بە لەناوچوو ناودەبرێن، ئەم لەناوچوونە تەنیا بۆ لەناوچوونی قسەپێکەران بە زمانەکەیان دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەگەر خودی نەتەوەکەش لەناونەچووبێت، بەڵام قسەپێکەری زمانەکەی نەمابێت، ئەوا بەزۆری هەر بە نەمانی خۆیشیان وەك نەتەوە، لێکدەدرێتەوە. زمان ناسنامەیەو کەلتوورو مێژووش تا ئاستێکی زۆر لە زمانەکەدان، بە نەمانی زمانیش، ئەوانەش نامێنن یاخود لە گرێژەنە دەبرێن. بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونەش قسەی ئاکادیمییەکی میسری دەهێنینەوە، کە وتوویەتی: ڕاستە ئێمە عەرەب نەبووین و قیبتی بووین، بەڵام کە زمانەکەمان گۆڕراوە بۆ عەرەبی، ئەوا دەبێت خۆمان بە دوواکەوتەی ئەو کەلتوورەش بزانین، کە هی ئەو زمان و نەتەوەیەیە. بێگومان گوزارشتێکی ڕاستی لە خۆیانکردووە، چونکە ئەگەر سەرنجبدەین ئەوا دەبینین لە دوواتردا ئەوان بوونە بەرگریکەر نەك هەر لە زمانی عەرەبی، بەڵکو لە عەرەب عەرەبتر خۆ لەقەڵەمدەدەن و خۆشیان بە ئاڵاهەڵگری نەتەوەی عەرەب دەزانن و بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە بیرو کاری ڕەگەزپەرستانەش لێیانەوە سەرچاوەیگرتووە. هێندێکجار بۆ ئەو کارانەیان پەنایانبردووەتە بەر ئایینیش. هەر بۆ نموونە کاتێك میسرییە بە عەرەببووەکان (ئیخوان مسلمین) وەك پارتێکی ئیسلامی ڕامیار دروستدەکەن، ئەوا هەڵوێستیان سەبارەت بەو نەتەوانەی، کە هەر لەدووای هێرشەکانی ئیسلامەوە بەڕووی عەرەبدا

---

[8] إشكالية العلاقة بين الحكومة والدولة، د.ازهار الغرباوي، ل (١-٣).

کراونەتەوە، یاخود بەپێی پەرژەوەندی ی زلهێزەکانی جیهان بەو ناوچانەوە لکێنراون، کە ئێستا ڕەگەزپەرستانی عەرەب بە نیشتمانی عەرەبی دەزانن، بەشێوەیەك، کە دەڵێن: "هەر موسڵمانێك لەسەرێتی کار بۆ بووژاندنەوەی یەکێتی ی عەرەب بکات و پشتگیریی بکات و سەریبخات".[9] کەواتە ئەگەر ئێمەی کورد کار بۆ یەکێتی ی عەرەب نەکەین، ئەوا موسڵمانێتییەکەمان بەر گوماندەبێت!!!.

جا هەر بەم ئاوازە هێندێك لە ئاکادیمییەکانیشیان بیریان لای ئەوەیە، کە ئەو نەتەوانە وەك خۆیان لە بۆتەی عەرەبدا بتوێننەوە. بۆ نموونە کەسێکی وەك (د.محمود فهمی حجازی) پێیوایە کە ئەگەر کەمتەرخەمی لە بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبی لە ناوچەکانی باکووری عێراق و خوارووی سۆدان و ناوچەکانی بەربەردا، لەلایەنی بڵاوکردنەوەی زمانی عەرەبییەوە بکرێت، ئەوا دابڕان لەنێوان ئەو ناوچانەو ناوچەکانی تری ئەو دەوڵەتانەدا دێتە ئاراوە.[10] خۆئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، ئەوا ئێمە ئەگەر پەرە بە زمانی خۆمان بدەین و هەوڵی ئەوەبدەین کە زارێکمان ببێتە ئەو شێوەیەی کە لە داهاتوودا بتوانێت لەنێوان نەتەوەکەماندا وەك ناوکۆییەك ڕۆڵببینێت، یان تەنانەت ڕەچاوکردن و گەشەکردنی زارە ناوچەیییەکانیش، ئەوا ئەمە دابڕانی ئەم ناوچانە دەبێت لە نیشتمانی عەرەبیان. کەواتە ئەوان دەخوازن زمانەکەمان نەهێڵن یاخود پەراوێزبخرێت و بەرەو پووکانەوە ببرێت، چونکە چاکدەزانن، کە ئەمە هەنگاوەکانی ونکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە دەبێت.

دیارە ئێمە لە کوردستانی گەورەو لە سەرجەم پارچەکانیشیدا نموونەی وامان هەن، ڕاستی ی ئەوە بسەلمێنێت، کە لەدەستدانی زمان، لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەییشە. هەر بۆ نموونە عوسمانییەکان، کە لەلایەنی زمانەوە زۆر وریایانە کاریانکردووە، چونکە لە کوردستاندا ئەگەر سەرنجبدەین بەردەوام جگە لە کوژتنی قەڵاچۆکاری، ئەوا هەمیشە لە گوژتنی زمانی و تورکاندنی بەردەوامدا بوون. دیارە ئەم کارەش هاوکاتی سووکایەتیکردن بە نەتەوەکەو زمانەکەی، لایەنێکی تری لەگەڵدا بووە، کە ئەویش هاندان و پاداشت و پلەوپایە بووە. بۆنموونە لە کوردانی باشووری کوردستاندا لە کەرکووك و تەنانەت لە هەولێریشدا، ئەو کوردانەی کە تورکی یان تورکمانییان بزانیبا، ئەوا لەلایەك جۆرێك لە ڕێزو جیاوك ی لەچاو کوردانی تورکینەزاندا، دەبوو. لەلایەکی تریشەوە هەلی کارو بگرە پلەوپایەشی دەدرایەو دەشکرایە دەمڕاست و کاربەدەست و چاودێر بەسەر ئەوانەی ترەوە. ئەم بارە وایکردبوو، کە سەردەمانێك لەو شارانەدا بە زمانی تورکی یان تورکمانی بوترێت: زمانی نان، چونکە بە زانینی زمانەکە نەك هەر لە ڕاو و رووتی جەندرمەکانیان و کوژتوبڕیان ڕزگاریاندەبوو، بەڵکو هەلی ژیانی ملکەچانەیان لەسایەی تورکاندا بۆ دەستەبەر دەبوو. ئەو بارەو درێژەکێشانی وایکردووە، چەندان بنەماڵەی کورد هەبن، کە مێژوویان دیارەو بنەچەیان شارراوە نییە، کە کوردبوون، بەڵام ئێستا، کە وا بۆ سەدەیەك دەچێت عوسمانی ئاوا بووەو زۆرێك لەو تورکانەی کە دەسەڵاتی تورك هێنابوونی، گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، کەچی ئەمان کە زمانی کوردییان وەلاناوەو ناسنامەی نەتەوەییان گۆڕیوە، ئێستا لەو تورکمانانەی پاشماوەی سەلجووقییەکان، پتر بەدووای پەرژەوەندی ی تۆرانییەتەوەن. لەناو تورکیای ئێستاشدا نموونەی وامان زۆرن، کە کوردانی بەتورکبوو، توندتر لە تورکان، دژایەتی ی نەتەوەی کوردیان کردووەو دەیکەن. هەر بۆ نموونە کەسێکی وەکو (بلێند ئەجەوید) نەك هەر بە بنەچە کوردبوو، بەڵکو لە بنەچەدا خەڵکی شارۆچکەی کۆیەن و وەك دەوترێت تائێستاش کەسوکاریان هەن، بەڵام ڕۆڵی ئەویش بەرامبەر بە کورد، پێویستی بە بەڵگە نییە!.

ئەم ئەزموونانە وایانکردووە، کە هەمیشە داگیرکەران کار لەسەر لەناوبردنی زمان و کەلتووری نەتەوەی داگیرکراو بکەن.

[9] الفکر القومي وقضايا التجدد الحضاري، د.بکری خليل، ل (٢٩).

[10] علم اللغة بين التراث والمناهج الحديثة، دکتور محمود فهمي حجازي، ل (٩٦).

هەر لەم ڕووانگەیەشەوە بوو، کە لە هەشتاکاندا ڕاگەیێنکارێکی ناسراوی عەرەب، کە (حمیده نعنع) بوو، هاتە عێراق و دوواتر هاتە کوردستان و شارەکانی هەولێرو سلێمانی گەڕابوو، دوواتر کە وەزیری ڕاگەیاندنی عیراقی ئەوکات، کە (لگیف نصیف) بوو، بینیبووی، نەعنەع وتبووی ئێوە تائێستا چیتان کردووە ! خۆمن لەو شارانە خەڵکانێکم بینی، کە تائێستا عەرەبی نازانن؟ لەتیف لەوەڵامدا وتبووی: ئێوە نابێت پەلەمان لێبکەن، بەتایبەت وەك دەزانن ئێستا لە جەنگداین، دەنا بەرنامەمان هەیە.

دیارە لەتیف ڕاستیکردبوو، چونکە هەر لەگەڵ کۆتاییهاتن و نەهاتنی جەنگەکەیاندا جگە لە کیمیاباران، ئەنفالیش دەستپێکرد، کە ئەمەیان نەك زمان، بەڵکو خاوەنزمانەکەی زیندەبەچاڵدەکرد، خۆئەگەر گۆڕرانە ڕامیارییەکان و ملهوڕییەکانی سەددام نەبووایە، لەوەدا کە وڵاتی کوێتی داگیرکرد، ئەوا ئێستا ئەم پارچەیەی کوردستان نەك عەرەبێنرابوو، بەڵکو خەڵکەکەشی قەڵاچۆکرابوون، یاخود ئەوانەش کە دەیهێشتنەوە ڕەهەندەی وڵاتانی ئەورووپاو پاشماوەکانیشی دابەشی سەر وڵاتانی عەرەبی کردبوون. دیارە ئەم قسەیەم هەر لەخۆوە نییە، چونکە هەر لە هەشتاکاندا سەددام لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ پاشاو سەرۆکە عەرەبەکانی وڵاتانی عەرەبدا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، داوایکردبوو، کە هەر وڵاتەو ڕێژەیەك کورد بگرنە خۆیان، تاوەکو بەمە لەلایەك عێراق ڕزگارییببێت و لەلایەکیش ئەوانە بەزوویی لەو وڵاتانەدا بتوێنەوە.

جا ئەوەیڕاستیبێت هەروادەکەوتەوە، بەڵام خۆشبەختانە دووان لەوانە، کە یەکێکیان پاشای سعوودیا و دووهەمیان: سەرۆکی لیبیا موعەممەر قەززافی بوون، کە ئەو داوایەیان ڕەتکردەوەو بە کارێکی دزێویان لەقەڵەمدا، بەمەش ئەو ڕیسەی سەددام بووەوە بە خوری، دەنا پەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەودەمی جیهان، هەروەکچۆن لە کیمیاباران و ئەنفالمان بێدەنگبوون، ئەوا ئەو کارەش ڕەنگە سەرییگرتایە.

ئێمەی کورد وەك پێشتر باسکرا، تائێستا نەمانتوانیوە کوردبین، پێش ئەوەی هەڵگری هەر ئایدیولۆژیایەکبین، یاخود نەمانتوانیوە لەوەبگەین، کە ئایدیۆلۆژیاو ئایینەکانیش، لەپێناوی مرۆڤدان نەك مرۆڤ لەپێناویاندا بێت، کەچی ئەم بارە بۆ مرۆڤی کورد وایەو هەمیشە خۆمانمان تێدا ونکردووە، بۆ نموونە دووای ئەوەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت کوردستانی خستەژێر ڕکێفی خۆیەوەو کوردبوونە موسڵمان، لەم موسڵمانبوونەماندا نەمانتوانیوە بەپێی ئەو دەقانەی کە جێگیرن و مافی وەکیەکی ی نەتەوەکان باسدەکەن، بەسووتی خۆمان بخەینە بەرچاو، بەڵکو پتر ئامادەی ملکەچییەکە بووین بۆ عەرەب و بۆ ئەوانەش، کە بەناوی ئایینەوە حوکمڕانییانکردووە، جا لە هەر نەتەوەیەکیشبووبن. نەك هەر ئەوەش، بەڵکو زۆر لە خەڵکی کورد ئامادەبوون لەپێناوی زەوتنەکردنی مافە کەسییەکانیاندا دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەییانبن و وەك هەژاری موکریانی دەڵێت: زۆر لەو خەڵکە، گەر هەباس ناوێك لە باپیرانیدا هەبووایە، ئەوا دەیانگوت ئێمە عەباسین، یاخود هەبوون دەیانگوت ئێمە لە نەوەی خالیدی کوڕی وەلیدین، ئەمە لەکاتێکدا کە خالید وەچەی نەخستووەتەوە ! !. ئەم کارە تەنانەت هێندێك لە میرە کوردەکانیشی گرتبووەوە.[11] ئەم بارە وایکردووە، کە لە کوردستاندا کەسانێك هەبن خۆیان بە نەوەی پێغەمبەر بزانن و درەختی بنەماڵەشیان بۆکرابێت. دیارە ئەمە کارێکی نائاسایی نییە، ئەگەر بنەمای هەبێت، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە کە تێیاندا هەبن بەو هۆیەوە خۆ بە عەرەبیش بزانن، ئەوە لەکاتێکدا، کە خودی پێغەمبەر خۆی دەفەرموێت: لە نەوەی ئیبراهیمە. جگەلەوەش لەناو عەرەبدا، عەرەبی بە بنەچە عەرەب و عەرەبی بە عەرەببوو هەن (عرب العاربه والمستعربه)، کە قوڕەیش لە دووهەمیانە. هەموو ئەمانەش بەلایەك، بەڵام لە کوردستاندا کەلتوورێك هەبوو، کە ئەگەر کەسانێك زۆر لەخواترس و خاوەن پێگەو ئامۆژگاری موسڵمانان بوونایە، ئەوا کەسایەتییە لەوانلەپێشترەکان لەو بووارانەدا،

[11] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (١٩).

لە ڕێورەسمێکدا بانگی شێخایەتییان بۆدەدان و ئیتر پێیاندەوترا شێخ. جا سەیرەکە ئەوەیە کە لەناو ئەوانەشدا، هەن درەختی بنەماڵەیان بەجۆرێك بۆ دروستکراوە، کە بچنەوە سەر ئیمامەکان، جا گومان لەوەدا نییە، کە هیچ کەس و هیچ نەتەوەیەك نییە، کە ئامادەبێت ناسنامەی نەتەوەیی خۆی وەلابنێت، ئەگەر کۆمەڵە هۆکارو پاڵنەرێکی دژوار لەئارادا نەبن. بێگومان ئەو پاڵنەرانە هەبوون و تەنانەت ئێستاش بەشێوەیەك لە شێوەکان هەرهەن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە، کە کەسانێکی کوردی بەئاگا بێن و بە کتێبێك ئەو کەسایەتی و بنەماڵانەمان وەك ئەوەی، کە لە درەختی بنەماڵەکانیاندا هەیە، بڵاوبکاتەوەو لە عێراقداو لە هەلومەرجێکدا کە بەعس بە هەموو شێوەیەك دەیویست لەلایەنی نەتەوەیی کورد بدات و ڕیزەکانی کە خۆی زۆر تۆکمە نەبووەو نییە، کەلێنیتێبخات. بێگومان هەر ئەمەش پاڵنەر بوو، کە قەڵەمە ڕەگەزپەرست و بەکرێگیراوەکانی بەعسیش بێن و لەپەنا ئەوەدا زۆرێك لە خێڵ و تیرەکانی نەتەوەکەمان ببەنەوە سەر عەرەب. یەکێك لەو نووسەرانە (یونس الشیخ ابراهیم السامرائی)[12]یە، کە کوردواتەنی کەوتووەناو و شەلمکوێرم کەم خێڵ و تیرەی لەچنگ قوتاربوون، کە بەبێ ئەوەی بەخۆبزانن، کراونەتە عەرەبی عەیار(٢٤). جا لەبەرئەوەی کە پێدەچێت خۆیشی زانیبێتی ئەم قسانە بڕواپێکەری زۆرنابن، بۆیە هاتووەو بۆ پاڵپشت قسەیەکی (باسیل نیکیتین)ی هێناوەتەوە، لەوەدا کە وتوویەتی: "تێبینی ئەوە دەکرێت، کە خێزانە کوردەکان ڕیشەیان بۆ بنەچەی عەرەب دەگەڕێتەوە".[13] لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە بڵێین: ئەگەر نەتەوەکەی (نیکیتین)یش وەك ئێمە داگیرکراوی عەرەب و تورك و فارس دەبوون، ئەوا ئێستا هەموو دەبوونە عەرەبی تانوپۆ ئاوریشم.

جێگەی خۆشیەتی گەر بڵێین زۆرجار کەمێك بیرکردنەوەی لۆجیکییانەی دوور لە ڕەگەزپەرستییەتی، ڕاست و ناڕاستی ی زۆرشت دەردەخات. هەر بۆ نموونە ئەم هەموو تیرەو خێڵەی (السامرائی) کردوونییەتە عەرەب، ئەی بۆ لەخۆی نەپرسیوە، کە هۆی چییە ئەمانە وازیان لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەکەیان هێناوەو زمانی ئەو مرۆڤانەیان هەڵبژاردووە، کە باپیرانی (السامرائی) بە بنەچە جنۆکەیان لەقەڵەمداون؟! بڵێیت ئەمانە بۆئەوە وایانکردبێت، کە لەدەست دەسەڵاتی کورد، خۆیان پێ قوتار کردبێت؟! یاخود بۆ ئەوە وایانکردبێت کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە ڕێزو پلەوپایەو ژیانی بێگرفتیان هەبێت؟! بڵێیت ئەم بنەچە عەرەبانە زمانی کوردییان بەپیرۆزتر زانیبێت؟!. بێگومان ئەمانە هیچیان وانین و پێچەوانەکەیان ڕاست و دروستە. جگەلەوەش لە ئێستای چەرخی تەکنۆلۆژیادا، ئەگەر ئەو درۆیانە تائێستاش کەمتازۆر گوێلێگریان هەبێت، ئەوا ئێستا ئەوە چەند ساڵێکە ئەو بووارەش نەماوە، چونکە زانست لەڕێگەی ترشەلۆکی ناوەکی و (DNA)یەوە، ناڕاستی ی ئەو خەیاڵپڵاوانە دەردەخات. بۆ ڕاستی ی ئەم بۆچوونەشم، ئەوە دێنمەوە یاد، کە لەم چەند ساڵەی پێشوودا، ئەوکاتەی خوالێخۆشبوو (د.کەمال خۆشناو) سەرۆکی زانکۆ بوو، ئاکادیمییەکی کەنەدایی داوای کرد، کە لە زانکۆ سمینارێك پێشکەشبکات سەبارەت بە تورك لە تورکیادا وەك ڕەگەز، جا کرۆکی بابەتەکە ئەوەبوو، کە لەو وڵاتەدا لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا سەدان تورك ئەو شیکارە نوێیانەیان بۆکرا، ئاکام ئەوەبووە، کە ئەوانە لە ڕەگەزی تورك نین، گەرچی ئێستا بوونەتە تورك. بێگومان ئەو زانایە مەبەستی لە سمینارەکەی ئەوەبوو داوا لە تورکان بکات، کە هێندە توند نەبن لەگەڵ هاووڵاتیانی وڵاتەکەتانداو هەوڵبدەن مرۆڤدۆستانەو برایانە بیربکەنەوە، چونکە ئێوە زۆرینەی زۆرتان لەو ڕەگەزە نین، کە بەناویەوە خەڵکیتر دەچەوسێننەوە. جا زۆر بەداخەوە، کە لەبەر باری ڕامیاری ی ناقۆڵای کوردستان و هەرێم و زویرنەکردنی تورکان، ڕێگە بەو سمینارە زانستییە نەدرا.

---

[12] القبائل والبيوتات والاعلام في شمال العراق، يونس الشيخ ابراهيم السامرائي، مطبعة الامة، بغداد ١٩٨٥، ل (سەرجەم کتێبەکە).

[13] القبائل والبيوتات، يونس الشيخ ابراهيم السامرائي، ل (٢٤).

ئەم ئامادەییەی کورد، بۆ خۆونکردن لە ئایدیۆلۆژییەکاندا، هەر بەردەوامە، خۆئەگەر وانییە، ئەی دەبێت هۆی چیبێت، کە کۆمۆنیستە کوردەکانمان نەیانتوانییێت ئەوە ببینن، کە جوزیف ستالین بەسەر کوردانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتیدا هێنا؟ ئەی کام نەتەوە هەن، کە خوێندەوارانیان ئامادەبووبن گومان لە نەتەوەبوونی نەتەوەی خۆیان بکەن، وەك ئەوەی کە هێندێك لە کۆمۆنیستەکانمان لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی پێشوودا مشتومڕیان لەبارەوە دەکرد.

کام نەتەوە وەك ئێمە، دوژمنانی توانیویانە ئایین، کە بۆ برایەتی و ڕێزۆژنکردنەوەیە بۆ مرۆڤ، کەچی ئەوان بیخەنە خزمەتخۆیانەوەو بتوانن خۆیانی پێدروستبکەن و ئێمەشی پێبکەنە کوتەکی دەستی خۆیان و بە ئێسك و پرووزکی ئێمە مەکینەی جەنگەکانیان چ لەگەڵ دوژمنانیاندا لە دەرەوەی سنوورەکان و چ لەناوخۆماندای پێبخەنەگەڕ. ئایا ئەگەر لە ڕۆژگارەکانی کۆنی ئیسلامەوە بیگرین تا بە ئەمڕۆ دەگات، چەندان و چەندان نموونەمان لەبەردەستدا نین؟!! ئایا ئەو سوپایەی کە سەلاحەدین توانیی سوپا زەبەلاحەکانی خاچپەرستانی پێ بشکێنێت، ئەوە زۆرینەی زۆریان جەنگاوەرانی کورد نەبوون؟![14]، دیارە ئەمە قسەیەکی بێبنەما نییەو سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان تۆماریانکردووە، دەنا وەنەبێت عەرەب هێندەیان پێخۆشبێت، کە کوردێك توانیویەتی بە هێزی کوڕانی نەتەوەکەی بە پلەی یەکەم، قودس ڕزگار بکات و هەر ئەوکاتە (خگیب المقدسی) بلێت: "الحمد لله زلّت دوله الصُلبِ وعَزَّ بالکورد دین مصگفی العربی". ئەو سەلاحەدینەی، کە تەنانەت سەرکردە خاچپەرستەکانیش لەبەرامبەر جوامێری و جەنگاوەرییدا سەرسامبن، کەچی هەڵوێستی عەرەب لەبەرامبەریدا، کەس وەك شاعیری فەلەستینی، موعین بەسیسۆ، باش بۆینەچووە، کە دەڵێت: "صلاح الدین صار عربیاً حین إنتصر، فلوکان هزم لصار جاسوساً کردیاً"[15]، واتە: سەلاحەدین کاتێك سەرکەوت بوو بە عەرەب، خۆئەگەر بشکایە، ئەوا دەبووە سیخوڕێکی کورد. ئەم قسەیە دروستە، چونکە چەندان نووسەری ڕەگەزپەرستیان، وەك: (ناجی معروف) و (خیرالله تلفاح)ی خەزووری سەددام، کە پێیانوابوو پاڵەوانێکی وا، چۆن دەبێت عەرەب نەبێت، بۆیە بە پشتگیری ی دەسەڵات چەندان نووسین و کتێبیان لەوبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هەمیشە ڕیسیان دەبووەوە بە خوری، چونکە سەلاحەدین و مێژووەکەی جگەلەو هەموو سەرچاوانەی کە لێیدەدووێن، ئەوا لایەنێکی گرنگیش، کە لە پەرژەوەندی ی ڕەگەزپەرستان و بیرکردنەوەکەیاندا نەبوو، ئەوەش ناوی مامی سەلاحەدین و باپیری بوو، کە یەکەمیان (شێرکۆ) و دووهەمیان (شادی)ی ناوبووە، کە ئەمانەش ناوی کەسی ی کوردین و تائێستاش وەك ناوی مرۆڤی کورد، هەر بەکاردێن.

دیارە فارسەکانیش، کە تائێستاش هێندێك لە ڕەگەزپەرستانیان زاراوەکانی ئێرانی و فارسی وەك هاوواتا لێکدەدەنەوە، هەر ئەمەش وایکردووە، کە بڵێن زمانی کوردی تەنیا زارێکی فارسییە. هەر ئەو بیرکردنەوەیەش بووە، کە وایکردووە لە کتێبێکی قوتابخانەکانی ئێراندا، کە خوێندنەوەی عەرەبی بووە، بنووسرێت: سەلاحەدین ی ئەییوبی، ئێرانییە، چونکە کوردە[16]. دیارە لێرەدا مەبەستەکە هەر دابڕینی سەلاحەدین نەبووە لە نەتەوەکەی، بەڵکو داننەنانیشبووە بە نەتەوەکەیدا وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆی خاوەنزمان.

نەتەوەی کورد مێژوویەکی دوورودرێژی لە خزمەتکردنی بێگانانـدا هەیە، بەڵام هەرکاتێك کە بەرهەمێکی هەبووبێت، ئەوا بێگومان بۆ خزمەتکردنی ئەوانبووە. هەرکاتێکیش کە کورد بەجۆرێك لە جۆرەکان بیری لە خۆی وەك نەتەوەیەك کردبێتەوە، ئەوا نەك هەر خۆیان و هێزەکانیان، بەڵکو ئایین و ئایینزاکانیشیان بەگژدا کردووینەوە. هەرکاتێکیش سەروەرییەکیان بەدەستهێنابێت، ئەوا بەناوی کورد خۆیەوە تۆمارنەکراوە، خۆئەگەر کرابێتیش، ئەوا بۆ کورد بە زۆریانزانیوە. هەروەك وترا

---

[14] الجیش الایوبي في عهد صلاح الدین، د.محسن محمد حسین، ل (٩٦).

[15] نناشد صلاح الدین أم نحاسب انفسنا "استجواب قائد بعد ثمنمائة سنة"، د.محسن محمد حسین، ل (٩٦).

[16] عن لغة الکرد وثقافتهم – نقد في الثقافة الکردیة، صلاح سعدالله، ل (١٤).

ئەم لایەنانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بۆ نموونـە کاتێك کـە ئەردەشـێری پاپـەکان ئیمپراتۆرییـەتی ساسـانیی لـە (٢٢٦ز)دا دادەمەزرێنێت، ئەوا ئەردەوانی پێنجهەمی دوواپاشای پارسی، وەك تەبەری تۆماریکردووە، لەبەرامبەریـدا وتوویـەتی: "هـەی کوردی پەروەردەی ناو ڕەشماڵی کوردان"[17] دیارە ئەمەی وەك جوێن و توانجێك وتـووە، چـونکە پاشـایەتیی بـۆ ئـەو بـەزۆر زانیوە.

لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتیشدا، ئەبو موسلیمی خۆراسانی بە تواناو لێهاتوویی خۆی دەسـەڵاتی لەدەسـت ئەمەوییـەکان دەرهێناو ڕادەستی عەبباسیانی کرد، کەچی لە پاداشتی ئەوەدا بە گزی و دزی کوژتیان و ئـەبو دولامـەی شـاعیری دەربـاری مەنسوورییشی لێهاندراوە، کە لەدووای کوژرانیشی زاری لێدرێژ بکات و بڵێت: باوك و باپیرە کوردەکانیشت وەکخۆت غـەدداری بێئەمەکبوون[18]. سەیر ئەوەیە کـە هێـشتا ئـەوان ئـەو بـە غـەددار دەزانـن. دیـارە لـەم هەڵوێـستانەیان بەرامبـەر سـەرکردەو جوامێرانی کورد زۆر زۆرن. جا ئـەو داگیرکەرانـە هێنـدە لـە یـەکگرتنی کـورد ترسـاون، بۆیـە هەمیـشە هەوڵیانـداوە جگـە لـە دووبەرەکیخـستنە نێوانیانـەوە، پروپاگەنـدەی نـاڕەوا چ بەرامبـەر بنەچـەی نەتەوەکـەو چ سـەبارەت بـە لێنەوەشـاوەیی بـۆ گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی، بکەن. جا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە پێدەچێت ئەم لایەنـە جگـە لـە پروپاگەنـدەکانی داگیرکەران، بەشێك لە سەرچاوەکەی بۆ ئەو ئایینزایە بگەڕێتەوە، کە بەبەری کـورددا بـڕراوە، چـونکە وەکـدەزانرێت ڕێـژەی هەرەزۆری کوردی موسڵمان سەر بە ئایینزای (شافعین)، کە ئەم ئایینزایەش، دەڵێت: فـەرمانڕەوا دەبێـت عـەرەب بێـت و لـە قورەیشیش بێت، کەواتە بەمپێیەبێت، ئەوا کـورد دەرگـای بوونـە فـەرمانڕەوایی لەڕێگـەی ئایینـەوە لـێگیراوە. هـەر ئەمـەش وایکردووە، کە تا سەردەمی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا، کوردێك ئەگەر ببوایە بە قازی، دەبـوو ئایینزاکـەی بـۆ (حەنـەفی) بگۆڕێت[19].

ئەو پێڕانەبینینە بە کورد، هێندە لەمێژینەیە، تا ئەو هەندازەیەی، کە لای مرۆڤی کورد وابکەوێتـەوە، کـە خۆیـشی خـۆی بـە شایانی پاشایەتی و فەرمانڕەوایی نەزانێت، هەر بۆ نموونە کەریمخانی زەند تەختی پاشایەتی ی ئێرانـی گرتەدەسـت، کەچـی پێی زۆر بوو، کە بەخۆی بڵێت پاشای ئێران، بەڵکو خۆی ناونا (وکیل الرعایا)، واتە دەمڕاستی مسکێنان!![20].

ئەم خۆبەکەمزانی و لەخۆڕانەدیتنە پێدەچێت لای مرۆڤـی کـورد بووبێتـە دەردێکـی دەروونـی، چـونکە ئەگـەر سـەرنجبدەین دەبینین هێندێکجار لـەم پارچەیەشـدا، کـە ئەگەرچـی کـەموکووڕیمان کـەمنین، بـەڵام لـەم مـاوەی حوکمڕانییـەی خۆبـەخۆی خۆماندا کاری زۆر چاکیش کراون، بەشێوەیەك کە دۆست و دوژمـن گـەواهی بـۆدەدەن، کەچـی دەبیـنین تائێـستاش هێنـدێك دڵکرمـێ دێـن و دەڵـێن: کـوردو حوکمڕانییـان نـەوتووە!!. ئەمـە وەك ئـەوە وایـە کـە مرۆڤبـوون و ئاسـاییبوونی ی خۆیـان دانپێدانەنێن. بێگومان ئەمەش هەر لەو دەردە دەروونییەی کوردەوەیە، دەنا ئەگەر بۆ مێژووی کـۆن و نـوێش بـڕوانین، ئـەوا دەبینین کە کورد زۆرجار زۆر لەبارتر لە خەڵکیتر حوکمڕانیی کردووە. هەر بۆ نموونە کەسێکی وەکو (محمد علی باشا) کە لـە مێژوودا بەوکەسە بەناوبانگە، کە هەستانەوەی میسر لەسەر دەستی ئەودا بووەو لە ١٨٠٥ تا ١٨٤٨ حوکمڕانبـووە. لەماوەی حوکمڕانییەکەشیدا هێندە بەهێزو کارزانبوو، توانی سنووری حوکمڕانییەکەی فراوانبکات، بەشێوەیەك کە کار گەیشتە ئەوەی کە چەند ناوچەیەکی ئەنەدۆڵیش بگرێت، بەڵام زلهێزەکانی ئەودەمەی جیهان کەوتنەخۆ بۆ یارمەتیـدانی سـوپای عوسمـانی و بەوەش ئەو هەڵمەتەی محەممەد عەلی سەرکەوتوو نـەبوو. جـا ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە بوترێـت ئەوەیـە کـە ئـەم پیـاوە کـورد

---

[17] کوردو زمانی کوردی، توفیق وەهبی، و: د.عەزیز گەردی، ل (٦٨).

[18] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (٣٧).

[19] چاوپێکەوتن لەگەڵ م.بێستوون عەلی کەریم، پسپۆڕی زانستە ئیسلامییەکان، سلێمانی، ٢٠١٢/٩/٨.

[20] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژاری موکریانی، ل (١٥).

بووە[21]، کەچی تائێستاش لە تەواوی نووسین و بەڵگەنامەکانی عەرەب و تورکدا هەر بە ئەلبانی لەقەڵەمیدەدەن. بێگومان ئەمەش هەروەك سەلاحەدین ی ئەییوبی وایە، کە وەکوترا تائێستاش دەیانەوێت لە کوردیبکەن.

بێگومان هەروەك پێشتر لێیدووایـن، دوژمنانی کورد هەمیشە کاریان بۆ کەمکردنەوەی کوردو دابڕینی خاکی و زەوتکردنی کەلتوورو هونەرو مۆزیکەو تەنانەت ناودارەکانی مێژوویشی، کردووە. گوڕوتینی ئەم کارە لەم سەدساڵەی دووابیدا پتر بووە. لە ئێستادا بۆ دەربەدەرکردنی کورد لە نیشتمانەکەی، ڕێگەی نوێی دۆزەخی ی گونجاو لەگەڵ ئەو گۆڕانەی باری کەش لە جیهاندا، دەگرنەبەر، کە ئەویش کەمبوونەوەی ئاوەو وەك زانراوە کێشە نێودەوڵەتییەکانی جیهانی سەدەی بیستویەکەم بە پلەی یەکەم لەسەر ئاو دەبێت، بۆیە هەر لە ئێستاوە ئێران کەوتووەتە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانی کوردستان بەشێوەیەك، کە بە دوو چەشن زیان بە کورد بگەێنێت، یەکەمیان: ئەوەیە کە باشووری کوردستان لەو ڕووبارانە بێبەشبکات، کە لە سنووری ڕامیاری ی ئەواندان، دووهەم: کوردی ئێرانیش بێبەشبکات، یاخود وەك پێویست نەهێڵێت کەڵك لە ئاوی خۆیان ببینن، بەوەی کە ڕێڕەوی ڕووبارەکان بەهۆی بەنداوگەلێکەوە بەرەو قوڵایی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان دەگۆڕێت.

لەم کارەدا تورك دەیانساڵ پێشتر لە ئێران، کاری بۆکردووە. بەئاگایان لە پرۆژەی گاپ ئەو بابەتە چاك دەزانن، کە چۆن ئەو دەیان بەنداوەی تورك دروستیکردوون و بەردەوامیشە، زیان بە پەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دەگەێنێت و چۆن چاکترین زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەدەستکرانەوەو شانبەشانی زەبروزەنگ و ڕاوەدوونانەکانیتر بە ملیۆنان کورد ڕەهەندەی وڵاتانی ئەورووپا کران یاخود لە شارە گەورەکانی تورکنشیندا کرانە پاڵەو دەسندەخۆرو ڕووبەڕووی تواندنەوە کراونەتەوە.

سەبارەت بە باشووری کوردستانیش، ئەوا لەگەڵ دروستکرانی دەوڵەتی عێراقدا بیرکردنەوە لە عەرەباندنی کوردو خاکەکەی دەستپێکردووە، بەڵام گوڕو تینی لەگەڵ قۆناغی بەعسدا جیاواز بوو، هەر بۆ نموونە لە سییەکانی سەدەی پێشووەوە بیر لەوە کرایەوە، کە ئاوی کوردستان بخرێتە خزمەت پرۆژەی عەرەباندنی کوردستانەوە. ئەمەش خۆی لەو هاندانانەی عەرەبی کۆچەری عێراق و حیجازدا دەبینییەوە، کە بەرەو ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووك و باقووبە دەکرانەوەو زەوییان بەسەردا دەبەخشرایەوە، تەنانەت ئەو بەنداوانەی کە لە ئێستادا هەن، ئەوا بە پلەی یەکەم بۆ ئەو مەبەستە بوون و چاکترین بەڵگەش پرۆژەی ئاوی ناوچەی حەویجەیە، بەڵام عەرەب وریاتربوون لەوەی کە هەر لەوکاتەوە بڵێن ئەوە ئامانجەکەمانە، بەڵکو دەیانگوت کە ئامانج پاراستنی شاری بەغدایە لە وەرزی لافاودا. لەبەرامبەر ئەمەدا کورد بەتایبەت ئەوانەی کە لافی پارتپارتێنەو ئایدیۆلۆژیبازییان لێدەدا هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە، تەنیا کەسێك کە هۆشیارانەو دووربنەندێشانە هەستی بەو پلانە دۆزەخییە کردووە، بەهەشتی (سەعید قەزاز) بووە، کە ئەگەرچی خۆی لە ڕژێمی پاشایەتیدا چەندان پلەوپایەی فەرمیی تا ئاستی وەزیری هەبووە، کەچی هەوڵیداوە بە ڕێگەیەکی نەرم و بێ ژاوەژاو هەر هیچنەبێت کار بۆ ئەوە بکات کە پلانەکە پڕاوپڕ لە پەرژەوەندی ی عەرەب نەبێت. بۆیە هاتووەتە سلێمانی و لەماڵی کەسایەتی ی ناوداری ئەوکاتە (حاجی قادری جەبار) لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ی شارەکەدا کۆبووەتەوەو بە ڕاشکاوی داوایلێکردوون، کە هەوڵبدەن جووتیارو ڕەشوڕووتی ناوچەکانی بۆ کۆبکەنەوە، بۆئەوەی بچنە حەویجەو لەو ناوچانە دابنیشن، منیش هەوڵدەدەم کە زەوی و زاری کشتوکاڵییان بەسەردا دابەشبکرێت و هاوکاریشیاندەکەم. بۆ ئەم مەبەستەش کاتێك دیاریدەکەن، بەڵام کاتێك کە لە ئاکامی

---

[21] دکتۆر کەمال مەزهەر، سەبارەت بە کوردبوونی محەممەد عەلی پاشا وتارێکی لە گۆڤاری ڕەنگیندا بڵاوکردووەتەوە، پێشتریش محەممەد عەلی هەونی، وتارێکی لەوبارەیەوە هەیە.

هەوڵەکانیان دەپرسێتەوە، دەڵێن بەداخەوەین، چونکە کەس ئامادە نییە بچێتە ئەو شوێنانە. سەعید قەزازیش، دەڵێت: کەواتە دەبێت بزانن، کە ئەو ناوچانە لە داهاتوودا لەدەست کورد دەچن.[22]

دیارە هەرواش کەوتەوە، ئەو ناوچانە عەرەبێنران و ئەو کوردانەی کە تا ئەم ساڵانەش لەجێگەی خۆیان مابوون، ئەوا لەدووای کەوتنی ڕژێمەکەی سەددام، ئەوانیش ڕاوەدوونران. نەك هەر ئەوەش، بەڵکو ئەو ناوچانە بوونەتە سەرچاوەی تیرۆرو تۆقاندنی کورد لە شارەکانی تریشدا. ئەوانە کاتێك کە تابلۆی بەکوردینووسراو لە شەقام و دووکانەکانی کەرکووکیشدا ببینن، بە ناڕەوایدەزانن. خوێندنی کوردی لە کەرکووکدا بە نەشیاو دەزانن، خۆئەگەر بتوانن و بوواریان بۆ بڕەخسێت، ئەوا ناهێڵن بەردەوامبێت، لەمەشدا شیعەو سوننەیان بۆ نییەو لە عەرەباندندا لەبنەوە یەکدەنگن.

پاری سێهەم:

سووککردنی کورد لەلایەن داگیرکەرانییەوە تا ئەو ئاستەی لە مرۆڤییەتیی بکەونە تەقەو ئەفسانەسازی:

نەتەوەی کورد لە زۆر قۆناغی مێژوویی و لە زۆر لە وەرچەرخانەکاندا، ساکارانە خۆی و خاك و سامانی بێبەرامبەر خستووەتە خزمەت بێگانەوەو دوواتر کار بەوە گەیشتووە، کە زەبری کوژندە لەو بێگانانەوە بخوات. بۆنموونە ئەو سەرچاوانە کەمنین، کە لەوە دەدووێن کە کورد بەزۆری خۆبەخۆی خۆیان بوونەتە موسڵمان نەك بە جەنگ، کەچی ئەوەی نووسەر یاخود مێژوونووسە ئیسلامەکان بە کوردیانکردووە، بە کەس نەکراوە. لەوانەش (مەسعوودی) کە ئەفسانەی ڕەگەزی کورد بردنەوە سەر جنۆکەی نووسیوەو دەیان سەرچاوەش ئەم درۆیەیان دووبارەکردووەتەوەو کەسێکیان نەهاتوون بپرسن و بڵێن کابرا تۆ هەر لە کتێبەکەی خۆتدا خۆتت بەدرۆخستووەتەوە، بەوەی کە لە پێشەکییەکەدا دەڵێیت: هەموومان لە ئادەمین و ئادەمیش لە گڵ، ئیتر ئەم کوردە بۆ جوداکرانەوە. لێرەدا پرسێکی بەجێ خۆدەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم مەسعوودییە ئەگەر ئەم قسەیەی بەرامبەر نەتەوەیەکی تری وەك فارس بکردایە، ئایا ئەو پیاوانەیان، کە توانیان ئایینزایەك لە ئایینەکەدا دروستبکەن، قبووڵیاندەکرد، ئایا هەر بەدەستی خەلیفەکانی ئیسلام بەرەو لەسەردانیان نەدەکردەوە؟!. ئەی کوا هەڵوێستی کوردێکی موسڵمانی ئەودەمە، بۆچی کەسێك لەو هەموو نووسەرو مێژوونووسانەی کە ژیانیان بۆ عەرەب و مێژوو و زمانیان تەرخانکرد، نەهاتوون و لەوبارەیەوە قسەیەك بکەن؟!. ئەرێ عەرەب خۆیان پەندی (بێدەنگبوون لە قایلبوونەوەیە)یان نییە؟! ئەرێ ئەگەر ئەوانەو ئەم هەموو موسڵمان و نووسەرانەی ئێستاش بەجۆرێك لە جۆرەکان باوەڕیان بە بنەچە جنۆکەیی ی خۆیان نییە، بۆ نەهاتن لە دەستگایەکی وەکو ئەزهەردا (مەسعوودی) بدەنە دادگای ئیسلام؟! هەروەکچۆن لە ئەورووپادا لەدووای چەندان سەدە، مافی ڕەچاوکردن بۆ کەسایەتییە مێژووییە ناڕەواییلێکراوان دەگێڕێتەوە. ئایا لای ئیسلام ئەم مافە بۆ نەتەوەیەك، تائێستا بە ڕەوا نازانرێت؟!.

هەر لەو بووارەدا هەڵبەستراوێکی تر دەڵێت گوایە کاتێك کە: "ئۆغۆزخانی تورکستانی بوغدوز ناوی کوردستانی ناردە لای پێغەمبەر، بوغدوز ئەوەندە ناشیرین و ڕەزاگران بوو، پێغەمبەر بێزی لە چروچاوی هەڵقرچاوی هەستاوەو لە داخان توك و نەفرینی لە هەموو کوردی سەرزەمین کردووە!"،[23] ئەمەیان وەك هەژاری موکریانی وتوویەتی: لەپێناوی لەکەدارکردنی

[22] ناهۆشاری کورد، لەوەدایە کە نەیتوانیوە دۆست و دوژمن لێکجودا بکاتەوە، چونکە کاتێك کە ڕژێمی قاسم هاتە سەر حوکم و پاشایەتی لەناوبرا، ئەودەم کوردە کۆمۆنیستەکانمان هاوشان ی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان هاتوهاواریان بۆ هەرچیزووتر لەسێدارەکانی ئەو کوردە دڵسۆزە، دەکرد. ئەم هەڵوێستەی کۆمۆنیستانی کورد ڕێك وەك ئەوەیە، کە دڵداری شاعیر، وتوویەتی:

هەندێ کەس ڕاستی بە خوار تێدەگەن

ئەغیاری میللەت بە یار تێدەگەن

[23] بڕوانە: شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (١٦).

کورددا، کەوتووەتە گێلێتییەکەوە، کە شایانی ئەوەیە وەك کفر بەرامبـەر بـە ئیـسلام دابنرێـت و ئـەوەی شـەرع بڕیاریبـدات، بەوپێیە لێپێچینەوە لەبەرامبەر نووسەرەکەیدا بکرایە، بەڵام لەبەرئـەوەی نابەجێیەکـە سـووکایەتیکردنە بـە کـوردو کـوردیش گـوێی خـۆی لێخەوانـدووە، بۆیـە خەڵکەکـەی تـریش لـەپێناوی مانـەوەی سـووکایەتییەکە بـەکورد دا، لایەنەکـەی تریـان بـە گراننەگرتووە. جگەلەوەش ئەو درۆیە سەرچاوەکەی لـە تورکـانی داگیرکـەری کوردسـتانەوەن و لـە کەسـێکی نزیـك سـوڵتان مورادەوەیـە، کـە بـەخێرێ پلـەی شێخولئیسلامیـشی هـەبووە. بـەو فەرمایـشتەشی ڕەگەزپەرسـتییە تۆرانییەکـەی خـۆی دەرخستووە. دەنا ئەوە خێرە کە ئـەو ئۆغۆزخانـە تورکستانییە، کەسێکی دەستنەکەوتووە لـە تورکـانی خۆیـان و پـەنای بردووەتە بەر کوردێك؟! خۆئەگـەر ئـەو کـوردە پیـاوێکی وابووبێـت کـە لەباریـدا بێـت ببێتـە نێـردەو پـەیامی میرێـك بـۆ لای پێغەمبەری خودا ببات، ئەوا هێندە قسەزان و بەدەموپل دەبێت، کە بتوانێت بـە نـاوەڕۆك ببێتـە جێگـەی گـوێلێگر، نـەك بـە ڕووالەت، خۆئەگەر بوترێت کە ڕەنگە لەبەرئەوەی هێندە ناشیرین بووە، بوواری قسەکردنی پێنەدرابێت، ئـەوا ئەمـە هێنـدەی تر ناڕەواییە بەرامبەر بە ئیسلام و پێغەمبەر درووديخودایلێبێت. کەواتە سەرچاوەی ئەم درۆیە کە کەسێکی تـورکی سـەر بـە دەسەڵاتە، ویستوویەتی دوو ئامانجی ناڕەوا بپێکێت، یەکەمیان: ئەوەی کە کوردیان وەك ژێردەسـت و پیـاوی تـورك نـاودێر کـردووەو لەڕێگـەی ئەویـشەوە هـەموو کوردیـان بـەر نـەفرەتی هەڵبەسـتراو بـە زمـانی پێغەمبـەرەوە، خـستووە. ئـەم سووکایەتیپێکردن و ناڕەواییانە بەرامبەر بە کورد، کە دەبوو ژیرانەو بەگوێرەی لۆجیك بەرپەرچیانبدرایەتەوە، کەچـی هـیچ زانیارییەك لەوبارەیەوە نییە، هەرچەندە پێدەچێت هـەبووبن، بـەڵام کێـدەڵێت لەگـەڵ هاتنـەدەنگ و نووسـین لەوبارەیـەوە، کەسەکان نـەکوژراون، چـونکە ئێمـە بـەردەوام نووسـراو و مێـژوو و ئاسـەوارمان لەلایـەن داگیرکەرانـەوە لـەناوبراون. هـەموو داگیرکەرانی کوردستان ئەم کارەیان کردووە، بەبێ جیاوازی.

مەلای پایەبەرزی کورد ئیبنو ئادەم، زۆر بەجوانی بە هۆنراوە گوزارشتی لەوبارە کردووە، کە وتوویەتی:

هەوران کردە گۆڵە گوڵ    میکائیلا ئەتۆش دەی
تووتن ماشان بڕشێنە    دەبا نۆش بێتە سەردەی
ڕۆمی ئەوا پەیدابوون    کوتووبخانان دەکەن (گـەی)[24]

دیارە لە هۆنراوەکەدا، وشەی (ڕۆمی) مەبەست تورکەو (گـی)یـش وشـەیەکی عەرەبییـە بـەواتای پێـچانەوە. واتـە هـەرکاتێك ئـوردوی تـورك داویـەتی بەسـەر کـورددا، جگەلـە ڕاوڕووت و کوژتـوبڕ، ئـەوا هـەر دەسنووسـێك هـەبووبێت، بردوویانـەو لەناویانبردووە. دیارە تورك هەر شتێك پێوەندیی بە کوردەوە بووبێت، یاخود لەناویبردووە یان تورکاندوویەتی و بەو چەشنە پیشانی خەڵك دراوە. هەر ئەم پیاوە ڕۆژنبیرەمان کە پێش دووسەد ساڵ ژیاوە، سوڵتانی عوسمـانی ویـستوویەتی پۆسـتێکی گەورەی بداتێ، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە نامەیەکیـدا جـەختی کوردبـوونی خـۆیی کـردووە، سـوڵتان پەشـیمانبووەتەوە. ئەمـە بیرکردنەوەیانبووە بەرامبەر کوردی موسڵمان. هەر بەوپێیەش تورك ئەو ئاوازانـەی کـە ئێـستا بـە تورکیانـدادەنێن، زۆرینـەی زۆریان کوردین و بە وشەی زمانی تورکی دەوترێن، ئەم دیاردەیەش مێژوویەکی کۆنی هەیە. نەك هەر ئەوەش بـەڵکو زۆرجـار خودی گۆرانیبێژەکانیش کوردن و تورك نین. لەم لایەنەشەوە هەموو داگیرکەرانی کوردستان هەر وایانکردووە. لەمبارەیـەوە، جگە لە خەچەدۆریانی مۆزیککاری جیهانی ی ئەرمەنی، نەبێت، ئیتر نە عەرەب نە تورك و نـە فـارس، هیـچکات دانیانبـەوەدا نەناوە کە کەڵکیان لە مۆزیکەی کوردی وەرگرتبێت. هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە ئەوان نەك مۆزیکەو هونەرمان، بەڵکو خۆشمان بە موڵکی خۆیاندەزانن. ڕاستی ی ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە تورك ئێمەی کوردی بە تورکی کێویلەو عەرەبیش جارێـك بە نەوەی (حارس)ی خۆیان و جارێکیش بە جنۆکە، فارسەکانیش لەپێناوی گومکردنماندا دەمانکەنە بەشێك لـە خۆیـان. جـا

[24] بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، مەسعوود محەممەد، ل ( ).

کە ئەمە بۆچوونی داگیرکەرامانبێت، ئیتر چۆن دان بە تایبەتمەندێتییە نەتەوەییە دزراوەکانماندا دەنێن. جگە لەو هەڵوێستانەی داگیرکەران، خۆشمان نەهاتووین زانستانە ئەوانە دەربخەین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەتا گەنجێکمان کە دەستی قەڵەمی گرتووە، لەو ئەوروپایە گیرساوەتەوە، دێت و بە نووسین، دەڵێت: "گەلێك کەسانی ناسیۆنالیست هەن، دەرگای گوێی خۆیان لەسەر گۆرانی گەلی تورکی یان عەرەبی داخستووەو بەرانبەر ئەوەش ئەندازەی هونەرایەتی ی گۆرانییە کلاسیکییە کوردییەکان زۆور هەڵدەسەنگێنن..."[٢٥] تەنانەت وایدەداتە قەڵەم، کە گۆران (نەتەوەچییانە) بیریکردووەتەوە، کە وتوویەتی:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە

مەزاجی کوردەواریم تێکچووە دەرویش عەبدوڵڵا ... تاد[٢٦]

دیارە بە بۆچوونی ئەم، دەبوو گۆران هێندە پێشکەوتووبووایە، کە هەڵەی واینەکردایە ! !.

هەر سەبارەت بە باری تالآنکردنی هونەری کورد، لەلایەن داگیرکەرانەوە، لەم یەکدوو ساڵەی پێشوودا، لاوێکی شێوەکاری کورد، کە خەڵکی دەوروبەری کەلارەو ئێستا لە ئەوروپا دەژی، نووسینێکی بڵاوکردەوەو تێیدا دەڵێت: لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانیادا کتێبێکی سەبارەت بە مێژووی هونەری شێوەکاری ی تورك، بەردەستکەوتووە، سەیر ئەوەیە، کە یەکەم تابلۆی، کە بۆ پێنجسەد ساڵێك لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو سەبارەت بە معراجنامەیە، خۆشبەختانە هونەرمەندەکە ئەوەی دەربڕیوە، کە کوردە. جا ئەمە چۆن بەسەر تورکاندا تێپەڕیوە؟ نازانم، بەڵام کێدەڵێت بەگوێرەی ئەو نوکتەیەش مامەڵە لەگەڵ کورددا ناکەن، کە دەڵێت: بیشمیاوێنێت هەر قازە ! ! !.

جا ئەگەرچی کورد یەکەمین نەتەوەی موسڵمانە، کە زۆرترین زیانی لەو شەڕانەشدا بەرکەوتووە، کە عەرەب و تورك بەناوی ئیسلامەوە، لە دژی نەتەوەکان کردوویانە، کەچی هەمیشە ئەوان ئامادەبوون، کە کورد بە لادەر لە ئیسلام لەقەڵەمبدەن و سەروماڵی بەهەدەر ببەن. دیارە ئەنفالی بەعسییەکان یەکێك بوو لەوانە. پێشتریش لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا (عبدالسلام محمد عارف) هەوڵیدا فەتوای مەلاکانی سوننەو ئاخوندەکانی شیعە وەربگرێت، تاوەکو کورد بە لادەر لە ئیسلام دابنێن و بەناوی ئایینەوە ڕەشەکوژییکەن. هەر لەم ساڵانەی پێشوودا زانایەکی ئایینی کورد لەلایەن دەستگا داپلۆسێنەکانی ڕژێمی سووریاوە، کوژرا، کە دیارە ئەو زانایە لەڕێگەی ئایینەکەوە بەرگریی لە مافی نەتەوەکەی کردبوو، بۆیە ئەم کارەی بووە مایەی ژیانلەدەستدانی. تەنانەت بەرپرسێکی ئەو دەستگایانە، وتبووی: ئێمە تائێستا ناوبەناو بەناوی ئایینەوە لێماندەدان، کەچی ئەمە هاتووەو عەمامەی لەسەرناوە، دەیەوێت ئەو ڕێگەیەمان لێبگرێت ! !.

نوێترین ئەو هەوڵانەی داگیرکەرانی کوردستان، کە بەناوی دینەوە دەیانەوێت زیان لە نەتەوەی کورد بدەن، ئەو قسانەی (جلال الدين الصغير)ە، کە دەڵێت: ئیمامی مەهدی دێت و یەکەم شەڕ کە دەیکات، لە دژی کورد دەبێت. بێگومان ئەم تەشیەی ئەم دەیڕێسێت، خورییەکەی زۆر لە کۆنەوە ئامادەکراوەو زۆری تریش هەریەکە بەجۆرێك هاتوون و ڕستوویانەتەوە. بۆنموونە پێش ئەم (صغیر)ە ! بە چەند ساڵێك نامیلکەیەك دەرچووە، کە لە سەدری دووهەم (محمد محمد صادق الصدر)ەوە بووەو تێیدا لە جێگەیەکداو لەوەڵامی دوواکەوتوویەکیان (موریدێك)ەوە، سەبارەت بە ژنهێنان، وتوویەتی: ژن لە کورد بهێنن، بەڵام ژنیان مەدەنێ، چونکە کورد لە تایەفەیەکی جنۆکەن.

دیارە ئێمە بۆ ئەو قسانەی پێش ئەو عێراقەی، کە کورد بۆی خستنەوە سەر ڕێچکەی فەرمانڕەوایی، کێشەیەکمان نییە، بەڵام بۆ ئێستاو بەو چەشنەش، کە بمانخەنە بەر خەشمی حەزرەتی مەهدی، ئەوا لەلایەن کوردەوە پێویستی بە هەڵوێستەو

---

[25] ناسیۆنالیزم مۆزیك — لە ئەزموونی کوردستانی ئێراقدا، ل (١٤٣).

[26] هەر ئەو سەرچاوەیە.

هەڵوێستی زۆر ڕژد هەیە، چونکە قسەیەکی لەم چەشنە، لە پیاوێکەوە کە لە پەرلەمان و لە دەسەڵاتی حکومەتی بەناو فیدراڵی عێراقدا پلەوپایەی باڵای هەیەو خەڵکانێك گوێ لە قسەکانی دەگرن و ساویلکانە بڕوایشی پێدەکەن، ئایا دەبێت چ هەستێك بەرامبەر نەتەوەی ئێمە لەلای دوواکەوتووانیان دروستبکات. جا ئەم قسانە کە لە سەدەی بیستویەکهەمداو لەو وڵاتەدا، کە گوایە ڕێچکەی بە دیموکراتبوونی گرتووە، بکرێت، ئیتر بۆ دەبێت گلەیی لەوانە بکرێت، کە بە ئاشکرا وەك ملهوڕێك ناسراون و خۆیان خستووەڕوو. جگەلەوە، ئایا حکومەتی هەرێم، ناتوانێت ناوەندێکی ئیسلامی لە کوردستاندا دابمەزرێنێت؟، مەلا چاك و ئاخوندی کوردی تێدا بن و دەستەبەری هەموو ئاسانکارییەکیان بۆبکرێت، پێوەندییان بە ناوەندەکانی جیهانی ئیسلامییەوە هەبێت و ئامادەبن لەڕێگەی ئیسلامەوە بەرپەرچی ئەو ناڕەواییانە بدەنەوە، کە لە ئێستاو ڕابردوو و داهاتووشدا، بەرامبەر بە کورد دەکرێن و کارکردنیان بەپێی (الاقربون اولی بالمعروف) بێت.

جگەلەوەش ئایا ئێمەی کورد چ وەك نوێنەرانمان لە بەغداو چ وەك حکومەتی هەرێم و چ وەك ڕۆژنبیران و مەلاو ئاخوندە کوردەکانمان، چیمان لەبەرامبەردا کردووە؟! ئایا ئەمەش پێویستی بەوە نییە، کە ناوەندە نێودەوڵەتی و ئیسلامییەکانی لێئاگاداربکرێت؟! ئایا ئەوە ناهێنێت کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی شارستانی هەموو برژێنە سەرشەقامەکان لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا، تاوەکو جیهان لەو بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانانە بەناوی ئایینەوە، ئاگاداربکەین؟!.

ئایا ئەم فەرمایشتانەی (صغیر) ئەگەر سەدەیەکی تر بەرچاو بکەونەوەو ئاستی ئاوەزی خەڵکی ئەم وڵاتەش هەر ئاوا بێت، ئایا ئەمەش نابێتە بەڵگەنامەیەکی تر لە دژمان؟! ئایا ئەمە هەل نییە بۆ حکومەتی هەرێم، تاوەکو بیرکردنەوەی ڕەشەکوژکاریی ئەوانە لە عێراق و لە دەرەوەی عێراقیشدا بخاتەڕوو؟!. کوان ئەو کتێب و لێکۆڵینانە سەبارەت بەم وڕێنانە بەرامبەر بە کورد؟!.

هەژاری موکریانی، دەڵێت: "لە پاییزی ١٩٥٨ دا، لەڕێگەی چوونە مۆسکۆمدا لە قاهیرە، لە (جامع الازهر) شێخ (عومەر وەجدی)م بینی، کە ئەودەمە لە ڕەواقی کوردان مامۆستا بوو، دوواتر کەوتینە وتووێژی کوردانەو لەبارەی ئەو درۆو دەلەسانەوە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، دەڵێت: شێخ ئاخێکی هەڵکێشاو فەرمووی: هەژار دەردی گەلی کورد دووسەرەیە، ئێمە لەبارەی خۆمانەوە هیچمان نەنووسیوە، دوژمنان لە هەموو بارێکەوە هەموو شتی پێداویستی خۆیان نووسیوە، شتیش کە نووسراو بەرگی تێگیراو بوو بە کتێب، ئەگەر هەزار درۆی شاخداریشی تێدابێت، تازە دەبێ بەڕاست و هەر گوتت لەل! دەڵێن بچین کتێبت بۆ بێنین؟ ئیتر قسەت پێ نامێنێت و قسەی دوور لە کتێب لەلای کەس خۆ نانوێنێ".[27]

دیارە ئەو قسانەی شێخ تاڕادەیەك دروستن، بەڵام بەدبەختییەکەی کورد لەوەدایە، کە خۆیشی ئەو درۆو دەلەسانەی دوژمنانی بەپێی ئەو کتێب و نووسراوە پڕ لەخۆهەڵنان و هاوکات سووکایەتیکردن بە کوردو نەتەوەکەی، بەگوێی نەوەکانی خۆیدا بدات. هەر بۆنموونە تا کۆتایی پەنجاکانیش لە شارەکانی کوردستاندا لە چاپخانەکاندا شەوانە لەو کتێبانەی کە بۆ خەڵکی خوێندراونەتەوە، پڕگوێگرترینیان، شانامەی فیردەوسی بووە، کە هاتووەو نەتەوەی کوردی بۆکردووین بە پاشماوەی ئەو گەنجانەی، کە لەدەست زەهاك قوتاردەکران و بەرەو چیاکان ڕەهەندە دەبوون. لێرەدا ئەگەر بەم فەرمایشتانەی فیردەوسییێت و ئەو گەنجانە نێرینە بوون، جا ئەگەر کورد لەوانە کەوتبێتەوە، ئەوا بێگومان دەبێت مێیان دەستکەوتبێت، جا مێ کە لەو کێوانە نەبووبن، کەواتە بە خشکەیی هەر بەرەو ئەوەیان بردووینەوە، کە لەگەڵ جنۆکەکاندا ڕێککەوتبن و ئەم نەتەوەیەیان خستبێتەوە. دیارە بەدبەختییەکەی کورد ئەوەیە کە نە ئەوساو نە ئێستاش کورد نەهاتووە

[27] بڕوانە: شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (١٨).

بە لۆجیك ئەو درۆو دەلەسانە پووچەڵبکاتەوە، بەڵکو لای ساویلکەکان ی خۆشمانەوە لێرەولەوێ هەر دەوترێنـەوە[28]. ئێستا ئەوەی چوو، چوو، بەڵام ئایا بۆ ئێمەیەك کەوا بۆ چارەکە سـەدەیەك دەچێت لـەم پارچـەیەدا حکوومـەتی هـەرێمان هەیـەو بێبەڵابین چەندان زانکۆمان هەن! ئایا ئەم هەڵەت و پەڵەتانە لەلایەن ناحەزانی کوردەوە ئەوەناهێنن بە لێکۆڵین ی زانستی و بەپێی پسپۆڕییە جوداجوداکان کاریان تێدا بکرێت، وەك لایەنی مێژوو و دەروون و ئایین و...تاد، هەوڵیـشبدرێت وەك نامـەی زانکۆیی وەربگێڕرێن بۆ زمانـەکانی عـەرەبی و تـورکی و فارسـی، ئـەوجا بـۆ زمـانی ئینگلیـزی، تـاوەکو دەرگـای وتوێـژێکی زانستی بەڕووی ئـەو بابەتانەشـدا بکەینـەوە، کـە هێنـدێك ڕۆژهـەڵاتناس و گەڕیـدەی ئـەورووپایی لـە هاتنـە کوردسـتان یـان ڕاگوزارییانـدا بـە کوردسـتاندا، بـەبێ ئـەوەی خۆیـان لەگـەڵ کـورددا مامەڵـەیانکردبێت، هـاتوون و لەڕێگـەی ئـەو چاوسـاغ و پاسـەوان و سـیخوڕانەی ناحـەزانی کـورد، کـە خراونەتـە تـەکیان و بـەگوێرەی ئـەوەی ئـەوان وتوویانـە لـەبارەی کـوردەوە نووسیویانە، هەربۆیە لای ئەم جۆرە گەڕیدانە دەبینیت وێنایەکی کوردی دزێو لەئارادایە، کە تەواو پێچەوانەی ئەوانەیانە، کە خۆیان لەگەڵ کوردا مامەڵەیانکردووەو ماونەتەوە، دوور لە چاودێری ی سیخوڕان و پاسـەوانانی تـەکخراویان لەلایـەن تـورك و فارسەوە. هەر بۆ نموونە وێنای کورد لای میستەر ڕیچ لە ١٨٢٠ دا، نەتەوەیەکی میواننەوازو مرۆڤدۆسـت و دڵئاوایـە، کـە زۆر جیاوازە لە هێندێکی تریان. جا هەژاری موکریانی زۆرچاك پێکاوێتی، لەوەدا کە لە (دائـرە المعـارفی ئیـسلامی)دا، بـە زمـانی فەرەنسی سەبارەت بە ژمارەی هەموو کوردان لەپێش جەنگی یەکهەمی جیهانیدا ١٩١٤، کـە بـە سـێ ملیـۆن دانـراوە، هـەژار دەڵێت: گومان لەوەدا نییە، کە ئەم زانیارییانە دروستنین، هۆی ئەم نادروستییەشی بـۆ دوو خـاڵ گێڕاوەتـەوە، یەکهـەمیان: ئەوەیە کە ئەو بێگانانە کاتێك کە خەڵکی شـارە گـەورەکانی کوردسـتانیان بینیـوە، کـە زمـانی تـورکی و فارسـی و عـەرەبی لەگـەڵ کوردییەکـەدا بـەکاردەهێنن، ئەوانـە وایـانزانیوە کـوردنین. خـاڵی دووهـەمیش: هەمیـشە داگیرکـەرانی کـورد میوانـە بێگانەکانیان بە ئارەزووی خۆیان تێگەیاندووە، کە چۆنمان لـەبارەوە بنووسـن، تائێـستاش ناحـەزانی کـورد دەسـتیان لـەم گەندەفێڵانە بەرنەداوە.[29]

بـۆ ڕاسـتی ی ئـەو بۆچـوونانەش دەکرێـت ئـەم زانیارییـە گـەرموگوڕە، کـە لـە زمـانی کونـسوڵی کۆمـاری میـسر (سـلێمان عوسمان)ەوەیە، کە بە سەرۆکی دیـوانی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی وتـووە، دەڵێـت: پەیوەنـدی ی گـەلی کوردو گەلی میسر دێرینەو زیاتر لە چوار ملیۆن میسری ی بە ڕەگەز کورد هەن، کە لە زۆر بواری جیاجیادا لە میسر خاوەن پێگەو ناوی دیارن..."[30] دیارە ئەم قسانە دروستن، بـەڵام هـەروەك پێـشتر لـە قـسەی ئـەو ئاکادیمییـە قیبتییـەو بۆچـوونی سەبارەت بەوەی کە زمانەکەی بووە بە عەرەبی، بۆیە دەبێت ئەویش شانازی بەو کەلتوورەوە بکات، کە هی ئەو زمانەیە.

جا بەم پێودانگە ئەوا ئەو کوردانەش لە کەمترین ئاستدا نەبێت تازە بە کوردەوە نالکێن. دیارە نەك هەر لە میسر، بـەڵکو لـە ئەردەن و فەلەستین و بگرە لە سۆدان و لە تەعز لە یەمەن و هەروەك پێـشتریش ئاماژەمـانپێکرد لـە جـەزائیریش دوو خێڵـی کورد هەبوون. تەنانەت قسە لەوەکراوە، کە تا سەدەیەك لەمەوبەر، زۆرینەی خەڵکی سەڵت و خەلیل، کوردبوون، تائێـستاش

---

[28] بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە ناوچەی شارباژێڕ کۆلکەمەلایەك لە یەکێك لە پرسەکاندا قسە بۆ خەڵکەکە دەکات و بە بۆچوونی خۆی گوایە بە شان و باڵی کورددا هەڵدەڵێت، دەبێژێت: کورد لە نەوەی حوچی ئین و حەللەقن و گەلێکی بەتواناو بەهێزن و چەندان نەتەوە لەم ناوچانەدا لەناوچوون، بەڵام کورد هەر ماون، ئەم بەهێزییەشیان لەو حوچەوەیە، کە کاتی خۆی قاچێکی لە ناوچەیەك و قاچەکەی تری لە ناوچەیەکی ترو...تاد. بەم قسانەش لەناو خەڵکەکەدا مقۆمقۆ پەیدادەبێت، چونکە لەم ڕۆژگارەدا گوێگری ئەم چەشنە قسانە کەمبوونەتەوە، بەڵام بەشی خۆیشیان هەرهەن. بۆیە دووای پرسەکە، قایمقامی شارباژێڕ، کە بەڕێز (سەید ئەحمەد) بوو، مەلا بانگدەکات و پێیدەڵێت: مامۆستایان دەبێت خۆیان لەم چەشنە قسانە دووربگرن، چونکە ئەمانە دروستنین و پێوەندیشیان بە ئایینیی پیرۆزی ئیسلامیشەوە نییەو...تاد. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید ئەحمەد محەممەد ئەمین، قایمقامی پێشووی شارباژێڕ، سلێمانی، ٢٠١٢/٩/١٠).

[29] شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، پێشەکییەکەی هەژار، ل (١٠٠).

[30] ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، (هەواڵەکانی ناوخۆ)، ژمارە: ٤١٥١ی ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی ئەیلوولی ٢٠١٢.

کوردی دانیشتووی ڕەسەن لە دەوروبەری تاران هەن، بەڵام کوردواتەنی ئەونانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە. جا ئەو خوانەش دەبێت لەناو کوردستاندا بێت، دەنا خۆئەگەر بۆ شارێکی وەکو بەغدا بڕوانین، ئەوا تا پێش ڕاپەڕینیش قسە لەوەدەکرا، کە پێنجیەکی کوردبن، بەڵام ئایە کاریگەری ی زمان و لەم چەند ساڵەی دواییشدا کاریگەری ی ئایینزای جەعفەری و دەسەڵاتی شیعەگەری ئەو ژمارەیەی بەرەو پووکانەوە، نەبرد؟! جگەلەوەش شارەکانی دیمەشق و حەڵەب و تەنانەت ئەستانبووڵیش، ئەگەرچی لەو ١٧ ملیۆنەی ئەوشارە (٤) بۆ (٥) ملیۆن کورد هەن و مێژووی ئاوارە بوون و ڕاگوێزانیان بۆ ئەو شارە، بۆ زۆرینەیان زۆر کۆن نییە، بەڵام ئایا کاریگەری ی زمان و کەلتووری بێگانە، زۆرینەی زۆریانی لە نەتەوەکە دانەبڕیوە؟، ئایا تا چەند نەوەی تر دەتوانرێت تایبەتمەندیی نەتەوەیی ی خۆیان بپارێزن، بەتایبەت لەم شارو پایتەختانەی داگیرکەرانی کوردستاندا، کە سەرباری نەبوونی کەمترین ئاستی مافەکانی مرۆڤ، کە بگرە بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆیشیان نییە، چجای نەتەوەی ئێمە، کە هەمیشە قڕکردن و سووکایەتیپێکردنمان، لەلایان، کارێکی ئاساییبووە، ئایا زمان و هەست ی نەتەوەییان لەدەستنادەن؟!.

**پاری چوارەم:**

ڕەچاوکردنی زمان لای نەتەوەو دەوڵەتانی جیهان و ڕەچاونەکردنی لای حکوومەتی هەرێم:

هەروەك ئاشکرایە، ئەمڕۆ کەم نەتەوە هەن، بەتایبەت کە ژمارەیان هێندەی ژمارەی کورد زۆربێت و نەبووبنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و دەستوورو حکومەتی خۆیانیان نەبێت و داگیرکراوی چەند دەوڵەتێکبن. جا دەوڵەت، کە قەوارە گشتگیرەکەیەو سەرجەم دامەزراوەکانی بواری گشتی و هەموو ئەندامانی کۆمەڵ کە هاووڵاتییانن دەگرێتەوە، بەوپێیەش حکوومەت بەشێکدەبێت لە دەوڵەت و ئەو هۆکارەشە کە لەڕێگەیەوە دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات و حکوومەت دەبێتە ئاوەز بۆ دەوڵەت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە دەوڵەت بەردەوامیی زۆرترە بەبەراورد بە حکوومەت کە سروشتی خۆی کاتییە، چونکە دەبێت لە باری ئاساییدا حکوومەتەکان یەکبەدوواییەکدا بێن، تەنانەت دەشێت ڕژێمەکانی حوکمکرن تووشی گۆڕران یان هەمووارکردن ببن، هاوکات ڕژێمە فراوانکە بریتیدەبێت لە کارگێڕو بەدووداچوو بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت، کە پتر جێگیرو بەردەوامترە، کە ئەویش دەوڵەتەو دەمێنێت. جا دەوڵەت بۆ پەرژەوەندی نەتەوە یان نەتەوەکان دادەمەزرێت، هەربۆیە حکوومەتەکانیش دەبێت بەپێی پەرژەوەندی ی دەوڵەتەکە کاربکەن، کە ئەویش خۆی لە پەرژەوەندی ی باڵای نەتەوەدا دەبینێتەوەو لەو سنوورە دەرناچێت. کەواتە دامەزراوەکانی دەوڵەت بەپێی ڕامیاری ی گشتی ی دەوڵەت کاردەکەن. هەربۆیە حکوومەت و دامەزراوەکانیش بەپێی ڕامیاری و پلانی تایبەت بە دامەزراوەکان خۆیان، کاردەکەن. هەموو کارێکیش بە پلان و لە ئاکامی لێکۆڵین و بەپێی هەڵسەنگاندنی کەڵك و زیانەکان، تاوتوێدەکرێن، ئەوجا دەچێتە ناو ئەو ڕامیارییانەوەو حکوومەت و دەستگاکان بەپێی دەسەڵاتیان، ئەرێ ی خستنەگەڕ و کارکردنیان پێدەدەن. جا یەکێك لەو دەستگایانەی کە هەر دەوڵەتێك هەیەتی و دەستوورو حکوومەت هەلومەرجی کارکردنیان بۆ دەستەبەر دەکات، ئەوە ئەو دەستگاو دامەزراوانەن، کە تایبەتن بە زمان. دیارە ئەمانەش پێوەندییان لەگەڵ زۆرێك لە دەستگاو دامەزراوەی تردا دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەلایەنی زمانەوە ئەمانن کە ڕامیاری ی زمانی ی دەوڵەتەکە دادەڕێژن.

بێگومان ئەوانە دەبێت خۆیان کەسانی پسپۆڕی بەتوانابن بەناو ناوەرۆکەوە، لەوانەبن کە زمانزان و زمانەوانبن و لە پەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکە یاخود نەتەوە یان نەتەوەکانی ناو دەوڵەتەکە، بەئاگابن. بۆیە ئەوەی لای ئەمانەوە دەستنیشانبکرێت، ئەوا لە سەرجەم دامو دەستگاکانی دەوڵەتەکەدا جێبەجێبکرێن و حکوومەتیش وەك ئەرکی خۆی دەبێت سەرۆککارو جێبەجێکاریانبێت. جا کاتێك، کە لە دەسەڵاتەکان دەدووێین، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە هەریەك لەو دەستگاو دامەزراوانە بەپێی قانوون دەسەڵاتیان پێدراوە، تاوەکو هەریەکە لە سنووری پسپۆڕی ی خۆیدا کاربکات، بۆیە حکوومەتیش

لـە جێبـەجێکردنی کارەکـانی دامودەسـتگاکاندا، هاوکـارو جێبـەجێکارو لێپێچینەوەکاریـشە، بـەپێی سروشـتی کارەکـان و دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندێتییەکانیان. کاتێکیش کە حکوومـەت حکوومـەتێکی دەسـتووری و قـانوونی بێـت، ئـەوا کارەکـان دیاردەبن و دەسەڵاتەکانیش دیـاریکراو و ئـەرك و مافـەکانیش بـەپێی قـانوون ڕێکـدەخرێن و لادەرو سەرپێـچیکاریش لەگـەڵ کەسانی ئاساییدا، یەکسان نابن. کاتێکیش کە دەسەڵاتەکان چوارچێوەی کارکردن ی خۆیان و سنوورەکانیان دیاریکراوبێـت، ئەوا دەستتێوەردان و بەزاندنی هیچ دەسەڵاتێك لەلایەن هیچکەس و گرووپێکەوە ڕوونـادات، چـونکە دامـەزراوەکانی دەوڵـەت بەپێی دەسەڵاتەکانیان و بەپێی پسپۆڕییەکانیان، لە هەر پێـشێلکارییەك دێنـەدەنگ و بـەگوێرەی ڕێوشـوێنە قانوونییـەکان، لادەران و سەرپێچیکاران لە هەر ئاستێکدابن، پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵرێت و بەرەوڕووی دادگا دەکرێنـەوە. جـا وڵاتێکـیش کە وڵاتی پێڕەوبێت و قانوون سەروەربێت، ئەوا کەس ناتوانێت کاریگـەریی لـە بڕیارەکـانی دادگاکانیـدا هـەبێت، مەگـەر هـەر بەپێی قانوون خۆی. بۆیە دەکرێت گەورەترین کەس و خاوەنپایەی حکوومەت لەکاتی هەستکردن بە لادانی یان بـەکارهێنانی پلەوپایەکەی بۆ پەرژەوەندی ی تایبەتی خۆی، پەلکێشی بەردەم دادگاکـان بکرێتـەوەو پلەوپایـە دادینـادات و بەهیـچجۆرێك چاویلێناپۆشرێت. لە وڵاتانی ئەمڕۆی جیهاندا لەوانەی کە پێڕەوبەندن و قانوون تێیاندا سەروەرە، چـەندان نموونـەی واهـەن، کە وەزیر یاخود سەرۆکی حکوومەت پەلکێشی بەردەم دادگا یاخود دامـەزراوەکانی دەوڵـەتی ی وەك پەرلـەمان کراونەتـەوەو بەمەش ڕاستییەکان خراونەتـە بـەردەم بۆچـوونی گـشتیی گـەل و نەتـەوە. واتـە جێگـەی دیزەبەدەرخۆنـەکردن لـە وڵاتـانی خاوەندەستوورو پێڕەوبەنددا نابێتەوە.

بێگومان هەر ئەمەشە وایکردووە، کە لە وڵاتێکی وەك ژاپۆندا، کاتێك کە بەڵگـەی گەنـدەڵی لـەبارەی وەزیرێکیانـەوە دەسـت دامودەستگاکان ی دەوڵەت دەکەوێت، ئەوا وەزیرەکە لـەدووای یەکهـەم بەرەوڕووبوونـەوە، کـە دەزانێـت بەڵگـەکان زەقـن و سزای دادپەروەرانەی خـۆی لـە ئاکـام ی دادگاییکردنـدا وەردەگرێـت و دەربازبوونیـشی بـۆ نییـە، ئـەوا ملکەچـی بڕیارەکـان دەبێت، یاخود هەستی شەرمەزاری بەرەو خۆکوژتنیدەبات.

هەر لەم چەند ساڵەی پێشوودا دوو وەزیر، یەکێکیان لە ژاپۆن و ئەویتریان لە کۆریای باشوور خۆیـانکوژت. لـە زۆر وڵاتیـشدا کە دیموکراتین و قـانوون سـەروەرە، وەزیـرو سـەرۆکی حکوومەتەکانیـشیان چ لـە دەسـەڵاتدا بـن یـان لـەدووای لاچـوونیان، بەرەوڕووی لێپێچینەوە کراون، لەوانەش فەرەنساو بـەریتانیاو ئیتاڵیـاو بگـرە لـە زۆر لـە وڵاتـانی پێڕەوبەنـددا ئەمـە کـارێکی ئاساییە.

بەڵام وڵاتانی وەك عێراق ی ئـەمڕۆو عێـراق ی سـەردەم ی بەعـسیش، ئـەوا لـە هاوشـێوەکانی دووهەمیانـدا، لێپێـچینەوە لـە بنەڕەتدا بۆ قۆرخکـاران ی دەسـەڵات بـوونی نـەبوو، چـونکە لـەو شـێوە دەسـەڵاتانەدا لـە بنەچـەدا دەسـتوور بێناوەرۆکـەو قانوونیش وەك سـەددام خـۆی دەیگـوت: لاسـتیکەو چـۆن بخـوازن ئـاوا دەیکـشێنن. جـا هەرچـی شـێوەی دووهەمیانـە، کـە حکوومەتی ئەمڕۆی عێراق ی دووای بەعسە، ئەوا کـەمتازۆر خـستنەڕووی ڕاسـتییەکان، هەلومـەرجی هەیـە، بـەڵام ئـەوی کـە نییە، ئەوە لێپێچینەوەیە. ئەمە وایکردووە، کە هێندێکجار لە عێراقدا بـەدووای دەرکـەوتنی گەنـدەڵی ی زۆر قەبـەدا، کـە بـە ملیۆنان و بگرە بە ملیاردات دۆلاری بـژێوی ی گـەلان ی عێـراق لەلایـەن بەرپرسـانەوە بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان دەدزرێـت، کەچـی دەبیـنین لەگـەڵ داکـەوتنی دەنگەکـەدا، کـابرا ئاویـدیوی وڵاتـانی دراوسـێ دەکرێـت و بەرەبـەرەش دۆزەکـە بـەرەو کاڵبوونەوە دەبرێت، چونکە لەم چەشنە وڵاتانەدا "حکومـەت دەوڵەتـەو دەوڵـەتیش حکوومەتـە"[٣١] و دەوڵـەت ی قـانوون و دەوڵەت ی دامەزراوەیی بوونی ڕاستەقینەی نییە. کوردیش لەمێژە وتوویەتی: گەر دزو خاوەنماڵ یـەکبن، گـا بـە کڵاوڕۆژنـەدا دەبرێتە دەرەوە.

[31] إشكالية العلاقة بين الحكومة والدولة، د.ازهار الغرباوي، ل (١٦).

جا ئێستای ئێمەی کورد، کە حکوومەتی هەرێممان هەیە تا ئاستێکی زۆر ئەگەر پەرژەوەندی ی نەتەوەیی ڕەچاو بکرێت و نادیدە نەگیرێن، ئەوا یەکێك لە کێشە نەتەوەییەکانمان نەبوونی زارێکی ناوکۆییە بۆ سەرجەم نەتەوەی کورد. ئەمە بەهیچجۆرێك وەلانانی هیچ زارو گۆڤەرێك نییە، چونکە سەرجەم زارو گۆڤەرەکان دەبنە ئەو کانی و زنەو جۆگەلانەی کە ڕووباری زمانەکە دروستدەکەن. بۆیە ئەم ئاڕاستەیەی کە ئێستا لە گوێپێنەدانی زماندا هەیە، ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی کورد لەم لایەنەوە لە دەسەڵات، بێهیواتر دەکات. جا ئەگەر تائێستا لەنێوان هەندێك گۆڤەرو زاردا پەنادەبەینەبەر زمانانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەیەکترگەیشتن، ئەوا لە داهاتوودا و بۆ نەوەی داهاتوو، دەبێت ئەو زمانانە جێگە بە زارو گۆڤەرەکانمان لەقبکەن و بگرە لەناویشیان ببەن.

هەر بۆ نموونە لەم لایەنەوە لە گرفتێکی باکووری کوردستان دەدوێم، لەوەدا، کە چۆن ناحەزان ئەگەر تا دوێنێ بە زۆر زمانی خۆیان لەڕێگەی دەسەڵاتەوە بەسەر کورداندا دەسەپاندو قسەکردن بە زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا یاساغبوو، ئەوا ئەمڕۆ ئەو بارە نەماوە، بەڵکو شتێکی ترسناکی تر جێگەی گرتووەتەوە، کە ئەویش تەلەفزیۆنی تورکی و سەرجەم کەناڵەکانیەتی بەتایبەت لە بەرنامەی منداڵان و کارتۆندا، چونکە ئەمە بە تەریبی لەگەڵ خوێندن بە تورکیدا، وادەکات کە منداڵەکە بەتەواوی بچێتە ژێر کاریگەری ی ئەو زمانەوە. تەنانەت ئەگەر باوك و دایکەکانیش هەستیان بەم مەترسییە لەلایەنی زمانەوە کردبێت، ئەوا ناتوانن بەر بە منداڵان بگرن، چونکە منداڵیش خوازتی هەیە. جا کە ئەو خوازتەی نەتوانرێت بە زمانی خۆی تێربکرێت، ئەوا بمانەوێت و نەمانەوێت، پەنادەباتەبەر زمانە داگیرکەرەکە، چونکە لێرەوە نەك هەر نەتەوە سەردەستەکە داگیرکەرە، بەڵکو زمانەکەش دەبێتە داگیرکەرو کوردییش داگیرکراو. کەواتە با بپرسین ئایا حکوومەتی هەرێم و تەنانەت ئەو ڕێکخراو و پارتانەی کوردی باکوورو سەرجەم پارچەکانی تریش، ئایا لەم لایەنەوە بیریانکردووەتەوە؟ ئایا ناکرێت لەبری ئەو هەموو بەرنامە بێکەڵکانە، بەم ئاڕاستەیەدا کاربکەن؟، کە بەرهەمەکەی دەچێتە هەمووماڵێکی کوردەوەو گرنگترین توێژی کۆمەڵیشمان لێی بەرخوردار دەبن و دەشکرێت کەمتازۆر لەوڕێگەیەوە چیرۆك و بابەتی هەڵهێنجراو لە کەلتوورو مێژووی خۆمانیان بە فلیمی کارتۆن، بەڵام پاڵێوراو لەلایەن دەروونناسان و زماننناسانەوە، بە چاوو گوێیاندا بدرێت. ڕەنگە ئێستا کەسانێك هەبن بڵێن زارەکان جیاوازن و یەك شێوە نین، بۆ وەڵامی ئەوانە، دەڵێم: منداڵ ئەو بوونەوەرەیە، کە لە گەورە پتر ئامادەیی فێربوونی تێدایە، جگەلەوەش فلیمی کارتۆن بەهۆی کردە نازمانییەکانەوە، کە خۆیان لە وێنەو جووڵەدا دەنوێنن، ئەوا یاردەدەری فێربوونی کردە زمانییەکانن، تەنانەت دەکرێت بڵێم: کە ئەگەر کار بەم ئاڕاستەیەدا بکرێت، ئەوا دەتوانرێت زارەکانیش لێکنزیکبکاتەوە. ئەوەی کە بڕوای بەم بۆچوونە نییە، ئەوا با سەرنج لەو منداڵە کوردەی شاری ڕانییە بدات، کە بەبێ ئەوەی هیچکەسێکی ئەڵمانیزمانی بینیبێت، کەچی هەر لەڕێگەی سەتەلایتەوەو بەهۆی کەناڵێکی ئەڵمانییەوە فێری زمانی ئەڵمانی بووبوو. جا کاتێك کە ئەمە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمانەوە خرایەڕوو، بەندە وەك تەقەتەقکەرێکی بورای زمان، بەلامەوە ئاسایی بوو، چونکە چاك دەزانم کە کاریگەری وێنەو جووڵە لەولایەنەوە چەندن. ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە مرۆڤ پێش ئەوەی ئاخاوتنبکات لە چاخە کۆنەکاندا هۆکاری گۆڕینەوەی بیر لەنێوانیاندا، زمانی ئاماژەو جەستە بووە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە بزانین مێشکی مرۆڤ ٨٣٪ی تواناکەی چاو دەیبات.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر قسەکردن لە گەورەو ئەو زارە ناوکۆییەی کە بەشێوەیەکی سەرتاسەری، تائێستا نیمانە، بەڵام کارنەکردن بۆ هێنانەکایەی بە پلەی یەکەم لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوەو دواخستنی، ئەوا بۆ بەرپرسانمان دەبێتە خاڵێکی نەرێنی لەمێژووی حوکمڕانییاندا و ویژدانی نەتەوەش لێیانناببورێت. نەهاتنە ئارای ئەو زارە ناوکۆییە، درێژەدانە بە داگیرکراوی ی زمانیمان. واتە لەم لایەنەوە لەپێناوی لەیەکترگەیشتن لەنێوان زارەکانماندا، بەتایبەت سەرپەڕەکان، ناچار دەبین پەنابەینەبەر زمانی داگیرکەرانمان. هەروەك ئەوەی کە بەرپرسە تورکەکە لە ئامەد وتبووی: کێشەیەك نابێت ئەگەر کوردان بە زمانی خۆیشیان قسەبکەن، چونکە ئەوان خەڵکی ناوچە جوداجوداکانیان هەردەبێت

ناچاری قسەکردن بە زمانی تورکیین، چونکە بە زمانی خۆیان لەیەکتر ناگەن و ستانداردیان نییە. بێگومان ئەم قسەیە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستیی تێدایە. بۆیە ناکرێت خەڵکی کورد بیر لەم گرفتە نەکەنەوە، بەتایبەت بەرپرسانی هەرێم. خۆئەگەر لەوەش نەدوێین، کە ئەزموونی نەتەوەکانی تر دەسەڵات یاخود ئابووری یان ئایین یان دەقە ئەدەبییە باڵاکان ئەو زارە ناوکۆییەیان دروستکردبێت، ئەوا بەبێ هیچگومانێك ئەوە دەسەڵاتبووە، کە دوواجار لە کارگێڕی و کاروبارە فەرمییەکاندا بەکاریهێناوەو دوواتر چاویلێکراوە.

ئەو زمانە هەرچییەکی ناودەنێن کێشەیەك نییە، یەکگرتوو، دیوانی، ستاندار، فەرمی، زمانی نووسین، زمانی خوێندن...تاد. گرنگ ئەوەیە ئەو شێوە زمانەمان بۆ بێتە ئاراوە، کە دەبێتە ناوکۆیی و سەرجەم کورد دەتوانن تێیبگەن. جا ئایا ئەمە بە سروش دەبێت؟! ئایا لە نادیارییەوە پەیدادەبێت؟! گۆدۆ بۆماندەهێنێت؟!. ئێمەی کورد ئەم کێشەیەمان هەیە دوواخستنی لە پەرژەوەندی ی نەتەوەییمان نییە، هەروەك سەپاندیش لەم بارەدا، کە کوردی تێدایە، سەرکەوتوو نابێت. کەواتە تەنیاوتەنیا چارمان ئەوەیە، کە ژیرانە نوێنەرە پسپۆڕەکانی سەرجەم زارەکان پێکەوە دابنیشن و ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوە، کە گونجاوبێت لەگەڵ هەلومەرجی نەتەوەکەماندا. ئەمەش دەکرێت هەنگاوە سەرەتاییەکانی، ڕێککەوتنمانبێت لەسەر ئەو وشەو زاراوانەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە شەوانە لە ماڵەکانماندا بە بۆنەو بێ بۆنە بەگوێماندا دەدرێن. دوواتر بەرەو وشەو زاراوەکانی بوواری کارگێڕی و زانستی بچین. با دەسەڵاتی کورد لەم هەرێمەدا تەنیا ئەوە دەستەبەربکات، کە زمانزان و زمانەوانانی بەتوانا، لە سەرجەم پارچەکان و لەوانەش کە لە ئەورووپان لەگەڵ ئەوانەی هەرێمدا، کۆبکاتەوە، لەپێناو گەیشتنە ڕێککەوتنێك بۆ دەستبەکاربوون، بەڵام سەرجەم ئەوانە، دەبێت کەسانێکبن کە خوازتی بەدیهێنانی پەرژەوەندی ی باڵای نەتەوەییان هەبێت، نەك گیانی ناوچەگەری و پەرگیری و خۆسەپێنی، کە ئەمە لە دەروونی مرۆڤی کورددا بەرامبەر بە خۆمان هەمانەو بەرامبەر بە بێگانەش خۆبەکەمزانینمان تێدایە. دیارە ئەمانەش ماکی مێژووی پرچەوساندنەوەی ژێردەستەییمانەو بەجۆرێك لە جۆرەکان گرێ و گرفتی دەروونیی بۆدروستکردووین. بۆیە داننەنان بەم ڕاستییەشدا کێشەکانمان پتر دەکات، هەروەکچۆن بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکانیش لە ئێستادا، ئەوا بۆ داهاتوو گەورەتر دەبن، ڕەنگە ئەوکاتەش چارەسەرکردن ئاسانەبێت.

هەر بەو چەشنەش گرفتی ئەلفوبێمان هەیە، کە ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان نەتەوەکەی لە بوواری نووسیندا، پەرتکردووە. جا بۆ ئەمەش دەکرێت ئەگەر گیانی یەکگرتنەوە زاڵبێت، ئەوا دەکرێت بەچەند قۆناغێك توانای ڕووکردنە یەکێکیان لە خوێندکاراندا بەرەبەرە پتر بکرێت، تادەگاتە ئەو ئاستەی، کە ئیتر بتوانرێت دەستبەرداری یەکێکیان ببین. دیارە ئەمەش دەبێت لەئاکامی هەڵسەنگاندنی کەڵك و زیانەکانیانەوە بێت، بەڵام دووای ئەوەی کە چاکسازییان تێدا دەکرێت، چونکە هەرکامێکیان بگرین، چ لاتینیەکەو چ ئارامییەکە، تائێستاش ئەگەرچی هەوڵی سازاندنیان زۆر دراوە، بەڵام گرفتیان هەر تێدا هەن. ئەمانە هیچیان ناکرێن، ئەگەر دەسەڵاتی کورد لەم هەرێمەدا کاری ڕژدی بۆنەکات و هاوکات پارتەکانیش واز لە پاوانکردنی وشەو زاراوەکان نەهێنن و ئەو زمان و قەڵەمانەش لەدەمنەدەن، کە بۆ پەرگیری و ناوچەگەری خۆسەپێنی خولقاون، ئەوا کاری نەتەوەیی ڕاستەقینە ئاسانانابێت. بەدڵنیاییشەوە هەرچی زووتر ئەم کارە بکرێت، ئاسانترەو تا دوواشبخرێت بارەکە گرانترو ئاڵۆزتر دەبێت. با چاکیش ئەوە بزانین، کە ئەو زمانی ئینگلیزییەی، کە ئێستا لە جیهاندا پتر لە ٤٠٠ ملیۆن قسەپێکەری هەن، ئەمە لەکاتێکدا کە ئینگلیز خۆیان (٧٠) ملیۆن نابن، جا هەر لە وڵاتی ئینگلتەرەدا، ئەگەر ئەو زمانە ستاندارده نەبێت، ئەوا تائێستاش زارو گۆڤەریان هەن، کە ناتوانن بەئاسانی و بێ گرفت لەیەکتر بگەن. ئەمە لەکاتێکدا کە ستانداردەکەیان ئێستا بووەتە زمانێکی جیهانی و زمانی ناوکۆیی زۆربەی زۆری پێوەندییە جیهانییەکانەو بەجۆرێك لەهەموو جیهانەوە خەڵکی ڕوو لە فێربوونی دەکەن.

ئەو زمانە، ئێستا بەجۆرێکە، کە ترسی خۆڕاگرتنی لەبەردەم زمانانی وەك فەرەنسی و ڕووسی و...تاد، دروستکردووە، چجای زمانانی وەك زمانی ئێمە. بۆیە ئەگەر ئێمە کارێك بۆ زمانەکەمان نەکەین، ئەوا ئەم بارەی کە ئێستا تێیداین و بە ملیۆنان خەڵکی کورد تەنانەت زمانی زگماکیشیان لەبەرامبەر زمانی داگیرکەراندا لەدەستداوە، ئەوا بێگومان لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا کە زمانی ئینگلیزی ترسی بۆ زمانانی نەتەوە پێشکەوتووەکان دروستکردووە، ئێمە دەکەوینە بەر ترسی زۆر ڕاستەقینەتر. کەواتە با کاری ئەمڕۆ نەخەینە سبەینێ، دەنا زمانەکەمان ئێستا لەوبارەدایە، کە مەحوی ی هۆزانڤان بەرامبەر بە خۆی، گوزارشتیلێکردووەو وتوویەتی:

ئەجەل دەورەم دەدات، وادەی دەوروتەسلیمە

منی غەفڵەتزدە، تازە خەریکی مەسئەلەی دەورم

جا ئەگەر بیرێك لەوەنەکەینەوە، کە زاڵبین بەسەر خدەی "ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی"دا، ئەوا کێشەمان ئاڵۆزترو زمانمان شێواوترو نەتەوەمان پەرتتر دەکەین. خۆئەگەر هەبن بڵێن وانییە، ئەوا با لەو نامە زانکۆییانە بڕوانن، کە سەبارەت بە ئاستەکانی زمان دەنووسرێن، ئایا پڕنین لە هەڵەی زمان و ڕێنووس؟!. ئاخر ئەگەر نامەی زانکۆیی لە زمانەکەداو بە زمانەکە خۆی، ئاوابێت، ئیتر چۆن بتوانرێت گلەیی لە ڕاگەیێنکاران بکەین، گەر هەریەکەیان لە ئاوازێك بخوێنن.

دەوترێت: خوێ شتەکان لە بۆگەنبوون دەپارێزێت، باشە ئەرێ ئەگەر خوێ خۆی بۆگەنیکرد، ئەودەم چی ڕوودەدات؟!. ئایا زمانەکە بەدەست ئەو لەشکرە بێکارەوە، کە خۆیانلێکردووینەتە ڕۆژنامەوان و تەنانەت هێندێکیان هیچ سنوورێك بۆ پەرژەوەندی ی نەتەوەیی لەلایەنی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە بۆ نووسینەکانیان ڕەچاوناکەن، یاخود هەر نایشیزانن، ئایا ئەمانە زمانەکەمان بۆ ناکەنە دەوارە شڕەی بەردەم ڕەشەبا؟!. هەموو ئەو لایەنانەی، کە لە ئێستادا هەستیانپێدەکرێت، وادەکەن، کە کارکردن بۆ زمانەکەو لەپێناوی نەتەوەکەدا، ببێتە پێویستییەکی لە دوواخستننەهاتوو، چونکە هەر ڕۆژێك لە دوواخستن، درزێکی تر دەخاتە بنیاتی پەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان، پێچەوانەکەشی تۆکمەکردنی ئەو بنیاتەو دەستەبەرکردنی داهاتوو دەبێت.

## ئەنجام

١- کاریگەری ی کارە دژەکوردەکانی داگیرکەران، تا ئاستێکی زۆر کاریکردووەو بەردەوام کورد وەك زمان و کوردستان وەك خاك لە پاشەکشەدا بووە.

٢- هەرکارێك، کە کورد لەبەرامبەر داگیرکەرانیدا کردبێتی، بەزۆری کاردانەوەبوون، نەك کاری پێشەنگانە.

٣- ئەوەی جەختی خاڵی دووهەم دەکات، ئەوە ئەو بارەیە کە زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا تێدایە، چونکە بە کەمبوونی کارەکانی داگیرکەران، ئێمە خۆمان زمانەکەمان وەلاناوە.

٤- تائێستاش کورد نەیتوانیوە پەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دیاریبکات و لەپێناویاندا تواناکانی ئاڕاستە بکات.

٥- کورد هەمیشە ئامادەیی ی هەبووە بۆ خۆونکردن لە ئایدیۆلۆژیاکاندا، تائێستاش ئەمە بەپێچەوانەی نەتەوەکانی ترەوە، هەر بەردەوامە.

## ڕاسپاردەکان

ئەگەر حکوومەتی هەرێم مەبەستێتی پایەی یەکەمی نەتەوەکە بەرەو ڕووخان نەچێت، ئەوا دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاوبکرێن:

١- با ئەو هەموو بەشە کوردییانەی لە زانکۆکاندا دەکرێنەوە، کەمبکرێنەوەو وەرگرتنی خوێندکاریش بۆ بەشەکە بە حەزو بە تاقیکردنەوە بێت، نەك وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە.

٢- دەبێت دەستگاو ناوەندەکانی تایبەت بە زمان بەپێی قانوون دەستوالاّ بکرێن و لەژێر کاریگەری دەسەڵات و پارتەکاندا نەهێڵرێن و ئەندامانیان تەنیاو تەنیا پێوەری لێوەشاوەیی بیانخاتە ئەو جێگایانەوە.

٣- لێژنەی پسپۆڕ لە شارەوانییەکاندا هەبن و ئەمانە سەرۆککاری نووسین و تابلۆی سەرشەقام و بازاڕەکان بکەن.

٤- سنوورێك بۆ پاشاگەردانی ی زمان و نووسین لە ڕاگەیاندنەکاندا دابنرێت و پەرژەوەندی باڵای نەتەوە لەلایەن کارمەندانیانەوە ڕەچاوبکرێت.

٥- بەشەکانی مێژوو و دەروونناسی لێکۆڵین لەو لایەنە مێژوویی و دەروونییانەی کە کاریگەرییان لە کۆن و ئێستادا لەسەر مرۆڤی کورد هەیە، بکەن.

## ملخص الدراسة باللغة العربية

(الامة الكوردية و الخطوط المتوازية لأللغة والحكومة)

هذه الدراسة، تبين في أربع مباحث، أهم الجوانب وألأعمال وألمؤثرات لألدول وسلطاتهم المتتابعة المحتلة لكردستان الكبرى ومحاولاتهم لزرع الريبة في نفس الفرد الكوردي، كي يكون مشكوكاً من كل ما يتعلق بأمته من ناحية وحدته القومية و وحدانية لغته، وأهليته كي يكون حاكماً. والانكى من كل هذه، هي محاولات أعداء الكورد من ناحية التشكيك في إنسانية اصول الكورد، على انهم من الجن وليسوا من البشر. فأما في حال تحدثهم عن الكورد كبشر، كانوا يحاولون أن يرسموه على أقبح صورة كي يجردوه من السماة ألأنسانية مظهراً وتعاملاً. لذا ماكانوا يتورعون من ألأكاذيب حتى بأسم ألرموز الأسلامية المقدسة، كي يؤثروا على السذج من الناس، وهذا بطبيعة ألحال له أبعاد أخرى. وعندما لا ينطلي هذا على الناس، يتوجهون إلى تلفيقات أخرى، منها كون الشعب الكوردي ينحدر من أصولهم، هنا يجرّ كل محتل الكورد صوبه، والمهم عندهم هو طمس الهوية القومية للكورد وحسب.

فالعنصريون من العرب جعلوا من الكورد احفاداً لحارس وآخرون من بني جلدتهم كذباً. والاتراك صنعوا منا أتراكاً جبليين، وبذلك ناسين أو تناسوا كذبتهم الاولى. فالفرس أيضاً جعلونا فرعاً من فروعهم ولغتنا لهجة من الفارسية. كل هذه الأكاذيب كانت تحاك من قبل أناس كانوا مقربين من قمم السلطات المحتلة وبعضهم كانوا ممن يدعون بأنهم من رجال الدين، والدين من أكاذيبهم براء، البعض الاخر منهم كانوا يتحلون صفة المؤرخين. ولكن كلهم يلتقون عند نقطة معينة وهي الأضرار بالكورد كأمة وبث روح الشكوكية في نفس الفرد الكوردي، كي يسهل تفريق شملهم ويمهد الطريق لجيوشهم ليعمل مايعمل، والشواهد لا تحصى. فالتأريخ يعيد نفسه فيما يتعلق بالكورد مع المحتلين في كل الازمنة، وأيضاً في إتخاذهم من الدين ومن المذاهب حجة واهية لحشد الرأي وتجميع القوى لضرب الكورد مرّة تلوة مرة. فاللغة الكوردية كالدعامة الاولى للأمة الكوردية، كانت دوماً موضع الحقد الاسود ونصب أعين المحتلين، كي تشل وتبهت وتفرق بحسب الحدود المصطنعة من قبلهم ومن ثم العمل على إتخاذها ذريعة لتفريق أمتنا، وهذا أضر بالكورد ولايزال.

فأما بالنسبة لحكومة إقليم كوردستان، فعليها مسؤليات جمة، من الناحية القومية وفي مقدمتها الجانب اللغوي، حيث إن حكم الكورد في هذا الجزء الصغير من كردستاننا، يدنو من ربع القرن، ومع هذا فخط عمل الحكومة لاتلتقي مع خط اللغة في نقطة واحدة وهي المصلحة القومية العليا. عليه فعدم ألألتفاتة الجدية الى هذه النقطة لايولد إلا مؤيداً من الابتعاد عن المصلحة المنشودة قومياً، وفي اللغة من الرصانة والتقليل من القدرة الأيصالية في التواصل. لذا ينبغي على الحكومة أن تنشط المؤسسات والمراكز الخاصة باللغة وتعطى لها صلاحيات قانونية بحسب اختصاصاتها، كي يعملون على وضع خطة عمل وتحديد المعالم الخاصة بالسياسة اللغوية ليقر من قبل البرلمان ويعمل بها في جميع الوزارات والمؤسسات كافة.

## سەرچاوەکان


١- بەدران ئەحمەد حەبیب، نەتەوایەتی زمانی یەکگرتوو نییە، گۆڤاری بزاو، ژمارە ٢٣، ١٨ی تشرینی دووەم، ٢٠٠٧.

٢- د.بكري خليل، الفكر القومي وقضايا التجدد الحضاري، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٤.

٣- بويد شيفر، القومية – عرض وتحليل، ترجمة: د.جعفر حصباك وعدنان الحميري، الناشر دار مكتبة الحياة بيروت – نشر بمشاركة مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بغداد – نيويورك ١٩٦٦.

٤- توفیق وەهبی، کوردو زمانی کوردی، و: د.عەزیز گەردی، سلێمانی ٢٠٠٢.

٥- د.جمال رشيد احمد، دراسات كردية في بلاد سوبارتو، من مطبوعات الأمانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة كردستان، بغداد ١٩٨٤.

٦- جەمال نەبەز، بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی،

٧- جەمال نەبەز، لە براکوژیی گیانییەوە بەرەو براکوژیی زمانی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە (٢٥١) سێشەممە ٢٠٠٨/٧/١.

٨- جەمال نەبەز، لە براکوژیی گیانییەوە بەرەو براکوژیی زمانی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە (٢٥٢) چوارشەممە ٢٠٠٨/٧/٢.

٩- د.أزهار الغرباوي، إشكالية العلاقة بين الحكومة والدولة.

١٠- صلاح سعدالله، حول اللغة الكردية، مطبعة دارالجاحظ، بغداد ١٩٨٥.

١١- صلاح سعدالله، عن لغة الكرد وتأريخهم – نقد في الثقافة الكردية، مطبعة شفيق، بغداد ١٩٨٩.

١٢- سلێمان عوسمان، چوار ملیۆن کورد لە میسر، ڕۆژنامەی خەبات – ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (٤١٥١) یەکشەممە ٢٠١٢/٩/٩.

١٣- ساطع الحصري، في اللغ والادب وعلاقتهما بالقومية، مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة التراث القومي، بيروت: آب/اغسطس ١٩٨٥.

١٤- شەرەفنامە، شەرەفخانی بەدلیسی، و: هەژاری موکریانی، کۆڕی زانیاری لەچاپی داوە، ١٩٧٢.

١٥- دكتور محمود فهمى حجازى، علم اللغة بين التراث والمناهج الحديثة، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع (بەبێ کات و شوێنی چاپ).

١٦- مەسعوود محەممەد، بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

١٧- د.محسن محمد حسين، ألجيش الايوبي في عهد صلاح الدين، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة، بيروت ١٩٨٦.

١٨- د.محسن محمد حسين، نناشد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا "استجواب قائد بعد ثمنمائة سنة" ديالوك مع بدران أحمد حبيب، مؤسسة اراس للطباعة، اربيل ٢٠٠٢.

١٩- ناسیونالیزم و مۆزیک – لە ئەزموونی کوردستانی ئێراقدا، نزار سابیر، چاپی یەکەم، ئەڵمانیا ٢٠١١.

٢٠- هۆگر مەحموود فەرەج، زمان و نەتەوەو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٧ ئەیلوول ٢٠٠٧.

٢١- يونس الشيخ إبراهيم السامرائي، القبائل والبيوتات والاعلام في شمال العراق، مطبعة الامة، بغداد ١٩٨٥.

# هەندێ لایەنی ڕێزمانی زمانی ئاماژە

پ.ی.د. صباح ڕەشید قادر
زانكۆی ڕا پەڕین

م.ی. سازان رضا معین
زانكۆی سەلاحەدین

## ١- پێشەكی

ڕێزمانی ئاماژە كە لە بنچینەدا بەشێكە لە زمانی ئاماژە، دەچێتە سنووری ئەو لێكۆڵینەوانەی بەربەستێك بۆ نواندنی زمانی دركاندنی دەنگیی دێننە كایەوە. بەواتای ئەوەی شیكردنەوەكان دەچنە ئەودیو سنووری ئەو كەرەسە زمانییانەی كە سۆسێر بە (هێما) ناویان دەبات، جا ئەگەر زمانی ئاسایی مرۆڤ بریتی بێت لە پێڕەوی هێماكان، زمانی ئاماژە پێویستی بە داڕشتنەوەی پێناسەیەك دەبێت، كە بتوانێ چارەسەرێك بۆ زمانی كەڕولاڵەكان دابنێ، چونكە هێما لای سۆسێر دەچێتە چوارچێوەی هاوكێشەیەكەوە، كە دەكرێ بەم شیوەیە گوزارشتی لێ بكرێت:

هێما= زنجیرەی دەنگ / واتا

ئەگەر ئێمە هەمان ئەو هاوكێشەیە بۆ زمانی ئاماژە دابڕێژینەوە، ڕووبەڕووی بەربەستی زنجیرە دەنگ دەبینەوە، چونكە زمانی ئاماژە زنجیرە دەنگ (وەكو ڕیزبوون، و ژمارەی دەنگو پاشو پێش خستنی دەنگەكان) ڕۆڵ لە گۆڕینی واتا ناگێڕن. لەبەرئەوە پێمان وایە دەكرێ هاوكێشەكە بەو شێوەیە بێت:

ئاماژە= هێمایی ئاماژەیی / واتا یان ڕژێنە دەنگ / واتا

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زۆرجار قسەكەر لە زمانی ئاماژەدا ڕێژنە دەنگێك وەكو ئەوەی كەوا تیشكی سپێكترۆگراف باوەڕی پێی هەیە، دەردەبڕێ.) واتە سنوور، و ژمارەی دەنگ لێرەدا هیچ ڕۆڵێكی نابێت. ئێمە پێمان وایە زمانی كوردی لەڕووی زمانی ئاماژەوە لایەنی كارەكی پێش لایەنی تیۆری كەوتووە، چونكە پەیمانگاكانی ئەو بوارە بەكردە ئەو زمانە فێری ئەو خەڵكانە دەكەن، لەبەرئەوە ئەو لێكۆڵینەوەی ئێمە كە بەشێكە لە تێزی دكتۆرا وەكو شیكردنەوەی تیۆری زمانی ئاماژە زۆر پێویستە. لەم بارەیەشەوە سوودمان لە ئەزموونی نەتەوەكان وەرگرتووە بەنیازی داڕشتنی زمانو ڕێزمانێكی ئاماژە بۆ منالانی بێدەنگی ئەو بوارە.

بۆئەوەی بتوانین ڕاڤەی تایبەتمەندییە ڕێزمانیەكانی زمانەكانی ئاماژە بكەین، ئەوا پێویستە سەیری ئەو زمانە ئاماژانە بكەین كە پێشكەوتوون، ئەو پێشكەوتنەش بە پێی ڕوانگەی ڕێزمانیی جیهانی بێت و ڕوونكردنەوەی تەواو لە سەر نەخشەی نمونەیەكی زمان بدات، بەمەرجێك لەگەڵ سەرجەم زمانەكانی جیهاندا بگونجێت، بەم شێوەیە پێویستمان بە زمانێك دەبێت، كە جیهانی بێت و لەهەمان كاتدا لە ڕێگای زمانە جیاجیاكانەوە بێت و پشت بە شارەزایی خودی تاك ببەستێت، زمانەوانەكان بۆ گەیشتن بەڕاستیەكان، ڕێبازی خستنە ڕووی پرسیاركردنیان بە كارهێناوە وەكو:-

- كۆلكەی هاوبەشی سەرجەم زمانەكان چیە؟ (حسین مصطفی عبدالفتاح : ١٩٩٦ : ١٨).
- ئەو ئاستەنگانە چین كە زمانەكان لە سەریان جیاوازن و لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر دەگۆڕێن؟
- چۆن دەكرێ بە پەلەو شێوەیەكی دروست منداڵ فێری زمان بكرێ؟

كاتێك سەیری ئەم پرسیارانە دەكەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە پەیوەندییەك لە نێوان هەرسێ پرسیارەكاندا هەن و تاڕادەیەك پشت بەیەكتری دەبەستن.

سەبارەت بەپرسیاری یەکەم واپێویست دەکات دەستنیشانی لایەنە گشتی و ڕەهاکان بکرێت و ئارەزووە بەهێزو جۆرەکانی بخرێتەڕوو، کە دەتوانن بەشداری لە بونیادنانی ئەم نموونەیەدا بکەن، کەواتە دەبێ پرسیاری دووەم بەهەند وەربگیرێت، بۆ نموونە هەندێ لە زمانەکان(تۆن) (نبرە) بۆ مەبەستە فەرهەنگییەکان بەکاردەهێنن، کەچی زمانەکانی تر ئەو ڕێگایە بەکارناهێنن، یان هەندێ زمان هەن بەپێچەوانەوەن، لەم ڕێچکە گرتنەبەرەوە پێویستە چوارچێوەی وەڵامی پرسیاری سێیەم دەستنیشان بکرێ کە بە فێربوونی زمانەوە پەیوەستە.

ئەو نموونەیەی بەکاردێ دەبێ تایبەتمەندییەکانی نەخشەی زمانی سروشتی لەخۆبگرێ و زمانەوانان لە ڕووی بیردۆزییەوە بەشداری لە بنیادنانی ئەو نموونەیەدا بکەن، سەرەڕای ئەوەی دەبێ داتای زمانە جیاجیاکان بەکاربهێنن، بەتایبەتی ئەو زمانانەی دیارو ناسراون بۆ ئەوەی بتوانرێ وەڵامی ئەو سێ پرسیارە بدرێتەوە، هەروەها دەبێ پێشبینی ئەوە بکرێ، کە تا چەند دەکرێ سوود لەو زمانانەش وەربگیرێت، کە توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە.

توێژینەوەی زمانی ئاماژە ڕێگا خۆش دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی نموونە پێشنیازکراوەکانی زمانی سروشتی لە ڕوانگەی جیاجیای ئاماژەوە لەبریی زمانی قسەکردن، هەروەها بینین لە بری بیستن، شیکردنەوەی زمانی ئاماژە پاڵپشتێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە بەشەکانی زمانی ڕەسەن کە پشت بە زمانی ئاخاوتن دەبەستێت.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی نەخشەکێشان، بۆ زمانی سروشتی، ئەوا دەبێتە ڕاڤەکردنێك بۆ هۆکاری دروستکردنی یاساکانی (ئاماژە) بە شێوەی پیشەزایی، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ڕێچکەو هەڵسوکەوتی زمانە ئاساییەکان ناگرێتەبەرو، ڕێگانادات بەوەی کە گەشەبکات تایبەتمەندە نەخشەییەکانی زمانی ئاسایی و تایبەتمەندی خۆگونجانەکانی ئاستەنگەکانی زمان بۆ نموونە وێناکردن و بەرهەم هێنان – لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی زیاترەوە دەبێ، کە دەیانخەینەڕوو. (Wilber: 2003: 332-346)

**٢– زمان و ئاستەکانی**

زمان. Language. واپێناسەکراوە کە یاسایەکی هێمایی گونجاو و ڕێكوپێکە بۆ پەیوەندیکردن، دەنگەکانی بەڕیز بەندییەکی گونجاو ڕێکدەخرین، بۆ خستنە ڕووی وشەی ڕاست لە ڕووی یاساکانی دەنگ بۆ دەربڕینی بیرو هەستی مرۆڤ، زاناکان زمانیان بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکردووە:– (هەمان سەرچاوەی پێشو:٢١٣)

- ●ئاستی فۆنۆلۆجی: کە باس لە دەنگ و پێوەرەکانی وەبەرهێنانی دەنگەکانی زمان دەکات.
- ●ئاستی مۆرفۆلۆجی: مامەڵە لەگەڵ وشەو جۆرەکانی و مۆرفیم و پێکهاتە و چۆنێتی دروستکردنیان دەکات.
- ●ئاستی سینتاکسی: مامەڵە لەگەڵ ڕێگاکانی ڕیزبوونی وشە بۆ دروستبوونی جۆرەکانی ڕستە دەکات بە پێی یاسای گونجاو بۆ گەیاندنی واتا. (محمد علی کامل : ٢٠٠٣ : ٣٨)
- ●ئاستی سیمانتیك: مامەڵە لەگەڵ واتای ڕستەو یەکە زمانییەکان دەکات.
- ●ئاستی پراگماتیك: ئەو ئاستەیە مامەڵە لەگەڵ بەکاربردنی زمان دەکات لە ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەگوێرەی دەوروبەر.(Smith: 2007: 125, 128)

**٣– زمان تایبەتمەندییەکی نەخشەیی نییە**

توێژینەوەکانی زمانی ئاماژە ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە زمانی ئاسایی هەمان زمان نییە، کە لە ئاخاوتندا بەکاردەبرێ بۆ ئەوەی زمان لە ئاخاوتن جیابکرێتەوە، ئەوا توێژینەوە کۆنەکانی زمانی ئاماژە زیاتر جەختیان لەسەر دەرخستنی سروشتی زمانی ، زمانەکانی ئاماژەکردووە، بنیادی ئاماژە لە لای (ستۆکۆ) بە پێکهاتەی بەراوردکاری لەگەڵ یەکەکانی زمانی ئاخاوتندا شیدەکاتەوە وەکو، فۆنۆلۆجی کە پەیوەندییی بەخستنە ڕووی پێکهێنانی وشەو بنیادی وشەو دەستەواژەکانەوە

هەیە، نموونەی زمانی بۆ بنیادی ئاماژە کە ڕێکخستنێکی شەش پالۆیی ئالۆزو دوانەیی لە تایبەتمەندییەکانی جۆرەکاندا دەخاتە ڕوو، دەتوانرێ بەئادگارەکانی جیاوازی زمانی ئاساییات دابنێین. (د. محمد شعیره: ٢٠١٢: ٣٤)

تەواوکردنی ئادگاری ڕێزمانی بنیادنانی لەسەر دەستی (کلیما) و هاوەڵەکانییەوە لە ساڵی (١٩٧٩) داتەواو بووە لە هەمان کاتدا لە زمانی ئاماژەی ئەمریکی، (ASL) وەکو زمانێکی ئاسایی هەژمارکرا.

زمانەوانەکان وایان دەبینی، کە پێویستیەکی تەواو هەیە بۆ گواستنەوە بۆ نموونەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی بتوانرێ پێناسەی زمانی سروشتی بکرێ گەرچی پێناسە سەرەکییەکان هەموو دەم زمانحاڵ نەبوون، دەکرێ بگوترێ کە تایبەتمەندییە نەخشەییەکانی زمانی ئاسایی ڕێکخستنێکی شەش پالۆیی لەخۆدەگرێ و پشت بە یاسایەکی هێمایی دەبەستێ، کە بۆ خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵە بەکاردەهێنرێ کە کاری پێ دەکات، بەمەبەستی تێگەیشتنی وردتر لەو پەیامە (سەردیانە)ی بەتەواوی دەستنیشان ناکرێن و توانای ئەوەشی هەیە کە لە ساواییەوە منداڵ فێربکرێت بوونی یاساکانی ئاماژە وەکو لەزمانی ئاماژەی ئینگلیزیدا هەیە تێڕوانینێك پیشکەش بە زمانی سروشتی دەکات، کە ڕستەکانی زمانی ئاماژەی ئەمریکی و زمانی ئاخاوتنی ئینگلیزی لەگەڵ زانیاریی یەکساندا، پێوەرێکی نادروستە لەم کاتەدا، بەو پێیەی یاساکانی ئاماژەی ئینگلیزی بەڕێژەی ٥٠٪ درێژکردنەوە وەردەگرێت، بەلام زمانی ئاماژەی ئەمریکی بەدرێژایی مێژووی خۆی پشت بەکەمکردنەوەی ژمارەی ئاماژەکان دەبەستێت لەکاتێکدا زانیارییەکانی ناو پەیامە ئاڕاستەکراوەکان زۆرترن لە زمانی ئاماژەی ئینگلیزیدا.

ڕیزبەندیکردنی وشەکانی ماوەیەکی زۆرتریان دەوێت لەوەی کە وشەی گۆکراوبن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە تایبەتیە نەخشەییەکانی زمانی ئاسایی شێوازێك دەخوازێت، کە گونجاوبێت لەگەڵ داخوازیی بەرهەمهێنانی و وێناکردنی نموونەیی لە خودی ئەو نموونەیەدا کە بەکاردەهێنرێت، زمانی ئاماژەی ئینگلیزی ئاسایی نییە و لە ڕووی توانستیشەوە لەگەڵ ئەم جۆرەدا ناگونجێت، ئەم جیاوازیانە لە ڕووی توانستی نێوان زمانە ئاساییەکانەوە ئەو یاسایانەی دامەزراون دەکەونە بازنەی توانا و بەکارهێنانی پۆلێنەوە، پۆلێن بەکارهێنانێکی هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوەکانی گۆکردن بۆ مەزنکردنی گواستنەوەی زانیاریەکان.(Lawson: 1981: 97-103)

**٤– سەرپشك بوون لە نەخشەی سەرەوەی زمانەکان**

زمان کارێکی تێکچڕژاوە بۆ گواستنەوەی زانیاری لە نێوان تاکەکانی زمانەکەدا بەکاردێت، کردارەکە داپۆشینی گەیشتنی زانیاریەکانە بە شێوەی هێمای زمانی و فیزیکی و کەسی گوێگریش بە شێوەی فیزیکی وەریدەگرێت و، شیتەڵکاری زمانی بۆ دەکات و زانیاریی ئەوەشی هەیە، کە قسەکەر مەبەستی چییە لەو گەیاندنە.

زمانی ئاماژەی ئەمریکی، ئەگەرچی تایبەتمەندییە نەخشەییەکەی زۆر ئالۆزە، بەلام بانگەوازی ئەوە دەکات، کە هاوبەشی بنەما دەستنیشانکراوەکانی زمانەکانی تر دەکات، لە ڕاستییدا زمان لە هەموو شێوە جیاجیاکانیدا /بینینی/شوێنی/ چەندین جیاوازی لە یاسای ڕێکخستنەکانیدا بەدیدەکرێن زمانی ئاماژە فۆرمی خۆی بە شێوەیەك دەخاتەڕوو، کە لە ئاستی زمانەکانی ئاخاوتندایە بەلام جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەم و زمانەکانی تردا، ئەوەیە کە لەڕێکخستنی سەرەوەیدا دەبینرێت، بەو پێیەی زمانی ئاماژە بایەخ بە ئاماژە دەدات بۆ پۆلێنکردنی بەشداربوو لەڕێکخستندا. (Wilber: 2003: 332-346)

ئەوانەی کە پۆلێنی دەکەن، ئاڕاستە کردنەکانی جوولەکانە، کە دەبنە توخمی جیاکاری لە زمانەکانی ئاماژەدا، دیارە پەیوەندییەکی ئاشکراش لە نێوان ئاماژە و سەرچاوەکەیدا هەیە، بەلام هەموو جۆرەکانی زمانی ئاماژە جیاوازنین، بەو پێیەی زمانی ئاماژە چەندین توخمی لە خۆوەی تێدایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانێکی ئاماژەی جیهانی نییە، ئەمەش وایکردووە ئەوانەی لەوڵاتیکی دیاریکراودا بەزمانی ئاماژە لێکدەگەن نەتوانن لە کەسانێکی تر تێبگەن کە زمانیکی ئاماژەی تر بەکاربهێنن، لە کاتێکدا ڕۆڵی جیاکاری لە زمانی ئاخاوتندا کەمترن، جیاوازیی زمانی ئاخاوتن لەوە دایە، کە چۆن

قسەکارەکان بەکاریدێنن، بۆ نموونە لە زمانەکانی (بانتۆ و زمانی ساکسۆنا) دا گروپێك وشە هەیە پێی دەگوترێت (idiophones) کە بەکارهێنانیان بە پێی قسەکەرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ، هەروەها زمانی ئاخاوتنی یابانیش ژمارەیەکی زۆر وشەی (idiophones) لە خۆ دەگرێ. (هەمان سەرچاوەی پێشو: )

ڕیژەی توخمی جیاکاری لە زمانی ئاماژەدا بەرزترە لە زمانی ئاخاوتن، لە کاتێکدا زمانی ئاماژە ئەم جیاکارییە لە بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێ، ئەمەش لەبەرئەوەیە جیاوازی لە شێوازو ڕێگاکانی گواستنەوەی ئاماژەکاندا لە خۆیان دەگرن، بەشێکی زۆری ئەم توخمە جیاکارانە تایبەتمەندییەکانی فۆرم و جوولە نیشان دەدەن، ئەو فۆرم و جووڵانەی کە ئاماژەکان دەستنیشانیان دەکەن، بەڵام لە زمانی ئاخاوتندا هیچ جۆرە پەیوەندییەك نییە کە بتوانێ لە ڕێگای دەنگەکانەوە دەسەڵاتی بەسەردا هەبێ.

**٥- پێکهاتەی وشە لە زمانی ئاماژەدا**

دیارە پێکهاتەی وشە لە ئەنجامی دوو توخم یان زیاترەوە دروست دەبێت، کە هەریەکەیان مۆرفیمێکن. (Martin: 1996: 214, 222)

کاتێك کە ئەو توخمانە لێکدەدرین، ئەوا بە زۆری دیاردەی تیاچوون یان کەوتن ڕوودەدات، بۆ نموونە ئەگەر وشەی یەکەم لە پێکهاتەدا دووبارەبووەوە، ئەوا دووبارەکردنەوەی جوولە لەپێکهاتەکەدا لادەبرێ و ناکرێ هەمان جوولە بۆ یەك پێکهاتە دووبارە بێتەوە ئەم فۆرمە نوێنراوە لەگەڵ کزبوونی دەنگی وشەی دووەم لە پێکهاتەدا لە زمانی ئینگلیزیدا بە دیدەکرێ وەکو (chairman) کاتێك دووبارەیی لە پێکهاتەکەدا دەکرێ بۆ مەبەستی کۆ لە (ASL) ڕوودەدات ئەوا تەنها وشەی دووەم لە پێکهاتەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

**٦- زانستی دەنگ – دەنگسازی**

دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو وەکو ژمارە بنەڕەتیەکانی بیرکاری وان لەیەك دەدرێن و بێکۆتایی ژمارە دروست دەکەن، دەنگەکانیش بەپێی یاسا دەچنە پاڵ یەك و ژمارەی بێکۆتایی لە زماندا دەنوێنن لە کاتێکدا لە زمانی کەڕولاڵدا ئەوا توخمەکانی جووڵەی دەست و ئەندامەکانی تری مرۆڤ دەگرێتەوە، لە زمانەکانی ئاخاوتندا دەنگ توخمی زمانە، کە یاساو پێکهاتەو، ڕیزبەندی و شێوەی گۆکردنی خۆیان هەیە، کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگای کۆئەندامی ئاخاوتنەوە ژمارەیەکی زۆری دەنگ بەرهەمەبێنێ، بەڵام ژمارەیەکی کەمی ئەو دەنگانە لای قسەکەر بەیاسا لەیەك دەدرێن و واتا دەنوێنن لە زمانی ئینگلیزیدا نزیکەی (٤٥) برگەی دیاریکراو هەیە، کە چەمکێکی ڕووتیان هەیە، کە سەربە خێزانیکی تایبەتن و لە دەنگ دەچن و واتای و وشەی گۆکراو دەگەیەنن برگەش بچوکترین یەکەی دەنگی زمانییە، کە دەتوانن ئاماژە بدەن بۆ جیاوازی واتا بەڵام (allophone) شێوەیەکی جیای هەمان ئەلۆفۆنە، کە نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە . (Owens: 1999: 33: 328)

لە زمانی ئاخاوتندا دەنگ ئاستێکی شیتەڵکارییە و دەنگە بێ واتاکان دەچنە پاڵ یەك بەڕیزبەندییەکی گونجاو بۆنواندنی فۆرمێکی خاوەن واتا، ئەمەش وا دەکات چەمکی تایبەتمەندی و، بەش و، برگە یەکەی دەنگی گرنگ بن بۆ شیکردنەوە لە زانستی دەنگسازیدا وشە بە بەشی بچووك دەنوێنرێت کە بەتەنها خاوەنی واتانین وەکو ( کەو: کـ + ـە +و) هەر کاتێك شوێنی ئەو دەنگانە لە وشەکەدا بگۆڕین، ئەوا واتای وشەکە نامێنێ هەندی جاریش وشەیەکی نوێ و واتایەکی نوێ دەنوێنێ ( و + ـە ك) کە هەریەکێك لەوانە لە زماندا بە (فۆینم) دادەنرێن.

**٧- دەنگسازی و فۆنۆلۆجی لە زمانی ئاماژەدا**

زۆرجار و بەتایبەتی لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی زمانی ئاماژەدا وەکو زانستیك، بەکارهێنانی زاراوەی دەنگسازی و فۆنۆلۆجی تەواو گونجاو نییە بۆ گفتوگۆ لە سەر زمانی ئاماژەکان چونکە پێکنەهاتووە لە دەنگ، بەڵام ئەم زاراوانەش هەر

بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاماژە بەکارهاتووە ئەمەش بە هۆی رووی لێکچوون لە نێوان زمانی ئاماژەو زمانی ئاخاوتندا، هەرچەندە هەندێ زمانەوانی تر زاراوەی (زانستی دەستەکانیان) بەکارهێناوە کە لە یۆنانیەوە وەریان گرتووە (kheir– واتای دەست) هەر لە سەردەمی سۆسێرەوە هێما لەخۆوەکان و هێما دوولایەنەکان خاوەنی سیفاتی تایبەت و زانراوان و سەرجەم زمانەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئاماژەکانیش پێش ستۆکۆ (stoke– ١٩٦٠) وا دانراوە کە ئاماژەی بێ چیەی تاکن و ناکرێ شیبکرێنەوە جگە لەوەش پێکنەهاتووە لە ئاستێك کە لە ئاستی فۆنۆلۆجی بچێت، لێرەوە دەیەوێ ئەوە بڵێ کە زمانی ئاماژەی ئەمریکی زمانێکی لێکدراوە لە ئاماژەی بێ چیە ناچن (ایماوات) لەم ڕووەوە بۆ چوونێکی خستۆتە ڕوو: (Benicewoll: 1985:95:103)

کە تیایدا زمانی ئاماژەی بۆ سێ بەش شیکردۆتەوە کە ئەمانەن:–

- ئاماژەکان / لە دەستەیەك تابلۆ پێك هاتوون تابلۆ – شوێنی ئاماژەکەیە لە بۆشاییدا.
- دیاریکراوەکان– شێوەی دەست دەگرێتەوە.
- ئاماژە پێ کراو – جووڵەکانی دەست لە بۆشاییدا.

هەرچەندە زۆربەی زمانەوانەکان، کە لە بواری زمانی ئاماژەدا کاریان دەکرد هاوڕابوون و پشتگیری ئەم بۆ چوونەیان کرد، لەوانە: (Wall Lawson: 1981) (Dachar،Kyle: 1981)،

بەڵام تێبنێ ئەوەیان هەبوو کە دەبێ ڕەگەزی چوارەمیش هەبێ، کە پەیوەندی بە شێوەیان ئاڕاستەی دەستەوە هەیە/ بۆ نموونە لە زمانی ئاماژەی ئینگلیزیدا ئەگەر پەسنی ڕەنگی سوور بکەین ئەوا :–

- تابلۆ : هەر دوو لێو دەگرێتەوە بە تەنها.
- دیاریکراو : نوقاندنی دەست و دەرهێنانی پەنجەی دۆشاومژە.
- ئاماژە بۆکراو: چەند جارێك لە سەریەك لە تابلۆ دان.
- شێوە: ناولەپی دەست بەرامبەر لەش ڕادەگیرێت و پەنجە تووتەش بەرەوسەرەوە دەبێ.

هەر لەم ڕووەوە (stoke:1965) کە دادەنرێت بە یەکەم زانا کە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە ئاماژەکان بە تەواوی شیتەڵکاری نییە بۆ ئەمەش ئاماژەکانی شیکردوەوە و گەڕانییەوە بۆ بەشەکانی کە هیچ واتایەك لە خۆناگرن و ناوی لێ نان: ( cheremes) (Battison: 1987: 20:22) زمانی ئاخاوتن زمانێکی فۆنیمییە، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا ئەوا (ئاماژەکانە) و بەسەر چوار جۆردا دابەشی کردووە:–

- دەست – (ئەو دەستەی کە دەجولێ)
- شوێن – (ڕووخسار – لەش – دەستەکەی تر)
- جووڵە (بزاوتن )

ئاڕاستەی جووڵە (بزاوتن) ئەو ڕێگایەی کە دەست یان ڕووخسار ئاماژەی پێ دەکات و کاریگەری لە سەر بەرامبەر دروست دەکات، وەکو جۆرێك لە: (Battison: 1987: 20:22) (Phoneme)، هەر چەندە (ستۆکۆ) بڕوای وابوو، کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ئاماژە و ئاماژە بۆکراودا نییە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی ی ئاماژەکان پەیوەندییان بە ئاماژە بۆکراوە کەوە هەیە، هەروەکو بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕەنگی (سوورو – لێو)دا ئەمە دیارترین نموونەی زمانی ئاماژەی ئەمریکییە.

**٨– تایبەتمەندییەکانی ئاماژە**

لە زمانی ئاخاوتندا دیاردەی دەنگیی هەیە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگەکانی و (d) (g)(T) ئەو پۆلە دەنگەن، کە بە (voicedstop) ناودەبرێن، کە هەندێ جار ئەو تایبەتمەندییە لە دەست دەدەن بە تایبەتی ئەگەر بکەونە کۆتایی وشەوە.

ئایا دەکرێ (ئاماژە) بۆ بەشی بچووکتر بگەڕێنرێتەوە وەکو ئەوەی لە وشەی ئاخاوتندا بەدی دەکرێت؟

چەندین هەوڵ هەن بۆ پێناسەکردن و ناساندنی ئەو یاسا تایبەتمەندە جیاکارییانەی کە دەتوانن ئاماژە بگەڕێننەوە بۆ بەشی بچووکتر، بۆ نموونە گەڕانەوەی ئاماژەی دەست بۆ بەشی بچووکتر، هەندێ لەو تایبەتمەندییانەی لە کرانەوەدا بڵاو و دوورن لە یەکتر، لە هەندێ باردا جووڵە و توخمەکان ئەو دەسەلمێنن، کە بە ئاسانی ڕێکخستن و گونجان لە نێوان ئەوکۆمەڵە تایبەتمەندیانەدا ڕوو نادەن، (برنتاری – ١٩٩٨) و (فاندر کویخ – ٢٠٠٢) بۆچوونی تەواوی خۆیان سەبارەت بە یاساکانی ئەم تایبەتمەندییە جیاکاریانە خستۆتە ڕوو کە وای دەبینن ئەو تایبەتمەندیە یاسایانەی کۆن کە هەبوون زۆر دەوڵەمەندن و بە درێژی باسیان لە دەنگ کردووە بێ ئەوەی بایەخ بە بەشە جیاکارییەکان بدەن (فاندر کویخ) بۆ ئەوە دەچێ، کە سروشتی ناجیاکاری ئەم تایبەتمەندییە دەنگیانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:–

- توانای پێشهاتی دەنگی.
- هێمای جووت Iconicity

لە سەرەتای توێژینەوە دەربارەی زمانی ئاخاوتن یان زمانی ئاماژە ئەوا توانایەکی پێشهاتی بەدی دەکرێ، بەڵام ئەوانەی وردبینی لە سەر زمان دەکەن، پێشەکی وێنەی دەنگ یان ئاماژەی ڕاست نازانن، ئەمەش وا دەکات پشت بەدانانی گریمانە ببەستن بۆ ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندی و جیاکاریانە و بەپێی بڕیارێکی جێبەجێکردن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، گفتوگۆکردن لەسەر (Iconicity) کارێکی بێکۆتاییە و ژمارەیەکی زۆری ئاماژە لە زمانەکانی ئاماژەی سەرگۆی زەوی بە (Iconicity) ناوزەددەکرێن و ڕواڵەتی فۆرمەکانی ئاماژە ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی فۆرمەکەیە یان سەرچاوەکانی چالاکێکەیە، لە کارەکانی زمانەوانی ئاماژە لە کۆندا بایەخی ICONIC بە مەبەستی چەسپاندن و خۆڕاگری هاتووە، زمانەکانی ئاماژە جۆرێك لە لیریکی لە خۆ دەگرێت و خاوەنی فۆرمی سەربەخۆ و واتای سەربەخۆیە، دەکرێ تایبەتمەندییەکی پێناسەیی لە زمانی مرۆڤایەتی دا هەبێ، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە پەیوەندی بە دەنگسازییەوە هەیە، بەڵام پێدانی پەیوەندی ڕوون بە ICONICtY لە پرسیارێکی وەکو چۆن دەکرێ ICONICITY و زانستی دەنگ بۆ مەبەستێك ئامادەبکرێن؟ وەڵامەکەی بەپێی ( فاندر کویخ ٢٠٠٢) دەکەوێتە ناو ڕێ پێدان بە بونیادی فەرهەنگی ئاماژەکان بەلەخۆگرتنی تایبەتمەندییە دەنگیە دەستنیشانکراوەکان لە ڕێگای بونیادی دەنگسازییەوە. کەواتە زاناکانی دەنگسازی کاتێك پێشبینی دەنگ و ICONICITY دەکەن ئەمە وەکو خاوێنکردنەوەی ڕێگایە بۆ ئەو ئەنجامانەی کە پێیان دەگەن، کە بەندن بە بنەماکانی هەیکەلی، کە دەردەکەون و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە دەنگەکانی زماندا دەبینن.

**٩– ڕیزبەندی**

نمونەکەی (STOKOE) بۆ پۆلێنکردنی یەکە دەنگییەکان (PHONEMES) نمونەیەکە لە پۆلێنکردنی ئاماژەکانی زمانی ئاماژەدا شوێن پێی هەڵگیراوە، بەواتایەکی تر ئاماژەکانیش وەکو فۆنیم سەرەتاو کۆتاییان هەیە ئاماژەیەکی شاراوە بە شێوەیەك ڕێکبخەنەوە وەکو ئەوەی ئاماژەیەکی ڕاست بێت، یان ئاماژەیەکی بێ واتابێ، ئەوانەی زمانی ئاماژە بەکاردەهێنن ناتوانن ئەو ئاماژانە بگێڕنەوە گەر بێت و ئەو ئاماژانە لە ناومێشکیاندا هاوکات بێت لەوەش زیاتر حوکمەکانی ڕێککەوتن گەڕانەوە بۆ سەرەتاو کۆتایی جووڵەکان دروست دەکەن.

ڕیزبەندی دەنگسازی لە زمانی ئاماژەدا ماوەی ٤٠ ساڵ دەبێت لە ناو توێژینەوەکاندا شوێنی خۆی هەیە (لیدڵ و جۆنسۆن) گریمانەی بنیادی ڕیزبەندییەکی دەستنووسیان کردووە کە پێکدێت لە هەڵگرانی(H) و جووڵەکانی (M) کە توخمەکانی تری پێوە گرێدراوە (HMH) هەروەها بۆ جەختکردن لە سەر هەمان بیرۆکە بۆ بەکارهێنانی شوێن و جێ لەبریی هەڵگر، بەشە ڕیزبەندییەکە (شۆێنی یەکەم) و جوڵەو (شوێنی دووەم) دەگەیەنێ هەریەکێك لە یەکەکانی (M&L) بەستراوە بە دەستەیەك جیاکاری (=) کە ئاماژە بە شوێن و تایبەتمەندییەکانی جووڵە دەکات، لە کاتێکدا تایبەتمەندییەکانی فۆرمی دەست و

تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستە کردنەکانی لەڕێگای هەموو شوێنەکانەوە لە فۆرمدا بڵاودەبێتەوە، ئەمە مەبەستەکە نییە، کە فۆرمی دەست یان ئاڕاستەکردنەکە هەموو کاتێك بەتەواوی نەگۆڕو جێگرەو لە ڕێگای سەرجەم بەشەکانێوە بەو شێوەیە دەبێت، دوور لە جووڵەی تەواوی دەست ئەوەش هەیە کە دەکرێ جووڵەیەك هەبێ کە دەست تێیدا بسووڕێ و ئاڕاستەکەی بگۆڕێت، یان جوڵەی پەنجەکانی دەست بە شداری بکات.

بیرۆکەی جووڵە تەنها نەبەستراوە بە شوێنی تەواو دەستەوە، بەڵکو بە ستراوە بە فۆرمی دەست و شێوەو ئاڕاستەکردنەکە، دیارە کەسەکە پێویستی بەوە هەیە کەسێ شت لە یەکتر جیابکاتەوە جگە لە یەك شت لە هەموو باری یەکەی فۆرمەکاندا کە لە دواتردا ئەو فۆرمانە ئاماژە بە شوێنی سەرەتاو کۆتایی و جۆری جووڵەکە دەکەن. (Benicewoll: 1985: 312:318)

تێروانینی (ستۆکۆ) ئەوەیە کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ئاماژە دەمکاتەو بۆی هەیە ڕەنگدانەوەی ڕاستی کەرتکردنی ئاسۆیی زمان و ئاماژە بێ، لە کاتێکدا ئاماژە مافی ئەوەی هەیە زووتر ئەو کەرتکردنە ئاسۆیییەی بەرکەوێت کەلە خۆیدا پشتیوانیکردنە بۆ بنیادی بەشەکانی. ڕیزبەندی وادادەنرێت کە ڕەنگدانەوەی کەرتکردنی ستوونیە کە کارامەیی لە بنیادی کەرتکردنی نیمچە دەنگیدا هەیە، بەڵام گەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەوا ئاماژە ڕاست و دروستەکانی بەیەکلا بەشی (تاك) لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام بچوکترین یەکەکانی شێوەی دەست و ئاڕاستە و شوێن، بەیەکەی نیمچە دەنگی دادەنرێن بەپێی ئەو یەکەیەك لە دوای یەکانەی هاوکاتن بەڕێبازو شوێن و دەنگەوە phonemes لە زمانی ئاخاوتن دا.

جیاوازی لە نێوان زمانی ئاماژەو زمانی ئاخاوتن لەوەدا دەبینرێت، کە زانیاریە وێنەییەکان (فۆرمیەکان) بەردەستن و زۆرن و تەرین، بەڵام زانیارییەکانی بیستن بەهەمان شێوە زۆرن و بەردەستن بەڵام ڕیزبەندین.

**١٠– بەسنورکردن و کردارەکانی زانستی دەنگ**

بە بەراوردکردن لەگەڵ دیاردە چەسپاوەکانی زانستی دەنگی زمانی ئاماژەدا کە لە پێشەوە باسکرا، چی ڕوودەدات کاتێك ئاماژەکان کۆدەبنەوە و یەکدەگرن چ لە ئاستی morphologically یان ئاستی syntactically مۆرفۆلوجی و سینتاکسدا دەبێ چ جۆرە دیاردەیەك بێتە ئاراوە و بە چ جۆریك لەگەڵ دیاردەکانی زمانی ئاخاوتندا لێك دەدرێنەوە؟

تاوەکو ئێستا تویژینەوەیەکی زانستیانەی ئەوتۆ لەم ڕووەوە نەکراوە تابتوانرێ وەڵامی دروست هەڵبژێررێ، بەواتایەکی تر زانستی دەنگەکانی ئاماژە نەیتوانیوە کێشەکانی ئەو دوو ئاستە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە چارەسەربکات، گەرچی بە شێوەیەکی ڕوون کاریگەری ئەو لایەنە لە سەر وشە و ڕستە دەردەکەوێت، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەن ئەم سێ نموونەیە دەخەینە ڕوو: (owens: 1999: 305)

یەکەم:– لەوانەیە شێوە لێکدراوەکە بگۆڕدرێت بە شێوەی دەست یان ئاڕاستە بۆ ئەندامێك لەگەڵ شێوەی دەستدا بۆ ئەندامێکی تر دەکرێ ئەم کردارە بە شێوەی دووبارە کردنەوە بگەڕێنرێتەوە و شێوەی دەست بۆ ئەندامی دووەمی لێکدراو لە نێوان ئاماژەی تەواوەوە بەکاردەهێنرێت، یان بە شێوەیەکی پلەبەپلە (شێوەی دەست بۆ ئەندامی یەکەمی لێکدرا و بەردەوام دەبێ لە کاتی ئاماژەکەدا.

دووەم:– تەنیا لە زمانی ئاخاوتندا ڕێگا بە هەندێ ڕیزبەندی توخمی دیاریکراو نادرێت، لە زمانی ئاماژەشدا ڕیگانادرێت بە هەندێ پێکهاتەی دیاریکراو بە شێوەکانی دەست و ئاڕاستەکانی.

بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی دەزانێ کە (brick) وشەیەکی تەواو و ڕاستەقینەیە blick وشەیەکی وایە کە دەکرێ بەکاربێ بەڵام bnick ناکرێ ببێتە وشەیەك لە زمانی ئینگلیزیدا قسەکەری زمانەکەش درك بەوەدەکات، کە وشەیەکی زمانە کە نییە

سێیەم:– ئەو ئاماژانەی بە هاوکاریی بەکار هێنانی هەر دوو دەست دروست دەبن، یەکێك لە دەستەکان لەم بارەدا بۆ شوێنی دەربڕینەکە یان داڕشتنەکە بەکاردێت، یان هەردوو دەستەکان کاری تەریب بە هەمان شێوەی دەست ئەنجام دەدەن.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێزمان کار لە سەر ڕیزبەندی گونجاوی وشەکان دەکات، کە پەیوەندی واتایی لە نێوان پێکهاتەکانیدا دروست دەبێت ئەم ئاستە لە زمانی ئاخاوتندا شێوەی ئاسۆیی و ئەستوونی دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا بەو شێوەیە نییەو زۆر جار لایەنی هاوتەریبی دێتە ناوەوە.(owens: 1999: 317: 326)

**١١– زمانی ئاماژە و کاریگەری زمانی ئاخاوتن و خوێندن**

لە هەموو وڵاتێکدا کەڕولاڵەکان زمانێکی ئاماژەیان هەیە، کە جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی ئەندامانی دەوروبەری کۆمەڵەکەی کە تێیدا دەژین، زمانی ئاماژەکەیان یەکناگرێتەوە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئەو خێزانانەی کە هەر کەڕولاڵێك ئەندامێکە لە ئەندامەکانی ئەو خێزانانە جگە لەوە زمانی ئاماژەی کەڕولاڵی هەر وڵات و نەتەوەیەکیش جیاوازە لە زمانی ئاماژەی کەڕولاڵی وڵات و نەتەوەو کۆمەڵگەیەکی تر.

بۆ نموونە زمانی خێزانی زمانە گۆکراوەکان LSF&ASL لە هەمان خێزانن بەڵام زمانی ئاماژەی بەریتانی BSL کە خێزانێکە کە بە هەمان شێوە لەگەڵ ASL ئاماژەی ئەمریکی دا یەکناگرێتەوە و جیاوازن لەم بارەدا تاکی کەڕولاڵ دووجار هەست بە نامۆیی زمانو تێگەیشتن دەکات، جارێك لەگەڵ زمانی خێزانەکەی و کۆمەڵگادا جاری دووەمیش زمانی ئاماژەی ئەم تاك و گروپە جیاوازە لەگەڵ زمانی ئاماژەی هەر وڵاتیکی تردا، لە ڕێگای پەیوەندیکردن و خوێندنەوەوە ئەوا زمانی ئاخاوتن کاریگەری بەرچاوی لەسەر یاساکانی زمانی ئاماژە دەبێت زۆرجار ڕێکەوتن نییە، لە بنیادی بنچینەیی زمانی ئاماژە و زمانی ئاخاوتن دا بۆ نمونە زمانی ئاماژەی ئەمریکی ASL ڕیزبەندییە یاساییە گونجاوەکەی پیکهاتووە لە (بکەر + فرمان + بەرکار) بەڵام لە زمانی یابانیدا بەم شێوەیەیە (بکەر + بەرکار + فرمان) ئەم ڕیزبەندییە گونجاوە لە زمانی کوردیدا یەك دەگرێتەوە (بکەر + بەرکار + فرمان) (کروستیان – ١٩٩٦ ) ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژە (کەڕولاڵ) بە جۆرێك پۆلێنکراوان کە خاوەنی دوو زمانن، لەم بارەشدا زمانی دەسەڵاتدار کاریگەری ڕاستەوخۆو بەرچاوی لە سەر زمانەکەی تر دەبێت و کاریگەریەکەش پەل بۆ بنیادی زمانەکە دەهاوێژێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە گەر بێتو زمانی ئاماژەکە هەمان ڕیزبەندی وشەکانی ئاخاوتن بە کاربێنێ، ئەوا مەرج نییە زمانی ئاماژەکە دەقاودەق وەکو زمانی ئاخاوتنەکە بێت. (عبدالعليم محمد عبدالعليم شرف: ٢٠١١ : ٣٥)

لە ڕاستیدا هەندێ واژە هەن، لە زمانی ئاخاوتندا بەپێی ڕیزبەندی گونجاوی وشەکانی ئاخاوتن دەرناکەون و شوێن پێیان هەڵگرن ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ببێتە هۆکارێکی ڕێزمانی لە زمانی ئاماژەی کۆمەڵگەیەکدا، بەڵکو دەکرێ لە هەر زمانێکی تریشدا ناڕێزمانی بێت.

ڕووبەری زمانی ئاخاوتن کار لە زمانی ئاماژە دەکات بە تایبەتی گەر یاسای نووسین بەکاربرا بۆ فراوانکردنی فەرهەنگی وشەی تاکەکانی.

زمانی ئاماژەی ئەمریکی و یابانی پەنجە حینجە بەکاردەهێنن بەڕێگای پیت بە پیت وێنەی وشەی نووسراو دەکەنە شێوەی وشەکە سەرەڕای ئەوەش ئاماژە ڕێزمانیەکان بەکاردەهێنن توخمەکانی یاسای نووسین بە شێکی کامڵە لە زمانی ئاخاوتندا، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا بە شێوەیەکی گشتی ناکرێ ئاماژە لە دوو شێوەی دەست زیاتری هەبێت.

**١٢– وشەی ڕەسەن و وشەی وەرگیراو**

ڕیزبەندیی پنچینەیی وشە دەخوازێ، کە پۆلێنکراوەکان بەکاربهێنرێن ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەو پۆلێنکراوانە داوای شێوەی بنچینەیی دەکەن لە کاتێکدا ئەو شێوە بنچینەییانە پێشترن لە پۆلێنکراوەکان، بۆ نموونە گەر پۆلێنکراوەکە ڕەسەن و بنچنەیی بێت، ئەوا دەبێت (بەرکار) لە کۆتایی ڕستەوە بێت بەهەمان شێوە کاتێك دەخوازێ ڕێکەوتنی فرمان لەگەڵ شوێنی سەرچاوەکەیدا بێ، ئەوا لە پێشەوەی ڕستەکەدا دەبێ ئەوا ڕیزبەندیی ڕستەکە بەپێی پۆلێنی رستە بە ڕستەیەکی ناوی دادەنرێ بۆ نموونە: The cow kicked The horse

ئەم بەکاربردنە ڕێکخستنی وشەکان نەرمتر دەکات و فۆرمی یەکەم داوای گۆڕین لە فۆرم و ڕیزبەندی بنەڕەتی ڕستەکە دەکات ئەم شوێن گۆڕکێیە لە پێکهاتەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستە (and Hulst: 2003: 319-331 (Fischer

**١٣- شوێنگە**

لە زمانی ئاماژەی ئەمریکیدا (ASL) پۆلێنکراوەکان بۆ پێویستی گۆڕان لە ڕیزبەندی بنەڕەتی وشەدا بەکاردهێنرێ لە زۆربەی زمانەکانی ئاماژەدا کردارێك هەیە، پێی دەگوترێ (شوێنگە –تموچع) کاتێك کە ڕستە ناوییەکەیان قسەکە هەندێ واتای دەربارەی جووڵەکانی سەرەتای واژەکە دەبێ بیرۆکە، کە دەخرێتە گەڕ بەبێ جووڵەیەکی دەستی (NMB) ئەمەش بەردەوام دەبێ، تاوەکو پێشکەشکردنی بیرۆکەیەکی تر، پێویست بەوە ناکات، کە لە ڕستەکانی دواتری قسەکردنێکی دوورو درێژدا دووبارە بکرێتەوە ئەنجامی ڕستەکەو پڕکردنەوەی کەلەبەرەکان لە ڕێگای بینەرەکەیەوە پڕدەکرێتەوە کە ئاگای لە بیرۆکەی قسەکردنەکەیە، بە شێوەیەکی گشتی شوێنگە لە ڕستە بنەڕەتییەکاندا بەکاردەهێنریت، شوێنگەی بنچینەیش دەبێ بۆ سەرەتای ڕستە بگەڕێتەوە.

(Spencer and Tomblin: 2006: 166: 192)

**١٤- ڕۆڵی جووڵە نادەستیەکان**

لە زمانەکانی ئاماژەدا ئەوا لە ڕێگای ڕووخسار بارەکانی لەشی مرۆڤەوە خزمەت بەو کارانە دەکرێن، کە ئاوازەکانی زمان لە قسەکردندا پێی ی هەڵدەستن.

ئاماژە بەبێ ئەوەی گوزارشتە ڕوخسارییەکانی لەگەڵدابێ مرۆڤی کەڕولاڵ تووشی بێزاری دەکات، هەروەها لە ئاخاوتنیشدا (monotone) گەر جووڵەی لەگەڵدانەبێ ئەوا گوێگر تووشی بێزاری دەبێ و واهەست دەکات خەوی دێت هەرئەمەش وایکردووە گوزارشتە ڕووخسارییەکان پتر لە ئاوازەکان دەگوازرێنەوە، لە هەندێ باردا نزیکی ئەوە دەبێتەوە، کە بڵێی خۆی کارێکی ڕیزمانییە و لە زمانی ئاخاوتندا هەیە، بەو پێیەی کاردەکاتە سەر واتاکان و دەتوانێ بیانگۆڕێت.

(Smith: 1979: 130: 133)

لە هەندێ لە زمانەکانی ئەفریقادا ئاوازەی بەرز و نزم، دژ بە ئاوازی نزم و بە رز دەوەستێتەوە.

لە زمانی کوردیشدا سترێسی سەریەك فۆرم بۆی هەیە وشەکە و واتاکەی بگۆڕێت وەکو لە نموونەی (هەرمێ)دا دەردەکەوێ:

(هەرمێ) – (هەرمێ)

لە زمانی ئینگلیزیدا سترێسی سەرناوی (conduct) جیاوازە لەگەڵ ئەو سترێسەی دەکەوێتە سەر فرمانی (conduct) لە زمانی چینیشدا بە هەمان شێوە پشت بە سترێس دەبە سترێ بۆ نموونە لە وشەی (Ma) بەواتای (ئەسپ – دایك) بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو واتایە ئەوا گۆڕینی شێوەی لێوەکان و قورسایی خستنە سەر لێوەکان بۆ دروستکردنی سترێس واتا جیاکان دەردەکەون، هەروەها بە گۆڕینی سترێس جیاوازی لە نێوان کاتی ئێستاو داهاتوودا دەکرێ وەکو لە وشەی (kwa) دادەبینرێ. (Paul: 2009: 97)

هەروەها جووڵە نادەستیەکان (NMB) زۆر گرنگە بۆ خستنەڕووی ڕوانگە زمانەوانییەکان بۆ بانگهێشتکردنی نموونەکانی (پرسیارکردن) – یان (نەرێ) لە (NMB) لە باری نەرێدا دەستەکان تێکەڵ بەیەك دەکرێن، یان ئاماژەی ڕووخسار گرژدەکرێ.

لە باری (NMB) دا بۆ پرسیارکردن بە no/yes بەرزکردنەوەی هەردوو برۆ و کردنەوەی زیاتری چاوەکانە، لە زمانی ئاماژەی ئەمریکیدا (ASL) لە (NMB)دا بۆ پرسیار هەردوو چاو بچووك دەکرێتەوە و برۆکان گرژدەکرێن کەواتە لە هەردوو نموونەکانی سەرەوەدا (نا ، بەڵێ) کردنەوە و بچوککردنەوەی چاو و ڕۆڵ دەبینن لە کاتێکدا کاری دەستەکان لە هەمان ڕەوتدا (سیاق) دادەبن، لە نموونەکاندا ئاماژەی نەرێ بەشداری ناکات، بەڵکو گوزارشتەکانی نەرێ لە ڕێگای ڕوخسارەوە

دەبێ و خزمەتی کاری نەرێ لە ناو ڕستەدا دەکات هەندێ زمانەکانی ئاماژە بنیادی تر بە کاردەهێنن بۆ مەبەستی ڕێزمانی کە جوولەی نادەستی (NMB) تێدا بەکارناهێنرێت، لەوانە لێو هەڵقورتاندن، یان بزەیەکی ڕاڕایی – توندکردنەوەی چەناگە. (Fischer and Hulst: 2003: 319-331)

**١٥– هاوکات بوون و بە دوای یەکدا هاتن**

ڕیزکردنی جۆراو جۆری زمان لە ڕیگای بەشەکانیەوە دەکرێ بە شێوەی دەمکاتی بێت، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە گۆکردن هەر پارچەیەك تێکەڵ بەگۆکردنی پارچەکەی تر نەبێ، ڕیزکردنی (فۆرم) (گۆکردن)و واتا ڕێگای زیاتر بە یەك یەکەی واتایی دەدات بۆ زانیارییەکان بۆ ئەوەی دەمکات بێت لەگەڵ باری گواستنەوەیدا، بۆ نموونە سترێس، یان ئاوازە – لە کاتی ئاخاوتندا ئەوە بەشە دەنگیەکانی بزوێن و نەبزوێن بە شێوەی ڕیزبەندی گۆدەکرێن بەڵام سترێس یان ئاواز دەبێ دەمکات بێت، لەگەڵ گۆکردنی دەنگەکاندا لە زمانی ئاماژەشدا بە هەمان شێوە دەبێ ڕیزبەندییەکی گونجاو و دەمکات هەبێ لە نێوان فۆرمە دروستکراوەکاندا، واتە دروستکردنی فۆرمەکەو مەبەستەکە واتە (واتاکە) دەبێ دەمکات بێ، چونکە هەر فۆرمە و پەیوەندییەکی کاتی تایبەتی بە جوولەی دەستەکان و ڕووخسار گرێیان دەدات، دروستکردنی هەندێ فۆرم سەبارەت بە واتاکەی پێویستی بە خێراییەکی زۆر هەیە وەکو دروستکردنی فۆرمی (وشەی) (بەردەوامی) کە دەستی ڕاست بە خێراییەکی زیاتر بەرەو پێشەوە دەجوولێتەوە وەکو چۆن دەستەکان بۆ (مەلەکردن) بەکاردێ بەڵام بە خێراییەکی کەمتر و ڕوخسارێکی جیاواز لە وشەی (خێرایی)، ئەمە جگە لە ڕیزبەندی و بە دوای یەکداهاتنی وشەکان، واتە گرێدانی وشەکان بەیەکەوە بە پێی ئەو ڕێزمانەی کە بۆی دانراوە، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا دا:–

فعل + فاعل + مفعول بە

لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە ڕستە دروست دەکرێ:

بکەر + بەکار + کار

ڕێزمانی زمانی ئاماژەش لە ژێر کاریگەری ڕێزمانی ئاخاوتنەدایە بەواتایەکی تر خاوەنی ڕێزمانێکی ڕێك و پێکە و ڕیزبەندییەکی گونجاوی تیادا بەدی دەکرێ و هەموو جوولە یەك جوولەیەکی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێ بە پێی واتای ئەو ڕستەیەی کە دەیەوێ دروستی بکات، هیچ جوولەیەك نابێ پێش جوولەکانی تربکەوێ، واتە چاڵی بەرکار شوێنی چاڵی بکەر ناگرێتەوە لە ڕیزبەندی ڕێزمانیدا.

**١٦– ڕێکخستنی زمانی ئاماژە بە شێوەی دەستی**

بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی زمانی ئاماژە ئەم ڕێگایانە گیراوانەتەبەر :

- ڕیزکردن بە ڕێگای شێوەی دەست: لە ڕێگای شێوەی دەستەوە ئەوا چەندین جۆری هەڵبژاردەی ڕیزکردن هەن، ئەم بەشانەش لە ڕکێفی زانستی دەنگ و وشە و مەبەستە ڕێزمانیەکاندایە و ڕۆڵی دەست وەکو دوو گوتەبێژی سەربەخۆن، بۆ نموونە:– یەك دەست دەتوانێ ئاماژەیەکی دەست گۆبکاو بینوێنێ وەکو (ناو / ئاوەڵناو ) بەڵام خاڵەکانی دەستەکەی تر ئاماژە بە باری ئاخاوتنەکە و ڕووبەری قسەکردنی ئاماژەکە دەکات.

ئەم جۆرەیان پشت بەو پۆلێنکردنە دەبەستێت، کە پۆلێنکراوەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی بۆ زمانی ئاماژەی ئەمریکی تۆمارکراون (فریش بیرغ – ١٩٧٥ ) ئاماژە بەوە دەکات کە (شێوە بنچینەییەکانی دەست بۆ ئاڕاستەکردارییەکان ئامادەدەکرێ بۆ ئەوەی ئەرکی تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانە دیاریکراوەکانی ناو و تووێژە ناوییەکان ببینێ). (Spencer and Tomblin: 2006: 203)

- لە هەندێ پۆلێنکردنەکاندا شێوەی پۆلێنکراوی دەست هاوکاری لە ئاماژەی کردەییدا دەکات بۆیە ئاڕاستەکردنی لەش بۆکردارەکە دەکرێ لە هەمان کاتدا وەکو فرمانێك بگوترێت، لە هەندێ باریتریشدا کەشدا ئەوا شێوەی دەست کە بۆ

واتای شتەکە دێ لە دەستە زاڵبووەکەدا بەکاردێ، دەکرێ شێوەی دەست لەو دەستەی کە زاڵ نییە، بۆ لابردنی شتێك بێ لە سەر ڕووبەرێك وەکو بەکارهێنانی ئاماژەیەك بۆ هەڵگرتنی پیاڵەیەك لە سەر سینییەك.

- ئەم جۆرە پۆلێنکراوانە کاتێك کاردەکەن، کە زانیارییەکانی ئاخاوتن بە مەبەستی دەستەواژە بنەڕەتیە ڕێزمانییەکان بێت، بۆ نموونە ئەگەر دوو کەس قسە بکەن و ئاماژە شوێنگەییەکان بەکاربهێنن، دەکرێ فرمانەکە لەلای یەکێك لە قسەکەرەکان بێتە پێشەوە و دواشوێنی سەرچاوەکەش دەکەوێتە کۆتاییەوە.

### ١٧- ڕیزکردنی زمانی ئاماژە بە نادەستی

یەکێك لەڕواڵەتە نایابەکانی زمانەکانی ئاماژە بەکارهێنانی یاساڕێزمانیەکانێتی لەدەربڕینەکانی ڕوخسارو شوێنگەکانی لەش و سەردا.

ئەو نیشانانەی نادەستین، چەند کەناڵیکی سەربەخۆ دەگرنەوەو بەشداری چالاك لە زمانی ئاماژەدا دەکەن، لەوانە:– شانەکان – سنگ – برۆکان – پێڵوی چاو – لووت – دەم – زمان – ڕوومەت – چەناگە، هەریەك لەمانە دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ شتەکان بڵێن لەگەڵ ڕیزکردنیان بەو پێکهاتە ئاڵۆزانەی کە بەرهەم دەهێنرێن، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە نادەستییەکان، زانیاری ئاخاوتن و ڕێزمانی لە برگە فەرهەنگیەکاندا دەدەن و ئاماژە بە کۆتایی دەربڕینەکان دەکەن.

یەکێك لە سەرچاوەکانی ڕیزبەندیکردن، بەکارهێنانی گۆکردنی نادەستییە بۆ ڕێزمان و مەبەستی کاریگەر، کە بە تەواوەتی خۆی لە خۆیدا شتێکی دابڕاوە، ئەم دابڕانە بە ڕوونی دەردەکەوێت لە وەرگرتن و فێربوونی شێوە نادەستیەکان، کە لە دەربڕینەکانی ڕووخساردا پێشتر بۆ مەبەستی کاریگەر بەکارهێنراون لەم دواییەشدا بە مەبەستی واتای زمانی، دەربڕینەکانی ڕووخسار بە مەبەستی تووڕەیی و دڵتەنگی و سەرسوڕمان و کتوپڕی بەکاردەهێنرێن.

### ١٧ – ١ چۆنێتی ڕیزکردن

گەلێ تایبەتمەندی و جیاکاری نەخشەیی هەن، کە ڕێگا بەفرە گۆکردن و گوتن دەدەن، کە هەر هەمووشیان نادەستین یان دەربڕینە ڕوخساریە کاریگەرەکانن، بەبێ ئەوەی هیچ بەشداربوویەکی تر بەشداری تێدابکەن، یەکێك لەو کاریگەرییە جیابووەو ڕێزمانیانە دەرکەوتن و قەرەبوو کردنەوەیە لە پێناو واتا ڕێزمانییەکاندا.

جیاکاریە نەخشەییەکانی تریش لە نێوان هاریکاریکردن لەگەڵ پێکهاتە ڕێزمانیەکانەوە دەبێت، بۆنموونە دەست و پەنجەتێك ئالان بە شێوەیەکی نێگەتیڤی لە زمانی ئاماژەی ئەمریکیدا دەرکەوتنێکی کتوپڕی و ڕامالینی (لابردن)ی هەیە یان کار لەگەڵ ئاماژەیەکی نێگەتیڤیدا دەکات یان کار لەگەڵ پێکهاتەی تێڕوانینێکی نێگەتیڤی تەواودا دەکات، دەست و پەنجە تێکالانی ئەو کەسانەی کە بەزمانی ئاماژە نادوێن ئەوا بە شێوەی پلە بە پلە و لابردنی دەردەکەوێت و لە شوێنی ڕستەدا کاردەکەن و پەیوەندی بەبنیادی زمانی ئینگلیزیەوە نییە، یان بۆ کات دانان لە سایەی ئەو واژەیەی دەست و پەنجە تێکالاندنە، کە دەیخاتەڕوو کە لە زمانی ئاماژەی ئەمریکی دا ئەو شێوەیە خۆی نێگەتیفە، بەکارهێنانی زمانی بەتەواوەتی بەسەریدا زاڵە، کاتێك دەرخستن و لابردنی شوێنگەکانی ڕێك دەخات بەلەبەرچاوگرتنی ئاماژە دیاریکراوەکان ئەم شێوە تایبەتمەندییە نەخشەییە ئەوە دەسەلمێنێ، کە بەکارهێنانە زمانییەکان جیاوازە لەو ڕووەوە کە ئاسانترە لە بەکارهێنانە نازمانیەکان هەروەها دابەشکردنی شوێنگە بۆ شێوە نادەستییەکان لە ڕێگای ڕووخسارو سەروشانەوە، کەناڵی زانیاریی ڕوون و جیاوازمان پێشکەش دەکەن، لەم ڕووەشەوە دەکرێ ئاماژە نازمانییەکانی ڕوخسار بکرێنە دوو بەشەوە:–

بەشی سەرەوەی ڕوخسار

بەشی خوارەوەی ڕوخسار

لە شیتەڵکردنی زمانی ئاماژەی دانیمارکیدا جەخت لە سەر سێ ئاماژەی نادەستی کراوە . (حسین مصگفی عبدالفتاح – ١٩٩٦ : ٥٦)

●چاوی نیوە داخراو

●بەرزکردنەوەی برۆ

●کشانەوەی چەناگە بەرەو دواوە

سەبارەت بە ئاماژەکردنی بـرۆو بەرزکردنـەوەی، ئاماژەبـە زانیارییـە سـەرەکییە بیردۆزییـەکان دەکـات، کـە نـوێ بـن و ئـەو کەسەی بەو زمانە قسەدەکات گریمانەی دەکات و ناونیشانی بۆ دادەنێت، بۆ ئەوەی ناسـراو بـێ و بـە ئاسـانی پێـی بگـەیت، هەروەها ئەوان تێبینی گۆڕانکاری بیردۆزەیی تریش دەکەن، لە بەرامبەر ئەوەش ئاماژەی چاوی نیوە داخراو، بۆ پێدانی ئـەو زانیاییانەی کەسی کـەڕولاڵ بـە گریمانـەی دەکـات هەنـدێك تێڕامـانی تیـادا بکـات و بەئاسـانی نەگەیتـە مەبەسـت و واتاکـەی هەروەها کشانەوەی چەناگە بەرەودواوە، ئاماژە بە ئەو بابەتانە دەکات، کە دەخوازێ برۆکانیشی لەگەڵدا بەرز بکرێتـەوە یـان نیمـچەچاو نوقاندنێکیـشی لەگەڵـدا بێـت بـەکارهێنانی ئـەم ئاماژانـە لەلایـەنی ئـەو کەسـەوە کـە بەکاریـدەهێنێ بـۆ ئەوەیـە قەرەبووی زانیاری بکاتەوە لەبیری کەسی وەرگرو پێزانینی .

**١٧ – ٢ هەڵبژاردەکانی بەشی خوارەوەی ڕووخسار**

لە زمانی ئاماژەی ئەمریکیدا بەشی خوارەوەی ڕووخسار بۆ گەیاندنی زانیـاریی وەسـفی و کـرداری بـەکاردەهێنرێ لەکاتێکـدا ڕوخسارو زمان و ڕوومەت، ئاماژەی واتایی دەبەخشن کە بەبڕگە ڕێزمانییەکانەوە بە ستراون، لەم بارەشـدا سـێ هەڵبـژاردەی کرداری بۆ بەشی خوارەوەی ڕووخسار هەن:–

●ئەوجوڵانەی کـە دروسـت دەکـرێن بـە فـشار خـستنە سـەر لێوەکـان بـۆ ئامـاژەکردن بـە خۆشـی و گەشـی بەرامبـەر بـە ڕووداوێکی دیاریکراو.

●ئەو جووڵانەی بەڕێگای جووڵەی چەناگەو کشانەوەی بـۆ دواوە بـە شـێوەیەکی شـل، کـە دەبێتـە مایـەی جیابوونـەوەی لێوەکان دەرکەوتنی سەری زمان، وەکو دەربڕین لە بێ بایەخی و شتی نادروست.

●ئەو جووڵانەی کە کەمێك سەری لەگەڵدا خواردەکرێتەوەو هەردووشان بەرز دەکرێتەوە و لێوەکان لەیـەك تونـد دەکـرێنو ددان بە توندی دەخرێنە سەر یەك و هەندێ جاریش دان جیڕدەکرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی نزیـك بوونـەوە لـە کـات و نوێخوازی.

**١٧ – ٣ هەڵبژاردەکانی بەشی سەرەوەی ڕووخسار**

ئەو بۆ چونانەی تا ئەمڕۆ سەبارەت بە بەشی سەرەوەی ڕووخسار و بەشەکانی لەش و سەری مرۆڤ خراونەتـە ڕوو بـۆ ئـەوەی بەشداری لە زمانی ئاماژە دابکەن و واتا بگەیەنن پتر بەو شێوەیە ئاماژەی بۆ کـراوە کـە بـە هەیکـەلی ڕێزمـانی دیـاریکراوە و گرێدراون گەرچی داخستنی هەر شێوەیەکی نادەستی بە شێوەیەکی تەواو شیتەڵکاری بـۆ دەکرێـت (کـولتر – ١٩٧٩) یەکـەم کەسە کە پێکهاتـەی بەشـەکانی ئـەم کۆمەڵەیـەو ئەرکـەکانیانی دەستنیـشانکردووە هـەر یەکـەو بـەپێی ئـەو تایبەتمەنـدی و ئەرکەی دەیگرێتە ئەستۆ لە زمانی ئاماژەدا.

بەشی سەرەوەی ڕوخسارو سـەر زاڵبـوون و دەسـەڵاتی زۆریـان هەیـە، لـە ئاماژەنادەسـتییەکاندا هەیـە، تەنانـەت بـە سـەر ئاماژەکانی بەشی خـوارەوەی ڕوخساریـشدا زاڵـتر و باڵادەسـت تـرە و زانیـاری کـێش و ئـاوازو سـترێس لـە وشـەو ڕسـتەکان دەگەیـەنن، زۆر جـار جووڵـەکانی بەشـی خـوارەوەی ڕوخـسار دەتـوانن ببنـە پێکهاتـە لـە پێکهاتـەکانی بەشـی سـەرەوەی ڕوخسار. (Wilbur: 2003: 332: 346)

**١٨– زانستی واتای گوزارشتەکان**

یەکێك لەو بۆچوونە پشت پـێ بەسـتراوانەی ئامـاژە بـە گەشـەی زمـان دەکـات و چوارچـێوەیەکی بـۆ دیـاری دەکـات، چـەند بنەمایەکن بە (فۆرم ، ناوەرۆك ، یاسا) ناودەبرێن ئەم سێ لایەنە نەك هەر لە زمانی ئاخاوتنی دەنگی دا دەبینرێن، بەڵکو لـە

زمانی ئاماژەشدا (فۆرم) لە شێوەی جووڵەکانی ئەندامەکانی لەشدا بەرجەستە دەبێ ڕێزمانەکەشی ئەو یاسایانەن کە بڕیاری ڕیزکردنی و بەدوایەکدا هاتنی فۆڕمەکان دەدات، ناوە ڕۆکەکەشی ئەوا ئەو واتایانەن، کە نێرەر دەیەوێ بیگەیەنێتە وەرگر. فۆڕمەکانی دانە واتاییەکانیش بریتین لە :–

- وشە – یان (بەشەکانی وشە)
- بڕگە
- ڕستە و لە ڕستە گەورەتر.(paull: 2009: 29:41)

**١٩– هۆکاری هەژمارنەکردنی ئاماژەی ئینگلیزی بە زمانێکی ئاسایی**

دیارە زمانی ئاماژەی ئەمریکی و زمانەکانی تریش پشت بە پۆلێنکردن دەبەستن، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە زمانی ئاماژە یان درکاندن بەدەست سست ترە لە زمانی گۆکراو (ئاخاوتن) لە بەراوردکردنی زمانەکانی ئاماژەدا ئەو پۆلێنە بەربڵاوەو پەسەندکراوە کە چارەسەری گرفتەکانی ئاخاوتنی سست دەکات لەم ڕووەوە زمانی ئاماژەی ئەمریکی هەڵدەبژێررێ لە ڕێگای ئەو کەڕولاڵانەی کە زمانی ئاماژەی ئینگلیزی بەکاردەهێنن و زمانی ئاماژەی ئەمریکی دەزانن یان نایزانن، دەرکەوت کە زمانی ئاماژەی ئینگلیزی ڕێك وپێك نییە و ئەوانەشی زمانی ئاماژەی ئەمریکی بەکاردێنن ئەوا ئاماژە نادەستیەکان بە کاردەهێنن، لە کاتێکدا زمانی ئاماژەی ئینگلیزی و یاساکانی نایەڵن حوکمەکانی بنیادی گەشەپێدانی پۆلێنکردن هەبن و قەدەغەیان دەکات و ڕێگانەدانەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بوارانە لە زمانی ئاماژەی ئینگلیزیدا نییە تا ڕێگای گەشەکردنی بدات و بەکارێکی باشی بزانێت و بەهیچ شێوەیەك ڕێگای ئەوە نادات ئاڕاستەکردنی ئاماژەیەك بۆ کەسێك یان بابەتێك گۆڕانی بە سەردابێت، لە ژێر سایەی ئەم ئاستەنگانەدا کە لە زمانی ئاماژەی ئینگلیزیدا هەن لە بنەڕەتدا ڕەتکردنەوەی هەموو فێربوونێکی نوێیە چ لە منداڵێکەوە بێ، یان سەرچاوەکەی کەسێکی کامڵ بێ. (Wilbar: 2003: 332: 346)

**ئەنجامەکان**

ئەم توێژینەوەی ئێمە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

١– زمانی ئاماژە بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتن، زمانەکە لەلایەن پەیڕەوکەرانی دروست بووە، دواتر تیۆری بۆ داڕێژراوە، واتە کاراکراوە دواتر کراوە بە تیۆر، کەچی زمانی ئاخاوتن زۆرجار لەشیکردنەوەکانیدا لە قاڵبی تیۆری دەدرێت.

٢– کێشەی بەستاندارد نەکردنی ئەو زمانە زیاتر لە وێنەی ئاماژەیی فۆنیمەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە وێنەی ئاماژەیی زمانەکان لەیەکتر جیاوازن.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

– محمد على كامل (٢٠٠٣) اخصائي التخاطب و مواجهة اللغة عند الاطفال مكتبة النهضة المصرية القاهرة.

– محمد ابو شعيرة (٢٠١٢) كتابة اللغة الاشارة و آمال الصم مجلة الجزيرة السعودية – العدد – ٢٥٥.

– عبدالعليم محمد عبدالعليم شرف(٢٠١٠) مترجم لغة الاشارة في الفصول الدراسيه العامه بين الواقع و المأمول، عالم الكتب – القاهرة. ط١

– حسين مصطفى عبدالفتاح(١٩٩٦) اساليب الاتصال لتعليم ژوى الاحتياجات السمعيه الخاصه ((الصم و چعاف السمع) القاهره – مكتبه الگلبه .

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- Lawson, L (1981), the Role of sign in the structure of the deaf people and their Language, Cambridge University press, Cambridge.
- Benice woll (1985), change in British sign Language Final report to the Lever Hulme Trust.
- Wilbur R. (2003). Modality and The of Language and Signed systems. in mark mars Schark and Patricia Speaker (e.d.s), Deaf studies, Language, and education. Oxford university press.
- Smith, D (2007), Introduction to special education: making adifference. Boston Allyn and Bacon.
- Boyes - Braem, p. (1987), semantic Roles in Italian sign Language and in French Swiss Sign Language, the mit press, Cambridge, mass.
- Martin, F. (1996) Parent and Family.
- counseling In: F. Martin & Clark (EDS), Hearing care For children. Boston, Allyn and Bacon.
- Owens, R. (1999). Language disorders:
- A functional approach to assessment and intervention Boston, Allyn and Bocon.
- Kyle J. G. and woll, B. (1985) sign language the study of deaf people and their language, Cambridge university press, Cambridge.
- Battison, R. (1978) Lexical Borrowing in American sign language, instok press, silver spring.
- Liddell, s. k. (1978) Non - manual signals and relative clauses in American sign Language galloaudet university, Washington, D.C
- Fisher S. and Hulst, H. (2003). sign Language structures, In Mars Chark and Patricia Spencer (EDS), deaf studies, Language, and education, Oxford university press.
- Spencer, L. and Tomblin, B. (2006), speech production and spoken Language development of children using Total communication. In Marschark and Patricia Spencer (EDS), advances in the spoken Language development of deaf and hard hearing children, oxford university press.
- Smith, D (2001) Introduction to special education: Teaching in an age of challenge Boston: Allyn and Bacon.
- Paul, P. (2009). language and deafness Boston: Jones and Bartlett.

## الخلاصه

هذا البحث الموسوم بـ (الغرض من البحث في متون لغة الاشاره). ان البحث بالاصل مقبس من اطروحة الدكتوراه والتى انوي تقديمها قريبا لعرض المناقشة ضمن متطلبات دراسة لدكتوراه فهذا العنوان يدخل كجزء و احد فصول الاطروحة. ارتاى الباحث فى هذا البحث عرض مخارح هذا النمط من اللغات كونها تستند الى الحركات الجسدية بين الجيدو المقل و بين الرأس و الأطراف وان كان هذا النوع من اللغات قد تطورت دراستها فى اللغات الاوروبية وقد صيغت نظريات و اراء حولها. لكن ضمن الدراسات الكوردية لاتصل الى مستوى الطموع او المطلوب. لذا طرحت جوانب عدة في هذة الاطروحة لهذا النمط من الدراسات و نركز في هذا الفصل حول تحليل لغة الاشارة ضمن المستويات اللغوية و منصنامينها المستوى الصوتى والصرفى والنحوى في اللغة الكوردية.



## Abstract

The research which entitled the (the porpuse of studying the sign language) in the content originaly the researeh is apart of a desertation In this researeh the researeher see that the core of this kind of languag which depedes the body mouement between his head and foot. This kind of researeh was developed in eurpean studies but in kurdish language we head never seen arsearen rasism to kguarmm lern. There fore we try to enter to all linguistic level research.

# مۆرفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاستدا
# توێژینەوەیەکی دەنگوشەسازیە

پڕفیسۆری یاریدەدەر
دکتۆر عەبدوڵلا حوسێن ڕسول
فاکەڵتیی ئاداب – زانکۆی سۆران

١ / ٩ / ٢٠١٣

## ﴿مۆڕفۆفۆنیم لە دیالێكتی ناوەڕاستدا﴾

**توێژینەوەیەكی دەنگوشەسازیە[١]**

**پێشەكی:**

مۆڕفۆفۆنیم، ئەو تاكە دەنگانەن كە لە ئاستی دەنگسازیدا فـۆنیمن و دەتـوانن لـە ئاسـتی وشەسـازیدا بـبن بـە مـۆڕفیم و لـە ئاستی ڕستەسازیشدا ڕۆلی مۆڕفیمیی خۆیان دەپارێزن و بە پێی كەوتگەی ڕستەییان ئەركی خۆیان دەبینن.

زۆربەی مۆڕفۆفۆنیمـەكان مـۆڕفیمی بەنـدن و مـۆڕفیمی سـەربەخۆیان زۆر كەمـە، تەنانـەت ئەوانـەی لـە ڕوی ڕوخساریـشەوە (داڕشتن) سەربەخۆن لە ڕوی ناوەڕۆكەوە (واتاوە) بـە مۆڕفیمـەكانی دەوروبەریانـەوە بەنـد دەبـن. هەنـدێ مۆڕفۆفۆنیمـەكان وشەداڕێژن و هەندێكیان ڕێزمانین.

لە ڕێزمانی كوردیدا، بە شێوەیەكی گشتی، باسی زۆر لە مۆڕفۆفۆنیمەكان كراوە. هەندێكیان لە چوارچێوەی ڕۆنانی وشە یـان ڕستەكان ناویان هاتوە و هەندێكیان وەكو ئامراز یان مۆڕفیمی بەند ئاماژەیان پێكراوە، بەڵام وەكـو باسـێكی ورد و گـشتگیر نەخراونەتـە دو تـوێی توێژینەوەیـەك. ئـەم بابەتـە هەوڵێكـە بـۆ كۆكردنـەوە و تـاوتوێكردنی سـەرجەم مۆڕفۆفۆنیمـەكان لـە دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا. هەوڵدراوە بە پێی ڕێبازی شیكردنەوە ڕوماڵ بكرێنەوە و كەموكوڕی و هەڵەكانی ڕێزمانی لاساییكردنەوەی پێشتر ڕاستبكرێنەوە.

لەم توێژینەویەدا بۆ ئەوەی توێژەر دوچاری دوبارەبونەوە و پۆلینكردنی ورد و ئاڵۆز نەبێ، بـە پێـی ڕیزبەنـدیی ئـەلف و بێـی كوردی[٢]: (ە، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، ھ، و، ۆ، ی، ێ.) بـە فۆنیمەكاندا هاتۆتە خوارەوە و هەر فۆنیمێك توانای بونە مۆڕفیمی هەبێ، توتوێكراوە و خراوەتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە ناوەڕۆك و ئەنجامەكان، لە كۆتاییدا پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی و لیـستی سەرچـاوەكان خراوەتـەڕو.

---

١– دەنگوشەسازی = مۆڕفۆفۆنیمی

٢– زمانەوانی. بەرگی پێنجەم. بەرگەكانی (٤–٧)ەم. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو. ٢٠١٠. ل٢٠٦.

## مۆرفۆفۆنیم لە دیالێکتی ناوەڕاستدا

دەنگوشەسازی (مۆرفۆنۆلۆجی یان مۆرفۆفۆنۆلۆجی)[٣] ئەو ئاستەی زمانە کە دەکەوێتە نێوان هەردو ئاستی دەنگسازی و وشەسازی[٤]، کە تیایدا تیشك دەخرێتە سەر پێکهاتەی ئەو مۆرفیمانەی لە فۆنیم پێکدێن[٥]. لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مۆرفیم هەن کە لە تاکە دەنگێك (phoneme) پێکدێن و وەك جۆرەکانی تری مۆرفیم ڕۆڵی چالاك لە ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی دەگێڕن و هەندێکیان لەبەر بچوکی قەبارە و نیانی (flexibility) و خۆگونجاندنیان دەتوانن ڕۆڵی زۆرتر و چالاکتر لەوانی تر بگێڕن. جگە لەمە، زمانی کوردی ڕێژەیەکی زۆر مۆرفیمی بەندی تیادایە[٦] و دەکەوێتە بەر گروپی زمانە نوساوەکان (Agglutinative)[٧]، ئەمە وایکردوە، ژمارەیەکی زۆر لە فۆنیمەکانی زمانی کوردی ڕۆڵی مۆرفیم ببینن و ببنە مۆرفۆفۆنیم.

ئاشکرایە، فۆنیم ئەو کورتە دەنگانەن کە دەتوانن لە دەستەی وشە لەیەکچوەکاندا (جوتۆکەکان) واتای جیاواز دروست بکەن[٨]. واتە،(کاتێ دەتوانرێ دو دەنگ بەکاربهێنرێن بۆ جیاکردنەوەی وشە هاوشێوەکان، دەوترێ ئەو دەگانە فۆنیمی جیاوازن)[٩]. بۆیە فۆنیمەکان کورتترین دەنگن کە دەبنە هۆی واتا گۆڕین. بەڵام (مۆرفیمەکان، بچوکترین فۆرم و یەکەی بنەڕەتین لە ڕۆنانی ڕێزماندا)[١٠]. واتە، ئەو بچوکترین پارچانەی زمانن کە واتایان هەیە[١١]، یان بچوکترین دانەی واتاداری زمانە[١٢].

هەندێ جار تاکە فۆنیمێك واتایەك هەڵدەگرێ و دەبێتە مۆرفیمێك. ئەم جۆرە فۆرمانە لە ئاستی دەنگسازیدا دەبن بو فۆنیم و لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا دەبن بە مۆرفیم، بۆیە پێیان دەوترێ مۆرفۆفۆنیم (Morphophoneme). ئەم مۆرفۆفۆنیمانە سودی زۆریان بۆ زمان هەیە لە ڕوی ئابوریی زمانەوانی و بەفێرۆنەدانی کات و وزەی[١٣] ئاخێوەر.

مۆرفۆفۆنیمەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی، بە پێی ڕیزبەندیی ئەلف و بێی کوردی بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ١: مۆرفۆفۆنیمی {ە}:

فۆنیمی /ە/، یەکێکە لە فۆنیمە بزوێنەکانی زمانی کوردی، کورتترین دەنگە لە گروپی بزوێنەکاندا، لە هەمان شێوەی بزوێنی درێژی /ا/یە، بەڵام درێژی دەنگەکەی نزیکەی نیوەی ئەوە. (لە سنووری فۆنۆلۆژییدا ئەم دوو ڤاوڵە بەرانبەری یەکدی دائەنرێن چونکە تەنیا لە ڕووی کورت و درێژیەوە جیاوازن.... موعەددەلی گشتی ڤاوڵی درێژ ٣٦,٢ میللیمەتر و موعەددەلی گشتی ڤاوڵی کورت ٢٣,١ میللیمەتر دەرچووە)[١٤].

---

(David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics.5th Edition. 2003. UK. P302.)بڕوانە. (morphophonemic's)

٣- لە ئینگلیزی ئەمەریکیدا بەم ئاستە دەوترێ: مۆرفۆفۆنیمیکس

4- David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics.5th Edition. 2003. UK. P302.

5-Geoffrey Finch. Linguistic Terms and Concepts. 2000. USA. P59.

٦- وریا عومەر ئەمین. مردنی وشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە ٤٥. حوزەیرانی ١٩٨٦. ل١١-١٢.

٧- عبدالواحد وافي. علم اللغة. الطبعة السابعة. دار نهضة مصر للطبع والنشر. ١٩٧٢. ص١١٥.

8-J. D. O'Connor. Better English Pronunciation. 2nd Edition. 2003. P150.

9-Peter Ladefoged. A Course in Phonetics.5th Edition. 2006. USA. P33.

10-John Lyons. Language and Linguistics. 2002. Cambridge.P103.

11-F. S. Scott. & …. English Grammar. 1978. London. P8.

12 -Bloomfield. Language.Henry Holt, Rinehart & Winston. 1933. New York. P178.

١٣- دەروون عبدالرحمن سالّح. ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. هەولێر. ٢٠١٢. ل٥٣.

١٤- غازی فاتح وەیس. فۆنەتیك. بەغدا. ١٩٨٤. ل٧١-٧٣.

لە ئاستی ڕێزماندا، مۆرفیمێکی زۆر چالاکە کۆمەڵێك ئەرکی گرنك ئەنجام دەدا[١٥]. سەرجەم ئەرکەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ واتا وردەکەی کە (نزیکی)یە. ئەگەر بە وردی سەرنجی مۆرفۆفۆنیمی {ه} بدەین و لە ڕوی واتاییەوە تیشکۆی بخەینە سەر، لە سەرجەم ڕۆلەکانیدا لە چوارچێوەی بەخشینی واتای (نزیکی) یا نزیکبونەوە کاردەکا. لەوانە:

**١-١- مۆرفۆفۆنیمی {ه}ینزیککردنەوە لە ڕاناوی نیشانەدا:**ڕاناوی جیای کەسی سێیەمی تاك (ئەو / ئەم)، ئاماژە بە کەسێکی دورتر لە کەسەکانی یەکەم و دوەم دەکا. ئەمەش وایکردوە، ڕۆلی ڕاناوی نیشانەش بگێڕێ. هەڵبەتە، کەسی یەکەم و دوەم، واتە قسەکەر و گوێگر کەسانی نزیکن و بەم ڕاناوە ئاماژە بۆ کەسە دورەکە دەکەن، کە لایان نیە و ناونراوە کەسی سێیەم. لێرەدا کاتێ مۆرفۆفۆنیمی {ه} وەکو پاشگرێك دەخرێتە سەر ئەم ڕاناوە، کەسە دورەکە نزیك دەکاتەوە و ڕاناوی نیشانەکە لە دورەوە دەگۆڕێ بۆ نزیك. بەراوردی ئەم نمونانەی خوارەوە بکە:

ـ ئەم / ئەو هات. ئەم+ {ه} ← ئەمە / ئەو+ {ه} ← ئەوە   ئەمە / ئەوە هات.

ـ ئەم / ئەو جوانە.          ئەم+ {ه} ← ئەمە / ئەو+ {ه} ← ئەوە   ئەمە / ئەوە جوانە.

ـ ئەم / ئەو جیایە.          ئەم+ {ه} ← ئەمە / ئەو+ {ه} ← ئەوە   ئەمە / ئەوە جیایە.

شایانی باسە، دوری و نزیکی ڕاناوی نیشانە ناگەڕێتەوە بۆ هەردو دەنگی [م] و [و] لە ڕاناوەکانی (ئەم) و (ئەو)دا، چونکە هەردوکیان بۆ کەسی سێیەمی تاکی دورن بە پێی شێوەزاری ناوچەکان، بۆ نمونە تەنیا ڕاناوی نیشانەی (ئەو) و (ئەوە) لە شێوەزاری سۆرانی بەکاردێ و (ئەم) و (ئەمە) بەکارنایێ، لە شێوەزاری سلێمانی تا ڕادەیەك پێچەوانەیە. واتە، نزیکیەکە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ مۆرفۆفۆنیمی نزیکیی {ه} نەك [م]ەکە.

**١-٢- چەمکی بەستنەوە:**مۆرفۆفۆنیمی {ه} دەتوانێ دو مۆرفیم یان دو وشەی سادە بەیەکەوە ببەستێتەوە و وشەیەکی لێکدراویان لێ دروستبکا، یان دو لاڕستە بەیەکەوە ببەستێتەوە و ڕستەیەکی سادەیان لێ دروستبکا. «ئامرازی (ـە) لەنێو زمانە ئێرانێکاندا تەنێ لە زمانی کوردی دا بەدی دەکرێت. ئەمەش تایبەتێتی زمانی کوردی لە ئامرازەکانی خستنەسەردا دەردەخا»[١٦].

**١-٢-١- بەستنەوەی دو وشە:**مۆرفۆفۆنیمی نزیکیی {ه} دەتوانێ دو وشە لەیەك نزیك بکاتەوە و بەیەکیان ببەستێتەوە. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ـ مێرگەسور.  ↔      مێرگ + {ه} + سور ← مێرگەسور.

ـ گوڵەگەنم.      ↔      گوڵ + {ه} + گەنم ← گوڵەگەنم.

ـ گێلەپیاو.      ↔      گێل + {ه} + پیاو ← گێلەپیاو.

**١-٢-٢- بەستنەوەی دو لاڕستە:**هەروەها ئەو مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ دو بەشی ڕستەش بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە یەکیان نزیك بکاتەوە:

ـ دەچمە هەولێر. ↔     دەچم + {ه} + هەولێر ← دەچمە هەولێر.

ـ بەردێکم هاوێشتە گۆمەکە. ↔   بەردێکم هاوێشت + {ه} + گۆمەکە ← بەردێکم هاوێشتە گۆمەکە.

ـ میوانەکان گەیشتنە فڕۆکەخانە. ↔ میوانەکان گەیشتن + {ه} + فڕۆکەخانە ← میوانەکان گەیشتنە فڕۆکەخانە.

---

١٥–عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی (ه) لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری سابات. ژمارە ١. ساڵی ٢٠٠٥. ل٣٨.

١٦–کوردستانی موکریانی. ئامرازی (ـە) خستنەسەر و چەند ڕوونکردنەوەیەکی زمانەوانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٨١. ١٩٨٠. ل١٨.

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدرێ کە مۆرفۆفۆنیمی {ە} دەتوانێ ئەرکی ئامرازەکانی پەیوەندی ببینێ و شوێنیان بگرێتەوە. دەشێ هەر ئەو مۆرفۆفۆنیمەش بێ چوبێتە سەر ئامرازەکانی پەیوەندیی (ل، ب، د)ی دیالێکتی ژورو و لە ناوەڕاست بوبن بە (لە، بە، دە).

**١-٣- چەمکی ناساندن:** بە هۆی واتا وردەکەی نزیکیی مۆرفۆفۆنیمی {ە} توانیویەتی ئەرکی ناساندنیش ئەنجام بدا و کەسێکی دوری نەناسراو نزیك بکاتەوە و بیناسێنێ. «{ە}ش هەروەك (ەکە) نیشانەی ناسیاویە.... نیشانەی {ە}ی ناسیاوی کاتێك دەچێتە سەر وشە، دەتوانێ مانا و مەبەستی شتێك ئاشکرا بکا»[١٧].بۆ نمونە:

- (فڕانی و بە دارا هەڵگەڕا... کوردە ئارامی لێ بڕا. کورد + {ە} ← کوردە.
- ئاگرێکی بۆ کردەوە... مارەی گەرم کردەوە. مار + {ە} ← مارە.
- باوکە هەر خەریکی کار و کاسبییە و ... باوك + {ە} ← باوکە.
- جووە زۆر هات و چۆی ماڵی پادشای دەکرد..)[١٨] جوو + {ە} ← جووە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی نیشانەی ناساندنی (ەکە)ش بدەین، هەر هەمان دوبارەبونەوەی مۆرفۆفۆنیمی نزیکیی {ە}یە و ناوبڕی (ك) کەوتۆتە نێوانیان[١٩]. «(ە)ی ناسیاوی وەك (ەکە) بە دوای ناو و ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێ. دوور نی یە ئەم نیشانەیە کورت کراوەی (ەکە) بێت»[٢٠]، واتە، « (ە)ی ناسیاوی، نیشانەیەکە ناو و ئاوەڵناوی پێ دەکرێتە ناسیاو»[٢١].

**١-٤- چەمکی گۆڕینی ئاوەڵناو:** ڕێژەیەکی کەم لە ئاوەڵناو هەن، دوای وەرگرتنی مۆرفۆفۆنیمی {ە}ی نزیکی، لە بری ناساندنیان بەشی ئاخاوتنی ئەو ئاوەڵناوانە دەگۆڕێن بۆ ناوی داڕێژراو. «پاشگری (ە) یاریدەی ڕۆنانی ناوی داڕێژراو دەدات»[٢٢]. وەك:

- خراپە. ← (خراپ) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (خراپە) ناوی داڕێژراو.
- چاکە. ← (چاك) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (چاکە) ناوی داڕێژراو.
- بەندە. ← (بەند) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (بەندە) ناوی داڕێژراو.
- تەختە.← (تەخت) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (تەختە) ناوی داڕێژراو.
- سەوزە. ← (سەوز) ئاوەڵناو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (سەوزە) ناوی داڕێژراو.

هەندێ جار بە هەمان شێوە، ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ ناوی داڕێژراو لە کاری ڕابوردو دروستبکا. وەك:

- کردە. ← (کرد) کاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (کردە) ناوی داڕێژراو. (کردەی من و بردەی ئەو).
- بردە. ← (برد) کاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (بردە) ناوی داڕێژراو.
- خواردە. ← (خوارد) کاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (خواردە) ناوی داڕێژراو.

---

١٧- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆجی. بەشی یەکەم ناو. بەغدا. ١٩٧٩. ل١٩٦-١٩٧.

١٨- هەمان سەرچاوە. ل١٩٧-٢٠٠.

١٩- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری (سابات. ژمارە ١. ساڵی ٢٠٠٥. ل٣٩).

٢٠- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجی خوارووادا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٣. ژمارە ٢. ١٩٧٧. ل١٤٦.

٢١- هەمان سەرچاوە. ل١٦١.

٢٢- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

ـ دیدە. ← (دیت) کاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (دیدە) ناوی داڕێژراو.

ـ گوتە. ← (گوت) کاری ڕابوردو + {ە} مۆرفیمی نزیکی ← (گوتە) ناوی داڕێژراو.

**١-٤- چەمکی کاتی ئێستا:** دەمی ئاخاوتن، نزیکترین کاتە و پێی دەوترێ (کاتی ئێستا). مۆرفۆفۆنیمی {ە}ش واتای نزیکی دەگەیێنێ، بۆیە بۆ ئاماژەکردن بە نزیکترین کات بەکارهاتوە و بوە بە مۆرفیمی کاتی ئێستا. ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە ڕونی و بە ئاشکرا لە ڕستەی هەواڵدانی کەسی سێیەمی تاك و لە ڕستەی فەرماندانی کەسی دوەمی تاك دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو لەو دو شوێنەدا سفرە و دەرناکەوێ:

١-٤-١- مۆرفیمی کاتی ئێستا لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا بۆ کەسی سێیەمی تاك:

ـ ئازاد کوردە.← کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (Ø)ی ڕاناوی لکاوی ك ٣ تاك.

ـ ژیان بەرخۆدانە.←بەرخۆدان (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (Ø)ی ڕاناوی لکاوی ك ٣ تاك.

ـ ئەو پیاوە باوکمە.←باوکم (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (Ø)ی ڕاناوی لکاوی ك ٣ تاك.

١-٤-٢- مۆرفیمی کاتی ئێستا لە ڕستەی فەرماندانی کەسی دوەمی تاك:

ـ وانەکەتبخوێنە.←(ب) مۆرفیمی فەرماندان + (خوێن) ڕەگی کار + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (Ø)ی ڕاناوی ك ٢ تاك.

ـ مەنوسە.← (مە) مۆرفیمی نەرێی فەرماندان + (نوس) ڕەگی کار + (ە)ی مۆرفیمی ئێستا + (Ø)ی ڕاناوی لکاوی ك ٢ تاك.

١-٤-٣-بەڵام ئەگەر ڕاناوی لکاو دەرکەوت، مۆرفیمی کاتی ئێستا دەبێ بە سفر(Ø) و دەرناکەوێ. لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا تەنیا لە کەسی سێی تاك مۆرفۆفۆنیمی {ە} دەردەکەوێ، چونکە ڕاناوی لکاو سفرە(Ø)، لە سەرجەم کەسەکانی تر دەرناکەوێ، چونکە ڕاناوەکانیان سفر نین و دەردەکەون:

ـ من کوردم.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی تاك.

ـ تۆ کوردی.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی تاك.

ـ ئێمە کوردین.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ین)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی کۆ.

ـ ئێوە کوردن.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی کۆ.

ـ ئەوان کوردن.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٣ی کۆ.

١-٤-٤- هەروەها بە هەمان شێوە لە ڕستەی فەرماندانردا بۆ کەسی دوەمی کۆ مۆرفیمی کاتی ئێستا دەبێ بە سفر(Ø) و دەرناکەوێ، چونکە ڕاناو سفر نیە و دەردەکەوێ:

ـ (ئێوە) بخوێنن.←(ب) م. فەرماندان + (خوێن) ڕەگی کار + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

ـ (ئێوە) مەنوسن.←(مە) م.نەرێی فەرماندان + (نوس) ڕەگی کار + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

ـ (ئێوە) وشیاربن.←(وشیار) فرێزی ناوی + (ب) ڕەگی کار + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ن)ی ڕاناوی کەسی ٢ی کۆ.

بە هەمان شێوە مۆرفۆفۆنیمی {ە} لە ڕۆنانی کارەکانی (ڕانەبوردو، ڕابوردوی بەردەوام و ڕابوردوی تەواو) هەمان ڕۆلی کاتی ئێستا دەبینێ[٢٣].

٢٣- بۆ پتر زانیاری بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە ١١٨. پێنجشەممە ١٩٩٧/٧/٢٤.

**١.٥- چەمکی بچوککردنەوەی ناوی تایبەت:** هەندێ جار مۆرفۆفۆنیمی {ە} بە هۆی واتای نزیککردنەوە بنەڕەتیەکەی دەکەوێتە دوای ناوەکان و وەکو پاشگرێك بە مەبەستی بانگکردن یا ناساندنی ناوە بچوککراوەکان بەکاردێ. ئەم ئەرکەی لە ئەرکی ناساندن نزیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوە تایبەتیەکان ناسراون پێویست بە ناساندن ناکا. لەم ئەرکەدا تێکەڵییەك دەبینرێ لە نێوان (ناساندن)، (بانگکردن) و (بچوککردنەوە). بەڵام ئەوەی گومان لە چەمکی ناساندن پەیدا دەکا، ئەوەیە، بە زۆری ناوەکان لە ڕستەکان یان دەقەکاندا پێشتر ئاماژەیان پێ نەکراوە. ئەوەی گومان لە بانگکردن پەیدا دەکا، ئەوەیە، جگە لە دۆخەکانی ڕستەی بانگکردن، وەك ناوەکە بە تەنیا یان ڕستەی فەرماندان،ئەم ناوانە لەگەڵ ڕستەی هەواڵدان و پرسیاریش بەکاردێن. هەروەها ئەوەی گومانیش لە چەمکی بچوککردنەوە پەیدا دەکا ئەوەیە، سەرجەم ناوە بچوککراوەکان بەشێکیان لە دواوە کرتاوە، واتە، خۆیان بچوککراونەتەوە. دەشێ وا دابنرێ بە پێی مەبەستی قسەکەر یا جۆری ڕستەکە یەکێ لەم ئەرکانە وەربگرێ. وەك:

- فاتە! وەرە.		- باوکە! منیش لەگەڵ خۆت بەرە.
- نازە! نەختێك ئاوم بۆ بێنە.		- مامە! تۆ چەند ساڵ لە باوکم گەورەتری؟
- خوشکە! فەرمو وەرە پێشەوە.		- باپیرە! کاتی ئێوە تەلەفزیۆن هەبو؟

لەم دۆخەدا بەزۆری دەبێتە پاشگر بۆ ناوە بچوککراوەکان، لەبەر ئەوە دەشێ زۆرتر واتای مۆرفیمی بچوککردنەوە بگەیێنێ و شوێنی پارچە کرتاوەکەی ناوەکە بگرێتەوە. ئەم دیاردەیەش بە زۆری لە ناوە عەرەبیەکان ڕودەدا. وەك:

- عوسە چۆنی؟ (بچوککراوەی عوسمان).		- ئامە فەرمو دانیشە. (بچوککراوەی ئامینە).
- عەبە کوی؟ (بچوککراوەی عەبدوڵڵا).		- حەمە چو بۆ سلێمانی.(بچوککراوەی محەمەد).
- سەعە چ کارەی؟ (بچوککراوەی سەعید).		- ئەحە خەڵکی شارەزورە. (بچوککراوەی ئەحمەد).

**٢: مۆرفۆفۆنیمی {ا}:**

فۆنیمی /ا/، فۆنیمێکی بزوێنی زمانی کوردیە. بە پێچەوانەی فۆنیمی /ە/، درێژترین دەنگە لە گروپی بزوێنەکاندا. لە ئاستی ڕێزماندا، مۆرفیمێکی زۆر چالاك نیە و ناتوانرێ واتایەکی ورد و دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکرێ.بەڵام واتایەکی ڕابوردوی خۆنەکردی تیادایە کە هێزی تێنەپەڕی بە چاوگەکان دەبەخشێ، ئەمەش وایکردوە ڕێژەی تێنەپەڕە ئەلفیەکان لە چاوگەکانی تر زۆرتر بێ. «ئەو ((ا)) (a)یە کە لە دوای تەنە ڕابوردوەکانی (the past stems)پەیڕەوی زمانەکەماندا دەبینرێ، هەر ئەو ((ا)) سرشتییەی (characteristic) پەیڕەوی زمانەکانی هیندی–ئێرانییە کە لە سەردەمەکانی هەرە کۆنیان (ویدەیی–سانسکریتی، اوێستایی، فارسی کۆن) و ناوەنجیەیانەوە بگرە هەتا ئەم سەردەمە تازانەی ئێستایان، بە لای ئێمەوە، لە کوردیدا، لە کاردان»[٢٤]. بەم پێیە مۆرفۆفۆنیمی {ا} دەتوانێ پتر لە ڕۆڵێك ببینێ لە ڕێزمانی کوردیدا:

**١.٢- مۆرفۆفۆنیمی {ا}ی کاتی ڕابورد:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە (مۆرفیمێکی ڕەسەنی ڕابوردوە و... ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە نیشاندانی کاتی ڕابوردو، بەتایبەتی لە کارە تێنەپەڕەکاندا)[٢٥]. بۆ نمونە:

- پوشەکە سوتا.↔ سوت (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.
- شوشەکە شکا.↔ شك (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.
- مەلەوانەکە خنکا.↔ خنك (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.

---

٢٤– تۆفیق وەهبی. ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ژمارە ١. بەغدا. ١٩٧٣. ل٢٨.

٢٥– عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل٩٩.

ـ زەویەکەم کێڵا.↔ کێڵ (ڕەگی کاری تێنەپەڕ) + {ا} (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاک.

لەگەڵ کاری ڕابوردوی بکەر نادیاریشدا هەمان ڕۆلی کاتی ڕابوردو دەبینێ[٢٦].

**٢-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ا}ی تێنەپەڕی:** هێزی ئەوەی تیایە کاری تێپەڕ بگۆڕی بۆ تێپەڕ و دەتوانرێ بە مۆرفۆفۆنیمی تێنەپەڕی دابنرێ. «مۆرفیمی (ا) جگە لە چەمکی ڕابوردو، هێزێکی دروستکردنی کاری خۆنەکردی تیادایە»[٢٧]. کاتێ لە هەندێ کارە تێپەڕەکاندا کە (ا)یی نین، مۆرفیمی کاتی ڕابوردویان بەتایبەتی (ی)یەکان بگۆڕین بۆ مۆرفۆفۆنیمی {ا} کارەکە لە تێپەڕ دەگۆڕێ بۆ تێنەپەڕ. وەك:

ـ دڕین ← دڕان. نامەکەم دڕی. ← نامەکە دڕا.

ـ بڕین ← بڕان. موچەکانیان بڕی. ← موچەکانیان بڕا.

ـ گۆڕین ← گۆڕان. ستایلەکەی گۆڕی. ← ستایلەکەی گۆڕا.

ـ ڕشتن ← ڕژان. دۆی دادەی ڕشت. ← دۆی دادە ڕژا.

دەشێ ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی سوانی مۆرفیمی (ر)ی بکەرنادیار پەیدا بوبێ. بۆ نمونە:

ـ خانوەکەی فرۆشت. (بکەردیار) ← خانوەکەی فرۆشرا. (بکەرنادیار) ← خانوەکەی فرۆشا.

ـ کارەکەتان کرد. (بکەردیار) ← کارەکە کردرا. (بکەرنادیار) ← کارەکە کرا.

ـ کەلوپەلەکانیان بردن. (بکەردیار) ←کەلوپەلەکان بردران. (بکەرنادیار) ← کەلوپەلەکانیان بران.

تەنانەت لە کاتی گۆڕینی چاوگێکی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ بە هۆی پاشگری (ن)، ئەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە (ا)ییش نەبێ، دەبێ بکرێتە (ا)یی، واتە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوەکەی بگۆڕدرێ بۆ (ا)، ئینجا پاشگری (ن)ی بخرێتە سەر، بۆیە بەم پاشگرە وتراوە (اندن)[٢٨]. بۆ نمونە:

ـ مردن ← مران + (د)ی ناوبڕ + (ن)ی دوەمی چاوگ ← مراندن.

ـ خزین ← خزان + (د)ی ناوبڕ + (ن)ی دوەمی چاوگ ← خزاندن.

ـ خەوتن ← خەوان + (د)ی ناوبڕ + (ن)ی دوەمی چاوگ ← خەواندن.

**٢-٣- مۆرفۆفۆنیمی {ا}ی ڕەگەز:** لە هەندێ شێوەزاری دیالێکتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی هاوسنورن لەگەڵ دیالێکتی ژورودا (وەك، ناوچەی شارەکانی ڕواندز، سۆران، حەریر و دەوروبەریان) مۆرفۆفۆنیمی {ا} وەك مۆرفیمی ڕەگەز (gender) بەکاردێ و لە کاتی خستنەسەردا ئاماژە بە ڕەگەزی مێ دەکا. وەك:

ـ داکا من. ← داك (ناوی مێ) + {ا} (مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ) + من (ڕاناوی کەسیی یەکەمی تاك).

ـ خوشکا تو. ← خوشك (ناوی مێ) + {ا} (مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ) + تو (ڕاناوی کەسیی دوەمی تاك).

ـ کیژا وی. ← کیژ (ناوی مێ) + {ا} (مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ڕەگەزی مێ) + وی (ڕاناوی کەسیی سێیەمی تاك).

شایانی باسە، ئەم دیاردەیە بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی باکور تا ڕادەیەك کاڵ بۆتەوە، بۆنمونە دەوترێ (داپیرا من) بەڵام (نەنێ من)یش بەکاردێ. تەنانەت ئێستا بەتایبەتی لە نەوەی نوێدا خەریکە {ێ} بۆ نێر و مێ بەکاردێ.

**٣: مۆرفۆفۆنیمی {بـ}:**

---

٢٦- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٠٠.

٢٧- هەمان سەرچاوە. ل١٢٥.

٢٨- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە. ل١٣٠-١٣٧.

فۆنیمی /ب/، یەکێکە لە فۆنیمە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی. (ئەم دەنگە بە شوێنی دەربڕینیدا لێوەکییە و هەردو لێو هاوبەش دەبن و دەنگێکی ئاوازەدارە و لە شێوەی دەربڕینیشدا دەنگێکی تەوژمۆکە)[29].

مۆرفۆفۆنیمی {ب} ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و چالاك دەگێڕێ. ئەم ڕۆڵە گرنگ و چالاکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتن یان بەخشینی واتای (هاتنەئارایی). «واتای (هاتنەئارایی)ش زۆر گشتی و فەرهەنگیە لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بە پێی ئەو فۆرمانەی پاش و پێشی دەکەون، واتای وردتر و تایبەتی تری جۆراوجۆر دەبینێ»[30]. واتای ئارایی مۆرفۆفۆنیمی {ب} و نیانیەکەی (مرونە) توانای ئەوەیان پێداوە، ئەم ئەرکە بایەخدارانە لە ڕزماندا ببینێ:

**٣-١. ڕەگی چاوگی بون:** مۆرفۆفۆنیمی {ب} بەهۆی هەبونی واتای هاتنەئارایی توانیویەتی بە هاوکاری (و)ی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو و (ن)ی چاوگ، چاوگێکی زۆر چالاك لە زمانی کوردیدا دروست بکا کە چاوگی (بون)ە. واتە چاوگی بون پێکهاتوە لە (بون ← مۆرفۆفۆنیمی {ب} (هاتنەئارایی) + (و) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ).

«مۆرفۆفۆنیمی (ب)ی ڕەگی چاوگی (بون) توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ فرێزە ناویەکان و هاوکاریکردنیان بۆ دروستکردنی ڕستەی جۆراوجۆر، بە واتای جیاواز، لە چوارچێوەی لەدەستنەدانی واتا گشتی و سەرەکیەکەی کە (هاتنەئارایی)یە و دەتوانرێ بە مۆرفیمی (ئارایی)ش ناوببرێ)[31]. بەم پێیە « توخمێك بو)، واتە: (توخمێك هاتە ئارا). (توخمێك ئەبێ)، واتە: (توخمێك ئەهێتە ئارا) ...هتد.»[32].

لێرەدا «چەمکی کار بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کارەکە، واتە: چەمکی ئارایی ئەگەڕێتەوە بۆ مۆرفیمی (ب). (هاتنەئارایی) چەمکێکی درشت و گشتیە، ئەتوانرێ بە پێی فرێزەکە لێك بدرێتەوە و واتای تایبەتی دەستنیشان بکرێ. بۆ نمونە:—

ـ منداڵەکە　بو　( لەدایك بو　/　منداڵێك هاتە ئارا).

ـ میوەکە　بو　( پێ گەیی　/　میوەیەکی هەراش هاتە ئارا).

ـ چایەکە　بو　( کـوڵا　/　چایەکی کوڵاو هاتە ئارا).»[33].

لە تێکڕای ئەم نمونانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، مۆرفۆفۆنیمی {ب} ڕۆلی ڕەگی کاری سەرەکی ڕستەی وەرگرتبێ و بوەتە ڕەگی چاوگی بون.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دەرناکەوێ و دەبێتە مۆرفیمی سفر (Ø). بۆنمونە:

ـ من مامۆستام.←مامۆستا (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (م)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ١ی تاك.

ـ تۆ مامۆستای.←مامۆستا (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (Ø) مۆرفیمی ئێستا + (ی)ی ڕاناوی لکاوی کەسی ٢ی تاك.

ـ ئەو مامۆستایە.←کورد (ف.ن) + (ب)ی ڕەگی بون (Ø) + (ی) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی ئێستا + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣ی تاك.

---

٢٩– ئەورەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٤١.

٣٠– عەبدولوەهاب خالید موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. ٢٠٠٠. ل٢٩.

٣١– هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.٢٠١٣. ل٢.

٣٢– عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٧٢.

٣٣– هەمان سەرچاوەی پێشو. ل١٧٣.

هۆی دەرنەکەوتن و بون بە سفری ئەو مۆرفۆفۆنیمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دارشتنی ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا و ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی {بـ} دەرکەوێ، ڕستەکان دەگۆڕێن بۆ داخوازی یان مەرجی. ﴿لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، (بـ)ی ڕەگی چاوگی [(هە)بون] لە ڕستەی کاتی ئێستادا (هەواڵدان، پرسیاری، سەرسوڕمان...) دەبێتە سفر (Ø).... لەم جۆرە ڕستانەی کاتی ئێستادا هەرگیز (بـ)ی ڕەگی کار دەرناکەوێ، چونکە ئەگەر دەرکەوێ ڕستەکە دەبێتە ڕستەی مەرجی﴾[٣٤].

**٣-٢- ڕەگی چاوگی هەبون:** مۆرفۆفۆنیمی {بـ}، جگە لەوەی بو بە ڕەگی چاوگی بون، دەبێتە ڕەگی چاوگی (هەبون)یش، بەوەی پێشگری (هە-)ی خاوەنی دەکەوێتە پێش چاوگی (بون) و واتای چاوگەکە لە (هاتنەئارایی) دەگۆڕێ بۆ (خاوەنداری ئارایی) و لەم بارەشدا مۆرفۆفۆنیمی {بـ} واتا بنەڕەتیەکەی خۆی کە ئاراییە لەدەستنادا. ﴿مۆرفیمی بەندی (هە) مۆرفیمێکە بۆ توخمی باسلێکراو بەکاردێت، کە ناومان ناوە (مۆرفیمی خاوەنداری)، واتە، ئەو توخمەی باسی (هەبون)ی دەکرێ، ئینجا خاوەنی هەبێ یا نەبێ، واتە، بۆ خاوەنداری دەشێ، بەڵام مەرج نیە خاوەندار بێ﴾[٣٥]. بۆ نمونە، کە دەوترێ: شتێك هەیە، واتە، شتێك لە ئارادایە. تۆ شتێکت هەیە، واتە شتێك لای تۆ لە ئارادایە. بۆ نمونە:

ـ [ئەو هەØیە. ←ئەو لە ئارادایە].[پارە هەØیە.← پارە لە ئارادایە].[پارەی هەØیە. ← پارەی/لای ئەو لە ئارادایە].

ـ [ئەو هەبو. ← ئەو لە ئارادابو]. [پارە هەبو.← پارە لە ئارادابو]. [پارەی هەبو. ← پارەی/لای ئەو لە ئارادابو].

ـ [ئەو هەبێ. ← ئەو لە ئارادابێ]. [پارە هەبێ.← پارە لە ئارادابێ]. [پارەی هەبێ. ← پارەی/لای ئەو لە ئارادابێ].

**٣-٣- ڕەگی چاوگی (بون) وەکو کاری یاریدەدەر:** کاتێ مۆرفۆفۆنیمی {بـ} دەبێتە ڕەگی چاوگی (بون)، جگە لەوەی دەتوانێ لەگەڵ فرێزێکی ناویدا ڕۆڵی کاری سەرەکی بگێڕێ، هەروەها دەشتوانێ لەگەڵ فرێزە کاریەکاندا ڕۆڵی کاری یاریدەدەر بگێڕێ، بەتایبەتی لەگەڵ مۆرفیمی (و)ی ڕابوردو کاری ڕابوردوی (بو) دروستدەکا و ئینجا لە دوای کاری سەرەکیی ڕستە ڕابوردوی دور دادەڕێژێ. بۆ نمونە:

ـ کە پزیشکەکە هات، منداڵەکە بو. ← کە پزیشکەکە هات، منداڵەکە بوبو.

ـ کە من بومە سەرباز، شەڕ دەستی پێکرد. ← کە من بومە سەرباز، شەڕ دەستی پێکردبو.

ـ لە کاتی ئەنفال، هەڵەبجە کیمیاباران کرا. ← لە کاتی ئەنفال، هەڵەبجە کیمیاباران کرابو.

**٣-٤-١-مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی فەرماندان:** واتای هاتنەئارایی مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وای لەم مۆرفیمە کردوە بتوانێ ببێتە مۆرفیمی فەرمان و داخوازی و خۆزگەیی. کاتێ ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەکەوێتە دوای فرێزێکی ناوی یان پێش فرێزێکی کاری و ئاڕاستەی کەسی دوەم دەکرێ، ڕستەکە دەبێتە فەرماندان و کەسی فەرماندەر داوا لە کەسی بەرامبەری دەکا کە کارێك بهێنێتە ئارا. بۆ نمونە، کە فەرماندەر پێت دەڵێ:

ـ وریا بە. واتە: وریایی لە خۆتدا بهێنە ئارا.

ـ خێرا بە. واتە: خێرایی لە جوڵەت بهێنە ئارا.

ـ شیعرەکە بنوسە. واتە: لە شیعرەکەدا نوسین بهێنە ئارا. (یان توخمێك (شیعرەکە) بگۆڕە بۆ نوسراو).

ـ پوشەکە بسوتێنە. واتە: لە پوشەکەدا سوتان بهێنە ئارا. (یان توخمێك (پوشەکە) بگۆڕە بۆ سوتاو).

---

٣٤- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا. وشەی سفر و مۆرفیمی سفر. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا (٧). هژمارا (١). ٢٠٠٤. ل٢٢.

٣٥- عەبدولوەهاب خالید موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. ٢٠٠٠. ل٢٨.

لەم جۆرە ڕستانەدا، (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا داواکاریەکە دەکا بە فەرماندان، بەڵام ئەگەر ئەم کاتە بکرێ بە داهاتو، واتە مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا بکرێ بە (ێ)ی کاتی داهاتو، ڕستەکان سەرباری کەسی دوەم ئاڕاستەی هەمو کەسەکان دەکرێن و دەبن بە ڕستەی داخوازی.

**٣-٤-٢- مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی داخوازی:** هەر هەمان مۆرفۆفۆنیمی {بـ} جگە لە ئەرکی ڕۆنانی ڕستەی فەرماندان دەتوانێ لە ڕۆنانی ڕستەی داخوازیش بەشداربێ. «هاوشێوەی ڕستەی فەرماندان، لە ڕستەی داخوازیدا مۆرفیمی (بـ-)ی ئارایی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پاڵ ڕەگی کاردا بۆ ڕۆنان و دەربڕینی مەبەستی داخوازیکار لە هێنانە ئارای شتێکی کردەیی بێ یان زارەکی، بەرجەستەیی بێ یان واتایی. ئەم جۆرە ڕستانە بۆیە ناونراون داخوازی و لە ڕستەی فەرماندان جیاکراونەتەوە، چونکە دەربڕ (قسەکەر بێ یان نوسەر) فەرمان بە بەرامبەرەکەی (کەسی دوەم) ناکا تا شتێکی زارەکی یا کارەکی لە کاتی ئێستادا بهێنێتەئارا، بەڵکو داخوازیکار داخوازییەك لە نیهادی (subject) ڕستەکە دەکا – هەر یەکێك لە کەسەکان ئامادە بن یان ئامادە نەبن – کە داواکەی لە داهاتودا بهێنێتە ئاراوە»[٣٦]. واتە، داخوازیکار، فەرماندەر نیە و دەخوازێ ئەم کارە لە داهاتودا ئەنجام بدرێ. بۆ نمونە:

- بدوێم. ←(ب) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (دو) ڕەگی کار + (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (م) ڕاناوی ١ی تاك.
- بسوتێی. ←(ب) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (سوت) ڕەگی کار + (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (ی) ڕاناوی ٢ی تاك.
- بڕوخێ. ←(ب) مۆرفۆفۆنیمی ئارایی + (ڕوخ) ڕەگی کار + (ێ) مۆرفیمی کاتی داهاتو + (Ø) ڕاناوی ٣ی تاك.

هەروەها ئەم فۆڕمە بۆ مەرجیی داهاتوش بەکار دێ. وەك:

- ئەگەر بدوێم، هەرچی نهێنیە، ئاشکرا دەبێ.
- ئەگەر ڕژێمە ڕەگەزپەرست و تاکڕەوەکان بڕوخێن، کورد ئاسودە دەبێ.

**٣-٤-٣- مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی خۆزگەیی:** هەروەها مۆرفۆفۆنیمی {بـ} بەشداری دەکا لە ڕۆنانی ڕستەی خۆزگەیی. «ڕابوردوی خۆزگەیی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی چەند ڕەگەزێك جگە لە ڕەگی کار و ڕاناوە لکاوەکان دێتە ئاراوە، کە ئەمانەن: ١- مۆرفیمی (ب)ی ڕەگی کاری (بو) کە چەمکی هاتنەئارایی ئەدا. ٢- مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا / ت / د / ی / و) کە چەمکی ڕابوردویەکی ئاسایی ئەدا. ٣- مۆرفیمی (ا)ی ڕابوردو، ئەرکی ئەوە ئەبینێ، کە بواری ئەنجامدانی کارە ڕابوردوەکە دوبارە بکاتەوە بە ڕابوردو و لە ئەنجامدا چەمکی ڕونەدان دێتە ئاراوە و کارەکە هەرگیز ڕونادا. ٤- مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستا کە بواری کارە ڕابوردوەکە درێژ ئەکاتەوە تا کاتی ئێستا.»[٣٧]. لە ئەنجامی بونی دو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ڕابوردو × ڕابوردو) کارەکە چەمکی ڕونەدانی لێ پەیدا دەبێ و بە هۆی مۆرفۆفۆنیمی {بـ}ی هاتنەئارایی، واتاکە دەگۆڕێ بۆ خۆزگەیی. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

- بهاتنایە. ←{بـ} مۆرفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (ها) ڕەگی کار + (ت) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی ئاسایی + (ن) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەم یا سێیەمی کۆ(بکەر) + (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا.
- بمخوێندایە. ←{بـ}مۆرفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (م) ڕاناوی بکەر + (خوێن) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك(بەرکار) + (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا.

---

٣٦- هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.٢٠١٣. ل٥١.

٣٧- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٢٥-١٢٦.

ـ بمردایە.←{بـ} مۆرفۆفۆنیمی هاتنەئارایی + (مر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردوی ئاسایی + (Ø) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (بەرکار) + (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (یـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا.

**٣-٤-١- مۆرفۆفۆنیمی {بـ} وەك مۆرفیمی داڕێژەری ناوی بکەر:** هەندێ جار ڕێژەیەکی کە لەناوە بکەرەکان لە {بـ}ی مۆرفۆفۆنیمی ئارایی و ڕەگی چاوگدروست دەبن. «مۆرفێمی ب ناوی بکەر لە ڕەگی ڕانەبوردووی فرمانی تێپەڕەوە دروست دەکات»[٣٨]. وەك:

ـ بگۆڕ.= (بداله) ← {بـ} م. ئارایی + (گۆڕ) ڕەگی چاوگی (گۆڕین).

ـ بکوژ.= (قاتل). ← {بـ} م. ئارایی + (کوژ) ڕەگی چاوگی (کوشتن).

ـ بوێر.= (جاسر/جسور). ← {بـ} م. ئارایی + (وێر) ڕەگی چاوگی (وێران).

**٤: مۆرفۆفۆنیمی {ت}:**

فۆنیمی /ت/ یەکێکە لە فۆنێمە نەبزوێنە کپەکانی زمانی کوردی و «کاتێك هەوای سەرکەوتوو لە سییەکانەوە بۆ قورگ بە بێ بوونی هیچ بەربەستێك لە لایەن تاڵە دەنگییەکان، هەواکە بەرز دەبێتەوە بۆ بۆشایی دەم. بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی [ت]نووکی زمان بە بەشی هەرە پێشەوەی پووك دەنوسێت و بەشێکی نووکی زمانیش بە بەشی کۆتایی لای ناوەوەی ددانەکانی پێشەوەی ڕیزی سەرەوەی ددانەکان دەکەوێت.»[٣٩].

فۆنیمی /ت/ لە ئاستی فۆنۆلۆجی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە ئەرکی ناوبڕیدا بەتایبەتی لە نێوان ئەو بزوێنانەی بە دوای یەکدا دێن. وەك:

ـ دەخواتەوە. ←(دەخوا) کاری ڕانەبوردو + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.

ـ دەڵێتەوە. ←(دەڵێ) کاری ڕانەبوردو + (Ø) ڕاناوی کەسی ٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.

ـ هاتوەتەوە. ←(هاتوە) کاری ڕابوردوی تەواو + (Ø) ڕاناوی کەسی٣تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.

ـ دەشۆیتەوە. ←(دەشۆ) کاری ڕانەبوردو + (یـ) ڕاناوی کەسی ٢تاك + (تـ) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە.

ـ دەچیتە بازار؟.←(دەچـ) کاری ڕانەبوردو + (یـ) ڕاناوی کەسی ٢تاك + (تـ) ناوبڕ + (ە) مۆرفیمی بەستن.

شایانی باسە، زۆر جار دوای لادانی پاشگری دوبارەکردنەوەی (ەوە)، بە هەڵە ئەم (ت)ی ناوبڕە بە تەنیا یان لەگەڵ (ێ، ی، ا) بە ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن دانراون و وتراوە (ت)، (ێت) و (ات) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکن و (یت) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاکە.

**٣-١-مۆرفۆفۆنیمی {ت} وەك مۆرفیمی کاتی ڕبوردو:** مۆرفۆفۆنیمی {ت} لە ڕێزمانیشدا دەبێتە ئەلۆمۆرفێکی کاتی ڕابوردو و لە چاوگە (ت)ییەکاندا ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دەبینێ[٤٠]. وەك:

ـ هاتم. ← (ها) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی لکاو

ـ دانیشتی. ← (دانیش) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ی) ڕاناوی لکاو

ـ خەوت. ← (خەو) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی لکاو

---

٣٨– ڕەفیق شوانی. چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. هەولێر. ٢٠٠١. ل١٦٥.

٣٩– عبدالواحید موشیر دزەیی، دانا تەحسین محەمەد و دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح. فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٥٥.

٤٠– عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٠٤–١٠٧.

ـ کەوتـین. ← (کەو) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ین) ڕاناوی لکاو

ـ کوشتـمی. ← (کوش) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی بەرکار + (ی) ڕاناوی بکەر

ـ گرتـمت. ← (گر) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (م) ڕاناوی بەرکار + (ت) ڕاناوی بکەر

ـ خستـمان. ← (خسـ) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (Ø) ڕاناوی بەرکار + (مان) ڕاناوی بکەر

**٣-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ت} وەك ڕاناوی لکاو:** مۆرفۆفۆنیمی {ت} جگە لە ئەرکی کاتی ڕابوردو، لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنیدا (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەبێتە ڕاناوی کەسی دوەمی تاك. وەك لەم نمونانە دەردەکەوێ:

ـ کوڕەکەت هات و جانتاکەتـی برد.

ـ سەرت بە ڕابوردوی خۆت بەرزە.

ـ (کە گلۆلەت کەوتە لێژی، کەس خاست پێ نایێژی)[٤١].

هەروەها هەمان {ت}ی ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك، پاشگری (ان)ی کۆ وەردەگرێ و دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی کۆ لە هەمان دەستە ڕاناوی خاوەنیدا. وەك:

ـ پێتـان وایە، وڵاتەکەتـان یەکبگرێتەوە؟

ـ کارەکانتـان بە دڵی خۆتـان بەڕێوەدەچێ؟

ـ بخوێنن، خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتـان... هەمو ئان و زەمانێ، عەینی قەڵغان و سوپەرتـانە[٤٢]...

**٥: مۆرفۆفۆنیمی {چ}:**

فۆنیمی /چ/ لە فۆنیمە کپە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی. ﴿ئەم دەنگە لە دەربڕینـدا دەنگێکی (زارییـە)، لـەکاتی درکاندنیدا زمان بەرەو مەڵاشوو دەچێ، دەنگێکی کۆسپەك و کپە.﴾[٤٣].

**١-٤- مۆرفۆفۆنێمی {چ} وەك مۆرفیمی پـرس:** ئـەم مۆرفیمـە وەك مـۆرفیمێکی سـەربەخۆ دەتـوانێ ڕۆڵـی مـۆرفیمێکی پـرس ببینێ. لەم بارەدا دەبێتە ڕاناوێکی نادیاری پرس و پرسیار دەربارەی فرێزێکی ناوی دەکا، کە بەزۆری ناوەکە ڕۆڵی بەرکار دەبینێ. وەك:

ـ چ دەخۆی؟... چ دەڵێی؟... چ دەکەی؟... دەتەوێ، چ گۆرانییەك بڵێی؟... چ شتێك کاری تێکردوی؟....

ـ چ کاتێك ماوەت دەبێ، گەشتێك بکەین؟... ئارەزوی چ جۆرە فلیمێك دەکەی؟.... چ کارەی؟....

**٢-٤- مۆرفۆفۆنێمی {چ} وەك مۆرفیمی نەرێ:**پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمـانی کوردیـدا جـۆرێکی تریش لە دەنگی [چ]هەیە، کە پێچەوانەی هەمو دەنگەکانی تر هەوا لە دەرەوە بۆ ناو دەم دەچـێ و بـە گیربـونی پێشەوەی زمان لە پوکی سەر ددانەکانی پێشەوەی سـەرەوە و لەگـەڵ هـەوڵی مـژینی هـەوا بـۆ نـاو دەم، نێـوان زمـان و مەڵاشـو لـەپڕ کردنەوەی کونێك لە نێوان پێشەوەی زمان و پوکی سەرەوە و هاتنە ژورەوەی تەوژمی هەوا لە نێـوان ددانـەکان ئـەم دەنگـە

---

٤١– پەندێکی کوردیە.

٤٢– ئەحمەد موختار بەگی جاف.

٤٣– نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٢٥.

دروستدەکا، کە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشـێوەی دەنگی[چ]ی ئاسـاییە، بـەڵام نـەختێ ئەسـتورتر یـان قەڵـەوترە. ئـەم فۆنیمـە ئەرکی نەرێ دەبینێ و کوتومت واتای (نەخێر، یان نەو) دەدا. وەك:

ـ پ): ئایا دەچی بۆ بازاڕ؟...    و): {چ}.

ـ پ): دەزانی ئوتومبێل لێخوڕی؟...    و): {چ}.

ـ پ): نانی بەیانیت خواردوە ؟...    و): {چ}.

## ٦: مۆرفۆفۆنیمی {د}:

فۆنیمی /د/ یەکێکە لە فۆنێمە نەبزوێنە گڕەکانی زمانی کوردی، هەندێ جاریش لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بەتایبەتی لـە کۆتایی وشەکاندا بەرەو کپی دەچێ و دەبێ بە [ت] یان [د]ێکی کلۆر. «هەندێ کۆنسنانتی گڕ لە هەنـدێ شـوێنی تایبەتیـدا ئەبن بە کپ وەکو (د) لە ووشەی (شاد)دا بە کپی ئەدرکێنرێ چونکە بەڕەڵلا ناکرێ»[٤٤].

ئەم فۆنیمە لە ئاستی فۆنۆلۆجیی دیالێکتی ناوەڕاستدا دەتوانێ ببێتـە نـاوبڕ لـە نێـوان دو نـەبزوێنی هاوشـێوە یـان لەیەکچودا. بۆ نمونە لەو ڕەگـی کارانـەی کۆتاییـیـان بـە فـۆنیمی /ڕ/ یـان /ر/ دێ و دەکـرێن بـە بکـەر نادیـار لـە شـێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا، فۆنیمی /د/ دەبێتە ناوبڕی نێوان /ڕ/ یان /ر/ی کۆتایی ڕەگی کارەکـان و مۆرفۆفـۆنیمی /ر/ی بکەرنادیار. وەك:

ـ کڕدرا، دەکڕدرێ..... بڕدرا، دەبڕدرێ.... ژمێردرا / ژماردرا، دەژمێردرێ / دەژماردرێ.....

ـ بژێردرا / بژاردرا، دەبژێردرێ / دەبژاردرێ... هاڕدرا، دەهاڕدرێ..... بردرا، دەبردرێ.....

هەوروەها لە بنەڕەتدا لەگەڵ پاشگری (اندن)ی پێپەڕاندنیشدا هەمان ڕۆڵی ناوبڕی دەگێڕێ لەنێوان هەردو فـۆنیمی نـەبزوێنی (ن)ی چاوگدا. «لە ئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی دو دەنگی [ن]، لە ڕوی دەنگسازیەوە کارێکی زۆر ئاسان نیە، لەبـەر ئـەوە لە هەندێ ناوچەدا (شێوەزاری سۆرانیی کوردیی ناوەڕاسـت) دەنگـی [د] ئەبێتـە نـاوبڕ و کـاری گـۆکردن ئاسـان ئـەکا. ئـەم دەنگە لە ناوچەکانی تردا (کوردیی ژورو و شارەزور) کەم بەکار ئەهێنن. لەو ناوچانەی کە بەکارەهێنرێ، ئەرکی دەنگی [ا]ی کەمکردوە، کە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە. خۆی بوەتە نیشانەی چـاوگ و ئـەرکی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردوش ئـەبینێ. کـە لـە ڕاستیدا دەنگی [ا] مۆرفیمی کاتی ڕابوردوە و دەنگی [د] تەنیا ناوبڕە»[٤٥]. وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + (ن)ی دوەمی چاوگ←سوتانن (چاوگی تێپەڕێنراو)( شێوەزاری سلێمانی)

ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + <u>(د)ی ناوبڕ</u> + (ن)ی دوەمی چاوگ←سوتان<u>د</u>ن(چاوگی تێپەڕێنراو)( شێوەزاری سۆرانی)

ـ خنکان (چاوگی تێنەپەڕ) + (ن)ی دوەمی چاوگ ← خنکانن (چاوگی تێپەڕێنراو) ( شێوەزاری سلێمانی)

ـ خنکان (چاوگی تێنەپەڕ) + <u>(د)ی ناوبڕ</u> + (ن)ی دوەمی چاوگ←خنکان<u>د</u>ن(چاوگی تێپەڕێنراو)( شێوەزاری سۆرانی)

لە ئەنجامدا ئەم دەنگی [د]ی ناوبڕە سەرباری ئەرکە دەنگسازیەکەی توانیویەتی ڕۆڵی مۆرفیمی کاتی ڕابوردوش لە مۆرفیمی (ا) وەربگرێتەوە یان هاوبەشیی بکا.

جگە لەمەش مۆرفۆفۆنیمی {د} دەتوانێ لە ڕێزمـانی کوردیـدا ئـەرکی مـۆرفیمی کـاتی ڕابـوردو ببینـێ. لـە چـاوگە (د)یەکاندا، مۆرفۆفۆنیمی {د} کە نیشانەی ئەو جۆرە چاوگانەیە دەبێتە مۆرفیمی کاتی ڕابوردوش. وەك:

ـ کر<u>د</u>ن    ← (کر) ڕەگی کار + <u>(د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو</u> + (ن)ی چاوگ.    کارم کر<u>د</u>.

ـ بر<u>د</u>ن    ←(بر) ڕەگی کار + <u>(د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو</u> + (ن)ی چاوگ    شتێکت بر<u>د</u>.

---

٤٤– غازی فاتح وەیس. فۆنەتیك. بەغدا. ١٩٨٤. ل٥١.

٤٥– عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٣٤.

ـ خواردن ← (خوار) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ — نانی خوارد.
ـ مردن ← (مر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ — نەخۆشەکە مرد.
ـ ناردن ← (نار) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ — نامەکەیان نارد.

**٧: مۆرفۆفۆنیمی {ر}:**

فۆنیمی /ر/ لە زمانی کوردیدا هەیە و دەنگێکی زاری (دەمۆکی) لەرۆکی گرە و لە کاتی گۆکردنیدا نوکی زمان بە پانی لە پێشەوەی مەلاشو دەسوێ و تەوژمی هەوا بە لەرەلەر دێتە دەرەوە[٤٦]. ﴿بۆ دروست کردنی ئەم دەنگە سەری زمان تەنیا یەك جار بە ئەسپایی لە پشتی دانەکانی سەرەوە ئەدا (ڕیزی پێشەوە) و ئینجا ئەگەڕێتەوە. ئەو هەوایەی کە لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە تەنیا یەك جار زمان ئەلەرێنێتەوە﴾[٤٧].

لە ئاستی دەنگسازیدا فۆنیمی /ر/ زۆر جار دەبێتە دەنگێکی ناوبڕ لە نێوان دو دەنگی بزوێنی بەدوای یەکدا هاتو لە دو مۆرفیمی جیاوازدا. بۆنمونە، لە ڕستەی فەرماندانداندا، ئەگەر ڕەگی کارەکە بە بزوێنێك کۆتایی هاتبێ و پاشگری دوبارەی (ەوە)ی بەدوادا بێ، دەنگی [ر] دەبێتە ناوبڕ لە نێوانیان (بەتایبەتی لە شێوەزاری سلێمانی دیالێکتی ناوەڕاستدا). وەك:

ـ ئاوەکە بخۆرەوە. ← (ب) مۆرفیمی ئارایی + (خۆ) ڕەگی کار + (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە
ـ دەرگاکە بکەرەوە. ← (ب) مۆرفیمی ئارایی + (کە) ڕەگی کار + (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە
ـ وانەکە بلێرەوە. ← (ب) مۆرفیمی ئارایی + (ڵ) ڕەگ + (ێ) م. داهاتو+ (ر) ناوبڕ + (ەوە) پاشگری دوبارە

جگە لەمەش کاتێ بەرکار وەرچەرخانی بەسەرداد‌ێ و دەبێتە (ێ)، لە ڕستەی فەرماندانی هەندێ کاردا، دیسان دەنگی [ر] دەبێتە ناوبڕی نێوانیان کاری فەرماندانەکە و (ێ)یەکە. وەك:

ـ شتەکە بدە بە من. ← بمدەرێ.
ـ کتێبەکان بخە ناو جانتاکە.← بیانخەرە ناوی.
ـ لەم تەنگانەیەدا بگە بە من. ← بمگەرێ.

مۆرفۆفۆنیمی {ر} لە ڕێزمانی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاستدا ئەرکی بکەرناندری دەبینێ و ڕۆڵی بکەرێکی نادیار دەگێڕێ، ئەم ئەرکەش بە دو شێوازی داڕشتن، یان بە دو فۆڕمی جیاواز دەستەبەر دەکا:

**١-٧- مۆرفۆفۆنیمی {ر} لە بکەرنادیاری ناوی بکەردا:** ناوی بکەر (إسم الفاعل) ئەو ناوانەن کە لە {بـ}ی مۆرفۆفۆنیمی ئارایی یان (نە)ی مۆرفیمی نەرێ و ڕەگی کار و مۆرفۆفۆنیمی {ر}ی بکەرنادیار دروست دەبێ. وەك:

ـ بخۆر/نەخۆر. ← (نە) م. نەرێ + (خۆ) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار. (ماڵی نەکە، نەخۆری، لۆ چەکمەسۆری).[٤٨]
ـ بکەر.= (فاعل)← {بـ} م. ئارایی + (کە) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار.
ـ بشۆر.= (غەسسالەی جل شوشتن). ← {بـ} م. ئارایی + (شۆ) ڕەگی کار + {ر}م. بکەرنادیار.

هەروەها شێوازێکی تری دروستبونی ناوی بکەر، پێکدێ لە ڕەگی کار و مۆرفۆفۆنیمی {ە}ی نزیککردنەوە وەك مۆرفیمی بەستن و مۆرفۆفۆنیمی {ر}ی بکەرنادیار. وەك:

ـ بێژەر. ناوی بکەر) ← (بێژ) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

٤٦– ئەورەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٤٤.

٤٧– غازی فاتح وەیس. دەنگەکانی (ڵ)، (ل) وە (ڕ)، (ر) لەژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین. بەرگی ٨. ژمارە ٢. ١٩٨٢. ل١٠٩.

٤٨– پەندێکی کوردیی ناوچەی سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستە.

ـ نوسەر. (ناوی بکەر) ← (نوس) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

ـ خوێنەر. (ناوی بکەر) ← (خوێن) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

ـ بینەر. (ناوی بکەر) ← (بین) ڕەگی کار + {ە} م. بەستن + {ر}م. بکەرنادیار.

**٢-٧ـ مۆرفۆفۆنیمی {ر} لە کاری بکەرنادیاردا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ ببێتە مۆرفیمی بکەرنادیار لە ڕابوردو و ڕانەبوردوی کارە تێپەڕە بکەرنادیارەکاندا. ﴿مۆرفیمی (ر) جگە لە دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر، ئەتوانێ ڕستەی بکەرنادیاریش دروستبکا، بەوەی کە ئەرکی ئەنجامدانی کارێك ئەداتەپاڵ توخمێکی دەستنیشان نەکراو﴾[٤٩]. واتە، مۆرفۆفۆنیمی {ر} خودی خۆی ڕاناو یان هێمای ئەو بکەرە نەناسراو یان نادیارەیە کە کارەکە ئەنجام دەدا.

ـ خانوەکە ڕوخێنرا. ← (ڕوخێن) ڕەگی کار + (ر) مۆرفیمی بکەرنادیار + (ا) م. کاتی ڕابوردو + (Ø) بەرکار.

ـ باخەکان دەسوتێنرێن. ← د(ە) م.ئێستا +(سوتێن) ڕەگی کار+(ر) م. بکەرنادیار +(ێ) م. داهاتو+(ن) بەرکار.

ـ زەویەکان کێڵران. (کێڵ) ڕەگی کار + (ر) مۆرفیمی بکەرنادیار + (ا) م. کاتی ڕابوردو + (ن) بەرکار.

**٨: مۆرفۆفۆنیمی {ش}:**

فۆنیمی /ش/ دەنگێکی زاری کپە، هەوا لە نێوان مەڵاشو و زمانی جۆگەیی بەرەو پوکی سەرەوە دەخشێ. (دەنگێکی کپی پوکە مەڵاشوی خشپەییە).[٥٠]

مۆرفۆفۆنێمی {ش} لە ڕێزمانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا تەنیا یەك ڕۆڵی فراوانی هەیە، کە واتای (هەروەها / بە هەمان شێوە) دەبەخشێ و فرێزی دوەم هاوشێوەی فرێزی یەکەم دەردەخا. ﴿مۆرفیمی /ش/ لە روی ڕستەسازیەوە دەتوانێ بەپێی مەبەستی قسەکەر بچێتە سەر بەشەکانی ڕستە وەك بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵگوزارە، تەواوکەر، کار..... تەنها ئەرکی بەستن ناگەینێ بەڵکو چەندین واتای تر دەدات وەك بۆ بەرانبەر کردن بە واتای بەلام، تەنانەت، هەروەها، هاوبەش بوون ....تاد. مۆرفیمی /ش/ یەکێکە لەو مۆرفیمانەی کە دەورێکی گرنگی هەیە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا رۆژانە بەکاری دەهێنین﴾[٥١]، دەشێ لەگەڵ فرێزی ناوی یان کاری بەکاربێ و بە زۆری فرێزی یەکەم باسناکرێ، چونکە زانراوە. وەك:

ـ (چاوەکەم تۆش پیر دەبی، ڕیشت دەبێتە گۆرەوی ..... وەك بفەرمووی من فلانم، پێت دەڵێن توخوا هەوی؟!)[٥٢].....

ـ کچەکە کوڕەکەی خۆشدەوێ و کوڕەکەشهەمان هەستی هەیە.

ـ منی مامۆستای دارام و باوکی داراش مامۆستای من بو.

ئەم مۆرفۆفۆنیمە جگە لە ناو و ڕاناوەکان، دەتوانێ بکەری ڕستەیەك لە کاری دوەمیش وەکو یەکەم هاوبەش بکا و ئەم مۆرفۆفۆنیمە ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، کە (یش)ـە. بەڵام ئایا لە بنەڕەتدا ﴿(یش)ە، یان (ش)ە؟...... ئەوە ئەگەیەنێ کە: دوو شت یا زیاتر، لە شتێکی ترا هاوبەشن. جا هەندێ جار ئەوە پیشان ئەدا کە: دوو کردار یا زیاتر هی یەك بکەرن وەکو: هوشیار لە باخەکەی ئەشخوات و ئەشبەخشێ و ئەشفرۆشێ﴾[٥٣].

ـ ئازاد جگەرەش دەکێشێ و دەشخواتەوە.

---

٤٩– عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٦٩.

50- D. N. MacKENZIE. KURDISH DIALECT STUDIES-I. London. 1961. P5.

٥١– ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٩٨،ل٨٩.

٥٢– دیوانی حاجی قادری کۆیی. هەولێر. ١٩٨٦. ل٢٧١.

٥٣– مەلا شوکر. بەکارهێنانی ئەوزاری "یش" بەپێ ی دەستووری زمانی کوردی. گۆڤاری بەیان. ژمارە ٤. ١٩٧٠. ل١٤.

لە شێوەزاری سۆرانی دیالێکتی ناوەڕاستدا، ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی (ش) بەدوای مۆرفیمێك یان وشەیەك هات کۆتایی بە نەبزوێن هابێ، (ی)یێکی ناوبڕ دێتە نێوانیان و دەبێتە (یش) و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی هەندێ جار لە نوسیندا زۆرتر (یش) بەکاربێ. ﴿ئەم مۆرفیمە لە کاتی بەکارهێنانیدا دوو شێوەی هەیە /ش، یش/ واتە دەتوانین ئەم دو شێوەیە بە ئەلۆمۆرفی یەکتر دابنێین، چونکە لە کاتی بەکار هێنانیاندا هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ و هەر بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن. تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ئەگەر ئەو وشەیەی /ش/ەکەی دەچێتە سەری کۆتایی بە بزوێن هاتبوو ئەوا شێوەی /یش/ وەردەگرێت﴾[٥٤].

ـ (منیش دەروونم شاد بێ... ملم لە بەند ئازاد بێ...

منیش ئەی مەلی پیرۆز... بە یەك چریکەی پڕ سۆز...

بەستەی وات بۆ ئەخوێنم...کە جوان جوان بتلەرزێنم....)[٥٥]

ـ (ئەم گۆڕەم نیشانەی تاوانی باوکمە، بۆیە منیش تاوانی وام نەکرد)[٥٦]. (نوسراوی سەر کێلی گۆڕی ئەبو عەلای مەعەڕڕی)

**٩: مۆرفۆفۆنیمی {ك}:**

فۆنیمی /ك/ دەنگێکی کپی زمانی کوردیە. (/ك/ قورگەگیرێکی کپی بە مەڵاشو وتراوە)[٥٧]. هەوای دەرچوی سیەکان بێ ئەوەی دەنگەژێیەکان بلەرێنێتەوە، لە نێوان دواوەی زمانی کووڕبوەوە و نەرمەمەڵاشودا پەنگدەخواتەوە و دوایی لەگەڵ دابەزینی لەپڕی کووڕی زمان هەوا بە تەوژم لە دەم دەردەچێ و تەوژمی بە گوڕی هەوای دەرچو دەنگی [ك] دروستدەکا.

لە ئاستی وشەسازیشدا مۆرفۆفۆنیمی {ك} دەتوانێ ئەرکی مۆرفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی ببینێ، ئەویش لە ئەنجامی سوانی دەنگەکانی دەوروبەری:

**١.٩- مۆرفۆفۆنیمی {ك} لە ڕۆڵی مۆرفیمی ناسیاویدا:** لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا پاشگری (-ەکە) مۆرفیمی ناسیاویە. ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە هۆی دیاردە دەنگسازیەکان و سوانی هەردو بزوێنە /ە/ لە پێش و پاشی /ە/ دەنگی [ك]، بەتایبەتی کاتێ (-ەکە) دەکەوێتە نێوان دو دەنگە بزوێنی تر، تەنیا دەنگی [ك]ەکە دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەلۆمۆرفێکی (-ەکە)ی مۆرفیمی ناساندن. وەك:

ـ مامۆستا (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) ← مامۆستاکان[٥٨]

ـ مامۆستاکان← مامۆستا (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

ـ پەنجەرە (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) ← پەنجەرەکان

ـ پەنجەرەکان← پەنجەرە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

ـ شانۆ (ناو) + ەکە (نیشانەی ناساندن) + ان (نیشانەی کۆ) ← شانۆکان

ـ شانۆکان← شانۆ (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی ناساندن + ان (نیشانەی کۆ)

---

٥٤- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٨٩-٩٠.

٥٥- دیوانی گۆران. بەغدا. ١٩٨٠. ل١٠٥-١٠٦.

٥٦- حەمە حەمەئەمین قادر. کاروانی شیعری نوێی کوردی. بەرگی یەکەم. هەولێر. چاپی دوەم. ١٩٨٧. ل٢١.

٥٧- ئێرنیست. ن. ماکاروس. ڕێزمانی کوردی. وەرگێڕانی: برایم میرانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١٥. ئەیلولی ١٩٨٧. ل١٥٦.

٥٨- عەبدولواحید موشیر دزەیی. وشەسازی زمانی کوردی. هەولێر. ٢٠١٢. ل٤٠.

**٩-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ك} لە ڕۆلی مۆرفیمی نەناسیاویدا:** بە هەمان شێوە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا پاشگری (یەك / ییَك / یَك / ەك) ئەلۆمۆرفیمەکانی نەناسیاوین. ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە هۆی هەمان دیاردە دەنگسازیەکان و سوانی دەنگەکانی لە پێش دەنگی [ك]، تەنیا دەنگی [ك]ەکە دەمێنێتەوە، ئەمەش لەو کاتانەدا کە ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی /ە/ بێ و دەبێتە ئەلۆمۆرفێکی ئەلۆمۆرفێکی نەناسیاوی، بە تایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیدا. وەك:

- جامی پەنجەرەك شکا. ← پەنجەرەك (ناوی نەناسراو) ← پەنجەرە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی نەناسیاوی.
- کیلۆ تەماتەکم بۆ بکڕە. ← تەماتەك (ناوی نەناسراو) ← تەماتە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی نەناسیاوی.
- پەنجەکی پێوە نەماوە. ← پەنجەك (ناوی نەناسراو) ← پەنجە (ناو) + (ك) ئەلۆمۆرفی نەناسیاوی.

**١٠: مۆرفۆفۆنیمی {م}:**

فۆنیمی /م/ دەنگێکی (دەنگداری لێوەکی لوتیە)[٥٩]. واتە، لە کاتی گۆکردنیدا دەنگەژێیەکان دەلێرینەوە و هەردو لێوەکان لەسەر یەك دادەخرێن و جیا لە دەنگەکانی پێشتر، هەوا لە لوت دێتە دەرەوە.

مۆرفۆفۆنیمی {م} لە ئاستی ڕێزمانیشدا ڕۆلێکی بەرچاو دەبینێ، بەوەی دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك لە هەردو دەستەی خاوەنی و ڕێککەوتن. «(م): لە کرمانجیی باشووردا ئەم ڕاناوە لکاوە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکاردێ، وەك: خواردم. دەخۆم. چووم. دەچم. هەروەها لە حاڵەتی تملکدا، وەك: پێڵاوەکانم. کتێبەکەم. سەرم. دەستم»[٦٠]. ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەشێ کورتکراوەی ڕاناوی (من)ی سەربەخۆ بێ و لە بنەڕەتدا مۆرفیمێکی ڕەسەنی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان بێ، چونکە لە هەندێ لەو زمانانەدا ئەو فۆنیمە بەشداری لە دارشتنی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك دەکا، وەك ("me"،"my"،"mine").

**١-١٠- مۆرفۆفۆنیمی {م} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك لە دەستەی خاوەنی:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنیدا (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەبێتە کەسی یەکەمی تاك (من) و ئەرکی خاوەنیی ئەو ناوانە دەگێڕێ کە دەبێتە پاشگریان. بۆ نمونە:

- دایکم و باوکم هاتن ← دایکی من و باوکی من هاتن.
- ماڵەکەم لە ناوەڕاستی شارەکەم دایە. ← ماڵەکەی من لە ناوەڕاستی شارەکەی من دایە.

بە هەمان شێوە ئەگەر ئەم مۆرفۆفۆنیمە (ان)ی کۆ وەربگرێ، دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە). واتە، (مان = م + ان). ئەم ڕاناوەش دەبێتە خاوەنی ئەو ناوانەی بە دوایانەوە دێ. وەك:

- دایکمان و باوکمان هاتن ← دایکی ئێمە و باوکی ئێمە هاتن.
- ماڵەکەمان لە ناوەڕاستی شارەکەمان دایە. ← ماڵەکەی ئێمە لە ناوەڕاستی شارەکەی ئێمە دایە.

ئەم مۆرفۆفۆنیمە سەرباری ئەرکی خاوەنێتی دەتوانێ، چ وەکو کەسی یەکەمی تاك لە دەستە ڕاناوی لکاوی خاوەنی، چ وەکو کەسی یەکەمی کۆ (بە هاوکاری –ان–ی کۆ) ئەرکی بکەر ببینێ لە لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕ و ئەرکی بەرکار ببینێ لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:

ئەرکی بکەر لەگەڵ کاری ڕابوردوی تێپەڕ:

- خواردم/ خواردمان.... نوسیم / نوسیمان.... کێڵام / کێڵامان.... گرتم / گرتمان. (ڕابوردوی سادە)

[59]Ernest N. McCarus. A KURDISH GRAMMAR. New York. 1958. P.21.

٦٠– لیژنەی زمانی کوردی. زمانەوانی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق "دەستەی کورد" بەرگی دەهەم. بەغدا. ١٩٨٣. ل٣١٧.

ـ دەمخوارد/دەمانخوارد... دەمنوسی/دەماننوسی... دەمکێلا/دەمانکێلا... دەمگرت/دەمانگرت.(ڕابوردوی بەردەوام)

ئەرکی بەرکار لەگەڵ کاری ڕانەبوردوی تێپەڕ:

ـ دەمخوا / دەمانخوا...... دمنوسن / دەماننوسن...... دەمگری؟ / دەمانگری؟ (ڕانەبوردو)

ـ بمخوا / بمانخوا...... بمنوسێ / بماننوسێ...... بمگری. / بمانگری. (داخوازی)

**٢-١٠- مۆرفۆفۆنیمی {م} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتن:** هەروەها مۆرفۆفۆنیمی {م} دەبێتە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک لە دەستەی ڕێککەوتن (م. ی. Ø. ین. ن. ن). ئەم مۆرفۆفۆنیمە لەم دەستە ڕاناوەدا ڕۆلی ڕێککەوتن دەبینێ، لەگەڵ بکەر یا بەرکاری ڕستە بە پێی جۆری کارەکە و ئەو ئەرکەی پێی دەسپێررێ. بۆنمونە:

ـ من قوتابیم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنەپەڕی بەرکاریە).

ـ من سوتام. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی سوتان تێنەپەڕی بەرکاریە).

ـ من هاتم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی هاتن تێنەپەڕی بکەریە).

ـ من دەردەچم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی دەرچون تێنەپەڕی بکەریە).

ـ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە خواردمی. (لێرەدا (م) بوەتە بەرکار چونکە کارەکە ڕابوردوی سادەی تێپەڕە).

ـ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە دەیخواردم. (لێرەدا (م) بوەتە بەرکار چونکە کارەکە ڕابوردوی بەردەوامی تێپەڕە).

ـ ئەو منداڵە چیە؟! هەر بە قسە دەیخۆم. (لەم ڕستەدا (م) دەبێتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).

**١١: <u>مۆرفۆفۆنیمی {ن}</u>:**

فۆنیمی /ن/ دەنگێکی گڕی لوتیە. واتە، لە کاتی گۆکردنیدا دەنگەژێیەکان دەلەرێنەوە و لێوەکان دەکرێنەوە، بەڵام پێشەوەی زمان بە پانی بە پوکی سەرەوە دەلکێ و ڕێگەی دەرچونی هەوا نادا و هەوا لە لوتەوە دەردەچێ.

مۆرفۆفۆنیمی {ن} ڕۆلێکی زۆر فراوان لە ڕێزمانی کوردی دەگێڕێ و بە هۆی واتا بنەڕەتی و گشتیەکەی کە چەمکی (کۆ) دەگەیێنێ، توانیویەتی چەند ئەرکێکی دیار ببینێ، وەك:

**١-١١- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی کۆدا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتندا (م. ی. Ø. ین. ن. ن) دەبێتە ڕاناوی کەسی دوەمی کۆ. وەك:

ـ ئێوە کوردن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنەپەڕی بەرکاریە).

ـ ئێوە دۆڕان. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی دۆڕان تێنەپەڕی بەرکاریە).

ـ ئێوە هەستان. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی هەستان تێنەپەڕی بکەریە).

ـ ئێوە تێدەکۆشن. (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی تێکۆشان تێنەپەڕی بکەریە).

ـ ئێوە چین؟! هەر بە قسە دەمخۆن. (لێرەدا (ن) بوەتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).

ـ هەستن، تێکۆشن.... (لەم ڕستانەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە ڕستەی فەرماندانن).

**٢-١١- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆدا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە دەستە ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتندا (م. ی. Ø. ین. ن. ن)، جگە لە کەسی دوەمی کۆ، دەشبێتە ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆ. وەك:

ـ ئەوان شەهیدن.          (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی بون تێنەپەڕی بەرکاریە).
ـ ئەوان خنکان.   (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بەرکار، چونکە چاوگی خنکان تێنەپەڕی بەرکاریە).
ـ ئێوە چون.      (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی چون تێنەپەڕی بکەریە).
ـ ئەوان دادەنیشن.          (لەم ڕستەدا (ن) دەبێتە بکەر چونکە چاوگی دانیشتن تێنەپەڕی بکەریە).
ـ ئەوان بە ئینگلیزی دەخوێنن.     (لێرەدا (ن) بوەتە بکەر چونکە کارەکە ڕانەبوردوی تێپەڕە).

**١١-٣- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی دروستکردنی ئاوەڵناوی داڕێژراودا:** مۆرفۆفۆنیمی {ن} جگە لە ئەرکی ڕاناوی، هەر بە واتا و چەمکی کۆکردنەوە، بەشداری دەکا لە دروستکردنی هەندێ ئاوەڵناوی داڕێژراودا. بە کردەیەکی واتایی کە دەبێتە پاشگری ناوێك و ئەو ناوە کۆدەکاتەوە لە کەسێك کە دەبێتە هەڵگری ئەو ئاوەڵناوە. وەك:

ـ چڵك (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) ⟵ چڵکن.
ـ کوڵك (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) ⟵ کوڵکن.
ـ کرم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) ⟵ کرمن.
ـ چڵم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) ⟵ چڵمن.
ـ شەرم (ناو) + ن (مۆڕفیمی ئاوەڵناو داڕێژ) ⟵ شەرمن.

**١١-٤-١- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی دروستکردنی چاوگدا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە هەمان واتا کرۆك و بنەڕەتیەکەی کۆکردنەوە، توانیویەتی بەناوی (ن)ی چاوگەوە بەشداری بکا لە دروستکردنی هەمو چاوگە کوردیەکاندا. مۆرفۆفۆنیمی {ن} لەم ئەرکەدا واتا کۆکردنەوەیەکی ئەبستراکتی ڕوت (مجرد) دەگەیێنێ، بەوەی کردەی ڕودانی ڕەگی کارەکە، کە لە ڕابوردودا بە هەر شێوە و هۆکارێك ڕویاندابێ، کۆیاندەکاتەوە لە فۆرمێك کە ناونراوە (چاوگ). واتە، «چاوگ لە زمانی کوردیدا پێکهاتوە لە ڕەگی کار و مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو و (ن)ی چاوگ.
چاوگ ⟵ ڕەگی کار + مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + (ن)ی چاوگ.....
(ن)ی چاوگ مۆڕفیمێکی کۆی بێ لایەنە و ئەنجامدانی کارەکە ناداتە پاڵ هیچ توخمێکی دەستنیشانکراو، بۆیە ڕۆلی مۆڕفیمی کات نامێنێ و کپ ئەبێ»[٦١]. بۆ نمونە:
لە چاوگی سوتاندا، (سوت) ڕەگی کارەکەیە کە چەمك و واتای کرداری سوتانی هەڵگرتوە، ئینجا ئەم کردارە بە هەر جۆر و هۆکارێك بێ، مۆڕفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردوش چەمکی کاتی ڕابوردو دەخاتە سەر کردەی سوتان لە ڕابوردودا، بەڵام (ن)ی چاوگ هەمو ئەو کردەی سوتانانەی کە لە ڕابوردودا ڕویانداوە بە هەر شێوە و جۆر و هۆکارێك بن، کۆدەکاتەوە و واتایەکی گشتی و ڕەها بە فۆرمی سوتان دەبەخشێ، کە هەمو کردارێکی سوتان بگرێتەوە، بە ئاگر بێ، بە ئاوی گەرم بێ، بە تیشکی خۆر، هەورەتریشقە، ئەوین....هتد. بەم پێیە سەرجەم چاوگەکان پێکدێن لە ڕەگی کار و یەکێ لە مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ و/ د/ ت) و مۆرفۆفۆنیمی {ن}ی کۆ، کە پێی دەوترێ (ن)ی چاوگ:
ـ کێڵ (ڕەگی کار) + ا (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)⟵ کێڵان (چاوگ).
ـ نوس (ڕەگی کار) + ی (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)⟵ نوسین (چاوگ).
ـ ب (ڕەگی کار) + و (مۆڕفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)⟵ بون (چاوگ).

---

٦١– عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل٩٧+٩٩.

ـ کرد (ڕەگی کار) + د (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← کردن (چاوگ).
ـ کەو (ڕەگی کار) + ت (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← کەوتن (چاوگ).

**۲-٤-۱۱- مۆرفۆفۆنیمی {ن} لە ئەرکی تێپەڕاندنی چاوگدا:** هەمان مۆرفۆفۆنیمی {ن}ی کۆ کە ناونرا بە (ن)ی چاوگ، دەتوانێ ئەرکی تێپەڕاندنی چاوگە تێنەپەڕەکانیش ببینێ، بەوەی جارێکی تر (ن)ێکی تری چاوگ دەخرێتە سەر چاوگە تێنەپەڕەکە و دەیگۆڕێ بۆ تێپەڕ:
ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← سوتانن (چاوگی تێپەڕێنراو).
ـ شکان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← شکانن (چاوگی تێپەڕێنراو).
ـ ڕژان (چاوگی تێنەپەڕ) + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← ڕژانن (چاوگی تێپەڕێنراو).
بۆ لێکدانەوی ئەو وەرچەرخانە، تێبینی ئەم خاڵانە دەکرێ:
۱- لەم وەرچەرخانەدا تێکڕای چاوگە تێنەپەڕەکە (سوتان، شکان، ڕژان....) وەك ڕەگی کارێکی تێپەڕ ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ.
۲- مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابوردو، ئەگەرچی وەکو جاران ڕەفتار دەکا و لە ڕانەبوردودا دەبێ بە (ێ)ی داهاتو، بەڵام لە چاوگی تێپەڕێنراودا جێگرەوەیەکی بۆ پەیدا دەبێ، کە لە زمانی ستانداردی ناوەڕاست و شێوەزاری سۆرانی و موکری..دا مۆرفۆفۆنێمی (د)ـە و لە شێوەزاری سلێمانیشدا سفرە (Ø) و دەرناکەوێ. ئەم فۆنیمی /د/ەیش جگە لە ئەرکی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو ڕۆلی ناوبڕێکیش دەبینێ و ئاسانکاری دەکا بۆ دەربڕینی دو فۆنیمی /ن/ بەدوای یەکدا.
۳- مۆرفۆفۆنیمی {ن} جارێکی تر سەرلەنوێ دەتوانێ هەمان ڕۆلی پێشتری ببینێ و ببێتەوە (ن)ی چاوگ، بەمەش چاوگەکە لە تێنەپەڕەوە دەکاتە تێپەڕ[٦٢]:
ـ سوتان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ Ø) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← سوتاندن / سوتانن
ـ شکان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ Ø) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← شکاندن / شکانن
ـ ڕژان (چاوگی تێنەپەڕ) + (د/ Ø) م. ڕابوردو + ن (نونی کۆ / نونی چاوگ)← ڕژاندن / ڕژانن
بە هۆی ئەم کردەیە زۆر جار ناوی دەنگە سروشتیەکانیش وەك (زیرە، زریکە، فیکە، گرمە، هاڕە، بۆڕە، چریکە، شیڕە، قوقە.... هتد) دەکرێن بە چاوگی تێپەڕێنراو، تەنانەت هەندێ جار ناویش دەخرێنە ناو (بەتایبەتی ناوە عەرەبیەکان) ئەو قاڵبە دەکرێن بە کاری تێپەڕێنراو، وەك (شیعر، نرخ، شەرع، ڕەنگ، حیزب، عەرەب، کورد ....) یان ئاوەڵناوی وەك (گەوج، عالم،...):
ـ زیرە (ناو) + ا (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← زیڕان (چاوگی تێنەپەڕ)،
زیڕان (چاوگی تێنەپەڕ) + د (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← زیڕاندن (چاوگی تێپەڕ).
ـ شیعر (ناو) + ا (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← شیعران (چاوگی تێنەپەڕ)،
شیعران (چاوگی تێنەپەڕ) + د (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← شیعراندن (چاوگی تێپەڕ).
ـ گەوج (ناو) + ا (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← گەوجان (چاوگی تێنەپەڕ)،
گەوجان (چاوگی تێنەپەڕ) + د (م.ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← گەوجاندن (چاوگی تێپەڕ).
لەم چاوگە پێپەڕێنراوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێ، بە فۆرمی تێنەپەڕ لە زماندا بەکارنایێ.

٦٢- بۆ وردەکاری و زانیاریی زۆرتر بڕوانە: تێپەڕاندن لە ل١٣٠-١٣٦. لە عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥.

**١٢: مۆرفۆفۆنیمی {و}:**

فۆنیمی /و/ یەکێکە لەو دەنگانەی لە دەنگسازیی کوردیدا پانتاییەکی زۆرتری لە هەمو فۆنێمەکانی تر گرتوە، بەوەی پتر لە شێوەیەکی گۆکردنی هەیە و بە پێی کەوتگەی لە برگەدا جۆری بزوێن و نەبزوێنی هەیە. زۆربەی زمانەوانەکان پتر لە فۆنێمێکیان بۆ دەنگی [و] دەستنیشان کردوە[٦٣]، وەك [و]ی کورت و [وو]ی درێژ[٦٤]، [و] هەروەها [وو]ی بزوێن و [و]ی نەبزوێن[٦٥]. لە بنەڕەتدا هەر چوار جۆری ئەم دەنگە: کورت، درێژ، بزوێن و نەبزوێن هەر هەمان فۆنیمن و بە پێی کەوتەگەی برگەییان و دەنگەکانی دەوروبەری گۆڕانی بەسەر دادێ و کورت و درێژ دەبێتەوە و بە پێویست نازانرێ بە فۆنیمی جیاواز دابنرێن، یان بە پیتی جیاواز بنوسرێن. تەنانەت ئەو وشانەی بە هۆی کورتی و درێژی دەنگی [و] واتایان دەگۆڕێ زۆر دەگمەنن و هەرە باوەکەیان هەردو وشەی (کوڕ) و (کووڕ)ن. بۆیە هیچ گونجاو و لۆجیك نیە، تەنیا بۆ وشەیەك گرفتێکی گەورە لە زمان دروستبکەین پیتی (وو) دروستبکەین، کە تەنانەت نوسەرە ناودارەکانیش لە ڕاستی و دروستی یەك واو و دو واو هەڵە دەکەن. ڕاستیە فۆنۆلۆجیەکەشی ئەوەیە، کە وشەی (کوڕ) سێ فۆنیم واتە، سێ پیتە (ك + و + ڕ) و وشەی (کووڕ) چوار فۆنیم واتە، چوار پیتە (ك + و + و + ڕ)، ئەگەر وشەیەکی ناباوی دەگمەنی تریش لەم شێوەیە هەبێ، دەتوانرێ بە چوار پیت دابنرێ[٦٦].

مۆرفۆفۆنیمی {و} لە ڕێزمانی دیالێکتی ناوەڕاستدا ڕۆلێکی فراوان دەگێڕێ و چەند ئەرکێکی گرنگ دەبینێ. سەرجەم ئەرکەکانی مۆرفیمی (و) دەگەڕێنەوە بۆ واتا بنجی و شاراوەکەی لەخۆی دەگرێ، کە بریتیە لە گەیاندنی چەمکی دوری. واتە، پێچەوانەی مۆرفۆفۆنیمی {ە} کە واتای نزیکی دەگرتە خۆی، مۆرفۆفۆنیمی {و} ئاماژە بە هەر شتێك دەکا کە دور بێ. ﴿مۆرفیمی (ە) واتایەکی گشتیی هەیە و چەمکی (نزیکی) ئەدا، بەڵام مۆرفیمی (و) واتا گشتیەکەی چەمکی (دوری) ئەدا. ئەم دو مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکاردێن و ڕۆلی گرنگ ئەبینن و چەندین فۆرمی تایبەتییان لێ دروست ئەبێ. مۆرفیمی (ە) هێمایە بۆ هەر شتێکی نزیك، بەبێ دەستنیشانکردن (دون التحدید). مۆرفیمی (و)ش هێمایە بۆ هەر شتێکی دور، بێ دەستنیشانکردن. دوریش واتە، نە من، نە تۆ. لە من و تۆ بترازێ هەمو شتێك لە گەردوندا دورە، ئەگەر ماوەی نێوانمان هەرچەندێك بێ.﴾[٦٧]. ئەو ئەرکانەی مۆرفۆفۆنیمی {و} لە ڕێزمان دەیانبینێ، بریتین لە:

**١١-١. مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی کاتی ڕابوردو:**

لە زماندا کاتی ئێستا نزیکترین کاتە و دەمی ئاخاوتن دەگەیێنێ، بۆیە مۆرفۆفۆنیمی نزیکی {ە}ی بۆ دانراوە، بەڵام کاتی ڕابوردو پێش دەمی ئاخاوتنە، واتە نزیك نیە و دورە، مۆرفۆفۆنیمی {و}ش لە بنەڕەتدا واتای دوری دەدا بۆیە یەکێ لە ئەرکەکانی گەیاندنی واتای کاتی ڕابوردوە. لەو چاوگە (و)ییەکاندا، مۆرفۆفۆنیمی {و} دەبێتە نیشانەی چاوگەکە و مۆرفیمی کاتی ڕابوردو:

- بون (چاوگ) ← بـ (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← گرفتەکە چارەسەر بو.
- چون (چاوگ) ← چـ (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← ئازاد چو بۆ قوتابخانە.
- دروون (چاوگ) ← درو (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← جلەکانم درو[٦٨].
- فەرموون (چاوگ) ← فەرمو (ڕەگی کار) + و (مۆرفیمی کاتی ڕابوردو) + ن (نونی چاوگ) ← مامۆستاکە فەرموی ....

---

٦٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦. ل٢٨.

٦٤- تەوفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. جیزمی یەکەم. بەغدا. ١٩٢٩. ل٥.

٦٥- نوری عەلی ئەمین. ڕێزمانی کوردی. سلێمانی. ١٩٦٠. ل١١-١٢.

٦٦- بۆ وردەکاری و زانیاریی زۆرتر بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٥٣-١٥٥.

٦٧- هەمان سەرچاوە. ل٨٠.

٦٨- لە هەندێ ناوچەدا (سۆران و دەوروبەری) دەبێتە دروین و ڕستەکە بەم شێوەی لێ دێ: جلەکانم دروی.

**١١-٢- مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو:**

ئاوەڵناوی کراو (إسم مفعول)، سیفەتێکی کاتیە دەدرێتە پاڵ کەسێکی دەستنیشاننەکراو، واتە کەسێکی دوری نەناسراو، دەکرێ دواتر لە ڕستەدا بە هۆی ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی ڕێککەوتن دەستنیشانبکرێ، واتە تاکو نەکەوێتە ڕستە لە ئاستی وشەسازیدا کەسەکە دیارنەکراوە. ئاوەڵناوی کراو پێکدێ لە ﴿ڕەگی کار + مۆرفیمی کاتی ڕابوردو (ا/ ی/ و/ د/ ت) + (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو کە هێمایە بۆ کەسێکی نادیار﴾.

ـ (سوتـ) ڕەگی کار + (ا) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (سوتاو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (ڕژ) ڕەگی کار + (یـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (ڕژیو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (مـر) ڕەگی کار + (د) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (مردو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (نوسـ) ڕەگی کار + (تـ) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (نوستو) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (لەناوچـ) ڕەگی کار + (و) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (لەناوچو و) ئاوەڵناوی کراو.

ـ (بەربـ) ڕەگی کار + (و) مۆرفیمی کاتی ڕابوردو + (و) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو← (بەربو و) ئاوەڵناوی کراو.

لە بنەڕەتدا مۆرفیمی (ر)ی بکەرناردیار کە هێمایە بۆ بکەرێکی نەناسراو پێچەوانی (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرکارێکی نادیار. وەك لە نمونەکانی (سوتێنەر>< سوتێنراو، تێکدەر>< تێکدراو، .....).

ئەم مۆرفۆفۆنیمە بە هەمان ئەرکی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو[٦٩]، بەشداری دەکا لە دارشتنی ڕستەی هەواڵداری لە دەمکاتی ڕابوردوی تەواو. ﴿لە ڕابوردوی تەواودا (و)ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، دوای مۆرفیمی کاتی ڕابوردو دێ و ئینجا ڕاناوی لکاوی بکەر دێ کە لە دەستەی خاوەنیە و دوای ئەوە (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا دێ، دوای ئەویش ڕاناوی لکاوی بەرکار دێ، کە لە دەستەی ڕێککەوتنە﴾[٧٠]. وەك:

لە کاری تێپەڕدا:

ـ گرتومە ← (گر) ڕەگ + (ت) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (مـ) بکەر + (ە) م.ئێستا + (Ø) بەرکار.

ـ کوشتویانن ← (گر) ڕەگ + (ت) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (یانـ) بکەر + (Ø) م.ئێستا + (ن) بەرکار.

لە کاری تێنەپەڕی بکەریدا:

ـ خەوتون← (خەو) ڕەگ + (ت) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (Ø) م.ئێستا + (ن) بکەر.

ـ چو وە ← (چـ) ڕەگ + (و) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (ە) م.ئێستا + (Ø) بکەر.

لە کاری تێنەپەڕی بەرکاریدا:

ـ مردوە ← (مـر) ڕەگ + (د) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (ە) م.ئێستا + (Ø) بەرکار.

ـ ڕوخاون← (ڕوخـ) ڕەگ + (ا) م.ڕابوردو + (و) م.ئاوەڵناوی کراو + (Ø) م.ئێستا + (ن) بەرکار.

**١١-٣- مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی بەستن:**

مۆرفۆفۆنیمی {و} جگە لەم ئەرکانەی سەرەوە دەتوانێ ڕۆلی مۆرفیمی بەستنیش ببینێ و دو وشە یان دو ڕستە بەیەك ببەستێتەوە. لە بنچینەدا مۆرفیمی بەستنی (و) لە ئامرازی بەستنی (وە) هاتوە. تا ئێستاش ئامرازی (وە) لە سەرەتای پەرەگراف یان ڕستەی نوێ بەکاردێ، وەك دەوترێ: (وە هەروەها.....، وە لە دوای ئەوە....، وە بەم

---

٦٩- هەندێ ئاوەڵناو هەن، لەوە دەچێ بە هەمان سیستەم داڕێژرابن، بەڵام بنچینە کۆنەکەیان بە تەواوی دارنەماوە. بۆ نمونە: (زیندو لە زیندەگیەوە، هەروەها ماندو، تینو،....).

٧٠- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. چاپی دوەم. هەولێر. ٢٠٠٦. ل١٦.

شێوەیە...، وە لە ئەنجامدا....هتد). ئامرازی بەستنی (وە) پێکهاتوە لە دو مۆرفۆفۆنیم ﴿{و} + {ە} ← وە﴾. مۆرفیمی (و) واتای دوری دەدا و ئاماژە بە وشە یان ڕستەی پێشتر دەکا کە بە بەراورد لەگەڵ تازەکە دەبێتە دورتر و مۆرفیمی (ە)یش ئاماژە بە وشە یان ڕستە تازەکە دەکا کە نزیکترە. واتە، ﴿ئەوەی پێشتر (دورتر) بە مۆرفیمی (و) هێمای بۆ ئەکەین و ئەوەی دواتر (نزیکتر) بە مۆرفیمی (ە) هێمای بۆ ئەکەین﴾[٧١]. بۆ نمونە:

ـ ئازاد هات وە نەوزاد هات. ← ئازاد وە نەوزاد هاتن. ← ئازاد و نەوزاد هاتن.

ـ نەژاد نەیخوێند، وە لە ئەنجامدا دەرنەچو. ← نەیخوێند وە دەرنەچو. ← نەیخوێند و دەرنەچو.

لە ئەنجامی ئیکۆنۆمی زمان و کورتبونەوەی زمان بزوێنە کورتەکە /ە/ سواوە و تەنیا مۆرفۆفۆنیمی {و} ماوەتەوە. هۆکارێکی تری کەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوشێوە بونی لەگەڵ (و)ە کراوەکەی (حەرف عەتف)ی عەرەبیە و هەندێ کەس وا دەزانن یان بۆنی ئەوەی لێ دەکەن کە لە عەرەبیەوە هاتوە، هەرچەندە لە ڕەسەندا کوردیە.

**٤.١١- مۆرفۆفۆنیمی {و} وەك مۆرفیمی وشەدارێژ:** هەندێ جار مۆرفۆفۆنیمی {و} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای وشەیەك و وشەیەکی تری نوێی لێ دروستدەکا، بەتایبەتی دەچێتە دوای ناوێك و دەیگۆرێ بۆ ناوێکی تر، کە لە خۆی نزیکە لە روی واتاوە. وەك:

ـ بێز (=قێز= بە پیس دانانی خواردنێك) + (و) پاشگری وشەدارێژ← بێزو (مەگیرانی)٧٢.

ـ دان (= دانەوێڵە = دەغڵ و دان) + (و) پاشگری وشەدارێژ← دانو (گەنمی کوڵاو).

ـ جوان (= گەنج = شۆخ) + (و) پاشگری وشەدارێژ← جوانو (بێچوی ئەسپ).

ـ کەند (شوێنی چاڵ) + (و) پاشگری وشەدارێژ← کەندو (شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە = سایلۆ).

تێبینی ئەوە دەکرێ جگە لەو ئەرکانەی سەرەوە، مۆرفۆفۆنیمی {و} دەتوانێ لە شێوەزاری سۆرانی بەتایبەتی ناوچەی ڕواندز و دەوروبەری ڕۆلی ڕاناوی لکاوی خاوەنی بۆ کەسی دوەمی کۆ (تان) ببینێ، ئەم ئەرکە لە شێوەزاری سلێمانیش دەبیسرێ. وەك:

ـ کچەکەو یا بە شو؟. ـ ماڵەکەو لە کوێیە؟ (شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی).

ـ کیژو بە مێرد دا؟. ـ مارو لە کێندەرێیە؟ (شێوەی ئاخاوتنی ڕواندز).

ـ نانو خوارد؟ ـ ترومبێلو کڕی؟ (شێوەی ئاخاوتنی ڕواندز).

**١٣: مۆرفۆفۆنیمی {ۆ}:**

فۆنیمی /ۆ/ یەکێکە لە دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردی. لە شێوە و شوێنی دروستبونی هاوشێوەی /و/ی بزوێنە و تەنیا جیاوازیی لەگەڵیدا ئەوەیە لە دەربڕینیدا بە هۆی فراوانبونی بۆشایی دەم، قەڵەوتر و کراوەتر گۆ دەکرێ، واتە لە گۆکردندا دەنگێکی تێکەڵ لە هەردو بزوێنی /ە/ و /و/. هەربۆیەش لە ڕەوتی ئاخاوتندا هەندێ جار لە هەندێ وشەدا ئەم دو بزوێنە تێکەڵ دەبن و فۆنیمی /ۆ/ دروستدەکەن. وەك:

ـ مامـوەستا کـەونەکەمان بـوەتە سـەرپەرشـتیار.← مامـۆسـتا کـۆنـەکەمان بـۆتـە سـەرپەرشـتیار.

ـ ئەو شـەو لە ئاهەنگەکەدا هیچ داب و نەریتێك پەیرەو نەکرا.← ئەو شـۆ لە ئاهەنگەکەدا هیچ داب و نەریتێك پێڕۆ نەکرا.

---

٧١- عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل١٣٩.

٧٢- عەلی نانەوازادە. فەرهەنگی کوردیی هەرمان. بەرگی یەکەم. (ئا-ب). هەولێر. ٢٠٠٥. ل٤٩٤.

مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} لە ئاستی ڕێزماندا چەند ڕۆڵێکی کەمی هەیە و دەتوانێ وەکو مۆرفیمی بانگکردن و بچوککردنەوە ئەرك ببینێ:

**١-١٣- مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} وەك مۆرفیمی بانگکردن:** بەهۆی قەڵەوی بەرزی دەنگی فۆنیمی /ۆ/ بەتایبەتی کە دەنگێکی گڕە و لەبەر ئەوەی بزوێنە دەتوانرێ بە پێی پێویست درێژ بکرێتەوە، وەکو مۆرفیمی بانگکردن بەکارهاتوە، بەتایبەتی لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاست و تایبەتیتر بۆ ڕەگەزی نێر:

- هـۆ کابرا! لە کێڵگەی مینەکان وەرە دەرەوە.
- کاکـۆ! وازی لێ بێنە.
- هـۆ براکەم! تـۆ لە کوێی؟.
- خالـۆ! کەی دەچی بۆ شار؟
- بابـۆ! بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟.
- شـوانـۆ! ئاگاداری مەڕەکانت بە.

**١-١٣- مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} وەك مۆرفیمی بچوککردنەوە:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە زۆر جار وەك مۆرفیمێکی بچوککردنەوە، دەبێتە هاوکارێك بۆ داڕشتنی ناوە بچوککراوەکان. لە کردەی بچوککردنەوەی ناوەکاندا، بەشێك لە کۆتایی ناوەکە دەکرتێ و لە شوێنی ئەو مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} دادەنرێ و ڕۆلی بچوککردنەوەی ناوەکە دەگێڕێ. ئەم دیاردەیە پتر لە ناوەکانی ڕەگەزی نێر ڕودەدا، بۆیە ئەم مۆرفیمە جگە لە ئەرکی بچوککردنەوە، ئەرکی مۆرفیمی ڕەگەزی نێریش دەبینێ، وەکو لە برگەی سەرەوەش ڕویدا، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی بیردۆزە یا پێناسەی مۆرفیم، کە هەندێ جار پتر لە واتایەك دەگرێتە خۆی. نمونەی ناوە بچوککراوەکان وەك:

- (شـێرزاد) ناوی تەواو—(زاد) بەشی کرتاو←(شێر) بەشی ماوە + (ۆ) م.بچوککردنەوە + (شێرۆ) ناوی بچوککراوە.
- (شاخەوان) ناوی تەواو — (ەوان) بەشی کرتاو ← (شاخ) بەشی ماوە + (ۆ) م.بچوککردنەوە + (شاخـۆ) ناوی بچوککراوە.
- (ڕەمەزان) ناوی تەواو — (ەزان) بەشی کرتاو ← (ڕەم) بەشی ماوە + (ۆ) م.بچوککردنەوە + (ڕەمـۆ) ناوی بچوککراوە.

## ١٤: مۆرفۆفۆنیمی {ی}:

فۆنیمی /ی/ وەکو فۆنیمی /و/ یەکێکە لە فۆنیمە نیمچە بزوێنەکانی زمانی کوردی. واتە، بەپێی کەوتگەی لە برگەدا دەشێ بزوێن یا نەبزوێن بێ. ئەگەر بزوێنێکی تر لە برگە هەبێ، فۆنیمی /ی/ دەبێتە نەبزوێن و بە پێچەوانە، لەکاتی نەبونی بزوێن لە برگەدا فۆنیمی /ی/ دەبێتە بزوێن. ئەم فۆنیمە ئەگەر بزوێن بێ یان نەبزوێن، کورت بێ یان درێژ، هەمان دەرچە و شوێنی دروستبونی هەیە. دەنگی[و] دەنگێکی گڕە و لە کاتی دروستبونی دەنگەژێیەکان دەلەرێنەوە و دواوەی زمان گرمۆڵە دەبێ و لەگەڵ نەرمە مەلاشودا کونێکی پانی قەبارە ناوەندی دەهێڵنەوە و پێشەوەی زمان بە پانی لێژ دەبێتەوە بەرەو پێشەوەی پوکی خوارەوە بە بنی ڕیزە ددانە بڕەرەکانی خوارەوە دەنوسێ و لێوەکان بە کراوەیی کەمێك بەرەو تەنشتەکان دەکشێن و هەوا بە بێ بەربەست دێتەدەرەوە.

مۆرفۆفۆنیمی /ی/ لە ئاستی دەنگسازیدا هەندێ جار وەکو فۆنیمێکی نەبزوێن ڕۆڵی ناوبڕ دەبینێ لە نێوان دو بزوێندا. واتە، ﴿پیتی (ی) ئەبێتە ناوبڕ لە نێوان دو پیتە بزوێندا، لەم بارەدا خۆی ئەبێتە نەبزوێن، چونکە پیتی (ی) پیتێکی نیمچە بزوێنە و لە گۆکردنیدا دەم کەم ئەکرێتەوە، بۆیە ئەتوانی وەك بزوێن و نەبزوێن ڕەفتار بکا﴾[٧٣]. وەك:

- (چوبایـە)ڕابوردوی خۆزگەیی←(چو)ڕابوردوی سادە+(بـ)م.ئارایی + (ا)م.ڕابوردو + (یـ)ناوبڕ+(ە)م.ئێستا+(∅)ك٣تاك.

٧٣– عەبدوللا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥. ل٨٥.

- (هەیـە) هەواڵدانی ئێستا ←(هە)م.خاوەنی +( Ø)م.ئارایی + (یـ)ناوبڕ+(ە)م.ئێستا+(Ø)ك٣تاك.
- (هەستایەوە) هەواڵدانی ڕابوردو ←(هەستا)ڕابوردوی سادە+ (یـ)ناوبڕ+(Ø) ڕاناوی کەسی ٣تاك + (ەوە) پاشگری دوبارە.
- (هەستایە سەرپێ)ڕستەی ڕابوردو←(هەستا)ڕابوردوی سادە+(یـ)ناوبڕ+(ە)م.بەستن+(Ø)ك٣تاك+(سەرپێ) تەواوکەر.

ئـەم مۆرفۆفۆنیمـە هـەروەك لـە دەنگسازیدا هاوشـێوەی فـۆنیمی /و/ە، بـەوەی هـەردوکیان نیمـچە بـزوێنن، لـە ڕێزمانیـشدا ئەرکـەکانی هاوشـێوەی مۆرفۆفـۆنیمی {و}ە، چـونکە هــەمان واتــای بنــەڕەتی دوری دەبینــێ. «لــە بنجـدا مۆرفیمەکانی (ی، و) هێمای توخمێکی دەستنیشاننەکراوی دورن، ... لە هەندێ ناوچەدا (کوردی باکور، لوڕستان) مـۆرفیمی (ی) لە بری (و)ش بەکاردێ»[٧٤].ئەم مۆرفۆفۆنیمە وەکو {و}ی هاوشێوەی دەتوانێ کۆمەڵێك ئەرك ببینێ، وەك:

**١٤- ١- مۆرفۆفۆنیمی {ی} لە ڕۆلی مۆرفیمی کاتی ڕابوردو:** وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەبـەر ئـەوەی دەمکـاتی ڕابـوردو کاتێکی دورە بە بەراورد لەگەڵ کاتی ئێستا و مۆرفیمی (ی)ش وەکو مۆرفیمی (و) واتای دوری دەدا، بۆیە بـە هـەمان شـێوە وەکو مۆرفیمی کاتی ڕابوردو بەکاردێ و لە چاوگە (ی)یەکاندا جگە لەوەی وەکو نیشانەی چاوگ ناوبراوە، دەبێتـە مـۆرفیمی کاتی ڕابوردو:

- (کڕیـن) چاوگی یایی←(کـڕ) ڕەگ + (یـ) م.ڕابوردو + (ن) نونی چاوگ.    ← من پێنوسێکم کڕی.
- (نوسیـن) چاوگی یایی ← (نوسـ) ڕەگ + (یـ) م.ڕابوردو + (ن) نونی چاوگ.    ← تۆ نامەیەکت نوسی.
- (فڕیـن) چاوگی یایی ← (فـڕ) ڕەگ + (یـ) م.ڕابوردو + (ن) نونی چاوگ.    ←کـەوەکـەفـڕی.

**١٤-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك:** یەکێ لە ئەرکەکانی ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەبێتە ڕاناوی لکاو بۆ کەسی دوەمی تاك لە دەستە ڕاناوی ڕێککەوتن (م. ی. Ø. ین. ن. ن). بۆ نمونە:

- مـن هاتـم. ({م} ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە).    - ئێمە هاتـین. ({ین} ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە).
- تـۆ هاتـی. ({ی} ڕاناوی کەسی دوەمی تاکە).    - ئێـوە هاتـن. ({ن} ڕانـاوی کەسـی دوەمـی کۆ).
- ئەو هاتØ. ({Ø} ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە).    - ئەوان هاتـن. ({ن} ڕانـاوی کەسـی سێیەمی کۆ).

**١٤-٣- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك:** ئەرکێکی تری ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەبێتە ڕانـاوی لکـاو بـۆ کەسی سێیەمی تاك لە دەستە ڕاناوی خاوەنی (م. ت. ی. مان. تان. یان). بۆ نمونە:

- مـن خواردم. ({م} ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە).    - ئێمە خواردمان. ({مان} ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە).
- تـۆ خواردت. ({ت} ڕاناوی کەسی دوەمی تاکە).    - ئێـوە خواردتان. ({تان} ڕانـاوی کەسـی دوەمـی کۆ).
- ئەو خواردی. ({ی} ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە).    - ئەوان خواردیان. ({یان} ڕانـاوی کەسـی سێیەمی کۆ).

هەروەها بە هەمان شێوە، ئەگەر ئەو مۆرفیمی (ی)ی ڕاناوی لکـاوە، پاشـگری (ان)ی مـۆرفیمی کـۆی بخرێتـە دوا، ڕاناوەکـە دەگۆڕێ لە کەسی سێیەمی تاك بۆ کەسی دوەمی کۆ. وەك لە دوا نمونەی سەرەوە دیارە.

٧٤- هەمان سەرچاوە. ل١١٠.

**٤-١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی خستنەسەر:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە وەکو مۆرفیمێکی پەیوەندی یان بەستن دو وشە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو ناو لەگەڵ ناو یان ناو لەگەڵ ئاوەڵناو ...هتد، کە (پلەی هاتنیان بەم شێوەیە دەبێ: دیارخراو + ئامرازی خستنەسەر + دیارخەر)[٧٥] . وەك لەم نمونانەی خوارەوە:

ـ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. (ناو + ناو).

ـ هەرزەکارێکی دەوڵەمەند بە ئوتومبێلێکی نوێ لە منداڵێکیهەژاری دا. (ناو + ئاوەڵناو).

**٥-١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی خاوەنی:** ئەگەر مۆرفۆفۆنیمی {ی} بخرێتە نێوان ناوێك و ڕاناوێکی جیا یان ناوێکی تر، جگە لەوەی ناو و ڕاناوەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دەبێتە مۆرفیمی خاوەنی و ڕاناوە جیاکە دەکاتە خاوەنی ناوەکە. وەك:

ـ دایکی من. (دایك هی من ← من خاوەنی دایکم).

ـ خانوی تۆ. (خانو هی تۆ ← تۆ خاوەنی خانوی).

ـ ئوتومبێلی ئەو. (ئوتومبێل هی ئەو ← ئەو خاوەنی ئوتومبێلـØـە).

ـ (بە دایکی ئالام وت)[٧٦] . (دایك هی ئالا ← ئالا خاوەنی دایکە).

ـ خانوی هەژاران قوڕە. (خانو هی هەژاران ← هەژاران خاوەنی خانوی قوڕن).

**٦-١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی ناوی واتایی:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە دەتوانێ بەشداری بکا لە داڕشتنی ناوی واتایی (مەعنەوی / ئەبستڕاکت[٧٧]). لەم بارەدا مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای هەندێ ئاوەڵناو و ناوی واتایی دروستدەکا. وەك:

ـ (هەتیو) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (هەتیوی). (منداڵەکە بە هەتیوی گەورە بو).

ـ (ئازاد) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (ئازادی). (کورد بە ئازادی نەژیاوە).

ـ (جوان) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (جوانی). (کوردستان لە جوانیدا بەناوبانگە).

**٧-١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو مۆرفیمی ئاوەڵناوی نیسبی:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە داڕشتنی ئاوەڵناوی نیسبیشدا بەشداری دەکا. لەم فۆرمەدا مۆرفۆفۆنیمی {ی} وەکو پاشگرێك دەچێتە دوای ناوی شوێنەکان وەکو شار و وڵات و ئاوایی و ناوچە و ... یان گەل و تیرە و خێڵەکان ...هتد و وەکو پاشگرێ دەبێتە هۆی دروستبونی ئاوەڵناوی واتایی. «پاشگری (ی)ی ئاوەڵناوی نیسبی، هەرچەندە لەگەڵ پاشگری (ی)ی ناوی ئەبستراکتی هاودەنگ و هاوشێوەن، لە خوێندنەوە و نووسیندا کت و مت یەکن و بەلام سەرەڕای دوو ئەرکی ڕێزمانی، دوو پاشگری جیاوازن و لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە سەریان دەرهێناوە و پەلیان هاویشتوە. لە کوردیدا هەر پاشگرە و ئەرك و کاری تایبەتی خۆی هەیە»[٧٨] .

ـ (هەتیو) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (هەتیوی). (منداڵەکە بە هەتیوی گەورە بو).

ـ (ئازاد) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (ئازادی). (کورد بە ئازادی نەژیاوە).

ـ (جوان) ئاوەڵناو + (ی) مۆرفیمی ناوی واتایی← (جوانی). (کوردستان لە جوانیدا بەناوبانگە).

---

٧٥– کوردستان موکریانی. ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردی دا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٤. ژمارە ١. ١٩٧٨. ل١٥٦.

٧٦– ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی. ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. سلێمانی. ٢٠٠٣. ل٧٤.

٧٧– ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفێمەکانی (ی) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤. ل٩.

٧٨– ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفێمەکانی (ی) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤. ل٢٥.

**١٥: مۆرفۆفۆنیمی {ێ}:**

فۆنیمی /ێ/ش یەکێکە لە فۆنیمە بزوێنەکانی زمانی کوردی. لە شوێن و چۆنیەتی دروستبونیدا تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی بزوێنی [ی]یە، بەڵام لە کاتی گۆکردنی [ێ]دا دەم بە ڕێژەیەکی زۆرتر دەکرێتەوە، بەڕادەیەك شەویلاگی سەرەوە و خوارەوە بە تەواوی لەیەك جیا دەبنەوە. ﴿بزوێنی (ێ): بزوێنێکی درێژە، لە کاتی درکاندنیدا زمان بەرەو پێشەوە دەچێت و هەردوو لێوەکانیش بەرەو تەنیشت دەکشێن﴾[٧٩].

هەندێ جار لە ڕەوتی ئاخاوتندا فۆنیمی /ێ/ لە ئەنجامی لێکدان یان تێکەڵبونی فۆنیمی /ی/ و فۆنیمی /ە/ دروست دەبێ. وەك لە وشەکانی:

- پەیوەندی ← پێوەندی. ([ە] + [ی]←[ێ]).
- پەیڕەو ← پێڕەو. ([ە] + [ی]←[ێ]).
- سولەیمانی ← سولێمانی. ([ە] + [ی]←[ێ]).

مۆرفۆفۆنێمی {ێ} لە ئاستی ڕێزماندا چەند ڕۆڵێکی کەم دەگێڕێ و دەتوانێ ئەم ئەرکانە ببینێ:

**١٥-١- مۆرفۆفۆنیمی {ێ} لە ئەرکی مۆرفیمی ڕەگەزی مێدا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستداوەکو مۆرفیمی ڕەگەزی مێ دەبێتە پاشگری ئەو ناوانەی بۆ ڕەگەزی مێ بەکارهاتون، یان وەکو نیشانەیەکی دۆخ[٨٠] دەبێتە پاشگری ناوی شوێنەکان و کاتەکان. وەك:

- پێرێ ئێوارێلە هەولێرێ چومە لاینازدارێ.
- دونێلە دهۆکێ دیاریەکم لۆ نازەنینێ برد.
- ئەوێ ڕۆژێ سەر لە سبەینێ چومەسولێمانیێ.

**١٥-٢- مۆرفۆفۆنیمی {ێ} لە ئەرکی مۆرفیمی خاوەنیدا:** مۆرفۆفۆنیمی {ێ} لە شێوەزاری سۆرانیی دیالێکتی ناوەڕاستدا بۆ ڕەگەزی نێروەکو مۆرفیمی خاوەنی ئەرك دەبینێ و دەکەوێتە نێوان ناوێکی ڕەگەزی نێر (دیارخراو) و خاوەنەکەی (دیارخەر). وەك لەم نمونانە دەردەکەوێ:

- کوڕێ ئازادی چوە مارێ نەشمیلێ.
- مامێ من مامۆستایێ مەکتەبێ مەیە.
- برایێ تو لە تکانێ خەزورێ خۆ دانیشتیە.

**١٥-٣- مۆرفۆفۆنیمی {ێ} لە ئەرکی بانگکردندا:** ئەم مۆرفۆفۆنیمە لە شێوەزاری سۆرانییدا دەتوانێ وەکو پاشگرێك ببێتە مۆرفیمی بانگکردن[٨١]. وەك:

- کچێ! وەرە یارمەتیێ داکا خۆ بدە.
- پلکێ! پێویستیت بە هاوکاری نیە؟.
- خوشکێ! چایەکی تێکە.

---

٧٩- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣. ل٢٠.

٨٠- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: صباح رشید قادر و نەبەز فتاح بابکر. سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠. ل٥-٤١.

٨١- صباح رشید قادر و نەبەز فتاح بابکر. سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠. ل٢٢-٢٣.

**١٥-٣- مۆڕفۆفۆنیمی {ێ} لە ئەركی وەرچەرخانی بەركاری بە یاریدەدا:** ئەم مۆڕفۆفۆنیمە هەندێ جار لە ئەنجامی وەرچەرخانی بەركاری بە یاریدەی ڕستەكاندا دەبێتە مۆڕفیمی بەركاری بە یاریدە و بە كردەیەكی فۆنۆلۆجی شوێنی بەركاری بە یاریدە دەگرێتەوە. وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا:

- بەردێكم لە دزەكە دا. (بەردێك) بەركار + (م) بكەر + (لە) ئامرازی پەیوەندی + (دزەكە) ناو / بەركاری بە یاریدە + (دا) كار
- بەردێكم لە ئەو دا. (بەردێك) بەركار +(م)بكەر+(لە)ئامرازی پەیوەندی + (ئەو) ڕاناوی جیا / بەركاری بە یاریدە + (دا) كار
- بەردێكم لە+ی دا. (بەردێك) بەركار +(م)بكەر+(لە)ئامرازی پەیوەندی + (ی) ڕاناوی لكاو / بەركاری بە یاریدە + (دا) كار
- بەردێكم لـ(ە+ی) دا. ← بەردێكم لـ(ە+ی ←ێ) دا. ← بەردێكم لـ(ێ) دا. ← بەردێكم لێدا.

بە هەمان دیاردەی وەرچەرخان:

- پارەم بە كوڕەكەم دا. ← پارەم پێدا.

شێوەیەكی تریش لە كورتبونەوە و وەرچەرخان هەیە. وەك:

- بەردێكم گرتە دزەكە. (بەركاری بە یاریدە وەكو ناو).
- بەردێكم گرتە ئەو. (بەركاری بە یاریدە وەكو ڕاناوی جیا).
- بەردێكم گرتە+ی. (بەركاری بە یاریدە وەكو ڕاناوی لكاو).
- بەردێكم گرتێ. (بەركاری بە یاریدە دوای وەرچەرخان).

## ئەنجامەکان

١- لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (١٥) مۆرفۆفۆنیم هەن کە بریتین لە (ە، ا، ب،ت،چ، د، ر، ش، ک، م، ن، و، ۆ، ی، ێ).

٢- هەرچەندە مۆرفۆفۆنیم پێکهاتوە لە تاکە فۆنیمێك، بەڵام هەر مۆرفۆفۆنیمێك واتایەکی هەیە. چونکە هیچ مۆرفیمێك بەبێ واتا نە دەبێ بە مۆرفیم و نە ئەرك وەردەگرێ. دەتوانرێ واتای هەندێکیان بە وردی و ئاسانی دەستنیشان بکرێ، بەڵام واتای هەندێکیان بەند دەبێ بە مۆرفیمەکانی دەوروبەری و جگە لە واتا گشتیەکەی ناتوانرێ واتا وردەکەی بە ئاسانی دەستنیشان بکرێ.

٣- مۆرفۆفۆنیمی {ە} واتای نزیکی دەگەیێنێ.

٤- مۆرفۆفۆنیمی {ا} واتای ڕابوردو و هێزێکی خۆنەکرد دەگەیێنێ.

٥- مۆرفۆفۆنیمی {ب} واتای هاتنەئارایی دەگەیێنێ.

٦- مۆرفۆفۆنیمی {ت} و {د} واتای ڕابوردو دەگەیێنن.

٧- مۆرفۆفۆنیمی {چ} واتای پرسیار لە شتێکی نەزانراو دەگەیێنێ.

٨- مۆرفۆفۆنیمی {ر} واتای بکەرێکی نادیار دەگەیێنێ.

٩- مۆرفۆفۆنیمی {ش} واتای هاوشێوەکردن دەگەیێنێ.

١٠- مۆرفۆفۆنیمی {ك} واتای تاکێکی نەناسراو دەگەیێنێ.

١١- مۆرفۆفۆنیمی {م} واتای کەسی یەکەمی تاك دەگەیێنێ.

١٢- مۆرفۆفۆنیمی {ن} واتای کۆ دەگەیێنێ.

١٣- مۆرفۆفۆنیمی {و} و {ی} واتای دوری دەگەیێنن.

١٤- مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} و {ێ} واتایەکی زۆر وردی دیاریکراویان نیە و بە پێی کەوتگە دەگۆڕێ.

## ملخص البحث

كون اللغة الكوردية من اللغات الصرفية، أي تشتق كلماتها من المورفيمات اللاصقة (المورفيمات البادئة affixes و المورفيمات اللاحقة suffixes) لذا توجد العديد من هذه المورفيمات على شكل أصوات منفردة. هذة الأصوات تشكلن فونيمات أو الحروف في مستوى الصوتي (الفونولوجيا)، ولكن في المستوى الصرفي و النحوي أي القواعد تحملن معاني مختلفة حسب المورفوفونيم و حسب موقعها من الجملة. في اللهجة الكوردية الوسطى توجد (١٥) مورفوفونيما وهما (ة، ا، ب،ت،ض، د، ر، ش، ك، م، ن، و، ؤ، ي، آ). و لكل مورفيم معنى واحد و أكثر من وظيفة واحدة. حاول الباحث توضيح هذه المعاني و الوظائف لكل مورفوفونيم و تم دراستهن حسب التستسل الهجائي للحروف الكوردية.

البحث متكون من مقدمة و دراسة كل مورفوفويم من الناحية الصوتية (الفونولوجية)، تعين موقعه بين أعضاء النطق، كيفية تلفظه، و تصنيفه من حيث المتحرك والصامت. و من الناحية الصرفية (المورفولوجية) تم تحديد المعنى الدقيق لكل مورفيم ثم دلالة هذا المعنى في التراكيب المختلفة. أما من المستوى النحوي (السنتاكسي) حاول الباحث إستعمال هذه المورفيمات في الجمل المختلفة و توضيح تراكيبها الدقيقة و كيفية تأدية وظائفهن حسب معنى التراكيب.

وفي النهاية إضافة الى النتائج و ملخص البحث تم عرض مصادر البحث.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان:

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. ڕێزمانی کوردی. بەرگی یەکەم مۆرفۆلۆجی. بەشی یەکەم ناو. بەغدا. ١٩٧٩.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا. بەغدا. ١٩٧٦.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف. هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٣. ژمارە ٢. ١٩٧٧.

٤- ئازاد ئەحمەد مەحمود. مۆرفێمەکانی (ی) لە ئالی مۆرفۆلۆژیدا. ئەکادیمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ٢. هەولێر. ٢٠٠٤.

٥- ئیرنیست. ن. ماکاروس. ڕێزمانی کوردی. وەرگێڕانی: برایم میرانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١٥. ئەیلولی ١٩٨٧.

٦- تۆفیق وەهبی. ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. ژمارە ١. بەغدا. ١٩٧٣.

٧- تەوفیق وەهبی. دەستووری زمانی کوردی. جیزمی یەکەم. بەغدا. ١٩٢٩.

٨- حەمە حەمەئەمین قادر. کاروانی شیعری نوێی کوردی. بەرگی یەکەم. هەولێر. چاپی دوەم. ١٩٨٧.

٩- دەروون عبدالرحمن ساڵح. ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا. هەولێر. ٢٠١٢.

١٠- دیوانی حاجی قادری کۆیی. هەولێر. ١٩٨٦.

١١- دیوانی گۆران. بەغدا. ١٩٨٠.

١٢- ڕەفیق شوانی. چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. هەولێر. ٢٠٠١.

١٣- ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی. ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. سلێمانی. ٢٠٠٣.

١٤- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. لێکۆڵینەوەی چوارەم مۆرفیمی /ش/ لە کوردی ناوەڕاستدا. چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی. هەولێر. ٢٠١٣.

١٥- سەلام ناوخۆش. زمانەوانی، نەریمان خۆشناو. بەرگی پێنجەم. بەرگەکانی (٤-٧)ەم. هەولێر. ٢٠١٠.

١٦- صباح رشید قادر و نەبەز فتاح بابکر. سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین. ژمارە ٤٧. ٢٠١٠.

١٧- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا. ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان. ژمارە ١١٨. پێنجشەممە ١٩٩٧/٧/٢٤.

١٨- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. ئەرکەکانی مۆرفیمی (ە) لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری سابات. ژمارە ١. ساڵی ٢٠٠٥.

١٩- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی. چاپی دوەم. هەولێر. ٢٠٠٦.

٢٠- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول و عەبدولوەهاب خالد موسا. وشەی سفر و مۆرفیمی سفر. گۆڤارا زانکۆیا دهۆک. پەربەندا (٧). هژمارا (١). ٢٠٠٤.

٢١- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار. نامەی دکتۆرا. زانکۆی بەغدا. ١٩٩٥.

٢٢- عەلی نانەوازادە. فەرهەنگی کوردیی هەرمان. بەرگی یەکەم. (ئا-ب). هەولێر. ٢٠٠٥.

٢٣- عەبدولوەهاب خالید موسا. (ڕێزمانی بون و هەبون) لە کوردیدا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین. ٢٠٠٠.

٢٤- عبدالواحید موشیر دزەیی، دانا تەحسین محەمەد و دەرون عەبدولڕەحمان ساڵح. فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی. هەولێر. ٢٠١٣.

٢٥- عەبدولواحید موشیر دزەیی. وشەسازی زمانی کوردی. هەولێر. ٢٠١٢.

٢٦- غازی فاتح وەیس. فۆنەتیك. بەغدا. ١٩٨٤.

٢٧- غازی فاتح وەیس. دەنگەکانی (ڵ)، (ل) وە (ڕ)، (ر) لەژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا. گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین. بەرگی ٨. ژمارە ٢. ١٩٨٢.

٢٨- کوردستان موکریانی. ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردی دا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەرگی ٤. ژمارە ١. ١٩٧٨.

٢٩- کوردستانی موکریانی. ئامرازی (-ە) خستنەسەر و چەند روونکردنەوەیەکی زمانەوانی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٨١. ١٩٨٠.

٣٠- لیژنەی زمانی کوردی. زمانەوانی. گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق "دەستەی کورد" بەرگی دەھەم. بەغدا. ١٩٨٣.

٣١- مەلا شوکر. بەکارهێنانی ئەوزاری "یش" بەپێ ی دەستووری زمانی کوردی. گۆڤاری بەیان. ژمارە ٤. ١٩٧٠.

٣٢- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو. دەنگسازی. هەولێر. ٢٠١٣.

٣٣- نوری عەلی ئەمین. ڕێزمانی کوردی. سلێمانی. ١٩٦٠.

٣٤- هاوکار عمر خدر. گروپی ئارایی و جیاوازییان. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.٢٠١٣.

٣٥- وریا عومەر ئەمین. مردنی وشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە ٤٥. حوزەیرانی ١٩٨٦.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1- Bloomfield. Language.Henry Holt, Rinehart & Winston. 1933. New York.
2- David Crystal. A Dictionary of Linguistics & Phonetics.5th Edition. 2003. UK.
3- D. N. MacKENZIE. KURDISH DIALECT STUDIES-I. London. 1961.
4- Ernest N. McCarus. A KURDISH GRAMMAR. New York. 1958.
5- F. S. Scott. & …. English Grammar. 1978. London.
6- Geoffrey Finch. Linguistic Terms and Concepts. 2000. USA.
7- J. D. O'Connor. Better English Pronunciation. 2nd Edition. 2003.
8- John Lyons. Language and Linguistics. 2002. Cambridge.
9- Peter Ladefoged. A Course in Phonetics.5th Edition. 2006. USA.

سەرچاوە عەرەبیەکان:

١- عبدالواحد وافي. علم اللغة. الطبعة السابعة. دار نهضة مصر للطبع والنشر. ١٩٧٢.

# چەند لایەنێك لە كردەی چاكوچۆنیدا

پ.ی.د. قەیس كاكل تۆفیق
فاكەلتی ئاداب- زانكۆی سۆران

# پێشەكی

## ناونیشانی لێكۆلینەوە:

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناو نیشانی (چەند لایەنێك لە كردەی چاكوچۆنی) كە بابەتی چاكو چۆنی لـە بەیەكگەیـشتن, ماڵئـاوایی (دوعا خوازی) و لەیەكتر دابڕان دەگرێتەوە.

## سنوری لێكۆلینەوەكە:

كردەی چاكوچۆنی(phatic comunication) یەكێكە لە بابەتەكانی زمانـەوانی كۆمەڵایـەتی و لـە ئاسـتی پراگماتیكـدا لێی دەكۆڵدرێتەوە. ئەم لێكۆلینەوەیە چەند لایەنێكی بابەتی كردەی چاكوچۆنی لە خۆوە دەگرێ, سنووری لیكۆلینەوەكەش ئاستی پراگماتیكە. لە كاتی پیویستیش هەندێ جار سنوری سیمانتیك دەبەزێنێ.

## گرفت و پرسیار

لەبەر ئەوەی ئەم بارە لە زمانی كوردیدا (بەپیی زانیاری لێكۆلەر) بابەتێكی دەگمەنـە و قوتابیـان و قوتـابی خوێنـدنی بـالا و تارادەیـەكیش خوینــەر و كتیبخانــەی كـوردی بــەو بابەتــە نـامۆن, لەلایـەكی تریـشەوە فراوانـی ئـەم بـوار كـە چـەندین لێكۆلینەوەی جیاجیا هەڵدەگرێ بە پێویستی نازانین لێرەدا ئاماژەیان پێ بكەین. بۆیە ئەم لێكۆلینەوەیە تەرخان كراوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

١. كردەی چاكوچۆنی چییە؟
٢. شوینی كردەی چاكوچۆنی لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیك لە كوێدایە؟.
٣. تایبەتییەكانی چین؟
٤. چۆن لە قسەكردنی ئاسایی و لە رستەكانی تر جیا دەكرێتەوە؟
٥. چۆنیەتی لادان لە كردەی چاكوچۆنیدا و لێكدانەوەی جۆر و هاوبەشی كردن لە نیوان قسەكەر و گوێگر
٦. پەیوەندی هەیە لە نیوان كردەی چاكوچۆنی و لایەنی كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی؟

## رێبازی لێكۆلینەوە

لەم لێكۆلینەوەیەدا رێبازی وەسفی شیكاری بەكارهاتووە, بە شیوەیەك كە كەرستەی خاوی ئـەم بابەتـە لەكوردیـدا پەسـن كراون و لێكدانەوەیان بۆ كراوە , وەك چوارچێوەیەكی تیۆریش پشتی بە بۆچوونە زمانەوانییە كۆمەلایەتییەكان بەستووە .

## بایەخی لێكۆلینەوەكە:

گرتگی لێكۆلینەوەكە لەوەدا دەردەكەوی كە لە كوردیدا لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم جـۆرە لێكۆلینـەوەیـە (بـە پێـی زانیاری لێكۆلەر) دەگمەنەو كاری لەسەر نەكراوە .هەر بۆیـە بۆشـاییەك لـە لیكۆلینـەوە زمانەوانییـەكانی كـوردی لـە بـواری زمانەوانی كۆمەڵایەتی پڕدەكاتەوە, لە لایەكی ترەوە بە قوتابیان و لێكۆلەرانی دەناسێنی تا لـەم بـوارەدا لێكۆلینـەوەی تـر ئەنجام بدەن هەروەها سەرەڕای ئـەوەی كـە پەیوەنـدی نێـوان زمـان و لایـەنی كۆمەڵایـەتی دەردەخـا. بابـەتێكی زینـدووی رۆژانەی كۆمەڵگایە و پێویستی بـە لێكدانـەوە و ناسـاندنێكی ئـەكادیمی هەیـە .ئـەم لێكۆلینـەوەیـە هـەوڵ دەدا بـۆ ناسـاندنی پەیوەنـدی كـردەی چاكوچـۆنی لـە ڕووی زمانەوانییـەوە , سـەرهەڵدان و ناسـاندنی كەرسـتەكانی و دانـانی چوارچـێوەیەكی تیۆری بۆ ئەم بابەتە لە زمانی كوردیدا

## زاراوەی چاكوچۆنی

كردەی چاكوچۆنی لە زمانی ئینگلیزیدا جگە لە (Phatic comunication) هـەردوو زاراوەی (social chit chat),( small talk) ی بۆ بەكاردێت. لە كوردیدا زاراوەی (چاكوچۆنی) مان بە پەسەند زانی. هەرچەندە ئەوەمان لەبەر چاوە كـە چاكوچۆنی زیـاتر لایـەنی بەیـەك گەیـشتن دەگرێتـەوە, ئـەو وشـەو دەربڕینانـە ناگرێتـەوە كـە بـۆ دابـڕان و ماڵئـاوایی كـردن بەكاردێن. بەڵام لە هەمان كاتیشدا هەندێ جار بەكارهێنانی گشتی هەیە و بۆ هەردوو لایەنی بەیەكگەیـشتن و لەیـەكتر دابـڕان بەكاردێت. وەك دەگوترێت (چاكوچۆنیان لـە نێوانـدا نـەماوە) ئیتر واتایـەكی گشتی لـەم بۆتانـەدا هـەردوو لایـەنی بەیـەك گەیشتن و لێك دابڕان دەگرێتەوە. هەر بۆیەشە ئەو زاراوەمان لە جیاتی فاتیك بە پەسەند زانی و بەكارمان هێنا

## پێناسەو خستنە رووی تیۆری

هەموو ئەو وشەو دەربڕینانە دەگرێتەوە, كە لە سەرەتای بەیـەك گەیـشتن و لـە كـاتی دابـڕان بـەكاردەهێنری, بـە مەبەسـتی جەخت كردنەوە لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان. ئەم بابەتـە سـەرەتا لای مالینۆوسـكی لـە سـالی ١٩٢٢ خراوەتـە روو, چەمكی پەیوەندیكردنی چاكوچۆنی ناساندووە كـە شـێوەكانی سـڵاوكردن و ماڵئـاواییكردنی لـە خۆگرتبـوو بـەو شـیوەیەش پیناسەی كردووە :( ئەو دەربڕینە بی مەبەستانەن كە لە ئاخاوتندا بەكار دێن و پشت بە چوارچێوەی قسەكردن نابەستی) (Coupland, Coupland, & Robinson 1992: 208). هەرچـەندە بـۆ چـوونەكانی مالینۆوسـكی بەسـەرەتای لێكۆلینـەوە وەك كۆمەلناسـێك لـەو بـوارە دادەنریـت ,بـەڵام دەبـێ ئـەوە لـە بەرچـاو بگـرین كـە لێكدانـەوەكانی زیـاتر لـە چوارچێوەی سیمانتیكە بـە تایبـەتیش دوو خـاڵی گرنگ لـە پێناسـەكەی دا هەیـە كـە (وتنـی بـێ مەبەسـت) و (دابـڕان لـە چوارچێوەی قسەكردن (كۆنتێكست)) ن, چونكە ئەگەر لە رووی سیمانتیكەوە بێ مەبەست بی ئەوا وەك بـەكارهێنان, یـان لایەنی كۆمەڵایەتی و پراگماتیكی مەبەستدارە پەیامێكی كۆمەڵایەتی بە رێگای ئەم دەربڕینانە دەگاتە گوێگر, هـەروەها كـە دەڵێ پشت بە چوارچێوەی قسەكردن نابەستێ دیسانەوە لە روانگەی سیمانتیكەوە چوارچێوە بۆ ئاخـاوتن دیـار دەكـا.واتـە دەشێ وشەیەكی دیاری كراوی فاتیك لە چەندین كۆنتێكستی جیاوازدا بەكار بهێنرێ. ئەم لێكدانەوەیەی مالینۆوسكی تـەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەیە كە ئەمڕۆ لەم بوارەدا لە ئارادان. وای بۆ دەچم كە ئەم جۆرە تێڕوانینە بە هـۆی گەشـە نـەكردن تەنانەت دەرنەكەوتنی لێكدانەوەی پراگماتیكی بێت لەو سەردەمەدا.

براون و لێڤنسۆن (Brown and Levinson ,1987: 142) ئەوەیان لە گفتوگۆی بچووك (كـورت) دا تێبینـی كـردووە كە، " بابەتی قسەكردنەكە بەقەد ئەو راستییەی كە گفتوگۆكە هەڵیدەگرێ گرنگ نییە كە ژمارەیەكی فـراوان لـە نیـشانەكانی رەزامەندی سۆز) ی هەلگرتووە" لاڤێر جەخت لەسەر بەهای ئـەرێنی و خـاوەنی پەیوەنـدی كـردەی چاكوچـۆنی دەكاتـەوە (Laver ,1981:109، هەروەها گفتوگۆی ئەوە دەكا كە چۆن لە رێگـەی ئـەو هۆكارانـەوە پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان باس دەكرێن و كۆنترۆڵ دەكرێن. لاڤێر باسی ئەوە دەكـات كـە هەڵبـژاردنی قـسەكەر بـۆ گفتوگـۆی كـورت (بـچووك) دەكـرێ ئامـاژەیەك بدا بە تێگەیشتنی ئەو (قسەكەر) دەربارەی دەقی پەیوەندی كراو (ئەو دەقەی كە كارلێكی لەگەڵ دەكا،

باختین (Bakhtin: 1999: 127) تەواو پێچەوانەی مالینۆوسكی وای پێناسە دەكا كە ژمارەیەكی زۆری ئەو ژانرانەن لـە ژیانی رۆژانەدا بەربڵاون, تا ئەو رادەیەی كە لە لای تاكی قـسەكەر بونەتـە سـتاندارد بـۆ هەڵبـژاردنی ژانرێكـی دیـاری كـراو . هـەروەها لـە ئـاوازەی دەربراویـشدا سـتانداردن. لـە جـۆری هەڵبـژاردن بـۆ ژانرێكـی دیـاری كـراو رەنگـە بـە هـۆی ئـاوازی قسەكردنیش دەرببڕێ, بۆ نموونە: ژانرە جیاوازەكانی ژیانی رۆژانە وەك سـڵاو كـردن . ماڵئـاوایی كـردن, پیرۆزبـایی كـردن هەموو جۆرەكانی هیوا خواستن زانیاری دەربـارەی تەندروسـتی و كـارگوزاری ...هتـد ئـەو ژانرانـە زۆر پـەرتو بـلاون چـونكە جیاوازییان هەیە و بە گوێرەی بارو دۆخ و پلەی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی كەسی بەشدار بوو لە گفتووگۆكەدا دەگۆڕێن.

# کردەی چاکوچۆنی و پراگماتیك

ئەم ئاخاوتنانە هەمیشە بەکارهینانی پراگماتیکییان هەیە, هیچ کاتیك لێکدانەوەی سیمانتیکییان بۆ ناکرێت. لە کردەی ئاخاوتندا هەمیشە قسەکەر و گوێگر بە ناهۆشیارییەوە واتە بە شێوەی سروشتی لە واتا پراگماتیکییەکان دەگەن و کردەی هاوبەشی کردن لە ئاخاوتندا ئەنجام دەدەن. هەرچەندە ئەگەر رێك بکەوێ لە هەندێ ئاخاوتنی رۆژانەدا گوتنێك دوو لێکدانەوەی جیاوازی سیمانتیکی و پراگماتیکی بۆ بکریت. ئەوا ئەم دوو واتاییە, یان تەمومژی واتایی لە کردەی چاکوچۆنیدا روونادات. بە واتایەکی تر هەرچەندە لە زۆربەی بەکارهێنانە پراگماتیکییەکان وەك: کردەی قسیەی و لێکەوتەی ئاخاوتن ...هتد بەکارهێنانە پراگماتیکیەکە زاڵبیت بەسەر بەکارهینانە سیمانتیکییەکە و ئەوا لێرەدا دەتوانین بلێین کە تەنیا یەك بەکارهێنانی هەیە ئەویشیان بەکار هینانی پراگماتیکییە . قسەکەر و گوێگر توشی تەمومژی واتایی نابن لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا. با لەم بارەی خوارەوە ورد ببینەوە؟

أ-   چۆنی؟

ب١- سوپاس خۆت چۆنی

ب٢-  رێزت هەیە, سوپاست دەکەم

ب٣- باشم,سەلامەت بی؟

لێرەدا (ب) کە وەڵام دەداتەوە (باشم) , دیسانەوە وەڵامەکەی ئەویش چەمکی کردەی چاکوچۆنی هەیە. مەبەستی ئەوە نییە کە لە رووی تەندروستیی خۆیەوە وەڵام بداتەوە.تەنانەت کە بە نەخۆشێکیش دەگوتریت. (چۆنی) ئەوا پیشبینی دەکری کە لە بری ئەوەی  راپۆرتێکی زارەکی لە بارەی تەندروستی خۆیەوە پێشکەش بکا. وەك: پلەی گەرمیم بەرزە و پەستانی خوێنم ئاساییە, ژانە سەرەکەم چاك بووە ... هتد   (کەتێگەیەشتنێکی سیمانتیکییە) ئەوا ئەویش بە هەمان تێگەیشتنی  پراگماتیکییەوە وەڵامی دەداتەوە. واتە پرسیارەکە وەك کردەی چاکوچۆنی وەردەگرێت. کە دڵنیابوونەوە یان جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە پێشتر هەیان بووە. با وا دابنێین (ب) وەڵامێکی نەرێنی دەداتەوە و نایەوێت بە هەمان هێزی (أ) جەخت لە پەیوەندییە کۆمەلایتیەکە بکاتەوە . وەڵامەکەی بەم شێوەیە دەداتەوە:

ب٤- لەوەتەی لێمان دەپرسی چ عەیبمان نییە.

ب٥- .......          (بێ دەنگەو وەڵام ناداتەوە)

( یان کۆمەڵێ دەربڕین و کلیشەی تری ئامادە لە کوردیدا هەن). کاتێ لەم دەربڕینە ورد دەبینەوە ئەمەشیان دیسانەوە وەڵامێکی پراگماتیکیە و گلەیی نەهاتن یان سەردان نەکردنی لێ دەکا. هەرچەندە وەڵامەکەی نەرێنی بوو, بەڵام دەرچوون لە بواری پراگماتیك و گەڕانەوە بۆ سیمنتیك دروست نەبوو. واتە لە هەردوو بارەکە لە چوارچێوەی پراگماتیك دەرناچێت. تەنانەت لەو بارانەشدا کە (ب) وەڵام ناداتەوە و لە کاردانەوەی وتەکانی (أ) بی دەنگی هەڵدەبژێرێ, وەك وەڵامی (ب٥). ئیتر ئەم بێدەنگییەش جۆریکە لە فاتیك و پەیامێکی نەرێنی کۆمەڵایەتی دەدا بە (أ).

# كردەی چاكوچۆنی لە نێوان سیمانتیك و پراگماتیكدا

ئەكەر سەیری ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بكەین وتەكانی (أ) رۆژانە بەكاردێن , بەلأم وتەكانی (ب) كە ئەویش چەمكی پراگماتیكی هەیە و لە ئەنجامی ئەوەدا دروست بووە كە (ب) وتەكانی (ا) بە لایەنە سیمانتیكییەكە وەردەگرێ و وەلأمێكی گالتە ئامیزی پراگماتیكیانەی دەداتەوە بە پێی كۆنتیكستی جیاواز . تەنانەت ئەو لادانەش, لە پراگماتیكەوە بۆ سیمانتیك دەچیتە خانەی یاری كردنی زمانی و نوكتە و بابەتی گاڵتە كردنەوە. بۆنموونە:

- كوریك لە سەر سیسەمەكەی پاڵكەوتووە و گلۆپی كوژاندۆتەوە و بەتانی بە خۆی داداوە , یەكیك لە ئەندامانی ماڵەوە دەرگا دەكاتەوە دەپرسێ؟

ا- چییە ئەوە دەخەوی؟

ب- نەوەلآ ئەوە سەما دەكەم و گۆرانی دەڵێم بەلأم تۆ وا دەزانی دەخەوم خەوتن كەی وا دەبێ؟.

- كەسێك جلێكی پۆشتەی لەبەركردووە قژی شانە كردوە و بۆنی لە خۆی داوە, سویچی سەیارەكەی لە دەستە (ئەگەر سەیارەت هەبی)خەریكە پێلاوەكانی لەپێ دەكا ,دایكی لێی دەپرسێ.

أ- ها كورم ئەوە دەڕۆی؟؟؟

ب- نەوەڵلا دایەگیان ئەوە دەچمە سەربان سینی سەتەلایتەكە دەسوڕێنم بەڵكو قەناتی عەرعەرم بۆ دەربچێ؟

- كەسێك بەیانی تاقیكردنەوەی هەیە مەلزەمەیەك بە دەستیەوە لێی دەخوێنی كۆمەڵی كتێب و دەفتەر بە دەوروبەریدا پەرتوبلأو بۆتەوە , نیگەرانە و ترسی تاقیكردنەوە بەسەریدا زاڵە. .باوكی لێی دەپرسێ

أ- ها كورم ئەوە دەخوێنی؟

ب- ناوەڵلا بابەگیان ئەوە خەریكم رۆنی سەیارەكە دەگۆڕم و كابریتەرەكەشی فەحس دەكەم.

- لە دەوام تەواو ئەبێت و دەگەرێتەوە ماڵ لە دەرگا دەدا و ژنەكەی دەرگای لێ دەكاتەوە و دەپرسێ:

أ – ئەوە هاتیەوە؟

ب- نەوەڵلا هیشتا لە رێگام شەقام و ترافكلایتەكان زۆر قەرەباڵغن نیو سعاتی تر دەگەمە ماڵەوە.

ئەگەر لەو نموونانەی سەرەوە ورد بینەوە جیاوازی نیوان بەكارهێنانە سیمانتیكی و پراگماتیكییەكان زۆر بە روونی بە دەر دەكەوێ. هەرچەندە دەربڕینەكانی (ا) تەنیا یەك چەمكی پراگماتیكییان هەیە كە ئەویش كردەی قسەی چاك و چۆنیە, بەلأم (ب) وا نیشان دەدا كە تەنیا لایەنی سیمانتیكی وتەكانی (أ)ی وەرگرتووە, وەلأمەكانی (ب) لادانە لە چەمكە پراگماتیكییەكان و لێكدانەوەیكی سیمانتیكی بۆ پرسیارەكانی (أ) دەكات. وەلأمێكی گالتە ئامێزی دەداتەوە و. واتە لێرەدا یاری كردن بە چەمكی پراگماتیكی و لیكدانەوەیان بە واتای سیمانتیكی دەبیتە جۆریك لە لادانی پراكماتیكی هەر ئەوەشە وای كردووە ببێتە نوكتەو مایەی پێكەنین.

## تایبەتییەكانی كردەی چاكوچۆنی

دەربڕینی كردەی چاكوچۆنییەكان كۆمەڵێ تایبەتییان هەیە كە لە رستەو دەربڕینەكانی تری زمان جیا دەكرێنەوە. لە خوارەوە هەندیكیان باس دەكەین:

١. یەكێك لە تایبەتییە جیاكەرەوەكانی كردەی چاكوچۆنی ئەوەیە كە لە سەرەتای بەیەكترگەیشتن یان لە كاتی لەیەكتر دابڕان بەكاردێت. واتە وەك كلیلێك بۆ كردنەوەی دەرگای گفتوگۆ یان دورستكردنەوەی پەیوەندی كۆمەڵایەتی. بەم پێە دەبێتە دەستپێكەری قسەكردن لە كاتی بەیەك گەیشتندا

٢. دەربڕینەكانی كردەی چاكوچۆنی تەنیا یەك واتایان هەیە ئەویش واتای پراگماتیكییە. هەمیشە واتای پراگماتیكی زاڵەو لێكدانەوەی سیمانتیكی بۆ ناكرێت. گوێگریش دەزانێ كە بە واتای سیمانتیكی بەكار نەهاتوون. بە ئاسانی لە گوتنەكانی تری جیا دەكاتەوە , لە چەمكە كۆمەڵایەتیەكەی تێدەگات هەر بۆیەش, كە وەڵام دەداتەوە وەڵامێكی پراگماتیكییانە یان هاو شێوەی كارەكە كاردانەوەی دەبێ. ئەم دەربڕینانە هیچ كاتێك بە واتای سیمانتیكی بەكارنایەن و چەمكە سیمانتیكییەكان تا ئاستی سفر دادەبەزیت[1] .

٣. چەند كلێشە یان بۆتەیەكی دیاری كراوی هەیە كە بە پێی چوارچێوەی بەكارهێنان دەگۆرێت و بواری دەسكاری كردن و گۆڕینی دەربڕینەكان سنورداره.رەگەز و تەمەن و فەرمی و نافەرمی بوونی چوارچێوەی قسەكردن بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی بۆتەكان دەدا.

٤. بەكارهێنانی پەیوەندی كردەی چاكوچۆنی رەنگدانەوەیەكی راستەوخۆی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە. لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر چەندایەتی و چۆنایەتی كردەی چاكوچۆنی گۆڕانی بەسەردادێت.

٥. چاكو چۆنی بە مەبەستی ئەوەبەكاردێت كە درێژە پێدنی ئەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە بووە كە دواجار لەسەری رێك كەووتون تێدا دابڕاون.

٦. زۆربەی گوتنەكان لە شێوەی رستەی پرسیاریدان. رستەكان كورتن و تەمومژی واتایان نییە.

## كردەی چاكوچۆنی و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان

بەكارهێنانی دەربڕینە كردەی چاكوچۆنییەكان بە پێی باروو دۆخ و چوارچێوەی كۆمەڵایەتی تاڕادەیەكی زۆر چەسپاون. لێرەدا بە پێویستی نازانم ئەو كلێشە یان دەربڕینی كردەی چاكوچۆنییانە ریز بكەم, چونكە بەلای خوێنەری كوردەوە ناسراوە. ئەوەی گرنكە پۆلین كردنی چوارچێوە (كۆنتێكست)ی قسە كردنەكەیە . بۆنموونە لە چوارچێوەی فەرمی وەك مامۆستاو قوتابی, فەرمانبەر و بەریوەبەر ..هتد ( بەیانی باش و ئێوارە باش و سلاّو رۆژ باش .. هتد بەكار دێت. لە كۆنتیكستی ئاینی (سلامو عەلیكەم) و لە بواری كۆمەڵایەتی تردا (ماندو نەبی, چۆنی, كوی ..) بە پێی رەگەز كە لای ئافرەت هەندێ دەربڕینی تایبەت هەیە وەك: جەرگت نەسوتێ و خێراندرابی ...هتد بە پێی تەمەنی قسەكەر و ئاستی خویندەواری پەیوەندی كۆمەڵایەتی ئەم كلیشانە بەكاردێن. بۆ كردەی لێكدابڕانیش (بە دوعا . خوا حافیز . ماڵئاوا.. هتد بە پێی كۆنتیكست بەكاردێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم كلێشانە تا رادەیەكی زۆر چەسپاون و بواری دەسكاری و

[1] لە ناوچەی بارزان یەكێك لە دەربڕینە باوەكانی كردەی چاكوچۆنی بریتیە لە ( چ دەكەی؟) ئەم كلێشەیە لە ناوچەكانی تردا نییە و گوێگر ئەگەر بەو كلێشەیە شارەزا نەبێ ئەوا لە واتا پراگماتیكیەكەی تێناگات و بە شیوەی سیمانتیك وەلام دەداتەوە. بۆنموونە دەشێ بە سەر سورمانەوە وەڵام بداتەوە ( وەڵا هاتم سەردانی تۆ بكەم) یان بەلایەوە سەیر دەبی كە بەبێ كردەی چاكوچۆنی دەستی بە گفتوگۆ كردووە. دەربڕینی (چ دەكەی) لەویدا بە واتای (چۆنی) بەكاردێت.

داهێنانیان کەمە. بە شیوەیەکی گشتی لە کردەی چاکوچۆنی مەبەستدار ( propossitional greetin ) کە بۆ کەسی نزیك و خۆشەویستان ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆرە نەبینراون بەکار دێت ئەوا تا رادەیەك هەست و سۆز و بواری داهێنانی تێدایە . وەك ( ئەوە تۆی گیانە) (چ بەختەوەریکە کە تۆ ببینم)...ئەم دەربڕینانە بواری ئەوەی تێدایە کە هەست و سۆز دەربڕێ و قسەکەر دە توانێ تا رادەیەك هەندێ گۆرانکاری یان داهێنانی سنوردار لە کلێشە چەسپاوەکان بکا. ئەگەر بێت و خۆی کلێشە دابڕێژی بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆزی زیاتر ئەوا بەرامبەری ئەزانێت کە لە بۆتە گشتییەکان لای داوە کاردانەوەشی بەرامبەر دەبێت . بۆنموونە دەشێ پێی بگوترێ ( چییە ئەوە بووی بە شاعیر؟ ). لە کردەی چاکوچۆنیە بێ مەبەستەکانnon- propossitional greeting) ) ئەوا بواری هەست دەربڕین زۆر کەمە و بواری داهێنانیش نییە.

ئەم دەربڕینانە پەیوەندی دوورو قووڵیان بە مێژووی نەتەوە و تێروانینی کۆمەڵگا بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەیە. رەنگدانەوەیەکی روونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن. بۆ نموونە: ( ماندوو نەبی) دەربڕی کۆلتوری ژینگەیەکی کشتوکاڵی کوردییە. کە ئومێدی ماندوو نەبونی بۆ دەخوازێ. (سەلاموعەلیکم) وشەیەکی عەرەبییە بە ریگای ئاینی ئیسلامەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. لە بنەڕەتدا دەربڕی کولتوری خێلەکی و کۆچەری عەرەبی بووە فەرهەنگی تالآن کردن و جەردەیی باووبووە ( د.علی الوردی, : ١٩٦٩: ١٧– ١٩) ئیتر دوو کۆنتیکست هەبووە شەڕ یان ئاشتی (سەلام) بە واتای ئاشتی دێت کە سلام لەیەکتر کراوە, واتە نیازی شەڕ لە ئارادا نییە و ئاشتی خوازە , دواتر ئەم دەربڕینە لە ناو کوردا چەمکیکی ئاینی وەرگرتووە .

وشەکانی رۆژ باش , بەیانی باش و شەو باش وای بۆ دەچم کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەگەڵ ئەو بزوتنەوە رۆشەنبیرییە دروست بووبێ کە گەلی کورد بە خۆیەوە بینی. هەرچەندە پێشبینی ئەوە دەکەم کە وەرگێراوی good morning ی ئینگلیزی بێت. ئەوەی سەرنج راکێشە بە پێی سیما واتاییەکان وشەی باش لەگەڵ بەیانی هاورێیەتییان نییە وەك وشەکانی خۆش و جوان . بەڵام وەك زاروەیەکی وەرگێڕدراو بلاو بۆتەوە

ئەم کلێشانە چەسپاون. ئەوەی سەرنج راکێشە وشەی (شەوشاد) کە هیچ چەمکێکی ماڵئاوایی یان لێکدابڕانی تێدا نییە . کەچی بۆ دابڕان بەکاردێت. واتای دابڕانی وەرگرتووە.

## ئایدیۆلۆژیاو كردەی چاكوچۆنی

کردەی چاکوچۆنی پەیوەندییەکی راستەوخۆ و بە هێزی بە کۆنتیکست و باری کۆمەڵایەتی هەیە. ئەوەی کە لەم چوارچێوەیە لابدا کۆنتێکستی فەرمی و نافەرمی و باری کۆمەڵایەتی نەهێلێت دیاردەی کردەی چاکوچۆنییە لەلای هەندێ لە پەیرەوانی ئیسلامی سیاسییە. کە ئەو وشەو دەربڕینانەی لە نێو زمانی کوردی یان بە دیوە کۆمەلایەتیەکەی لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە ناوچە و لە نێو زارەکاندا بووە بە ستاندەرێك یان کلیشەیەك بۆ کردەی پەیوەندی کردن بەسەریدا ناسەپێت. ئەمەش بە کارتێکەری ئایدۆلۆژیای سیاسی ئیسلامییە. بە شێوەیەك ئەگەر قسەکەر و گوێگر هەردوکیان سەر بە هەمان جیهان بینی و بیرو باوەڕ بن, ئەوا لە هەموو بوارەکاندا (فەرمی و نافەرمی رەگەزی نێر یان مێ لە بەیەك گەیشتن یان لەیکتر دابڕان, تەنانەت لە تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیری جیاوازیش هیچیان بە بەرچاو ناگیرێت لە هەموو ئەو بارانەی کە باسمان کرد تەنیا یەك دەربڕین بۆ کردەی چاکوچۆنی بەکاردێت ئەویش ( سەلامون عەلەیکوم)ە. ئەوەی جێگای سەرنجە دەربڕینەکەش بە شیوەی عەرەبیەکەیەتی و وەڵامەکەشی (وەعەلەیکمو سەلام ورحمەتولاهی وەبەرکاتوهوو)ە . لای ئەم گروپە ئەم جۆرە سڵاو کردنە ئەگەرچی بە مەبەستی دەرخستنی پابەند بوون بە بۆچوونەکە و پاداشتی خودایی بەکاردێت . هەروها بەو مەبەستە بەکاری دەهێنن کە ئەوانەی لە نێو کوردا باون چەمکیکی ئاینیان نییە. رەتکردنەوەی

كولتوری كوردییە لە جیاتی ئەوە, گوایە كولتوری یارانی پیغەمبەر و سەلەفیەكان بەكار دەهێنن. كەبە بۆچوونی ئەوان كولتوری ئیسلامە. بەڵام دیسانەوە لەم هەوڵە سەركەوتوو نەبوون و نەیان توانیووە ئەلتەرناتیڤێكی ئیسلامی بۆ كولتوری كوردی دابین بكەن. ئەمەشیان رەنگە كارێكی ئاسان نەبێت. چونكە

١. دەربڕینی (سلامون عەلەیكوم) دەربڕینێكی ئاینییە و بە ریگای ئاینەوە بۆ ئێمە هاتووە . واتە تەنیا بۆ كۆنتێكستە ئاینیەكە بەكار هاتووە . ئێستاش ناتوانرێ شوێنی هەموو كۆنتیكستێكی تر بگرێتەوە.

٢. پێشبینی دەكرێ كە لە نێو كولتوری عەرەبی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیش چەندین دەربڕینی تری كۆمەڵایەتی هەبوبی جگە لە ( سەلامون عەلەیكوم) كە بۆ بواری جیاجیا بەكار هاتبن. وشەی ( سەلامون عەلەیكوم) تەنیا بۆ بوارە فەرمی ئاینیەكە بەكار هاتبێ . ئیتر كوشتنی كۆنتیكست جۆریكە لە نەهیشتنی چەمكی پراگماتیكی, و تەنانەت پەیوەندی كۆمەڵایەتیش . بۆیە بە ئاسانی ناكری ببێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ هەموو كایەكانی ژیان.

٣. وەك چۆن لای ئەوان پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان بە پێی لێكدانەوەی خۆیان لەسەر بنەمای ئاینە ئیتر كردەی چاكوچۆنیەكەشیان رەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییەیە و لەسەر هەمان بنەمایە. ئەمەش نەیتوانیوە پێناسەی كردەی چاكوچۆنی لای ئەوان بگۆڕێت. بەڵكو تەنیا وەك هیمایەك بۆ پابەندبونی ئایدیۆلۆژیا لێك دەدرێتەوە . جونكە زۆر جار دوای ( سەلامون عەلەیكوم) ئیتر كردەی چاكوچۆنیە كوردیەكە لای ئەوان دەست پێ دەكاتەوە.

٤. هەرچەندە زۆر لەو دەربڕینانەی كە لە زمانی كوردیدا هەیە لە سەر بنەمای فكری ئاینی دارێژراون پابەند بوونی كۆمەڵگای كوردی بە ئاینەكە دەردەخات وەك ( خوا حافیز , بە دوعا. بەخێرچی. بە خێر بیی . بە خێر هاتی. خێراندار بی, خوات لەگەڵ, سلاو, وەكیلی سەلامان بە...هتد) بەلام لەبەر ئەوەی ئەوانە مۆركێكی كولتوری كوردیان پێوەیە و واتای باركراوی كولتوری كوردییان هەلگرتووە نەیان ویستووە بیكەن بە هێما بۆ پابەند بونی ئایدیۆلۆژی خۆیان . بەڵكو وشەی ( سەلامون عەلەیكوم) جگە لە واتا ئاینیەكەی واتای باركروی ئایدیۆلۆژیش دەگەینێ.

٥. لە هەردوو باری بە یەك گەیشتن و لەیەكدابڕان هەمان دەربڕینی فاتیكی ( سەلامون عەلەیكوم) بەكار دەهێنن.

هەرچەندە دەبێ تێبینی ئەوەش بكەین كە ئەم دەربڕینە ناتوانێ وەك دەربڕینی كردەی چاكوچۆنییەكانی تر ئەركە كۆمەڵایەتییەكان جێبەجێ بكا. بۆیە دەبینرێ كە لە دوای ( سەلامون عەلەیكوم) ئیتر دەست دەكرێتەوە بە دەربڕینی كردەی چاكوچۆنییەكانی تر وەك: هەواڵ پرسین و چاك و چۆنی.

## الملخص

هذا البحث وصفى بعنوان" سمات الاتصال فاتيك" ,بالاضافة الى تعريف فاتيك , يقوم بتلخيص المراجعة النظرية لوجهات النظر و الاراء التى نوقشتا فى وقت سابق بهذا الخصوص. ويحاول فحص (الكشف) مدى العلاقة الموجودة بين الدين و الحضارة فى منظور اتصال فاتيك ضمن المجتمع الكردى. علاوة على ذلك , يعين العلاقة بين فاتيك و ايديولوجية فى اللغة والمجتمع الكردى . ويعطى الامثلة ايضا لفهم ابعد وتحليل انحراف التداولى الذى يؤدى الى خلق النكات فى اللغة الكردية.

## Abstract

his is a descriptive study entitled “Aspects of phatic communication”. The work delineates phatic as well as outlining the theoretical review of the standpoints and opinions that have been discussed earlier in this regard. It tries to examine the relationship between religion and culture from phatic communication perspective within the Kurdish society. Furthermore, it delves into identifying the relation between phatic and ideology in language within the society. It also gives examples to further understand and illustrate pragmatic deviation that results in creation of jokes in Kurdish.

## سەرچاوەکان


- *Coupland, Justine, Nikolas Coupland, and Jeffrey Robinson. 1992. “How are you?”:Negotiating phatic communion. Language in Society 21:207-230*
- *Malinowski, B. (1999 [1926]) ‘On Phatic Communion’* in: Jaworski, A. and Coupland, N.(eds) *The Discourse Reader*. London and New York: Routledge, 302-305.
- Brown, Penelope and Stephen Levinson. 1987. *Politeness: Some Universals inLanguage Usage*. Cambridge: Cambridge University Press.
- Laver, John. 1981. Linguistic routines and politeness in greeting and parting. In *Conversational Routine,* F. Coulmas (ed.). The Hague Mouton. 289-304.
- Bakhtin, M. (1999 [1986]) ‘The Problem of Speech Genres’ in: Jaworski, A. and Coupland, N. (eds) *The Discourse Reader.* London and New York: Routledge, 121-132.

O

د.على الوردى, لمحات اجتماعية من تاريخ العراق, ١٩٦٩. بغداد, ص ١٧– ١٩)

# ڕەوانبێژی

## لەنێوان بوون ونەبوون لەبەشەکانی زمانی کوردیدا

پ.ی.د.سەردار ئەحمەد گەردی
بەشی زمانی کوردی /کۆلێژی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

## ناوەرۆك


- پێشەکی
- ڕەوانبێژی
- سوودەکانی
- بیانووی لابردنی
- ڕەوانبێژی لەنێوان کۆن و نوێدا
- سەرچاوەی  ڕەوانبێژی
- ڕەوانبێژی و شێواز
- لابردنی و زیانەکانی
- ئەنجام
- سەرچاوەکان
- کورتەی عەرەبی
- کورتەی ئینگلیزی

# پێشەکی

ڕەوانبێژی ئەو هونەرە بەرزو بالآیەیە کەبەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانیٚ دەسەلآتی بەسەر کەسانی تردا بشکیٚ و قەناعەتیان پیٚ بێنێت .مرۆڤ هەر لەو کاتەوە کەبینی زمان بەرتەسکەو ناتوانیٚ هەمووئەو شتانەی دەورو بەری دابپۆشیٚ و گشت پێویستییەکانی ڕۆژانەی جێبەجیٚ بکات ،پەنای بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی برد بۆ ئەوەی کەلێنەکانی زمانی پیٚ پڕبکاتەوە .لەگەلٚ پێشکەوتنی زمان و لەدایك بوونی ئەدەب بەتایبەتیش شیعر ئەم هونەرانە خۆیان خزاندە ناو ئەو بوارە و هەریەکە لەئاستی خۆیەوە دەستی کرد بە ڕازاند نەوەو ڕوونکردنەوە و بەپێزکردنی دەقی شیعری . دیارە ئەم هاتنە ناوەیەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەروا لە خۆوە نەبووە بەلٚکو پێویستی زمان و ئەدەب هێناویەتە ناوەوە .بلآوبوونەوەی ئەوهونەرانەش لەناو زمان و ئەدەب بەشێوەیەکی زۆر فراوان پێویستی بەزانستێکە کە لەو بوارانە بکۆلێتەوە هەر ئەمەش بوو بووە مایەی لەدایك بوونی زانستی ڕەوانبێژی . ئەو زانستەی کە ژمارەیەکی بیٚ شومار لەزانایان کاریان تیاکردووەو سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی جیاجیا و بەرهەمی تاکە نەتەوەیەك نییە ، بەلٚکو بەرهەمێکی تێکەلآوە هەر نەتەوە و چەند چلە گەنمێکی خستۆتە سەر خەرمانی زانستی ڕەوانبێژی بەم جۆرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی سەندووەو گەشەی کردووە و هەر میللەتەوبەشی خۆی لیٚ هەلێنجاوەو خستوویەتە سەر زمانەکەی خۆی و سوودی لیٚ بینیوە کوردیش یەکیٚ لەو نەتەوانەیە کە بەشداری چالآکی هەبووە لە وەبەرهەم هێنان و پەرەپێدانی ئەوزانستە . وەلە بوارەکانی زمان وئەدەبدا بەکاری هێناوە . گومانی تیانییە پەرەسەندنی ئەم زانستە وبەکارهێنانی لەبوارە جیاجیاکانی زمان و ئەدەبدا دەبێتە مایەی پێشخستنی ئەو زمان وئەدەبە،پشتگویٚ خستنیشی بەپێچەوانەوە بەزیانیان دەشکێتەوە چونکە یەکێکە لەبنەمانی پێشخستنی زمان وئەدەب سەرەڕای بوارەکانی تری ژیان.

# ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی ئەو زانستە باڵایەیە كە لە زووەوە مرۆڤ گرنگی پێداوەو لێی كۆڵیوەتەوە و هەوڵی داوە فێری هونەرەكانی ببێت و خۆی تیا بنوێنێت (( لەپاش ناسینی خودا یەكێ لەو زانستانەی كەلە هەمووزانستەكان ڕەواترە فێری ببیت زانستی ڕەوانبێژییە بۆ زانینی ڕەوانی و موعجیزەی قورئانی پیرۆز ، ئەم زانستە جیاوازی لەنێوان قسەی باش و خراپ دەكات )) (١٩،ص٧ ) دیارە مرۆڤ بەبەردەوامی پێویستی بەوە هەیە كەقسەی باش و خراپ لەیەك جیابكاتەوە بەلأم پایەی ڕەوانبێژی لەمەش بەرز ترە چونكە((ئەو توانایەیە كەبیگەیەنیتە دڵی گوێگرو وەكو تۆ كاری تێبكات وشێوەیەكی قەبوولكراو دەربرینێكی جوانی هەبێت ))(١٩، ص٧) ڕەوانبێژی فێری قسەو شێوازی جوانت دەكات دەسەلأتێكت پێدەبەخشێت ( لابرۆیر ) دەڵێت :- ((ڕەوانبێژی نیعمەتێكی گیانییە هێزێكی وامان تیا دەبزوێنێ كەدەسەلأتمان بەسەر خەڵكی تردا ببێ )) (٦ ، ل١١ ) جا كەئەو هەمووتوانایە بەمرۆڤ ببەخشێت بۆلێی بێ بەش بێت و هەوڵی بۆنەدات و خۆی تیا نەنوێنێت و لەكانیاوەكانیدا خۆی تێر ئاو نەكات ، چونكە ڕەوانبێژی تایبەتمەندی خۆی هەیە (( ڕەوانبێژی بەتایبەتێكی مرۆڤایەتی دادەنرێت ،ئادەمیزاد بەگشتی بەبێ جیاوازی خاوەنیەتی ، ڕەوانبێژەكانیش تەنیا كۆمەڵێكی پسپۆری ئەو دیاردەیەن داهێنانیان تیا كردوو تاكو گەیشتۆتە شوێنی مەبەست و وەك زانستێك ڕایانگەیاندووە ،ڕۆژێك لەرۆژانیش لەپێشەنگی هەمووزانستەكان بووە تەنانەت لەلای هەندێ نەتەوە یەكەم وتاكەزانست بووە .یەكم نەتەوەش كە كردیان بەزانست یۆنانیەكانبوون.))(١٧، ص٥) راستە بەزانستكردتی لەسەر دەستی ئەرستۆ بوو بەلأم پێشینەیەكی هیندیشی هەیە.دەتوانین بڵێین هیندیەكان یەكەم كەس بوون كاریان لەسەر كردووە چونكە مێژووی ڤیدا زۆر كۆنە كاركردنەكەش لەسەر ڤیدابووە..ڕەوانبێژی پێشینەیەكی مرۆڤایەتی هەیە چونكە ((ڕەوانبێژی كارێكی زمانییە یاخود كاریكی مرۆڤە لەزماندا لە دوای دروست بوونی كارێكە لەگەڵ زەمەندا بەرزبۆتەوە لە رووبەڕووبوونەوەی گەردوون وسروسشتا، ناتوانرێت بووتریٚ زمان بەرامبەر بە بوونەكانە وەناشتوانرێ بووترێ زمان لەئاستی گوزارشتكردنی لەبەرامبەر بوونەكان ماوەتەوە ،چونكە بێ لایەن نییە وەبێ لایەن نەبوونەكەشی ناوی دەنێین ڕەوانبێژی .ئێمە ناڵێین گوڵە مێلاقەو بەس ،بەڵكو هەڵوێستێكی بۆ زیاد دەكەین ئەویش هەڵوێستی مرۆڤایەتییە ، ئەوەی كەرێكدەكەوێت یان جیاواز دەبێت لەنێوان ئادەمیزادێك و یەكێكی تردا . هەیە بەرەمزی پاكی وبێگەردی دادەنێت ،وەهەیەبەرەمزی خەم و كەئابەی دادەنێت لەلای هەندێكیش رەمزی هیواوخواستی مرۆڤە رۆیشتن لەگوڵە مێلاقەوە بەرەو هەڵوێستی مرۆڤایەتی ئەوەیە كەرەوانبێژی دێنێتە ئاراوە . )) (١٧ ،ص ١٢٩ ) بەلأم ڕەوانبێژی تەنیا لە ئاستی قسەناوەستێت بەڵكو (( زۆربەی زانایان وادەبینن كەڕەوانبێژی هیچ سنووری نییە هەمووئەو شتانەدەگرێتەوە كەمرۆڤ بۆگەیشتنە ئامانج بەكاریان دێنێت لەوانە دەستەكانی روخساری جەستەی بەگشتی ،پرچ ،جلەكانیەتی تەنانەت رۆیشتنی وجولەی .هەر شتێك لە دەلالەتی حەقیقییەوە بچێ بۆ دەلالەتی مەبەست وە مەدلوولی واقیعی ببڕێت ئەوە ڕەوانبێژییە ،وەهەرچی لەمەدلوولی واقیعییەوە دەربچێت هەڵسوكەوتێكی ترو ئیحایەكی تری دەبێت .)) ( ٣م ص ١٦ ) چونكە ڕەوانبێژی هونەرێكە لەهەست وسۆزەوە سەرچاوەدەگرێت و (( پێش هەمووشتێك هونەرێكەلەهونەرەكان پشت بە ئامادەگی بێ گەردی خۆرسكی و درككردنی جوانی دەبەستێت وە جیاوازییە شاراوەكانی نێوان شێوازەكان ئاشكرادەكات )) (١٥،ص ٨) بەلام هەست و سۆز بۆ لەدایك بوونی ئەو هونەرە بەتەنیا بەس نییە و پێویستی بەپاڵپشتێكی تریش هەیەئەویش ئەزموون و زەمینەی رۆشنبیری مرۆڤە . دیارە ڕەوانبێژی بەبێ ئەزموون نایەتە ئاراوە و لە (( ئەزموونێكی دابڕاو سەرهەڵنادات ،لەڕاستیدا ئەزموونی دابراوهەر بوونی نییە،چونكە پێویستیەكە بۆ ئیستیعاب كردن وتێگەیشتنی گەردوون ، یاخود پێكهێنانی بەپێی مەبەستەكانی مرۆڤ ، ئەم دونیایە جۆراوجۆرەو ئەوگەردوونە مەزنە ترسناكە هاوبەشیان كردووە لەپێكهێنانی ڕەگەزەكانی ڕەوانبێژی كەبۆتە ئامرازێك لەدەستی مرۆڤ وەك هەر ئامرازبدێكی تر بەكارهێنانی زۆری هەیە هەندێ زەرەر

مەند هەندێ بەسوود )) (١٧،ص٢٣)بەلاَم رەوانبێژی ئامرازێکی سەربەخۆی بێ لایەن نییە لە هەست وسۆزو ئامانج و غەریزەکانی مرۆڤ ، بەپێی هەست و ئارەزوو غەریزەکانی ڕەنگاورەنگ دەبن ئەمەیە رەوانبێژی دابەش کردووە بە دروستکەری دەسەلاَت و سەروەت و سامان وە بۆ هێنانە کایەی سەربەستی و خۆشەویستی و دادپەروەری ..لێرەدا دەردەکەوێت رەوانبێژی لەئەنجامی کارلەیەککردنی مرۆڤ و دەورو بەری دێتەئاراوە کارلەیەککردنی دەروونی لەگەلْ دیاردەکان گەردووندا لەئاگای و بێ ئاگایی .وەمەبەستی ئادەمیزادە کەوادەکات رەوانبێژییەکی بالاَو بەسوود لەدایك بێت یان رەوانبێژییەکی نزم وقێزەوەن .

## سوودەکانی

رەوانبێژی سوودی یەکجار زۆرە لەوانە فێربوونی قسە واتە قسەزانی ، زمانپاراوی ، قەناعەتهێنان بەدەوروبەر ، بوونی دەسەلاَت لەسەر کەسانی تر، ووردی کورت بڕی درێژبڕی لەشوێنی پێویست ،هەلْس وکەوت کردن سەرنج ڕاکێشانی خەلْك .تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی بەتایبەتی شیعر ، توانای راڤەکردن ولێکدانەوەی شیعر، توانای دارشتنی دەق ، پراکتیزە کردنی بنەما کانی لەسەر دەقدا ، دەستنیشانکردنی وێنە شیعرییەکان ، ناسینەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەناو دەقدا سەرەڕای هەمووئەمانە لەژیانی مامۆستایەتی لەوانە ووتنەوە سوودی زۆری پێدەگەیەتێت .

## بیانووی لابردنی

لەو کۆنفرانسەی کە بۆ دانانی پرۆگرامی بابەتەکانی بەشەکانی زمانی کوردی لە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی بەسترا، هەموو سەرۆك بەشەکانی زمانی کوردی بەشداریان کرد . لەو کۆنفرانسەدا گەلێ بابەت زیاد کرا و هەندێ بابەتیش لابران .یەکێ لەو بابەتانەی کە لابران ڕەوانبێژی بوو .دیارە بۆ ئەو لابردنەش هەندێ بڕو بیانوو هێنرانەوە کەئەوەندە بێهێزن نەك شایانی ئەوە نین ماددەیەکیان پێ لابرێت بەلْکو هی ئەوەنین باس بکرێن .لەوانە:-

١- ڕەوانبێـــــژی زانـــــستێکی کۆنـــــەو ماوەکـــــەی بەســـــەر چـــــووەو بەکـــــەلکی ئێـــــستانایەت.

٢- ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنی عەرەبیە ، بۆلەبەشی زمانی کوردی بخوێنرێت و ببێتە بار لەسەر خوێندکاری کورد .

٣- شێواز زانستێکی نوێیەو لەبری ڕەوانبێژی دابنرێت لەگەلْ پێشکەوتنی زمان وئەدەب ەبارو دۆخی تازەدا دەگونجێت ئەم بیانوانە هیچیان ئەو هێزەیان نییە بابەتێ لابەن یان بیگۆڕن بەلْکو لابردنی ئەو بابەتە هۆکاری تری لە پشتەوە بوو :-

١- ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەی کەبۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەی خوێندن دەبەسترێت بەزۆری سەرۆك بەشەکان بەشداری تیادەکەن .دیارە سەرۆك بەشەکانیش لەسەر بنەمای لێهاتوویی دانانرێن ، بەلْکو زۆربەی سەرۆك بەشەکان بەتایبەتی لەزانکۆتازەکان تازە خوێندنیان تەواو کردووەو ئەزموونێکی وایان نییە بەلْکو پلەی زانستیان بۆئەوە ناشێت کە بەشداری لەدانان و گۆڕینی بەرنامەی خوێندنی بەشێکی زانستی دا بکەن چونکە نازانن خوێندکاران چیان پێویستە .

٢- بابەتی ڕەوانبێژی تیۆری پراکتیکی یە ئەمەش وای کردووە گران بێت ، هەر ئەمەش وای کردووە زۆر لەو مامۆستا بەرێزانە حەزی پێ نەکەن .بەلْگەش بۆ ئەمە کەم مامۆستا خۆی لەقەرەی ئەو بابەتەدەدات . هەر ئەو حەز نەکردنەش وای کردووە لەکۆلْ خۆیاتی بکەنەوە چونکە هەمووسالْی کێشەی ئەوە ی بۆدروست کردوون چۆن مامۆستای بۆ دابین بکەن ٣- پەنجا بەپەنجا خۆی خزاندۆتە ناو زۆر لەبوارەکانی ژیان یەکێ لەوانەش خوێندنە یەکەکانی خوێندنیش دیاری کراوە ئەو یەکانەی کەبۆ وانە لاوەکیەکان دانراوە ناکۆرێت .ئەو یەکانەی کەدەمێنێتەوە دەبێت وەك برا لەنێوان زمان و ئەدەب دابەش بکرێت .ئەوەی لەو کۆنفرانس کرالەسەر داوای مامۆستایانی زمان بۆ ئەوەی بابەتەکانیان لەگەل بابەتە ئەدەبیەکان یەکسان بێت چەند بابەتێك زیاد کرا وەك ( زمانەوانی کۆمەلاَیەتی ، زمانەوانی دەروونی ، ) دیارە زیاد کردنی ئەو بابەتانە لەسەر حسێبی بابەتە ئەدەبیەکان بۆیە دەبێت هەندێ بابەت کەم بکرێتەوەیارە لەهەموانی بەد بەختتریش ڕەوانبێژی یە .

## ڕەوانبێژی لەنێوان کۆن و نوێدا

ڕەوانبێژی وەکو هونەر تەمەنی زۆر لەتەمەنی زمان کەمتر نییە چونکە لەبنچینەدا بۆ فراوانکردن وبەرەوپێشبردنی زمان هاتۆتە ئاراوە . وەلەناو زمان و ئەدەبیاتی گشت نەتەوەکاندا هەیە .چونکە (( ڕەوانبێژی هونەرە .لێرەدا هونەر واتە سەنعەت بەرهەمهێنانی هونەریش کارێکی جێبەجێکراوە ، واتە بۆسروشت وڕێکەوتەکانی ناگەڕێتەوە ،بەڵکو بەرهەمی عەقلانیەتی مەنهەجیی مرۆڤایەتیی ،بەواتایەکی تر ڕەواتبێژی پەیوەستە بەخاسەتێك کەبەبەردەوامی لەگەڵ مرۆڤدایە ئەویش قسەکردنە . بەوسیفەتەی کەمەنهەجە بەکۆمەڵێك دەستوور دەخرێتەڕوو ،ئەو دەستورانەش بەزۆرەملێ ڕیزنەکراون ، بەلکو پەیوەست کراون بەیەکەوە بەتێڕوانینێك لەسەر بنچینەیەکی مەنتیقی.ئەو دەستورانەش بەتێکڕایی بنیاتێکی ئاڵۆز دروست دەکەن هەیکەلەکەی لە پاشکۆیی و لەیەکچوون و دیارکردن پێکدێت .لەهەمووئەمانە بۆمان دەردەکەوێت کەرەوانبێژی سروشتێکی ڕێکخراوی هەیە ئەو نەسەقەش لەگەڵیا مایەوە بەدرێژای (٢٥٠٠) ساڵی تەمەنی بەناکاملی وەڕووبە ڕووی زۆرگۆڕانی یەك لەدوای یەك هات لەگەڵ ئەوەشدا تاکە ئەرکی یەکەمی هەر بەتەنیایی مایەوە ئەویش بەرهەمهێنانی دەقە لەسەر بنمای دەستووری هونەریی دیاریکراو .)) ( ١٣،ص٢٣) کەواتە ئامانجی یەکەمی ڕەوانبێژی لەوماوە درێژەی تەمەنیدا تەنیا بنیاتنان وبەرهەمهێنانی دەق بوویێت ((لێرەوە تێبینی دەکرێت کەکارو چالاکیەکی زۆر لەسەر ڕەوانبێژی دەکرێت لەڕووی مێژوو تیۆرییەوە لە ئەوروپاو ئەمریکا لەیەك کاتدا .هۆکاری ئەو ژیانەوەی ڕەوانبێژییە دەگەڕیتەوەبۆ بواری تیۆردانان بۆ پێویستی لەراددەبەدەری زمانەوانی (تداولیە) وەتیۆری بەیەکگەیاندن و سیمیائی و ڕەخنەی ئایدیۆلۆجی ،هەروەها شیعرییەتی زمانەوانی لەبواری وەسفکردنی سیماکانی قەناعەتپێهێنان لەدەقدا . وەراستکردنەوەی .لەئەنجامی ئەو گرنگی پێدانە دەبێ ئەوە تۆمار بکەین کە یەکەم ڕەوانبێژی بووبەزانست ، وەلەڕووێکی ترەوە ئامانجمان بەرەو تیۆرییەکی ڕەوانبێژییە ،لەڕووی سێیەمەوە تەنیا دەور نەدراوە لەڕەهەندی ئیستاتیکی زۆر بەتوندی ، بەڵکو لەوە جیادەبێتەوە تاکو دەبێتەزانستێکی فراوان بۆکۆمەڵ ، پێشەنگانی ئەو ڕەوانبێژییە تازەیە لەفرەنسا( ڕۆلان بارت و جیرار جینێت و ب. کونتز و کبدی فارکا.......ئەم لێکۆلەرەوانەو ئی تریش توانیان ڕەوانبێژی بکەن مەبحەسێکی زانستی هاوچەرخ ))( ١٣،ص٢٢). پاش لێکۆڵینەوە لەسەردەمی نوێدازانایان بۆیان دەرکەوت کەمەعقول نییە ئەمە تاکە ئامانجی ڕەوانبێژی بێت بۆیە لێرەوە بۆچوونی تازە بۆ ڕەوانبێژی سەریانهەڵدا بەلاّم ((بۆچوونی زانستی هاوچەرخ بۆ ڕەوانبێژی جیاوازە بەلکۆ پێچەوانەی بۆچوونی پێشووە لەوە بەدوائامانجی ڕەوانبێژی زانستی بەرهەمهێنان نییە بەڵکوراڤەکردنی دەقە )) ( ١٣، ص ٢٣) ئەوبنیاتکردنەوەی ڕەوانبێژی هەروا بێ بنەما نەبووە بەلکو لەسەدوو بنەمای زانستی بووە (( کرداری دووبارە بنیاتنانەوەی ڕەوانبێژی بەوپێیەی کەمەنهەجێکی شیکاری دەقە لەسەر دوو بنەما بووە :–یەکەم سروشتێکی مێژوویی هەیە ئەویش مەسەلەیەکی ئەکیدە کەبەدرێژایی مێژوو وە بوونی تیۆرێکی ڕەوانبێژی وەدەقی جۆراو جۆر لەسەر بنەمای دەستوورەکانی دانراون ئەگەر دواجار ئەو ووتە ڕەوانبێژیانەمان لەتەئویل کردنی دەقەکان بەکارهێنا واتە بەشداری دەکەین لە ئاشکراکردنی پێکهاتەی شێوەیی مەبەستدار ...بەکارهێنانی ڕەوانبێژی بەو شێوەیە کەخۆی لەبنیاتنانەوەی حەشاردراوە ئەوەی کەشوێنی خۆی لەهێرمۆنەتیکای مێژوویدا دەبینێتەوە ....... دووەم خاوەن سروشتێکی جەوهەری و مەنهەجیە ، لەو هەمووسەدەی بەسەریا تێپەڕیوە نەسەقی ڕەوانبێژی دەریخستووە کە توانای بەردەوامی هەیە وەنەرمی تیایە بۆ پراکتیزەکردنی لەسەر دەقی تازە )) (١٣،ص٢٤) دیارە ئەمەش وای کردوو کەلەتوانادا هەیە ڕەوانبێژی لەسەر هەموو دەقێك پراکتیزە بکرێت چ کۆن چ نوێ لەهەمووسەردەمێك تەنانەت بۆزانینی چۆنیەتی بنیاتنانەوەی دەق ڕۆلان بارت نموونەیەك دەخاتە ڕوو ((دەربارەی زانینی چۆنیەتی بنیاتنانەوەی دەق ڕەوانبێژی نموونەیەك پێشنیار دەکات لە پێنج هەنگاو و وەسفی هەنگاوە جیاوازەکانی بنیاتی دەق دەکات بەپێی کاتی لەدواییەکهاتنیان:–

١- دۆزینەوە : ئامادەکردنی ئەوەی کەدەوترێت

٢- ڕێکخستن : ڕێکخستنی بابەتی بەدەستهاتوو.

٣- عیبارەت : زیادکردنی جوانکارییە رەوانبێژییەکان

٤- یادگا : گەڕانەوە بۆ بیر ۆ یادگا

٥- دەربڕین : دەربرینی ووتارەکە وەك ئەکتەرێك لە جوولە و دەرخستندا. )) (١٣،ص٣٢) ئەمانەگشتی ئەوە دەر دەخات کەرەوانبێژی بابەتێکی زیندووە و لەئەدەبیاتی کۆن و نوێدا رۆڵی هەیە بەلام جێگای داخە لە ناو زمان و ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لەو زانستانەی کەگرنگی پێنەدراوەو پشتگوێ خراوە بەبیانووی ئەوەی کەزانستێکی کۆنە و ئەو رۆلەی نەماوە .... لەئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەتی لەشیعری کلاسیکیدا رۆلێکی زۆی ئاشکرای هەیەو بنەمای وێنەکان روونبێژین ، بۆیە شاعیران زۆر گرنگیان بەو هونەرانە داوەو خۆیان تیانواندووە لەوبارەیەوە ( سالم) دەڵێت :-

لەعەرصەی ئەوجی عەشقت بازی دڵ هەڵسا لەدەورانا

بەبەرقی پرتەوی حوسنت پەری سووتا لەگەڵ یرانا
لەرۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابە گالب و مەعشووق
کەمەر بەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشق بازانا
لەیەك لا( نالی) و(مەشوی )لەلایێ (سالم) و کوردی
لەهەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆبوون لەمەولانا
لەمەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون
بەکوردی هەریەکە تازی سوارێ بوون لە بابانا د. سالم ل ٧٣

دیارە باڵادەستی شاعیرانی کلاسبدیك سەلماندن و نموونەی ناوێت ، ئەوەی دەمانەوێ باسی لێوە بکەین ئەوەیە ئایا بەڕاستی رەوانبێژی بەکەلکی شیعری تازەنایەت ؟!!! ئەگەر وابێت دەبێ لەشیعری تازەدا بەرچاومان نەکەوێت . گەر گەشتێکی خێرا بەناو دیوانی هەندێ لەشاعیرانی تازەو هاوچەرخدا بکەین دەبینین پڕیەتی لەو وێنانەی کەلەسەر بنەمای روونبێژی دروست کراون :-

## لێکچواندن :-

لیکچواندن ئەو هونەرەی کەزۆر بەفراوانی لەقسەکردنی رۆژانەبەکاردێت لەوێنەی شیعریشدا یەکێکە لەهونەرە باڵاکان چونکە ((لێکچوانن لە بنچینەکانی وێنەی روونبێژی یە و سەرچاوەی دەربڕینی هونەرییە .تیایا وێنەکان کامل دەبن وەدیمەنەکان پالبەیەکەوەدەنێن کۆکی تێڕوانینی رەوانبێژان بۆلێکچواندن هونەر کارییە لەدەرخستنی وێنەی رەوانبێژی شێوە ،وەهەڵبژاردنی دەلالەتە هەستییەکانی ئەمەش لەرێگەی تەسخیر کردنی توانای بێ سنووری لێکچواندن لەڕەنگ کردنی شێوە بەسێبەری داهێنراو و جلەبەرگی جۆراوجۆر )) (١٢،ص٦٤ )

دەقی ئەدەبی نایاب پەنا بۆ لێکچواندن نابات بەو سیفەتە کەتەنیا لێکچواندن بێت بەڵکو بەو سیفەتەی کە پێویستییەکی هونەرییە پێویستی داڕشتن و پێکهێنانی لەسەر بنیات دەنرێت .لێکچواندن گەر ڕەگەزێکی بنچینەیی بێت جوانی ئیستقامەو نزیك کردنەوەی تێگەیشتن بەدەق دەبەخشێت .بە لام ئەو وەکو رەگەزێکی بنچینەیی دەردەکەوێت لەهەمووروویکەوە ،چونکە (( لێکچواندن نوێنەرو دەرخەری وێنەیە ، جێگیر کەری بیرە , وەلامدانەوەی پێویستییەکانی دەروونە ٩ (١٢،ص٦٥) .

شاعیرانی تازەو هاوچەرخی کوردیش خۆیان لەو هونەرە رەنگینەبێبەشنەکردووە و گەلێ وێنەیان پێ بنیاتناوە . قوبادی جەلیزادە لەسەر ئەوبنەمایە ئەو وێنەیەمان بۆ بنیات دەنێت :-

پەرۆشی چیم بێ...

هەڵدەفڕم وەکو ..

باڵندەیەکی بێ نەواو تەریو

قژێ هەردەبێ گیانی شەکەتم

بگرێتە کونجی هێلانەو پەسیو ! ؟                                   شەهید..ل١٢٠

( فەرەیدون عەبدول ) لەسەر بنەمای لێکچواندن ئەم وێنەیە دەکێشێت .

تۆنازانی بەنیگای ئەو جووتە چاوەی

لەئەستێرەی ئاسمان ئەچن پەپوولەی گیانی مردووی من بۆ کوێ ئەبەن ڕۆژان ئەرواو ل٢٣ ( نەوزاد رەفعەت) لەسەر هەمان بنەما ئەم وێنەیەدەنەخشێنێ :-

دەست و پەنجەی ڕێزەداری شۆستەکانیش وەك دەست وپەنجەم دەتەزن دارستانی ئەو بنارە ل٥٧

ئەم وێنەیە جگەلە لێکچواندن خواستنی درکاویشی تیایە لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین بەکەسکردنە .

خواستن :-

یەکێکە لەهونەرەکانی ڕوونبێژی و دەستێکی باڵای هەیە لە بنیاتی وێنەی شیعریدا وەئەو هونەرەیەکە (( بەنموونەیەکی ئاشکرادادەنرێت لەبوونی چەند واتایەك ،واتە تاکە وشەیەك لەبەکارهێنانیدا دووواتا یان زیاتردەبەخشێت ، وەبەکارهێنانی لەگشت زمانانـدا هەیە لەگشت کاتێکدا ، وە وێنەی جۆراو جۆر دەگرێتەخۆ )) ( ١٦،ص١١٥ دیارە بەکارهێنانی هەروا لەخۆرایی نییە چونکە (( خواستن بەهایەکی مەزنی هەیە هونەرێکی قسەییە دوپێچەوانە کۆدەکاتەوە و دژەکان لەگەڵ! یەك دەگونجێنێت وەئیحایەکی تازە لەگوزارشتکردندا ئاشکرادەکات کە گوێگر لەبەکارهێنانی دروستدا هەستی پێناکات ،وە لەدیارترین وێنەکانی ڕوونبێژییە وەجوانترین دیمەنی وێنکێشانی هونەرییە ))( ١٢،ص٩٣) شاعیرانی تازەش گەلێ وێنەی قەشەنگیان لەسەر بنیاتناوە.

(قوبادی جەلیزادە) ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای خواستنی ئاشکرا دروست دەکات :-

دوودوند لەچیای زیز بوون

پەنایان بردە بەر سینگت ..                                   قەلەمێکی ردێن سپی ل١١

( شێرکۆ بێکەس)لەسەر هەمان بنەما ئەم وێنەیە دەکێشێت :-

بارەکەوێ لەناو سنگتا قاسپەیەتی و ژانی کردووە بەشیعر بۆت ئەخوێنێ د شێرکۆ ل ٢٩٧ ( لەتیف هەڵمەت ) لەسەر بنەمای خواستنی درکاو ئەم وێنەیە دەکێشێت :-

چنگی ڕەشی مەرگ لەدلما هاربێ

بکوژێتەوە چرای ژیانم ....                                   ئەونامانەی کەدایکم ل٣٤

(عەبدولا پەشێو) لەسەر هەمان بنەما ئەم وێنەیە بنیات دەنێت :-

ئەتوانم ئەمشەو ...ژانەکەم

بکەم بەڕستە بازنێك

بازنێك.......

خەونی مەچەکی خانزاد بووبێ ؟                                   شەونامەی شاعیرێکی تێنوو ل٩٣

دیارە هەرچی بەکەسکردن و بەتونکردن و بەرجەستەکردن و بە ڕووەك کردنە ..............هتد هەموویان لەبنچینەداخواستنی درکاون .

درکە :ـ

درکـەش هونـەرێکی روونبێژییەبریتییـە(( ووشـەیەك یـان کۆمەڵـە ووشـەیەك بێنـی کەواتایـەکی دروسـتی خـۆی هـەبێت هـەر لەوکاتەدا لەرستەکەدا مانایەکی تربدا بەدەستەوە مەبەست ئـەم مانایـەی دوایی یـە بێـت ، دیـسان دەشـێت واتـا دروسـت و نەژادیەکەت مەبەست بێ چونکە هیچ نیشانەیەك نییە بەرهەڵستی ئەوە بکات کەمانا نەژادیەکەت مەبەستە)) (٦،ل ٨٨ )

( قوبادی جەلیزادە) لەسەربنمای درکە ئەم وێنەیە بنیات دەنێت :ـ

لەوساوە هاواری هەلاج

ئەسپێکی بێ سەرو شوێنە

لەوساتەوە نەك هەر گورگ

مەلیش دندووکی بەخوێنە                    شەهید بەتەنیا... ل ٤٠

( ئەنوەر مەسیفی ) لەسەر هەمان بنەما ئەم وێنە درکەییە بنیات دەنێن :ـ

نێمی باخچان دزرا

لاقی ماینان بەجێما

ئاوەدانی فافۆنی کەون

کورکی ناو درپیان

هێسکی بن جادان                    جل وبەرگ وجمکەکان     ل١٧

ئەمـە چـەند نموونەیـەك بـوو هێنامانـەوە تـەنیا بـۆ ئـەوە ی بڵـێن لەشـیعری تازەشـدا هونـەرەکانی رەوانبێـژی هەیـە وەلەلێکدانەوەیان پێویستمان بەزانستی رەوانبێژییە .لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات ئەگەر خوێندکار رەوابێـژی نـەخوێنێت چۆن دەتوانێ ئەو وێنانە دەستنیشان بکـات ؟ چـۆن لـە شـیعرەکە دەگـات ؟ چـۆن دەقەکـە لێکدەداتـەوە ؟ دیـارە وەڵامـی ئەوەیە ناتوانێت ، کەواتە مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستە ئەدم زانستە پێویستەو دەبێت بخوێنرێت .

سەرچاوەی ڕەوانبێژی رەواتبێژی وەکو هونەر لەزمان و ئەدەبی هەموومیللەتێکدا هەیەو موڵکی تاکە نەتەوەیەك نییە چـونکە هەر لەسەرەتاوە هۆکاری سـەرەکی دروسـت بـوونی    رەوانبێـژی  بەرتەسـکی زمـان بـووە بۆئـەوەی زۆر پـەنا نەبەنـە بـەر دروستکردن وداتاشینی ووشە پەنایان بردۆتە بەر رەوانبێژی و وشەیەکیان بۆ چەند مانایەك بەکارهێناوە .ئێمـە رۆژانـە بـەبێ ئەوەی هەست پێ بکەین بەبەردەوامی رەوانبێژی بەکار دەهێـنین  ئەمـە وەکـو هونـەرەکانی  رەوانبێـژی    وەکـو زانـستیش بەهەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێ نەتەوەی   جیاجیا  هاتۆتە  ئاراوە  و  بـەری  مانـد  ووبـوونی  تاکـە  نەتـەوەیك  نییـە ،  دیـارە ئەوانەی کە دەشلێن ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنی عەرەبیە کاریگەری ووتەکەی د.کامل البصیر و د.احمد مگلوب )یان لەسـەرە کاتێ دەڵێن : ـ((ڕەوانبێژی لەزانستەکانی زمانی عەرەبیە .هۆکارێکی پێویستی  تێگەیشتنی کتێبی خـوداو زمـانی  عـەرەبی بووە  .بۆیە پێشینان گرنگی یەکی زۆریان بەم هونەرە داوەو لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر کـردووە کەسـیمای ڕەسـەنایەتی و توندوتۆڵی بەرنامەیی بەخۆیەوە بینیووە .))     (١٨، ، ص ٣)

لێرەدا دانەرانی ئەم کتێبە مافی زۆر نەتـەوەیان خـواردووە ئەوانـەی کەبەشـدارییان کـردووە لـەدانانی ئـەم زانـستە .ڕاسـتە ڕەوانبێژی بەزمانی عـەرەبی نووسـراوە بـەلام ئەوزانایانـەی کەبەشـداریان کـردووە لـەدانان و  پەرەسـەندنی خـۆ هـەموویان عەرەب نین بەڵکو لەنەتـەوەی جیاجیـان بۆیـە دەبوایـە بڵـێن زانـستێکی ئیـسلامیە هەرچـەندە بەمـەش مـافی ئـەو نەتەوانـە دەخورێت کەموسڵمان نین و بەشداریان کردووە لە دانـانی ئـەو زانـستە لەوانـە هیندیـەکان و یۆنانیـەکان .(د.شـوقی چـیف ) لەکتێیدبەکەیدا باس لەوەدەکات کە ڕەوانبێژی لەبنچینەدا لەلای هیندییەکان بەناوی لێکۆڵینـەوە سـەریهەلداوە . هیندیـەکان کتێبێکی ئاینیان هـەبوو بـەناوی ڤیـدا کەلـە ئاڤێـسنا کـۆنترە .ئـەم کتێبـە هەنـدێ مەسـەلەی تێدابوو تێـی   نەدەگەیـشتن

زاناکانیان دەستیان کرد بە لێکۆلینەوە لەو مەسەلانە بەم شێوەیە لێکۆلینەوە دروست بوو. کاتێ کە ( ئەسکەندەری مەکدۆنی ) هیندی داگیر کرد کۆمەڵێ زانای لەگەڵدا بوو زاناکان سەریان سوڕما لەو زانستە بۆیە بۆ ئەرستۆیان نارد ( ئەرستۆش) لەگەڵ ئەوکارانەی کەلەپێشدا هەبوون یەکی خست و بەم جۆرە زانستێك بەناوی لێکۆڵینەوە لەلای یۆنانیەکان سەری هەڵدا دواجار زانایانی ئیسلام ئەو زانستەیان وەرگرت ورەخنەی ئەدەبی دروست بووکاتێك کەرەخنە نەیتوانی هەمووپێداویستییەکان دابین بکات لەژێر باڵی رەخنەدا رەوانبێژی دروست بوو . بۆیە دەڵێت :– (رەوانبێژی زانستێکی تێکەڵە لە هیندی – یۆنانی –عەرەبی ) . دیارە ئەم ووتەیەش هێشتا هەستێکی عەرەبیانەی تیایا دەبوایە بڵێت زانستێکی تێکەڵە لە هیندی –یۆنانی –ئیسلامی .چەنکە ئەو زانایانەی کەکاریان تیاکردووە زۆربەیان عەرەب نین وە لە نەتەوە ئێرانیەکانن. ئەو دوو بەڕێزە دواجار لەباسی قوتابخانەکانی ڕەوانبێژی دژی قسەکەی خۆیان دەوەستنەوە .لەئەنجامی بیرو بۆچوونی جیاوازی ئەو زانایانەی کەکاریان لەو بوارە کردووە ڕەوانبێژی خۆی لەدوو قوتابخانە (ڕێباز ) دەبینێتەوە :–

– **قوتابخانەی ئەهلی کلام** لەگەڵ بلاّوبوونەوەی ئاینی ئیسلام گەلێ نەتەوە هاتنە ناو ئەو ئاینە تازەیە . زۆر لەوانە پێشتر خاوەن شارستانییەت بوون یان ئاگاداری شارستانییەتی یۆنانی بوون و شارەزاییان لە فەلسەفەو مەنتیقی یۆنانی هەبوو ئەو زانستانەیان لەبەرگری کردن لەئاینی ئیسلام و لەپێشخستنی زانستەکانی بەکارهێنا.((فەلسەفەو زانستی کەلام کارگەریان لەسەر فیکری عەرەبی و ئیسلامی هەبوو .هیچ زانستێك نەبوو کاریگەری فەلسەفەو کەلامی لەسەر نەبێت .ڕەوانبێژیش بەشێکی مەزنی لەو کارگەرییە بەرکەوت .هەر لە سەردەمانێکی زووەوە پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەو مەنتق پەیداکرد و ئەو پەیوەندییە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەتین تر بوو تاکو لە سەدەی شەشەمی کۆچی و دواتر گەیشتە چلەپۆپەی ئەمەش لە وانەی ڕەوانیسژیدا ڕەنگی دایەوە .قوتابخانەی کەلامی گرنگی دا دیاریکردنی ووردو دابەشکردنی عەقلانی )) (١٨،ص٣٠ ) ئەم ڕێبازە لەڕۆژهەلاّتی دەوڵەتی ئیسلام سەری هەڵدا کەخاوەن شارستانیەکی کۆن بوون وەئاگاداری زانستە یۆنانیەکان بوون ((ڕێبازی ئەهلی کەلام لەڕۆژهەلاّتی دەوڵەتی ئیسلام بلاّوبووەوە کە فارس و تورك و تەتەر تیایا نیشتەجێ بوون خوارزم گەورەترین ژینگە بوو کە پێشەنگەکانی ئەو قوتابخانەیەی تیادەرکەوت وەك ( فخرالدین الراچی ٦٠٦ ﻫ خاوەنی (نهایه الایجاز فی درایه الاعجاز ) وەسەکاکی خاوەنی (مفتاح العلوم ) وەگرنگترین کتێبیان ( دلائل الاعجاز ) ی عەبدولقاهری گورگانی)) یە (١٨،ص٣٢) ئەوەی شایانی باسە زۆربەی هەرەزۆری زانایانی ئەم ڕێبازە عەرەب نین تاك تاکیان نەبێت بەڵکو لەنەتەوەکانی ڕۆژهەلاّتی دەوڵەتی ئیسلامن (( پیاوانی قوتابخانەی کەلامی لە ژینگە عەجەمیەکان ژیاون و عەجەمییەت باڵی کێشاوە بەسەر کتێبەکانیاندا لەهەمان کاتیشدا شاعیرو نووسەر نەبوون ەبەڵکو فەیلەسوف و زانای زمان بوون )) (١٨،ص٣٢) دیارە ژینگەی عەجەمیش واتە شوێنی نەتەوە هیندۆئێرانیەکان کەکوردیش یەکێکە لەوان وە بەشێك لەو زانایانە بەڕەچەڵەك کوردن لەوانە :– (عەبدولقاهیری گورگانی ) کەبنچینەی زانستی ڕەوانبێژی لەلای ئەوەوە داڕێژراوە کەخاوەنی (أسرارالبلاغة) و( دلائل الأعجاز )ە و(أبوبکری باقلینی) کە خاوەنی ( أعجاز القران ) وە (عەبدول عەزیزی گورگانی) وە (دینەوەری ) کە خاوەنی ( الشعروالشعراء ) وە( ئامەدی) کەخاوەنی (الموازنەبین ابی تمام والبحتری ) وەگەلێکی تر کە بەشداری چالاکیان هەبووە لە دانان و گەشەسەندنی ئەم زانستە .وەشتێکی بەڵگەنەویستە کە ئەو بەرنامەی کەبۆ زانستی ڕەوانبێژی لەلایەن زانایانی ئەهلی کەلام لەسەر بنەمای فەلسەفەو مەنتیق دانرا تاکو ئێستاش لەزمان و ئەدەبی عەرەبیدا لەگەڵ ئەوەشدا پێی ڕازی نین لەهەمووباس و لێکۆلینەوەکانیان پەیڕەوی دەکەن ((دەتوانین بڵێین هیچ یەکێك لەوانەی لەدوای عەبدولقاهیری گورگانی هاتوون نەیانتوانیووە لەژێر دەسەلاّتی ئەو زانایە دەربچن و کاریان لێ نەکات ، هەموویان لەسەرچاوەی زانستی ئەو هەڵد ێنجن و بۆچوونەکانی وەردەگرن بەبێ ئەوەی شتێکی بۆزیاد بکەن کەبەهایەکی هەبێت )) (٢١، ص٢٧ ) وە لەگشت بەشەکانی زمانی عەرەبی دەخوێنرێت چونکە لەسەر بنەمایەکی زانستی دانراوە .ئەگینا هەستی ڕەگەز پەرستی عەرەبەکان زۆر هەوڵیان داوە بیگۆڕن بەلاّم هەوڵەکانیان بێ سوودبووە .

## - قوتابخانەی ئەدەبی

ئەم ڕێبازەلە ناو جەرگەی ژینگەی عەرەبی سەریهەڵداوەوو بەهەستێکی عەرەبیانە کاریان کردووەچونکە((زۆربەی پیاوانی ئەم ڕێبازە لەژینگە عەرەبیەکانی وەك عیراق شام مصر ژییاون لەگەل ئەوەشدا شاعیر یان نووسەر بوون )) (١٨، ص٣٣) گشت ئەوانەی سەر بەو ڕێبازەن بەرەگەز عەرەبن تەنیا ( ضیاءالدین ابن الاثیر ) نەبێت کەبەرەگەز کوردە و یەکێك بووە لەوەزیرەکانی ( سلگان صلاح الدینی ئەیوبی ) کە خاوەنی ( المثل السائر) و( الجامع الکبیر) ە ئەوانی تر هەموویان عەرەبن لەوانە:- ( ابن رشیق . خاوەنی ( العمده ) . (أسامة بن منقذ ) خاوەنی ( البدیع فی نقد الشعر ) و (ابن أبی أصبع المصری) خاوەنی( بدیع القران ) و(شهاب الدین الحلبی ) خاوەنی ( حسن التوسل الی صناعه الترسل ) ئەمانە گرنگیان بە دابەشکردن و سنووردانان نەدەدا بەلکو بەکورتی پێناسەیەکی هونەرەکەیان دەکردو نموونەی زۆریان بۆدەهێنایەوە زۆرجار لەدێرەشیعر تێدەپەرین و دەقە شیعرە کەیان بەتەواوی دەهێنایەوە بەنموونە .ئەمەشلە هەموکتێبەکانیان بەئاشکرایی زەنگی داوەتەوە .

ئەم دووڕێبازە ناکۆکی زۆر لەنێوانیان هەبووە هۆکارەکەشی زیاتر بۆ ئەوە دەگەرێتەوەکە عەرەبەکان حەزدەکەن هەمووشتێك هی خۆیان بێت وبەناوی خۆیان بێت بۆیە تا ئێستاش گەر کتێبەکانیان بخوێنیەوە لەو ڕەوانبێژییە رازی نین کە زانایانی ئەهلی کەلام دایانناوە چونکە بەرەچەڵەك عەرەب نین وەبەوە تاوانباریان دەکەن کە شوینکەوتووی ئەرستۆو ئەفلاتونن وەلەئاین وەرگەڕاون .لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا هەر ئەو ڕێبازە بەکاردێنن وەناتوانن بەدیلێکی بۆ بدۆزنەوە .کەواتە ئەم زانستە زانستێکی ئیسلامی یە و هەموونەتەوەکانی سەر بەو ئاینە تێیدا هاوبەشن کوردیش یەکێ لەو نەتەوانەیە کەبەشداری چالاکی هەیە .

## - ڕەوانبێژی وشێواز

ڕەوانبێژی لەگەڵ شێوازداپەیوەندیان هەیەو لەهەندێ لایەندا یەکدەگرنەوە چونکە (( پەیوەندییەکی بەتین هەیە لەنێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەریدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تەوەری لێکۆڵینەوە لە هەردوکیاندا ئەدەبە)) (١١ ،ص٥٩) جگە لەوەش لەگەیاندنی بیرۆکەیەکیشا لەهەندێ رووودا بەیەك دەگەن (( روونبێژی و شێوازگەری بەیەك دەگەنەوە لەجێبەجێ کردنی بیرۆکەیەکدا بەداڕشتنی زمانی جیاواز ، هەر داڕشتنێك کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە .)) (١١،ص٨٤) بەشێوەیەکی گشتی شێوازگەری و ڕەوانبێژی لە لێکۆڵینەوەی یەکەکانی زمان و ڕاددەی گونجانیان بۆ ئەو مەبەستانەی لەپێناویانا دارێژراون بەیەك دەگەن ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە یەك شتن و جێگەی یەکتر دەگرنەوە چونکە جیاوازی نێوانیان زۆرە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو.

١- شێوازگەری زانستێکی ڕاپۆرتی وەسفی وبابەتییە ،دەخاتەسەرو راڤەدەکات و پۆلین دەکات دوور لەخودیەتی و دوور لەپێوەر ، ڕەوانبێژی هونەری قسەیە واتە بنچینەیەکی تیۆری وپراکتیکی هەیە، لەسروشتی خۆیدا شتێکی چەشەییە یاساکان وێنەدەکێشێ و فێری باشترین نووسینت دەکات )) (١١،ص ٧٤).

٢- جیاوازی تێڕوانینی ڕەوانبێژی بۆدەق جیایە لەتێڕوانینی شێوازگەری .

جیاوازیەکەش چەند جیاوازییەکی لێدەکەوێتەوە لەوەرگرتنی دەق و راڤەکردنیدا .هەریەکەیان چارەسەری مەزراندنی زمانەوانی دەکات لەهەمان دەقدا بەشێوەیەکی جیاواز .

لەرەوانبێژیدا بەشێوەیەکی فەرهەنگی و رستەسازی و گونجانی پایەو ڕەوانی ونارەوانی چارەدەکرێت .کەچی لە شێوازگەریدا چارەی ووشەو رستەو دەق بەشێوەیەکی دەروونی وکۆمەڵایەتی و رامیاری دەکرێت )) (١١،.ص٧٤)

٣- ڕەوانبێژی بۆ شێوە پێوەرو بنچینەی داناوە کەدەستبەرداری نابێت ، هەروەها بۆناوەرۆکیش بنچینەی تایبەتی داناوە .وەهەردووکی جیاکردوونەتەوە وەمامەڵە لەگەڵ هەریەکێکیان دەکات بەپێی ئەو پێوەرانەی کەبۆی

داناوە.کەچی تێروانینی شێوازگەری بۆ روخساروناوەرۆك تێڕوانینێکی هەمەکییە ، یەك شتە ، دەق یەکەیکی تەواوە جیابوونەوەو تایبەتمەندی خۆی هەیە وەرگر بەپێی تێڕوانین و ڕۆشتبیری خۆی راڤەی دەکات بەپیچی دەرکەوتنی ووشەکانی کەدەقەکەیان پێکهێناوە ،بەئیجا جۆراوجۆرەکانی .وەبەپێی پەیوەندی لەگەل ووشەکانی تر وەبەپێی پێشینەی رۆشنبیری کەوای‌لێدەکات لەگەل دەقەکەدا کارلێك بکەن وبەدوای ئەو سیما شێوازگەریانەی دابگەرێت کەلەدەقی تر جیای دەکەنەوە ص٧٤

٤- رەوانبێژی مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات بەو سیفەتەی کە کۆمەڵە یەکەیەکە دراوەتە پاڵ یەك ،واتە ئەو یەکانە وەستاون و کار لەیەك ناکەن بەشێوەیەکی بەهێز ، لێرەدا رۆلی شێوازگەری دێتەپێشەوە بۆوەسف کردنی ئەو کاریگەرییەی کەلەنێوانیان دروست دەبێت وەپەخشکردنی ژیان تیایاندا .ص٧،٠

٥- شێوازگەری گرنگی بەگشت سووچەکانی کرداری داهێنان دەدات ، داهێنەر ، دەق ، وەرگر ، دەق شیدەکاتەوە بۆئەوەی تایبەتمەندییەکان دیاری بکات . رەوانبێژی پشت بەپێوەری ئامادەکراو دەبەستێت ،وەبەکاریان دێنێت لەلێکدانەوەی دەقدا بەوسیفەتەی کەرێگەی جیاوازی گوزارشتکردنی خودی داهێنەرن . (٢٢،، ص٤٥٩ ) ئەمەو گەڵ جیاوازی تر لەتێوان ئەو دوو زانستە هەیە بۆیە ناکرێت بڵێن یەك شتن یاخود یەکیان دەتوانێ ببێت بەبەدیلی ئەوی تریان کەواتە ( (دەتوانین بڵێین شێوازگەری زانستێکی زمانەوانیی تازەیە ناکرێت بکرێتە بەدیلی رەخنەی ئەدەبی و رەوانبێژی .ناتوانن دەستبەرداری رەوانبێژی بن وەشێوازگەری ناتوانێت جیگەی رەوانبێژی بگرێتەوە ،لەگەل ئەوەشدا کەدەتوانێ بچێتەقوولایی تایبەتمەندیەکانی گوزارشتی ئەدەبی ،کە رەوانبێژی بەتەنیا گرنگی پێدەدا بەتێکڕایی لەرووی پێکهاتنو دەلالەتەوە.))(١١، ص٦٣)

## - لابردنی رەوانبێژی و کارگەری خراپی لەسەر ئاستی زانستی

دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەی کۆنفراسەکە پشێویەکی زۆری لێ کەوتەوە ،شێواز لەجێگەی رەوانبێژی دانرا .دیارە پسپۆری شێوازە تائێستاش زۆر کەمەکەبە چاکێ وانەکە بلێتەوە ؟ مامۆستایانی زمان ووتیان شێواز تایبەتە بەزمان وەلەو بەشانەی کە مامۆستایانی زمان دەیان ووتەوە لەرووی زمانەوە بابەتەکەیان دەووتەوە .مامۆستایانی ئەدەب گووتیان پەیوەستە بە ئەدەبیاتەوە وەلەو بەشانەی کەمامۆستای ئەدەب دەیانووتەوە لەسەردەقی ئەدەبی پراکتیزەیان دەکرد . لەهەندێ بەش مامۆستاکە رەوانبێژی دەووتەوە لەهەنێ بەشی تردا سەرەتا بەشێواز دەستیان پێدەکرد دوایی دەیانکردە رەوانبێژی گێرەشێوێنییەکی گەورە دروست بوو وە سەریان لە خوێندکاران شێواند لەوەی شێواز سەربەزمانە یان ئەدەب رەوانبێژی یە یان شتێکی تر لەگشت بارەکاندا خوێندکاران زیانێکی زانستی گەورەیان بەر کەوت لەگەڵ رووەوە :-

١- رەخنەی ئەدەبی پەیوەند یەکی راستەو خۆی لەگەڵ رەوانبێژیدا هەیە بەتایبەتی رەخنەی پراکتیکی چونکە (( رەخنەو رەوانبێژی بابەتەکەیان یەکە ، ئامانجیان یەکە ،بابەتەکەیان دەقی ئەدەبییە لەشێوەیەك لەشێوەکاندا شیعربێ یان پەخشان ،ئامانجیان شوێن کەوتنی هەنگاوی دیاریکراوە لەدارشتنی دەقی ئەدەبیدا ، تاکو حوکمی باشی و داهێنانی بەسەردا بدەن .لەو پێناوەدا بەهاونشینی مانەوە بەڵکو لەهەندێ سەردەم تێکەڵاو دەبن )) (٢١ ،ص ٤،٠ ) بۆیی لەراڤەکردن و دەستنیشان کردنی دەقی ئەدەبی بەتایبەتی شیعر خوێندکار پێویستی بەزانستی رەوانبێژییە وەبەبێ ئەو توانای پراکتیزەکردنی نابێت ، تەنیا لەحالەتێکدانەبێت کەمامۆستای بابەت سەرەتا هونەرەکانی رەوانبێژیان پێبلێت دیارە ئەمەش زۆر لەکاتەکەی دەبات وەفریای هیچ ناکەوێت چونکە بەخۆی هەفتەی دووکاتژمێرە . ٢ - دەقە ئەدەبیەکان کەبابەتێکی ترە ئەگەر قوتابی شارەزای رەوانبێژی نەبێت ناتوانێت دەقەکان لێکبداتەوە بەتایبەتی شیعری کلاسیکی کوردی کەبەزۆری لەسەر بنەمای وێنەی روونبێژی بنیات دەنرێت . جائەگەر لە وانەکەش دەربچێت لەژیانی مامۆستایەتی پێویستی بەلێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان دەبێت .

٣-زۆر لەبەشەکانی زمانی کوردی سەر بە کۆلێژی پەروەردەن کەمامۆستا بۆ ئامادەیەکان پێدەگەیەنن ،ڕەوانبێژیش لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەخوێنرێ ،جایەکێ لەکێشە گەورەکان مامۆستای تازە هیچ لەو بابەتە نازانێت وگەورەترین کێشەی بۆ دروست دەبێت کێشەیەکی گەورەتریش بۆ خوێنکارەکان بەرپادەکات .مامۆستا گەر شتێ نەزانێ دەبێ چی فێری قوتابیەکانی بکات .

٤- قوتابیانی بەشەکوردیەکانی زمان وپەروەردەش بەنەخوێندنی ئەو بابەتە کەم وکوڕیان دەبێت لەڕووی زمان پاراوی و تێنەگەیشتنی گەلێ دەستەواژەو ڕستەو ئیدیۆم ، سەرەرای کەم وکوری لەبواری دارشتنی دەقدا جا هەر دەقێك بێت ٥- زمانی شیعری زمانێکی خوازەییە خوێندکار گەر خوازەو هونەرەکانی نەخوێنێت چۆن لەشیعر بگات ، سەرەرای ئەمانە یەکێ لەبنەماکانی شیعری تازەو هاوچەرخ وێنەی شیعرییە وەیەکێ لەجۆرەکانی شێوازی وێنەش وێنەی ڕوونبێژییە ، بەبێ خوێندنی بنەماکانی دروست بوونی لێکچواندن و خوازەو درکە چۆن دەتوانێت لە وێنەی شیعری بگاتو شی بکاتەوە .

## ئەنجام

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچەندخاڵێك خۆی دەبینێتەوە :-

١- ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنی بێ سوودنییە ، بەڵکو لەلای میللەتانی تر پەرەی پێدراوەو تازەکراوەتەوەوئەرکی تازەی پێدەبینرێت لەبواری ئەدەب وزمانا وەپەلی هاوێشتووە بۆگەلێ بواری تر.

٢- ئەم زانستە تایبەت نییە بەعەرەب و گەلێ نەتەوەی تر کاریان تیا کردووە و تاکو بۆتە ئەوزانستە و دواجار گەشەی پێدراوە.

٣ – وەکو هونەر لەناو زمان و ئەدەبی هەموومیللەتاندا هەیەو تەنیا لەئەدەبی کلاسیکی سوودی لێ نەبینراوە لەشیعری تازەشدا شاعیرانی کورد زۆر سوودیان لێبینیووە.

٤- ئەو بابەتە یەکێکە لەوانە سەرەکیەکان لەبەشی زمانی کوردیدا وە زۆر پێویستە بۆ پسپۆری زمان و ئەدەبی کوردی وەلابردنی زیانێکی گەورە بەخوێندکاران دەگەیەنێت ولەهەمووسوودەکانی ڕەوانبێژی بێ بەشیان دەکات وەکەدەبنەمامۆستاش دەبن بەبارێکی گران لەسەر قوتابخانەکانیان بەتایبەتی وەلەسەر قوتابیان بەگشتی .مامۆستایەك بەبێ تێگەیشتن بابەتێك بڵێتەوە دەبێ چ سوودێکی هەبێت.

٥- ڕەوانبێژی وشێوازگەری هەرچەندە لە هەندێ لایەن هاوبەشن بەڵام جیاوازی زۆریان لەنێواندا هەیە بۆیە شێواز گەری هەرگێز جێگای ڕەوانبێژی ناگرێتەوەو ناکرێت لەشوێنی دابنرێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی

١- ئەو نامانەی کەدایکم نایانخوێنێتەوە ،لەتیف هەلمەت ،چاپخانەی (الحوادث ) بەغدا ،١٩٧٩

٢- جل ەبەرگ و جمکەکان ، ئەنوەر مەسیفی ، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا ،١٩٩٠

- دارستانی ئەو بنارە، نەوزاد رەفعەت ، چاپخانەی سەلاحەدین ، هەولێر، ١٩٧٨

٤- دیوانی شێرکۆبێکەس ، شێرکۆ بێکەس ، چاپخانەی پرژە ،سلێمانی ، ٢٠٠٢

٥- دیوانی یالم ، عەبدەلرەمان بەگی ساحیب قران ، چاپخانەی کوردستان ، هەولیر، ١٩٧٠

٦- رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا ، عەزیز گەردی ، چاپخانەی (الجاحظ) بەغدا ،١٩٧٢

٧- شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات ، قوبادی جەلیزادە ، دەزگای ئاراس ، هەولیر، ٢٠٠٧

٨-شەونامەی شاعیرێکی تێنوو ، عەبدولاپەشێو ، (چاپەمەنی سەیدیان )، بەغدا ،١٩٨٠

٩- شەونییە خەونتان پێوەنەبینم ، عەبدولا پەشێو ، چاپخانەی (الادیب) بەغدا ،١٩٨٠

١٠- قەڵەمێکی ردێن سپی ، قوبادی جەلیزادە ،ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری ولاوان ،هەولیر ، ١٩٨٨

## سەرچاوە عەرەبیەکان

١١-الآسلوبية الرؤية والتطبق ،يوسف مسلم ،ط٣، دار المسيرة / بيروت ،١٩٨٧

١٢ -اصول ابيان العربي د.محمد حسين علي الصغير ، دار الشؤن الثقاقية ، بغداد ، ١٩٨٦

١٣- البلاغة والآسلوبية ، هنريش بليت ، ت.د.محمدالعمري ، افيقيا الشرق، بيروت ، ١٩٩٩

١٤-البلاغة تطور وتاريخ ،د.شوقى ضيف ، دارالمعارف ، مصر،١٩٦٥

١٥- البلاغة الواضحة ، علي الجارم ومصطفى أمين ، انتشارات سيدالشهداء ،قم، ١٣٨٠

١٦- البلاغة والآسلوبية ،يوسف ابوالعدوس ، الآهلية للنشروالتوزيع، عمان،١٩٩٩

١٧-البلاغة من الآبتهال الى العولمة ، حنا عبود ، أتحاد كتاب العرب ،دمشق، ٢٠٠٧

١٨- البلاغة والتطبيق ،د.احمد مطلوب و. كامل البصير ، وزارة التعليم العالى ، يغداد ،١٩٨٢

١٩- الصناعتين ، ابى هلال العسكرى ، تحقيق محمد على البجاوى ، دارالفكرالعربي ،كويت ، د.ت

٢٠- فن الآسلوب ،د. حميد ادم الثوينى، دار الصفاء، عمان ،٢٠٠٦

٢١- فن البلاغة ،د.عبدالقادر حسين ، دار غريب ، قاهرة ، ٢٠٠٦

٢٢ - مدخل الى علم الآسلوب ،د. شكرى محمد عياد،مشروع للطباعة والتكسير ، د.م، ١٩٩٢

## ملخص البحث

البلاغة بين الوجودوالعدم فى أقسام اللغة الكردية البلاغة موضوع يحتل مساحة واسعة فى حياتنا وقد وجدت طريقها الى ميادين عد يدة في هذه الحياة لما لها من أثر فعال .وقد عني العلماء بالبلاغة منذ القدم وكان في مقدمة العلوم التي كانت تدرس ، في الآدب واللغة والبحث ، ولكن الذي يؤسف عليه الان في أقسام اللغة الكردية انها لاتلقى سوى الاهمال والاعراض و لاسيما في المواد الدراسية وتحت ذرائع غير علمية منها :- انها علم قديم وانها علم عربي ون الآسلوب يمكن أن يحل محلها ،ولكن هذه الحجج كلها حجج واهية ولا تقدم سببا مقنعا لآهمالها أو ألغائها .ولايخفى أن هذا الآهمال سيؤثر سلبا في قدرات الطبة في الفهم والآستيعاب والتعامل السليم مع النصوص في اللغة الكردية وادابها ، لآن هذه المادة ذات سلة وثقى بالمواد التي تدرس في أقسام اللغة الكردية فضلا عن أن البلاغة ستنفع الطلبة بعد تخرجهم وانخراطهم في الحياة العلمية . أن هذا البحث يحاول أن يلقي الآضواء على هذا الدرس من حيث أهميته وأسباب الغائه وموجبات بقائه.



## Abstract

The presence and absence of rhetoric in Kurdish language departments Rhetoric is that topic occupies an important role in our daily lives and in many aspects cultural fields .it was interested by ancient scientists and was one of the subjects taught from the very beginning and played a main role in lots of linguistic and literary studies. But what draws attention now that he has been neglected and omitted in the curriculum in Kurdish language departments according to a variety of illogical reasons: it is traditional science, an Arabic science and it can be replaced by Stylistics.

We note that these causes are weak and do not justify to be omitted from the curriculum, because that article is linked to many themes and science taught in those departments. This study tries to identify those reasons and their negative impact on the level of students.

# (جوانی بێناو)، جیهانبینییەکی ڕۆمانتیکییانە
# (مەولەوی، گۆران ، ۆردزۆرس و بایرۆن) وەك نمونە

**د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان**

**پێشەکی:**

ڕۆمانتیکیی، کە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی بۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی و شیعری لیریکیی دەگەڕێتەوە، لە ئێستاشدا ئامادەییەکی دیارو بەرفراوان و کاریگەری هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لە ناخ و دەروونی مرۆڤ دەکەن، بۆیە هەڵگری سۆزێکی قووڵ و ئەندێشەیەکی فراوانن و وەستایانە گرتەی ورد لەو دیمەنە تایبەتیانە دەگرن کە کەمتر لە ئەدەبیاتی تردا وەك پێویست بایەخیان پێدراوە. لە زۆر کەرەستەو بنەماو دنیابینیی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکدا، بە جیاوازیی کات و سەردەم و شوێن و کەسەکان، هاوبەشێتییەکی مرۆییانە هەیە، لەم توێژینەوەیەدا، کەرەستەیەکی نوێی وەك (جوانی بێناو) دەخەینە ژێر شیکردنەوەی توێژینەوەکەمان و، لە ناو دەقە لیریکیی و ڕۆمانتیکییەکاندا بەدوای سەلماندنی ئەو گریمانەیەدا دەگەڕێین کە ئایا دەکرێت ناولێنەنانی شۆخێك، یان جوانێکی بێناونیشان، یان نازدارێکی نەناسراو، یان ناونانێك بۆ دروستکردنی فۆرمی ناوەڕۆکێکی بینراو دوور لە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی، وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکیی نوێ بخەینە ڕوو؟ ئایا دەکرێت ئەو بنەمایە وەك جیهانبینییەکی ڕۆمانتیکییانە لە سەر ئاستی ئەدەبیاتی جیهانیی بسەلمێنین؟ بۆ ئەم مەبەستە چوار شاعیری جیاوازی سەردەمە جیاوازو زمانە جیاوازەکانی (کوردیی و ئینگلیزیی)مان وەك نمونەو سمپڵی توێژینەوەکەمان وەرگرتووە کە هەریەك لە (مەولەوی و گۆران و ولیەم ۆردزۆرس و لۆرد بایرۆن)ن، لە هەر یەکەیان ئەو دەقەمان هێناوە کە بنەما دیاریکراوەکانی تیۆرییانە بۆ جوانێکی بێناومان دیاریکردوون، بەسەریاندا دەچەسپێن، تا دواتر ئامانجی توێژینەوەکەمانی پێدیاریبکەین، کە دەرخستنی (جوانی بێناو)ە، وەك بنەمایەکی نوێ و وەك جیهانبینییەکی نوێی ڕۆمانتیکیانە.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (پەسەنشیکاریی)یمان بۆ چارەسەرسازیی و توێکاریی و شیکردنەوەو خوێندنەوەو دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە. توێژینەوەکەیشمان بۆ بەشێکی تیۆریی و بەشێکی پراکتیکیی ڕاڤەکارییانە، دابەشکردووە، دواتریش ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی، خستۆتە ڕوو، بایەخ و بەهای ئەم جۆرە توێژینەوانە لەوەدان کە ئاست و بەهای ئەدەبیی و دنیابینیی و ئەزموونگەرێتیی ئەدەبیاتی کوردیی لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا دەردەخەن و بنەما هاوبەشە مرۆیی و ئەدەبییە باڵاکان دەسەلمێنن، جۆرو ئاستی تێڕوانینی مرۆییانەی کوردو بەهای وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقمان بۆ بەرجەستە دەکەن.

## بەشی یەکەم:
## ( جوانی بێناو )، لە ناو بنەما گشتیی و تایبەتییەکانی ڕۆمانتیکدا

### ١/١ ) جیهانبینیی ڕۆمانتیکیی

مرۆڤ وەك ئامانجێکی باڵاو سەرەکیی بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکان دەردەکەوێت، کۆی ڕەهەندو بنەما ڕۆمانتیکییەکانیش دواجار بۆ گوزارشتکردن و دواندن و وێناکردن و خەملاندن و بەهاپێدانی ئەو کائینەیە، بۆیە هەر لەسەرەتای ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکییەوە وەك تەواوکردنی بەرهەمە لیریکییەکان کە بوونێکی مێژوویی دوورتریان لە تەرزە ڕۆمانتیکییەکان هەبووە[١]، بنەماکانی خەسڵەتێکی جیهانیانەی هاوبەشانەیان وەرگرتووە، بەو واتایەی کۆی بنەما ڕۆمانتیکییەکان بەرجەستەبووی خواست و داخوازیی و ئارەزوو ویستە مرۆییەکان بوون بەبێ ئەوەی لەم نێوەندەدا بایەخێکی ئەوتۆیان بە کات و شوێن دابێت، هەروەك چۆن دەلالەتی نەستییانەی خودی دنیابینییە ڕۆمانتیکییەکانیش بەهەمان شێوە هاوبەش بوون و، نزیکایەتییەکی زۆریان لای مرۆڤی شوێن وسەردەمە جیاوازەکان خوڵقاندووەو ئاوێزانی ڕێبازو ڕەوتە ئەدەبییەکانی تریش بوون، ((چۆن شیعری لیریکیی بووە ماکی شیعری ڕۆمانتیکیی، بەهەمان شێوەیش ڕۆمانتیکیی ئاوێزانی تەواوی ئەو ڕێبازو سەردەمو کەسو بابەتو شوێنانە بووە کە لە دوای خۆیەوە هاتوون، هەر ئەمەش وا دەکات کە سەیر نەبێت، شاعیرانێك هەبن کە نەك هەر بنەماگەلێکی زۆری ڕۆمانتیکیی لە دەربڕینو دەقەکانیاندا ڕەنگپێبدەنەوە، بەڵکو تەواوتەبا لەگەڵ ڕۆمانتیکیدا ڕەوتبکەن))[٢]، تا ئەوەی ئەو ڕایە هاتەکایەوە کە ڕۆمانتیکیی هەمیشە هەیەو هەرگیز پیرنابێت و بەردەوام لە تافی لاویدا دەمێنێتەوە، نەك هەر ئەمەیش بەڵکو وادەکات ڕۆحی مرۆڤایەتیش بە تەڕو زیندوێتیی بهێڵێتەوە[٣].

بۆیە گشت بنەماکانی وەك (ناولێنانی ئارەزوومەندانە، سەرسامبوون، خۆشەویستیی، ئازادیی، خەیاڵ، خەوبینین، مەزاجی شیعرییانە، تەنیاییو گۆشەگیریی، سۆزی هەڵچووانە، شڵەژانی دەروونیی، تاکەکەسێتیی، خودێتیی، جوان، دڵگیر، خۆنەویستیی، خوێنگەرمیی، نەخشین، ناڕاستەقینەیی، واقیعیی، ناژیریی، مادیی، پوچێتیی، پاڵەوانێتیی، تەمومژاوییو سۆزداریی، قوڵو غەمگین، بەرجەستەبوون، قەشەنگ، پارێز، شۆڕشگێڕیی، زرنگانەوە، ڕەنگاڵەیی، بێوێنەو بێشێوە، رووکەشیی، هەستیی، وەهمییو خەیاڵاویی، بێعەقڵیی، هەستێکی شیاو، شڵەژانی ئەندێشەو بێپەیڕەویی، نەخۆشیی، شەپۆلێکی کوێرانە رووەو خودپەرستیی، گەڕانەوە بۆ سروشت، سەیرو سەرسوڕهێنەر، ...تاد)[٤]. ڕۆمانتیکیی دێت و دەخوازێت بگاتە شتە باڵاو بەهادارەکان، بۆ ئەمەیش پێویستی بە تێپەڕاندنی شتە باوو سنورە دیاریکراوەکانە، ((پێویستە مرۆڤ سنورە تەسكو دیاریکراوەکانی هۆشو بیرکردنەوەی هۆشمەندانە تێبپەڕێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە شتە شکۆمەندو بەرزەکان، کە بیری هۆشمەندانە ناتوانێت پەییانپێببات))[٥]، شتە نهێنییو شاراوەکان دەکاتە سەرچاوەو هونەرمەندانە ئەو

---

[١] بڕوانە: الکسندر بلوك (١٩٧٧: ٢٠٤).

[٢] د. هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠: ١٦٥ ).

[٣] بڕوانە: Nicole Smith (2011: Overview of Romanticism in Literature: http://www.articlemyriad.com/overview-romanticism-literature/).

[٤] بڕوانە: د. هیمداد حوسێن (٢٠٠٧: ١٠٤– ١٠٥)، د. محمد غنیمي هلال (١٩٧٣: ٦)، Jacques Barzun (1961: 10)، Ernest Bernbaum (1949: 301-303).

[٥] بولند اجاوید (٢٠٠٤: ٥٤)، Nicole Smith(2011) .

شتانە دەدرکێنێت کە مرۆڤەکان لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا زاتی درکاندنیان ناکەن[6]، لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت و بەچاوی نەست دەبینێت و هەست دەخاتە ژێر دەسەڵات و هەژموونگەرێتیی نەستەوە، لێرەدا ئەو شتو کەسو کاتو شوێنو ڕووداوانە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە بەئاسانیی ناتوانرێت لە ژیانی ئاساییدا کۆبکرێنەوە، خود دەتوانێت دەستی بگاتە ئەو کەسو شوێنانەی کە ناتوانێت لە ژیانی واقیعدا بیانگاتیۆ دەستیان بۆبەرێت.
بیرکردنەوەو تێڕامان و سەرنجدانی بێ ئەندێشەگەریی، تەنها دەتوانێت بگاتە زانینی ڕاستەقینەیەك، بەڵام خەیاڵی ڕۆمانتیکیی لەم ئاستەدا ناوەستێت کە تەنها ڕاستەقینەیەك وەکو خۆی وێنابکات و ببینێت، بەڵکو ئەو پەیوەندییانە دەگۆڕێت کە ڕاستییەکانیان بەرهەمهێناوەو، لێیانەوە ڕاستیگەلێکی تر بەهۆی دۆزینەوەی پەیوەندییە هەستپێنەکراوەکانی ترەوە بەرهەمدەهێنێت، کە لە زۆربەردا پەیوەستە بە زرنگییو هەستیارییو زەینو دەروونڕوونیی نووسەرەکەوە.

## ٢/١ ) جوانی بێناو، وەك بنەمایەکی ڕۆمانتیکیی

لە بنەمای ئەندێشەگەریی و سۆزی قووڵ و بینینی نەستیانەو سروشتگەرێتییەوە، وێناکردن و ناونانی ئارەزوومەندانەو هونەرمەندانەو شیعرییانەی ڕۆمانتیکیانە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەرفەتە بۆ شاعیر دەسازێت کە بە ویستی خۆی ناو لە کەسەکان و شتەکان و دیاردەو کات و سەردەمەکان بنێت (ڕۆمانتیکیی خەیاڵی بینینی ڕەها دەکات لە ڕێی شەپۆلەکانی سروشت خۆیەوە)[7]، هەر وەك چۆن (ڕۆمانتیکیی خواستی دۆزینەوەی ڕەهادەکات لە ڕێی شتە ڕێژەییو دیاریکراوەکانەوەو، دەخوازێت لە نێوان ڕاستەقینەو وەهمدا پێکەوەلکانو بەیەکەوە گونجان بکات)[8]، لێرەدا وێناکردن و ناونانی بێناوانە وەك دنیابینییەکی بەرفراوانتر دێتەکایەوە، بەشێوەیەك کە شاعیری ڕۆمانتیکیی دەیەوێت لە ڕێی شاردنەوەی ناسنامەی کەسێکەوە لەناو کەسەزۆرو جیاوازەکاندا بۆ کەسێك بگەڕێت کە خۆی دەیەوێت، یان وێنای کەسێك دەکات کە توانای زانینی ناوەکەی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێی پەسەنکردنی سیفاتەکانییەوە بەرجەستەی بکات، یاخود بەهایەکی گەورەتر بە کەسێك بدات کە بەناونەهێنانی گەورەتر لەوەی هەیە دەردەخرێت، بەهەموو ئەم شێوانە کەسێتییەکی ناولێنەنراوی ناو دەقێکی ئەدەبیی زیندووترو بزواوترو نەمرانەترو ڕەسەنترو سیفاتدەرخراوانەتر دەردەکەوێت، بەو مانایەی شاعیر دەتوانێت بەناو نەهێنانی کەسەکە ناوی هەموو ئەندامەکانی لەش و جوانییەکانی و شتە شاراوەو ئاشکراکانی بهێنێت. هەر وەك چۆن دەتوانێت مرۆڤێك بە ئەندێشە بخولقێنێت وەك ئەوەی کە شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دەیخوازێت نەك وەك ئەوەی خۆی هەیە، ((خەیاڵ وێنەکردنی شتێك یان کەسێکە کە مەرج نییە بوونێکی ڕاستەقینە یان ئامادەییەکی ئێستاییانەی هەبێت))[9]. بۆیە لەم جۆرە شیعرییەدا شاعیر وەك نیگارکێشێك یان پەیکەتاشێك دەردەکەوێت. هەموو ئەم تایبەتمەندییە کراوانەیش وا دەکەن کە خەسڵەتێکی جیهانییانە بەم ڕەهەندە ڕۆمانتیکییە بدەن، بەو مانایەی هەر کەسێك دەگرێتەوە کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە شاعیر پێی دەبەخشێت، بەبێ بەستنەوەی بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە،

---

[6] بڕوانە: حاتم الجوهری (٢٠١٣)، (Charles Feidelson (1953: 8.

[7] Ernest Bernbaum (1949: 301).

[8] Ernest Bernbaum (1949: 302).

[9] مثنى حامد (٢٠٠٦: www.azaheer.org/vb/archive/index.php/t-19193.html).

ڕۆمانتیکییەکان دەیانڕوانییە دەرونی خۆیان و لە ژیانی تایبەتیی خۆیاندا بۆ هەستگەلێکی نامۆو سەیر دەگەڕان وەك ئـەوەی دەیانخواست وێنایان دەکرد[10].

هـەر ئـەم بنەمایانـەیش وایـانکردووە کـە (ناولێنـەنانی جوانیـك)، بـە جیـاوازیی سـەردەم و شـوێن و کەسـەکانەوە، وەك بنەماگەلێکی هاوبەش لای چەندین شاعیری ڕۆمانتیکیی دەربکەون، کە ئێمە لێرەدا چەند دەقێکمان وەك نمونە هێناونەتەوە. دواجار شاعیر دەست وبیرکراوانە ((کار لەسەر (هەر کەسێك) دەکات، نەك تەنها (کەسی هەڵبـژاردەو نمونـەیی)))[11]، بەمـەیش شاعیر هەژمونگەرێتی (منی شاعیر) لە هونەردا دەچەسپێنێتو بـەها بـە (منـی شـاعیر) دەبەخـشێت لـە دەقەکانـدا[12]، گیـان (ڕۆح) لە بونیاتە جەستەییە فیزیکییە باوەکەی دەربازدەکات و گیان لە جەسـتە ماتریاڵییەکـەی جیادەکاتـەوەو سـەربەخۆی دەکات، ئاگاییەکانی گیان بە خودی خۆی و هاتنەکایـەی خودهۆشـیاریی بەگـەڕدەخات[13]، واتـە دواجـار وەسـتانەوەی گیـان لەگەڵ خودی خۆیدا، نـەك وەسـتانەوە لەگـەڵ دەرەوەی خـوددا[14]، تـا لـەوێ ئازادانـە ئـەوەی دەیـەوێت ببینێـتو دەسـتی بۆبەرێت و جوانیی بەرهەمبێنێت، ((ئامانجی هونەرمەند، بەرهەمهێنانی جوانییە))[15]، جوانیش گوزارشتکردنێکە لە ڕەنگاڵەیی دیـاردە سروشـتییو کۆمەڵایـەتییو هونەرییـەکان، کـە شـاعیر زرنگانـە دەیانهێنێـتو هارمۆنییـەت لـە نێوانیانـدا بـەجۆرێك پێکـدەهێنێت کـە وەك یەکەیـەکی ئیـستاتیکیی دەربکـەون، بـە هـۆی بەرجەسـتەکردنی جوانییەکانیـشەوە نـەمریی و ڕەسەنایەتیی و بەهاداریی دەڕسکێنێت.

(جوانی بێناو)، ئەو شۆخە ئایدیاڵە، لە سروشت نزیکـە، بێڕتووشـەیە، کـە فـەنتازیای ئەندێـشەی بـە کەرەسـتەو خواسـت و ویـست و ئـارەزووی شـاعیرانی ڕۆمانتیـك دەکێـشرێت و بنـەما ڕۆمانتیکییـەکانی تێـدا بەرجەسـتە دەکـات، ئایدیاڵیـەت و سروشتگەرێتیی دەکرێتە ڕەنگ بۆ وێنەکێشانی ئەو شۆخەی شاعیر دەیەوێت بڵێت کە بەبێ ئەو نە سروشت نـە گـەردوون نـە ژیانو نە بوون و نە جوانییەکان واتایەکیان نییە.

ڕۆمانتیکیی لە قوڵایی پرۆژەیەکی خودگەرییانەوە سەرچاوە دەگرێت و خواستی بە کۆمەڵایەتیکردنی یـان بـە دیـاردەکردن و بـە بـەهای کۆمەڵایـەتیکردنی ئامانجـەکانی هەیـە[16]، بـەو واتایـەی شـاعیر ئـەو پەیامـە بەرجەسـتە دەکـات کـە ئـەوە بەخوێندنەوەی وردی بۆ وێناکردنی کەسێك فۆڕم و ناوەڕۆك و ناوو ناونیـشان و تایبەتمەنـدیی و جوانییـەکی بـاڵاو بەهایـەکی نوێ دەبەخشێتە ئەو کەسەو وەك سیمبولێکی شکۆمەند دەیهێڵێتەوەو دەیکاتە پێوەر بۆ پێوانەکردنی کەسەکانی تر.

بە (جوانی بێناو)، شاعیر ڕەهایەتیی دەبەخشێتە شـۆخێك یـان کەسـێك، وایمەزەنـدەدەکات کـە ناولێنـان و ناسـینی لـە بـەر (بەهاداریی و جوانیی و خەسڵەتەکانی) سەختەو، هیچ ناوێك ناتوانێت ببێتە ناونیشانی ڕاستەقینەی ئەو شۆخە، ئـەو سـیفات و ناونانانەیش کە لە هەندێك دەقی (جوانی بێناودا) دەردەکـەون، تـەنها بـۆ دیـاریکردنێکی لۆژیکیانەیـە تـا بتوانێـت ئـەوەی شاعیر وێنایکردووە بە خەڵکی بناسێنێت.

10 بڕوانە: ایفور ایڤانز (١٩٥٨: ٥٩).
11 أتیلا أوزقرملي (٢٠٠٤: ٢٢).
12 بڕوانە: ڕەزا سەید حسێنی (٢٠٠٦: ٦١).
13 بڕوانە: امام عبدالفتاح امام (١٩٨٤: ٣٣)، Timothy Morton (2004: 116).
14 بڕوانە: د. أمیرە حلمی مطر (١٩٩٨: ١٣٤).
15 فیلیب فان تیغیم (١٩٨٠: ١٩٢).
16 بڕوانە: Nicole Smith (2011).

**بەشی دووەم:**

**( جوانی بێناو )و جیهانبینیی شیعریی لە دەقەکانی ( مەولەوی، گۆران ، ۆردزۆرس و بایرۆن )دا**

**١/٢ ) مەولەوی و ( جوانی بێناو ):**

**٢/١-١ ) دەقی ( چون چیهرەی خەیاڵ )**[١٧]:

چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش

نە تۆی پەردەی دڵ مەعدومی دڵ ڕێش

نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان

کەم کەم جە گۆشەی لای سیا ماڵان

زەمین منەت بار پا نییاو مەویەرد

جارجار وە ڕووی ناز باوەشێن مەکەرد

باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد

نازکییش جە باد ئیحتیات مەکەرد

نە تۆی تاریکیی تای شەدەی بێگەرد

لە تافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد

غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا

وە سەوقات پەرێم خەندەنگێ شانا

ئەرسەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم

خاس بی پەی یادگار خەندەگێ بەردم

– دەقەکە بە شێوەزاری سلێمانی:

وەکو ڕووی خەیاڵ

وەکو ڕووی خەیاڵ ڕوخسارەکەی خۆی

لەناو پەردەی دڵمەعدومی دڵی بریندارکراوەوە

شای گوڵ سۆسەنی ئەرخەوانی کوێستان، ناوچەوانی دەرخست

وردە وردە لە پشتی دەوارەوە خۆی نواند

زەمین منەتباربوو کە ئەو پێی پێدا بنایەو بەسەریدا ڕێی بکردایە

جار جاریش بەڕووی نازەوە باوەشێنی دەکرد

باوەشێنی دەکرد ڕووی بێگەردی خۆی

ڕووی بێگەردی ئەو، خۆی لە بای باوەشێنەکە پەنا دەگرت نەبادا ئازاری بدات

لە نێو تاریکیی تاڵە ڕەشەکانی شەدەی بێگەردییەوە

[17] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧: ١٩٩).

ناسکیی، وەك ئاوی حەیات شەپۆلی دەدا
غەریب بووم، ئەو سەخاوەتی لەگەڵمدا نواند
بەدیاریی تیرێکی تێگرتم
هەرچەند منیش وەکو یاران گیانم تەسلیمکردو کوژرام
بەڵام هەر نەبێت، هەر باش بوو، تیرێکم لەگەڵ خۆم بە یادگاریی برد.

## ٢-١/٢ ( جوانی بێناو ) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای مەولەوی:

((مەولەوی، وای داناوە کە ئەو نازدارە ئەوەندە شۆخ و جوانە هیچ شتێك نییە بۆ ئەوە دەس بدا پێی بشوبهێنرێ جگە لە وێنەی خۆی – نازدارەکە– لە دڵی ئەم دا –مەولەوی– شاعیردا))[١٨]، مەولەوی لەم دەقەدا نەك هەر تەنها فۆرمێکی شێوەکارییانەی هونەرمەندانەی ئیستاتیکیانە بە شۆخێك دەبەخشێت، بەڵکو بەهۆی ئەو شۆخەو سەرسامیی خۆیەوە ڕوو بۆ خەیاڵیش دیاریدەکات، پێی وایە سنورەکانی خەیاڵ کراوەنین بەڵکو ئەوە جوانیی شۆخێکە کە ڕەهایانە دێت و خەیاڵی شاعیرو خودی خەیاڵ دەخاتە ئەو چوارچێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، پێی وایە کە ئەو شۆخەیە بەها بەسروشت دەبەخشێت، ئاستی شەیدایی و قووڵیی سۆزو ئیدراکە نەستییو هەستییەکان بەجۆرێکن، کە شاعیر برینداریی دڵی خۆی لە بیردەچێتەوە، شانازیی بەو برینە سەختەوە دەکات کە تیری موژگانی ئەو شۆخە لە جەستەی داوە، نەك هەر ئەوە تیری بە نیگای ئەو هاوێژراویش، وەك دیارییەکی بەنرخ دەبینێت و پێی وایە کە لە خەیاڵاتی دوور مەودادا دەتوانێت لەم دیارییەوە بچێتەوە سەر شای گوڵ سۆسەنی، شاعیر پێی وایە هاتن و هەنگاوەکانی ئەو بەشێکن لە شەپۆلەکانی ئاوی حەیات و، نەمریی بە مرۆڤ دەبەخشن، ئەگەر ئەو نیگارەی لە پشت دەواری ڕەشی ڕەشماڵەوە، وەختە خۆی نمایشبکات و ئەو نازدارەی تەنها و تەنها هەر ناوچەوانێکی نواندبێت، ئەوا وێنەی بەرامبەرو هاوتەریبی ئەندێشەیی ئەو ڕاستەقینەیەیە لە خەیاڵی مەولەویدا هەر بەشێك لە ڕووخسارو وێنەی ئەو نازدارەیە  کە لە ئاوێنەی بریندارکراوو ڕوشاوو دڵمەعدوومی شاعیردا شکانەوەی خۆی پەخشدەکات. لە چوار نیوەدێڕی یەکەمدا، مەولەوی پەیوەندیی ئەو ڕوخسارەو دڵی خۆی شیدەکاتەوە، دواتر خۆویستانە خۆیو خامەکەی دەهێنێتە ناو ئەو دڵ و دنیای خەیاڵەوە کە خۆی وێنای کردووە، چیتر کاری بەو تەنها ناوچەوانە بینراوەی نازدارو ئەو تاکە گرتەیەوە نامێنێت کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا هاتۆتە بەردیدەی. لە چوار نیوەدێڕی دووەمدا، ئەو دیمەنە تەواوکارییانە تەواودەکات کە تیایدا نازدار ئازادانە بە دڵ و دەروونو زەینی شاعیردا گوزەردەکاتو شاعیر بە ئاسانیی دەتوانێت هاتوچۆو تێپەڕین و باوەشێنکردن و تەواوی ڕوخسارو نازو غەمزەو خودپارێزیی ئەو نازدارە بەدیبکات. لە چوار نیوەدێڕی سێیەمدا، پەیوەندیی ئۆرگانیی لە نێوان ناسکیی و تاریکیدا دروستدەکات، وەك هاوتەریبێکی تری جوانی بێناوو ڕەشماڵ، وێنەی ئەوو دڵی شاعیر، جارێکی تر لە گۆشەنیگایەکی ترەوە خۆی دەردەخاتەوە، ناسکیی وەك نهێنیی ژیان لە تاریکاییەکانی کانیاوی ئاوی حەیاتەوە سەردەردێنێت، وەك تیرێك لەو غوربەتەدا دەردەچێت و ئاراستەی نیشانەیەك دەکرێت کەچیتر خۆی بە غەریب نازانێت کە (دڵی شاعیر)ەو، دڵشاد دەبێت بەو تیرەی لە باتی مردن، واتای ژیانەوەو ناسکیی و ئاوی حەیات و ناسیاویی و بوون بە نیشانەی تیرئەندازێك دەگەیەنێت، کە هەموان مەینەتباری تیرو ڕەوتی ئەون.

[١٨] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧: ١٩٩).
بڕوانە: ڕەفعەت مورادی (٢٠١٠: ٣١– ٣٨).

ئەم شۆخە لـە کەسـێکی ئاسـایی و سروشـتیی دەردەچـێت و خـەیاڵ دەیباتـە قـوڵایی ئەفسانە، یـان ڕۆچـوونێکی ڕۆحیانەی باڵا، یان دیدگایەی تەسەوفییانەی وەها، کە تیر لە هەر زیندوویەك بدات بۆ تا هەتا بە زینـدوویی یـان نەمرانـە دەیهێڵێتەوە، بۆیە ناکرێت بتوانرێت ناوی لێبنرێت، یانیش ناو بۆ ناوەڕۆکێکی بەهادارانەی وەها، بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێت.

**٢/٢) گۆران و (جوانی بێناو):**

**١-٢/٢) دەقی (جوانی بێناو)** [19] **:**

جوانی بێناو

قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو،
گەندەمووی دەمووچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی ئێسك سووك،
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك!
ڕاستە من ڕێبوارم، سەرپێیی ئەڕوانم،
بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم،
ئەڵێی، نەك هەر ئێستا، عومرێکی درێژە
بەو دەستو پەنجانەت برینم سارێژە!..
ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر بازۆربن،
لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەرخۆربن،
با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،
بە واتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ،
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لەژێر سێبەری تووتڕکا خامۆشە!
لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان!
ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان!
لە تەختێك هەڵدەستێ هەزارو یەك نەغمە:
ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:
لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخو چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور!

[19] محمدی مەلا کریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠: ٣٥).

شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شلّپو هوور!
قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!
دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم،
دەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم؟
هی ئەوەی نیگارێك لە یادم کێشراوە،
شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێناوە!..

## ٢/٢-٢ ( جوانی بێناو ) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای گۆران:

سەرەتا، لەشەش نیوەدێڕدا، شاعیر لە ڕەگەزە سروشتییەکانی جوانێکی بێناو دەدوێت، هەر لە قژو لێوو گۆناو دەم و چاوەوە کە جوانییەکی دیارو ڕونن، تا دەگاتە جوانییە قووڵ و شاراوەکانی وەك نیگاو مەنگیی چاو، هەموو ئەمانەیش بە میتۆدێکی پەسەنکارانەی دوور لە زیادەڕەویی و نائاساییبوون، باسدەکات، بەڵام بە وێناکردنێکی نیگارکێشانەی زیرەکانەی وردەکارانەی وەها کە بەبێ زۆر لەخۆکردن، وەك ئەوەی بیرو جەستەی کەرەستەیەك بووبن بە دەست ڕۆح و دەروون و نەستییەوە، توانیویەتی بەوشە دیارو ناسك و ئاوازدارە سروشتییەکانی کە وەك بونیاتی سروشتیی هەر پێکهاتەیەکی جوان دەردەکەون، وێنەیەکی زۆر نزیك لە ڕاستەقینەوە، لە ئەندێشەی خوێنەردا بکێشێت.

گۆران لەم دەقەدا مۆدێلێکی نوێ لە مرۆڤ، بەتایبەتی (مێ) دەهێنێتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، کە تا پێش ئەم دەقەی گۆران و بەدرێژایی مێژووی ئەدەبی خۆرهەڵات وێنەیەکی نامۆو نەبینراو بووە، ئەویش شۆخێکی قژ کاڵە، کە پێشتر شۆخی خوازراو دەبوو پرچی ڕەش بێت.

لە چوار نیوەدێڕی دواتردا، شاعیر باس لە ئاستی کاریگەربوونی خۆی دەکات بەو وێنەیەی لە پێشتردا کێشاویەتی، گۆران وەك ڕێبوارێکی سەرەڕێ و بینەرێکی ڕاگوزەر و بێنازو سەرقاڵ بە کارەکانی خۆیەوە، لە ئاست ئەو جۆرە لە جوانیدا سەرسام دەبێت و لە جوڵەی جەستەوە دەکەوێتە باری وەستان، لەئاستە دەروونیەکەشیدا، لە دەرونێکی نامۆی خەمباری وەستاوەوە دەگۆڕێت بۆ هەڵچوونێکی دەروونیی زۆرو جوڵەیەکی دەرونیی خێرا*، دیسانەوە تیری ئەوین وەك لای مەولەوی بینیمان دڵ و دەروونی گۆرانیش دەکاتەوە بە نیشانە، بەهەمانشێوە برینی جەستەو دەروونی ماندووی بە ئەڤین و جوانییەکانی ساڕێژدەکاتەوە. جوانییەك کە لە گیانەوە دێت و فریای گیان دەکەوێت.

شاعیر لە چوار نیوەدێڕی دواتردا، دێتە سەر باسکردنی ڕاو سەرنج و حەزو ویستو ئارەزووی خەڵکانی تر، لە بارەی جوانیی و پایەی شۆخ و شەنگیی و شۆرەت و ناسراوییانەوە، وەك (شاگوڵ، گوڵباخی بەرخۆر)، گۆران لاوازیی ئەو جۆرە پێوەرو بۆچوونانە زەقدەکاتەوەو، ناوازەیی و تاقانەیی جوانە بێناوو بێناونیشانەکان دەکاتە سەنگی مەحەك، لە دە نیوەدێڕی دواتردا، بەهەمان شێوەی مەولەوی سروشت تێکەڵدەکاتەوە بەمرۆڤ، ئەمیش لە هەمان دیدگاوە جوانیی سروشت

* ڕێبواریی (گۆران) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوکات، یان کاتی نووسینی ئەم دەقە، گۆران لەگەڵ هەریەك لە (ڕەفیق چالاك و ڕەمزی قەزاز)دا، لە ڕادیۆی کوردو کوردستان بوون لە یافا لە فەلەستین کە دەکەوێتە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستەوە، چوونەتە کەناری دەریاو گۆران لەوێ ئەم دیمەنەی دیوە، بینینی شۆخێك کە نازانێت کێیە، خەڵکی کوێیە، چییە؟ هەر بۆیەشە دواتر لە بەهاداریی و جوانیی سروشتی کوردستان و کانییەکی بەر تریفەی مانگە شەو دەدوێت و بەراوردی دەکات بە شەپۆلەکانی دەریا. سوود لە پ.د. عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٤: چاوپێکەوتن)، وەرگیراوە، کە لەسەر زاری خودی (گۆران) خۆیەوە وەریگرتووە.

دەبەستێتەوە بە جوانیی مرۆڤەکانەوە، بەوواتایەی کە دواجار ئەوە مرۆڤە جوانیی بە سروشت دەبەخشێت، یان دەتوانێت جوانیی سروشتێك بگۆڕێت، گۆران دەیەوێت شۆخێکی کەنار دەریا بە ئەندێشەی خۆی هەڵبگرێت و بیکاتە تەڵێ وەنەوشەی ژێر سێبەری توترکێك، توترکێك کە زادەی ڕەسەنایەتیی نیشتمانەکەی خۆیەتی، لێرەدا گۆران دەیەوێت شۆخێك دابڕێت لە شوێن و کات، بیگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێن و کاتەی خۆی دەیخوازێت، توانستی گوێزانەوە بەدەر لە کات و شوێن، دیدگایەکی جیهانبینییانە دەدات بەو بیرانەی شاعیر لە فۆرمی وشەو شێوەی وێنە شیعرییەکانیدا داڕشتوون، ئەمەش ڕەگەزێکی دیاری دەقە ڕۆمانتیکییەکان بەرجەستە دەکات. شاعیر دەیەوێت بڵێ، لە هەر زۆرێك تەنها یەك، یەکێك کە زەینی جوانناسیانەی خۆی دەیناسێت ئەگەر نا نەناسراوە، بەهادارە، تەنها تەڵێك وەنەوشە، تەنها ئەستێرەی بەربەیان، تەنها کچە کاڵەکە، تەنها نەغمەی هێمن و هێواش.

دواجار ناوەڕۆکی جوانێك، بەهەمان شێوەی مەولەوی بەسەر ناویدا زاڵدەبێت و بەهایەك بۆ ناو لەناو نیگارێکی ئاشکراوو دیاری پڕناوەڕۆکدا ناهێڵێتەوە، بۆیە ئەو شۆخە ناوی هەرچی بێت هێندەی ئەوە گرنگ نییە کە شۆخێکی نایابە.

### ٣/٢ ) ولیەم ۆردزۆرس ( William Wordsworth (1770-1850) ) و ( جوانی بێناو ):

#### ٣/٢-١ ) دەقی ( She Dwelt among the Untrodden Ways )[٢٠]:

She Dwelt among the Untrodden Ways

She dwelt among the untrodden ways
Beside the springs of Dove,
A Maid whom there were none to praise
And very few to love:

A violet by a mossy stone
Half hidden from the eye!
--Fair as a star, when only one
Is shining in the sky.

She lived unknown, and few could know
When Lucy ceased to be;
But she is in her grave, and, oh,
The difference to me

– دەقەکە بە کوردی:

(ئەو هاونشینی ڕێگا تەینەکراوەکانە)

ئەو هاونشینی ڕێگا تەینەکراوەکانە
لەتەك سەرچاوەکانی ڕووباری دۆڤدا،
ئەو کابانێکە کە ستایشکەری نەبووە

[20] http://www.poetryfoundation.org/poem/174818.

خەڵکانێکی زۆر کەمیش هەبوون خۆشیان بوێت.
ڕەنگی ئەرخەوانیی ئەو بەهۆی بەردێکی قەوزە لێنیشتووەوە
نیمچە شاراوەیە لەبەر چاو،
.. .. شایستەیە، هەروەکو ئەستێرەیەك کەتەنها هەر یەکێکە
کە لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە.

ئەو بە نەناسراویی ژیا، کەمێکیش توانیان بزانن ئاخۆ
(لوسی) کەی و بەچییەوە گیرۆدە بووە:
بەڵام ئەو ئێستا لە نێو گۆڕەکەیدایەو، ئاخ !
ئەوە جیاوازییەکەیە بەلای منەوە.

## ٢-٣/٢ ) ( جوانی بێناو ) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای ۆردزۆرس:

ۆردزۆرس دەڵێت: ((خەیاڵ ئەو توانستە کیمیاییەیە کە بەهۆیەوە ڕەگەزە لێکدوورەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبنو لەیەکتردا دەتوێنەوە، لە شتە جیاوازو ناکۆکەکان شتێکی گونجاو بەرهەم دەهێنێت))[٢١]. لەم دیدگایەوە، ۆردزۆرس لە سێ کۆپلەدا لە جیاوازیی و تاکبوونی جوانێکی بێناو دەدوێت، لێرەدا (لوسی) ناوێکی پێشنیازکراوو خۆویستانەیە لە لایەن شاعیرەوە دراوەتە پاڵ ئەو کارەکتەرە بێناوو بێناونیشانەی شاعیر هەر لەسەرەتاوە تا دەگاتە دوا کۆپلە کە وشەی (لوسی) تێدابەکارهاتووە هەمیشە بە (ئەو)، ناوی دەبات و وەك نەناسراو ئاماژەی پێدەکات، ناوەکەیش وەك هێمایەك بۆ ناسینەوە دایدەنێت نەك ناوێك بۆ ناونان.

لە کۆپلەی یەکەمدا، شاعیر باس لە سروشت و دیالێکتیکیەتی نێوان سروشت و مرۆڤ دەکات، جوانییەکانیان ئاوێزانی یەکتر دەکات و پێی وایە ئەوە ئەوە بە جوڵەی ڕێگاکان دەکاتە ڕێگاو بە وەستانی ڕێگاکان لە ڕێگابوون دەخات، ئەو جوڵە بە ڕووباری دۆڤ دەبەخشێت و ئەگەر چاوی لێك بنێت ئەوا شەپۆل لە جوڵە دەکەوێت، ئەو نەبینراوە تا کەس بیناسێت یان ستایشی بکات، جوانییەکان بەودا دەناسرێن، ئەمە لای (گۆران)یش بەهەمان ڕوانین لە کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەودا ڕەنگیداوەتەوە، کە سازگاریی و ڕوونیی و شیرینی دەنوێنن، بێوێنەیی جوانێك دەسەلمێنن.

لە کۆپلەی دووەمدا، ئەو جوانە ڕەنگی بەردی قەوزەداری ئەرخەوانیی و مۆرو قاوەیی و شینباوی گرتووەو، دەستلەملانی ساتەوەختی خەندەو چپەو بزێوییەکانی ئەو قەوزەو ڕەنگانەیە بەدەست لەرەی ئاوو ڕەوتی تەنکاوەکانەوە، لەم بارەدا شاراوەو نەناسراوو نادیارە لای خەڵکانی ئاسایی، بەڵام سەرباری ستایشنەکراویی ئەو، ئەو شایستەیە وەك ئەو تەنها ئەستێرەیەی لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە، وەك لای گۆرانیش خستمانەڕوو.

لە کۆپلەی سێیەمدا، شاعیر ئەو شۆخە نەناسراوە بە (لوسی) ناوزەددەکات، هاوکات بە دوو دیمەن باس لە نەناسراویی ئەو شۆخە دەکات، یەکەمیان کە دەڵێت ئەو بە نەناسراویی ژیا، دووەمیشیان بریتییە لە دیمەنی شاراوەی فیزیکیی ناوگۆڕو دیارنەمانی جەستەو تەنی ئەو کارەکتەرە. لێرەدا بەهەمان شێوەی دوا دیمەنەکانی مەولەوی و گۆران،

---

[21] د. محمد غنيمی هلال (١٩٧٠: ٨١).

ۆردزۆرسیش گەمەیەکی ئەندێشەیی زۆر هونەرییانە تۆماردەکات دەربارەی ڕواڵەتی دیمەنەکانی مەرگ و ژیانو مانا پێچەوانەو شاراوەکانی ئەو دیمەنانە.

ئەو کە شاعیر دەزانێت ناوی لوسی نییە، بەڵام هەموو ئەوانی تر بە لوسی دەزانن، بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆرن ئەوانەی وادەزانن دەیناسن، بەڵام شاعیر پێی وایە ئەوە تەنها خۆیەتی کە دەیناسێت و درك بە جوانییەکانی دەکات و پەی بە پەنهانییەکانی دەبات و دڵنیایشە کە ناوی لوسی نییە، بەڵکو جوانێکی بێناوەو جوانییەکانی بە شاعیریان ناساندووە، لای شاعیر ئەو نەمردووە، چونکە جوانییەکانی نامرن، بەردەوام زیندوێتیی کەسێك دەگێڕنەوە، بۆیە گۆڕەکەی ژوانی بەیەك گەیشتنی شاعیرە لەگەڵ ئەوداو هێمای نەمریی و زیندوێتییەتی نەك مردن و مەرگ.

**٤/٢ ( لۆرد بایرۆن (George Gordon Byron(1788-1824)) و ( جوانی بێناو ):**

**٢/٤-١ ( دەقی (She Walks in Beauty)[٢٢] :**

She Walks in Beauty

She walks in beauty, like the night
Of cloudless climes and starry skies;
And all that's best of dark and bright
Meet in her aspect and her eyes;
Thus mellowed to that tender light
Which heaven to gaudy day denies.

One shade the more, one ray the less,
Had half impaired the nameless grace
Which waves in every raven tress,
Or softly lightens o'er her face;
Where thoughts serenely sweet express,
How pure, how dear their dwelling-place.

And on that cheek, and o'er that brow,
So soft, so calm, yet eloquent,
The smiles that win, the tints that glow,
But tell of days in goodness spent,
A mind at peace with all below,
A heart whose love is innocent!

– دەقەکە بە کوردی:

(ئەو خۆ بەنێو جوانییدا دەکات)

ئەو خۆ بەنێو جوانییدا دەکات، وەك شەوگارێکی

[22] http://www.poetryfoundation.org/poem/173100.

کەشی ساماڵ و، ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە:
هەموو باشترینی تاریکایی و گەشانەوەیەك
لە ڕوخسارو چاوانیدا جەم دەبن:
وەها ڕووی بەو تروسکە ڕۆشناییە نەرمونیان دەبێتەوە
کە ئاسمان، تەنانەت بۆ ڕۆژگاری ڕەنگاڵەو زەقیش، بە ڕەوای نەبینیوە

ئەو تاریکیی و تروسکاییە، یەکێکیان زیاتر تاریکیی دەخاتەوەو، ئەوی دیش تیشکی ڕوو لە کەمبوونە،
ئەوان ئەو شۆخە بێناونیشانەیان کەمێك شێواندووە
کە لە هەر چەپکە زوڵفێکی ڕەشدا ئەو تاریکییە شنەی دێت،
یاخود بەنەرمیی و ئاستەم ئەو تروسکاییە لەسەر ڕووی ئەو دەدرەوشێتەوە:
هۆش و بیر لە وێدا بە ئارامیی و هێمنیی، هەر ئەو شیرینیی و شەنگییە دەردەبڕن کە
چەند پاك و، چەند خۆشەویستە، ئەو نشینگەیەی (ڕوخسارەی) کە ئەو تاریکیی و تروسکاییە تیایدا دەمێننەوە

لەسەر ئەو کوڵمەو، لەسەر ئەو برۆیە،
هێندە نەرمونیان و، هێندە ئارام، بگرە هێندەیش ڕەوانبێژو گۆیا،
ئەو زەردەخەنانەی زاڵ دەبن و دەبەنەوە، ئەو شەبەنگانەی دەدرەوشێنەوە،
تەنها ئەو ڕۆژگارانە دەگێڕنەوە کە لە چاکەو جوانیدا ئەو بەسەری بردوون،
هۆشێکی ئاسوودەو ئاشت لەگەڵ هەموو دنیا،
دڵێك، کە خۆشویستنی ئەو، بریتییە لە بەرائەت!

## ٢-٤/٢ ) ( جوانی بێناو ) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکییانە لای بایرۆن:

بایرۆن بڕوای وەهابوو کە دەبێت پەی بە لایەنێکی دەرونییو هەستگەلێکی خودیانەی وەها ببرێت کە لێیانەوە ئەنجامێك بکەوێتەوە کە زۆر ناوازەبێتو بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت[٢٣]، بۆیە لەم دەقەدا ئەم تێڕوانینانەی خۆی دەبینینەوە، لە کۆپلە یان ستانزای یەکەمدا، بایرۆن بەراوردێك لە نێوان جوانییەکی سروشتیی پێکهاتوو لە دژو پێچەوانەکان کە لە هارمۆنیدان – واتە تاریکیی و تروسکایی و ڕووناکیی–، لەگەڵ جوانییەك کە جەربەزەو بێباکانە خۆی بە نێو ئەو سروشتەدا دەکات ، تەحەددای ئەو ڕەگەزانەو ئەو دیمەنە سروشتییەی جوانیی دەکات.
کارەکتەری جوانی بێناونیشان، بەبێ پرس خۆی بە نێو ململانێی ڕەنگە دژەکاندا دەکات، دێتە سەر شانۆی سروشت و کێبڕکێ دەکات، پوختییو ڕوونییو ئارامیی شەوگارێکی ساماڵ بەرامبەر ڕوخساری ئەو شۆخەو ، پرشنگی ئەستێرەکانیش بەرامبەر بریسکەی چاوەکانی خۆدەنوێنن، هێندە زاڵ و براوەو ئازایە کە پرشنگی تروسکایی ئەستێرەکان کە لەسەر ڕوخساری ئەو شکاوو شکستخواردوو دەبن، دیمەنێك دێتە ئاراوە کە ئاسمان بۆ کەسی تری قبوڵ نییە ئەوەندە شۆخ و

[23] بڕوانە: ایفور ایڤانز (١٩٥٨: ٦٠).

درەوشاوەو نەرم ونیان بێت، تەنانەت بۆ ڕۆژگاری پڕ لە تیشك و شەبەنگ و ڕەنگیش کە دەستپەروەردەو کێشراوی دەست و پەنجەی ئاسمان خۆیەتی.

لە کۆپلەی دووەمدا، هێرش و ئیرەیی تاریکیی و تروسکایی بەردەوامە، ئازا ئەوەیە کە جوانتر خۆبنوێنێت، بەڵام ئەوان لەپای ئەوەی خۆیان کێبڕکێ لەگەڵ ئەو جوانەدا بکەن، بوونەتە کەرەستەی شێواندن و ناشیرینکردن، چونکە ڕووی ئەویان ناشیرینکردووە، ئەوان لە هەر کوێدا لەسەر ڕوو قژی ئەو نازدارە خۆدەنوێنن، هێشتا بینەرو شاعیر هۆش و بیری هەر بەلای ئەو ڕوخسارو شوێنگەیەوەیە کە ڕووی ئەو جوانەیەو، ئەو تەختی شانۆیەیە کە تاریکیی و تروسکایی دەیانەوێت لەسەری سەرنجی بینەر ڕابکێشن، بەڵام سەرکەوتوونابن.

لە کۆپلەی سێیەمدا، چیدی دژەکان توانای بەرگریی و کێبڕکێیان پێنامێنێت، بەهێمنی تەختی شانۆ بەجێدەهێڵن بۆ ڕوکارو نیگارەکانی ئەو جوانە بێناوە. کوڵم و ئەبرۆو ئارامیی و ناسکیی و ڕەوانیی و زەردەخەنەکان —وەك ڕووکارە فیزیکییو دەروونییەکانی لای گۆران باسکران— ەو گرەوو پێشبڕکێی و نمایشی جوانییە دەبەنەوە، دواتر وەك پاڵەوانە سەرکەوتووەکان ژیاننامەو یادگارییەکانی خۆیان لەبەر تیشکی جوانیی و چاکەی ئەو شۆخە بێناوەدا دەنووسنەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

- مرۆڤ وەك دیارترین ئامانجی بەرهەمە ڕۆمانتیکییەکان دەردەکەوێت، کۆی ڕەهەندو بنەما ڕۆمانتیکییەکانیش دواجار بۆ گوزارشتکردن و دواندن و وێناکردن و خەملاندن و بەهاپێدانی ئەو کائینەیە، ڕۆمانتیکییەکان بەرجەستەبووی خواست و داخوازیی و ئارەزوو ویستە مرۆییەکان بوون، بەبێ ئەوەی لەم نێوەندەدا بایەخێکی ئەوتۆیان بە کات و شوێن دابێت، هەر ئەمەیش دیدگایەکی جیهانبینیانەی بۆ ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی خوڵقاندووە.
- لە بنەمای ئەندێشەگەریی و سۆزی قوڵ و بینینی نەستیانەو سروشتگەرێتییەوە، وێناکردن و ناونانی ئارەزوومەندانەو هونەرمەندانەو شیعرییانەی ڕۆمانتیکیانە سەرچاوە دەگرێت، ئەو دەرفەتە بۆ شاعیر دەسازێت کە بە ویستی خۆی ناو لە کەسەکان و شتەکان و دیاردەو کات و سەردەمەکان بنێت.
- لێرەدا وێناکردن و ناونای بێناوانە وەك دنیابینییەکی بەرفراوانتر دێتەکایەوە، بەشێوەیەك کە شاعیری ڕۆمانتیکیی دەیەوێت لە ڕێی شاردنەوەی ناسنامەی کەسێکەوە لەناو کەسەزۆرو جیاوازەکاندا بۆ کەسێك بگەڕێت کە خۆی دەیەوێت، یان وێنای کەسێك دەکات کە توانای زانینی ناوەکەی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێی پەسەنکردنی سیفاتەکانییەوە بەرجەستەی بکات، یاخود بەهایەکی گەورەتر بە کەسێك بدات کە بەناونەهێنانی گەورەتر لەوەی هەیە دەردەخرێت، بەهەموو ئەم شێوانە کەسێتییەکی ناولێنەنراوی ناو دەقێکی ئەدەبیی زیندووترو بزواوترو نەمرانەترو ڕەسەنترو سیفاتدەرخراوانەتر دەردەکەوێت، بەو مانایەی شاعیر دەتوانێت بەناو نەهێنانی کەسەکە ناوی هەموو ئەندامەکانی لەش و جوانییەکانی و شتە شاراوەو ئاشکراکانی بهێنێت. هەر وەك چۆن دەتوانێت مرۆڤێك بە ئەندێشە بخولقێنێت وەك ئەوەی کە شاعیر لە خەیاڵی خۆیدا دەیخوازێت نەك وەك ئەوەی خۆی هەیە.
- دەتوانرێت (جوانی بێناو) وەك کەرەستەیەکی ڕۆمانتیکیی، یان ئەدەبیی بەکاربرێت و ڕەهەندێکی جیهانیانەیش بە بەرهەمە ئەدەبییەکان ببەخشێت.

- هاوبەشێتیی و نزیکایەتیی زۆر لە نێوان ئەم دەقانەی هەریەك لە (ۆردزۆرس و بایرۆن و گۆران و مەولەوی)دا دەبینرێن، ئەمەش جیهانبینیی ڕۆمانتیکیی دەسەلمێنێت.
- توانستی ئەدەبیی باڵاو فراوانیی ئەندێشەو وردیی و بیرڕەنگینیی و بەسەلیقەیی و سۆزی قوڵ و زمان و دەربڕینی پاراو لای (مەولەوی و گۆران) دەبینین، کە لە ئاستی ئەدەبییاندا لە (ۆردزۆرس و بایرۆن) کەمترنین و ئەمەش پێزو تین و بەهای ئەدەبی کوردیمان زیاتر دەسەلمێنێت و دەرفەتی زۆرتر بۆ تێکەڵاوبوونی ئەدەبی کوردیی بە ئەدەبی جیهانیی دەسازێنێت.

## سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

- ڕەزا سەید حسێنی (٢٠٠٦): قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- ڕەفعەت موڕادی (٢٠١٠): گۆڤاری هەنار، ژمارە (٥٧)، ساڵی پێنجەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- عیزەدین مستەفا ڕەسول (٢٠١٤): چاوپێکەوتن، ڕۆژی ٢٠١٤/١/١١، سلێمانی.
- محمدی مەلا کریم (دیوانی گۆران: ١٩٨٠): سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (دیوانی مەولەوی:٢٠٠٧): بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنندج.
- هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠): پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- هیمداد حوسێن (٢٠٠٧): ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أتيلا أوزقرملي (٢٠٠٤): التيارات الأدبية في الأدب التركي، ترجمة: أشرف جميل، مجلة الآداب الأجنبية، العدد ١١٨، السنة التاسعة والعشرون، عدد خاص بالأدب التركي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- امام عبدالفتاح امام (١٩٨٤): دراسات هيجلية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.
- أميرة حلمى مطر (١٩٩٨): فلسفة الجمال، دار انباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- ايفور ايظانز (١٩٥٨): موجز تأريخ الأدب الأنجليزي، ترجمة: د. شوقى السكرى و عبدالله عبدالحافظ، دار المصرية للكتب.
- الكسندر بلوك (١٩٧٧): دراسات أدبية وفكرية، ترجمة: يوسف الحلاق، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.
- بولند اجاويد (٢٠٠٤): لماذا الشعر؟ وقصائد، ترجمة: شوكت آقصوى، مجلة الآداب الأجنبية، العدد ١١٨، السنة التاسعة والعشرون، عدد خاص بالأدب التركي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- حاتم الجوهرى (٢٠١٣) وليم بليك: سيد الرومانتيكية، الحوار المتمدن.

- فيليب فان تيغيم (١٩٨٠): المذاهب الأدبية الكبرى في فرنسا، ترجمة: فريد أنطونيوس، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت – باريس.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٠): دراسات ونماذج فى مذاهب الشعر ونقده، دار نهضة مصر للطبع والنشر.
- محمد غنيمي هلال (١٩٧٣): الرومانتكية، دار العودة– دار الثقافة، بيروت.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Charles Feidelson (1953): Symbolism and American Literature, Chicago University of Chicago Press, Phoenix Books.
- Ernest Bernbaum (1949): GUIDE THROUGH THE ROMANTIC MOVEMENT, University of Illinois, The Ronald Press Company, New York.
- Jacques Barzun (1961): Classic, Romantic, and Modern. Reprint University Of Chicago Press.
- Timothy Morton (2004): CULTURES OF TASTE/THEORIES OF APPETITE, First published 2004 by:PALGRAVE MACMILLAN™, New York.

سەرچاوە ئینتەرنێتییەکان:

- www.articlemyriad.com
- www.azaheer.org
- www.poetryfoundation.org

## ( الجمال غير المسماة ) كمنظور رومانتيكي
## ( مەولەوی ، گۆران، وردزورث، بايرون ) كأمثلة

تدرس هذه الرسالة (الجمال غير المسماة) ضمن الأطر العامة والخاصة للرومانتيكية ومنظورها. إن الإنسان يُعتبر الغاية الأسمى في النتاجات الرومانتيكية حيث تتمركز حوله إبعادها وأسسها التعبيرية، وقد إتصفَت مبادئُ الرومانتيكية بالصفة العالمية المشتركة منذ بدايات بزوغ أدبها. يبتغي الأدب الرومانتيكي الوصول إلى المضامين السامية والقِيَّمة ، وينظر من الداخل إلى الخارج نظرةً لاشعورية تلقائية، حيث تُسلِّم زمام الشعور خِلالها لسلطة وهيمنة اللاشعور، جامِعاً الإشياء والاشخاص والأزمنة والأماكن والأحداث التي لا يمكن جَمعُها في الحياة الطبيعية بسهولة. إن الخيال الرومانتيكي يمكنه إحداث التغير في بُنية العلاقات التي أنتجت حقائق معينة، ويعيد إنتاج حقائق أخرى من خلال إكتشاف علاقات أخرى غير محسوسة من قَبل، والتي تَعتَمِدُ أساساً على حساسية وصفاء ذهن الكاتب.

إن مبدأ (الجمال غير المسماة) في الخيال الرومانتيكي يفسح المجال للشاعر ليتمكن بِمَلأ إرادته من تسمية الأشخاص والأشياء والظواهر والزمان والمكان، بحيث يكون الشاعر فيه كالرسام أو النحاة بحد ذاته، وتنطبق هذه التسميات على كُل مَن يَتَّصِفُ بالصفات التي يرسمها الشاعر له. إن تطبيق مبدأ (تسمية الجمال) يُمَكِّنُنا من تعميمه وإظهاره كمبدأ مشترك لدى العديد من الشعراء الرومانتيكيين، بغض النظر عن إختلاف العصور والأماكن والأشخاص. وقد قُمنا في هذه الدراسة بتقديم عِدّة نصوص شعرية تمثل مبدأ العالمية المشترك، ونستنتج بأن الشاعر الرومانتيكي يقف في فسحة الخيال أمام ذاته، لا أمام غيره في الخاج، حيث يرى ما يريدُ ويلمس ما يشاء وينتج الجمال أيضاً.

## (Unnamed Beauty) as a Romantic Perspective
## (Mawlawi, Goran, Wordsworth, and Byron) as Examples

This research studies (Unnamed Beauty) within the public and private frameworks of romanticism and its perspective. The human being is the ultimate goal in the romantic products where their dimensions and expressions are centered on human being. The principles of romanticism have been characterized by the common feature of universality since its emergence. Romantic literature aims at having access to the contents of the high values and valuable contents, unconsciously and spontaneously looking at things from inside towards outside, where the reins of senses will be given to the authority the dominance of the unconsciousness, combining things, people, times, places, and events that cannot be collected in the normal life, easily. The romantic imagination can make a change in the structure of relations that produced certain facts, and it can reproduce other facts through the discovery of relationships not dealt with before, which mainly depend on the sensitivity and clarity of the mind of the writer.

The principle of (Unnamed Beauty) in the romantic fantasy gives more space to the poet to be able to give names freely to certain people, objects, phenomena, time and place. So, the poet will be exactly like a painter or a sculptor, and these names are applied on all who are characterized by qualities the poet attributes to them. Applying the principle of (Naming the Beauty) enables us to generalize and show it as a common principle to many of the Romantic poets, regardless of differing ages, places and persons. In this study, we have provided several poetic texts as examples of this universal mutual principle, and concluded that the Romantic poet stands in the imaginative space in front of his/her own self , not in front of other external figures, where he sees and touches what he wants, and eventually produces beauty, as well.

# وێنەی هونەری لە شیعری ( ئێوارەی پایز )ی هێمن دا

د. حسێن غازی کاك امین
زانکۆی ڕا پەڕین

کاروان سلیم قیطران
زانکۆی ڕا پەڕین

٢٠١٤ زایینی– ٢٧١٤ کوردی

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێك پێش هەموو شتێك بەرپرسیاریەتییە بۆ ئەو کەسەی کە لێکۆڵینەوەکە دەکات ، چونکە بۆنموونە ئەگەر ئەوکەسە باسی شاعیرێك ،یان لایەنێکی شاعیرێك بکات، نابێت ئەوەندە بەخراپی و بێویژدانی باسی بکات کە بۆچوونەکانی بشێوێنێت لەبەرئەوەی لە بیرو باوەڕدا دژی یەکترن ، یان زیاد لە پێویست وەسفی بکات و بە وشەی بریقەدار نووسین و شیعرەکانی برازێنێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی هاوبیر و باوەڕن و یەك ئایدیۆلۆژیایان هەیە ، پێویستە ڕاستگۆ و ئەمانەت پارێزبێت لە وەرگرتنی زانیاری و بیرو باوەڕی کەسانی تر، بەجۆرێك هەموو بیرورایەك بگێڕێتەوە بۆخاوەنەکەی ، ئەمەش تەنیا لەپێناوی یەك مەبەست ، ئەویش دەرخستنی ڕاستی بێت ، پێویستە لێکۆڵەر لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا ویژدانی خۆی بکات بە سەنگی مەحەکی کارەکەی و بەپێی توانا و لێبڕاوانە کاری تێدا بکات.

ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە تشکێك بخەینە سەر لایەنێك لە لایەنەکانی شیعرێك لە شیعرەکانی (هێمن) ، ئەویش (وێنەی هونەری)یە لە شیعری (ئێوارەی پایز)دا .

لێکۆڵینەوەکەشمان لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەمیش لە دوو تەوەر پێکدێت ، لە تەوەری یەکەمدا باسی کورتەیەکی ژیانی شاعیرمان کردووە ، تەوەری دووەممان بۆ مەبەستەدیارەکانی شیعری شاعیر تەرخانکردووە ئەوانیش لایەنی (ناسیۆنالیزمی و ئافرەت و سروشت) لەخۆدەگرێت.

بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێکدێت : لە تەوەری یەکەمدا باسی لایەنی تیۆری و وێنەی هونەری لە شیعری (ئێوارەی پایز)دا مان کردووە ، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ قاڵبەکانی وێنەی هونەری لە (شیعری ئێوارەی پایز) دا ئەوانیش (لێچواندن و خواستن و درکە و وەسف)ن .

# بەشی یەکەم:

## هێمن *

محەمەدئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شێخەلئیسلامی موکرییە، لە شەوی(٤) لەسەر (٥)ی ١٩٢١/٥ز ،واتا لە شەوی جێژنی بەراتیّ لە گوندی (لاچین)ی نزیك شاری مەهاباد لەدایك بووە، لە تەمەنی منداڵیدا چۆتە بەر خوێندن، سەرەتا ئەلف و بێی لای مامۆستا (سەعید ناکام)خوێندووە، پاشان باوکی ناردوویەتییە شاری (مەهاباد) بۆئەوەی لە قوتابخانەی دەوڵەتیی بخوێنێت،لەویّ تا پۆلی چوارەمی خوێندووە، ئینجا باوکی ناردی بۆ قوتابخانەی ئایینیی، لە خانەقای شێخی بورهان ماوەیەك ماوەتەوە، بەڵام خوێندنەکەی تەواونەبووە ،دواتر لەخزمەت هێندێك مامۆستای دیکە خوێندوویەتی، وەکو (مەلا ئەحمەدی فەوزی)،مامۆستا فەوزی نیشتیمان و ئەدەبیاتی لەلا شیرن کردووە، هەر وەکو هێمن بۆخۆی دەڵێت:((دەبیّ بڵێم دەسکردی (فەوزی)م، ئەوهەڵیوەشاندمەوە، تێکیهەڵشێلاومەوە، سەرلەنویّ دروستیکردمەوە،ئەو حاجی قادری کۆیی،نالی،کوردی،سالم،مەولەوی،حەریق،مەحوی،ئەدیب و وەفایی پێناساندم))،لەساڵی ١٩٤٢ز کاتێك کۆمەڵەی(ژ.ك)درووست بوو ،(عەبدورەحمان زەبیحی) ،(هێمن) بە کۆمەڵە دەناسێنیّ و دەبێتە یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە ، هەر لەو کاتەوە (هێمن) بووبە ناوی نهێنی ، پاشان بووبە نازناوی شیعریی.

سەرەتای شاعیریی (هێمن) بۆ ساڵی (١٩٤٣)ز دەگەڕێتەوە ،ئەو کاتەی کە یەکەم شیعری لە ژمارە ٢ ی گۆڤاری (نیشتیمان)بەناوی (م.ش)بڵاوکرایەوە، لە ساڵی (١٩٤٦)ز کاتێك کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا، شاعیریەکیك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمارە. شاعیر لە ١٧ ی نیسانی (١٩٨٦)ز کۆچی دوایی کردووە.

---

* ژیانی هێمن لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:

١. هێمن، تاریك و ڕوون، چاپی یەکەم،چاپخانەی (سەیدیان)،١٩٧٤ز،ل١٠
٢. مارف خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی حەوتەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی (ئاراس)،هەولێر،٢٠٠٦ز،ل٤٢٣
٣. ئەفراسیاب گرامی،هێمن.. شاعیری هاواروشیوەنی سەدەی بیستەم،گ.(هاوچەرخ)،ژ.(٢)،ل٨٥
٤. فەرهاد پیربال،شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨– ١٩٥٨)ز،چاپخانەی(کوردستان)،هەولێر،٢٠٠٥ز،ل٢١٨
٥. جەهانگیر غەفاری،بەرەو باخی بەهەشت،چاپی یەکەم،چاپەمەنی(گەنج)،سلێمانی،٢٠٠٣ز، ل٥

## گرنگترین مەبەستەکانی شعری( هێمن )

مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری لای هەر شاعیرێك بریتییە لەو بانگەواز و پەیامەی کە لە دڵ و دەروونی شاعیردا داوەستاوە و نێوە نێوە سوڕ و دەوران دەکات و خۆدەهاوێتە ناو دەقێکی شیعری , واتا شاعیر ئەو پەیام و بانگەوازەی لە دەروونیدایە و مەبەستیەتی بیگەیەنێتە خەڵك و خوێنەر لە بۆتەیەکی ئەدەبی جوان دایدەڕێژێت.

سەر بە دیوانی هەر شاعیرێکدابکەین , دەبینین کە چەند مەبەستێك لە شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە و چەندلایەنێکیان لەخۆگرتووە .

(هێمن) ی شاعیریش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی ناو ئەدەبیاتی کوردی چەند لایەنێك و مەبەستێکی شیعری لە شیعرەکانیدا بە زەقی خۆدەردەخەن بەرچاو دەکەون , ئەمە وەکو لایەنێکی باوی ناو شیعر و ئەدەبیاتی کوردی , بەڵام ئەوەی کە (هێمن) لە زۆر شاعیری دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە یەکێکە لەو دەگمەن شاعیرانەی کە زۆر جار لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا پابەندی یەك بابەت نەبووە و یەکێتی بابەتی پەیڕەو نەکردووە کەچەند پەیامێکی مەعریفی و ڕۆشنبیریی لەشیعرێکدا دەربڕیوە،ئەوەش دەست ڕەنگینی و بەتوانایی شاعیر دەردەخات کەچەند مەبەستێکی شیعریی وەك(دڵداری وسیاسی وکۆمەڵایەتی و.....)لە شیعرێکدا تێکەڵ بکات وشیعری ڕەوان وبێ گرێ وگۆڵیان لێ سازبکات،هەروەکو شاعیر بۆخۆی دەڵێت:(یەکێك لەتایبەتیەکانی شیعری من ئەوەیە کەنەرم وڕەق وسۆزی ئەوین وفکری سیاسی تێکەڵ دەکەم)) [1]

چـاوەکـــــەم چـاوی ڕەشـــی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانــەکەم برژانگی تیژت نووکە ڕمــبی دوژمنـــە
شـێری دەستی شـێری ئالایە برۆ ڕاکـــشاوەکـــــەت
جـەرگـــی لاوێکی هــەژاری کوردی ورد پێ بنجنـــە
دیدەکەی بـــەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا
بۆیە مەیـلی وا بەکێشەو فیتنەو خوێن ڕشـــــتنـــە
بەژنەکەت سێدارەیە،کەزیەت تەنافە زووبـــــە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم،کورد بەشی خنکاندنـە

**تاریك وڕوون،ل٦٩**

دەبینین لێرەدا شاعیر بە شێوەیەکی جوان لایەنێکی ڕەقی سیاسی تێکەڵ بەلایەنێکی نەرمی دڵداری کردووە،بەمەش دەگەین بەو ڕاستیەی کە شاعیر لە نووسینی شیعرەکانی دا بیری نەکردۆتەوە بۆ ئەوەی پابەندی بابەتێك بێت لە شیعرێکدا،بەڵکو بەتەواوەتی گوێی لە دەروونی خۆی گرتووە،چۆن ئیلهامی بۆ هاتبێ وچی لە خەیاڵدا بووبێت بێ کەم وزیاد لە قاڵبی شێعریدا بەڕاستگۆییەکی زۆرخستوویەتیە سەر کاغەز،بەڵام ئەگەرلەهەر شیعرێکی شاعیر وردبینەوە،دەبینیتن کە مەبەستێکی شیعری زیاتر زاڵە بەسەر مەبەستەکانی دیکە لە شیعرەکەدا.

شاعیر بۆ گەلێك مەبەست شیعری نووسیوە،گرینگترینیان بریتین لە:

[1] عبدالرحمان معروف ، هێمن موکریانی لەنێوان هەڵوێستی شاخ و شاردا ، گ.(کاروان)،ژ .(١٦٥ ) ، ل ٢٣٠

**(١)لایەنی ناسیۆنالیزمی:-**

هەستی ناسیۆنالیزمی ئەو هەستەیە كە لە دەروونی تاكی وشیاردا چەكەرەدەكات و دوای چەكەرەكردنی بەخێرایی نەشونما دەكات و دڵ و دەروونی بەتەواوەتی دەتەنێتەوە , بەشێوەیەكی گشتی(بیروباوەڕێكە پوختەكەی بریتییە لەوەی كە تاك ژیانی خۆی بۆ نەتەوەكەی وبنەماكانی نەتەوە تەرخان بكات)[٢] ونیشتیمانەكەی لەناخی دڵیەوە خۆش بوێت،( هەستی ناسیۆنالیزمی لەهەرولاتێكدا لە بنەڕەتدا بەو ئامانجە سەرهەڵدەدات وگەشەدەكات تا نرخ وبەرژەوەندی نەتەوەیەك لەبەرانبەر نرخ وبەرژەوەندی نەتەوەیەكی دیكە هاوتا یان بەرزتر ڕابگرێت) [٣] ئەوهەستە لەئەدەبدا بە گشتی ولەشیعردا بەتایبەتی،مەبەست وپەیامێكی ئینسانی ومرۆڤانەیە كە شاعیر بەرانبەر بەنەتەوە و خاكەكەی هەیەتی وبەدەقی شێعری گوزارشتی لێ دەكات ، واتا (دەربڕینی سۆزوخۆشەویستییە بۆ نیشتمان ، بۆ زێدوخاكی ولات،بۆ نەتەوە،هەروەها دەربڕینی ئێش وئازارەكانی نەتەوەیە لەلایەن شاعیرەوە بە زمانی شێعری)[٤]

ئەگەر بە چاوی دڵ لەشیعرەكانی هێمن ڕامێنین وهەڵوەستەیان لەسەر بكەین،دەبینین كەئەومەبەستەی شیعر،واتا(هەستی ناسیۆنالیزمی)،لەزۆربەی شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوەو ئەو هەستە ئیلهامی زۆربەی شیعرەكانی بووەو هێمن(یەكێكە لەوشاعیرانەی كە پیرۆزی نیشتمانەكەی وراددەی خۆشەویستی بۆی،وای كردووە كە بەشێوەیەكی جوان وسەرنج ڕاكێش وەسفی خاك وڕۆڵەكانی میللەتەكەی بكات)[٥] ,

چەكەرەكردنی بیری نەتەوایەتی ونیشتیمانی لای(هێمن) بۆ مامۆستا (فەوزی) دەگەڕێتەوە كەئەوكاتە لەیەكێك لەخانەقاكانی موكریان مەلا بووە،وەك شاعیر بۆخۆی دەڵێت:((ئەوتێی گەیاندم من كورد،من ڕۆڵەی كوردم وكوردیش نەتەوەیەكی بێبەش وچارەڕەش وزۆرلێكراوەو دەبێ ڕۆڵەكانی لەپێناو ڕزكاركردنی دا فیداكاریی بكەن ولەخۆبووردوویەتی نیشان بدەن، ئەوفێری كردم ولاتەكەم خۆشبوێت وپێی هەڵبڵێم....، ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕش گێڕەكانی فارسی بۆ پەیداكردم وهانی دام بیانخوێنمەوەو شتیان لێ فێربم،بەلام سوێندی دام قەت بەفارسی شیعر نەڵێم وهەتا بۆم دەكرێت بەكوردی بنوسم))[٦] ,(هەرچەندە هێمن شێخ زادەیەكی تێر و پڕ و پۆشتە و پەرداخ و پاك و خاوێن بوو , بەلام بەچی دەخوات ! كە میللەتەكەی سەرپاكی دووچاری ڕەنج و دەرد و حەسرەت بێت ......)[٧], هەر بۆیە شاعیر بە لەبەرچاوگرتنی ئامۆژگاریەكانی مامۆستاكەی كە مامۆستا (فەوزی)یە ئەو هەموو خۆشگوزەرانییەی وەلانا و بڕیاریدا كە خەمخۆری خاك و میللەتەكەی بێت.

نەش ونماكردنی بیری ناسیۆنالیزمی (هێمن)یش بۆ كۆمەڵەی (ژ.ك) دەگەڕێتەوە كە شاعیر یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی ئەو كۆمەڵەیە

(لە ١٦ی ئابی (١٩٤٢)ز،پۆلێك لەخەڵكی مەهاباد لەبن دارەكانی(حاجی داود)، لەقەراغ چۆمی(سابلاغ)لەسەر ڕێگای ورمێ بەنهێنی كۆبوونەوەیەكیان سازداو بڕیاری دامەزراندنی كۆمەڵەی (ژ.ك) یان دا،ئەم كۆمەڵەیەش كۆمەڵەیەكی نیشتیمانی ونەتەوەیی ودیموكراتی بوو،ئامانجی بریتی بوو لەئازادكردنی نەتەوەی كوردو یەكخستنەوەی كوردستان وپێكهێنانی

---

[2] – جعفر علی ، ناسیۆنالیزمی كوردی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ز،ل ٤٥

[3] – ڕفیق سابیر ، ناسیۆنالیزم و دیموكراتیەت ، چاپخانەی ( لەریا ) ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ز، ل ٢٣ .

[4] - شەرمین إبراهیم عزیز، پەشێو و تازەكردنەوە لەشیعری كوردی دا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر ، ٢٠٠٦ز، ل٩٨.

[5] – ئەڤین ئاسۆس ، ئاوێتە بوونی شیعری نیشتیمانی و دڵداری لای هێمن مهابادی ، گ .( سابات ) ، ژ ( ٤ و ٥ ) ، ل ٥٢ .

[6] - هێمن ، تاریك و روون ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی (سەیدیان) ، ١٩٧٤ ز، ل ١٠ .

[7] - د. عوسمان دەشتی , دەربارەی ناوەرۆكی سیاسی و كۆمەڵایەتی شیعرەكانی هێمن , چاپی دووەم , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر , ٢٠٠٩ , ل٦٢

دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کـورد)[٨] ئـەنجامی کۆمەڵـەی(ژ.ك)یـش کۆمـاری کوردسـتان بـوو لەمـەهاباد کەلەسـاڵی (١٩٤٦)بەسەرۆکایەتی پێشەوا( قازی محمد)دامەزرا.

شـیعرەکان (کـوردم ئەمن،قـەلای نیـشتیمان،تۆم هەرلەبیرە،مەتـەرێزی شـەرەف،کاروانی خـەبات،رقی پیرۆز،ناڵـەی جودایی)وچەندان شیعری دیکەی شاعیر نمونەی ئەو جۆرە شیعرانەن.ئەگەر بمانـەوێت بەتـەواوەتی لـە بـیری ناسـیۆنالیزمی شاعیروئەو شیعرانەی کەبۆ ئەولایەنەی نووسیون،بدوێین،ئەوە بەتوێژینەوەیەك تەواو نابێت،چونکە هێمنی شاعیر ئـەو لایەنـە کردوویەتی بە شاعیرو بەر لەوەی کچێکی جوانکیلەی بێ فرفوفێڵی بەرەڵبێنەپۆش کاری تێبکات ، کوردستان کاری تێکـردووە ، پێش ئەوەی شیعر بۆ دڵداری و هەوا و نەفسی خۆی بنووسێت ، بە کوردەواری و خاکی پیرۆزی کوردسـتانی هـەڵگوتووە و شـاکاری دەربـارەی خوڵقانـدوون ، هـەروەها بۆخۆشـی هـەڵقولاوی ناوجەرگـەی گـەلێکی خێرلەخۆنـەدیوو وسـتەم دیدەیـە وبەشاعیری(گەل)ناسراوە ، ئێمە لێرەدا تـەنیا بـۆ سـەلماندنی قسەکانمان نموونەیـەك لەشـیعرەکانی وەردەگرین کەئـەویش شیعرە نەتەوەیی ونیشتیمانی یە پڕ لە گڕوتینەکەیەتی بـەناوی(رقـی پـیرۆز)،شـاعیر وەك کـوردێکی بـەهێزی پـڕ لـە گـڕوتین وخاوەن ئیرادەیەکی بەهێز،بەمەبەسـتی ڕوانـدنی هەسـتی نەتەوایـەتی لـەناوخاکی وشـك وچـۆڵەوانی دڵـی کـوردی نائومێـدی ئەوسـەردەمەدا ئـەو شـیعرە حەماسـییە دەنووسـێت ودەیـەوێت ئـەوە بـەدوژمن بڵێـت کـەکورد هـەر ئەشـکەنجەوئازارێکی بدرێت،ئیرادەیەکی لەڕادەبەدەری هەیە کەلەبەرانبەر دوژمن ڕای دەگرێت وشاعیر وەك نوێنەری خەڵکی خاوەن ئیرادەی کورد دێتە مەیدان وبەگژ دوژمن دا دەچێتەوە لە پێناو ئازادی کوردسـتان وبەدەسـت هێنـانی مـافی نەتـەوەی کورد،لەشـیعرەکەدا چەندان جار جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کە کوردەو کوردیش میللەتێکە هەرگیز ناتوێتەوە:

دەمـگرێ،ئەمما لەگرتووخانە ڕق ئەستوور ترم
لێمـدەدا،ئەمما لەسەرداوا ڕەواکەم سوورتـــرم
دەمـکوژێ،ئەممـا بەگژ جەللادەکەمدا دێـمەوە
کوردم وناتوێمـەوە، نـاتوێمـەوە، نـاتوێمـەوە

تاریك وڕوون،ل٢٣

**(٢)–ئافرەت:–**

ئافرەت لەئەدەبدا بەگشتی ولەشیعردا بەتایبەتی زۆرباسـی کراوە،جایـان باسـی جوانیەکـەی کراوە،یـان باسـی ئازایـەتی وکێشەکانی،(هـیچ شـاعیرێکی کـورد نـابینی کەبەشـێکی گـەورە،یان زۆربـەی بەرهەمـەکانی خـۆی بـۆ ئەومەبەسـتە تـەرخان نەکردبێ..!؟)[٩]

(هـێمن)یـش کـە لەشـیعرەکانیدا باسـی ئـافرەتی کردووە،تـەنیا باسـی جوانییەکـەی نەکردووە،بـەڵکو ئامـاژەی بـۆ ئازایەتییەکەشی کردووەو پەردەی لەسەر کێشەکانی هەڵداوەتەوەو چارەسـەری بـۆ دەستنیـشان کردوون،بەمـەش دەتـوانین بڵێین (هێمن)لەچەند لایەنێکەوە لە ئافرەتی ڕوانیوەو شیعری بۆ چەند لایەنێکی نووسیوە:

[8] - لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە ، مێژووی نوێ و هاوچەرخ ، پۆلی شەشەمی وێژەیی ، چاپی سێ یەم ، چاپخانەی ( مستقبل ) ، لوبنان ، ٢٠٠٧ ز، ل ١٦٩ .

[9] - محمود زامدار ، ئافرەت لە هۆنراوەدا ، گ ( هەرێمی کوردستان ) ، ژ ( ٥٩٠ ) ، ل ٢٧ .

**أ)وەسف کردنی جوانی ئافرەت:–**

ئافرەت لەخەیاڵ وئەندێشەی(هێمن)دا وێنەیەکی یەکجار جوان وبەرزی هەیە،بۆیە زۆرجار ئافرەتی لەشیعرەکانییدا بە(ڤینۆس)وئەوشتانەی کەنموونەی بەرزی وجوانین چواندووە،سیفەتی پاکیی فرمێسك وئارەقی گەردنی ئافرەتی لە(خوناو وئاونگی سەر پەلکی گوڵی سوور)وەرگرتووە،شاعیر بەشیعر(تابلۆی ڕوخساری جوان ولەبارو ناسك وبێ گەردو سیحراویی و بێ فڕوفێڵی ئافرەتی کوردی بۆکێشاوین)[10] وچەندان وەسفی جوانی دیکەی بەبالای ئافرەتدا بڕیوە،ئەو شیعرانەی کە شاعیر تێیدا وەسفی ئافرەتی کردوون بریتین لە(کیژی لادێ،یادگاری شیرین،ماچی شیرین،شەنگە بێری،ئامێزی ژن،بناری هەڵگورد،پەیامی ڕانەگەیانراو،ڕێژنە)وچەندان شیعری دیکە،بەلام لێرەدا شیعری شەنگە بێری وەردەگرین کە دەڵێت:

شەنگەبێری! ساڵی سالان لەکوێستانێ لەبەرمەڕی
بۆ مەڕدۆشین هەڵتدەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی
لەبەر هاڕەی گۆبەرۆك و گوارە و کرمەك و ژێرچەنە
نیوەڕۆیە لەبەر بێریێ کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕی
*****
کە ئێواران کەزیت دەکردن سێبەنگی و چاوت دەڕشت
بەو کەزی و چاوە نەرمانە بێ ڕەحمانە پیاوت دەکوشت
شەنگەبیزا بە سروە با سوژدەی دەبردە بەر بەژنت
ئاخرتۆش هەوای کوێستانی ئەو کوردستانەت هەڵدەمشت
*****
چێشتەنگاوان لە دەراوان کە خۆت لێ دەکرد پێ خاوس
بە لەنجەولاری کیژانەت شەرمەزار دەبۆوە تاوس
ئاهەنگی ژین و شادی بوو بەیانی کە تێکەڵ دەبوو
شمشاڵی من ، خرمەی بازن ، گرم و هۆڕی مەشکەی گاوس

هێمن لە وەسفێکی جوان و بێ کەم و زیادی ئافرەتی نازەنینی کورد (شەنگەبێری) بە شیعر بەشێك لە شریتی عومری ڕابردووی خۆی لێدەداتەوە و کۆمەڵێك یادگاریی خۆش بەبیر خۆی دەهێنێتەوە کەئەویادگارییانەش بریتین لە ژیانی سەردەمی شوانی و ژیانی کوێستانەخۆشەکانی کوردستان لەگەڵ شەنگە بێری باسك سپی مەڕمەڕی،شاعیر بەسەرهاتە خۆشەکانی ئەو ڕۆژانەی موو بە موو لە بیرە کە چۆن شەنگە بێری لە کوێستانێ لە نێو مەڕی بۆ مەڕدۆشین ئەو باسکە سپی یەی هەڵدەکرد کەدەتگوت لەمەڕمەڕ داتاشراوەو بەدەنگی کرمەك وگوارەو گۆبەرۆك لەبەربێریێ کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕێ ، بەخۆڕا زاندنەوەی ئێواران وبەکەزی ونیونیگا شوانی هەراسان دەکرد و کاتێکیش چێشتەنگاوان لەدەراوان خۆی لێ پێخواس دەکرد ، ئەوەندە جوان بەڕێدا دەڕۆیشت تاوسی شەرمەزار دەکردەوە.

---

10 - کوردستان موکریانی ، ئافرەت لەهۆنراوەکانی مامۆستا هێمن دا ، هێمن نامە ، ئا . عوسمان دەشتی ، چاپخانەی ڕۆژ هەلات ، هەولێر ، ل٨٩ .

**ب)ئافرەت وەك سنبولی ئازایەتی و نەبەردیی:-**

شاعیر لە زۆر شیعردا باسی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی ئافرەتانی کوردی کردووە کەچۆن بەهەموو هێزو توانایانەوە بەرگرییان لەمافی ڕەوای میللەتی کورد کردووە،ئەوئازایەتی و بەرگرییەی ئافرەتی کورد لە گەلێك لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە،یەکێك لەوئافرەتە ئازاوشۆڕشگێڕانەی کورد ، (لەیلا قاسم)بووە کەگیانی خۆی لەپێناو کۆمەڵی کوردەواری بەخشی ولەپێناویدا لەسێدارەدراو پەتی سێدارەشی بە مەدالیای شانازی وئیفتیخار زانیوە،چونکە لەپێناو نیشتمان و کۆمەڵی کوردەواری دایە ، بۆیە شاعیر لە شیعری(بەهاری زەرد)[11] دا بەشین وگریانەوە دەڵێت:

بزەی هاتێ گوتی ڕووناکە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نیە میداڵی ئیفتیخارە
کەبوومە قارەمانی میللەتی خۆم
*****
کەتۆ تۆرای لەچاوان وەك خەوی من
لەبسکت ڕەشترە مانگە شەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر ڕۆیی ئەوی من

دیوانی هێمن،ل٣٣٣

**ج)ئافرەت وکێشە کۆمەلایەتیەکانی:-**

هێمن لە زۆربەی شیعرەکانیدا باسی کێشەکانی ئافرەتی کردووە و ئاماژەی بۆ چارەسەرەکەشی کردووە،کاتێك کەئاوارەی بەغدا دەبێت(شاعیری پەرپیوەی دوور ولات دەکەوێتە داوی بسکی کچە کوردێك و بۆی لەژیان و مرۆڤایەتی و سەربەستی ژن دەدوێت)[12].

هێمن پێی وایە کۆمەڵ و داب ونەریت کۆمەڵێك حەق ومافی شەرعی لە ئافرەت ستاندونەوە کە مافی سەرەتایی هەموو ئافرەتێکە و ئەو داب و نەریتانەش لەسەر کۆمەڵێك بنەمای داتەپیو و داڕزیوی کۆمەلایەتی دانراون ، هۆکاری ئەوەی کە هێمن باسی کێشەکانی ئافرەتی کردووە ،ئەوەیە کە بۆخۆی دەڵێت:((ژیانی بنەماڵەکەم بەتایبەتی خاڵەکانم ، زۆری تەئسیر کردە سەر ژیانی من.کاکە دەرکەوانیان لە دەرکێ بوو، نەیاندەهێشت کچیان بێتە دەرێ ، ژنیان بێتە دەرێ ، ئەوە منی هاندا کە قەرەبوو کردنەوە نیشان بدەم،ئەلئان بۆخۆم تێدەگەم کەئەوە زۆر هانی دام بۆ ئەوەی ، بەبێ شك لە کوردستانی ئێرانێ ئەوەڵ شاعیرم کە دیفاعم لە حەقی ژن کردووە....،چونکە ژنی ماڵەکەی خۆمانم دیوە تەئسیری لەسەرم کردووە ، دوای ئەو وەختە کە دەستم کرد بەو شیعرەی ، شتی ئەورووپاییم خوێندبۆوە،فەقێیەکی نەخوێندەوار نەبووم)[13].

---

[11] دیوانی هێمن موکریانی ، کۆکردنەوەی ( سەیران حیکمەت – سەردار شەمزاو ) ، عیراق – کوردستانی ئازاد ، ٢٠٠٥ز ، ل ٣٣٣

[12] - أحلام منصور ، إلهامی شیعری هێمن ، گ ( مهاباد ) ، ژ ( ٤٦ ) ، ل ٢٠ .

[13] - ڕفیق سابیر ، چاوپێکەوتنێکی بلاونەکراوە لەگەڵ هێمن دا ، گ .( کوردۆ لۆجی ) ، ژ ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ ، ل ٤٢٧ .

شاعیر لەزۆربەی شیعرەکانی دا باسی کێشەکانی ئافرەتی کوردی کردووە گرینگترین شیعرەکانیشی بریتین لە(یادگاری شیرین،بۆسەی ڕۆژگار،چارەنووسی شاعیر،دیلی دیل،فرمێسکی ڕنوو)کە ئێمە لێرەدا شیعری (دیلی دیل)بەنموونە بۆ باسەکەمان دەهێنینەوە کە شاعیر دەڵێت:

ئەســــیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن چە سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

واتای شیعرەکە ئەوەیە کە شاعیر ئەسیری بسکی ئاڵۆزو لێك ئالاوی کچە کوردێکی نەشمیل و جوانکیلەیەکە ئەویش بەدەست کۆمەڵێك داب ونەریتی کۆمەلایەتی داڕزیوو داتەپیوەوە گیری خواردووەو دیلە.

**٣)سروشت:**

سروشت ئەو شوێنەیە کەخوای گەورە دروستی کردووە و مرۆڤ دەستی لەدروستکردنی دا نییە ، بەردەوامیش ئەوسروشتە جێگای تێڕامان وپرسیاری مرۆڤ بووە و(وەك پرسیارێکی ئاڵۆز و قورس و سەرسوڕهێنەرخۆی خستۆتە بەردەمی مرۆڤەوە و مرۆڤیش هەر لەسەرەتای مێژووەوە هەوڵی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داوە)(١٤)

لەشیعر و ئەدەبیاتیش دا شاعیر وەکو کەسێکی هەست ناسکتر لە خەڵکی ئاسایی بەپیودانگی هەستی خۆی لەو سروشتە ڕاماوە و هەستی خۆی بەدەقی شیعریی بەرانبەر بە سروشت دەربڕیوەو(تێیدا بەدوای شتی وردو نهێنی دا دەگەڕێت ولە کلاوڕۆژنەی بیری خۆیەوە تێی دەڕوانێ و بەلایەوە گرنگ ئەوەیە کە بگاتە ڕاستیەك بۆ لێکدانەوەی ئەوکاتەی تێیدایەتی، هەڵوێستی شاعیر بەرانبەر دیمەنێك لەچەند تاقیکردنەوەو کاتی جیاجیا دا شێوە و ڕێبازی جیاجیا وەردەگرێت)(١٥)، واتا شاعیر هەمیشە لە هەوڵداندایە بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکانی سروشت ، تێڕوانینی دەربارەی وردەکاریەکانی هەیەو بە وردییەوە سەرنجیا لێ دەدات ، بۆ ئەوەی لەوکات و سەردەمە بگات کەتێیدا دەژیت ، سروشتیش بەپێی تێڕوانینی کەسیەتی شاعیر و سەردەم گۆڕانکاری بەسەردادێت لەدەقی شیعریی دا ، بەشێوەیەکی گشتی کارتێکردنەکانی سروشت لە دەروونی شاعیر بۆ نووسینی دەقێکی شیعری بەرز بریتی یە لەهەڵچوونەکانی ناوەوەی شاعیرو بە قووڵی هەستکردن بەجوانی سروشت ، وێنەکانی ناوەوە لەگەڵ وێنەکانی دەرەوە کارلێك دەکەن ودەقێکی شیعری بەرز بەرهەم دێت.

واتا نووسینی دەقێکی شیعری بەرز لەسەر بنەمای کاروکاردانەوە دروست دەبێت ، سروشت کار لە دەروونی شاعیر، شاعیریش کاردانەوەیەکی دەبێت لەبەرانبەریدا، ئەوکاردانەوەیەش لە دەقی شیعریی پڕ لە وشەی جواندا بەرجەستە دەکات.

لەشیعری(هێمن)یشدا سروشت وەك لایەنێك لە لایەنەکانی مەبەستی شیعر جێگاو شوێنی گرنگ وتایبەتی هەیە ، هۆکاری ئەوەش کە شاعیر توانیویەتی سەرکەوتووانە شیعر بۆ سروشتی جوانی کوردستان بنووسێت ئەوەیە کە(هێمن)کوڕی لادێیە ، هەروەکو شاعیر بۆخۆی دەربارەی ژیانی لەسروشتی کوردستاندا دەڵێت:((ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانیی شەوگەڕ لەگەڵ شەنگە بێریی تونودتۆڵ لەکوێستانەجوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە))(١٦)،هەروەها شاعیر دەربارەی کاتی

---

[14] - د. فاضل مجید محمود ، سروشت لة شیعری گۆراندا ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ز ، ل ١٦ .

[15] - هەمان سەرچاوە ، ل ١٦

[16] – هێمن ، نەورۆز ، گ . (سروە) ، ژ. (١٥) ، ل١٤.

نووسینی شیعر بۆ سروشت دەڵێت:((زۆرپاڵێنان لەمندارەمانگیّ دا بۆئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ،خەوی بۆ بکەن وشەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان وچوومە بەرمەڕ و لەو وەختانەدا بووە شیعرم بە تەبیعەت و خۆرسك و ژیانی خۆرسك وژیانی کوردەواری هەڵگوتووە))[17] بۆیە شیعری شاعیرێك دەربارەی سروشت تاموچێژوکاریگەری زیاترە کەلەسروشتدا ژیابێت و سەرسام وحەیران بەرانبەری ڕاوەستابێت و لەززەتی لێوەرگرتبێت،لەشاعیرێك کەتەنیا بۆپڕکردنەوەی لایەنێك لەلایەنەکانی شیعرەکانی چەند شیعرێك بۆ سروشت بنووسێت. شاعیر لە شیعری (بەهاریکوردستاندا) وەك وێنەگرێکی بەئەزموون وێنەی دیمەنە جوانەکانی سروشتی کوردستان بەشیعر لەبەهاردا بەهەموو وردەکاریەکانیەوە دەگرێت و وێنەگرتنەکەشی بەگۆڕانە خێرایەکەی کەش و هەوای بەهار دەست پیّ دەکات کە چۆن شەماڵی بەهاران هەورەکان گواڵ گەواڵ دەکات وبەدەنگی خۆشی بلبل خونچە پێدەکەنیّ و ئەو پێکەنینەش دەبێتە هۆی پشکوتنی، بۆیە شاعیر دەڵێت:

شەماڵ هات بەگاڵە گاڵ

هەوربوون گەواڵ گەواڵ

پشکوت گوڵی گەش وئاڵ

بلبل کەوتە ناڵە ناڵ

تاریك و ڕوون،ل١٠٤

پاشان شاعیر باسی بەسەرچوونی وەرزی سەرماوسۆڵ دەکات ، وێنەی سەمای گیا بەهاریەکانی وەك(مەندۆك وخاو وکەما)مان بۆ دەکێشێت بەهۆی سروە بای بەهارەوە:

مەندۆك وخاو وکەما

لە نەرمان و ئەستەما

بەسروە هاتنە سەما

وەیشوومەوسەرمانەما

تاریك وڕوون،ل١٠٥

ئینجا بۆمان باسی ئاونگ و شەونمی سەرپەلکی گولان دەکات کەچۆن وەکومرواری دەدرەوشێنەوەو بلبلیش ئەودیمەنە سەرنج ڕاکێشە مەستی کردووە و بەکوڵ دەخوێنیّ:

وێستاوە زەنگوڵ زەنگوڵ

ئاونگ لەسەر پەلکی گوڵ

لەسەر چڵی سوورە گوڵ

بلبل دەخوێنیّ بە کوڵ

تاریك وڕوون،ل١٠٥

ئەوجار باسی وەنەوشەی جوان وبۆن خۆشمان بۆ دەکات کەهەرلەگەڵ لەلێوی جۆ و جۆباران هاتەدەر،مژدەی هاتنی بەهارمان دەداتیّ، داریش چرۆ دەردەکات و(گەنم وجۆ)ش بەهۆی شنەبای بەهارەوە شەپۆلان دەدات.

---

[17] - هەمان سەرچاوە ، ل١٧

وەنــەوشەی جوانی خۆشبۆ
هاتــە دەر لەلێوی جـــــۆ
داردەری کــــــردووە چـــرۆ
کەروێشکەی کردگەنم وجۆ

تاریك ورِوون،ل١٠٦

دواتر شاعیر بۆمان باسی بۆنی خۆشی هەلالە دەکات کەچۆن پیاو مەست وحەیران دەکات لـەنزاری کێـوان وگوڵاڵـەش بـەو ڕەنگە سوورە لەشەهید دەچوێنێ کە چۆن لە خوێنی خۆیدا شەڵاڵ بووە:

بــۆنی خۆشــی هەلالــە
پیاو مەست دەکا لەنــواڵە
وەك شـــەهیـــد گوڵاڵـــە
لە خوێنــا وا شـــەلاڵــە

تاریك ورِوون،ل١٠٧

هەروەها شاعیر لە شیعری(نەورۆزی ڕزگاریی)دا،مژدەی ژیانەوەی سروشت و هاتنی وەرزی بـەهارمان دەداتـێ و باسـی ئـەوە دەکات کە زەوی کفنی سپی دەدرێت وشەماڵی مانگی خاکە لێوە،خۆڵ بەسەر بەفری زستاندا دەکات و قەد و لاپـاڵ و شـیوو دۆڵەکانی کوردستان بەرگی سەوز دەپۆشن،خونچە بە بای بەیانی دەمـی دەکاتـەوە و پێدەکـەنێت، بلبلـیش بەشـەوق وزەوق وتاسەیەکی تازەوە لەسەر پەلکی گوڵان دەخـوینێت وکابـانـی گـەردن کـێـلـیـش بەرەڵبێنە لەخۆ دەبەســـتێ وبەنازو غەمزە دەڕوانێ وشینکەی نەرم پێشێل دەکات و بۆنی گوڵە بەهارییەکانیش تێکەڵ بوون:

بەبەرگی ســـەوزە ڕازاوە قــەدولاپــاڵ وشـــیو ودۆڵ
چرۆی دەرکردووە دارو ملی دا یـــــەکتری گیــاوگۆڵ
بەسەر بەفری کەوی داکرد شەماڵی خاکــە لێوە خۆڵ
ڕەفیقـان ڕۆژی کوردانـــە بەهارە جێژنی نــــەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێـــژنە پــــیرۆزە

***********

بەسۆزی بای بەیان لیوی کراوە خونچەیی خەنــدان
لەسەر چڵ بلبلی شەیدا لەخۆشی گوڵ دەڵێ بەندان
بەجــــێ ما ئـــارەزووی لاوان وکــۆڕی گۆوەنـــدان
ڕەفیقـــان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نــــەورۆزە
بەدڵ لێتـــان دەکەم لەو ڕۆژەدا مـــن جێژنە پیرۆزە

**********

لــەخۆی داوە بــەرەڵبێنە کچی کابــانی گەردن کیـــڵ
بەنازوغەمزە دەڕوانێ،دەکا شینـکەی نــەرم پــێ شـێل

لـــەگـــەڵ بۆی وەنەوشە تێکەڵاون بۆنی عەتـرو هێل
ڕەفـیــقــان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنـــی نـــەورۆزە
بـــەدڵ لێتـــــان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنـــە پیرۆزە
تاریك وروون،ل٨٦

شاعیر لەشیعرێکی دیکەدا بەناوی (وەنەوشە)[١٨] باسی جوانی سروشت دەکات،بەتایبەتی لایەنێکی چەپ و دوورە دەست و لاپەڕوفەرامۆش کراوی سروشت کەگوڵی وەنەوشەیە،نرخ وبەهایـەکی زۆری پێداوە و زۆر وەسـفی کردووە،چـونکە گـوڵێکی بەهاریی یە و پەیدابوونی لەدەشت ودەردا نیشانەی هـاتنی بەهارە،شـاعیر بەخـەمڕەوێنی دڵـی خـۆی وەسـفی دەکـات وپێـی دەڵێت کەلەخۆشی دیدەنی تۆ لەبەهاراندا ڕوو لەدەشت و دەر دەکەم و پێم خۆش نییە لەوێ بێمەوە،دواتر بەگوڵێکی شەرمن وەسفی دەکات،شاعیر ئەوە ندە حەز بەدیتنی وەنەوشە دەکات کەوا هەست دەکـات نۆبـووکی بەهەشـتە و لەبـەرخاتری ئـەو هاتۆتەسەر زەوی ، دواتر پێی دەڵێت کە زەمانە ئەتۆ ناهێڵێتەوە،بەڵام لەبەرئەوەی بۆنت خۆشە و عەترت لێدەگیرێت ، بۆیـە لەبیرناچیەوە و فەرامۆش ناکرێی:

ئـــەی وەنـــەوشە ئەی گوڵی من
ئـــەی خـــەمڕەوێنی دڵـــــی من
لـــەشایی تۆ فەســـــــڵی بـــــەهار
ســـەرجۆگـــەیە مـــــەنزڵـــی من
گوڵێـــــکی چەنـد شـــەرموێنی !
لەنـــــێو گـــــژو یــــــادا ونـــی
ئەوەی مـــن دەمـــــەوێ ئـــــەوی
جێـــگەت بـــــەرزەو سەرت نـــەوی
ئـــەتـــــۆ نۆ بووکی بەهەشـــــتی
بـۆ مـــــن هاتـــــوویە ســـەرزەوی
ئـەی وەنەوشە، گوڵی بۆن خۆش
زەمــــــانــــە نـــاهێـــــڵێ ئــــەتۆش
بـــــەلام عەتــــرت لێ دەگــــیرێ
بۆیـــــە نـــــاکرێی فـــــــەرامۆش
گ.گزنگ،ژ٨٥

18 – هێمن ، وەنەوشە ، گ.( گزنگ) ، ژمارە (٨٥) ،ل١٢٩

## بەشی دووەم

یەکەم: وێنەی هونەری لە شیعری (ئێوارەی پاین)[19]دا:

وێنەی هونەری لایەنێکی گرنگە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی شیعری، چونکە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر لە شیعردا پیشاندەدات و دەست ڕەنگینی شاعیر لە وێنەکێشانی بیر و ئەندێشەیەوە لە شیعر دا دەردەخات و (پەیامی شاعیر کە لە ئەزموون و تێگەیشتنی و جیهانبینی زەینی شاعیرەوە سەرچاوەدەگرێت ، لەڕێگەی وێنە و دەستەواژەی هونەرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر)[20] و (ئەگەر شاعیر کەم سوود لە وێنەی شاعیرەکانی دیکە وەربگرێت و وێنەی داهێنەرانەی تایبەت بە خۆی هەبێت ، ئەوا بەتەواوی دەتوانین لە دەروونی شاعیر بگەین و بە دنیابینییەکەی ئاشنابین)[21] و هەر ئەو هۆکارەشە کە محمد جوادی عیرفانی پێی وایە کە ( وێنەی هونەری داهێنەرانە نەك شێوازی شاعیر دیاری دەکات و دەبێتە مۆرکێکی تایبەت بۆی ، بەڵکو لە شاعیرانی دیکەشی هەڵداوێرێت و پلە و پایەی بەرزتری پێدەدات)[22]، هەروەها (نیشاندانی ئەزموونە هەستییەکانە بەهۆی زمانەوە) [23] و بەهۆی کەرەستە زمانییەکانی وەك (وشە و دەستەواژەکان و ....) دەردەبڕدرێن و دەکێشرێن ، واتا (ئەگەر وێنە کێشێك بە فڵچە و بۆیە و کەرەستەکانی دیکەی وێنەکێشان وێنە بکێشێت ، ئەوا کەرەستەی خاو لەبەردەستی شاعیر بۆ خوڵقاندنی وێنەی هونەری پیت و وشەن)[24]، هەروەها (وێنەی سەرنج ڕاکێش و سەرکەوتوو لەوەدا دەردەکەوێت کە توانای وروژاندنی هەست و سۆزی خوێنەی هەبێت) [25].

سەرەڕی ئەوەی تەکنەلۆژیا ئەو هەموو پێشکەوتنەی بە خۆوەبینیوە و ئەو هەموو کامێرا جۆراوجۆرانە بە جۆرەها دیقە و کوالێتی بەرز پەیدابوونە و چۆن بمانهەوێت ئاوا وێنەمان بۆدەگرێت وەك خۆی ، بەڵام وێنەی هونەری لە شیعردا خوێنەری خۆی لەدەست نەداوە و خوێندنەوەی چێژ و لەززەتی خۆی هەر هەیە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شاعیری باش وێنەی شتەکان جوانتر دەکێشێت لەوەی کە هەیە ، نەك وەك خۆی ،هەر ئەمەشە (توانای ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلای خوێنەر پەروەردە دەکات بەوەی کە لە وێنەکان ورد دەبێتەوە و لە نموونەی جوان و سەرکەوتوویان نزیك دەبێتەوە و هەست بە نموونەو ناتەواو و شێواویش دەکات ) [26].

شتێکی دیکە کە پێویستە باسکرێ ئەوەیە کە ( لێچواندن و خواستن و خوازە و درکە سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ دروستبوونی وێنەی هونەری)[27]، بێگومان ئەو بۆچوونە بۆ شیعری کلاسیکی زۆر گونجاوە ، بەڵام ئەم قالبانەی دروستکردنی وێنەی هونەری سەداسەد بۆ شیعری نوێ ناگونجێن ، چونکە شاعیری شیعری نوێ کەمتر ئەو قالبانە

---

19 – هێمن , ناڵەی جودایی , چاپخانەی (چوارچرا), کوردستان , ٢٠٠٦ ز.

20 – محمد تفی سبك دل ، أرایە های ادبی و صور خیال در شعر رودکی ، کتاب ماه ادبیات ، شهریور ١٣٨٧ ، شمارە ١٣١ ، ص٦١

21 – جمال الدین مرتضوی – سجاد نجفی بهزادی ، فصلنامە زبان و ادبیات فارسی ، سال ١٩ ، شمارە ٧٠ ، ص١٦٨

22 – محمد جواد عرفانی بیضائی ، بررسی صور خیال در غزلیات فرحی یزدی بە عنوان ویژگی سبك خاص او ، کاوش نامە زبان و ادبیات فارسی ، پاییز و زمستان ١٣٨٣ ، شمارە ٩ ، ص٥٦

23 – مهدی مسبوق – مرتضی فائیمی – پروین فرحی زاد ، بررسی و پویایی و حیات صورە خیال در شعر متنبی – با تکیە بر تصاویر شنیداری ، مجلە لسان مبین ، تابستان ١٣٩٠ ، شمارە ٤، ص ٢١٧

24 –- کاکەی فەلاح ، وینەی شیعری چی یە ؟ ، گۆڤاری (کاروان) ، ژ.(٤٩) ، ل٢٣.

25 – جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستا تیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠) ، دەزگای چاپ و پەخشی (سەردەم) ، سلێمانی، ٢٠٠٨ ز ، ل٩٥

26 – کەریم شارەزا ، وێنەی شێعری لە باری چەسپاو و جوڵاودا ، گ. ( ڕامان) ، ژ. (٩) ، ل٧

27 - ارژنگ مدی، بررسی صورە خیال در هفت پیکر نظامی ، مجلە فرهنگ ، پاییز ١٣٧١ ، ص٣٣٢

بەکاردەهێنێت ، بەڵکو وێنەکانی زیاتر بەهۆی وەسفەوە دەکێشێت و زۆر تر وەسف بەکاردەهێنێت لە شیعرەکانیدا، ئەمەش دەبێتە جیاوازییەکی بەرچاوی نێوان شیعری کلاسیك و شیعری نوێ لە ڕوانگەی وێنەی هونەرییەوە ، چونکە شاعیری کلاسیك زیاتر بەهۆی پاشخان و ڕۆشنبیرییە دینیەکەیەوە ، بەهۆی ئەو لایەنە ڕەوانبێژیانەی وەك (لێچواندن و خواستن و خوازە و درکە) وە ، زۆربەی وێنە هونەرییەکانی خۆیان لە قورئان و ئەو دەقەئاینیانەی کە بونیادی ئەدەبی و هونەرییان بەهێزبوو وەردەگرت ، بەڵام داهێنان و جوانکاری تایبەتی خۆیان پێدەبەخشی و بۆی دەبوون بە لایەنێکی شێوازی شیعری ، بەڵام شاعیری نوێ زۆربەی وێنە هونەرییەکانی بەهۆی وەسفەوە دەکێشێت و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە (لە شیعری هاوچەرخدا وێنەی هونەری وەکو هەوێنێك و بابەتێکی زیندوو و چالاك بەکاربهێنرێت) [٢٨] وسیفەتێکی زیندوویی بە وێنەکانی ناو دەقە شیعرییەکان ببەخشن ، نموونەی زیندووش لەبەردەستماندا شیعری (ئێوارەی پایز)ی (هێمن) ە، کە زیاتر تەوەری لێکۆڵینەوەکەمانە .

شاعیر لەم شیعرەیدا ئەلبوومێکی پڕ لە وێنەی جوان ئاشکرامان دەخاتە بەردەست، کە پڕاو پڕە لە ڕاستگۆیی ، بەوەی دەمانخاتە ئەو بارودۆخەی کە شاعیر لەکاتی نووسینیدا هیبووە لە غەریبی و دوورە وڵاتیدا و وەرزی نووسینی شیعرەکەش کە پایزە و کاتی هۆنینەوەشی کە ئێوارەیە و سەرەتای سەرکەوتنی تاریکی شەوە بەسەر ڕووناکی ڕۆژدا ، شیعرەکەی یەکپارچە کردۆتە خەم و خەفەت و پەژارە و وێنە و دیمەنی ترسناك کە مرۆڤ، شیعرەکە دەخوێنێتەوە لەبەر ڕوونی و کاریگەری زۆر و بەهێزی وێنەکان وادەزانێت تەماشای فلیمێکی
خەمبار و ترسناك دەکات .

## دووەم: قالبەکانی وێنەی هونەری لە شیعری (ئێوارەی پایز) دا

### أ )وێنەی هونەری بەهۆی لێچواندنەوە :

شاعیر لە شیعری (ئێوارەی پایز) دا کۆمەڵێ وێنەی ڕازاوەی بەهۆی لێچواندنەوە دروستکردووە ، لێچواندنیش لە کورتترین پێناسەیدا (بریتییە لە وەکویەك لێکردنی دوو شت یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەش یان زیاتر ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سیفەتە لەو شتەی کە بابەتی باسەکەیە )[٢٩]، وێنەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

دوور قاقایەکم گوێلێبوو دەتگوت گوڵلەم پێوەدەنێ

چۆن بە ئێوارەی پایزیش ئیوا هەیـــە پێبەکنێ ! ؟

ناڵەی جودایی ل٢٧

قاقا ⟵ لێچوو گوللە ⟵ لەوچوو

دەتگوت ⟵ ئەوزار ئێش و ئازار ⟵ ڕووی لێچوون

شاعیر وێنەیەکی خۆی لە بارێکی غەمگیندا دەکێشێت، کە خەمبارە و کەسێکیش قاقا پێدەکەنێت و ئەو پێکەنینە وەکو گوللە وایە بەلای شاعیرەوە ، چونکە کاتی پێکەنین نییە و شاعیر زۆر پێی سەیرە کە لەو کەش و هەوا خەمناکە و بارە ناخۆشە دا و بە ئێوارەی پایز ئیوا هەیە پێبکەنێ.

هەر دڵۆپی خوێنی لاوێ بۆ وان یاقوتێکی سـوورە

ناڵەی جودایی ل٣١

دڵۆپی خوێن لاو ⟵ لێچوو یاقوتی سوور ⟵ لەوچوو

جوانی و درەوشاوەیی و بەنرخی ⟵ ڕووی لێچواندن

---

28 - پەروین عەبدوڵلا ، وێنەی شیعری لە( زمانی عەشق) ی ڕێبوارسیوەیلیدا ، گۆڤاری ( ئاینده ، ژمارە (٢٩) ، ل٥٤

29 - عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی (ئاراس) ، بەغداد ، ٢٠٠٥ ز ، ل٢١

واتا: هەر دڵۆپە خوێنی لاوێك بەلای وانەوە وەك یاقوت جوان و بەنرخە.

هەر تکەی خوێنی کیژێك		بۆ وان مرواری بەرمورە

نالەی جودایی ل٣١

تکەی فرمێسکی کیژ ← لێچوو ، مرواری بەرموور← لەوچوو

جوانی و درەوشاوەیی و بەنرخی ← ڕووی لێچواندن

واتا: هەر دڵۆپە فرمێسکی کیژێك بۆ ئەوان وەك دنکە مرواری گەردانە و ملوانکە وایە .

تەماشای هەر شتێك دەکەم		ڕەنگی پاییـــــزی گرتووە

جوانی خۆی لێشاردوومەوە		دزێوی ڕیزی گرتـــــــووە

نالەی جودایی ل٢٤

هەموو شتێك ← لێچوو		پایز ← لەوچوو

زەردایی و سیفەنەکانی پایز ← ڕووی لێچواندن

واتا: ئەوەی من تەماشای دەکەم وەك پایزی لێهاتووە.

**ب) وێنەی هونەری بەهۆی خواستنەوە:**

شاعیر کۆمەڵێك وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێشی بەهۆی خواستنەوە درووستکردووە ، خواستنیش بریتییە لەوەی کە(وشەیەك لە ڕستەدا بۆ مانایەکی تری جگە لە مانای دروست و فەرهەنگی خۆی بەکاربێنی ، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان مانادروست و مانا خوازراوەکە لێچواندن بێت و نیشانەیەك هەبێت کە مەبەست مانای خوازراوی وشەکەیە نەك مانای ڕاستەقینەکەی، یەکێکیش لە بنەڕەت سەرەکییەکانی لێچواندن دێت)[٣٠]، ئەو وێنانەی بەهۆی خواستنەوە درووستکراون ، ئەمانەی خوارەوەن:

جوانی خۆی لێشاردوومەوە		دزێوی ڕیزی گرتووە

نالەی جودایی ل٢٤

لێرەدا دوو وێنە هاتووە ، یەکەمیان ئەوەیە کە شاعیر دەڵێت : جوانی وەك مرۆڤ، خۆی لێ شاردوومەوە ، ئەمەش بێگومان خواستنە ، چونکە تەنها یەکێك لە بنەڕتەکانی لێچواندن هاتووە ، ئەویش جوانییە و سیفەتێکی مرۆڤیشی دراوەتە پاڵ کە (خۆشاردنەوە)یە.

مرۆڤ ← لێخواستراو(نەهاتووە) ، جوانی ← بۆخوازراو

خۆلێشاردنەوە ← وشەی خوازراو ، خۆلێشاردنەوە ← نیشانە

وێنەی دووەم: مەبەست ئەوەیە کە دزێوی وەك مرۆڤ، لە برەو دایە و لەبەرچاوانە لە بەختی بەدی شاعیر زۆرە و ڕیزی گرتووە ، بە لام مرۆڤ، نەهاتووە ، بۆیە خواستنەکە درووستبووە.

مرۆڤ ← لێخوازراو ، دزێوی ← بۆخواستراو

ڕیزگرتن ← وشەی خواستراو ، ڕیزگرتن ← نیشانە

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی		ڕەشی شەوگاری تەنیایی !

ئاخ، دەبێت دیســـــان بچێژم		ژەهراوی تاڵی جودایـــــی !

نالەی جودایی ل٢٥

[30] – هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٦

شاعیر وێنەیەکی خەیاڵی خۆی دەکێشێت کە بە ناچاری و بە ئاه و ناڵە دەچێتە ژێر باڵی ڕەشی شەوگاری تەنیایی ، واتا: شەوگاری تەنیایی بە باڵندەیەکی شووم چواندووە ، بەڵام شەوگاری تەنیایی نەهاتووە لە ڕستەکەدا ، بەوەش خواستنەکە دروستبووە .

باڵندە ← لێخواستراو ، شەوگاری تەنیایی ← بۆخواستراو

باڵی ڕەش ← وشەی خواستراو ، باڵی ڕەش ← نیشان

ئاخ، دیسان دەبێ ڕابوێـــرم — لە ژوورێکی سارد و سڕدا !

دەگەڵ ئازار دەستەملان بم — تا بەیان لە نوێنی شـــڕدا

ناڵەی جودایی ل٢٦

ئەو وێنەیەی کە شاعیر بەهۆی خواستنەوە دروستی کردووە لە نیوەدێڕی دووەمدایە ، کە داخ و حەسرەتی ئەوە دەخوات کە دەبێت هەتا بەیانی لەگەڵ ئازار دەست لە ملان بێت ، کە سیفەتی مرۆڤی داوە بە ئازار ، واتا: ئازار وەکو مرۆڤ، دەست لە ملانی شاعیر دەبێت، بەڵام مرۆڤ، نەهاتووە و خواستنەکە دروستبووە .

مرۆڤ، ← لێخواستراو ، ئازار ← بۆخواستراو

دەست لەملانبوون ← وشەی خواستراو ، دەست لەملانبوون ← نیشانە

دەڕۆم تا سەر پێکەوەنێم — دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم

دەڕۆم تا شەوێکی پایـــز — من شەونخونـــی بکێـــشم

ناڵەی جودایی ل٢٦

وێنەی کۆتایی کە شاعیر لەم شیعرەدا بەهۆی خواستنەوە دروستی کردووە لە نیوە دێڕی یەکەمدایە ، شاعیر دەڕوات تا لەگەڵ زام و دەرد و ئێشەکانی سەر پێکوەنێت ، شاعیر سیفەتی سەرپێکوەنانی داوەتە پاڵ زام و دەرد و ئێش ، واتا: زام و دەرد و ئێش وەك مرۆڤ، لەگەڵ شاعیر سەرپێکوەدەنێن.

مرۆڤ، ← لێخواستراو ، زام و دەرد و ئێش ← بۆخواستراو

سەرپێکوەنان ← وشەی خواستراو ، سەرپێکوەنان ← نیشانە

**ت) وێنەی هونەری بەهۆی درکەوە :**

شاعیر کۆمەڵێك وێنەی جوانی بەهۆی درکەوە دروستکردووە، درکەش لە سادەترین پێناسەیدا (بریتییە لەوەی کە ڕاستەوخۆ ناوی سیفەت یان مەوسوف نەدرێ ، بەڵکو بەهۆی شتی ترەوە بدرکێنرێت و لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەربکەوێت)[31]، هەروەها (بەربڵاوترین و سروشتی ترین وێنەی هونەری بەهۆی درکەوە دروستدەبێت)[32] ، وەکو ئەو نموونانەی خوارەوە :

کەمێك ڕاوەستا جا ڕابرد — ئەولاوەی جـــادەی دەپێوا

دیاربوو خێسێکی دابۆیە — ئەو شۆخە لەبن چارشێوا

ناڵەی جودایی ل٢٢

[31] – عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی ، ل٦٩

[32] - سیروس شمیسا – محبوبه کاشی ، بیان و جیلوەهای صورخیال در شعر سیمین بهبهانی، مجله دانشکده علوم انسانی دانشگاه سمنان ، سال ٨ ، شماره ٢٨ ، زمستان ١٣٨٨هـ . ش ، ص١١٦

وێنەی(ئەو لاوەی جادەی دەپێوا) بەهۆی درکـەوە دروسـتبووە و درکەیـە لـە زۆر هاتوچـۆکردنی لاوێـك بەسـەرجادەدا و بـە مەبەست.

ئاخ دیسان رووپەڕێك دڕا        لە ڕۆژئەژمێری تەمەنم !

ئاخ دیسان شەو داهاتەوە        من هەروا دووره وەتەنم !

ناڵەی جودایی ل٢٥

وێنەی (رووپەڕێك دڕا لە ڕۆژ ئەژمێری تەمەنم) درکەیە لەوەی کە شاعیر مەبەستییەتی بلێـت : ڕۆژێکـی دیکـەش هاتـە سـەر خەرمانی تەمەنم لە غوربەت و بەرەو پیری بردم .

ئاخ دیسان دەبێت ڕابــوێرم        لە ژوورێکی سارد و سڕدا

دەگەڵ ئازار دەسته ملان بم        تا بەیان لە نوێنی شـــڕدا

ناڵەی جودایی ل٢٥

دەستەملان بوونی شاعیر لەگەڵ ئازار وێنەیەکە بەهۆی درکەوە درووسـتکراوە و درکەیـە لـەوەی کـە شـاعیر لەگـەڵ ئـێش و ئازارەکانی دا بە ناچاری بسازێت و بەرگە بگرێت.

بە قەڵەمی بەزیوی کـــول        بە زمـــانی لەبندابــــڕاو

بە دەرکی داخراوی فێرگە        بە کتێب و دەفتەری دڕاو

ناڵەی جودایی ل٣١

شاعیر چوار وێنەی ترسناك و خەمناکی بەهۆی درکەوە دروستکردووە و (بازرگانی فرمێسك و خوێن) و (پێکەنین) ی لە هـەر چواریاندا کرتاندووە ، لەبەر ئەوەی پێشتر (بازرگانی فرمێسك و خوێن) ی جارێك و (پێکـەنین)ی دووجـار بـەکاری هێنـاوە و بۆ هەموو وێنەکانی دوای خۆیان دەگەڕێنەوە کە بە (بە) دەستپێدەکەن، ئەمەش هـەم شـاعیر بۆخـۆی و هـەم خوێنـەی بـە سەلیقەش ئەو دەزانن کە پاتکردنەوەی وشەیەك لە شیعردا بەبێ مەبەست ، هەم لە نرخـی شـیعرەکە کەمدەکاتـەوە و هـەم چێژیشی ناهێلێت وێنەکانیش ئەمانەن:

بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە قەڵەمی بەزیوی کول ، درکەیە لە پێکـەنینی خـەڵکی بـێ ویـژدان بـە نووسـەری بـێ هیوا و نائومێد.

بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە زمانی لەبندا بڕاو ، درکەیە لە پێکەنینی خەڵکی بێ ویـژدان بـەو خـەڵك و میللەتـەی کە بەهۆی زەبر و زەنگ و چەوساندنەوە کپ و بێدەنگ کراون.

بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە دەرکی داخراوی فێرگە ، درکەیە لە پێکەنینی خـەڵکی بـێ ویـژدان بـە ڕاوەسـتان و چەقبەستوویی پەروەردەی زانست و زانیاری.

بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە کتێب و دەفتـەری دڕاو ، درکەیەلـە پێکـەنینی خـەڵکی بـێ ویـژدان بـە لەناوچـوونی سەروەت و سامانی ڕۆشنبیری .

شاعیر هەندێك وێنەی دروستکردوون بە درکەی لاواز کە دەتوانین بڵێین تارمایی درکەن ، چونکە لە واتای واقیعی وێنەکان دوور نین ، بەڵام واتای واقیعیشیان نین ، بۆیە هەرچۆنێك بێت هەر درکەن ، وێنەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

بەڵێ هەن و یەکجار زۆرن        بازرگانی فرمێسك و خوێن

بەڵێ هەن و پێدەکەنن        بە سەربەهەش ، بە مل بەکوێن

ناڵەی جودایی ل٢٧

دوو وێنە هەن ، وێنەی یەکەمیان ئەمەیە: (بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە سەربەهەش )، درکەیە لە پێکەنینی خەڵکی بێ ویژدان بە تازیە باران.

وێنەی دووەمیان بریتییە لە (بازرگانی فرمێسك و خوێن پێدەکەنن بە مل بەکوێن ) کە درکەیە لە پێکەنینی خەڵکی بێ ویژدان بە نەخۆش و بڕست لێبڕاوان .

پ) وێنەی هونەری بەهۆی وەسفەوە:

ئەم جۆرە وێنەیە لە شیعری نوێی کوردیدا زۆر بەرمێنە و بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردێت ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شاعیر بەم هۆیەوە دەتوانێت زۆرترین وێنەی تازە و زیندوو دروست بکات .

شیعری (ئێوارەی پایز)یش وەك دەقێکی نوێ ئەغڵەبی وێنەکانی لەوجۆرەن، ئەو نموونانەی خوارەوە نموونەی ئەو جۆرە وێنەیەن:

لە ئاسۆیەکی دوورەدەست ئاوابوو زەردەی پاییـــزی

دەتگوت بوکێکی بێنـــازە پەردە جێ دێڵێ بە زیزی

ناڵەی جودایی ل٢٠

شاعیر دوو وێنەی پاییزی جوانی بەهۆی وەسفەوە دروستکردوون و هەردووك وێنەکەشی لە یەکتر چواندوون ، وێنەی یەکەم ئاوابوونی زەردەی خۆرە لە پایزدا و، لە وێنەی دووەمی چواندووە کە بوکێکی بێنازە و پەردەی بوکێنی بە زیزی و خەمباری بەجێدەهێڵێت.

پەڵە هەورێکی چڵکنـــــە گرتی سووچێکی ئاسمان

گەڵای زەردی دارێك وەری زریان بردی بەرەو نەمان

ناڵەی جودایی ل٢٠

لێرەدا دوو وێنەی دیکە هەنە ، لە وێنەی یەکەمدا شاعیر وێنەی ئاسمانمان بۆدەکێشێت کە چۆن پەڵە هەورێکی چڵکن بە گۆشێکی وەنووساوە ، وێنەی دووەمیش وەرینی گەڵای زەردی دارێکە و لاواز و زەلیلە بەدەست زریانەوە .

جووتێك کۆتری سەربەکڵاوە هەڵکوڕماون لە سوانەیەك

دیارە لەو دەوروبــــــــەرانە پێیان شك دێت هێلانەیەك

ناڵەی جودایی ل٢١

ئینجا وێنەی دوو کۆتری سەربەکڵاوەی جوانمان بۆ دەکێشێت کە بە سوانەیەکەوە هەڵکوڕماون بە هیوای ئەوەی کە هێلانەیەك هەبێت لەو دەوروبەرانە .

پاساری سەر دار و کۆڵان فڕە و جیـــــکەیان لێبڕا

قەل فڕی فڕی تا ونبوو هەر ڕووڕەشی خۆی پێبڕا

ناڵەی جودایی ل٢١

دوو وێنەی دیکە هەن لێرەدا ، وێنەیەکیان چۆلەکە پاسارییەکانی سەر دار و کۆڵانن کە سامی پایز و ئەو ئێوارەیان لێنیشتووە و لە فڕە و جیکە کەوتوون ، وێنەکەی دیکە فڕینی قەلەڕەشە کە دوور دەفڕێت و لەبەرچاوان ون دەبێت بە نرخی ڕووڕەشی خۆی .

ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژوور باربەرێکـــــی درێـــــژی ڕووت

دەرکی دووکـــــانی گاڵەدا مام حاجی و بەرەو ماڵ بزووت

ناڵەی جودایی ل٢٢

شاعیر دیمەنێکی جوانی ناوبازاڕ و دووکانی مام حاجییەکمان بۆ دەکێشێت کە چۆن دوای نەمانی بازار لە ئێوارەدا دەرکی دووکان دادەخات و بەرەو ماڵ بەڕێ دەکەوێت.

نازدارێکی چارشێو بەسـەر     بەتەنیشتمدا تێپـــــەڕی

بەغار هات و توند قیژاندی     ڕووتەڵەیەك بە بەدفەڕی

ناڵەی جودایی ل٢٢

ئینجا دیمەنی چارشێوبەسەرێکی نازدار و جوانمان بۆ دەکێشێت کە بە تەنیشت شاعیردا تێدەپەڕێ و گەنجێکی بەدفەڕ و سەرەڕۆ سەردەخاتە سەری.

کیژێك خۆی لەژوور کوتاوە     دەرگای حەوشەکەی پێوەدا

ئیتر شوێنەواری جوانـــــی     بەدی ناکەم لەو نێـــــوەدا

ناڵەی جودایی ل٢٣

شاعیر لە یەکێکی دیکە لە وێنەکانیدا وێنەی دیمەنی ونبوونی کچێکمان بۆ دەکێشێت لەبەرچاوانی دەرگەی حەوشەکەی پێوە دەدات و هەموو جوانییکان لەپێش چاوی شاعیر شوێن بزر دەکات.

تاتاریکان پەیدا دەبێت     چۆڵ و چۆڵتر دەبێت جادە

نە دێتەدەر کیژی لەبار     نە ڕادەبرێت لاوی ســـادە

ناڵەی جودایی ل٢٣

ئینجا وێنەی جادە و شەقامەکانی شارمان بۆ دەکێشێت کە بە داریکبوونی هەوا ، چۆڵ دەبن و کەس پێیاندا تێناپەڕێ.

هەوا بوولێڵە ، ئاو لێڵە     گوڵ سیس بووە ، گەڵا زەردە

تەنانەت ڕەنگی گـۆڕاوە     ئەو دیوار و دار و بـــــەردە

ناڵەی جودایی ل٢٣

لەم دێڕەی سەرەوەدا پێنج وێنە هەیە ، وێنەی یەکەم: هەوا بوولێڵە و تاریك و ڕوونی ئێوارەیە ، وێنەی دووەم : ئاو لیخن و شلوێ و لێڵە ، وێنەی سێیەم: گوڵ سیس و پەژموردە بووە ، وێنەی چوارەم : گەڵا زەرد هەڵگەڕاوە ، وێنەی پێنجەم: دار و بەرد و دیوار ڕەنگی گۆڕاوە.

چاوم لە ئاسمان بــڕی     دڵم هێندی دیکە گیرا

گەلێك بیرەوەری کۆنم     لەپڕ هاتنەوە بە بیرا

ناڵەی جودایی ل٢٤

شاعیر وێنەیەکی جوانی خۆی دەکێشێت لەو کاتەیدا کە لە ئاسمان ڕاماوە و دڵی هێندی دیکە گیراوە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دنیایەك بیرەوەری کۆنی بەبیر هاتۆتەوە .

لێرە بە دواوە کەرنەڤاڵی وێنە و دیمەنە ترسناك و تۆقێنەرەکانی شاعیر دەستپێدەکەن کە لە شیعرەکەدا کێشاونی ، بەڵام (بازرگانی فرمێسك و خوێن) و (پێکەنین) ی کرتاندووە)[٣٣]، ئەمانەی خوارەوەش وێنەکانن:

بەڵێ هەن و پێدەکەنـن     بە من ، بە تۆ ، بە هەژاران

بە داخی باوك کوژراوان     بە هەنیســـــکی هەتیوباران

ناڵەی جودایی ل٢٨

[33] - ئەو بابەتە لە لاپەڕەی ١١ – ١٢ ی ئەو توێژینەوەیەدا ڕوونکراوەتەوە.

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە من پێدەکەنن .
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە هەژاران پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بەهەژاران پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە داخی باوك کوژراوان پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە هەنیسکی هەتیوباران پێدەکەنن.

بە نەزانی ، بە نەخۆشـــــی بە تاریکان ، بە شـــەوەزەنگ
بە زنجیر ، بە تەناف ، بەدار بە گرتووخانەی تەڕ و تەنگ

نالەی جودایی ل٢٨

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە نەزانی پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە نەخۆشی پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە تاریکی و شەوەزەنگ پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە زنجیر ، بە تەناف ، بەدار پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە گرتووخانەی تەڕ و تەنگ پێدەکەنن.

بە بۆکرووز ، بە چڕە دووکـــــــەڵ بە هاڵاو، بە گڕ ، بە ئاگر
بە تەم ، بە مژ ، بە هوڕە ، بە دۆڵ بە تۆفانـــــــی وڵات داگر

نالەی جودایی ل٢٨

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە بۆکرووز پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە چڕە دووکـــــــەڵ پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە هاڵاو، بە گڕ ، بە ئاگر پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە تەم ، بە مژ ، بە هوڕە ، بە دۆڵ پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە تۆفانـــــــی وڵات داگر پێدەکەنن.

بە بوومەلەرزە ، ڕەشـــەبا بە سوتـــــــمان و زریان و زەڕ
بە هەرچی خراپ و شوومە بە گشت دەستکردی خوای شەڕ

نالەی جودایی ل٢٩

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە بوومەلەرزە پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە ڕەشـــەبا پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە سوتـــــــمان و زریان و زەڕ پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە هەرچی خراپ و شوومە پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە گشت دەستکردی خوای شەڕ پێدەکەنن.

به کەلاوە ، بە کوندەبوو بە دیواری هەرەس هێناو
بە داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ بە ئانیشکی پینـــــەکراو

ناڵەی جودایی ل٢٩

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە کەلاوە پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە کوندەبوو پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە دیواری هەرەس هێناو پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە ئانیشکی پینـــــەکراو پێدەکەنن.

بە نووکە نووکی بێوەژن بە هانەهانی مانـــــدووان
بە زیرە زیرِی منداڵان بە نووزەی نیوە زیندووان

ناڵەی جودایی ل٣٠

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە نووکە نووکی بێوەژن پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە هانەهانی مانـــــدووان پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە زیرە زیرِی منداڵان پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە نووزەی نیوە زیندووان پێدەکەنن.

بە نەڕە نەڕی جــەللادان بە قرمە قرمی شەست تیران
بە ویرە ویرِی قەمچییان بە ئەشکەنجەی ڕووناکــبیران

ناڵەی جودایی ل٣٠

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە نەڕە نەڕی جــەللادان پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە قرمە قرمی شەست تیران پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە ویرە ویرِی قەمچییان پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە ئەشکەنجەی ڕووناکــبیران پێدەکەنن.

بە چڵکــی یەخـــــەی کرێکـــــار بە کەفی سەرشانی جوتێر
بە پەچە ، ڕووبەند ، بە خەنجەر بە یەکنەبوونی مێ و نێـر

ناڵەی جودایی ل٣٠

- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە چڵکــی یەخــەی کرێکــار پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە کەفی سەرشانی جوتێر پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە پەچە و ڕووبەند پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە خەنجەر پێدەکەنن.
- بازرگانی فرمێسك و خوێن بە یەکنەبوونی مێ و نێـر پێدەکەنن.

## کورتەی توێژینەوەکە

وێنەی هونەری لە دەقی شیعری لایەنێکی گرنگە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی هەر دەقێکی شیعری کوردی, چونکە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر لەناو شیعر نیشان دەدات و بەهرەمەندی و ڕەنگینی شاعیر لە وێنەکێشانی بیر و ئەندێشەیەوە لە شیعر دەردەخات, هەروەها جیهانبینی و شارەزایی و تێگەیشتنی و ئەزموون و زۆر گەڕان و بەچاوی خۆی بینینی ئەو دیمەنانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعیر لە ڕێگەی وێنە و دەستەواژەی هونەری دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. بۆیە گرنگی ئەمە لەوەدایە کە شاعیر بەستنەوەی ئەم وینە هونەریانە لە بیری خۆی و لەگەڵ بەکارهێنانی زمانێکی گونجاو و ڕیزکردنی وشە و ڕستە بەلێك بەستنەوەیان مۆسیقایەکی پڕ جۆش و خرۆش بە خوێنەر دەبەخشێ و دەبێتە هەوێنی شیعری جوان و وێنەیەکی زیندوو کە هەست بە بەهرەمەندی شاعیر دەکەیت ئەگەرچی شاعیرانی کلاسیك لە هونەری ڕوانبێژی و قورئان فێری ئەم هونەرە بوون بە قاڵبی کلاسیك شیعرەکانیان دادەڕشت, بەڵام شاعیرانی نوێخوازی کوردی ئەم قاڵبانە نەدەگونجا بۆ شیعری نوێ, چونکە وێنەکانیان زیاتر بە هۆی وەسفەوە دەکێشا. بۆیە (هێمن)ی شاعیر لە شیعری (ئێوارەی پاین) دا شاعیر ئەلبومێکی زۆر جوان و ئاشکرامان دەخاتە بەردەست کە پڕە لە ڕاستگۆیی, هەروەها لە شیعرەکەدا دیارە کە شاعیر بەهۆی ئەوەی لە سەرەتاکانی ژیانی خۆیدا لە حوجرەی مەلاکاندا فێری کوردایەتی بووە و هەموو ژیانی خۆی لە کۆماری مەهاباد و تاکو شۆڕشەکانی باشوور و چیا و چۆڵ و دەشت و شارەکانی کوردستانی زۆر دیوەخان و ئەزموونێکی زۆر بووە غەریبی بە شیعرەکانیەوە دیارە. وێنەیەکی غەمبار و ترسناکمان نیشان دەدا وەکو ئەوەی کە سەیری فیلمێکی ترسناك بکەی.
وێنەی شیعرەکانیشی وەکو وێنەیەکی زیندو و گفتوگۆ کردن لەگەڵ سروشت دا نیشان دەدات.

## الملخــص

الصورة الفنية فى النص الشعرى جانب مهم للبديع والتبرج في أى نص شعرى كوردي, لأنه يظهر الخيال و خاطرات الشاعر, ويبرز مهارته فى تبريج الصور الذهنية الى جانب ترصين رؤياه في الدنا وتفهمه لتجارب الدهر يجعله ممتلأ بتجارب و مستوعبا العبارات وايصاله الى اذهان القراء لذا يمكن أهمية ذاك في ربط هذه الصور الفنية مع اتقانه لغة ملائمة وتصفيف المفردات والجمل, حيث يولد ترنيمة نغمية مفعمة بالانتعاش لدي القراء, وتصبح خميرة شعرية بهية وصورة يشعر القراء بمهارة الشاعر, وأن كان الشعراء القدامى قد أتقنوا هذه البدائع من البلاغة والقرأن الكريم وأصبح هذه القوالب, قوالب كلاسيكية لصياغة أشعارهم, ولكن في مايتعلق بالشعراء الكورد فأن هذه القوالب تتلائم مع تلكم القوالب التى غالبا ماكانت تنصب في ترانيم الوصف. لذا فأن (هيمن) الشاعر فى قصيدته (غروب خريفى) ليعطينا لوحة رائعة مليئة بالصدق و تنجلي من هذه القصيدة ملامح تجاربه و خبراته ضمن مسيرته, حيث كان يقتنص علومه و دروسه القومية بين طيات حجرات المساجد و شواهق الجبال وبساط السهول شاربا منهن سنين دهوره ضمن الثورات الكوردية وبطون مدائنه حيث نرى أن غبار الغربة قد غطت ملامح أشعاره حيث يروي لنا قصة مرعبة و صوره الشعرية هي صور حيوية وهي حوار مع الطبيعة.

**Abstract**

The technical imagery in the poetic text is an important aspect of the adorable and finery in any Kurdish capillary text because it shows the poet's imagination and emotion. It also highlights his skills in mental images alongside cementing his vision in understanding of the experiences and makes it be full of experiences and absorb phrases that can be delivered to the reader's mind. Therefore, the importance lies in linking these images with having the appropriate language and styling vocabulary and sentences in which it generates a full tonal recovery hymn for readers and become fresh and wonderful poetic yeast as well as a poetic image which help the readers feel the poet's skillfulness. Despite the fact that the ancient poets have mastered this art from the rhetoric and the Qur'an, they have formed such classical templates to formulate their poetry. Regarding the Kurdish poets these templates fit with the templates that were often established in descriptive hymn. Thus, the poet Hemin in his poems ***Autumnal Sunset*** wants to give us the fantastic panel filled with honesty. It also arises from this poem some features of his experience and expertise within his career as a poet where he had acknowledged science and lessons of nationalism among the compartments of the mosques, among mountains, plains, cities etc…in which he had settled there for years during the Kurdish revolutions. Therefore, one can notice that the hints of alienation have covered the features of his poems where he tells us a terrifying story and a poetic imagery which is originally a dialogue with nature.

## ئەنجام

- دوای لێکۆڵینەوەکەمان گەیشتین بەو ئەنجامەی کە:

١) شاعیر ئافرەتی خۆش ویستووە و بۆ جوانی و کێشەکانی شیعری نووسیوە.

٢) هێمن شوانێکی ئاشقە بەندەن و سروشتی کوردەوارییە.

٣) هێمن شاعیرێکی نیشتیمان پەروەر و ناسیۆنالیستێکی بەرزە.

٤) شیعری (ئێوارەی پایز) یەکێکە لە جوانترین شیعرەکانی ناو ئەدەبیات و شیعری کوردی.

٥) وەکو هەر دەقێکی شیعری نوێ زۆربەی وێنە هونەرییەکانی بەهۆی(وەسف)ەوە درووست بوون.

٦) وێنە هونەرییەکانی شیعری (ئێوارەی پایز) لە وێنەی فۆتۆگرافی جوانترن.

٧) شیعری (ئێوارەی پایز)کەرنەڤالێکە لە وێنەی ترسناک.

.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١- ئەحلام منصور ، إلهامی شیعری هێمن ، گ ( مهاباد ) ، ژ ( ٤٦ ) .

٢- ئەفراسیاب گرامی،هێمن.. شاعیری هاواروشیوەنی سەدەی بیستەم،گ.(هاوچەرخ)،ژ.(٢)

٣- ئەڤین ئاسۆس ، ئاوێتە بوونی شیعری نیشتیمانی و دڵداری لای هێمن مهابادی ، گ .( سابات ) ، ژ ( ٤ و ٥ ).

٤- پەروین عەبدوڵڵا ، وێنەی شیعری لە( زمانی عەشق) ی ڕێبوارسیوەیلیدا ، گۆڤاری ( ئاینده ، ژماره (٢٩) .

٥- جەهانگیر غەفاری،بەرەو باخی بەهەشت،چاپی یەکەم،چاپەمەنی(گەنج)،سلێمانی،٢٠٠٣ز.

٦- جعفر علی ، ناسیۆنالیزمی کوردی ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ز.

٧- جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستا تیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠– ١٩٧٠) ، دەزگای چاپ و پەخشی (سەردەم) ، سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

٨- دیوانی هێمن موکریانی ، کۆکردنەوەی ( سەیران حیکمەت – سەردار شەمزاو ) ، عیراق – کوردستانی ئازاد ، ٢٠٠٥ز

٩- ڕفیق سابیر ، چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ هێمن دا ، گ ( کوردۆ لۆجی ) ، ژ ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩.

١٠- ڕفیق سابیر ، ناسیۆنالیزم و دیموکراتیەت ، چاپخانەی ( دەریا ) ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ز.

١١- شەرمین إبراهیم عزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لەشیعری کوردی دا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر ، ٢٠٠٦ز.

١٢- عبدالرحمان معروف ، هێمن موکریانی لەنێوان هەڵوێستی شاخ و شاردا ، گ.(کاروان)،ژ .(١٦٥ ) .

١٣- د. عوسمان دەشتی , دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن , چاپی دووەم , چاپخانەی ڕۆژهەڵات , هەولێر , ٢٠٠٩ .

١٤- عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی (ئارام) ، بەغداد ، ٢٠٠٥ ز .

١٥- د. فاضل مجید محمود ، سروشت لە شیعری گۆراندا ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ز.

١٦- فەرهاد پیربال،شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨–- ١٩٥٨)ز،چاپخانەی(کوردستان)،هەولێر،٢٠٠٥ز.

١٧- کاکەی فەلاح ، وینەی شیعری چی یە ؟ ، گۆڤاری (کاروان) ، ژ.(٤٩).

١٨- کوردستان موکریانی ، ئافرەت لەهۆنراوەکانی مامۆستا هێمن دا ، هێمن نامە ، ئا . عوسمان دەشتی ، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات ، هەولێر .

١٩- کەریم شارەزا ، وێنەی شیعری لە باری چەسپاو و جوڵاودا ، گ. ( ڕامان ) ، ژ. (٩) .

٢٠- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە ، مێژووی نوێ و هاوچەرخ ، پۆلی شەشەمی وێژەیی ، چاپی سێ یەم ، چاپخانەی (مستقبل ) ، لوبنان ، ٢٠٠٧ ز.

٢١- مارف خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی،بەرگی حەوتەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی (ئاراس)،هەولێر،٢٠٠٦ز.

**٢٢- محمود زامدار ، ئافرەت لە هۆنراوەدا ، گ ( هەرێمی کوردستان ) ، ژ ( ٥٩٠**

٢٣- هێمن، تاریك و ڕوون، چاپی یەکەم،چاپخانەی (سەیدیان)،١٩٧٤ز.

٢٤- هێمن , ناڵەی جودایی , چاپخانەی (چوارچرا), کوردستان , ٢٠٠٦ ز.

٢٥- هێمن ، نەورۆز ، گ . (سروە) ، ژ. (١٥).

٢٦- هێمن ، وەنەوشە ، گ.( گزنگ) ، ژمارە (٨٥) .

**سەرچاوە فارسییەکان:**

٢٧- ارژنگ مدی، بررسی صوره خیال در هفت پیکر نظامی ، مجله فرهنگ ، پاییز ١٣٧١ .

٢٨- جمال الدین مرتضوی – سجاد نجفی بهزادی ، فصلنامه زبان و ادبیات فارسی ، سال ١٩ ، شمارة ٧٠ .

٢٩- سیروس شمیسا – محبوبه کاشی ، بیان و جیلوەهای صورخیال در شعر سیمین بهبهانی، مجله دانشکده علوم انسانی دانشگاه سمنان ، سال ٨ ، شماره ٢٨ ، زمستان ١٣٨٨هـ . ش .

٣٠- محمد جواد عرفانی بیضائی ، بررسی صور خیال در غزلیات فرحی یزدی به عنوان ویژگی سبك خاص او ، کاوش نامه زبان و ادبیات فارسی ، پاییز و زمستان ١٣٨٣ ، شماره ٩ .

مهدی مسبوق – مرتضی فائیمی – پروین فرحی زاد ، بررسی و پویایی و حیات صوره خیال در شعر متنبی – با تکیه بر تصاویر شنیداری ، مجله لسان مبین ، تابستان ١٣٩٠ ، شماره ٤.

# (ڕەخنە) و قۆناغی گەشەکردنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا
# ١٨٩٨ - ١٩٤٩

**پ.ی.د. محمد دلێر أمين**
**پ.ی.د.فاضل مجيد محمود**
**بەشی کوردی/زانکۆی سلێمانی**

***پێشەکی:***

ڕۆژنامەنووسی ئەو دەزگا گرنگ و پڕ بایەخەیە کە لەدوای شۆڕشی چاپەمەنی سەدەی پانزەهەمەوە، ئەرکی هۆشیارکردنەوە و بەیەکگەیاندنی پەیامی نووسەر و خوێنەر بووە , داهێنانی چاپ، مرۆڤایەتی خستە ڕۆژگارێکی نوێ و زەمەنێ کە هەوڵی بە شارستانیبوونی کورتکردووە و لە بەرامبەردا هێزی مرۆڤی والاکردووە و دەیان چاوی تری پێبەخشی تا لەڕوانگە جیاجیاکانەوە سەیری ژیان بکات و لەسنووری زانیاری دەوروبەری خۆی تێپەڕێنێ و ئەرکێکی نوێێ، کۆمەلایەتی و ئەدەب و سیاسی جێبەجێبکات، شۆڕشی زانیارییەکان کە لە ئەمڕۆدا هەموو تونێلە تاریکەکانی ژیان و جیهانی ڕووناککردووەتەوە، درێژەپێدەری ڕۆژنامەنووسی نووسراوە، هەر ئەو بناغەیە ,سەرەتایەك بوو ئەم تەلارەی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی لەسەر وەستاوە و بە هەردوو شێوازی ستوونی و ئاسۆیی گەشەدەکات و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات و هەموو زانستە مرۆڤایەتی و موجەڕەدەکان (تایبەتەکان) بەرەو تایبەتمەندبوون و شۆڕبوونەوە بە ڕەچەڵەك و ناسنامەیاندا دەبات.

ئەم کەناڵە چ وەك پیشە و دەستەبەرکردنی کاری دەستەگەرایی (دەستە جەمعی) و وەك پردی گواستنەوەی ڕۆشنبیری، سوودی بە هەموو نەتەوە و دەستە و گروپ و تاکێك گەیاندووە.

وەك دەزانین، ئاشنایەتی کورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی لەئاست نەتەوەکانی تردا مێژوویی‌یەکی کورتی هەیە کە سەد و پازدە ساڵ بە ڕەوتی جیاجیا و قۆناغی و ڕۆژگاری تاڵ و شیرینەوە، لەژێر سایەی تۆڕی سانسۆر و تیرۆر و ئاوارەیی و گەڕۆکیدا و لەگەڵ چەند ئەتمۆسفێری ئازادی و دەسەڵاتی کوردی کورت خایەنی خۆیدا لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا,دەستەبژێر توانیویانە نەوەکانمان بەم پیشەیە ئاشنا بکەن.

دیارە ڕۆژنامەنووسی بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوە بە پێشکەوتن و تێڕوانین و جیهانبینی هزری مرۆڤ، بەتایبەت خوێندەوار و دەستەبژێر کە سودمەندی یەکەمن لەم داهێنانە و هەر ئەوانیش بوونە داکۆکیکەر و خولیای دەرکردن و بلاوکردنەوە و بازاڕ گەرمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

پێداچوونەوە و سەرلەنوێ هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری قۆناغەکەیان، نەك کاری ئەمڕۆی نووسەر و توێژەرە. بەڵگە بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونە سادانەیە کە پێیان وایە، ڕۆژنامەنووسی دەبێت تەنیا لە چوارچێوەی دیاریکراودا سەیربکرێت و بایەخ بە لایەنە پیشەییەکەی بدرێت.

((ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کاریگەر و کارتێکراوی یەکترن، ڕۆژنامەنووسی بە هیمەتی شاعیر و نووسەران و بە قەڵەمی بەرشتی ئەوان گەشەیکردووە و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش جێگری کتێب و سەرچاوەی خوێندن و پارێزەری کلتوور و بەرهەمی ئەدەبی و ڕووناکبیری بوون)) [١].

ڕەخنەی ئەدەبی وەك زانستێکی تەواوکەری ئەدەبناسی لەپاڵ مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبدا، هەوڵێکی هۆشمەندانەیە بە پێی چەند میتۆدێکی دیاریکراو و کارپێکراو هەوڵی نزیکبوونەوە ئەدات لە دەقی ئەدەبی و ڕۆشنایەتی ئەخاتە سەر ناتەواوی و بەهێزی دەق و لایەنە شاراوەکانی کۆدی نهێنییەکانی دەق و بە خوێنەری ئاشنائەکات.

پەیوەندی ڕۆژنامەنووسی و ڕەخنە، وەك هەموو ژانرە ئەدەبییەکان بە شیعر و پەخشانەوە، پەیوەندییەکی لە مێژینەییە، بەتایبەت لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا کە هەر لەسەرەتاوە خزمەتی زۆر بە ئەدەب کردووە و مشتێك لەم خزمەتە کە بەشێوەی سەرەتایی و چەند باری سەرنجێك بووبێ بەر ڕەخنە کەوتووە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ:

١- خستنەڕووی بەرهەمی ئەو قەڵەمانەی لەناو ڕۆژنامەنووسییەوە، ڕەخنەیان کردووەتە ئامانج و مەبەستیان بوو، بەپێی ئایدیا و ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان و کاریگەری بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەیان، بەرهەمە ئەدەبییەکان بگەڕێننەوە بۆ سەر ئەو ڕاستە شەقامەی خۆیان بە ڕێگای گەشەی ئەدەبی دەزانن.

٢- هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی ئەو نووسینانە بە چاوو پێوەری سەردەمی خۆیان و کاریگەریان لەسەر قۆناغ و سەردەمی خۆیان و دواتر.

دیارە ناکرێت لە توێژینەوەیەکی وەها سنووردارادا، هەموو وتار و باس و سەرنجی ناو ئەو زەمەنە بخرێتەڕوو کە سنووری توێژینەوەکەیە (١٨٩٨– ١٩٥٠) بەڵکو هەوڵدەدەین هێڵە گشتییەکان دیاریبکەین، بەئومێدی ئەوەی دوور و نزیك ئامانج بپێکین.

بۆ ئاسانکردن و پێکانی مەبەست ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی پەیوەست ئەکەین بە قۆناغی مێژوویی ڕۆژنامە نووسیەوە و بەم جۆرە دابەشی ئەکەین

بەشی یەکەم:

١– ڕۆژنامەنووسی کوردی و ڕەخنە

٢– قۆناغی سەردەمی عوسمانی ( عبدالحميد و مەشروتە )

بەشی دووەم :

جەنگی یەکەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٣٩ .

بەشی سێ یەم :

١٩٣٩ – ١٩٤٩ سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژ .

***بەشی یەکەم:***

***١– ڕۆژنامەنووسی کوردی و ڕەخنە:–***

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە چەمکی (ڕەخنە)، لەناو سەرچاوە و کتێبدا (بەتایبەت ژانرە ئەدەبییەکان) و لەگەڵ (ڕەخنە) لە بەرهەمە ئەدەبییە بڵاوکراوەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، وەك دوو جۆر ڕەخنەی لەیەکچوو جیاواز سەیردەکرێت، دەستەواژەی ڕەخنەی ئەدەبی) بۆ ڕەخنەی ناو سەرچاوە و کتێبەکانە، جۆری دووەم بە (ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی) ناوزەند دەکرێت.

بەپێویستی دەزانین ڕۆشنایی بخەینە سەر تایبەتمەندی (ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی) کە لە جیهانی نووسین و بلاوکردنەوەدا وەك ژانرێکی ئەدەبی جیاواز سەیردەکرێت و لە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی (نووسراو، بیستراو، نوێ) دا شوێن و پێگەی خۆی هەیە[٢].

وەك لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی نەتەوەکانی دراوسێ و کوردا دەردەکەوێت، (ڕەخنەی ڕۆنامەنووسی) کاریگەری زیاتری هەبووە لەسەر خوێنەر و زۆر بەربلاو و سنوورشکێن بووە، تەنانەت قەوارە و ژمارەی نووسین و چڕی و ململانێی جیاواز و (ڕەخنە)و وەڵامدانەوەی ... هتد لەناو ڕۆژنامەنووسیدا زووتر و زیاتر برەوی پەیداکردووە.

لەبەر گەلێ هۆ لەوانە خێرایی بلاوبوونەوە و بێمەسرەفی و خەرجی چاپکردن و بەدەستەوەهاتنی نووسین و کورتبڕی، بەدەر لەوانە، گرانی چاپ و سستی بازاڕی کتێب و نەبوونی پشتگیری مادی و مەعنەوی بۆ نووسەر (بەتایبەت لەو قۆناغەدا) لە سنووری توێژینەوەکاندا کە ئەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین نۆ لەسەر دەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشێوەی پەخشان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بلاوبوونەتەوە , بایەخی رەخنەی ڕۆژنامەنووسیان زیاد کردووە.

بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی لەماوەی ١٧٨٧ تا ١٩٥٠ ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێت [٣] کە ڕۆژنامەنووسی کوردی سەرەتاکانی ڕەخنەی لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەی جیاواز و لەژێر کاریگەری قوتابخانە ئەدەبی و فکرییەکانی ڕۆژئاوادا، لەم کەناڵەوە سەریهەڵداوە، ئەرکی ڕەخنەگر و (شاعیر و چیرۆکنووس) یان جیاکردووەتەوە، خوێندنەوەی جیاواز و سەرنج و تیرۆژی وردتر و ڕوناکتریان خستووەتە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکان.

وتار بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەناویاندا وتاری ڕەخنەیی، زادەی ڕۆژنامەنووسی یە، هەر لەو ژانرەوە دەیان دەستەوواژەی نوێ، وەك (ڕەخنە یان ڕەختە، لێکۆڵینەوە، شەن وکەو، هەڵسەنگاندن، تەرازووی شیعر، دڕدەن ئەدیب هات، ئەرکی ڕەخنەبازی، نرخشناسی چاوپیاخشاندن)تادوایی و هەمووی لەناو ڕۆژنامەنووسیدا دەرکەوتن و برەویان پێدرا، کە دوور و نزیك مەبەست لێیان کاری ڕەخنەسازییە.

(ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی)، هەوڵێکی پراکتیکی سەرەتاییە بۆ داهێنان لەسەر زانستێکی نوێ کە تا ناوەڕاستی سەدەی پێشوو قاڵبگیر نەبووە و لەلایەنگیری و هەژموونی ئایدۆلۆژیا ڕزگاری نەبووە، گەر بە پێوەری ئەمڕۆش (ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی) لەبەرچاوبگرین، ئەکرێت بڵێین ئەو نووسینە ڕەخنەییانەن، کەبەرزترین ئاستی بیرکردنەوەی خاوەنەکانیان دەرئەخەن، لێرەوە پاشخانی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر ئەبێتە مەسەلەیەکی تر و ئاماژەیە بۆ سەرچاوە و سوودوەرگرتن لە ڕەخنەسازی دەوروبەر و جیهان.

ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی، پشکێکی کەمی ئەو گلەیی و گازندانەی بەردەکەوێت کە پێیوایە((ڕەخنە تا ئێستاش لە دۆخی متبوونی خۆیدایە، بەو واتایەی ڕەخنە لە بەرامبەر ئەو هەموو بەرهەمەدا، نەتوانراوە ڕەخنە هەبێت و بێدەنگییەك لە کرداری ڕەخنەگراتنیدا هەیە، بەواتایەکی تر ڕاستە هەوڵی جیاجیا هەن، بەڵام لەگەڵ زۆری بەرهەمدا، ئەوەندەی تر کاری ڕەخنەگری گرنگتر کردووە))[٤].

## ٢ – ڕۆژنامەنووسی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و (سەردەم عبدالحمیدو حیزبی اتحادوتەرەقی)

دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەتاراوگەو لە٢٢/٤/١٨٩٨دا,((بەگرنگترین و بەهادارترین کاری ئەدەبی و مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت ,کەتائێستا ناوەندە رۆشنبیریە کوردیەکان بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوری ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەنجامیان دابێت))[٥]

ئـەو تایبەتمەندییـەی (کوردسـتان)لەرۆژنامـەو بلأوکراوەکـانی تـری ژێردەسـتی عوسمـانی جیـا ئەکاتـەوە ,هەڵبـژاردنی ئـەو جوگرافیا ئازادەیە کەتێیدا بۆتـە یەکـەم بەرهەڵـستکاری دەسـەلآتی ناوەنـدو داکـۆکی کـەری بـێ پـەروای مـافی نەتەوەکـەی ,گەرچی مەرامی سیاسی و خواستی گەیاندنی پەیامی سیاسی لەپشت دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەوە بـووە, بـەلآم نـاوەخنێکی ئەدەبی و رووناکبیری هەبووە هەر لەوەوە کەزمانی شـیعری زارەکـی گواسـتەوە بـۆ زمـانی پەخـشانی نووسـراوی هونـەری و ناساندنی خوێندەواری کورد بەتایبەتی دەسته بژێر بـەژانری نـوێی ئـەدەبی وەك وتـار وجۆرەکـانی هـەروەها دروسـتکردنی پەیوەندی نووسراو له نێوان نووسەرانی رۆژنامەکەو خوێنەرانـدا,گـرنگترین ئـەرکی رۆژنامەکـە ئـەوەبوو زمـانی کـوردی لـەژێر هەژمونی هەرسێ دەسەلأتی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا دەرهێناو بوێرانه ئەو خورافاتەی پوچـەڵ کـردەوە کەگوایـە زمانی کوردی پاش کەوتووەو توانای نووسینەوەی خواست و مەرامی نەتەوەکەی خۆی نیە٠

بەوردبوونـەوە لـەژمارەکانی هـەردوو خـولی (کوردسـتان) و گۆڤـاری (رۆژی کـورد) کەلەبەردەسـتدان,رۆژنامـەی کوردسـتان (هەردوو خولی یەکەم و سێیەم)١٨٩٨ تـا١٩١٨ لـەدوو خـاڵی دەسـپێکەوە سـەرەتایەکیان بۆرەخنـەی ئـەدەبی دامەزرانـدووە کەبەپێوەری سەردەمی خۆی گرنگ و پرپایەخن,بۆ یەکەمجار ئاشناکردنی خوێنـەری کـورد بەبەرهـەمی ئـەدەبی نـاوازە وەك (مەم و زینی)خانی کەبەزنجیرە لەژمارە ٢ تا ٣١ بلأوکراوەتەوە ٠

مەم وزین یەکەم بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازەیە,(کوردستان)ئەنوسێ((ژمارەیەك لەئاغای کورد نامەیان بۆ رۆژنامەکە نووسـیوە داوائەکەن ئەم رۆژنامەیە باسی شاعیران و ئەدەبی کوردی بکات هەروەها حیکایەت بنوسێ))(٦)

ئاشکرایە(رەخنە)دەرئەنجامی بلأوبونەوەی بەرهەمی ئەدەبی یە بەشیعرو پەخـشانەوە و دواتـر چـێژی بەشـێ لـەو دەقانەیـە هەڵبژاردنیان لەلایەن رەخنە گرەوە ,بەدەر لەدیوانی مـەولانا خالیـدی نەقـشبەندی کـەبۆ یەکـەمجار سـاڵی ١٨٤٤ چـاپکراوە ,سەرجەم بەرهەمی شاعیرانی سەدەی نۆزدەیەم و پێشتر تـا دوای (کوردسـتان ) و نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیـستەم چـاپ نەکراون و بلأو نەکراونەتەوە ,لەروانگەیەکی ترەوە بەشێك لەتوێـژەران و مێژوونوسـانی ئـەدەبی کـوردی,سـەرەتای بیرۆکـەو دامەزراندنی رەخنە ئەگەڕێننەوە بۆ ناو بەیتی شاعیران و شـاعیر بەیەکـەم رەخنـەگر لەبەرهـەمی خـۆی ئـەژمار ئەکـەن ,بـۆ سەلماندنی ئەم تێڕوانینە لەناو(مەم و زین)دا ئەم بەیتانە ئەکەنە بەڵگە:

خەڵقی کو ژ سینەو دل ساف
پاکیزە سروشت و ئەهلی ئینساف
بیلجوملە بکەن ژ بۆ مە تەحسین
بێژن کو بقنجی هاتە تدوین (٧)

هەروەها ئەم رۆژنامەیە (حاجی قادری کۆیی)مان وەك زانایەکی بەناوبانگ پێ ئەناسێنێ‌و ساڵی کۆچی دوایی دیـاری ئـەکات و نمونە لەشیعرەکانی بلأو ئەکاتەوە (٨)

یەکـەم چـیرۆکی کـوردی بەقەڵـەمی فوئـادی تـەممۆ لەیەکـەم گۆڤـاری کـوردی(رۆژی کـورد)دا بـەدوو ژمـارەو بەناتـەواوی بلأوکرایەوە,(٩)

ئـەم هـەنگاوە تێپەڕانـدنی ئـەو قۆناغـە بـوو کەشـیعرو هـەموو قورسـاییەکەی هـەڵگرتبوو,چـیرۆکی (شـەویش)ئەگەرچـی گواستنەوەی واقیعی ماڵە کوردێکی گوندنشینە کەلەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ,خولیاو ئامانجەکانی لەبارنەی گوندو خـەمی بـژێوی رۆژانـەی خێزانێـك دەرناچـن,بـەلآم سـەرەتایەکی نوێیـە بـۆ دەسـپێکی ژانرێکـی نـوێ ئەڵقـەی پەیوەندییـە لـەنێوان سەرگوزشتەی میللی و چیرۆکی هونەریدا,دیسانەوە لـەم گۆڤارانـەدا کەرەسـەیەکی تایبـەت بەرەخنـە بەرچـاو ناکـەوێ,زیـاتر گەشەی وتاری سیاسی و کۆمەلأیـەتی بەلاپەرەکانـەوە دیـارن·بـەردەوام نـەبوونی ئـەم بلأوکراوانـەی سـەردەمی عوسمـانی و

مەشروتەو بایەخدانیان بەلایەنی سیاسی ,هۆكاری لاوازی و دەرنەكەوتنی رەخنەی رۆژنامەنووسی بوون ,هەروەها شەڕی یەكەمی جیهانی و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلانی ژێر دەستەی عوسمانی دا هاتن دەرفەتیان بۆ پەخش و بلاْكردنەوە نەهێشتەوە .

***بەشی دووەم :***

***جەنگی یەكەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٣٩:***

براوەكانی جەنگ ,بەتایبەت ئینگلیزو فەرەنسا كەبەشێكی زۆری كوردستانیان بەركەوت ,بەمەبەستی پڕوپاگەندە سیاسی و فریودانی گەلانی ناوچەكە ,بایەخیان بەرۆژنامەنووسی داو ئەوەبوو ئینگلیزەكان لەبەغدا(تێگەیشتنی راستی)و لەسلێمانی(پێشكەوتن)یان دەركرد,ئەم دوو رۆژنامەیە بەدەر لەلایەنە سیاسیەكە ,خزمەتی زۆریان بەئەدەب و رۆشنبیری كوردی كرد,تێگەیشتنی راستی لەرێگای (٦٧ ژمارە)و پێشكەوتن (١١٨)ژمارە ,شاهیدی ئەم بۆچوونەن.

لەبارەی شوێنی ئەدەبی كوردی لەرۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)دا د.كەمال مەزهەر ئەنووسێ(لەژمارە شانزەیەوە تێگەیشتنی راستی گۆشەیەكی تایبەتی بۆ ئەدەبیاتی كوردی تەرخان كردووە ,بایەخی ئەم بەشە چ لەرووی رۆژنامەنووسی و چ لەرووی لێكۆڵینەوەو بوژاندنەوەی ئەدەبی كوردیەوە زۆرە)[١٠] ,جگەلە دەیان وتاری ئەدەبی تر كەباسی لەژیاننامەی شاعیران و بایەخی زمانی كوردی كردووە ,سەرنجی رەخنەیی لەبەشێك لەپێشەكی شیعرەكان و پێش دەرخستنی نمونەكاندا نووسراونەتەوەكە بۆ سەردەمی خۆیان گرنگن و بەتایبەت پێش بەرهەمە رەخنەییەكەی (ئەمین فەیزی– ئەنجومەنی ئەدیبان –ئەستەموولْ ١٩٢٠)لەژمارە بیستی پێشكەوتندا نووسەری وتاری ئەدەبی كوردی لەبارەی (نالی)یەوە ئەڵێ((نالی تابیع بەشێوەی سلێمانی شیعری وتووە ,ئەم زاتە (موتەنەبی)ئەكرادە,ئاساری نازك و شیرینە ,شیعری مەوزون و مەعنادارە,ئەم چەند شیعرە لەمونتەخەباتی ئەبیاتی ئەوە:

هەر پەرچەم و پێشانی یە فیكری شەوو رۆژم

هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دورو درێژم[١١]

ئەم سەرنجە رەخنەییانە كەبەزۆری لەرۆژنامەكەوە بەرچاو ئەكەون بەگشتی رەخنەی مەزاجین و باری سەرنج و جۆری چێژ وەرگرتنی خاوەنەكەیەتی سەبارەت بەپارچە شیعرێك یان قەسیدەیەك ، گرنگی رەخنەی رۆژنامەنووسی لەوەدایە خاوەنەكەی خوێندەوارێكی ژیرو بەدواداچوونی بەرهەمی ئەدەبیە وەك شاعیرێك شەن و كەوی دیوانەكانی كردووەو شارەزایانە ئەو نمونانەی وەرگرتووە كەبۆ لاپەڕەی رۆژنامەنووسی ئەگونجێ لەرووی كات و شوێنەوەو رەگەزی هەڵبژاردن– الانتقاورەگەزێكی زاڵەلەپرۆسەی رەخنەی رۆژنامەنووسیدا[١٢] .

رۆژنامەی (پێشكەوتن) ی سلێمانی توانی ژمارەیەكی زۆر لەشاعیرو نووسەرو وەرگێڕ لەخۆی كۆبكاتەوە دەیان بابەتی ئەدەبی لەم رۆژنامەیەدا بلاو كراونەتەوە ئاراستەی سیاسی هەردوو رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی بەغدا)و(پێشكەوتنی سلێمانی)یەكن و یەك پەیام بۆ خوێنەری كورد ئەنێرن,هەربۆیەك مەبەست بایەخ بەئەدەبی كوردی ئەدەن كەزیاتر مەبەستیان هۆشیاركردنەوەی تاكی كوردو هاندانیەتی بۆ بەگژداچوونەوەی (تورك و بەلشەفیك)و راكێشانی سۆزی كورد بەلای ئینگلیزدا,(پێشكەوتن),لە هەوڵی ئەوەدا بووە رەخنەی مەزاجی و گشگیری بەرەو رەخنەیەكی پراكتیكی ببات بۆ ئەم ئەركەش چەندین وتاری لەبارەی ئەدەب و زمانەوە بلاوكردۆتەوە جگەلە بایەخدانی بەوەرگێڕان لەزمانە بیانیەكانەوە تانوسەری كورد بەشێوازو رەگەزی نوێ ی شیعرو پەخشان ئاشنا بكات.

بۆ یەکەم جار لەرۆژنامەی پێشکەوتندا بەسێ بەش وتارێکی درێژو پڕ لەڕێنمایی و بەرچاو ڕوونی بۆ نووسەرە تازە کورەکان بلأو دەکرێتەوە کەوەك بەرنامەی ڕەخنەی تیۆری پێش وەخت وەهایە,نووسەری وتار ئەیەوێ هانی نووسەرانی تر بدات لای خۆیانەوە ببنە ڕەخنەگر بەسەر بەرهەمەکانیانەوە و ڕەچاوی سەلیقەی خوێنەر بکەن و ئاستی ئەدەبی بەرز بکەنەوە : ئەوەتا ئەنووسێ ((ئەوەی بیەوێ چاك بنوسێ لازمە ئیستعدادێکی گبیعی هەبێت ,ئەگەر ئیستعداد لەگەڵ سەعی دا یەکبگرێت,ڕەونەق پەیدا ئەکا ئەگەر یەك نەگرێ ئەکوژێتەوەو مەحو ئەبێتەوە ...هتد))[١٣]

سالأنی بیستی سەدەی پێشوو ململانێی نەوەکان توند بووە سەبارەت بەنووسین بەکوردی یان بەزمانی داگیر کەران,ئەم سەلماندنەی گرنگی زمانی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە لەزۆر مەبەست و سەرنجی ڕەخنەییدا دەرخراوەو نەیاری کوردی نووسینیان پاشەکشە پێکردووە,دیارە ڕەخنە لەشێوازی نووسینی کۆن و هەوڵی بژارکردنی زمانی کوردی و ئەو بیروڕا گۆڕینەوەیە بەمەبەستی گەشەی زمانی کوردی لەڕێگای ڕەخنەو شیکردنەوەی بیروڕای جیاوازەوە بووە لەژمارە (٢٤٢)دا وتارێك بۆ داکۆکی لەزمانی کوردی نووسراوە ئەڵێ ((جاران وا بەبیردا دەهات کەکوردی نانوسرێت و ناخوێنرێتەوە ,کەچی دەرکەوت کەباش دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە بەڵام وەك زمانەکانی تر لەپێشەوە ماندویەتیان تیا کێشاوە ئینجا بووە بەشتێك و جێگاو شوێنی باشی گرتووە,ئەمیش ماندویەتی دەوێت.....لەسەر بیردارەکان و کوردەپەتیەکان کەیەك بگرن و چی پێویستە بکرێت,کام لای ناتەواوە,تەواو کرێت))[١٤]

بەکورتی ئەم دوو رۆژنامەیە کە داگیرکەری ئینگلیزی سەرپەرشتی و ئاراستەی کردووە,بوونەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ بەرهەم و توێژینەوەی ئەدەبی,ڕەخنەگرتن لەشاعیرانی کلاسیکی دەکەوێتە بەرچاو,ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیە زیاتر لایەنی پۆزەتیفەو شیکاری ناساندنی دەقە,بەلأم بنەماکانی ڕەخنەی رۆژنامەنووسی لەم دوو رۆژنامەیەوە خۆیان ئەناسێنن,گومان لەوەدا نیە (علی کەمال باپیرو ڕەفیق حیلمی) لەهەردوو بەرهەمە ناوازەکەیاندا(گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم ١٩٣٩)و(شیعرو ئەدەبیاتی کوردی١٩٤١)کاریگەری ئەم وتارانەی (پێشکەوتن)یان لەسەر بووە ئەگەرچی ئاماژەیان پێ نەدابێ.[١٥]

رۆژنامەی (پێشکەوتن)لەدوو ساڵی تەمەندا٢٩/٤/١٩٢٠ تا ٢٧/٧/١٩٢٢ لەرێگای(١١٨)ە ژمارەوە ,دەستەیەك قەڵەمی بەبرشتی لەخۆی کۆکردەوە و پیشەی رۆژنامەنووسی بەباشوری کوردستان و بەتایبەتی سلێمانی ئاشنا کرد,ئەو نووسەرانە ئەو کەناڵەیان بۆ گەشەو بەرەو پێشچوونی ئەدەب و زمانی نووسین و هەوڵی چەسپاندنی زمانی ستانداردیان باش بەکارهێنا,ئەم دیاردە شارستانیە دوای خۆی و لەقۆناغێکی تردا ئەرکەکەی ڕوبەروی چەند رۆژنامەیەکی تر کردەوە .

یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورد لەسەدەی بیستەمدا لەماوەی دوو ساڵدا(١٩٢٢–١٩٢٤)توانی چوار رۆژنامە هەر بەو چاپخانەیەی (پێشکەوتن)ی پێ چاپ ئەکرا,دەر بکات سێ ی شارو رۆژنامەیەکی شاخ(بانگی حەق–ئەشکەوتی جاسەنە) لەناو ژمارەکانی (بانگی کوردستان,رۆژی کوردستان,بانگی حەق,ئومێدی ئیستقلال)دا,چەندین بەرهەمی ڕەخنە ئامێز دەخوێنینەوە کەژمارەیەکیان بەشیعر دەربڕاون و ڕەخنە لەو شیعرانە دەگرن کەبەباڵای یارو عەشق و زوڵف و رووی جانانەدا هەڵئەدەن و ئامۆژگاری شاعیران ئەکەن کەلەو قۆناغەدا دۆزی نەتەوەو داخوازی میللی بەئامانج وەربگرن و لەگەڵ واقیعی نوێ و ئەو بەهارە کورتەی ئازادیدا پەیوەندی تۆکمەو پتەو ببەستن,پێش بانگەوازەکەی (ئەحمەد موختار جاف)ن کە ئەڵێ:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سووتاو بکەن[١٦]

ئەوەتا شاعیرێك لەناو لاپەڕەکانی (ڕۆژی کوردستان)ەوە هاوار ئەکات و ئەڵێ:

بەسیەتی ئەی شاعیران تەعریفی خەت و چاهی زەقەن

بەسیە ئەی مەئمور, ئیتر باسی معاشم بۆ مەکەن

بۆ وەتەن,بۆ دین و میللەت بێن نەصیحەت دابدەن

بۆ تەرەقی میللەت ئێوە با بکەن صەرفی بەدەن[١٧]

ئەم وەرچەرخانە لەناوەرۆکی بەرهەمی شیعری ئەو ڕۆژگارەی دەسەلاتی خۆماڵی بالا دەست بوو,ئەکرێت لەبازنەی شیعری سیاسی و شیعری نیشتمانیدا سنوردار بکرێن و سیماو شەقڵی سەردەمەکەو ئازادی رادەربڕینیان پێوەیە.

لەو تەمەنە کورتەدا ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی تەنیا لەشیعردا قەتیس نەبووە,بەڵکو لەناو وتاری ئەدەبی دا ڕەنگ ڕێژ کراوە,بارودۆخی ئەو دەسەلاتە سیاسیە لەبەر ئەوەی لەململانێی سەختدا بووە لەگەڵ دەوڵەتی دامەزراوی عێراق کەبەریتانیا پاڵپشتی ئەکرد لەلایەك دژایەتی سیاسەتی ئینگلیز بۆ ئەو قەوارە سیاسیەیە بەشێوەی پڕوپاگەندەو دواتر بەهێزی چەکداری فرۆکەو بۆمبابارانی سلێمانی و دەوروبەری هەروەها سیاسەتی تورکیای کەمالی و پەرتەوازەیی گوتاری ناوخۆی کورد,هەموو ئەمانە ئەم ڕۆژنامەو سەرنووسەرو نووسەرانی ناچار کردووە ,زیاتر بەسیاسەتی ڕۆژگارەوە خۆیان سەرقاڵ بکەن و ڕەخنە لەسیاسەتی چەواشەی بەغداو ئینگلیزو تورکخواهان بگرن وئەکرێ بەشی زۆری ئەم وتارانە بچنە خانەی ڕەخنەی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە کەبۆ ئەو ڕۆژە زۆر گرنگ و پڕبایەخن, تەنانەت لە ئەمڕۆشدا بەشێك لەو وتارانە نرخ و بەهای سیاسی خۆیان لەدەست نەداوە,لەبەرئەوەی سیاسەتی ناوەند ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لەحیزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق هەمان هەڵوێستی شۆڤێنیانەی (حزب العراق الحر)یان هەیە کە پێش نەوەدو یەك ساڵ ئەینووسی ,سلێمانی و ناوچەکانی کەلەژێر دەسەلاتی حکومەتی باشوری کوردستاندا بوون,بەشێکن لەعێراق پێویستە بەزۆرو خواهێشت بگەڕێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی بەغدا,بەلام نووسەرانی وەك عارف صائب بەبەڵگەو بیروبۆچوونی وردو ڕەخنەی واقعیانە لەو سیاسەتە ئەگرت و بەربەرچی ئەدایەوە,کەئەم جۆرە دیالۆگە سیاسیە سەرەتایەکی پڕ بەهایە لەمێژووی سیاسی کورددا.[١٨]

دوای شکستی حکومەتی باشوری کوردستان ڕۆژنامەکانی (ژیانەوە ,ژیان و ژین)شوێنی ڕۆژنامەکانی پێشویان گرتەوە,بەلام بەنەفەسێکی ئەدەبی و خۆ دوور گرتن لەسیاسەت و هەوڵی رازی کردنی ئینگلیزو ڕەخنەی لەحکومەت و دەسەلاتی پێشوو.

لەگەڵ زۆربەی ئەو بەرهەمە شیعری و چیرۆك و پەخشانە هونەریانەی لەم ڕۆژنامانەدا لەماوەی ١٩٢٤ تا ١٩٣٩ بلاوکراونەتەوە ,لەتوانادا نیە لەسەر هەر ژمارەیەکیان بوەستین,تەنیا دوو نمونە دەخەینە بەرچاو:

یەکەم/ئەو زنجیرە وتارانەیە کەشێخ نوری شێخ صالح لەژێرناوی (صنعەت و صەنایعی نفیسە چیە ؟)نووسیویەتی و لەڕۆژنامەی (ژیان)دا بلاوی کردۆتەوە .

د.کامل بەسیر توێژینەوەیەکی چڕو زانستیانەی لەسەر ئەم وتارانە نووسیوەو مافی خۆی داوەتێ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە((شێخ نوری شێخ صالح)لەم بابەتانە هێڵە گشتیەکانی ڕەخنەسازی ڕاستەقینەی کوردی دارشتووەو زەمینەیەکی بەپیتی بۆ ڕەخنەسازەکانی دی خۆشکردووە))[١٩]

دووەم/ئەو وتارەی (سیاپۆش) ئیبراهیم ئەحمەد)کەوەك لاوێکی تەمەن هەژدەساڵ وەك ڕەخنەگرێکی کارامەو بەئاگا لەئەرکی ئەدەب لەقۆناغی دوای شکست و هۆشیار بوونەوە ,بووە سەرئامەدی ململانێی نەوەی نوێ و نەوەی پێشوو,وتارەکەی (سیاپۆش) بەناونیشانی(ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرەکانمان),چەند بابەتێکی ڕەخنەسازی ڕاستەقینە ئەخاتە بەرچاو بەکورتی و پوختی شی دەکاتەوە)[٢٠]

ئەگەرچی د٠کامل بەسیر یەکەم کەس بووە ئەم وتارەی(سیاپۆش)ی بەسەر کردۆتەوەو شەن و کەوی کردووە,زۆر تێبینی دروست و زانستیانەی لەبارەوە نووسیوە,[٢١] بەلأم ئەم وتارە بەلای ئێمەوە(توێژەر) زۆر ڕەهەندی تر لەخۆ ئەگرێت و پێویستی بەلەسەر وەستان هەیە وەك:

١/کاریگەری بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوایی بەسەرەوەیە کەپێش ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەسالأنی ١٧٤٠ تا١٧٨٠ سەری هەلّداو ئاراستەی نوێخوازی بووە,هەموو بەهاو بنەماکانی کلاسیکی نویّ ی ڕەتدەکردەوەو هەلّسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئاراستەی ئەو بەرهەمانە ئەکرد کەکلاسیکی نویّ نوێنەرایەتی ئەکردن,ئەم شەپۆلە زیاتر دەست پێشخەری تاکە کەسی بوو نەك هەولّی بەپلان و ڕیچکخراوی دەستە جەمعی[٢٢]٠

کەواتە ئەم وتارە پێش سەرهەلّدان و دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی یە لەئەدەبی کوردیدا,بەهەلّە بەسەرەتاو جاڕدانی ئەو ڕێبازە لێکدراوەتەوە (سیاپۆش–بلە)یەکەم کەسە بەئازایەتی و ئازادیەوە هێرش ئەکاتە سەر شاعیرانی پێشوو و بەلاسایی کەرو دورە پەرێزو بیّ ئاگا لەکۆمەلّ و واقیع ناویان ئەبات ئەوەتا بیّ هێماو جەفەنگ ئەنووسیّ ((شاعیران ئاوێنەی ژیانی کۆمەلّن وپێشڕەویانن لەژیاندا,بەلأم ئەمانەی ئێمە ئاوێکی لێلّن تارمایی بێگانەیان تیا دیارە قڕەن لەدواوە ئەوڕۆ لەعەسری بیستەمی شارستانیەتی دا لاسایی شاعیرانی فارسی حەوت هەشت عەسر لەمەوبەر ئەکەنەوە ونازانن ئەوان شاعیری زەمانێك و ئەمان شاعیری زەمانێك و زمانێکی ترن,بەلّیّ باشە لاسایی سەعدی و حافزی شیرازی بکەنەوە ,بەلأم داخەکەم نایان گەنیّ,ئەوان سوارن و ئەمان پیادە))[٢٣]

٢/هێلّێکی ئاشکرا بۆ قۆناغی کلاسیکی نویّ و ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەکێشیّ و پێش بلأوکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی وەك(شێخ نوری و گۆران و ڕەشید نەجیب) لەسەرویانەوە(پیرەمێرد), ئەم وتارە جاڕی قۆناغێکی نویّ ئەدات ئەم بانگەوازە دەرئەنجامی مەعریفەیەکی کەلّەکەبوو و هەلّسەنگاندنێکی وردی باردۆخە سیاسی و ئەدەبیەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیە,لەژێر کاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایەکدا نیە بەتایبەت تەوژمی چەپ و بزوتنەوەی نوێخوازی عەرەب و تورك,بەلّکو هەولّی گەڕاندنەوەی شیعرە(کەدیارە شیعر لەو ڕۆژگارەو دواتریشدا پانتاییەکی زۆری ڕۆشنبیری کوردی لەخۆ گرتبوو) بۆ مەداری خۆی بۆ سۆزو هەلّچوون و بەدەنگەوە هاتنی ئەو جوانیانەی لەسروشتا هەن و موناجاتی لەگەلّ ناخی مرۆڤ و ئازارەکانیدا دەکات,ئەوەتا ئەنووسیّ((شیعر ژیانەوبیّ دەنگ و سەنگ هاوار کەرو قیژێنەروروخۆش و مۆنوچاو بەگریان,دەم بە پێکەنین,پڕ لەدلّداری دێت و ئەچیّ........شیعر لەشەوانی لێك براندا فوو لەکورەی دلّداری ئەکا,لەڕێگای ژیاندا چرای هیوا بۆ تێکۆشان هەلّئەکات...))[٢٤]

وەك ئەوەی ئەم وتارە ڕەخنەییە,ئەم توانجە ڕەق و گورچك برانە بەرامبەر بەرهەمی شاعیرانی پێشوومان,قەناعەتی بەسوارچاکانی ئەو ڕەوتە هێنابیّ ئەم بۆچوونانەیان بەپەسەند زانیبیّ,هیچ وەلأمێك نادەنەوە ,بەلّکو چ لەڕووی ناوەڕۆك و وپەیام ودارِشتنی زمانەوە,پشتگیری ئەکەن بەتایبەت(پیرەمێرد)کەسەرسامی خۆی نیشانداوە بەو کوردییە پەتییەی وتارەکەی پیّ نووسراوەو هەر ئەو نازناوی(نیقابداری سیاپۆشی)لیّ ناوە وەك لاوێکی تاقانەو زیرەکی تێگەیشتووی وەك ئاتەش پارە سەیری ئەکات [٢٥]٠

***بەشی سیّ یەم :***

***سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژ :***

وێستگەی گرنگ وپڕ بەرەکەتی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی کوردی,لەدەسالّی تەمەنی گۆڤاری گەلاوێژدا(کانونی یەکەمی ١٩٣٩– ئابی١٩٤٩)دەردەکەویّ کەنەپێشترو نەتاسالأنی حەفتاکانی سەدەی پێشوو بەم شێوەو بەرنامەڕێژییە بەرچاو ناکەویّ,ئەمەش لەبەر گەلیّ هۆ لەوانە:

١/پێش(گەلاوێژ)زمانی کوردی پرش و بلاْوو لەبارودۆخێکی یەکجار نالەباردا بوو,خەلْکێکی زۆر هەبوون لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا,هەستیان بەوە نەدەکرد کەکوردیش خاوەن زمان و ئەدەبی تایبەت بەخۆیەتی,(گەلاوێژ)نەك هەر زمانەکەی بژارکردو کردی بەزمانێکی زیندووی هاوچەرخ بەلْکو یەکەم بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی دانا)٠[٢٦]

٢/جگەلە شیعرو چیرۆك و وەرگێڕان و پەخشانی هونەری و ژانرە ئەدەبیە ڕۆژنامەنووسییە مۆدێرنەکان,لاپەڕەی تایبەتی بۆ هەلْسەنگاندنی ژمارەکانی پێشوو لێکۆلْینەوەو (ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی)تەرخان کردبوو چێژی ڕەخنەیی لای شاعیرو نووسەرانی قۆناغەکەی ژیاندەوەو لەقسەی ناو کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیەکانەوە گواستیەوە بۆسەر لاپەڕەی گۆڤارەکە٠

(گەلاوێژ)یەکەم گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی یە کە بە بەرنامەو پلانی تۆکمەو بەرچاو ڕوونیەوە ,هاتە مەیدانی ئەدەب و هەموو چەشنە ئەدەبیو  ڕۆژنامەنووسیەکانی بەسەرکردەوە , گەرچی پێشتر شیعر شۆڕە سواری مەیدانەکە بوو,هەموو پەیامە مرۆڤایەتی و ئایینی و سیاسیەکانی لەخۆیدا کۆکردبۆوە ,کەئەمەش بۆ قۆناغی وریابوونەوەو هۆشیاری تاکی نەتەوەیەکی دواکەوتوو ئەستەم بوو,پێویست بوو پەخشانی هونەری ئازادانەو ئازایانە بێتە دەنگ و بەشێوازی جیاجیا پەیامی خەفە کراو و پەنگ خواردووی نەتەوەیەك بگەیەنێ,لەم بارەیەوە مامۆستا برایم دەلْێ((من بڕوام وابوو شیعر لەکوردیدا زۆرە بەلاْم پەخشان نەبوو,خەیالْی ئەو وەختەی لاوێتیم وابوو کەدەبێ زمانەکەمان دەولْەمەند بکەین,ئەم زمانە تەنیا بەشیعر دەولْەمەند نابێ و دەبێ بەنووسین بکرێ)) [٢٧]٠

لەسەر وتاری یەکەم ژمارەدا,هەموو نەخشە ڕێگاکان دیاری کراون کەبریتی بوو لە((بژارکردنی زمانی کوردی و پاراستن و کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆن و ماوەدان بەبلاْوکردنەوەی ئەدەبیاتی تازە,تەرجوومەکردنی نووسینی جوان و کتێبی چاکی بێگانە))[٢٨],گەرچی خاوەنی گەلاوێژ لەو ڕاستیە گەیشتبوو کە((ڕەخنە کردەوەیەکی قولْ و وردو ڕێ نیشاندەرەو هیچ بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەگوڕ سنگ بنێ بۆ پێشەوە ,ئەگەر بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تێگەیشتو و پێشکەوتووی لەگەلْدا شان بەشان نەڕوات))[٢٩]٠

بەلاْم لەجێگاو کۆمەلْێکدا کەتازە پرۆژەیەکی ئەدەبی بەهەزار دەردەسەری و ڕەنج و ماندووبوون چاو هەلْدێنێ, ناکرێ ڕەخنە بەو پەیامەوە شان بەشانی دەقە بلاْوکراوەکان,هەولْی ((دۆزینەوەی نهێنیەکانی دوو توێی بەرهەمی ئەدەبی بدات,ئەدەب و هونەر خەملْیو بن تارەخنەش بکەوێتە نەش و نماو ڕسکان))[٣٠] ٠

هەر لەو بڕوایەوە کەهەموو کردەیەکی ڕەخنەیی ئەبێت,سەرەتا بەخوێندنەوەی وردی بەرهەمە ئەدەبیەکە دەست پێ بکات و دواتر شیکردنەوەو هەلْسەنگاندنی ژمارەکان ئەخاتە بەر پێوانەی چێژی خوێنەرو ئەیانخاتە بەرپرسیارێتی بژارکردن و هەلْبژاردنی دەقی باش و ڕێنوێنی گەشەی گۆڤارەکە ,کەدیارە لەئەنجامدا خوێنەری بەئاگا ئەم ئەرکە جێ بەجێ بکات ,لەخۆوە نیە هەر لەژمارە یەکەوە ئەم بانگەوازە بلاْوکراوەتەوە ((گەلاوێژت چۆن ئەوێت.چ باسێ حەز لێ ئەکەیت ,چە ناتەواویەکی تیا ئەبینیت,چۆن بەباشی ئەزانی بۆمان بنوسە))[٣١]

لەشەن و کەوکردنی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لەپێشتر یان لەسەردەمی (گەلاوێژ)دا دەرچوون, وەك(زاری کرمانجی,ڕووناکی,دیاری کوردستان,پەیژە)دەرئەکەوێ کەئەو بلاْوکراوانە خزمەتی زۆریان بەبلاْوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بەشیعروپەخشانەوە کردووە ,بەلاْم وەك ئەوەی گۆشەیەکی دیاری کراو بۆ ڕەخنەو هەلْسەنگاندن جیا بکرێتەوەو بایەخی پێ بدرێت,(گەلاوێژ) سەرئامەد بووە یەکەم هەنگاوی ناوە,(علائەدین سەجادی) وەك شارەزاو ئەندامێکی کارای دەستەی بەڕێوەبەری (گەلاوێژ) و شارەزا لەناوەندی ئەدەبی سەردەمەکەدا ئاماژە بەو ڕاستیە ئەکات,(گەلاوێژ)لەسالْی چوارەمەوە دەرگای بۆ ڕەخنەو لێکۆلْینەوەی ئەدەبی والاْکردو بانگەوازێکی زانستی و سنور کێشراوی بۆ ئەو نووسینانە دانا کەبەمەبەستی ڕەخنە بۆ گۆڤارەکە دەنێرێن کە گرنگە لێرەدا دەقی ئەو بانگەوازە بگوێزینەوە:

((گەلاوێژ لەژێر ئەم ناوەدا –لێکۆڵینەوە– هەر جارە چەند لاپەڕەیەك تەرخان ئەكات,بەلاّم بەو شەرتەی ئەوەی ئەیەوێ لەشتێك بکۆڵێتەوەو لانەدا لەڕێی راست,کەسێ بیەوێ رەخنە لەنووسینێکی ئەدەبی یا لەبڕە شیعرێك بگرێ ئەبێ بەبێ ئەوەی خۆی لەخاوەن مەقالە بگەیەنن,مەرامەکەی خۆی لەرووی ئەدەبیەوە بنوسێ))[٣٢] ,دیارە ئەمە بەمانای سانسۆر نایەت ,بەڵکو شارەزاییە لەناوەندە ئەدەبی و سیاسیەکە,هەست کردنە بەو ئاستەی خوێندەواری کورد لەو قۆناغەدا پێیگەیشتووە کەتا ئەمڕۆش تارمایی و سێبەری یەکتر قبوڵ نەکردن و نەبوونی رایەڵەکانی دایەلۆگی زانستی و پڕ بەها ماون و کایەی رووناکبیری ئێمەی بەرنەداوە٠

کامل بەسیر ئەم بانگەوازە بەڕێ خۆشکەر دائەنێ بۆ دامەزراندنی رێبازی رەخنەی شیکاری(تەحلیلی) کەئەم میتۆدە دەقی ئەدەبی لەرووی رووخساروناوەرۆکەوە هەڵدەسەنگێنێ و بەپێ ی بەهێزی و لاوازیان باری سەرنج دەردەبڕێ[٣٣]٠

ئەستەمە لەم دەرفەتەدا یەك بەیەکی ئەو وتارە رەخنەییانە شی بکەینەوە,بەلاّم بەکوردی ئەتوانین بەسەر سێ جۆردا دابەشی بکەین:

١/رەخنە گاڵتە ئامێزەکانی بێکەس و میرزا مارف,کەزیاتر لایەنی کێش و مانای بەیتەکانی هەڵدەسەنگێنن٠

٢/هەڵسەنگاندن و سەرنجە رەخنەییەکانی رەفیق حیلمی کەلە(شیعرو ئەدەبیاتی کوری)بەشی یەکەمدا بەئەڵقە بلأوکراونەتەوە, رەخنەی لێ گیراوەو تارادەیەك سەرنجی بێ لایەنانەو دروستی هێناوەتە ئاراوە٠

٣/لە هەردوو خاڵەکەی تر گرنگترئەوەیە کە ئەم گۆشەیە دەنگی نەوەی نوێیەو نوێنەری ئەو قەڵەمانەیە کەبەچاوێکی جیهانبینی نوێوە,ناوەرۆك و پەیامی دەقە ئەدەبیەکان بەسەر دەکەنەوەو پشت بەست بەزانیاری نوێ و شارەزایی لەئەدەب و رەخنەی دەوروبەر سەرنجەکان ئەخەنە روو,بەدەر لەوەش تەنیا شیعر ناکاتە ئامانج بەڵکو چیرۆك و وتارەکان بەسەر ئەکاتەوە ,بەکورتی ئەم دەنگە گیانی یاخی بوون و بەرەنگارییە دژ بەلاسایی کردنەوەو جووینەوەی کەرەسەی کۆن[٣٤]٠

گومان لەوەدا نیە ئەم رێبازەی(گەلاوێژ) بۆ رەخنەو لێکۆڵینەوە بەتایبەت بایەخ دان بەنەوەی نوێ,هەنگاوێکی بوێرانەو پتەون و پشت بەستن بەمیتۆدی نوێی و ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا کەرەخنەیەکی زانستی و سەردەمیانە بەناوەندی ئەدەبیمان ئاشنا بکات و بناغەیەك بۆ ئایندە دامەزرێنێ,بەلاّم داخستنی گۆڤارەکە هەموو ئەو ئاوات و خەونە رووناکبیریانەی خاوەنی گەلاوێژو نووسەرانی کوردستانی لەباربردو زەبری کوشندە بەر (رەخنە) کەوت[٣٥] ٠

***ئەنجام:***

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچەند خاڵێکدا چڕ ئەکەینەوە:

١–رەخنەی رۆژنامەنووسی,لایەنی زاڵە لەناو رەخنەی ئەدەبی کوردیداو رۆژنامەو گۆڤارەکان,هەر لەسەرەتاوە بایەخیان بەم جۆرە رەخنەیەداوە٠

٢–بەهۆی کورت بڕی وکورتی ماوەی دەرچوون و سانسۆرو راوەدوونانی نووسەرو شاعیرو ئەدەبیاتی کوردەوە ,نەتوانراوە بەهێڵێکی راست و تەواوکەر رەخنەو بەتایبەت رەخنەی رۆژنامەنووسی تۆکمە ببێت و پەیامی خۆی بگەیەنێ و خوێنەرو نووسەران بەم زانستە پڕبایەخە رابهێنێ٠

٣–زیاتر رەخنە ئاراستەی شیعر کراوە,شیعر بۆ ئامانج و مەبەست و شاعیران کەوتونەتە بەر رەخنە,ژانرەکانی تری ئەدەب وەك چیرۆك و پەخشانی هونەری,زۆر کەم بەسەر کراونەتەوەو بایەخیان پێدراوە٠

٤–بەگشتی رەخنەی رۆژنامەنووسی لەم قۆناغەدا ١٨٩٨–١٩٤٩ زیاتر مەزاجی و انتقائی یە واتە لە(ئارەزووی خاوەنەکەی و هەڵبژێرگەرایی)یەوە سەرچاوە ئەگرێ,ئەمەش سەرەتایی ترین شێوازی رەخنەیە٠

٥–مەبدەئی یەکتر قبوڵ کردن و قەناعەت بەراوبۆچوونی بەرامبەر دەگمەنەو دەنگی کورت بینی و خۆبەراست زانی ,زاڵەو بەهۆیەوە زمانی زبرو تانەو تەشەری کەسێتی خۆی خزانۆتە ناو ڕەخنەوەو لادان لەمەبەست دەردەکەوێ و سەرنجە وردو دروستەکانی تەماوی کردووە٠

٦–وەك تایبەتمەندی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی,وتارەکان کورتن و گشتگەراین و وەك ڕەخنەی بەکۆ (النقد بالجملە) بەرچاو دەکەون٠

٧–جۆرو شێوازەکانی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی جیاوازی هەر کەناڵێ بەپێ ی سیستەمی خۆی و دەرفەت و ژمارەی لاپەرەکانی هەڵسو کەوت لەگەڵ (ڕەخنە)دا ئەکات,ئەم دیاردەیە لەناو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە وەك ئەوەی ئەو دەرفەتەی بۆ گۆڤارەکان هەڵکەوتووە زۆر ترو بەرین ترە لەلاپەڕەی ڕۆژنامەکان و وردترو تایبەتمەندی تر ڕایەڵەکانی ڕەخنەی زانستی خراونەتە ڕوو٠

٨–زمانی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی سادەو بێ گرێ و گۆڵە,هەموو خوێنەرێکی ئاسایی تێیدەگات و لەمەبەستی ڕەخنەگر حاڵی دەبێ,لەئامانجدا ڕۆژنامەنووسی ئەیەوێت بەزوویی مەرامەکانی بگەیەنێتە خەیاڵدان و دڵی خوێنەر پێش ئەوەی بگاتە هزرو بیرکردنەوە٠

٩–ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی زیاتر(خودی)یە,راوبۆچوونی مەزاج و ئاستی خوێندەواری خاوەنەکەی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە بەو پێیەش بەشێوەیەکی ئاسۆیی زانیاری دەبەخشن و نووسەر هەوڵ ئەدات شانازی بەو سەرنج و تێبینیانەوە بکات کەدەری دەبڕێ بەرامبەر, بەبێ تواناو کەم شارەزایی نیشان بدات,ئەم دیاردەیە تا ئەمڕۆ لەبەرۆکی ڕەخنەسازی کوردی نەبۆتەوە٠

١٠–زۆربەی جار پێڕەوی هەنگاوەکانی ڕەخنەی زانستی نەکراوە وەك((خوێندنەوەی یەکەم و فیت باك و شیکردنەوەو دایەلۆگی ئاشکرا لەگەڵ دەقداو دوایی بڕیاری کۆتایی لەلایەن ڕەخنەگرەوە,پشت بەست بەو دوو هەنگاوەی پێشوو زیاتر بڕیاردان و تاوانبارکردنی بێ بەڵگەو شیکردنەوەی سیمای وتارە ڕەخنەییەکان بووە٠

١١–لەگەڵ ئەم تێبینیانەدا نابێ نکوڵی لەو ڕاستیە بکەین,کەئەو هەوڵانە بەپێوانەی قۆناغ و سەردەمی خۆی لەکەش و هەوای ململانێی سیاسی و دواکەوتوویی کۆمەڵ و لەبەرامبەر زەبری داگیرکەرو هەوڵی سڕینەوەو کڵۆم کردنی هەموو هەوڵێك کەنیازی گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی دابێت ,گرنگ و پڕبایەخن و سەرەتایەکی باشن بۆ لەیەکتر نزیك کردنەوەی بیرو راو ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەچەند بۆچوون و ئاراستەی پێچەوانە٠

## ملخص البحث

الصحافة و منذ البداية لدى الكرد تشغل ميداناً فسيحاً كي يخدم فيها الصحفيون و ذلك من أجل إزدهار الادب الكردي بكل نواحيه ، النقد الادبي كعلم معاصر كان و مايزال محل الإهتمام و خاصة بعد أن أتت إلى الوجود المدارس النقدية في الغرب بالإضافة إلى ذلك فمنذ بداية القرن العشرين و النقد الأدبي و النقد الصحفي كفرعين متشابهين و مختلفين في آن معاً كانا مثار الإهتمام و كتبت فيها البحوث ، فالنقاد الكرد إنشغلوا كثيراً بالنقد الأدبي الكردي و لم يهتموا بالجانب الصحفي ذلك الإهتمام الذي يستحق الذكر هذه الدراسة محاولة علمية تتناول تلك الأقلام النقدية التي كتبت في صحفات الجرائد و المجلات الكردية و كان لهم الأثر البارز و ذلك نتيجة تجاربهم و المامهم بالأدب الغربي و أدب دول الجوار بمحاولاتهم الجريئة أوصلوا الأدب الكردي إلى ما هو عليه الآن حيث إنه في مصافي أدب الأقوام الأخرى ، أرجو أن أكون قد وفقت في إشعال بصيص في هذا الجزء المعتم في الأدب الكردي والله في وراء القصد .

**Abstract**

In general Kurdish press is the wide domain for developing Kurdish literature from its beginning. As a modern science literary criticism is concerned about, specifically after critical schools appearing in west. Along with literary and journalist criticism at the beginning of 20th century sometimes as a similar and sometimes as a difference branch attracts scholars that's why most of their researches they are in literary criticism field than in press field. This research is a scientific attempting to deal with all press Kurdish critical works that they have noticeable trace as a sequence of their experiments about west and east literature, specifically about Arabic, Persian, and Turkish literature. According to their notice and daring attempts in criticism, they make Kurdish literature reaches to its position, and now we can say that Kurdish literature equals to other nations literature.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١– محمد دلێر أمین میسری(ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا لەمێژووی هاوچەرخدا(١٩٢٢–١٩٢٤)ل ١٦

٢– الدکتور عبدالستار جواد,(النقد الصحفي الموسوعة الصغيرة)ص٤١٩,دار الثقافة والاعلام,بغداد١٩٩٩

٣– بڕوانەمستەفا سەیید ئەحمەد(نەریمان) بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی,لەچاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد,بەغدا١٩٧٧ ٠

٤– سەعید محمد عبدالله,ئەکتیڤیەتی چەمکی رەخنەی ئەدەبی لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی کوردستانی عێراق–کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٥–١٩٧٠,گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی b ژ ٣١ ئازاری ٢٠١١ ٠

٥– د٠فەرهاد پیربال,کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی١٨٩٨–١٩٠٢ ,لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ,سلێمانی ٢٠٠٠ ل ٥ ٠

٦– ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ –١٩٠٢ ,ژ٢٠ ل٤ ٠

٧– د٠عیزەدین مستەفا رەسول,خانی و رەخنەی ئەدەبی ,گۆڤاری (نووسەری کورد) ,ژ٥ ,١٩٧٢ ,ل٤٦ ٠

٨– کوردستان,ژ٣ ,ل٣ ٠

٩– گۆڤاری رۆژی کورد,ئەستەموول ١٩١٣ ٠

١٠– د٠کەمال مەزهەر ئەحمەد,تێگەیشتنی راستی و شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا,لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد,چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد,بەغدا١٩٧٨ ل١٦٤ ٠

١١– ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)ژ ٢٠ ٠

١٢– الدکتور عبدالستار جواد, ل٩٨ ٠

١٣–پێشکەوتن ,ژ ٧٥,٧٤,٧٣ وتارەکە بەناونیشانی(موتالەعەی ئاساری ئەدەبی)٠

١٤–پێشکەوتن ,ژ٤٢ ٠

١٥–عەلی کەمال باپیر ئاغا,گولدەستەی شوعەرای هاوعەسرم,چاپخانەی پێشکەوتن,سلێمانی١٩٣٩ ٠

١٦– دیوانی ئەحمەد موختار جاف,بەغدا,١٩٨٦,ل١٠٦ ٠

١٧–بڕوانەڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان,ژ٩ ,س١ ,١٧ کانوونی دووەم ١٩٢٣ ٠

١٨–بڕوانە ڕۆژنامەکانی (ڕۆژی کوردستان)و(ئومێدی ئیستقلال)و ڕۆژنامەی(عێراق و ) ساڵانی ١٩٢٣–١٩٢٤ ٠

١٩–د٠کامل حسن عزیز البصیر,شێخ نوری شێخ صالح,لەکۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازی دا,چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق,بەغدا,١٩٨٠ ٠

٢٠–بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەو وتارەی سیاپۆش,بڕوانە ڕۆژنامەی ژیان,ژ٢٣٥,س٧ ,٢٥ گەلاوێژی ١٩٣٢ ,هەروەها گۆڤاری یادگاری لاوان,ساڵی ١٩٣٣ ,ل٣٣ ٠

٢١–بڕوانە کامل حسن بەصیر,ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردن,کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا١٩٨٣ ,هەروەها د٠کامل حسن بەسیر,وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی,چ١ ,چاپخانەی دار الجاحظ,بەغدا ١٩٩٠ ٠

٢٢–لیلیان فیرست,الرمانتیکیه,ترجمه عدنان خالد,بغداد ١٩٧٨,ص٤٥ ٠

٢٣–ڕۆژنامەی ژیان,ژ٢٣٥,یادگاری لاوان ل٣٣ ٠

٢٤–بڕوانە ڕۆژنامەی (ژین) ژ٨٤٠,ئەیلولی ١٩٤٦ز,خوادایەوە ,نووسینی پیرەمێرد٠

٢٥–د٠عەبدوڵا مەردۆخ,چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد,لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ژین,چاپخانەی کارۆ,سلێمانی٢٠١٠ ل١٩–٢٠ ٠

٢٦–هەر ئەو سەرچاوەیە ل١٠٣ ٠

٢٧–گۆڤاری گەلاوێژ,ژ١,س١,کانونی یەکەم ١٩٣٩ ل٢ ٠

٢٨–عەزیز گەردی,ئەدەب و ڕەخنە,بەغدا١٩٧٤,ل٢٨ ٠

٢٩–هەر ئەو سەرچاوەو لاپەڕەیە٠

٣٠–گۆڤاری گەلاوێژ,ژ١ ,کانونی یەکەم١٩٣٩ ,ل٢٠ ٠

٣١–بڕوانە عەلادین سەجادی,نرخ شناسی ,چاپخانەی مەعارف,١٩٧٠,ل١٩٧ ٠

٣٢–گەلاوێژ ژ٨,س٤,ئابی ١٩٤٣ ,ل٣٠ ٠

٣٣–بڕوانە د٠کامل حسن بەسیر,ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەو کردن,سەرچاوەی پێشوو ,ل١٤٤ ٠

٣٤–بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم دەنگە نوێیە بڕوانە:

أ/محمد دلێر أمین ,ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا,چ١,لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری–بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە,٢٠٠٤,ل٨٩ تا٩٨ ٠

ب/ڕەخنەکانی (سارێژ),گەلاوێژ,ژ٢ س٩,١٩٤٨,ل٢٠(چاوپیاخشاندنێك بەژمارەی پێشوودا)٠

ج/گەلاوێژ ژ٤,س٩–١٩٤٨ ل٥٨ ٠

٣٥–بڕوانە فائق بگی,صحافه العراق تأریخها وکفاح اجیالها,بغداد,مطبعة الادیب البغدادیه١٩٦٨ ٠

# ئاستی راستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**د. هێرش رەسوڵ موراد**

**سەرۆکایەتیی زانکۆی را پەڕین**

**پوختەی توێژینەوەکە:**

بابەتی ئەم توێژینەوەیە (**ئاستی راستگۆیی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا**)، پەیوەستە بە کرۆکی پەیوەندیی نێوان راگەیاندن وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لە کۆمەڵدا لەلایەك و، لەلایەکی دیکەشەوە، کۆمەڵ خۆیشی، بە تاك پێکهاتە و کۆ پێکهاتەکانییەوە. هاوکات، لەو بابەتە زیندوانەشە کە زۆر گفتوگۆی جددیی تاکەکانی کۆمەڵی لێکەوتۆتەوە، بە تایبەت بژاردەکان. لێرەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە پوختدەکرێتەوە لە (ناڕۆشنیی ئاست و سنوری راستگۆیی کاری راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا).

توێژینەوەکە لە بایەخی بابەتە سەرەکییەکەیەوە، واتە (راستگۆیی) سەرچاوەدەگرێت، کە بۆتە تەوەرێکی گرنگ و، لە هەردو ناوەندی بژاردە و جەماوەردا وەکیەك بە چڕی گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی بەو ئایدیا و مانایانەی لە خۆیان دەگرێت سەبارەت بە پێداویستییە گرنگەکانی کۆمەڵ، لە روی کۆمەڵایەتی و زانستی و ناسەوانی و میدیاییەوە، سەرەڕای ئەوەی لە توێژینەوە دەگمەنەکانە لەم بوارەدا بە زمانی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە، ئامانجی پەیبردنە بەو سنوری راستگۆییەی کە میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا پێیگەیشتوە و، ئاشکراکردنی ئاستەکانی، لە روی مامەڵەکردنی دروست و لۆژیکی لەگەڵ ئەو بنەما گرنگەی کاری راگەیاندندا، لە پاڵ زانینی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە راگەیاندنیان بەو ئاستە گەیاندوە.

توێژینەوەکە لە ریزی ئەو توێژینەوە (وەسفی)یانەیە، کە بایەخی بنچینەیی بە تاوتوێکردنی ئەو روداوانە دەدات، کەوا پەیوەستن بە بگۆڕی بابەتە سەرەکییەکانییەوە و، لێتوێژینەوەی رونی ئەو تەمومژ و گرفتانەی تێیدان، ئەمەش بە ئامانجی دیاریکردنی ئەو ئاماژانەی کە تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی بە دیاردەکانی دەوروبەری ئاساندەکات. وەکچۆن میتۆدی (روپێوکاری) بەکارهاتوە، لەپێناو هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی کە ئەم توێژینەوەیە بەدوایاندا دەگەڕێت، لە روانگەی گونجانی لەگەڵ بابەتەکەدا، بە گوێرەی ئەوەی کە زۆربەی توێژینەوە زانستییەکانی پێشو جەختیان لەسەر کردۆتەوە.

هەروا لەو دەرەنجامە گرنگانەی، کە لە رێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هاتونەتەدی، ئەمانەن:

أ. راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، زۆرترین پشکی لەنێو ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا بەردەکەوێت، لە روی گرنگینەدانی بە پێوەری (راستگۆیی) میدیاییەوە.

ب. فاکتەری سیاسی، بە کاریگەرترین فاکتەر هەژماردەکرێت بۆ پابەندنەبونی راگەیاندنی کوردی بە بنەمای (راستگۆیی) لە هەرێمی کوردستاندا.

پ. پشتنەبەستنی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتی جیددی لە سازاندنی پەیامە میدیاییەکان، کە بڵاویاندەکاتەوە و دەیانخاتە بەردەم وەرگر.

## پێشەکی:

بابەتی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن لە ریزی بابەتە جێبایەخ و هەستیارەکان هەژماردەکرێت، چونکە پەیوەندیی راستەوخۆی هەم بە پەیرەوکردنی ئازادانەی میدیا و، هەم بە ئازادیی تاك و کۆمەڵەوە هەیە. وەکچۆن بەهۆی پەیوەستبونییەوە بە فەلسەفەو ئاینە دێرین و هاوچەرخەکان و سیاسەت لەلایەك و، پەیوەستیی بە ئازادیی رادەربڕین و راگەیاندن لەلایەکیترەوە، بە سروشتی خۆی بابەتێکە نە ئاسان و نە ئەستەم.

سەرەڕای ئەوانە، ئێتیکی کاری میدیایی بابەتێکی نوێیەو، هێشتا هەر پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، بەتایبەتیش لەئەنجامی ئەو پەرەسەندنە گشتگیرەی کە راگەیاندن بەخۆیەوە دەبینێت لەمیانەی ئەم جیهانگیرییەدا، واتە بەریەککەوتنی فراوانتری کۆمەڵ و تاکەکانی لەگەڵ تەکنۆلۆژیای گەیاندنی نوێدا (الإتصال الجديد).

پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە، وەك زنجیرەیەك پێوەر لەپێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی پیشەییدا، رۆڵی بەرچاویان لە کایەی راگەیاندندا هەیە و، کاتێك میدیاکار لە میانی پیادەکردنی کارەکەیدا یەکێك لەو بنەمایانە پێشێلدەکات، یان وەك پێویست رەچاویناکات، کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتەسەر پەیامەکانی و جێکەوتەکانیان.

راستگۆیی (الصدق– Honesty)یش یەکێکە لەو بنەما بایەخدارانەی ئێتیکی کاری راگەیاندن، کەوا لە پاڵ پێوەرەکانی دیکەدا رۆڵیان لە دروستکردنی بڕوا و متمانەی وەرگر هەیە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەمەش لە کاتێکدا کە پیشەییانە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، بە پێچەوانەشەوە، دەبێتەهۆی لەدەستدانی ئەو بڕوا و متمانەیە لای جەماوەر.

لە سۆنگەی ئەوەشەوە، هاوچەرخی و ئاڵۆزیی پرسی ئێتیکی پیشەی میدیا لە چێوە زانستییەکەیدا لەلایەك و، لەلایەکی دیکەشەوە، بارودۆخی نوێی راگەیاندنی کوردی لە باشوری کوردستان، بە تایبەت دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ و پاشان روخانی رژێمی سەددام لە نیسانی ٢٠٠٣دا و، هاتنەکایەی سەدان کەناڵی راگەیاندن بە جۆر و ئاراستەی جیاوازەوە، ئاماژەن بۆ پێویستبونی ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی بابەتی ئاستی (راستگۆیی) میدیای کوردیی، سەرەڕای سانانەبونی.

هەر لەچێوەی ئەو تێڕوانینەشدا، ئەم توێژینەوەیە بە ئاراستەی گەیاندن و نزیکخستنەوەی راگەیاندنی کوردی لە سنورەکانی پرۆفێشناڵبون، هەنگاوەکانی کەوتەڕێ و بەرجەستەبو.

## یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١– بایەخ و پێویستیی توێژینەوەکە:

رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت کە بڵێین، هەرێمی کوردستانی عیراق لە کۆی کایە جیاوازەکانیدا بە گشتی، تاڕادەیەکی زۆر کێڵگەیەکی دەستلێنەدراو و لەبارە بۆ لێتوێژینەوە و کارتێداکردنی زانستی و ئەکادیمی. هەڵبەت راگەیاندنەکەشی یەکێکە لەو بوارە دیارانە، کەوا بە چەند هۆکارێکی جیا جیا کەمترین کاری جددیی زانستی لەسەر کراوە، لەبەرئەوە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی توێژەرەوە پێویستییەکی حەتمی بو.

هەروا توێژینەوەی زانستی تەنها جەخت لەسەر بایەخێکی دیاریکراو لە بواری پسپۆڕییەکەدا ناکاتەوە، ئەمەش وایکردوە ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوەوە گرنگی و سودی تایبەتی هەبێت:

أ. **بۆ کۆمەڵ:** ئەمەش لە بایەخی ئێتیکی پیشە و کاریگەری بۆ سەر متمانەی وەرگرەوە سەرچاوەدەگرێت.

ب. **بۆ زانست و تیۆر:** لەپێناو پەرەدان بە لایەنی ئەکادیمی و تیۆریی راگەیاندن.

پ. **بۆ کاری میدیایی:** بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی میدیاکاران و پێشخستنی کەناڵەکان.

**٢- کێشەی توێژینەوەکە:**

میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لە بۆنە و بێ بۆنـەدا بـەردەوام جـەخت لەسـەر ڕاسـتگۆیی کەناڵەکـە و پەیامـەکانیان دەکەنەوە، هەروەك میدیاکارانی هەرێم هەمیشە باسی بونی ئەوپەڕی متمانە دەکەن، کەوا لای وەرگـرەوە بەدەسـتیانهێناوە، بەڵام ئەم بابەتە پێویستیی بە سەلماندنی زانستی و ساغکردنەوەی بابەتی و بێلایەنانەی ئەکادیمی هەیە، لەبەرئـەوە توێـژەر هەوڵدەدات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئەم پرسیارانەی خوارەوەوە ناوەرۆکی کێشەی توێژینەوەکەی ڕونبکاتەوە:

أ. (**ڕاستگۆیی**)ی کەناڵـە جیاوازەکـانی میـدیای کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا لـە پێـشکەشکردنی پەیامەکانیانـدا لـە چ ئاستێکدایە؟

ب. هۆکارەکانی لەبەرچاونەگرتنی (**ڕاسـتگۆیی**) وەك بنەمایـەکی گرنگـی ئێتیکـی پیشە، لـە ڕاگەیانـدنی کـوردیی هـەرێمی کوردستاندا چیین؟

پ. ئـەو ئاراسـتەیەی میـدیای کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا کامەیـە، کـەوا زیـاتر لـە ئاراسـتەکانی دیکـە، پرەنـسیپی (**ڕاستگۆیی**) ڕەچاوناکات؟

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:**

بە لەبەرچاوگرتنی کێشە و پرسیارەکانیش، توێژینەوەکە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك دەدات، دیارترینیان:

أ. زانـینی ئاسـتی (**ڕاسـتگۆیی**)ی کەناڵـە جیاوازەکـانی میـدیای کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا لـە پێـشکەشکردنی پەیامەکانیاندا.

ب. دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لەبەرچاونەگرتنی (**ڕاستگۆیی**) وەك بنەمایـەکی گرنگـی ئێتیکـی پیـشە، لـە ڕاگەیانـدنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا.

ج. ئاشکراکردنی ئەو ئاراستەیەی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردسـتاندا، کـەوا زیـاتر لـە ئاراسـتەکانی دیکـە، پرەنـسیپی (**ڕاستگۆیی**) ڕەچاوناکات.

**٤- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ڕوی جـۆرەوە بـە (توێژینـەوەی وەسـفی) دادەنرێـت، بـەو پێیـەی لـە بابـەتێکی میـدیایی دەکۆڵێتـەوە لـە چوارچێوە گشتییەکەیدا لـە بازنـەی وەسـفی زانـستیی میتـۆدیی پـشتبەستو بـە پێـدراوە واقیعییـەکان لـە ئێتیکـی پیـشەی ڕاگەیاندن و بنەماکانی، وەکچۆن توێژینەوەکە (میتۆدی ڕوپێوکاری) بـەکاردێنێت لـە چوارچـێوەی ڕوپێـویکردنی جـەماوەری کەناڵەکانی میدیا و ڕوپێویکردنی هەندێ لایەنی ناوەرۆکی میدیایی بۆ ئاشکراکردنی تەوەرەکانی پەیوەست بە ناوەرۆکەکـە و بۆچونی جەماوەر بەرامبەر بابەتی توێژینەوەکە.

**٥- ڕێگە و ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێگەی ڕاپرسی (الإستبانة) گیراوەتەبەر و، وەك ئامرازێك بۆ زانـینی گۆشـەنیگای بژاردەیـەکی وەرگرانـی هەرێمی کوردستان کـە مامۆسـتایانی زانکـۆی سـلێمانی-ن بـەکارهێنراوە، ئەمـەش بەوپێیـەی ڕاپرسـی ئـامرازێکی بنـەڕەتی توێژینەوەیە بۆ لێتوێژینەوەی مەیدانیی جەماوەر و، زانین و پێوانەکردنی تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ئاسـتی لەبەرچـاوگرتنی (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بە جیاوازیی ئاراستەکانییەوە.

**٦- بوار و کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە هەر سێ بوارە سەرەکییەکەی وەرگرتوە:

أ. **بواری کات**: خۆی لە رێوشوێنی مەیدانی دەبینێتەوە لەسەر بەرتوێژان (المبحوثین) لە ماوەی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣دا.

ب. **بواری شوێن**: پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە، کە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لەو پارێزگایەدا وەرگیراون.

ج. **بواری مرۆیی**: ئەم بوارە و کۆمەڵی توێژینەوەکەش خۆی لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی دەدۆزێتەوە، لە نێر و مێ، لە دەستەی وانەبێژیی خاوەن ناونیشانی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر)، لە هەردو پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان. بەو پاساوەی مامۆستای زانکۆ نوێنەرایەتیی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کەوا تائەندازەیەکی زۆر لە روی رۆشنبیری و هۆشیاری و ناسەوانی (مەعریفە)وە بەهرەمەندە و، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە لە چین و توێژەکانی دیکە گونجاوترە. هەروا ژمارەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی دەگاتە (١٣٥٥) مامۆستا، (٨٠٢) لە پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان و (٥٥٣)ش لە پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان[1]، لەم توێژینەوەیەشدا سامپڵێکی هەڕەمەکیی رێکخراو (عینة عشوائیة منتظمة) لە کۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە رێژەکەی دەگاتە (١٥٪) و مامۆستا وەرگیراوەکانیش (٢٠٣) مامۆستان، (١٢٢) لە پسپۆڕیی زانستە سروشتییەکان و (٨١) لە پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان.

## دوەم: چەمکی ( راستگۆیی ) لە چوارچێوەی ئێتیکی پیشەی راگەیاندندا

### أ. ئێتیکی پیشەی راگەیاندن:

وەك دەروازەیەکی سانا بۆ چونەنێو تەوەرەکە سەبارەت بە (ئێتیکی پیشەی راگەیاندن)، سەرەتا وا پێویستدەکات بە کورتی تیشکبخەینەسەر چەمکی (ئێتیك)، پاشان ئاماژە بۆ چەمکی (ئێتیکی پیشە) بکەین.

ئێتیك، یەکێکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکانی ناو زانستە مرۆییەکان و خاوەنی رەهەندی جیاوازە، بۆیە پێناسەکردنێکی گشتگیر و گونجا و بۆی، کە زۆرینە لەسەری کۆك بن، کارێکی ئەستەمە.

چەمکی ئێتیك (Ethics) لەگریکەکانەوە هاتوە، ئەوان وشەکەیان لەڕوی فەلسەفییەوە کردۆتە سێ بەشەوە: (Aethetics) بریتیبو لەتوێژینەوەی (جوانی)، ئاخۆ چۆن کەسێك دەتوانێت بە بێ پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەکانی خود بە تەنها، جوانی شیبکاتەوە. ئەپستمۆلۆژی (Epistemology) توێژینەوەی زانستی ناسەوانی (علم المعرفة) بو، گفتوگۆ بو دەربارەی ئەوەی (فێربون) لە چی پێکدێ و، بۆ ئاوەزی مرۆڤ چی شایەنی زانینە. (Ethics) توێژینەوەبو دەربارەی (چی باشە؟) هەم بۆ تاك و هەم بۆ کۆمەڵیش[2].

لە روی زاراوەییەوە، ئێتیك، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی مرۆڤ، کەوا لەسەر دیسپلین و رێکخستنی رەفتاری مرۆڤ وەستاوە لە سەرجەمی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ هەڵاوێردکردن، لەماڵەوەو لەگەڵ خێزاندا، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، لە کارکردن، لە سیاسەت، لە زانست و لە شوێنە گشتیەکاندا[3].

1 بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و نەخشەکێشانی زانکۆی سلێمانی، تشرینی دوەمی ٢٠١٣.

2 Philip Patterson, Lee Wikins: Media Ethics: Issues and Cases, 6th edn. (New York: Higher Education, 2008), p4.

3 د. مصطفى حسيبة: المعجم الفلسفي، (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩)، ص ص٤٠–٤١.

جێی سەرنجە، رەگوڕیشەی وشەکە مانای "داب" یان "نەریت" دەگەیەنێت، ئێتیک ریشەی بنچینەیی رەفتارە کە سودی بەردەوام بەکۆمەڵ دەبەخشێت. یۆنانییەکان بە چاکەکانی تاکەوە پەیوەستبون، لە: پتەوی، دادپەروەری، مامناوەندێتی و دانایی، ئەمە وێڕای چاکە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نمونە: ئازادی[٤].

دو هەزار ساڵ دواتر، ئێتیک بەواتای فێربون لەسەر بڕاردە ئەقڵانییەکانی باش و خراپ دێت، لەنێوان ئەوە چ کارێک پاساوی ئێتیکی هەیە و چ کارێکیش نا[٥].

هەروا سەبارەت بە پیشە (المهنة– Profession)، بریتییە لە هەوڵی رەنج بۆ کێشراوی هزری، یان جەستەیی، بۆ هێنانەدیی سودی دنیایی، ئیتر رەوا بێت یان یاساغ[٦]. کەواتە، مەبەست لە ئێتیکی پیشە–ش، ئەو هەڵسوکەوتانەن، کە تاکەکانی کۆمەڵ لە میانی پەیڕەوکردنی پیشەیەکدا، ئەنجامیدەدەن، یان کۆمەڵێ رێسای باوە لای خاوەنانی پیشەیەک، بە شێوەیەک کە رەچاوکردنیان ببێتە مایەی پارێزگاریکردن لە کار و پایەکەی[٧].

وەك سەرچاوە زانستییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئێتیکی راگەیاندن، کۆمەڵێ بەها و بنەمای ئاکاری و رەفتارین، میدیاکار لە میانی پەیڕەوکردنی کارەکەیدا پێیانەوە پابەنددەبێت، وەکئەوەی هەموان لە دامەزراوە میدیاییەکەدا پێیەوە پابەنددەبن. ئەم ئێتیکە خۆی لەو بەها گشتی و نەریت و هەڵسوکەوتانە دەبینێتەوە، کە هەندێکیان گشتی و هاوبەشن، وەك بەهاکانی (راستگۆیی، پاکێتی و هاوسەنگی)، هەندێکیشیان تایبەتن بە کۆمەڵ و دامەزراوەکان[٨].

(المعجم الاعلامي)یش، لەگەڵ ئەوەی پێیوایە، (ئێتیکی راگەیاندن) هێشتا هەر مایەی مشتومڕە، بەڵام چەمکەکە پێناسەدەکات بەوەی، بریتییە لە کۆمەڵێك بەهای پەیوەست بە پیشەی راگەیاندنەوە، کە میدیاکاران لە پرۆسەی هەڵگۆزینی هەواڵ و، بڵاوکردنەوە و لێدوان لەسەریان، پێیانەوە پابەندن، هەروا لە خستنەڕوی بۆچونەکانیاندا و، لە بەجێگەیاندنی ئەرکە جیاوازەکانی میدیادا[٩].

پاڵپشت بەو راستییانەش، ئێتیکی پیشەی راگەیاندن، کۆمەڵێ پێوەرە، کە میدیاکاران ئارەزومەندانە و لەسەر بنەمای ویژدانیی خۆیان، لە میانی پیادەکردنی پیشەکەیاندا رەچاوی دەکەن، بەو ئامانجەی بگەنە ئاستێکی باڵای پیشەیی.

ئەو ئاستە باڵایەش کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بریتییە لە "پرۆفێشناڵێتی"، بەو پێیەی پرۆفێشناڵ (المحترف– Professional) بە کەسێك دەوترێت، کە شارەزایی و لێهاتوییەکی تایبەتی لە بوارێکی تایبەتدا هەبێت و بەو هۆیەوە بتوانێت سەرمایەی ماددیی بۆ خۆی دەستەبەربکات[١٠]. بۆیە کاتێك پیشەکارێك پارێزگاری لە بنەماکانی پیشەکەی ناکات، دوچاری هەڵە دەبێت، هەروا کاریگەری و شوێنکاری هەڵەی پیشەیی و ئێتیکی میدیاکاریش، ئەگەر لە هەڵەی پزیشك، یان ئەندازیار، یان پارێزەر و مامۆستایەك یان هەر خاوەن پیشەیەکی دیکە زیاتر نەبێت، لە هی ئەوان کەمتر نییە. وەکچۆن زۆرجار زیاتریشە و رەنگە بابەتێکی رۆژنامەنوسی، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان پێشێلکاریی ئێتیکی تێدایە، ببێتەهۆی چەواشەکردنی کۆمەڵ، یان گروپێکی گەورەی کۆمەڵایەتی، یان داڕماندنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵ و تاکەکانی، یان بەلاڕێدابردنی نەوەیەك، یاخود شێواندنی فاکتێك، کەوا کاتێکی زۆری دەوێت تاکو راستدەکرێتەوە[١١].

---

4 Philip Patterson, Lee Wikins: Op.cit. p4.

5 Ibid. p4.

6 د. محمد شرعي أبو زيد (إعداد): أخلاقيات المهنة (دراسة مقرر)، جامعة الطائف– كلية الآداب، ص٥. دراسة مقررة متاح على العنوان الإلكتروني الآتي:
http://www.sharei.net/stud/s_t_343_ff/1404104.pdf?UserID=1404104

7 د. مصطفى حسيبة: مصدر سابق، ص٤١.

8 د. جورج صدقه: الأخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ١٩٩٩)، ص١٥.

9 د. محمد منير حجاب: المعجم الإعلامى، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤) ص ص٣٣– ٣٤.

10 رێبوار سیوەیلی: نوسین و بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦)، ل١٧٩.

11 د. هێرش رەسوڵ: ئێتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣)، ل١١٢.

**پایەکانی ئێتیکی کاری راگەیاندن:**

وەکچۆن شارەزایان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، دیارترین پایەکانی ئێتیکی کاری راگەیاندن لەم تەوەرانەی خوارەوەدا کورتدەکرێنەوە:

یەکەم: **بیرکردنەوەی ئێتیکییانە:**

واتە میدیاکار بەر لە سازاندن (تحریر)ی هەواڵ، یان بڵاوکردنەوەی وێنەکان، دەبێ بە شێوەیەکی ستراتیژیانە بیربکاتەوە، بیرکردنەوە بە قوڵی لە سەرجەمی ئەو هەڵوێستانەی کە لە کاتی پرۆسەی رومالکردندا روبەرویاندەبێتەوە، لە میانی لێکۆڵینەوەی کۆی ئەڵتەرناتیف و پێشنیارەکان، بەمشێوەیەی خوارەوە[١٢]:

١. جێگرەوە (ئەڵتەرناتیف)ەکانت لەبەردەمی خۆتدا دابنێ: ئایا دەتوانم بڵاویان بکەمەوە یان نا؟ دەتوانم بنوسم یان نا؟

٢. ئایا ئەوەی دەیخەمەڕو بە زەقی (بارز) بێت، یان لە شوێنێکی لاوەکیدا بێت؟

٣. بۆ ماوەیەك چاوەڕێ بکە تا زانیاریی زۆرترت دەستدەکەوێت بەر لە بڵاوکردنەوە.

٤. پێش بڕیاردانەکانت لە زیان و سودەکانی بڵاوکردنەوە بکۆڵەرەوە، هەروا لە گرنگیی ئەو بابەتەش کە بە نیازی بڵاوکردنەوەیت و، گونجانیشی بۆ جەماوەر.

دوەم: **راستگۆیی:**

متمانە و راستبێژی بە پاڵنەری ئەدەبیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمی راگەیاندن دادەنرێن، (راستی) بزوێنەری میدیایە و، گەیشتنیش بە هەقیقەت بەهۆی رێگا کورت و پێچاوپێچەکانەوە نابێت، کە وردی و راستگۆیی و واقیعیەتەکەی بروشێنێت، بەڵکو گەیشتن پێی، لە رێگای سەختەوە دەبێت، بەڵام تەندروست و مایەی شادمانی و ئارامی، هەروا دەبێتەمایەی جیاکاری و بەراورد لە کارکردندا لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە لە بواری سەرچاوەدا، رۆژنامە بێت یان رادیۆ یان تەلەفزیۆن، لەو سۆنگەیەوە کە ئامرازەکانی راگەیاندن هەوڵی گەیشتن بە راستییەکان دەدەن، لای خەڵکی یان لای واقیعی رووداوەکان لەناو ژینگەو کاتەکانی خۆیاندا، لەبەرئەوەش کە راستییەکان هەمیشە خاوەنی ئەو کەسانە نین کە بەرێوەیاندەبەن، بۆیە هەر دەبێت بگەینە سەرچاوەکەیان بە رێگای جیاواز، ئەمەش هەوڵ و نارەحەتیی دەوێت[١٣].

**ب. پێگەی (راستگۆیی) لە نێو پێوەرەکانی ئێتیکی پیشەی راگەیاندندا:**

**چەمك و پێناسەی راستگۆیی:**

بۆچونێکی باو هەیە، پێیوایە، ئێتیکی هاوچەرخی رۆژنامەنوسی لەسەر هەردو کۆڵەگەی **(راستگۆیی)** و **(بابەتیبون)** بونیادنراوە. راستگۆیی و بابەتیبون رەگوڕیشەی قوڵیان لەرۆژنامەنوسییدا هەیە، کە بۆ سەرهەڵدانی چاپکراوی خولەکی دەگەرێتەوە[١٤].

وەکچۆن بەردەوام دوپاتدەکرێتەوە، کە رۆژنامەنوسی پیشەیەکی شەرەفمەندانە (ئابرومەندانە)یە[١٥]، بۆیە گەڕان بەدوای راستییدا، ئیتر کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت، بایەخی تایبەتی بۆ رۆژنامەنوسی هەیە[١٦].

---

12 بسام عبدالرحمن المشاقبة: أخلاقيات العمل الاعلامي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص ص١٣٠–١٣١.

13 د. عطاالله شاكر أحمد: إدارة المؤسسات الاعلامية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٠٣.

14 Lee Wilkins, Clifford G. Christians (ed.): The Handbook of Mass Media Ethics, (Stephen J. A. Ward: Truth and Objectivity), (New York, London: Routledge, 2009), p71.

15 Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Ethical Issues in Journalism and the Media, (New York, London: Routledge, 1992), p1.

16 Lee Wilkins, Clifford G. Christians: Op.cit. p78.

تا بەئێستاش دەگات رۆژنامەنوسی وەك پیشەیەکی ئابڕومەند مانەوەی خۆی پاراستوە، لەو سۆنگەوەی ئامانجەکەی رێزدارانەیە (بەرزە)، کە ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری، هەروا خستنەڕوی کۆمێنت و رادەربڕین دەگرێتەوە[17].

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە بەهای بنەڕەتی بدرێت کە (راستگۆیی)یە، بەڵام ئەم بیرۆکە سادەیە لەپراکتیکدا جێگیردەبێت بۆ راستی، بەڵام بۆ هەمو راستی نابێت[18].

پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، دەربارەی گرنگیی (راستگۆیی میدیایی) دەڵێت "میدیاکار بەرپرسیارێتییەکی ئێتیکی لە ئەستۆدایە بۆ وتنی راستییەکان و راپەڕاندنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی"[19].

ئەمەش بۆ بایەخی بنەمای راستگۆیی لە کاری راگەیاندندا دەگەڕێتەوە، کاتێك جەختلەوەدەکرێتەوە، کە رۆژنامەنوسان زانیاریی راست دەخەنەڕو، بەئەندازەی ئەوەی بە بابەتەکەوە پەیوەندداربێت، راپۆرت لەو چوارچێوەیەدا پێشکەشدەکەن، هەروا بەشێوەیەکی باش خزمەتی وەرگر دەکەن، بەجۆرێك کە پێویستی بەنیگەرانی نابێت دەربارەی ترس لەئێتیك[20].

کاتێکیش باس دێتەسەر پێگەی ئەم پرەنسیپە لەنێو چێوەی ئێتیکی پیشەی راگەیاندندا، توێژەر و پسپۆڕان بە سوربون و بڕوابەخۆبونی زۆرەوە لە پێشەنگییەکەی دەدوێن لە بایەخبەندیی پێوەرەکانی دیکەدا.

ئەوەتا هەردو توێژەر (A. David Gordon, John Michael Kitttoss) لە کتێبەکەیاندا (مشتومڕ و جیاوازییەکان لە ئێتیکی راگەیاندندا– Controversies in Media Ethics) لەوبارەیەوە دەڵێن: "بەڵگە چییە کە راستگۆیی یەکەمین پرەنسیپە لەرۆژنامەنوسییدا، بەوپێیەی ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، (راستی) لە پێش نیگەرانییەکانی تری ئێتیکەوە دێت. لەڕوی نمونەیی (ئایدیالی)شەوە، وەکچۆن کیترۆس (Kittross) مشتومڕی لەسەر دەکات، پێویستە وتنی ئەو راستییانە لە چێوەی داپەروەری و هاوسەنگی دابێت. بەدڵنیاییەوە هەروەك جیم ویلیس (Jim Willis) و ئەوانیتر ئاماژەی بۆدەکەن، (راستی) نمونەییە، بەدیهێنانی ئەستەمە، هەروا پێچەوانەی هەمو واقیعێکیشە"[21].

لێرەدا و، دوای نمایشکردنی چییەتی و بایەخی بنەمای (راستگۆیی) لە نێو کایەی میدیا و لەپێناو پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی پیشەیی، دەتوانین وەك پێناسەیەکی ئیجرائی بنوسین، چەمکەکە بریتییە لە "کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، روماڵکردنی روداوەکان، نوسین و سازاندن (تحریر) و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بەشێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و راست و دروست".

ئەم پێناسەیەی سەرەوەش مانای کۆکردنەوەی زیاد لە پرەنسیپێك لە نێو پرەنسیپێکی دیاریکراودا دەگەیەنێت، واتە راستگۆیی بە شێوەیەکی گشتی، سەرباری ئەوەی بریتییە لە رەچاوکردنی راستی و دروستی (الصدق والصحة)، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی (بابەتیبون، هاوسەنگی و وردی) دێتەدی. ئەمەش هەستیاریی پێوەرەکە و بایەخەکەی لە یەککاتدا لە کایەی میدیادا پیشاندەدات.

---

[17] Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Op.cit. p1.
[18] Ibid, pp12-13.
[19] گوڵان (سازکردن): چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنوس و پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨، ل٢٣.
[20] A. David Gordon, John Michael Kitttoss: Controversies in Media Ethics, 2nd edn. (New York: Longman, 1999), p٧٨.
[21] Ibid, p٧٣.

**ج. شوێنی (راستگۆیی) لە پەیماننامەکانی شەرەفی رۆژنامەنوسییدا:**

هەرچەندە بونی پەیماننامەی شەرەف بۆ کاری راگەیاندن، نابێتە تاکە پێوەر بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشەکە، بەڵام دەتوانین بڵێین، وەك گەلاڵەنامەیەکی ویژدانیو ئێتیکی، کاریگەری لەسەر ئاستی رەچاوکردنی پێوەرەکانی ئێتیکی پیشەکە دەبێت[22].

بەوپێیەی پەیماننامەی شەرەف (شەرەفنامە) بە شێوەیەکی گشتی و بۆ هەر پیشەیەك، بریتییە لە رێساگەلێکی رێنما بۆ پەیرەوکردنی پیشەکە لەپێناو بەرزبونەوە بە نمونەییبونەکەی و پشتگیریکردنی پەیامەکەی، سەرەڕای گرنگیەکەشیان لە دیاریکردنی پیادەکردنەکان و ئەولەویات لەناو پیشەیەکی دیاریکراودا، بەڵام نابێت بەزۆر بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت بە پابەندبون (الإلتزام) بێت[23]، بۆیە (راستگۆیی) وەك پرەنسیپێکی هەرە گرنگی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن، شوێنی تایبەت و دیاری لەنێو شەرەفنامەکانی پیشەی راگەیاندن، یان پەیماننامەکانی ئەو پیشەیە بۆ خۆی گرتوە، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە گرنگترینییان دەدەین[24]:

– (پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان) زۆر بە رونی جەختی لەسەر ئەو بنەمایە کردۆتەوە، رێزلێگرتنی، بە یەکەمین ئەرکی رۆژنامەنوس و مافی وەرگر ژماردوە. وەکچۆن لە خاڵی یەکەمی بەڵگەنامەکەدا هاتوە: "یەکەمین ئەرکی رۆژنامەنوس بریتییە لە رێزگرتن لە راستی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە راستییەکان"[25].

– خاڵی چوارەم لە (راگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا) بریتییە لە: "راستگۆیی و وردی"[26].

– پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی رۆژنامەنوسە پرۆفێشناڵەکان: لە(وردی و بابەتیبون)دا هاتوە: "راستگۆیی، ئامانجی کۆتاییمانە"[27].

– خاڵی یەکەم لە (پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنوسی)[28].

– پەیماننامەی ئێتیکیی (ئاژانسی یونایتدپرێس) جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی: "پێش ئەوانیتر هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری بدە، بەڵام بەر لەهەرشتێك لە راستیی هەواڵەکە دڵنیابە، هەروا هەوڵ بدە نەکەویتە هەڵەوە، خۆ گەر هەڵەشت کرد، بەزویی پۆزش بهێنەوە و هەڵەکە راستبکەرەوە و، رونکردنەوە، یان راستکردنەوە بنوسە، تاوەکو راستیی زانیارییەکان ئاشکرا بن"[29].

## سێیەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرتوێژان (المبحوثین):

دەکرێ تایبەتمەندییە گشتییەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە سامپڵی توێژینەوەکە گرتویەتیەخۆ، بەمجۆرە بخرێنەڕو:

22 هێرش رەسوڵ: ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا (١٩٩٣–٢٠٠٧)، (سلێمانی: لە چاپکراوەکانی رۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٩)، ل ١٨٤–١٨٥.

23 بسام عبدالرحمن المشاقبة: مصدر سابق، ص٧٠.

24 د. هێرش رەسوڵ: ئێتیك و یاسای راگەیاندن، کۆمەڵێ محازەرەیە، پێشکەشی خوێندکارانی خوێندنی باڵای راگەیاندن (ماستەر) کراوە، بەشی راگەیاندن– سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣ – ٢٠١٤.

25 پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان– ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوە راگەیەنراوە، دواتر ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن هەمان ئەنجومەنەوە هەموارکراوەتەوە.

26 راگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە ئێتیکی پیشە.

27 پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی رۆژنامەنوسە پرۆفێشناڵەکان (سیگمادلتاچی) ١٩٧٢.

28 پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنوسی.

29 پەیماننامەی ئێتیکیی ئاژانسی یونایتدپرێس (UPI).

**١- توخمی بەرتوێژان:**

بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەپێی توخمیان دابەشدەبن بەسەر رێژەی (70.93٪) نێر و رێژەی (29.06٪)ش مێ. بڕوانە خشتەی (١)

**خشتەی (١) توخمی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی روندەکاتەوە**

| توخم | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| نێر | ١٤٤ | 70.93 | یەکەم |
| مێ | ٥٩ | 29.06 | دوەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**٢- تەمەنی بەرتوێژان:**

بەشداربوانی راپرسییەکە بەپێی تەمەنیان دابەشدەبن بەسەر رێژەکانی (10.34٪) ٢٥-٢٩ساڵ، (29.55٪) ٣٠-٣٤ ساڵ، (19.21٪) ٣٥-٣٩ ساڵ، (17.73٪) ٤٠-٤٤ ساڵ، (13.30٪) ٤٥-٥٠ ساڵ و، (9.85٪)ش ٥١ ساڵ و زیاتر. بڕوانە خشتەی (٢)

**خشتەی (٢) تەمەنی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی روندەکاتەوە**

| تەمەن | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| ٢٥-٢٩ ساڵ | ٢١ | 10.34 | پێنجەم |
| ٣٠-٣٤ ساڵ | ٦٠ | 29.55 | یەکەم |
| ٣٥-٣٩ ساڵ | ٣٩ | 19.21 | دوەم |
| ٤٠-٤٤ ساڵ | ٣٦ | 17.73 | سێیەم |
| ٤٥-٥٠ ساڵ | ٢٧ | 13.30 | چوارەم |
| ٥١ ساڵ و زیاتر | ٢٠ | 9.85 | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**٣- بڕوانامەی بەرتوێژان:**

سامپڵی توێژینەوەکە، بەپێی بڕوانامەیان دابەشدەبن بەسەر هەردو رێژەی (٥٥,١٧٪) هەڵگری ماستەر و (٤٤,٨٢٪)ش هەڵگری دکتۆرا. بڕوانە خشتەی (٣)

**خشتەی (٣) بڕوانامەی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی روندەکاتەوە**

| بڕوانامە | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| ماستەر | ١١٢ | ٥٥,١٧ | یەکەم |
| دکتۆرا | ٩١ | ٤٤,٨٢ | دوەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**٤- نازناوی زانستیی بەرتوێژان:**

بەرتوێژان بەپێی نازناوی زانستییان دابەشدەبن بەسەر رێژەی (50.24٪) مامۆستای یاریدەدەر، (38.91٪) مامۆستا، (9.85٪) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (0.98٪)ش پرۆفیسۆر. بڕوانە خشتەی (٤)

**خشتەی (٤): نازناوی زانستیی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی روندەکاتەوە**

| نازناوی زانستی | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| مامۆستای یاریدەدەر | ١٠٢ | 50.24 | یەکەم |
| مامۆستا | ٧٩ | 38.91 | دوەم |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٢٠ | 9.85 | سێیەم |
| پرۆفیسۆر | ٢ | 0.98 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**٥- بواری پسپۆڕیی گشتیی بەرتوێژان:**

مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون، بەپێی بواری پسپۆڕیی گشتییان پێکدێن لە: رێژەی (٪٣٩,٩٠)یان لەبواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و (٪٦٠,٠٩)ش لەبواری زانستە سروشتییەکان. بڕوانە خشتەی (٥)

**خشتەی (٥): نازناوی زانستیی بەرتوێژان لەمامۆستایانی زانکۆی سلێمانی روندەکاتەوە**

| بواری پسپۆڕیی گشتی | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٨١ | ٣٩,٩٠ | دوەم |
| بواری زانستە سروشتییەکان | ١٢٢ | ٦٠,٠٩ | یەکەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**٦- ماوەی بەرکەوتنی بەرتوێژان لەگەڵ میدیاکان:**

بەرتوێژان بەپێی ماوەی بەرکەوتنیان لەگەڵ کەناڵە کوردییەکان بەمجۆرە دابەشدەبن: (٪20.68) رۆژانە کەمتر لەسەعاتێك، (٪39.90) رۆژانە ١-٢ سەعات، (٪29.55) رۆژانە ٣-٥ سەعات، (٪8.37) رۆژانە ٥-٨ سەعات و، (٪1.47)یش رۆژانە ٨-١٢ سەعات. بڕوانە خشتەی (٦)

**خشتەی (٦): ماوەی بەرکەوتنی بەرتوێژان لەگەڵ میدیاکان روندەکاتەوە**

| ماوەی بەرکەوتن | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| رۆژانە کەمتر لەسەعاتێك | ٤٢ | 20.68 | سێیەم |
| رۆژانە ١-٢ سەعات | ٨١ | 39.90 | یەکەم |
| رۆژانە ٣-٥ سەعات | ٦٠ | 29.55 | دوەم |
| رۆژانە ٥-٨ سەعات | ١٧ | 8.37 | چوارەم |
| رۆژانە ٨-١٢ سەعات | ٣ | 1.47 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**چوارەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

**یەکەم: پێویستیی ئێتیکی پیشە بۆ بواری راگەیاندن:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە(٪80.29)ی بەرتوێژەکان تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە (**ئێتیکی پیشە لەکاری راگەیاندندا پێویستییەکی حەتمییە**) پلەی یەکەمی پلەبەندی بگۆڕەکانی گرتوە، (٪16.25)یشیان لەگەڵیدان و لە پلەی دوەمدان،

(2.46٪)یش دڵنیانین لە دروستیی ئەو دەستەواژەیە و لە پلەی سێیەمدان، هاوکات (0.98٪)یشیان لەگەڵیدانین و پلەی چوارەمیان گرتوە و هیچ بەرتوێژێکیش لایەنگری لە بگۆڕی (تەواو لەگەڵیدانین) نەکردوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی ئێتیك و پرەنسیپەکانی لەکایەی راگەیاندندا وەك هەمو کار و پیشەکانی دیکە، بەو پێیەی لەچوارچێوەی گشتییدا، ئێتیك پێشمەرجی پەیڕەوکردنی هەمو پیشەکانە، تایبەت بە پیشەی میدیاش، بە هۆی هەستیارییەکەی و هەروا گرنگیی زۆری بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ، پێویستییەکە پتر و پتردەبێت. بڕوانە خشتەی (٧)

| خشتەی (٧): ئێتیك بۆ راگەیاندن پێویستییەکی حەتمییە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٦٣ | 80.29 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٣٣ | 16.25 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٥ | 2.46 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢ | 0.98 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**دوەم: میدیا و ئێتیکی پیشە و بەرژەوەندیی گشتی:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، رێژەی (69.45٪)ی بەرتوێژەکان تەواو لەگەڵ ئەوەدان **(کاتێ میدیا بنەماکانی ئێتیکی پیشە رەچاوناکات زیان بە بەرژەوەندیی گشتی و تەواوی کایەکانی کۆمەڵ دەگەیەنێت)**و لە پلەی یەکەمدایە، رێژەی (26.60٪)ش لەگەڵیدان و پلەی دوەمیان گرتوە، پلەی سێیەمیش (3.94٪)ی بەشداربوانە کە دڵنیانین، پلەی چوارەمیش بە دوبارەیی رێژەی (0٪)ە بۆ هەردو وەڵامی (لەگەڵیدانیم، تەواو لەگەڵیدانیم). ئەم ئەنجامەش رادەی کاریگەرێتیی پیشەی راگەیاندن دەردەخات لەژیانی گشتی و سودی کۆمەڵدا، کاتێ بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ و دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بڕوانە خشتەی (٨)

| خشتەی (٨): رەچاونەکردنی ئێتیکی پیشە زیان لەبەرژەوەندیی گشتی دەدات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤١ | 69.45 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٥٤ | 26.60 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٨ | 3.94 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | – |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سێیەم: میدیا و ئێتیکی پیشە و متمانەی وەرگر:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (54.18٪) کە پلەی یەکەمی گرتوە، تەواو لەگەڵ ئەوەدان **(کاتێ میدیا بنەماکانی ئێتیکی پیشە رەچاوناکات، متمانەی وەرگر لەدەستدەدات.)**، لە پلەی دوەمیشدا رێژەی (36.46٪) لەگەڵیدان، (8.86٪)ش دڵنیانین، هەروا (0.49٪) لەگەڵیدانین و (0٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش واتای ئەوەیە،

پەیوەندییەکی تۆکمە، کە لەسەر بناغەی (متمانە) دروستبوە، راگەیاندن و جەماوەر پێکەوەگرێدەدات، ئەوەی ئەو تەماسەش دروستدەکات پابەندبونی میدیایە بە پێوەرەکانی ئێتیکی پیشەوە، بۆیە کاتێك ئەو رایەڵە پتەوە پچڕا یان تەنانەت باریکیش بۆوە، راگەیاندن متمانەی خۆی لەدەستدەدات. بڕوانە خشتەی (٩)

| **خشتەی (٩): رەچاونەکردنی ئێتیك لەمیدیادا، لەدەستدانی متمانەی وەرگری لێدەکەوێتەوە.** | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ١١٠ | 54.18 | یەکەم |
| لەگەڵێدام | ٧٤ | 36.46 | دوەم |
| دڵنیانیم | ١٨ | 8.86 | سێیەم |
| لەگەڵێدانیم | ١ | 0.49 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٠ | ٠ | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | – |

**چوارەم: بنەمای راستگۆیی لەئێتیکی راگەیاندندا:**

زۆرینەی رەهای مامۆستایانی بەشداربوی راپرسییەکە بە رێژەی (٪86.20)، کە دەبێتە پلەی یەکەم، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**–راستگۆیی– یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن.**)، لە پلەی دوەمیشدا بە رێژەی (٪١٢,٨٠) لەگەڵێدان، (٪0.98)ش دڵنیانین، دواپلەش بە دوبارەیی رێژەی (٪0)ە بۆ هەردو وەڵامی (لەگەڵێدانیم، تەواو لەگەڵێدانیم). ئەمەش بایەخ و پێگەی ئەو پرەنسیپە دەردەخات، لەنێو هاوکێشەی ئێتیك و راگەیاندندا. بڕوانە خشتەی (١٠)

| **خشتەی (١٠): راستگۆیی بنەمایەکی گرنگە لەئێتیکی کاری راگەیاندندا.** | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ١٧٥ | 86.20 | یەکەم |
| لەگەڵێدام | ٢٦ | ١٢,٨٠ | دوەم |
| دڵنیانیم | ٢ | 0.98 | سێیەم |
| لەگەڵێدانیم | ٠ | 0 | – |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**پێنجەم: لەبەرچاونەگرتنی راستگۆیی لەراگەیاندندا و کاریگەریی نەرێنی:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٪62.06) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی پرەنسیپی –راستگۆیی– لەکاری راگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی –سلبی– لەسەر پیشەکە جێدەهێڵێت.**)، دوای ئەمیش رێژەی (٪30.54) لەگەڵێدان پلەی دوەمی وەرگرتوە، پاشان لە پلەی سێیەمدا (٪4.43) دڵنیانین، کۆتاپلەش بە دوبارەیی رێژەی (٪1.47)ە بۆ هەردو وەڵامی (لەگەڵێدانیم، تەواو لەگەڵێدانیم). ئەم ئەنجامەش جەختکردنەوەیە لە گوزارشتەکەی پێشو کە هەمیشە (راستگۆیی) وەك یەکێك لەبنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن هەژماردەکرێت و، پێشێلکردن، یان رەچاونەکردنیشی لە کاری میدیاییدا کاریگەرێتیی نەرێنی دروستدەکات. بڕوانە خشتەی (١١)

| خشتەی (١١): رەچاوەنەکردنی راستگۆیی لەڕاگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی دەبێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ١٢٦ | 62.06 | یەکەم |
| لەگەڵێدام | ٦٢ | 30.54 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٩ | 4.43 | سێیەم |
| لەگەڵێدانیم | ٣ | 1.47 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٣ | 1.47 | چوارەم/ د |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**شەشەم: لەبەرچاونەگرتنی راستگۆیی لەڕاگەیاندندا و چەواشەبونی رایگشتی:**

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە لە راپرسییەکەدا بەشداربون، بە رێژەی (62.06٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی پرەنسیپی –راستگۆیی– لەکاری راگەیاندندا، دەبێتەهۆی چەواشەبونی رایگشتی.**)، رێژەی (30.54٪) لەگەڵێدان، (6.89٪) دڵنیانین، (0.49٪) لەگەڵێدانین و (0٪)ش تەواو لەگەڵێدانین. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕو، کە راستی و دروستیی تەوەرێکی بنچینەیی هەر پەیامێکی میدیاییە، کە ئامرازەکانی کەمیونیکەیشن بە ئاراستەی دروستکردنی رایگشتی بۆ وەرگر–ی رەوانەدەکەن. بڕوانە خشتەی (١٢)

| خشتەی (١٢): رەچاونەکردنی راستگۆیی لەڕاگەیاندندا ، چەواشەبونی رایگشتی لێدەکەوێتەوە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ١٢٦ | 62.06 | یەکەم |
| لەگەڵێدام | ٦٢ | 30.54 | دوەم |
| دڵنیانیم | ١٤ | 6.89 | سێیەم |
| لەگەڵێدانیم | ١ | 0.49 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**حەوتەم: مانای پرەنسیپی راستگۆیی لەکاری میدیاییدا:**

زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە رێژەی (53.69٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**–راستگۆیی– واتە کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، روماڵکردنی رووداوەکان، نوسین و سازاندن –تحریر– و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بەشێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و راست و دروست.**)، رێژەی (38.42٪) لەگەڵێدان کە پلەی دوەمی گرتوە، (5.41٪)ش دڵنیانین لە پلەی سێیەمدا هاتوە، لە پلەی چوارەمیشدا (2.46٪) لەگەڵێدانین و پلەی کۆتاییش (٠٪) تەواو لەگەڵێدانین. ئەمەش ئەوە روندەکاتەوە، راستگۆیی وەك پێوەرێکی هەستیار و جێبایەخی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن، مانای فراوانی هەیە و دەکرێ لە گۆشەی جیاوازەوە ئەدابکرێت، وەکچۆن تەنها لایەنێکی پرس و بابەتەکە ناگرێتەوە، بەڵکو رەهەندی فرە و جیاجیای هەیە. بڕوانە خشتەی (١٣)

| خشتەی (١٣): راستگۆیی واتە بابەتیبون، هاوسەنگی، وردی، راستی و دروستی. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٠٩ | 53.69 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | ٧٨ | 38.42 | دوەم |
| دڵنیانیم | ١١ | 5.41 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٥ | 2.46 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**هەشتەم: میدیای کوردی و ئێتیکی پیشە:**

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە وەکو نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، بە رێژەی (٪38.42) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدانین (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی ئێتیکی پیشە – أخلاقیات العمل– رەچاودەکات.**)، لە پلەی دوەمیشدا بە رێژەی (٪34.97) دڵنیانین، وەك پلەی سێیەمیش (٪17.24)ی مامۆستایان تەواو لەگەڵیدانین، هەروا (٪6.40)ی بەشداربوان لەگەڵیدان و، (٪2.95)ش تەواو لەگەڵیدان. ئەمەش مانای ئەوە بەدەستەوە دەدات، کەوا راگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا نەیتوانیوە وەك پێویست بەو پێوەر و پرەنسیپانەی ئێتیکی پیشەوە پابەندبێت، کە فاکتەرێکن بۆ هەنگاونان بەرەو پرۆفێشناڵێتی. بڕوانە خشتەی (١٤)

| خشتەی (١٤): راگەیاندنی کوردی بەشێوەیەکی گشتی ئێتیکی پیشە رەچاودەکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٦ | 2.95 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ١٣ | 6.40 | چوارەم |
| دڵنیانیم | ٧١ | 34.97 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٧٨ | 38.42 | یەکەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٣٥ | 17.24 | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**نۆیەم: ئێتیکی پیشە و جیاوازیی میدیای کوردی لەڕەچاوکردنیدا:**

لە پلەی یەکەمدا، زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (٪65.51) لەگەڵ ئەوەدان (**رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی پیشە لەکەناڵێکی راگەیاندنەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێت.**)، رێژەی (٪20.68) تەواو لەگەڵیدان کە لە پلەی دوەمدا دێت، (٪11.82)ش دڵنیانین، پاشان (٪1.47) لەگەڵیدانین و (٪0.49)ش تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش هێمای ئەوەیە، سیاسەتی میدیایی تائەندازەیەکی زۆر کاریگەریی بەسەر ئاستی لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایانەی ئێتیکی کاری راگەیاندن و لایەنی پیشەییبونەوە هەیە، کە زۆرجار بوەتە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەشکردنی ئەدایەکی باڵای پیشەیی. بڕوانە خشتەی (١٥)

| خشتەی (١٥): رەچاوکردنی ئێتیکی پیشە بەپێی میدیاکان دەگۆڕێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | 20.68 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ١٣٣ | 65.51 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٢٤ | 11.82 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣ | 1.47 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ١ | 0.49 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**دەیەم: بنەمای راستگۆیی و ئاستی رەچاوکردنی لەمیدیای کوردیدا:**

بەشی زۆری بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (46.30٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدان (**راستگۆیی لەپێشەوەی ئەو بنەمایانەی ئێتیکی پیشەیە کە میدیاکان لەهەرێمی کوردستان تا ئەندازەیەکی زۆر رەچاوی ناکەن.**)، لە پلەی دوەمیشدا رێژەی (26.60٪) لەگەڵیدان، پلەی سێیەمیش، (22.66٪)ی سامپڵەکە دڵنیانین، لە پلەی چوارەمیشدا (2.95٪) لەگەڵیدانین و کۆتاپلەش (1.47٪) تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش ئەوە ئاشکرادەکات، کە راگەیاندنی کوردی لەم هەرێمەدا پرەنسیپی راستگۆیی تاڕادەیەکی زۆر پەیڕەوناکات و، کەموکوڕیی راستی و دروستی یەکێکە لە سیما دیارەکانی پەیامی ئەو میدیایانە. بڕوانە خشتەی (١٦)

| خشتەی (١٦): (راستگۆیی) لەبنەماکانی دیکە زیاتر لەمیدیای کوردیدا رەچاوناکرێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | 26.60 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٩٤ | 46.30 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٦ | 22.66 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٦ | 2.95 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٣ | 1.47 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**یانزەیەم: میدیای نوسراو لەهەرێم و پرەنسیپی راستگۆیی:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربوی راپرسیی توێژینەوەکە، بە رێژەی (44.33٪) کە لە پلەی یەکەمدا هاتوە، لەوە دڵنیانین کە (**میدیای نوسراو –رۆژنامە، گۆڤار–ەکان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لەمیدیاکانی دیکە، لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرت و بابەتەکاندا راستگۆنین.**)، لە پلەی دوەمیشدا رێژەی (30.54٪) لەگەڵیدان، رێژەی (11.33٪)ش تەواو لەگەڵیدان لە پلەی سێیەمدایە، بە رێژەیەکی نزیك لەوەش کە (10.83٪) لەگەڵیدانین لە پلەی چوارەمدایە و (2.95٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕو، وەرگری کورد لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیانییە لە ئاستی رەچاوکردنی بنەمای (راستگۆیی) لەلایەن ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندنەوە لە هەرێمدا، هاوکات رێژەیەکی بەرچاویش پێیوایە، رۆژنامە و گۆڤارەکان پتر لە میدیاکانی تر ئەو پرەنسیپە گرنگە لەبەرچاوناگرن. بڕوانە خشتەی (١٧)

| خشتەی (١٧): میدیای نوسراو لەهەرێم، لە میدیاکانی دیکە ناڕاستگۆترە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ٢٣ | 11.33 | سێیەم |
| لەگەڵێدام | ٦٢ | 30.54 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٩٠ | 44.33 | یەکەم |
| لەگەڵێدانیم | ٢٢ | 10.83 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٦ | 2.95 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**دوانزەیەم: میدیای بینراو لەهەرێم و پرەنسیپی راستگۆیی:**

وەك پلەی یەکەم، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە رێژەی (42.36٪) دڵنیانین لەم گوزارشتە کە (**میدیای بینراو – تەلەڤزیۆن–ەکان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لەمیدیاکانی دیکە، لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرت و بابەتەکاندا راستگۆنین.**)، رێژەی (23.64٪) لەگەڵێدان کە لە پلەی دوەمدا هاتوە، رێژەیەکی نزیك لەمەش (20.68٪) لەگەڵێدانین، هەروا (10.83٪) تەواو لەگەڵ ئەوەدان و (2.46٪)ش تەواو لەگەڵێدانین، کە لە پلەی کۆتاییدا هاتوە. ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، بەشداربوانی راپرسییەکە وەك نمونەیەك لە وەرگرانی هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیانیین لە ئاستی رەچاوکردنی بنەمای (راستگۆیی) لەلایەن تەلەڤزیۆنە کوردییەکانەوە، وەکچۆن رێژەیەکی بەرچاویش وایدەبینن، بەڵێ راگەیاندنی بینراو پتر لەوانیتر ئەو پێوەرەی ئێتیکی پیشە رەچاوناکەن. بڕوانە خشتەی (١٨)

| خشتەی (١٨): میدیای بینراو لەهەرێم، لە میدیاکانی دیکە ناڕاستگۆترە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ٢٢ | 10.83 | چوارەم |
| لەگەڵێدام | ٤٨ | 23.64 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٨٦ | 42.36 | یەکەم |
| لەگەڵێدانیم | ٤٢ | 20.68 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٥ | 2.46 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سیانزەیەم: میدیای بیستراو لەهەرێم و پرەنسیپی راستگۆیی:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (45.32٪) کە لە پلەی یەکەمدا هاتوە، دڵنیانین لەوەی (**میدیای بیستراو –رادیۆ–کان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لەمیدیاکانی دیکە، لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرت و بابەتەکاندا راستگۆنین.**)، رێژەی (26.10٪) لەگەڵێدان لە پلەی دوەمدا دێت، لە پلەی سێیەمیشدا رێژەیەکی نزیکی ئەمەش (21.18٪) لەگەڵێدانین، هەروا (7.38٪) تەواو لەگەڵێدان و وەك دواپلەش (0٪) تەواو لەگەڵێدانین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، وەرگر لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دڵنیانییە لە ئاستی لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی (راستگۆیی) لەلایەن

ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە لە هەرێمدا، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویش بڕوایوایە، ڕادیۆکان پتر لە میدیاکانی تر ئەو بنەمایە ڕەچاوناکەن. بڕوانە خشتەی (١٩)

| خشتەی (١٩): میدیای بیستراو لەهەرێم، لەمیدیاکانی دیکە ناڕاستگۆترە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 7.38 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٥٣ | 26.10 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٩٢ | 45.32 | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | ٤٣ | 21.18 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**چواردەهەم: میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێم و پرەنسیپی ڕاستگۆیی:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (35.46٪) کە پلەی یەکەمی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای ئەلیکترۆنی –سایتەکانی ئینتەرنێت– لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لەمیدیاکانی دیکە، لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەتەکاندا ڕاستگۆنین.**)، لە پلەی دوەمیشدا (31.03٪) دڵنیانین، ڕێژەی (16.25٪) تەواو لەگەڵیدان لە پلەی سێیەمدا هاتوە، پاشان (14.28٪) لەگەڵیدانین و دوا پلەش (2.95٪) تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە سایتەکان بە بەراورد بە ڕاگەیاندنەکانی تر، پتر بنەمای (ڕاستگۆیی) ڕەچاوناکەن، دەکرێ ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی ئەو میدیایە لە توانای شاردنەوەی ناسنامەی بەڕێوەبەرانی و شوێنی پەخشەکەی لەلایەك و، بە ئەستەم کۆنترۆڵکردنی لە ڕوی یاساییەوە، کەوا کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر لایەنی ئێتیکییش جێدێڵێت. بڕوانە خشتەی (٢٠)

| خشتەی (٢٠): میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێم، لەمیدیاکانی دیکە ناڕاستگۆترە. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٣٣ | 16.25 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٧٢ | 35.46 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦٣ | 31.03 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢٩ | 14.28 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٦ | 2.95 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**پانزەیەم: لەبەرچاونەگرتنی ڕاستگۆیی بەهۆکاری بێ مەبەست:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربوانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (36.94٪) کە لە پلەی یەکەمدایە، لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی –ڕاستگۆیی– لەڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی بێ ئاگایی و نەزانین و تێپەڕبونە بەسەر کەناڵەکەدا.**)، دوای ئەمیش لە پلەی دوەمدا (23.64٪) دڵنیانین، وەك پلەی سێیەمیش (15.76٪) لەگەڵیدانین، هەروا (١٢,٨٠٪)ی سامپڵەکە تەواو لەگەڵیدانین کە لە پلەی چوارەمدایە و (10.83٪)ش تەواو لەگەڵیدان. ئەم ئەنجامەش

دەرخەری ئەو راستییەیە، کە هێشتا میدیاکاری کورد نەیتوانیوە ئاستێکی بەرزی پیشەیی پێشکەش بکات و، ئامرازەکانی راگەیاندنیش لە هەرێمدا تائەندازەیەکی زۆر ناپرۆفێشناڵن. بڕوانە خشتەی (٢١)

| خشتەی (٢١): (راستگۆیی) لەمیدیای کوردیدا، بێ مەبەست رەچاوناکرێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٢ | 10.83 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٧٥ | 36.94 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٨ | 23.64 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣٢ | 15.76 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٢٦ | ١٢,٨٠ | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**شانزەیەم: لەبەرچاونەگرتنی راستگۆیی بەهۆکاری مەبەستدار:**

وەك پلەی یەکەم، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بە رێژەی (53.69٪) لەگەڵ ئەوەدان (**لەبەرچاونەگرتنی –راستگۆیی– لەراگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان بەمەبەست و لەبەرامبەر سود و بەرژەوەندییەکی تایبەت، یان دیاریکراودایە.**)، رێژەی (24.63٪) تەواو لەگەڵیدان کە پلەی دوەمی وەرگرتوە، دوای ئەمەش (17.73٪)یان دڵنیانین کە بەپلەی سێیەم هاتوە، لە پلەی چوارەمیشدا (2.46٪) لەگەڵیدانین و کۆتاپلەش (1.47٪) تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش ئەوە روندەکاتەوە، میدیاکانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر کراونەتە کەناڵێك بۆ بەدیهێنانی سود و قازانجی دیاریکراوی کەس یان لایەن و گروپی دیاریکراو، ئەمەش لەسەر حسابی خزمەت و بەرژەوەندیی گشتی. بڕوانە خشتەی (٢٢)

| خشتەی (٢٢): (راستگۆیی) لەمیدیای کوردیدا، بە مەبەست رەچاوناکرێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | 24.63 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٩ | 53.69 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٣٦ | 17.73 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٥ | 2.46 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٣ | 1.47 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**حەڤدەیەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (راستگۆیی) بەهۆکاری سیاسی:**

زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە رێژەی (51.23٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری سیاسی، بنەمای –راستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، لە پلەی دوەمیشدا رێژەی (34.97٪) تەواو لەگەڵیدان، (11.82٪)ش دڵنیانین کە پلەی سێیەمی گرتوە، کۆتاپلەش بە دوبارەیی رێژەی (0.98٪)ە بۆ هەردو وەڵامی (لەگەڵیدانیم، تەواو لەگەڵیدانیم). ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، رامەوانی (سیاسەت) فاکتەرێکی دیاری پەیڕەونەکردنی (راستگۆیی)یە، وەك پێوەرێکی گرنگی ئێتیکی پیشەی راگەیاندن. بڕوانە خشتەی (٢٣)

| خشتەی (٢٣): میدیای کوردی، بەهۆکاری سیاسی، (راستگۆیی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧١ | 34.97 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٤ | 51.23 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٢٤ | 11.82 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢ | 0.98 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٢ | 0.98 | چوارەم/ د |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**هەژدەیەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (راستگۆیی) بەهۆکاری ئایدۆلۆژی:**

زۆرینەی مامۆستایانی بەشداربوی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (48.27٪) کە پلەی یەکەمی گرتوە، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری ئایدۆلۆژی، بنەمای –راستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، (23.15٪)ی سامپڵەکەش دڵنیانین، رێژەی (20.68٪) تەواو لەگەڵیدان، (5.41٪) لەگەڵیدانین و لە پلەی کۆتاییشدا (2.46٪)ی بەشداربوان تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕو، ئایدۆلۆژیای کەس و گروپ و لایەنە جیاوازەکانی پشت ئامرازەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ پیادەنەکردنی بنەمای (راستگۆیی) لە میانی پیشەکەدا. بڕوانە خشتەی (٢٤)

| خشتەی (٢٤): میدیای کوردی، بەهۆکاری ئایدۆلۆژی، (راستگۆیی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | 20.68 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٩٨ | 48.27 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٧ | 23.15 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ١١ | 5.41 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٥ | 2.46 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**نۆزدەیەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (راستگۆیی) بەهۆکاری ئابوری:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (38.42٪) کە لە پلەی یەکەمی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری ئابوری، بنەمای –راستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، (27.58٪) دڵنیانین پلەی دوەمی گرتوە، دوای ئەمانیش (15.76٪) لەگەڵیدانین کە لە پلەی سێیەمدا دێت، ئینجا رێژەی (14.77٪) تەواو لەگەڵیدان و دواپلەش (3.44٪) تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەخاتەڕو، فاکتەری (ئابوری)یش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر رادەی لەبەرچاوگرتنی پێوەری (راستگۆیی) هەیە لەلایەن میدیای کوردییەوە لە هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٥)

| خشتەی (٢٥): میدیای کوردی، بەهۆکاری ئابوری، (ڕاستگۆیی) ڕەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٣٠ | 14.77 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٧٨ | 38.42 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٥٦ | 27.58 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣٢ | 15.76 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٧ | 3.44 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**بیستەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بەهۆکاری کۆمەڵایەتی:**

وەك پلەی یەکەم، بەشی زۆری سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (36.94٪) لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، بنەمای –ڕاستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، پلەی دوەمیش بەدوبارەیی ڕێژەی (32.01٪)ە بۆ هەردو وەڵامی (دڵنیانیم، لەگەڵیدانیم)، پاشان ڕێژەی (8.37٪) تەواو لەگەڵیدان و (5.41٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. دەکرێ ئەم ئەنجامەش وابخوێنرێتەوە، کە لایەنی (کۆمەڵایەتی)یش وەك وەك هۆکارێکی جێبایەخ کاردەکاتەسەر ئاستی ڕەچاوکردنی بنەمای (ڕاستگۆیی) لە ڕاگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٦)

| خشتەی (٢٦): میدیای کوردی، بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، (ڕاستگۆیی) ڕەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | 8.37 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧٥ | 36.94 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦٥ | 32.01 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣٥ | 17.24 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ١١ | 5.41 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**بیست و یەکەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (ڕاستگۆیی) بەهۆکاری ئاینی:**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (34.97٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری ئاینی، بنەمای –ڕاستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، ڕێژەی (29.55٪)ش دڵنیانین، (16.25٪) لەگەڵیدانین، (13.30٪) تەواو لەگەڵیدان، دواپلەش (5.91٪) تەواو لەگەڵیدانین. دەکرێ ئەمەش وا شرۆڤەبکرێت، کە میدیای کوردیی هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەریی فاکتەری (ئاین)یش ئەو پرەنسیپە بایەخدارەی ئێتیکی پیشەکەی ڕەچاوناکات. بڕوانە خشتەی (٢٧)

| خشتەی (27): میدیای کوردی بەهۆکاری ئاینی، (راستگۆیی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | ٪ | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٧ | 13.30 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧١ | 34.97 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦٠ | 29.55 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣٣ | 16.25 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ١٢ | 5.91 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**بیست و دوەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (راستگۆیی) بەهۆکاری دەستپێش (سەبق)ی رۆژنامەنوسی:**
زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (40.88٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری پەلەکردن لەبڵاوکردنەوە و دەستپێشی رۆژنامەنوسی، بنەمای –راستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، هەروا رێژەی (22.16٪) تەواو لەگەڵیدان، (19.70٪)ش دڵنیانین، وەکچۆن (13.79٪) لەگەڵیدانین و (3.44٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش مانای ئەوە بەدەستەوە دەدات، کە دەستپێشی رۆژنامەنوسی، کەوا میدیاکارانی هەرێم وەك هۆکارێك بۆ زوتر گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و، بەدەستهێنانی زۆرترین وەرگر و، گەورەترین متمانە پەنای بۆ دەبەن، هەندێجار بە پێچەوانەی ئامانجەکان ئەو کارە دەبێتەهۆی ناڕاستگۆیی و فەرامۆشکردنی بنەمایەکی گرنگی ئێتیکی پیشە. بڕوانە خشتەی (٢٨)

| خشتەی (28): دەستپێشی رۆژنامەنوسی هۆکارێکی رەچاونەکردنی بنەمای (راستگۆیی)ە. | | | |
|---|---|---|---|
| بگۆڕەکان | ژمارە | رێژەی سەدی | پلەکان |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٥ | 22.16 | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٨٣ | 40.88 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٠ | 19.70 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢٨ | 13.79 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٧ | 3.44 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**بیست و سێیەم: میدیای کوردی و لەبەرچاونەگرتنی بنەمای (راستگۆیی) بەهۆکاری تاکەکەسی و بەرژەوەندیی تایبەت:**
زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (43.84٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆکاری تاکەکەسی –الشخصیة– و بەرژەوەندیی تایبەت، بنەمای –راستگۆیی– لەپیادەکردنی پیشەکەیدا لەبەرچاوناگرێ.**)، پلەی دوەمیش بەدوبارەیی رێژەی (32.01٪)ە بۆ هەردو وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام، دڵنیانیم)، دوای ئەمانەش رێژەی (6.89٪) دێت بۆ (لەگەڵیدانیم)، دوایین پلەش (0٪)ە کە تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، فاکتەری (تاکەکەسی) کاریگەریی دیاری لەسەر ئاستی پیادەکردنی پێوەری (راستگۆیی) هەیە لە راگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٩)

| خشتەی (٢٩): میدیای کوردی، بەهۆکاری تاکەکەسی (راستگۆیی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٦٥ | 32.01 | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٨٩ | 43.84 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٣٥ | 1٧,٢٤ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٤ | 6.89 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ١٠٠٪ | - |

**بیست و چوارەم: میدیای کوردی و رەچاوکردنی (وردی) لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (56.15٪) کە لـە پلـەی یەکەمـدا دێـت، لەگـەڵ ئـەوەدان (**میـدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەکۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکاندا وردی –الدقة– رەچاوناکات.**)، پاشان رێـژەی (٣٤,٤٨٪) تـەواو لەگەڵیـدان، دوای ئەمانـەش (6.89٪) دڵنیـانین، ئینجـا رێـژەی (1.47٪) لەگەڵیـدانین و (0.98٪)ش تـەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش مانای ئەوەیە، راگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا لـە کۆکردنـەوەی فاکـت و داتـا پێویـستەکاندا تائەندازەیەکی زۆر دیققەتی نیە. بڕوانە خشتەی (٣٠)

| خشتەی (٣٠): میدیای کوردی، لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا (وردی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٠ | ٣٤,٤٨ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١١٤ | 56.15 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ١٤ | 6.89 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣ | 1.47 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٢ | 0.98 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ١٠٠٪ | - |

**بیست و پێنجەم: میدیای کوردی و رەچاوکردنی (بابەتیبون، هاوسەنگی، بێلایەنی) لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (53.20٪) کە لـە پلـەی یەکەمـدا دێـت، لەگـەڵ ئـەوەدان (**میـدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەکۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکاندا بابەتیبون و هاوسەنگی و بێلایەنی رەچـاوناکات. هەنـدێ داتا و فاکت دەشارێتەوە و بایـەخ بەهەنـدێکیتر دەدات.**)، هـەروەك رێـژەی (36.45٪) تـەواو لەگەڵیـدان و، (8.37٪)ش دڵنیانین، هەروا (1.97٪) لەگەڵیدانین و (0٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. ئەم ئەنجامەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو میدیایـە لـە کۆکردنـەوەی فاکـت و داتـا پێویـستەکاندا تاڕادەیـەکی زۆر بابـەتی نیـە، هاوسـەنگی ناپارێزێـت و، بێلایـەنیی پیـشەییش لەبەرچاوناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣١)

| خشتەی (٣١): میدیای کوردی، لەکۆکردنەوەی زانیارییەکاندا (بابەتیبون، هاوسەنگی و بێلایەنی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٤ | 36.45 | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١٠٨ | 53.20 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ١٧ | 8.37 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٤ | 1.97 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | – |

**بیست و شەشەم: میدیای کوردی و رەچاوکردنی (راستی، دروستی) لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (48.27٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەگواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا راستی و دروستی رەچاوناکات و فاکتەکان دەشێوێنێت.**)، رێژەی (24.63٪)ی سامپڵەکەش تەواو لەگەڵیدان، هەروا (20.68٪) دڵنیانین، هاوکات رێژەی (6.40٪) لەگەڵیدانین و (0٪)ش تەواو لەگەڵیدانین، کە بە دواپلە هاتوە. ئەمەش ئەوە ئاشکرادەکات، کە راگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا لە داڕشتن و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکاندا تا ئاستێکی بەرچاو راستی و دروستی لەبەرچاوناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣٢)

| خشتەی (٣٢): میدیای کوردی، لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (راستی، دروستی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | 24.63 | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٨ | 48.27 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٢ | 20.68 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٣ | 6.40 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | – |

**بیست و حەوتەم: میدیای کوردی و رەچاوکردنی (وردی) لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (47.29٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەگواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا وردی –الدقة– رەچاوناکات.**)، رێژەی (٣٤,٤٨٪)ش تەواو لەگەڵیدان، وەکچۆن (12.31٪)ی بەشداربوان دڵنیانین، هەروا (5.91٪) لەگەڵیدانین و (0٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. لەمەشەوە دەردەکەوێت، ئەو راگەیاندنە لە داڕشتن و گەیاندنی فاکت و داتا پێویستەکاندا تا ئەندازەیەکی دیار دیققەتی نیە. بڕوانە خشتەی (٣٣)

| خشتەی (٣٣): میدیای کوردی، لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (وردی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٧٠ | ٣٤,٤٨ | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٦ | 47.29 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٢٥ | 12.31 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٢ | 5.91 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | – |

**بیست و هەشتەم: میدیای کوردی و رەچاوکردنی (بابەتیبون، هاوسەنگی، بێلایەنی) لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (58.62٪) کە لـە پلـەی یەکەمـدا دێـت، لەگـەڵ ئـەوەدان (**میـدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەگواستنەوە و سازاندنی داتا و زانیارییەکاندا بابەتیبون و هاوسەنگی و بێلایەنی رەچاوناکات. هەندێ داتا و فاکت دەشارێتەوە و بایەخ بەهەندێکیتر دەدات.**)، رێژەی (26.60٪) تەواو لەگەڵیدان، (١٢,٨٠٪) دڵنیـانین، (1.97٪) لەگەڵیـدانین و (0٪)ش تـەواو لەگەڵیـدانین. ئەمـەش ئـەو واتایـە دەگەیـەنێت، کـە راگەیانـدنی کـوردیی هـەرێمی کوردستان لە گواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا تا ئاسـتێکی دیـار بابـەتیبون رەچـاوناکات، هاوسـەنگ نیـە و، بێلایـەنیی پیشەییش لەبەرچاناگرێت. بڕوانە خشتەی (٣٤)

| خشتەی (٣٤): میدیای کوردی، لەگواستنەوە و سازاندنی زانیارییەکاندا (بابەتیبون، هاوسەنگی و بێلایەنی) رەچاوناکات. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | 26.60 | دووەم |
| لەگەڵیدام | ١١٩ | 58.62 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٢٦ | ١٢,٨٠ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٤ | 1.97 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | – |

**بیست و نۆیەم: میدیای کوردی و پشتبەستن بە بەڵگەنامەی پێویست لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (45.81٪) کە لـە پلـەی یەکەمـدا دێـت، لەگـەڵ ئـەوەدان (**میـدیای کـوردی لەهـەرێمی کوردسـتاندا لەپێـشکەشکردنی مەتریاڵـە میدیاییەکانـدا پـشت بـەدۆکیۆمێنت و بەڵگەنامـەی پێویـست نابەسـتێت.**)، بـە رێـژەی (26.60٪)ش تـەواو لەگەڵیـدان، هـەروا (22.66٪)ی بەشـداربوان دڵنیـانین، (3.94٪)ش لەگەڵیدانین و (0.98٪)ش تەواو لەگەڵیـدانین. ئەنجامـەکانیش ئـەوە روندەکەنـەوە، ئـەو میدیایـە لـە هەرێمـدا تاڕادەیـەکی بەرچاو لە خستنەڕوی بابەتەکاندا پەنا بۆ بەڵگەنامەی پێویست نابات و بێ دۆکیۆمێنـت پێـشکەشیاندەکات. بڕوانـە خـشتەی (٣٥)

| خشتەی (٣٥): میدیای کوردی، لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا پشت بە دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە نابەستێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | 26.60 | دووەم |
| لەگەڵیدام | ٩٣ | 45.81 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٤٦ | 22.66 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٨ | 3.94 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٢ | 0.98 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سییەم: میدیای کوردی و شێواندنی بەڵگەنامەکان لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (37.43٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، دڵنیانین لەوەی کە (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەپێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا دەستکاریی دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەکان دەکا و دەیانشێوێنێت.**)، رێژەیەکی نزیک لەمەش کە (34.97٪)ە لەگەڵیدان لە پلەی دووەم دێت، هەروەك (21.18٪)ش لە پلەی سێیەمدا تەواو لەگەڵیدان، لە بەرامبەریشدا (4.43٪) لەگەڵیدانین و (1.97٪)ش تەواو لەگەڵیدانین. دەکرێ ئەمەش بەوجۆرە بخوێنرێتەوە، کەوا سەربارى رێژەیەکی بەرچاوی سامپڵەکە لەوبارەیەوە دڵنیانین، بەڵام دو رێژەکەی دیکە راستیی گوزارشتەکە دەسەلمێنن، بەوەی راگەیاندنی باسکراو بەڵگەنامەکان دەشێوێنێت. بڕوانە خشتەی (٣٦)

| خشتەی (٣٦): میدیای کوردی، لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا بەڵگەنامەکان دەشێوێنێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤٣ | 21.18 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٧١ | 34.97 | دووەم |
| دڵنیانیم | ٧٦ | 37.43 | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | ٩ | 4.43 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٤ | 1.97 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سی و یەك: میدیای کوردی و شێواندنی لێدوان و زانیارییە وەرگیراوەکان لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (38.42٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەپێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا دەستکاریی لێدوان و زانیارییە وەرگیراوەکان دەکا و دەیانشێوێنێت.**)، دوای ئەو رێژەیەش (35.46٪) دێت کە بە (دڵنیانیم) وەڵامیانداوەتەوە، پاشان رێژەی (20.68٪) تەواو لەگەڵیدان، لە پلەی چوارەم و پێنجەمیشدا (4.92٪) لەگەڵیدانین و، (0.49٪) تەواو لەگەڵیدانین. ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، راگەیاندنی کوردی لە هەرێمدا زانیاری و وتە وەرگیراوەکان دەستکاریدەکات و دەیانگۆڕێت. بڕوانە خشتەی (٣٧)

| خشتەی (٣٧): میدیای کوردی، لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا زانیارییە وەرگیراوەکان دەشێوێنێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ٤٢ | 20.68 | سێیەم |
| لەگەڵێدام | ٧٨ | 38.42 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٧٢ | 35.46 | دوەم |
| لەگەڵێدانیم | ١٠ | 4.92 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ١ | 0.49 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سی و دوەم: میدیای کوردی و شێواندن یان گۆڕینی فۆتۆ (جوڵاو، وەستاو)ەکان لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (46.30٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەپێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا دەستکاریی وێنە و فۆتۆ –جوڵاو، وەستاو–ەکان دەکا و دەیانشێوێنێت، یان وێنەی تر لەبریان دادەنێت.**)، هەروا (33.99٪) دڵنیانین، بە رێژەیەکی یەکسانیش (9.85٪) تەواو لەگەڵێدان/ لەگەڵێدانین، رێژەی (0٪)ش تەواو لەگەڵێدانین کە دواهەمین پلە وەردەگرێت. دەتوانرێ ئەم ئەنجامەش بەوە لێکبدرێتەوە، کە ئەو راگەیاندنە لە هەرێمی کوردستاندا لە خستنەڕوی پەیامەکانیدا فۆتۆ و ڤیدیۆکان تێکدەدا و دەیانگۆڕێت. بڕوانە خشتەی (٣٨)

| خشتەی (٣٨): میدیای کوردی لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا فۆتۆ و ڤیدیۆکان دەشێوێنێت، یان دەگۆڕێت. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | ٪ | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵێدام | ٢٠ | 9.85 | سێیەم |
| لەگەڵێدام | ٩٤ | 46.30 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦٩ | 33.99 | دوەم |
| لەگەڵێدانیم | ٢٠ | 9.85 | سێیەم/ د |
| تەواو لەگەڵێدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سی و سێیەم: میدیای کوردی و تێکەڵکردنی بۆچون و زانیاری لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا:**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (56.15٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا لەپێشکەشکردنی مەتریاڵە میدیاییەکاندا بۆچون و تێڕوانینەکان تێکەڵی داتا و زانیارییەکان دەکات.**)، رێژەی (25.12٪) دڵنیانین و، (14.28٪)ش تەواو لەگەڵێدان، (4.43٪) لەگەڵێدانین و (0٪)ش لە دوایین پلەدا تەواو لەگەڵێدانین. دەکرێ ئەمەش واشیبکرێتەوە، کە ئەو راگەیاندنە تاڕادەیەکی بەرچاو نەیتوانیوە جیاکاری لەنێوان فاکت و کۆمێنتدا بکات، وەکچۆن ئەمە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئێتیکی پیشەی میدیا. بڕوانە خشتەی (٣٩)

| **خشتەی (٣٩): میدیای کوردی لەپێشکەشکردنی مەتریاڵەکاندا، بۆچون و زانیاری تێکەڵدەکات.** | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٩ | 14.28 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ١١٤ | 56.15 | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٥١ | 25.12 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٩ | 4.43 | چوارەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٠ | 0 | – |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سی و چوارەم: میدیای حزبەکانی حکومڕان و پرەنسیپی (راستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە بە رێژەی (38.42٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، تەواو لەگەڵ ئەوەدانین (**میدیا حزبییەکان –ئەوانەی حزبەکانی حکومڕان– پتر پرەنسیپی –راستگۆیی– لەبەرچاودەگرن.**)، رێژەی (22.66٪)ش دڵنیانین و هەمان رێژەش لەگەڵیدانین پلەی دوەمیان وەرگرتوە، هەروا (10.83٪) لەگەڵیدان و، دواپلەش (5.41٪)ش تەواو لەگەڵیدان. ئەمەش ئەوە دەردەخات، میدیای حزبە حکومڕانەکانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر راستبێژ نەبون و، نەیانتوانیوە لە گەیاندنی پەیامەکانییاندا پێوەری (راستگۆیی) رەچاوبکەن. بڕوانە خشتەی (٤٠)

| **خشتەی (٤٠): میدیای حزبەکانی حکومڕان، زیاتر (راستگۆیی) رەچاودەکەن.** | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١١ | 5.41 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٢٢ | 10.83 | سێیەم |
| دڵنیانیم | ٤٦ | 22.66 | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٤٦ | 22.66 | دوەم/ د |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٧٨ | 38.42 | یەکەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | ٪١٠٠ | - |

**سی و پێنجەم: میدیای حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و پرەنسیپی (راستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی راپرسیی توێژینەوەکە لە پلەی یەکەمدا بە رێژەی (33.49٪) دڵنیانین، لەوەی (**میدیا حزبییەکان – ئەوانەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن– پتر پرەنسیپی –راستگۆیی– لەبەرچاودەگرن.**)، وەکچۆن بەرێژەی (26.60٪) لەگەڵیدان کە لە پلەی دوەمدایە، لەپەلەی سێیەمیشدا رێژەی (17.73٪) دێت کەوا لەگەڵیدانین، بەرێژەیەکی نزیک لەمەش (14.77٪) تەواو لەگەڵیدانین و (7.38٪)ش تەواو لەگەڵیدان. ئەمەش مانای ئەوەیە، مامەڵەکردنی میدیای ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ بنەمای راستگۆییدا لە هەمو دۆخ و حاڵەتەکاندا وەکویەك نەبوە، هەندێجار رەچاویکردوە و هەندێجاری دیکەش پێیەوە پابەندنەبوە، ئەمەش پتر بۆ جیاوازیی هەلومەرجی سیاسی دەگەڕێتەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. بڕوانە خشتەی (٤١)

| بگۆڕەکان | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| خشتەی (٤١): میدیای حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن، زیاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاودەکەن. | | | |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 7.38 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٥٤ | 26.60 | دوەم |
| دڵنیانیم | ٦٨ | 33.49 | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣٦ | 17.73 | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٣٠ | 14.77 | چوارەم |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٣ | ٪١٠٠ | - |

**سی و شەشەم: میدیا حکومییەکان و پرەنسیپی (ڕاستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (35.46٪) کە لە پلەی یەکەمدا دێت، دڵنیانین کە (**میدیا حکومییەکان پتر پرەنسیپی –(ڕاستگۆیی– لەبەرچاودەگرن.**)، لە پلەی دوەمیشدا ڕێژەی (27.09٪) لەگەڵیدانین، (22.16٪)ش تەواو لەگەڵیدانین، کە بەپلەی سێیەم دێت، هەروا ڕێژەی (13.30٪) لەگەڵیدان و (1.97٪)یش تەواو لەگەڵیدان کە دواپلەیە. ئەم ئەنجامەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، ئەو میدیایانە بەئەندازەیەکی زۆر کەم توانیویانە ئەو پرەنسیپە ڕەچاوبکەن و لەو ڕوانگەیەوە بڕوا بە وەرگری کوردی لەهەرێمی کوردستان بهێنن. بڕوانە خشتەی (٤٢)

| بگۆڕەکان | ژمارە | ٪ | پلەکان |
|---|---|---|---|
| خشتەی (٤٢): میدیا حکومییەکان، زیاتر (ڕاستگۆیی) ڕەچاودەکەن. | | | |
| تەواو لەگەڵیدام | ٤ | 1.97 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | 13.30 | چوارەم |
| دڵنیانیم | ٧٢ | 35.46 | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | ٥٥ | 27.09 | دوەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ٤٥ | 22.16 | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٣ | ٪١٠٠ | - |

**سی و حەوتەم: میدیا ناحزبی و سەربەخۆکان و پرەنسیپی (ڕاستگۆیی):**

زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (٣٥,٩٦٪) کە بەپلەی یەکەم هاتوە، لەگەڵ ئەوەدان (**میدیا ناحزبی و سەربەخۆکان پتر پرەنسیپی –ڕاستگۆیی– لەبەرچاودەگرن.**)، لە پلەی دوەمیشدا (٣٤,٤٨٪) دڵنیانین، هاوکات ڕێژەی (٩,٣٥٪) تەواو لەگەڵیدان، (١٢,٨٠٪) لەگەڵیدانین و (٧,٣٨٪)ش تەواو لەگەڵیدانین کە لە پلەی کۆتاییدا دێت. بەو پێیەی ڕێژەی زۆرینە ئەو بۆچونەیان قبوڵە دەریدەخات، ئەوجۆرە میدیایانە لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایەوە زیاتر توانیویانە متمانەی وەرگر بۆ خۆیان بەدەستبهێنن. دەربارەی ڕێژەی دوەمیش کە لە دروستیی بۆچونەکە دڵنیانین، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بابەت و مەتریاڵی ئەو میدیایانە کە وردیی زۆریان تێدا بەکارنەهاتوە و چونەتە قاڵبی ناڕاستگۆییەوە و، بەهۆیەوە دوچاری گرفتی یاسایی بون. بڕوانە خشتەی (٤٣)

| خشتەی (٤٣): میدیا ناحزبی و سەربەخۆکان، زیاتر (راستگۆیی) رەچاودەکەن. | | | |
|---|---|---|---|
| **بگۆڕەکان** | **ژمارە** | **٪** | **پلەکان** |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٩ | ٩,٣٥ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٧٣ | ٣٥,٩٦ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٧٠ | ٣٤,٤٨ | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢٦ | ١٢,٨٠ | سێیەم |
| تەواو لەگەڵیدانیم | ١٥ | ٧,٣٨ | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٣** | **٪١٠٠** | - |

**دەرەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکە و دوای تاوتوێکردتی تیۆری بابەتی سەرەکی و دەرکەوتنی تێڕوانینی بەرتوێژان و پاشان شرۆڤەکردنیان، توێژەر دەگاتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١. (راستگۆیی) واتە کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری، رومالْکردنی روداوەکان، نوسین و سازاندن و پەخش و بڵاوکردنەوەی مەتریاڵە میدیاییەکان بەشێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ و ورد و راست و دروست.

٢. لەبەرچاونەگرتنی پرەنسیپی (راستگۆیی) لەکاری راگەیاندندا کاریگەریی نەرێنی لەسەر پیشەکە جێدەهێڵێت و، دەبێتەهۆی چەواشەبونی رایگشتی.

٣. میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی، بنەماکانی ئێتیکی پیشە رەچاوناکات.

٤. (راستگۆیی) لە پێشەوەی ئەو پێوەرانەی ئێتیکی پیشەیە کە راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا تا ئەندازەیەکی زۆر لەبەرچاوی ناگرێت.

٥. لەبەرچاونەگرتنی (راستگۆیی) لە راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە مەبەست و، لە بەرامبەر سود و بەرژەوەندییەکی تایبەت یان دیاریکراودایە.

٦. راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، زۆرترین پشکی لەنێو ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندندا لە هەرێمی کوردستاندا بەردەکەوێت، لە روی گرنگینەدانی بە پێوەری (راستگۆیی) میدیاییەوە.

٧. هۆکارەکانی رەچاونەکردنی (راستگۆیی) لە میدیای کوردیی هەرێمی کوردستاندا، بریتین لە: سیاسی، تاکەکەسی و بەرژەوەندیی تایبەت، ئایدۆلۆژی، دەستپێشی رۆژنامەنوسی، ئابوری، ئاینی، کۆمەڵایەتی.

٨. فاکتەری سیاسی، بە کاریگەرترین فاکتەر هەژماردەکرێت بۆ پابەندنەبونی راگەیاندنی کوردی بە بنەمای (راستگۆیی) لە هەرێمی کوردستاندا.

٩. پشتنەبەستنی میدیای کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی، بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتی جیددی لە سازاندنی پەیامە میدیاییەکان، کە بڵاویاندەکاتەوە و دەیانخاتە بەردەم وەرگر.

١٠. میدیا ناحزبی و سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستاندا پتر پرەنسیپی (راستگۆیی) لەبەرچاودەگرن. لە بەرامبەریشدا میدیا حزبیەکان و، میدیا حکومییەکان کەمتر رەچاوی ئەو بنەمایە دەکەن.

## پێشنیار:

پـاش خستنەڕوی دەرەنجامـەکانیش، توێـژەر کۆمـەڵێ پێـشنیار لـەپێناو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی رەچـاوکردنی بنـەماکانی ئێتیکی پیشە، بە تایبەت (راستگۆیی) لەلایەن راگەیاندنی کوردی پێشکەشدەکات:

١. سازکردنی خولی بەردەوامی میدیایی و ئەکادیمی، لەلایەن دامەزراوەکانی راگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردسـتاندا بـۆ پێگەیاندنی کادری پیشەیی و ناسەوان (مەعریفی).

٢. پشتگیریکردنی پرۆسەکانی وەرچەرخانی ئـەکادیمیی راگەیانـدنی کـوردی لـە هـەرێمی کوردسـتاندا و، دورکەوتنـەوە لـە وەستان بە رویدا، لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتدا.

٣. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی باڵای راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، لەسەر بنچینەی راگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئـازادیی راگەیاندن و ئازادیی تاك و کۆمەڵ.

٤. گەڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف بۆ میدیاکارانی هەرێمی کوردستان، کە لانیکەم زۆریەنە لەسەر کۆك بن و پێیـەوە پابەندبن، بۆ ئەوەی ببێتە کارنامەی ئێتیکی و پیشەیی بۆیان.

### الملخص العربي للبحث

يتعلق موضوع هذا البحث الموسوم بـ(**مدى صدق الإعلام الكوردي في إقليم كوردستان**)، بجوهر العلاقات القائمـة بـين الإعـلام كأحد الأنساق الرئيسية في المجتمع من جهة، والمجتمع نفسه بمكوناته الفردية والجماعية مـن جهـة أخـرى. وهـو مـن المواضـيع الحيوية التي أصبح تدور حوله أغلبية النقاشات الجادة الجارية بين أفراد المجتمع، وبالأخص النخبة منها. من هنا، فـأن مـشكلة هذا البحث تتلخص في (**عدم وضوح مدى الصدق وحدوده في العمل الإعلامي في إقليم كوردستان**).

ويستمد هذا البحث أهمية موضوعه الأساس، أي الصدق، الذي أصبح محـوراً مهمـاً يـدور حولـه مناقـشات مكثفة في أوسـاط الصفوة والعامة على حد سوا و، ذلك لإرتباط مايتضمنه من الأفكار والمعاني بالإحتياجات المجتمعية المهمـة، إجتماعيـاً وعلميـاً ومعرفياً وإعلامياً، فضلاً عن أنه من الدراسات الكوردية القلائل في هذا المضمار.

يهدف هذا البحث إلى إدراك حدود الصدق الذي أدركها الإعلام الكوردي في إقليم كوردستان والكشف عن مستوياته، مـن حيـث التعامل الصحي والمنطقي مع هذا المبدأ الهام للعمل الصحفي، إضافة إلى التعرف على أسباب ودوافع ماوصل إليها هذا الإعلام.

ينتمي هذا البحث إلى جملة البحوث الوصفية المهتمة أساساً بتناول الأحداث المتعلقة بمتغيرات مواضيعها الأساسية ودراسـتها موضِحا ما فيها من الغموض والإشكاليات، ذلك بهدف تحديد المؤشرات التي قد تُسَهِل فهم علاقاتها بما حولها من الظواهر. كمـا وأُستُخدِم المنهج المسحي لتحقيق الأهداف التي ينشدها هذا البحث، نظراً لِملائمته لهذا الشأن حسبما أكدتها العديد من الأبحاث العِلمية في السابق.

ومن النتائج الهامة التي تم الوصول إليها من خلال هذا البحث، هي:

أ. إن الإعلام الألكتروني هو الأوفر حظاً بين بقية الوسائل الإعلامية في إقليم كوردستان، من حيث عدم إهتمامه بمبـدأ الـصدق الإعلامي.

ب. يعد العامل السياسي العامل الأكثر تأثيراً في عدم إلتزام الإعلام الكوردي بمبدأ الصدق الإعلامي في إقليم كوردستان.

ت. عدم إعتماد الإعلام الكوردي في إقليم كوردستان بشكل عام، على الأدلة والوثائق الجدية في تحريرها للمواد الإعلاميـة الـتي تنشرها وتعرضها على المتلقي.

**Abstract**

The subject matter of this research, [**the Level of Honesty in Kurdish Media in the Kurdistan Region**], focuses on correlations between media as a main component in the community on the one hand, and the community itself, including its individuals and the entire community on the other hand. Besides, this is one of the crucial subjects that has brought serious attentions and discussions among the individuals in the society, especially among the elite [the most educated class of society]. The research here narrows down and approaches the level of inaccuracy and honesty in media in the Kurdistan Region.

The research relies on the main issue which is honesty as an important hub that has become a subject of intense discussions among the elite and the general public because of the ideas and meanings it provides regarding the necessary requirements of the community in terms of society, science, and media, plus it is one of the rare and unique researches in this field in Kurdish.

The aim of this study is to figure out the level of honesty in the Kurdish media in the Kurdistan Region, revealing its levels in terms of a healthy and logical treatment with this important principle in media. It also identifies the reasons and temptations that have brought [the Kurdish] media to this [dire] stage.

The research is a [descriptive] one that primarily deals with discussing the events that are related to the main subject, honesty. It clarifies vague and conflicted issues, aiming at recognizing the symptoms that simplify the relations with the matter's surroundings. It is similar to the method of [survey] that is used to achieve the aims this study searches for in terms of their adjustment to the subject matter in accordance with most previous scientific studies that focused on the same topic.

Moreover, the outcomes of the research are as following:

A. Electronic Media: this comes first among the other [types of] media that does not meet the standards of honesty in media in the Kurdistan Region.
B. Political Factors: Political [affiliation] is the most influential factor that diverts the Kurdish media from the principles of honesty in the Kurdistan Region.
C. The Kurdish media does not generally depend on [concrete] evidence and serious [and accurate] documents in stories they report and publish.

## سەرچاوەکان

١- بەڕێوەبەرایەتیی ئامار و نەخشەکێشانی زانکۆی سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠١٣.

2 Philip Patterson, Lee Wikins: Media Ethics: Issues and Cases, 6th edn. (New York: Higher Education, 2008).

٣- د. مصطفى حسيبة: المعجم الفلسفي، (عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩).

٤- د. محمد شرعي أبو زيد (إعداد): أخلاقيات المهنة (دراسة مقرر)، جامعة الطائف- كلية الآداب، ص٥. دراسة مقررة متاح على العنوان الإلكتروني الآتي:
http://www.sharei.net/stud/s_t_343_ff/1404104.pdf?UserID=1404104

٥- د. جورج صدقه: الأخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، (بيروت: مؤسسة مهارات، ١٩٩٩).

٦- د. محمد منير حجاب: المعجم الإعلامي، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤).

٧- رێبوار سیوەیلی: نوسین و بەرپرسیاری، چ٢(سلێمانی: چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٦).

٨- د. هێرش رەسوڵ: ئێتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٣).

٩- بسام عبدالرحمن المشاقبة: أخلاقيات العمل الاعلامي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٢).

١٠- د. عطاالله شاكر أحمد: إدارة المؤسسات الاعلامية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١).

١١- گوڵان (سازکردن): چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنوس و پرۆفیسۆر بیل کۆڤاریك، گوڵان (گۆڤار)، ژمارە ٦٨٠، ساڵی چواردەیەم، ٢١ی نیسانی ٢٠٠٨.

١٢- هێرش رەسوڵ: ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەنوسیی کوردیدا (١٩٩٣-٢٠٠٧)، (سلێمانی: لە چاپکراوەکانی رۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٩)، ل ل١٨٤-١٨٥.

١٣- د. هێرش رەسوڵ: ئێتیك و یاسای راگەیاندن، کۆمەڵێ محازەرەیە، پێشکەشی خوێندکارانی خوێندنی باڵای راگەیاندن (ماستەر) کراوە، بەشی راگەیاندن- سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣ - ٢٠١٤.

١٤- پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنوسان- ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆنەوە راگەیەنراوە، دواتر ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن هەمان ئەنجومەنەوە هەموارکراوەتەوە.

١٥- راگەیاندنی کۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە ئێتیکی پیشە.

١٦-پەیماننامەی شەرەفی کۆمەڵەی رۆژنامەنوسە پرۆفێشناڵەکان (سیگمادلتاچی) ١٩٧٢.

١٧-پەیماننامەی نێودەوڵەتیی شەرەفی رۆژنامەنوسی.

١٨-پەیماننامەی ئێتیکیی ئاژانسی یونایتدپرێس (UPI).

١٩ Lee Wilkins, Clifford G. Christians (ed.): The Handbook of Mass Media Ethics, (Stephen J. A. Ward: Truth and Objectivity), (New York, London: Routledge, 2009).

٢٠ Andrew Belsey, Ruth Chadwick: Ethical Issues in Journalism and the Media, (New York, London: Routledge, 1992).

21 A. David Gordon, John Michael Kitttoss: Controversies in Media Ethics, 2nd edn. (New York: Longman, 1999).

# پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی

ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد
زانکۆی ڕاپەڕین

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە رۆڵی پەیامنێر لەروماڵکردنی رووداودایەو رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەنموونە وەرگیراوە، ئەم کتێبە مەبەستێتی رۆڵ و گرنگی پەیامنێرو کارەکەی لەپرۆسەی کاری رۆژنامەنووسیدا بخاتەڕوو دواتر کێشەو گرفتەکانی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ رووداو و زانیاریدا، هەروەها رۆڵی پەیامنێر لەرۆژنامەداو چۆنیەتی کارکردنی پەیامنێران دەخاتەڕوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

تائێستا کارێکی جددی و زانستی لەهەرێمی کوردستاندا لەسەر پەیامنێرو رۆڵی پەیامنێر لەپرۆسەی رۆژنامەنووسیدا نەکراوەو پەیامنێر نەکراوە بەسەنتەری کاری رۆژنامەنووسی لەرۆژنامە کوردییەکاندا، هەوەك وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوەو بەردەوامیش وەکو سەربازێکی ون کاریکردووە.

ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ئەوە بخاتەڕوو کە پەیامنێران بۆ داهاتوو چۆن کار بکەن و سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن و هەست بەرۆڵ و گرنگی کارەکەیان بکەن لەبواری رۆژنامەنووسیدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

نووسەر بەدوای ئەوەوەیە کەبزانێت رۆڵ و گرنگی پەیامنێر لە چ کاتێکدا دێتە ئاراوە؟ زەرورەتی بوونی پەیامنێر لەرۆژنامەکاندا چییە؟ رۆڵی پەیامنێر لەرومالکردنی رووداوو زانیارییەکاندا چییە لەرۆژنامەکاندا؟ گیروگرفتەکانی کاری پەیامنێری چین و تاچەند پەیامنێر پەیڕەوی ئێتیکی رۆژنامەنووسی دەکات؟ رۆڵی پەیامنێر لەرۆژنامە کوردییەکانی دوای راپەڕین چییە بەتایبەتی ئەو رۆژنامانەی رۆژانە دەردەچن و پێویستیەکی بەردەوامیان بەپەیامنێر هەیە؟.

**پرسیارو گریمانەکان**

توێژەر مەبەستێتی وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار بداتەوە کە بوونەتە هۆی ئەنجامدانی توێژینەوەکە. ئایا پەیامنێری رۆژنامەنووسیی کێیە؟ لەچ کاتێکەوە پیشەی پەیامنێر لەبواری رۆژنامەنووسیدا سەریهەڵداوە؟ ئایا لەسەرەتادا کاری پەیامنێری چۆن بووە؟ پەیامنێر چەند جۆری هەیە؟ سیفاتەکانی پەیامنێر چین؟ پەیوەندی پەیامنێر بەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەوە چییە؟ ئاستەنگەکانی کاری پەیامنێریی چین؟ ئایا سنوورە یاساییەکانی کاری پەیامنێری رۆژنامەنووسی تاکوێن؟ ئایا لەکاری پەیامنێریدا رەچاوی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسیی دەکرێت؟ رۆڵی پەیامنێر چییە لەرۆژنامە کوردییەکاندا؟.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژەر دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە، بەگرتنەبەری میتۆدی شیکاری و مێژوویی بەئەنجام بگات و وەڵامی گریمانەکان بداتەوە.

**کەسەرەستەکانی نووسینی توێژینەوەکە**

ژمارەی رۆژی ١٢-١-١٩٩٣ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لەگەڵ چاوپێکەوتنی سەرنووسەرو لێپرسراوی بەشی پەیامنێران و لێپرسراوی بەشی هەواڵی کوردستانی نوێ و بەرهەم و کاری پەیامنێرانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ بەگشتی، هەروەها شیکارییەکانی توێژەر لەسەر هەواڵ و زانیاری پەیامنێرانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەبەرئەوەی خۆم هەواڵسازم لەبەشی هەواڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێ.

**گرفتی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە جگەلەوەی تووشی گرفتی کەمی سەرچاوە بووە لەو بوارەدا، بەتایبەت سەرچاوەی زانستی لەسەر پەیامنێرو کاری پەیامنێری و رۆڵی لەپرۆسەی رۆژنامەنووسیدا.
گرفتێکی دیکەی نووسینی توێژینەوەکە نەبوونی هیچ نامیلکەو ئیشێکی ئەرشیفی بوو لەرۆژنامە کوردییەکاندا لەسەر هەڵسەنگاندن و رۆڵی پەیامنێر لەرۆژنامەکاندا.

**بەشەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە دابەش بووە بەسەر سێ بەشدا، لەبەشی یەکەمدا بەگشتی باس لەپێناسەو چەمکی پەیامنێرو مێژووی کاری پەیامنێری و جۆرەکانی پەیامنێری رۆژنامەنووسیی کراوە.
لەبەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە باس لەسیفاتەکانی پەیامنێری رۆژنامەنووسی بکرێت و دواتر باسی پەیوەندی پەیامنێر بەسەرچاوەکانی هەواڵەوە کراوەو چۆنییەتی ناردنی زانیاری بۆ رۆژنامەکان لەلایەن پەیامنێرانەوە رونکراوەتەوە.
بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ کاری پەیامنێری و ئێتیکی رۆژنامەنووسی، لەم بەشەدا باس لەئاستەنگەکانی بەردەم پەیامنێر کراوەو دواتر باس لەسنووره یاساییەکانی کاری پەیامنێری رۆژنامەنووسی کراوەو پاشان کاری پەیامنێری و رەچاوکردنی ئێتیکی پیشەی رۆژنامەنووسیی باس کراوە.

## بەشی یەکەم:

### باسی یەکەم:

**پێناسەو چەمکی پەیامنێری رۆژنامەنووسی**

ئەرکی رومالکردنی رووداوەکان و دەستکەوتنی زانیارییەکان و ناردنی هەواڵەکان لەجیهانی ئەمڕۆدا بەپلەی یەکەم کەوتووەتە سەر شانی پەیامنێر، بۆیە زۆرجار لەرۆژنامەنووسی جیهانیدا بەپەیامنێر دەوترێت سەربازی پیادەی هەواڵ.

واتە پەیامنێر لەکاتی روودانی هەر رووداوێکدا دەبێت وابەستەی رووداوەکە بێت و ئامادەی شوێنی رووداوەکە بێت، بۆ ئەوەی لەنزیکترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوەوە رووماڵی زانیارییەکانی تایبەت بەرووداوەکە بکات، هەروەها باکگراوندی رووداوەکەو وردو درشتی زانیارییەکان کۆبکاتەوەو لەسەر (یەکێك لەقاڵبەکان) شێوەکانی دارشتنی هەواڵ بینوسێتەوەو بینێرێت بۆ ئەو رۆژنامە یان ئەو ئاژانسەی کە کاری بۆ دەکات، هەرچەندە مەرج نییە هەموو کاتێك پەیامنێر هەواڵ دابرێژێت بەڵکو تەنیا زانیارییەکان دەدات و بەشی هەواڵ یان هەواڵسازی رۆژنامەکە دایدەرێژێت.

ئەرکی پەیامنێر ئەرکێکی قورسەو ئاسان نییە، کە هەندێك کەس بۆی دەچن، چونکە پەیامنێری راستەقینە هەمیشە لەگەڕاندایە بەدوای زانیاریدا.

ئەمەش هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری دەوێت و زۆرجار پەیامنێری دووچاری گێرمەو کێشەو سەریەشە کردووەتەوە، تەنانەت هەندێجار خۆشی بووەتە قوربانی کارەکەی خۆی (کاروان عەلی، ٢٠٠٤: ٢٨).

پەیامنێری سەرکەوتوو هەمیشە بەدوای زانیاری تازەو زیندوودا دەگەڕێت و ئەگەرچی دەستکەوتنی زانیارییەکانیش ئاسان نەبێت، لێرەوە پەیامنێر دەبێتە ئامرازی وەرگری زانیاری کۆکەرەوەو رێکخەرو نێرەری داتاو زانیارییە دروست و باوەڕپێکراوەکان لەسەر هەر رووداو و هەواڵێك، بەکەناڵێك یان ئاژانسێکی راگەیاندن، هەروەها پەیامنێر دروستکەری کۆمونیکەیشنی بەردەوام و ئەکتیڤی نێوان کەناڵ و جەماوەرە.

پیشەی رۆژنامەنووسی گەڕانە بەدوای هیلاکبووندا لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کەس لەپۆست و کارکردنی جیاواز تێیدا ماندوودەبن و بەرهەمەکانیشیان دیارەو ژیانیشیان لەسەر ئەوەیە (هێرش رەسوڵ، ٢٠٠٨: ٣٥).

بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیارییەکانی رووداوە جۆر بەجۆرە کۆمەڵایەتیەکان، لەڕاستیدا یەکەمین قۆناغی کاری رۆژنامەیە، لەبەر ئەم هۆیە، ئەو کەسانەی پیشەکانی رۆژنامەوانی و پرۆسەی پەیوەندیکردن هەڵدەبژێرن بەرلەوەی کە لەناوەندی هەواڵنێریدا، بەرپرسیارێتی نوسین و رێکخستنی هەواڵ و بابەتەکان بگرنە دەست، پێویستە سەرگەرمی بەدواداگەڕان و کۆکردنەوەی هەواڵەکان بن، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە بۆ ئامادەکردنی هەواڵە رۆژنامەوانیەکان، ئامادەگی هەواڵنێر لەشوێنی رووداوەکان و یاداشتکردنی پرۆسێسی رووداوەکان بەس نین. بەڵکو سەرەڕای ئاشنابوون بەمیتۆدی هەواڵنووسین، پێویستە پەیامنێری بەتوانا خاوەنی سەلیقەی زانستی هەڵبژاردنی سەرنجڕاکێشترین و زەرورترین هەواڵ و زانیاری کاریگەرو باوەڕپێکراو بێت (فریبا سەیاد_ د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، ٢٠٠٦ :٦٧).

بەگشتی پەیامنێری لێهاتوو بەبەکارهێنانی تاکتیکی جیاواز دەربارەی ئەو هەواڵانەی کە ئاشکراکردنیان جێی رەزامەندی بەرپرسان و کاربەدەستان نییە، سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.

پەیامنێری لێهاتوو لەبواری رۆژنامەنووسیدا بۆ سەرکەوتن لەپرۆسەی کۆکردنەوەو بەدەستهێنانی زانیارییە شاراوەکان و نهێنییەکان لەسەر بابەت و رووداوە گرنگەکان کە جێی بایەخ پێدانی کەناڵەکان و ئاژانسەکانی راگەیاندن و جەماوەرن، پێویستە پەیوەندییەکی بەردەوام و زیرەکانەی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشتی و کاربەدەستان و سەرچاوەکانی دیکەی زانیاریدا بەتایبەتی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەدواداچوونی وردو پڕ زانیاری ئەنجامبدات، بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییە

ڕاستەقینانەی کە پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، بەڵام نابێت پەیامنێر لەو سنورە لابدات کە ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسی کاری پێدەکات، چونکە پەیامنێر چاوی کۆمەڵگەیە، کەواتە دەبێت بابەتیانەو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بەئەنجامدانی کاری پەیامنێری هەڵسێت.

(beat) زنجیرەیەك جێگاو شوێنە کە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك، پەیامنێر سەریان لێدەدات بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ، تا دەسپێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانی دەستبخات، واتە ئەو پەیامنێر یان ڕۆژنامەوانەیە کە پێش هەمووان دەکەوێت بۆ ئەوەی هەواڵێکی نوێی دەستکەوێت و تەنیا ڕۆژنامەکەی ئەوان ئەو هەواڵە بڵاوبکاتەوە (مالکۆم. مالێتی، ٢٠٠٣ : ٢٣٤).

ئەو دەستپێشخەرییەی کە پەیامنێر ئەنجامی دەدات بۆ بەدەستهێنانی هەواڵێك بۆ ئەوەیە کە هەواڵە بەدەستهاتووەکە تایبەت بێت بەکەناڵەکەو ببێتە خاوەن و سەرچاوەی یەکەمی بڵاوکردنەوەی هەواڵە بەدەستهاتووەکە.

لەڕۆژنامەدا هەموو شتێك لەپەیامنێرەکانەوە، دەست پێدەکات.

کاتێك سەرنووسەرو ستاف ناو ڕۆژنامە دەتوانن کارەکانی خۆیان ئەنجامبدەن و ڕۆژنامە دەربکەن کە پەیامنێرەکان لەدەرەوە ڕووماڵی ڕووداوەکانیان کردبێت و داتاو زانیارییەکانیان کۆکردبێتەوەو هەواڵەکانیان ناردبێت بۆ ڕۆژنامە، چونکە کەرەستەی خاوی پرۆسەی ڕۆژنامەوانی لای پەیامنێرەو لێرەوە دەردەکەوێت کە پەیامنێر بەشێکی گرنگ و کارای پرۆسەی ڕۆژنامەنووسییەو ناتوانرێت ڕۆژنامە دەربچێت ئەگەر پەیامنێر نەبێت.

لەفەرهەنگی ڕاگەیاندندا، بەرامبەر زاراوەی پەیامنێر (هەواڵدەر، نێردراوی ڕۆژنامەنووسی، reporterی زمانی ئینگلیزی و (المخبر، المندوب الصحفی، المراسل))ی زمانی عەرەبی هاتووەو پێناسەی کردووە بەوەی کە: ئەو ڕۆژنامەوانەیە، کە دەنگ وباس پەیدا دەکات، بەوەی ڕۆژنامەکە یان ئێستگە بەخشیەکە بۆ هەواڵپۆشی بوار، یان هەواڵە چالاکیەکی دیاریکراو تەرخانی دەکات، زاراوەکە، بەهەواڵە نوێنەری (هەواڵنێری) تەلەفزیۆنیش دەوترێت(جەمال عەبدول، ٢٠٠٨: ٥٥٧).

پەیامنێر: ئەو کەسەیە کە کاری کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەکات و ئامادەی دەکات بۆ ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ.

پەیامنێر ئەو کەسەیە کە هەواڵ کۆدەکاتەوەو، داپۆشینی ڕووداوی گرنگ بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤار یان ئێستگە یان ئەو تۆڕە هەواڵدەرییەی کاری تێدا دەکات، دەگرێتە ئەستۆ(ئانا زایەر، ٢٠٠٧ : ٢٧).

وشەی ڕۆژنامەگەری بۆ یەکەمجار دابڕا بەسەر چاپەمەنیدا، بەو پێیەی کە چاپەمەنی بەپەستاوتنی لاپەڕەکاندا تێدەپەڕێت، لەناو ئامێری چاپکردنەکەدا یان (بەبەرد وەك لەباری پێش داهاتنی چاپگەری بەپیتی کانزادا) بەڵام گوزارشتەکە بڵاوبووەوەو بەچاپەمەنی دەوترا، هەروەك بەهۆیەکانی تری ڕاگەیاندنیش دەڵێن وەك ڕادیۆو تەلەفزیۆن، هەروەها بەکارمەندەکانیش وەك بێژەرو نێردراوو (نوێنەر)، بەرنامە پێشکەشکەرانیش (بەدران ئەحمەد، ٢٠٠٦ : ١٤٨).

یاداشت نووس یان ڕۆژانەنووس: ئەو کەسەیە کە ڕۆژنامەنووسی دەکاتە پیشە، واتە دەیکاتە ئەو پیشەو کارەی کە خۆی بۆ تەرخان دەکات و پێی دەژی و، ئەم ڕەوشە بەهەموو کارمەندی ڕۆژنامە یان گۆڤارێك دەوترێت، بەمەرجێك کارەکەی لەو بابەتە بێت کە بەداهێنان یان هەندێك لەهونەرەکان دابنرێت، لەمەوە ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی بەهەواڵنێرو پەیامنێرو خۆشنووس و پێداچووەوەو ڕاستکەرەوەو نەخشەسازو نووسەر دەڵێن، بەمەرجێك خۆی بۆ ئەو ئیشە تەرخانکردبێت و بەشێوەیەکی هەمیشەیی و ڕێکوپێك لەیەکێك لەبەشەکانی ڕۆژنامەدا، هەروەك ئەو زاراوەیە بەو کارمەندانەی بواری هەواڵهێنان و نووسین و لێدوانی پەخش، هەروەها بەنووسەران و ئامادەکارانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیش دەوترێت(جەمال عەبدول، ٢٠٠٨: ٣٨٥). پەیامنێر یان ڕۆژنامەوان ئەو کەسەیە کە کاری ڕۆژنامەوانی بەهەموو لق و پۆپەکانیەوە کردووە بەپیشەی خۆی و بەردەوام خۆی بۆ تەرخانکردووە، بەتایبەتیش نووسینی هەواڵ و ڕاپۆرت کە گرینگترین دوو کاری ڕۆژنامەوانین (بەدران ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٩٢).

چەمکی رۆژنامەنووسی لەلاتینیدا بە Journalism دێت، کە لەوشەی Journal وە وەرگیراوە، ئەویش لەوشەی Jourی فەرەنسییەوە وەرگیراوە کە بەمانای "رۆژ" دێت، Journal لەفەرەنسیدا بەمانای رۆژانە دێت (هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ١٠٧).

د. فاروق عەلی (٢٠٠٥) روونیکردۆتەوە کە پەیامنێری رۆژنامەنووسی یەکێکە لەسەرچاوەکانی راپۆرتی رۆژنامەنووسی و زانیاری و راستی بنیاتەکانی راپۆرتی لێهەڵدەهێنجێنرێت. هەروەك د. عبدالجواد سعید ربیح (٢٠٠٣: ١٠٧) باس لەوەدەکات کە پەیامنێری رۆژنامەوانی (المراسل correspondent): نوێنەری رۆژنامەکەیەتی لەدەرەوەی ئەو شوێنەی کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت، ئەگەریش لەناوخۆی ئەو وڵاتەدا بێت کە رۆژنامەکەی تێدا دەردەچێت بەڵام لەدەرەوەی ئەو شارەدا بێت، کە بنکەی سەرەکی رۆژنامەکەی تێدایە پێی دەوترێت پەیامنێری رۆژنامەوانی ناوخۆیی یان هەرێمیی، و هەڵدەستێت بەرووماڵکردنی هەموو ئەو چالاکی و رووداوانەی کە لەچوارچێوەی ئەو شارە یان ئەو هەرێمەدا رودەدەن کە تێیدا نیشتەجێیە.

پەیامنێری رۆژنامەنووسی لەرێگەی سەرچاوەکانی زانیاری و لەمیانەی رووماڵکردنی رووداو و کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا کۆمەڵێك زانیاری و راستی زۆر بەدەستدەهێنێت لەسەر رووداوەکان، کە دەبنە سەرچاوەیەکی بەهێزی نووسینی راپۆرتی رۆژنامەنووسی و بەکەرەستەیەکی خاوی ژانرەکانی تری رۆژنامەنووسیش دادەنرێن، چونکە راپۆرت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی وردی رۆژنامەنووسی دەوێت و دەبێت راپۆرت پڕ زانیاری بێت، بۆ ئەوەش پێویست دەکات کە رۆژنامەنووس بچێتە شوێنی رووداو و ئەمەش ئەرکی یەکەم و سیفاتی پەیامنێری سەرکەوتووە، چونکە ئامادەبوونی پەیامنێر لەشوێنی رووداو راستیەکان باشترو راستترو وردتر بەرجەستە دەکات.

پەیامنێر کەسێکە کە لەبواری رۆژنامەوانیدا کار دەکات و ئەرکی کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییە لەبارەی رووداو و ئاراستەی مەسەلە هەنووکەییەکان بۆ خەڵکی.

پەیامنێریی جۆرێکە لەجۆرەکانی رۆژنامەگەری کە بەشێوەیەکی لێهاتووانە راپۆرت ئامادە دەکات تا لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە بڵاوبکرێتەوە وەك : رۆژنامە، تەلەفزیۆن، رادیۆ، گۆڤار، فیلمی دێکۆمێنتاری و ئینتەرنێت.

هەمان سەرچاوە روونیدەکاتەوە کە پەیامنێر پێویستە سەرچاوەکانی هەواڵ دیاری بکات و پاشان بەشێوەی نووسراو یان وتراو هەواڵەکە بگەیەنێت، هەروەها پێویستە پەیامنێر بەشێوەیەکی بابەتیانەو شەفافیانە راپۆرتەکانی ئامادە بکات، ئەوەش لەپێناو دروستکردنی باشترین راوبۆچوون.

لەوتەیەکدا لەزانکۆی میسوری، نیوبولدنویس، لەرۆژنامەی واشنتۆن ئیڤنینگ ستاردا، بەرگری لە(روماڵکردنی وێنەگرانە)کردو داوای بەکارهێنانی کرد، رونیشیکردەوە کەمەبەست لەروماڵکردنی وێنەگرانە، ئەو هەواڵانەن کە پەیامنێرانێکی بەتواناو بێلایەن دەیاندەن، بۆ دۆزینەوەو خولقاندنی هەستێکی وا لەلایەن خوێنەر سەبارەت بەرووداوێکی گرنگ_ کە هاوکێشەی ئەو هەستەبێ کە پەیامنێر وەکو شایەتحاڵێك دەربارەی ئەو رووداوە هەیەتی (پرۆفسۆر کورتیس ماکدۆگاڵ، ٢٠٠٧: ٢٣٦).

کورتیس ماکدۆگاڵ ئاماژەی بۆئەوەش کردووە کە روماڵکردنی وێنەگرانە جیاوازی هەیە لەگەڵ روماڵکردنی زانیاری لەسەر رووداوێك یان بابەتێك، لێرەدا ئەرك و رۆڵ و تواناو سەلیقەی پەیامنێری رۆژنامەنووسی رۆڵی بەرچاوی دەبێت لەرووماڵکردنی وێنەگرانە چونکە ژانرو هونەرێکی تایبەتی بواری رۆژنامەگەرییە کە شارەزایی و پسپۆری تایبەتی پێویستە سەرەرای ئەوەش کارێکە پێویستی بەشارەزایی هونەریی هەیە. هەروەها زۆرێك لەشارەزایان و بیرمەندانی بواری رۆژنامەوانی رووماڵکردنی وێنەگرانە واتە پەیامنێری فۆتۆگرافی بەرۆژنامەوانی گشتاڵت ناو دەبەن.

هەروەها ماکدۆگاڵ دەڵێت: ت.ساڤکتۆن( T. savcton) لەوتارێکدا لەژێر ناونیشانی (شەڕو ئاشتی و رۆژنامەوانی) کە لە١٦ی نیسانی ١٩٤٩دا لەگۆڤاری (Nation)دا بڵاوکراوەتەوە، بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە (بەرۆژنامەوانی گشتاڵت_ Gestalt journalism) ناوبردووەو بەم جۆرەش پەیامنێری فۆتۆگرافەری پێناسە کردووە: ئەو رۆژنامەوانەیە، کە مەبەستی ئەوەیە لەهەر بوارێکدا بگاتە راستییەکی تەواو، لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵ و کۆششێکی پێویست دەخاتەگەڕ، واتە لەبنەڕەتەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژنامەوانی ئاسایی کە لەسەر بناغەی رووماڵکردنی هەواڵی چەند بەشێکی هەڵبژێردراوی ئەو راستیە سەر دەگرێت، بەو مانایەش رۆژنامەگەری گشتاڵت تەنیا ئەوە وەسفدەکات کە پەیامنێرانی رۆژنامەوانیی جدی لەسەرەتای دەستپێکردنیدا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن.

نوێنەری رۆژنامەوانی یان پەیامنێری رۆژنامەوانی مەبەست لەکەسێك یان چەند کەسانێکە کەلەلایەن رۆژنامەکەیەوە دەنێردرێن، کە لەبوارێکی دیاریکراودا کاردەکەن کە ئەو بوارە جێگەی مەبەست و گرنگیدانی رۆژنامەکەیەتی، بۆیە دەبنە نوێنەری رۆژنامەکەیان لەو شوێنەی کە کاری چنککەوتنی هەواڵی تێدا دەکەن بۆ رۆژنامەکەیان. وەکو باسکرا زۆربەی کات تایبەتمەندی (نێردراوی رۆژنامەوانی) لەوەدایە کە رووماڵی ئەو زانیارییانە دەکات کە لەبوارێکی دیاریکراودا هەن، وەك کارکردن لەبواری وەزارەتەکانی دەوڵەت یان دامەزراوەو دەستە جۆراوجۆرەکان (د. عبدالجواد سعید،٢٠٠٣: ١٠٧.

کورتیس ماکدۆگال (٢٠٠٧: ٢٠) دەڵێت: سەرەڕای ئەو دیمەنانەی کە فیلمە دۆکیومێنتیەکان پێشکەشیان دەکەن، بەڵام دەبێت بزانین کە پەیامنێری رۆژنامەکان، لەئاشکراکردنی تاوان و رووداوی رفاندن و وێرانکارییدا هەمیشە ململانێ لەگەڵ پۆلیسی نهێنیدا ناکەن، هاواریش ناکەن، چاپخانەکان بوەستێنن و پاشان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەدرەسەکان وەردەگرن، بەڵکو لەراستیدا ئەوان رۆژانە بۆ ماوەی (٨) سەعات لەناوەوەو دەرەوەی ژووره بێدەنگ و رێکوپێکەکانی نووسینی هەواڵدا کار دەکەن.

هەموو هەوڵ و کۆششەکانی پەیامنێر بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەو بەردەوامیش پێویست دەکات بگاتە شوێنی رووداوەکان بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بێت و زانیاری وردو باوەڕپێکراو لەسەرچاوەکانەوە کۆبکاتەوەو لەشێوەی هەواڵدا بینوسێتەوە.

هەندێك پەیامنێر تەواوی رۆژانی کارکردنیان بەبەدواداچوون و راوەدوونانی چەندین بابەت لەنووسینگە رۆژنامەگەرییەکانی سەر بەسەرکردایەتی پۆلیس، یاخود ئەنجومەنی شار، یان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی یان ناوخۆیی، یاخود لەشوێنی دیکە دەگوزەرێنن.

ئەمەش زیاتر ئەو پەیامنێرانە دەگرێتەوە کە لەرۆژنامە گەورەو رۆژانەکاندا کاردەکەن بەڵام پەیامنێری رۆژنامە بچوکەکان رۆژانە جارێك یان دووجار سەردانی سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەکانیان دەکەن و دواتر دەچنەوە نووسینگەکانیان و دەست دەکەن بەنووسینەوەو دارشتنەوەی هەواڵەکان.

جیهانی رۆژنامەوانی جیهانێکی خەیاڵی نییە، بگرە بەهەشتیش نییە، بەڵکو لەراستیدا پەیامنێر کەسێکی بەرپرسە، لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند کەسێکی دیکە لەپرۆسەی دیاریکردنی چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکدا لەرۆژنامەدا بەشداردەبن، بەڵام دەبێت بزانین هەرخۆی راستەوخۆ لەناو رووداوەکاندا دەبێت، بریار یاخود ئەو حوکمەی پەیامنێر دەیدات سەبارەت بەدیاریکردنی شتێك، ئاخۆ بەشێوەی هەواڵ رووماڵدەکرێت یان بەشێوەیەکی تر، خۆی لەخۆیدا بریارێکەو بایەخ و گرنگیەکی گەورەی هەیە، پەیامنێر، بەواتایەکی دیکە بربڕەی پشتی پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەو دابەشکردنیەتی، لەراستیدا هەموو پەیامنێرێك نووسەریشە، بەپێچەوانەوە نووسەرە باشەکان بەدرێژایی ژیانی رۆژنامەوانیان رەچاوی ئەوە دەکەن کە ببن بەپەیامنێری باش (کورتیس ماکدۆگال،٢٠٠٧: ٢٣).

کاری پەیامنێری بریتییە لە (کۆکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدارو متمانەپێکراو لەرێی تێبینیکردن وچاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە)، پەیامنێریی مانای ئەوەیە بایەخ بەرووداوێك بدرێت لەلایەن کەسێکەوە کە لەوێ بەشتەکەوە خەریکە، پەیامنێر وەك چاوو گوێی رۆژنامەکانیان، راستییەکان و ناوەرۆك دابین دەکات، بەو جۆرەی کە لەگەڵ شێوازی رۆژنامەکەدا بگونجێت. هەمیشە پەیامنێر لەسەر کاروبارو رووداوە هەنووکەییەکان سەبارەت بەمەسەلە دیاریکراوەکان یان سەبارەت بەناوچەیەکی جوگرافی زانیاری یان راپۆرت دەدات، و لەهەوڵی جۆراوجۆری کۆکردنەوەی زانیاریدایە لەسەر بابەتی دیاریکراو. (تاتیان ریپکۆڤا:،٢٠٠٦: ٣١٤)

پێویستە پەیامنێر لەخەڵکی دیکە زیاترو وردترو پێشتر ببینێت، و بەردەوام لەجوڵەدا بێت، دەبێت بزانن چۆن پرسیار ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەن کە زانیاریان لایە، بەشێوەیەك کەبەرهەمهێنی هەواڵ بێت، و دەبێت سەرچاوەی زۆری هەبێت و نهێنی سەرچاوەکانیش بپارێزێت.

(ئەنتۆنیۆ گرامشی) لەوەسفکرنی پەیامنێری رۆژنامەنووسییدا دەڵێت: ئەو کەسەیە لەدوای نیشتەجێبوونی لەهەر شارێکدا بتوانێت کتێبێك دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئەو شارەو پەیوەندییە ناوخۆو دەرەکییەکانی بنوسێت(د. محەمەد ئەلدروبی،٢٠٠٦–ل٨٥).

پەیامنێری هاوچەرخ پێویستە هەمیشە لەهەوڵدابێت بۆ فێربوونی زمانی بیانی، چونکە بەبێ زانینی زمانی بیانی ناتوانێت زۆر لەئەرکە رۆژنامەوانیەکانی جێبەجێبکات، لەبەرئەوەی لەکارەکەیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێك دەکات کە رەگەزنامەیان جیاوازە، ئەمەش جگەلەوەی کە بەهۆی زانینی زمانی بیانییەوە دەتوانێت ئاگاداری میدیای بیانی بێت.

پەیامنێر پێویستە خاوەنی کۆمەڵێك هەلومەرج و تایبەتمەندی بێت وەك: بۆنکردنی هەواڵ، گەڕان بەدوای هەواڵدا، پێویستبوونی پسپۆڕی، پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا، هێنانە ئارای راشکاوی، پاراستنی ناونیشانی سەرچاوەی هەواڵ، لێکۆڵینەوە لەبەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتەکان، کاملکردنی زانیارییە گشتییەکان، خێرایی لەکاردا، لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی بێلایەنی، رەفتاری گونجاوی کۆمەڵایەتیانە (فریبا سەیاد_ د. عەلی ئەکبەر،٢٠٠٦: ١٢٨). هەروەها . کازمی موعتەمەد نەژاد (٢٠٠١: ٢١٩) روونیدەکاتەوە کە پەیامنێر پێویستی بەهەستی بۆنکردنی هەواڵ هەیە، پەیامنێر دەبێت هەستی بۆنکردنی تیژو دیدێکی بەهێزو توانای لێکدانەوەی هەبێت و بزانێت کام هەواڵ سەرنج راکێشەو کەی و چۆن و لەکوێ دەتوانێت هەواڵی دەستبکەوێت.

پەیامنێری (ریپۆرتەری)کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەندیدار بەبابەتەکەو بەدەستهێنانی زانیاری ورد، دیتنەوەی تەن و بەرجەستەکردنی رووداوە، هەواڵێکی باش تەنیا بەسەرچاوەیەك پشت گەرم نییە، شەبەنگێك لەسەرچاوەکانی هەواڵ گەیاندنی دەوێت، زانیارییەکان دەبێت لەرێی گفتوگۆو بینین و ئاماژە بۆ سەرچاوەکان دەستەبەر بکرێت. پەیامنێر دڵی کۆمەڵگاو هۆش و هەڵسەنگاندنیەتی، ئەو ئاوێنەیەیە کە ئەو شتانەی لەدەوروبەرماندا پیشانمان دەدات، نەك هەر ئەوانە بەڵکو ئەوانەشی کە لەپشتی پەردەوە روودەدەن و پێیان نازانین، رۆژنامەنووس دێت و بۆمان ئاشکرا دەکات (د. یونس شوکر، ٢٠٠٧: ١٤).

## بەشی یەکەم:

### باسی دووەم:

#### مێژوویی کاری پەیامنێری

بەگەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسی، دەبینین لەسەرەتاکانی سەدەی (١٩)دا زاراوەی پەیامنێر بەکەسێك وتراوە کە بۆ بڵاوکراوەکان بابەتی نووسیوە، بەڵام دوا بەدوای ئەو ماوەیە زاراوەکە فراوانتر کراوەو ئەو کەسانەشی گرتۆتەوە کە بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکانیان نووسیوە.

بەڕای زۆربەی بیرمەندان و شارەزایانی بواری رۆژنامەگەری کاری سەرەتای پەیامنێری لەو کاتەوە ئاڕاستەو ئاقارەکانی بۆ دیاریکرا و کاتێك لەساڵانی ناوەڕاستی سەدەی (١٩)دا یانەیەك لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەناوی ( London chess clup) واتە یانەی شەترەنجی لەندەن، وەك شوێنێکی تایبەت بەیاری شەترەنج و قومارو چەند یاریەکی تر، لەگەلێك ناوچەوە خەڵکی رویان تێدەکرد، هاوکات بۆ گواستنەوەی کاتی ئەنجامدانی یارییە گرنگەکان لەو یانەیەداو ئاگادارکردنەوەی کەسانی ئارەزوومەند، هەواڵەکانیان بەکەسانی تایبەت بۆ ئەو کارە رەوانە دەکرد، ئەویش لە رێگەی ئەسپ یان گالیسکەوە، کەسەکە هەواڵەکەی دەگواستەوە بۆ ئەو کەسانەی دیاریکرابوون، بەم شێوەیە ئەم کارە بووە سەرەتایەك بۆ ئەو کەسانەی هەواڵ و رووداوەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازنەوە.

مەسەلەی فێربوون و پیشەی پەیامنێری لەسەدەی رابردوو و ئێستاش دا وەکو زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هیچی کەمتر نییە لە زانستەکانی وەکو (دەروناسیی و ئابوریناسیی و کۆمەڵایەتیی و . . . هتد)، چونکە چەندین پەیمانگەو زانکۆی تایبەتمەند لەو بوارەدا هەیە لەسەرتاسەری جیهان بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەنووس کەئەمانەش وایکردووە گەشەو پێشکەوتنێکی بەرچاو بە دەستبهێنێت لەبوارەکەو لەبواری تەکنیکی رۆژنامەنووسی. سەرەتای نووسینی هەواڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جموجۆڵە بازرگانیەکانی شاری (ڤینیسیا)ی ئیتاڵیا، واتا سەدەکانی (١٣،١٤، ١٥) لەو کاتەدا خەڵکانێك خۆیان بەم کارەوە خەریك کردو هەواڵی نوسراویان لەبارەی رێڕەوو کاتی گەیشتنی کەشتیەکان و باری کەش و هەواو نرخی کاڵاکان و شتیتریشیان بەخەڵکی و بازرگانەکان دەفرۆشتەوە. کاتێکیش لەساڵی (١٤٣٦) ئامێری چاپ دروستکرا، پیشەی هەواڵ فراوانتر بوو و گەیشتە رادەی دەرچواندن و دامەزراندنی بڵاوکراوەکان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە زۆرترین رێژە، هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)دا بەسەرهەڵدانی تەلەگراف و سەرەتای سەدەی (٢٠)یش بەسەرهەڵدانی رادیۆ بواری هەواڵ فراوانتر بوو (ستیڤن میتشێل، ١٩٨٩: ٦٥).

لێرەوە دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی هەواڵ و فراوانبوونی و گرنگیپێدانی زۆری و سەرنجڕاکێشی لەلای خەڵك وبازرگانان، بووە سەرەتایەك بۆ هەندێك کەس کە رۆژنامەنووسی یان پەیامنێری و پەیداکردن و دۆزینەوەی هەواڵ و فرۆشتنەوەیان بکەن بە پیشەی بژێوی ژیانیان.

ژولیوسیێزار، پتر لە (٢)هەزار ساڵ پێش ئێستا (ئەکتا سێناتۆس، ئەکتا پابلیکا، ئەکتا دیورنا، ئەکتا ژیورنا)ی بڵاوکردەوەو ئەمانەش لە راستیدا یەکەمین رۆژنامەی هەواڵ بوون، هەڵبەت دەستنووس و هەموو هەواڵەکانیان پەیوەندی بەکاری رۆژانەی حکومەتی رۆمەوە هەبوو.

واتای وشەی دیورنال (Diurnal) شتێك نییە جیا لە رۆژانە (Daily) کەبەرەبەرە چەمکەکە بوو بە ژۆرنالیزم و کوردیش بە پەیامنێریی، ناوی دەبات (کاروان عەلی : ١٢-١٣).

زانستی رۆژنامەگەری تا رادەیەك دیسپلینێكی تازەیە، وەكو خوێندنێكی زانكۆیی، تەمەنی ئەم زانستە لەناوچە ئەڵمانیزمەكاندا تەنها (٧٠)ساڵە، ساڵی (١٩١٦) لە (لایپتسیگ_ Leipzig) بۆ یەكەمینجار دەستكرا بە خوێندنی زانستی رۆژنامە، كە ئەو كاتە وای ناونرابوو، ئیتر لەو كاتەوە ئەو وانەی زانستی رۆژنامەیە پەرەیسەندو گەشەیكرد بۆ زانستی رۆژنامەگەری بەمەبەستی ئیشكردن لە بواری رۆژنامەنووسییدا.

بەپێی رای هەموو بیریارو رۆژنامەنووسانی ئەمریكی (فیلیپ ئولتو)و (ئایدوین ئیمیری) كە پێیان وایە یەكەمین هەواڵ كە لە زنجیرەی دورودرێژو بێزاركەری گێڕانەوەی هەواڵەكان بەپێی زنجیرەی رودانیان دەرچوویێت، ئەو هەواڵە بوو كەلە ئاسوشیتدپرێس لە (١٤)ی ئەپریلی ساڵی (١٨٦٥)دا پەخشی كرد. هەواڵەكە دەڵێت: "دوێنێ لەسەر شانۆ سەرۆك فیشەكێكی بەركەوت و لەوانەیە كوژرابێت".

ئەوەی لە هەواڵەكانی سەدەی (١٧)و(١٨) تێبینی دەكرێت كاری ریپۆرتەری لەم سەردەمەدا بۆ دەستكەوتنی هەواڵەكان ئاسان نەبووەو قورس بووە لەبەر ئەوەی تەكنەلۆژیای پەیوەندیكردن لە خێرایی رۆیشتنی گالیسكەیەك لەناوچەیەكدا و خێرایی پاپۆرەكان لەناوچەكانی دیكە تێنەدەپەڕی، لەگەڵ گەیشتنی پاپۆڕەكان لە بەندەرەكاندا پەیامنێرەكان بەدواداچوونیان لەگەڵ گەشتیارەكاندا دەكرد بۆ دەستكەوتنی هەواڵی جیهانی یان ناوچەكانی تر لەوانەبوو هەفتە یان مانگیش بەسەر رووداوەكاندا چووبێت. لەسەرەتای سەدەی (١٨)داو لەگەڵ دەركەوتنی حزب و گروپە سیاسیەكان و دروستبوونی ململانێ و گرژبوون و ئالۆزی نێوان ولاتان، بایەخی رۆژنامەنووسیی زیادی كردو بووە هۆی گرنگیپێدانی جەماوەرو سەهەڵدانی پەیامنێر لەناوچە جیاجیاكان و زۆربوونی رووداوەكان رەوتی رۆژنامەگەری پێشخست.

لەلایەكی ترەوە زۆربوونی رووداو و بوونی كەرەستەی رۆژنامەنووسیی لەسەدەی (١٨)دا تەكنەلۆژیای پەیوەندیكردن بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و ئامرازەكانی گەیاندنی لە گالیسكەو كۆتری نامەبەرو پاپۆرەكانەوە گۆڕی بۆ ئینتەرنێت و مانگی دەستكردو چەندین ئامرازی تری پەیوەندیكردن كە دەتوانرێت بە ئاسانی لەكاتێكی كەمدا پەیام و رووداوو هەواڵەكان بگەیەنرێتە كەناڵ و دەزگاكانی راگەیاندن (قوباد رەسوڵ، ٢٠٠٦: ١١.

قوباد رەسوڵ روونیدەكاتەوە كە توێژە دەسەڵاتدارەكان بەخێرایی دركیان بەمەترسی رۆژنامەنووسی شیكاری_ لێكدانەوەیی كرد بۆسەر پێگەكانی دەسەلاتیان و لەرێگەی دانانی یاسا و دەزگاكانی چاودێرییەوە تاتوانیان بەرامبەر ئەو رۆژنامانە دەستیان بە دژایەتیكردنی كرد، لەمبارەیەوە ناپلیۆن بۆ بەهانە هێنانەوەی ئەو فەرمانەی كەلەساڵی (١٨١٠)دا دەریكردو بەو پێیە لەكۆی (٧٣)رۆژنامەی دەركراو رێگەی لە (٦٠) رۆژنامەی پاریسی گرت كە دەربچن و وتویەتی ئەگەر "پشتوێن بۆ رۆژنامەكان شل بكەم، تەنها سێ مانگ لە دەسەلاتدا دەمێنمەوە".

زۆربەی مێژوونوسانی بواری رۆژنامەنووسیی لەسەر ئەوە كۆكن كەیەكەم رۆژنامە كە بەشێوەیەكی خولی (دەوری) دەرچووە، رۆژنامەی "لاگازیت""lagactte"ی فەرەنسی بوو، كەلەساڵی (١٦٣١) تیوراس رینو (teohras renod) دەریكردووە، لاگازیت گۆڤارێكی هەفتانە بوو لە نێو بابەتەكانی دیكەدا هەندێك هەواڵی سیاسیشی لەخۆگرتووە. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەدەكات كە ئاژانسی دەنگوباسی ئاڤاس لەسەر دەستی شارل لوی ئاڤاسی فەرەنسی لەپاریس لەساڵی (١٨٣٥) دامەزراو لەسەرەتادا پشتی بەكۆتری نامەبەر بۆ گواستنەوەی هەواڵەكان دەبەست پاشان لەساڵی (١٨٤٥) بۆ ئەو مەبەستە تەلەگراف بەكارهێنا، ئاڤاس لەسەرەتادا هەواڵ و وتارە ئابورییەكانی ئامادە دەكردو بە دیپلۆماتەكان و دامەزراوە رۆژنامەكانی دەفرۆشتەوە. دەشڵێت: ئالبیر لوندر لەساڵی (١٨٤٠–١٩٣٢)ریپۆرتەری فەرەنسی زۆر بەناوبانگ لە ژمارەیەك رۆژنامەی فەرەنسیدا كاریكردووە، ئەو رۆژنامانە كاتێك ریپۆرتاژی ئالبیریان بلاودەكردەوە بەهەزارەها ژمارەیان لە ژمارەی ئاسایی خۆیان زیاتریان دەردەكرد(د. محەمەد ئەلدروبی: ١٢٨).

یەکەم رۆژنامە کەلە جیهاندا چاوی هەڵێنا رۆژنامەی (کین بان)ی چینی بوو کەلە ساڵی (٩١١)ی پێش زایین بڵاوبوەوە، کاتێك بڵاوبوونەوەی فراوان بوو کرایە رۆژنامەیەکی رۆژانەو زمانحاڵی حکومەتی چین بوو. هەروەها یەکەم رۆژنامەش کەلەئەوروپا بڵاوبووەوە رۆژنامەی (Acta Diurna)بوو بەواتای دەنگوباس کەلەلایەن شاهەنشا (یولیوس قەیسەر)ەوە لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٥٨)ی پێش زایین بڵاوکرایەوە، لەسەرەتادا پوختەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پیرانی رۆمانی تێدا بڵاو دەکرایەوە. هەروەك دۆزینەوەی هونەری چاپ یەکەمجار لەئەڵمانیا بووەو مێژووی لەدایك بوونی دیار نییە، بەڵام وا دەخەملێنرێت کەلە نێوان ساڵانی (١٣٩٧-١٤٠٠)ی زایینی بوبێت، کەلەلایەن زانای بەناوبانگی ئەڵمانیەوە جوهانس گوتنبێرگ دۆزرایەوە (johan guttenberg). لەگەڵ دەرکەوتنی هونەری چاپخانە بواری رۆژنامەگەری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیی و رۆژنامەکانیش تیراژیان زیادیکردوو و جوگرافیای وەرگرو بڵاوبونەوەیان فراوانتربوو بۆ ئەمەش پێویستیی زیاتریان بە پەیامنێر هەبوو لەناوچەکانی تر بۆ ئەوەی هەواڵ و رووداوەکانی ناوچەکانی تریان بۆ کۆبکاتەوەو بڵاوی بکەنەوە. (د. مەغدید سەپان، ٢٠٠٥: ٢٠٥).

د. کەمال مەزهەر (١٩٧٢: ١٨) باس لەوە دەکات کە هەرلەکۆنەوە پەیامنێران و رۆژنامەنووسان، رۆڵیان هەبووە لە گۆڕینی کۆمەڵ و کاریانکردۆتە سەر سیستەمی دەسەڵات و هەمیشە کەسانی بۆرژواو دیکتاتۆر، بوونی پەیامنێرو رۆژنامەنووسانیان بە مەترسیی زانیوەو ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنینەوە چەندین نموونەی لەو جۆرە دەبینین: (دیاز) سەرکۆماری مەکسیك کاتی خۆی وتویەتی: حەزم دەکرد خاوەنی ئەو کارگانە بوومایە کە کاغەزو مەرەکەب دروست دەکەن، تاوەکو هەموویانم بسوتاندایە . هەروەها لە ماری کریستینی شاژنی ئیسپانیاش دەگێڕنەوە کە وتویەتی: تەنانەت لەناو مارو مێروشدا تووشی رۆژنامەنووس دێیت . دەڵێن حاکمی فەنزویلاش وتویەتی : لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخم بۆ بکرێتەوە، بەڵام لە جیرەی قەڵەمی رۆژنامەنووسێك گیانم دێتە لەرزین . قسەکانی ناپلیۆنیش لەمبارەیەوە گەلێك مانابەخشن کە دەڵێت: (٣)رۆژنامەنووس لە (١٠٠) هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن . ڤۆڵتێریش راستدەکات کە دەڵێت: رۆژنامەنووسیی دەزگایەکە بەکەس ناشکێت، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەرووخێنێت، بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دامەزرێنێت

کەمال مەزهەر دەڵێت کە چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میسر کاروبارەکانی وڵات و شەڕەکانی سوپاو گەلێك شتی تری لەو بابەتەیان لەرێگەی پەیامنێر یان کەسانی ترەوە بە شێوەی رازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەند و دوایی لەگەڵ خۆیان دەیانبردە ناو گۆڕەوە یان بۆ نەوەی دوای خۆیانیان بەجێدەهێشت، سەرەڕای ئەوە زۆربەیان دەنگوباسیان لەسەر دیواری بتەکان هەڵدەکەند بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینن، هەرشتێکی نوێ رویدابایە لەسەر تاشەبەردی نوێ هەڵیاندەکەندو بەدیواردا هەڵیاندەواسی. دوای ئەوەی میسرییە کۆنەکان توانیان کاغەز لە (بەردی) دروست بکەن، فەرمانڕەواکانیان، کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەوەی مەبەستیان بوو، لەمۆزەخانەی لۆڤەری پاریسیش پارچە کاغەزێکی لەو بابەتە هەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە دەوروبەری (٣٧٥٠) ساڵ لەمەوبەر چینیەکانیش یاساو بڕیارو رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی کۆشکی پاشایان بڵاودەکردەوەو ئەوانیش ناوێکی تایبەتی مانادارییان بۆ هەڵبژاردبوو (دی باو) واتە هەواڵەکانی پایتەخت، هەروەها لە سەدەکانی ناوەندا لە ئەوروپا بڵاوکراوەیەك بەناوی "پامفلێت" (pamphlet)ەوە پەیدابوو کە بەمانای کۆمیدیاو گاڵتەجاڕ یان کورتەباس و کتێبی بچووك دێت، کەلە سەدەی پازدەوە لەزۆر شوێنی ئەوروپای رۆژئاوادا بڵاودەکرانەوە.

هەروەك داهێنانی چاپ لەلایەن داهێنەری ئەڵمانی جۆهانس گۆتینبورگەوە بوو بەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورە لە ژیانی روناکبیری گەلانی ئەوروپاو هەموو جیهان.

**بەشی یەکەم:**

**باسی سێیەم:**

**جۆرەکانی پەیامنێری رۆژنامەنووسی**

کاری پەیامنێری بەپێی پیشەو ئەو بوارانەی کە پەیامنێر کاری تێدا دەکات یان شێوازی کارکردنی پەیامنێر لەگەڵ رۆژنامەکاندا جیاوازەو چەند جۆرێك پەیامنێرمان هەیە،هەروەك بەپێی بۆچوونەکانی. د. عبدوالجواد سعید (٢٠٠٣: ١٠٨) و کاروان عەلی (٢٠٠٧: ٨) پەیامنێری رۆژنامەوانی لەچەندین جۆری جیاواز پێکهاتوون بەڵام بەرچاوترین جۆرەکانیان پێکهاتوون لەم جۆرانەی خوارەوە:

*جۆرەکانی پەیامنێر لەسەر ئاستی کات:

زۆربەی رۆژنامە گەورەکانی جیهان سورن لەسەر ئەوەی کە دەبێت پەیامنێریان هەبێت لە پایتەختی وڵاتە پێشکەوتوو و گەورەکانی جیهاندا تاکو هەر شتێك یان رووداوو پێشهاتێك لەو شوێنانە رووبدەن رۆژنامەکە لێی بێبەش نەبێت، هەندێك جار لەکاتی هەبوونی رووداوێکی گرنگدا لەجیهان ئەو رۆژنامانە چەند پەیامنێرێك دەنێرنە شوێنی رووداوەکان بۆ ئەوەی بەزانیارییەکی گشتگیرو بەشێوەیەکی خێرا رووماڵی رووداوەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان بکەن، لەم روەشەوە پەیامنێر دەکرێت بەدوو جۆرەوە:

پەیامنێری جێگیر یان (بەردەوام) المراسل الدائم:

ئەو پەیامنێرەیە کە دەبێتە نوێنەری رۆژنامەکەی لەیەکێك لەپایتەختی وڵاتە گەورەکانی جیهان و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەو پایتەختەدا دەمێنێتەوە، گرنگی ئەم جۆرە پەیامنێرانە لەوەدایە کە لەو ماوەیەی لەو وڵاتەدا دەمێننەوە چەندین پەیوەندی و هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسایەتییە گرنگەکان و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، ئەمەش کارێکە کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاراستە سیاسی و پێکهاتەکان لەهەموو بوارەکانیدا بزانرێت و لەرۆژنامەکەیدا بڵاوبکرێنەوە.

پەیامنێری کاتی_جوڵاو (المراسل المتحرك):

ئەو پەیامنێرەیە کە رۆژنامەکەی دەینێرێت بۆ روماڵکردنی رووداوێکی گرنگ لەهەر شوێنێکی جیهاندا روبدات، کاتی مانەوەی ئەو پەیامنێرە لەو شوێنەدا کورتەو بەتەواوبوونی رووداوەکە دەگەڕێتەوە نوسینگەی سەرەکی رۆژنامەکە بۆ نووسین لەسەر رووداوەکە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لەو رۆژنامەیەی کە ئیشی تێدا دەکات.

*جۆرەکانی پەیامنێر لەسەر ئاستی زانستی:

شارەزایانی بواری رۆژنامەوانی پێیانوایە پیشەی کاری پەیامنێریی یان رۆژنامەنووسیی لەلایەنی زانستییەوە دەکرێت بەدوو جۆری سەرەکییەوە کە ئەمانەن:

پەیامنێری ئارەزوومەندانە (ئاسایی): مەبەست لەو رۆژنامەنووس و پەیامنێرانەیە کە بەشێوەیەکی سادە پیشەی پەیامنێری فێربوون و لەڕێگەی تەجروبەیەکی کەمی خۆیانەوە دەستیان کردووە بەکاری پەیامنێری چونکە کارەکەیان ئارەزوومەندانەیە.

پەیامنێری پسپۆرو پرۆفێشنال: ئەو پەیامنێرانەن کە لەرێگەیەکی زانستیەوەو لەرێگەی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەوە پێگەیشتوون و لەبواری پراکتیکیشدا کاری پەیامنێری دەکەن.

لەکاتی پێویستدا هەردوو جۆری پەیامنێری ئارەزوومەندانەو پرۆفێشنال پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و کار لەگەڵ یەکتری دەکەن، چونکە لەئەنجامدا رۆژنامە پێویستی بەهەردوو جۆرەکەیانە، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە رۆژنامەنووسی ئارەزوومەندانەش دەتوانێت ببێت بەپرۆڤیشنال و بەپێچەوانەوە ئەکادیمییەکانیش.

*جۆرەکانی پەیامنێر لەسەر ئاستی رۆژنامەوانی گشتی و تایبەتمەند:

پیشەی پەیامنێری لەرۆژنامەوانی گشتی و تایبەتمەندا جیاوازییەکی زۆری هەیە، لەرۆژنامەوانی گشتیدا پەیامنێر ئیش لەسەر زۆربەی ژانرەکانی رۆژنامەوانی دەکات، بەڵام لەرۆژنامەوانی تایبەتمەند پەیامنێری تایبەت بەبوارێك دادەنرێت و تەنیا لەو بوارەدا کاردەکات، وەکو ئەوجۆرانەی خوارەوە.

پەیامنێری بواری ئافرەتان

پەیامنێری بواری منداڵان

پەیامنێری بواری خوێندکارو لاوان

پەیامنێری بواری پەروەردەیی و زانست

پەیامنێری بواری ئەدەب و رۆشنبیری

پەیامنێری بواری تەندروستیی

پەیامنێری بواری وەرزشیی

پەیامنێری بواری کاروباری سەربازیی

پەیامنێری بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

پەیامنێری بواری هونەرو مامۆستایان و کرێکاران

پەیامنێری بواری ئابوری

هەروەها چەندین جۆری تری پەیامنێرمان هەیە لەبواری تایبەتمەندا وەکو پەیامنێری بواری سێکس و تەکنەلۆژیاو کەلتورو ...هتد.

*جۆرەکانی پەیامنێر لەسەر ئاستی شێوازی کارکردن:

شارەزایانی بواری رۆژنامەگەری جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیامنێران لەسەرشێوازی کارکردن جیاوازیان هەیەو هەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز لەویتر ئیش دەکات، لێرەدا دەتوانین ئەم دوو جۆرە دیاریبکەین:

پەیامنێری سەربەخۆ: ئەو پەیامنێرەیە کە شوناس و شوێنی کارکردنی دیار نییەو بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات، واتە پەیوەندییەکی بەردەوام و تایبەتی لەگەڵ هیچ دەزگاو ئاژانس و کەناڵێکی راگەیاندندا نییە لەرووی ئیداری و مادییەوەو گرێبەست و مووچەی کارکردنی نییە، بەڵام رۆژانەو بەردەوام بەدوای هەواڵ و زانیاری و بابەتە شاراوەو نادیارەکاندا دەگەڕێت و رووماڵیان دەکات و دەیانکات بەکەرەستەیەکی راگەیاندن و لەسەرخواست و بەرژەوەندی خۆی بەدەزگایەك یان ئاژانس و رۆژنامەو کەناڵێکی راگەیاندن دەیفرۆشێتەوە.

پەیامنێری دیاریکراو: ئەو پەیامنێرەیە کە شوناس و شوێنی کارکردنی دیارەو بۆ کەناڵ یان دەزگاو ئاژانسێکی راگەیاندن بەشێوەی گرێبەست یان مووچە بەبەردەوامی و تایبەت کاریان بۆ دەکات و هەموو کەرەستەکانی بۆ ئەو دەزگایە دەنێرێت.

## بەشی دووەم

### باسی یەکەم:

#### تایبەتمەندییەکانی پەیامنێری رۆژنامەنووسی

پــەیامنێر بـۆ بەدواداگـەڕان و دەسـتکەوتن و کۆکردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری و رومـاڵکردنی رووداوەکـان و کۆکردنـەوەی بەڵگەنامەکان لەسەر بابەتە شاراوەو نادیارەکان پێویستە خـاوەنی چـەندین خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی بێـت کـە لەکارەکەیـدا پەیڕەوییان بکاتو هەر پەیامنێرێکیش خـاوەنی ئـەم سـیفاتانە بێـت هـەموو دەرگاکـان لەبەردەمیـدا دەکرێنـەوەو دەتوانێـت لەپیشەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

پەیامنێری وەکو هەر پیشەیەکی تر خاوەنی چەندین تایبەتمەندی و سیفاتی تایبـەت بەخۆیـەتی، بـەڵام بـەجیاواز لەگـەڵ بابەتەکانی تردا پیشەیەکە دەبێت پەیامنێر بەردەوام هەڵگری بەرپرسیارێتی بێت لەکارەکەیدا.

#### سیفەت و تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر:

١- بۆ نکردنی هەواڵ:

(کورتیس ماکدۆگاڵ، ٢٠٠٧: ٣٠) بەزۆری بۆنکردنی هەواڵ لەسەرو لیستیی توانا تایبەتییەکانەوە دادەنرێـت کـە پـەیامنێر پێویستیی پێیەتی و مانای ناسینیی توانای هەواڵ دەبەخشێت لەناو زانیارییەکاندا کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١. توانای زانینیی ئەوەی کە زانیارییەکان دەکرێت بەجۆرێکی وا دابرێژرێت و بخرێنەڕوو کە ببنە مایەی بایەخی وەرگران.

٢. توانای ناسینیی یان زانینیی بایـەخی رێـژەیی ژمارەیـەك لـەو راسـتیانەی پەیوەنـدییان بـەخودی بابەتـە گشتیەکەوە هەیە.

٣. توانای ناسینیی هێماکان (ئاماژەکان) کە لەوانەیە بێ بەرنامـەبن، بـەڵام دوور نییـە ببنـە هـۆی ئاشـکراکردنی هـەواڵی گرنگ.

٤. ناسینیی هەواڵەکانی دیکە کە پەیوەندییان بەزانیارییە تایبەتیە بەردەستەکانەوە هەیـە، هـەروەها پـەیامنێر پێویـستە بۆنکردنێکی تیژو هێزێکی دەستنیشانکەری بەهێزی هەبێت و بزانێت چ هەواڵێك سـەرنج راکێـشەو لـەکوێ و چـۆن و چ کاتێـك دەتوانێت بەدەست بهێنرێت(فریبا سەیاد، ٢٠٠٦: ٧٠).

پەیامنێری بۆنکەری هەواڵ و زانیاری دەتوانێت بەردەوام لەبۆسەی هەواڵ و زانیاری نوێ دا بێت و وەك راوچیەك شارەزاو زیرەك بەدووی شکاردا بگەڕێت، پەیامنێر دەبێت وەکـو راوچـی بەشـکاری بـچووکیش رازی بێـت، بـەردەوام بـوون و راهێنـان سەرەنجام دەگەیەنێتە هەواڵی سـەرنج راکێش، کەواتـە ئەگـەر هەنـدێکجار دەسـتکەوتنی ئاسـان نـەبوو، پێویـستە بەدوایـدا بگەڕێت تاوەکو دەیدۆزێتەوە هەروەها پەیامنێری زیرەك و هۆشیار دەتوانێت لەکاتی گەڕان بەدوای بابەتێك بەرواڵەت بـچووك و بێ بایەخدا، پەنجە لەسەر مەسەلەیەکی گەورە دابنێـت و بـەردەوام بـوون و مومارەسـەکردن توانـای هەواڵنووسـینی خـۆی پەرە پێبدات (کازمی موعتەمەد نەژاد، ٢٠٠١: ٢١٩).

٢- گەڕان بەدوای هەواڵدا:

(فریبـا سـەیاد،٢٠٠٦: ٧١) روونیدەکاتـەوە کـە پـەیامنێر پێویـستە لـەبری ئـەوەی لەچـاوەڕوانی بەدەسـتهێنانی قـەزاو قەدەرانەی هەواڵدا بێت، خۆی بەدوای هەواڵدا بگەڕێت، هـەروەها پێویـستە رێگاکـانی هـەواڵ وەرگـرتن و کاتـە گونجاوەکـەی بەباشیی بناسێت، بۆ نموونە بۆ زانیاری پەیداکردن دەربارەی ئاگرکەوتنەوە، پەیامنێر پێویستە راستەوخۆ پەیوەندی لەگـەڵ

بەڕێوەبەرایەتی ئاگر کوژاندنەوە هەبێت تاوەکو بەراست و دروستیی و بەخێرایی ڕووداوەکەی پێ ڕابگەیەنن. لەهەمان کاتدا کازمی موعتەمەد (٢٠٠١: ٢٢٠) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە وەك چۆن دەبێت بەسەبرو هێمنییەوە بەپێچەوانەی شەپۆلی ئاو مەلە بکەیت، بۆ ئەوەی بگەیت بەسەرچاوەی ڕوبارێك، پێویستیشە بەلەخۆبووردنەوە لەسەرچاوەی هەواڵێك نزیك بکەویتەوەو تەنیا گەیشتن بەسەرچاوەی هەواڵ بەس نییە، بەڵکو دەبێت شایستەیی و توانای چوونە ناوەوەی سەرچاوەکەشت هەبێت.

پەیامنێر کونجکۆڵەو بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت تا لەبارەی بابەت و هەواڵەکانی ڕۆژەوە وەڵامێك بۆ کونجکۆڵییەکانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو لەڕێگەی وتوێژ لەگەڵ کەسانی کارناس و شارەزا، دۆستان و هاوکاری چاپەمەنی و دەستڕاگەیشتنی بەهەواڵە تایبەتەکان، کەموکوڕی زانیارییەکانی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە.

ئەگەر بابەتێکی بەدەستەوە بێت، لەپرۆسەی وەرگرتنی زانیاریدا، لەڕێگەی کونجکۆڵیی و پێداگری خۆیەوە، تاگەیشتن بەسەرەنجام بەدوایدا دەڕوات (ئەحمەد تەوەکولی، ٢٠٠٧: ١٩١). هەروەك تاتیان ریپکۆڤا دەڵێت: "پەیامنێر هەوڵی سەرچاوە دەرەکییەکانی زانیاری و نووسەرانی دەرەوەی ستاف دەدات." (٢٠٠١: ٥٩٤)

٣- پێویستیی پسپۆڕی:

( فریبا سەیاد،٢٠٠٦: ٧١) ڕوونیدەکاتەوە کە هەر پەیامنێرێك بەرەچاوکردنی پسپۆڕێتی خۆی لەیەك یاخود لەچەند بوارێکدا بەدوای بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریدا دەگەڕێت، بەم شێوەیە هەندێك لەپەیامنێران بەشێوەیەکی جێگیر لەبازنەی هەواڵەکانی خۆیدا وەك (دامەزراوە دەوڵەتیەکان و ئەنجومەن و وەزارەتەکان) سەرگەرمی کارکردن دەبن، بۆ نموونە پەیامنێری بواری ئابوری لەوەزارەتی ئابوری، بۆرسە، بانکەکان، هۆڵی بازرگانی و هاوشێوەکانیدا سەرگەرمی چالاکین. لەبەرامبەردا د. محەمەد ئەلدروبی، (٢٠٠٦: ٨٣) باس لەوەدەکات کە پەیامنێری هاوچەرخ پێویستە چەندە دەتوانێت زمانی بیانی بزانێت، چونکە بەبێ ئەم شارەزاییە ناتوانێت زۆرێك لەئەرکە ڕۆژنامەوانییەکانی جێبەجێبکات، چونکە لەکارەکەیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێکدا دەکات ڕەگەزنامەیان جیاوازەو ڕوبەڕوی هەڵوێست و داواکاری وا دەبێتەوە بەبێ زانینی زمانێکی بیانی یان چەند زمانێك کارەکەی بەڕێوە ناچێت. هەرروەها دەشڵێت: ڕۆژنامەنووس هەرگیز لەفێربوون ناوەستێت، یەکێك لە ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی جیهان دەڵێت: لە ٨٠٪ نهێنییەکانی ڕۆژنامەنووسیم لەماوەی خوێندن و سێ ساڵی یەکەمی کارکردنم لەم پیشەیەدا فێربووم و پێویستم بەزیاتر لە ١٠ ساڵی دیکە هەبوو بۆ فێربوونی ئەوەی کە مابوو تاوەکو ئێستاش هەرفێردەبم.

٤- چوونە ناو خەڵك (پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا):

بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێران بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ بەر لەهەرشتێك پێویستە لەگەڵ خەڵکدا لەپەیوەندیدابن. زۆرجار ئەو قسەوباس و خوازانەی کە لەنێوان پەیامنێرێك و چەند کەسێك لەچێشتخانە یان پاسێکدا دەکرێن شارەزایی و زانیاری بەسوود بەدەستدێت، چوونە ناو کرێکارانی کارگەیەك یان فەرمانبەرانی فەرمانگەیەك یان ئەندامانی سەندیکا یان حزبێك هەمان دەستکەوتیان دەبێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو پەیوەندییانە پەیوەنییەکی پتەوبن. چوونە ناو خەڵك تەنیا بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری بۆ پەیامنێر گرنگ نییە، بەڵکو پێویستە پەیامنێر بەو چوونەی لەئازارو خواست و پێداویستییەکانی خەڵك بەئاگابێت و دەنگی ئەوان لەڕێگەی پەیامەکانییەوە بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدارەوە(کازمی موعتەمەد نەژاد،٢٠٠٦: ٢٢١) .

هەواڵ بەگشتی بابەتێکی کۆمەڵایەتیە، پەیامنێر پێویستە وزەی هەواڵنووسینی خۆی زیاد بکات و بچێتە ناو خەڵکەوەو هاتووچۆی هەموو شوێنێك بکات و خۆی نەپارێزێت لەگوێگرتن و نوارین و پرسارکردنی ورد. بەشێوەیەکی گشتی پەیامنێران پێویستە لەرێگەی چوونە ناو دەستەو گروپەکانی کۆمەڵگەوە، ئاگادار ببنەوە لەخواستەکان و پێداویستیەکانی خەڵك (فریبا سەیاد- علی ئەکبەر،٢٠٠٦: ٧٢). هەروەها ئەحمەد تەوەکولی پێیوایە کە کاری پەیامنێر هاوشێوەی کاری ئەو کەسەیە کەلەبەشی پەیوەندی گشتیی دا کاردەکات و دەتوانێت بەئاسانی لەگەڵ ناوەندەکانی هەواڵ، کارناسان و بەرپرساندا پەیوەندی دابمەزرێنێت، هەر کات بابەتێکی بەدەست گەیشت، هەرچەند پسپۆریش بێت، دەستبەجێ دەتوانێت پەیوەندی بکات بەدەیان سەرچاوەی هەواڵی و پسپۆرییەوەو زانیاری وەربگرێت (٢٠٠٧: ١٩٢).

٥- دروستکردنی دڵنیایی:

دەبێت پەیامنێر رێگەی خۆی لەتۆڕی گەورەی پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکاندا بدۆزێتەوەو بچێتە ناو سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، هەروەها بۆ ئەوی پەیامنێر سەرکەوتووبێت لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا، پێویستە چەند سیفەتێکی گرنگی تێدابێت، لەم بارەیەشەوە گرنگترین سیفەتەکانی پەیامنێر دەبێت سەنگین بێت، نیازپاکی و لێکتێگەیشتنی هەبێت، بەڵام لەسەروی هەموویەوە پاراستنی نهێنی و دڵنیاکردنەوە گرنگە(د. محەمەد ئەلدروبی،٢٠٠٦: ٨٣).

٦- پاراستنی ناونیشانی سەرچاوەی هەواڵ:

دڵنیاکردنەوەی کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو کەسانەی کە بەهۆی کارو پلەو پایەکانیانەوە دەبنە سەرچاوەی هەواڵ، تەنیا لەبەر پەیوەندییەکی (کەسی) فەردی و دۆستانە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە پەیامنێرەکان بتوانن لەرێگەیانەوە بچنە ناو هەموو سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەوەو لەکاتە هەستیارەکاندا زانیارییان لێوەربگرن، لەبەرئەوەی پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەوانەیە بتوانن هەواڵێك بخەنە بەردەست پەیامنێر، گرنگ و پێویستە(کازمی موعتەمەد نەژاد، ٢٠٠١: ٢٢٣).

بەندی شەشەم لەپرەنسیپەکانی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمریکا داوا لەرۆژنامەوانان دەکات کە رێز لەپەیامەکانیان بگرن، سەبارەت بەسەرچاوەی هەواڵەکانیان لەرووی پارێزگاریکردن لەنهێنی ئەو سەرچاوانە، دەبێت ئەو پەیمانە تەنیا لەو کاتانەدا بخەنە پێش هەموو شتێکەوە کە پێویستیەکی روون و ئاشکراو چاك هەبێت بۆ ئەو شتە، ئەوەش بارێکی گران دەخاتە سەر شانی رۆژنامەوان، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت(جۆن.ل.هاتلنگ،٢٠٠٤: ١٠٩).

ماکدۆگال (٢٠٠٧: ٦٤) تیشکدەخاتە سەرئەوەی کە ئەگەر پەیامنێر پەیمانێکی دابێت، لەسەریەتی بیپارێزێت و پابەند بێت پێییەوە، هەروەك ژمارەیەك لەرۆژنامەوانان لەبەرئەوەی کە رازینەبوون ئەو متمانەیە بدۆڕێنن کە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری پێیانی بەخشیوون، دووچاری بەندکردن بوونەتەوە. هەروەها فریبا سەیاد دەڵێت: بۆیە پێویستە بۆ پەیوەندیکردنی خێرا لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا، پێویستە پەیامنێر دەفتەرێکی هەبێت بۆ پاراستنی ناوو ژمارەی تەلەفۆنی کەسەکان و رێکخستنیان. (٢٠٠٦: ٧٢). بەڵام ئەحمەد تەوەکولی روونیدەکاتەوە کە نهێنی پارێزی لەو تایبەتمەندییانەیە کە یارمەتی رپیۆرتەر دەدات تا سەرچاوەکانی هەواڵ باوەڕی پێ بکەن و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام دەستی بەکۆمەڵێك زانیاری بگات کە زۆرجار هاوکارەکانی دیکەی لێی بێبەشن، هەروەها رپیۆرتەر لەکاتی قەیراندا سەرچاوەی زانیاریەکانی خۆی ئاشکرا ناکات(٢٠٠٧: ١٩٢).

٧ – خێرایی لە کاردا:

لەروی گرنگییەوە، کات لەهۆیەکانی راگەیاندندا بەپلەی یەکەم دێت و نووسەران و ئامادەکارانی هەواڵ دەبێت هەمیشە هۆکارو هەل و مەرجەکانی کارەکەیان لەگەڵ ئەو کاتەی کە لەبەردەستیاندایە بگرنە بەرچاو، ئەو هەواڵانەی کە پەیامنێرێکی وردبین و زیرەك ئامادەی دەکات، بەڵام درەنگ دەینێرێت بۆ بڵاوکردنەوە لەمیدیاکاندا، بەهاکەی کەمترە لەهەمان هەواڵ کە پەیامنێرێکی تر بەشێوەیەکی کەموکوڕی ئامادەی دەکات، بەڵام لەکاتی خۆیدا بڵاویدەکاتەوە، بۆ خێرابوون لەکاردا پێویستە پەیامنێران شەوو ڕۆژ ئامادەی کاربن و گوێ بەکات نەدەن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان و بیست و چوار سەعات ئامادەی کاربن، بۆیە پێویستە پەیامنێرەکان تەندروستییەکی باشیان هەبێت و گرنگی بەتەندروستی خۆیان بدەن(کازمی موعتەمەد نەژاد، ٢٠٠١: ٢٢٦).

٨– لێکۆڵینەوە لەبەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتەکان:

پەیامنێر بۆ ئاشکراکردنی رووداوە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە پێویستیی بەزانیاری تەواوکەر هەیە، ئەم زانیارییانەش لەرێگەی سوود وەرگرتن لەبەڵگەنامەو ئەرشیفەوە دەبێت، وەرگرتنی ئامارێکی نوێی ئابوری لەبەرپرسێکی دیاری دەوڵەت بێگومان بۆ پەیامنێرێك بەهایەکی زۆری هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو ئامارە لەگەڵ ئامارە کۆنەکەدا بەراورد نەکرێت و وەرگران لەگۆڕانکارییەکانی باری دارایی وڵات ئاگادار نەکرێنەوە، گرنگی ئەم هەواڵە دەرناکەوێت، هەروەها پەیامنێر دەتوانێت سوود لەکتێبخانەو ئەرشیفە نەتەوەییەکان و بڵاوکراوەی کۆمەڵەو ئەنجومەنە زانستییە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت و زانیاری خۆی پێ دەوڵەمەند بکات(کازمی موعتەمەد نەژاد، ٢٠٠١: ٢٢٥).

٩– کامڵکردنی زانیارییە گشتییەکان:

بۆ کامڵکردنی زانیارییە گشتییەکان پەیامنێر نابێت بەهیچ سنورێك رازی بێت، پەیامنێر پێویستە لەکامڵکردنی زانیارییەکانی خۆیدا بەئەندازەیەك پێش بکەوێت، کە خۆی بکاتە ئەنسکلۆپیدیایەکی هەمیشەیی و بزواو، هەروەها پەیامنێر دەتوانێت بەیارمەتی زانیاری و زانستە تایبەتیەکانی، سەرجەم لایەن و چوارچێوەکانی مەسەلەیەك هەڵدەسەنگێنێت و هەموو جۆرە ئاڵۆزییەك لەناوببات کە لەو هەواڵەدا دەیبینێت.

کەواتە دەتوانرێت بوترێت کە کۆکردنەوەی یەك لەدوای یەکی زانیارییەکان و تەواوکردنی زانیارییە گشتییەکان لەئەرکە زۆر گرنگەکانی پەیامنێرەو بگرە تەنها رێگەیە بۆ کاری گەڕان بەدوای هەواڵدا، هەر پەیامنێرێك بەو شێوازە کار بکات، هیچ کاتێك بەهەڵەدا ناچێت ، چونکە ناتوانێت لەرێگەی شارەزاییەکانی خۆیەوە لەهەموو لایەنێکی بابەتەکە بەئاگا بێت و هەر جۆرە نهێنییەك لەهەواڵەکەدا ببینێت ئاشکرای بکات و هەواڵێکی راست بخاتە بەردەستی خەڵك (فریباسەیاد– علی ئەکبەر،٢٠٠٦: ٧٣).

١٠– لەبەرچاو گرتنی پرەنسیپی بێ لایەنی:

ئەحمەد تەوەکولی تەئکید لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە پێویستە پەیامنێر لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ و بابەتە رۆژنامەوانییەکان تێبینییە تایبەتییەکان و بۆچوونەوەی حەزو ئارەزووەکانی وەلابنێت و هەواڵەکە بەشێوەیەکی بابەتیانە ئامادە بکات، خۆی لەدادوەریکردن دەربارەی بابەتەکە یان رووداوەکە بەدوور بگرێت و بسەلمێتەوە لەچوونە ناو ژیانی تایبەتیانەی خەڵك(ل١٩٢). هەروەها کازمی موعتەمەد نەژاد دەڵێت: "پاراستنی بێ لایەنی یەکێکە لەسیفاتە بنچینەییەکانی پەیامنێر، هەرچەندە دەربڕینی رای تایبەتی پەیامنێر لەهەندێك جێگادا گرنگەو خەڵك حەزی لێدەکات، بەڵام دەبێت بزانێت

کە هەواڵ جیاوازە لەنووسینی بابەت یان شیکردنەوەی بابەتێك، چونکە هەواڵ تەنها پێویستیی بەگێڕانەوەی چۆنێتی ڕووداوی هەواڵەکە هەیە." (٢٠٠١: ٢٢٧)، لەهەمان ڕووەوە فریبا سەیادو عەلی ئەکبەری (٢٠٠٦: ٧٤) باس لەرپیۆرتەر دەکات و دەڵێت "رپیۆرتەر دادوەرێکی بێلایەنە، بێلایەن بەو مانایەی کە ئەگەر لەراپۆرتەکەیدا ڕاستیەك بخاتەڕوو، بەڵام لایەنگیری هیچ کەس و ڕەوتێك ناکات، بەچاوێکی کراوەوە کاری لێکۆڵینەوە دەکات و لەکاتی بڕیارداندا، تەنیا بیر لەڕاستی دەکاتەوە."

١١- ڕەفتاری کۆمەلایەتی گونجاو:

پەیامنێر لەو شوێنەی کە لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵدا لەپەیوەندییدایە، پێویستە ئاشنابێت بەو نەریتە پێکەوە ژیانەی جێی پەسەندی کۆمەڵگە یاخود زۆربەی کەسەکانە.

کۆمەڵێك بنەما هەیە کە بەلای هەموو یان زۆربەی کۆمەڵگەوە پەسەندە، پێویستە پەیامنێر ئاگاداری ئەو بنەمایانە بێت وەك: (ڕێزگرتن لەو کەسەی کە لەبەرامبەریدایەو ئەتەکیەتی جلوبەرگ و روخسار، ڕێزگرتن لەکار، گوێگرتن لەقسەی خەڵکانی تر، چۆنێتی هەڵسوکەوت و ڕێکردن، قسەی خۆش، خۆپاراستن لەبەکارهێنانی وشەی نابەجێ و بازاڕی،... هتد)، ئەمانە هەموو دەتوانن بەشداربن لەسەرکەوتن یان شکستهێنانی پەیامنێردا(کازمی موعتەمەد نەژاد،٢٠٠٦: ٢٢٦).

١٢- پەیامنێر ڕەخنە وەردەگرێت:

ئەو کەسانەی کە بڕیاردەدەن کاری رپیۆرتەری بکەن، ئەوا دەبێت ڕەخنە وەربگرن، چونکە ڕۆژانەو بەردەوام لەکارەکەیدا ڕووبەڕی ڕەخنە دەبێتەوە.

رپیۆرتەر ئەگەر بەر لەبڵاوبوونەوە یان دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرت و هەواڵ و زانیارییە ئامادەکراوەکانی، ڕووبەڕوی ڕەخنەی هاوکارانی بوەوە، ناڕەنجێت و هەوڵدەدات ڕەخنەی دۆستانی بکاتە پاڵپشتێك بۆ بەرچاو ڕوونی داهاتووی کارو پیشەکەی.

ئەگەر پەیامنێر ڕەخنەی بەرامبەر، سەرچاوەکانی هەواڵ و هاوکارو هاوپیشەکانی وەرنەگرێت، ئەوا ناتوانێت لەکارەکەی خۆیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. (ئەحمەد تەوەکولی، ٢٠٠٧: ١٩١).

## بەشی دووەم

### باسی دووەم:

**پەیوەندی پەیامنێر بەسەرچاوەکانی هەواڵ–ەوە:**

* پەیوەندی پەیامنێر بەڕووداوەوە
* پەیوەندی پەیامنێر بەشوێنی ڕەسمییەوە
* پەیوەندی پەیامنێر بەشوێنی گشتییەوە
* پەیوەندی پەیامنێر لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکان
* پەیوەندی پەیامنێر لەگەڵ ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**پەیوەندی پەیامنێر بەڕووداوەوە:**

پەیامنێر دەبێت پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەسەرچاوەکانی هەواڵ–ەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگشت ڕووداوەکان ئاگاداربێت و بتوانێت لەڕێگەی سەرچاوەکانی خۆیەوە هەواڵ و زانیاری ورد وەربگرێت و پشتڕاستیان بکاتەوە.

پەیامنێر پێویستە ریشەی ڕووداوەکان دەربێنێ و کەموکوڕی و خەوش و هەڵەو تاوانەکان بخاتەڕوو.

پەیامنێر پابەندە بەڕووداوەکان و ڕاستیە ئاشکرانەکراوو شاراوەکان، بۆیە دەبێت بەدوای ڕووداوە گشتییەکان و ڕاستیە گشتییەکاندا بچێت و شیان بکاتەوە. هەموو ڕووداوەکان بریتین لەڕووداوی شاراوە یان لەوانەیە ڕووبدەن ئەو ڕووداوانەش نابن بەهەواڵ تا ئەو کاتەی بەڵێندەرێکی ناردنی هەواڵ دەگاتە جێ و ڕاپۆرتێکیان لەبارەوە پێشکەش دەکات، بەواتایەکی دیکە هەواڵ ڕاپۆرتێکی نووسراوە لەسەر ڕووداو، لەخودی ڕووداویشدا شتێکی خودی نییە (مالکۆم ئێف مالێتی، ٢٠٠٣: ٥).

(تاتیان ریپکۆڤ، ٢٠٠٦: ٣١٤) ڕوونیدەکاتەوە کە پەیامنێریی کۆکردنەوەی بابەتی پەیوەندیدارو باوەڕپێکراوە، لەڕێی تێبینیکردن و چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە، پەیامنێریی مانای ئەوەیە بایەخ بەڕووداوێك بدرێت، لەلایەن کەسێکەوە کەلەوێ لەشوێنی ڕووداوەکە بەشتەکانەوە خەریکە، پەیامنێر وەك چاوو گوێی ڕۆژنامەکانیان ڕاستیەکان و ناوەڕۆك دابین دەکەن بەو جۆرەی کە لەگەڵ شێوازو سیاسەتی ڕۆژنامەکەیدا بگونجێت. ئاستی دەست گەیشتن بەزانیارییەکان چووەتە سەرێ، هەڵبەت نابێت ئەو وەهمەبین کە بەرزبوونەوەی یان چوونە سەرێی ئاستی دەست پێڕاگەیشتن بەزانیارییەکان، بەناچار بەواتای دەستگەیشتنی یەکسانی زانیارییەکانە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە ئەزموون و شارەزاییەکانی قۆناغی سایبێر ژۆرنالیزمی فێربوبێت زانیارییەکان ساناتر بەدەست دێنێت.

هەروەك تاتیان باس لەوەشدەکات کە لەگەڵ ئەوەی پەیامنێر هەمیشە دەبێت بەدوای ڕووداو و ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەدا بگەڕێت کە نائاشکران و بەلای خەڵکەوە گرنگن، سەرەڕای ئەوەش پەیامنێریی گەڕانە بەدوای هیلاکیدا، پیشەی پەیامنێریی لەگەڵ فراوانبوونی بواری ڕۆژنامەنووسی بەشێوازێکی بڵاو هاتە کایەوە، کاتێك بیر لەفراوانبوونی مەودای بەردەم ئەم پیشەیە کرایەوە بۆ پێشکەوتنی زیاترو داهێنانی بەرفراوانتر لەبزوتنەوەی کاری ڕۆژنامەنووسیدا بۆ ڕوماڵکردنی زیاتری ڕووداوەکان.

گەڕان بەدوای ڕووداوەکان و ئامادەکردنی ئەو هەواڵانەی کە بەلای خەڵکەوە گرنگن، لەئەرکە سەرەکیەکانی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسین، دەبێت بزانین گەڕان و ئامادەکردنی هەواڵ لەلایەن پەیامنێرەکانەوە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی هۆیەکانی

ڕۆژنامەنووسـیەوە دەبێـت دوا بـەدوای ئـەوە هـەواڵ و بابەتـەکان زۆر بـەخێرایی لەشـوێنە دوورو نزیکەکانـەوە لەڕێگـەی پەیوەندییە تەکنیکیەکانەوە ڕەوانەی ناوەندەکانی کۆکردنەوەو پەخشی هەواڵ بکرێن(د. یونس شوکر،٢٠٠٧: ٨٢).

* پەیوەندی پەیامنێر بەشوێنی ڕەسمییەوە:

پەیامنێر پێویستە ڕۆژانە سەردانی ئەو شوێنە ڕەسمییانە بکات کە زۆرجار دەبنە سەرچاوەی هەواڵ و زانیـاری ورد، وەك دەزگای پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان و نەخۆشخانەکان و ...هتد.

پەیامنێر هەمیـشە زانیـاری لەسـێ سەرچـاوەوە کۆدەکاتـەوە، ئـەوانیش بەڵگەنامـەو تۆمارکراوەکـان، چـاوپێکەوتنەکان، تێبینیـەکان کـە تۆمـارکراون لەگـەڵ دۆکیۆمێنتـەکان، لەهەنـدێجاردا بەئاشـکرایی ئـەو برگـەو بەنـدو زانیـاری و هەواڵانـەمان دێنێتەوە بیر کە دەشێ سودی گەورە بەناوەڕۆکی بابەتە نوێکـان ببەخـشن، وەکـو بەڵگەنامـەی مـردن و ڕاپۆرتـە توێکارییـە جەستەییەکان و بەڵگەنامەی یاسـایی تایبـەت بـەزەوی و زارو وەسـێتنامەو گرێبەسـتی هاوسـەرێتی و فـەرمانی ئامـادەبوون لەبەردەم دادگاو دۆسیەکانی دادوەریکردن و دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسن هـەروەها ڕووداوەکـان و مۆڵەتـەکان . هـەروەها چاوپێکەوتن سەرچاوەی دووەمـن، کـە لەهـەموو هەلومەرجێکدا پێویستن بـۆ پـشت ڕاسـتکردنەوەی زانیارییـەکان، لێـرەدا پـەیامنێرو سەرچـاوەی هـەواڵ پێویـستیان بەلێکتێگەیـشتن و بنـچینەکانی زانیارییــە پێگەیـشتووەکان هەیـە، چـونکە فەرمانبەرێکی حکومی هەمیشە بەشێوەیەك زانیاری دەدات بەدەستەوە کە نابێت بناسرێت و ناوی ئاشکرابکرێت، سەچـاوەی سێیەمی زانیاری لای پەیامنێر سەرنج و تێبینیە خودییەکانە، لێـرەدا ئـیش لەسـەر ئـەوە دەکرێـت کـە ڕوونکردنـەوەکان بـێ کۆتـایین، بۆیـە دەبیـنین پـەیامنێرێك لـەکاتی جەنگـدا لەبـەرەکانی جەنگـەوە سـەرنج و تێبینیـەکی تایبـەت و تایبەتمەنـد بەوردەکارییەکانییەوە پێشکەش بکات کەوا لەخوێنەر بکات بچێتە نـاو ڕووداوەکـەوە، چـونکە پـەیامنێر نماینـدەی خوێنـەرە ئەوەی پێشکەشی دەکات گواستنەوەی هەواڵەکانە بۆ خوێنەر.

پەیامنێران بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکـە گشتیەکانی نـاو کۆمـەڵ دەسنیـشانکراون، پـەیامنێر پانتـایی و ڕووبـەرێکی دیـاریکراو دەگرێتـە خـۆی، شـوێنی هەڵـسوڕاندنی پـەیامنێر بـریتی دەبێـت لەحکومـەتی ناوچـەیی و پـۆلیس و دادگاکـان، پـەروەردەو تەندروسـتی و نەخۆشـخانەکان و کایـە بازرگانیـەکان و... هتـد. بەشـێوەیەکی ئاشـکرا هـەموو پـەیامنێرەکان پێویـستیان بەپەرەپێـدانی سەرچـاوەکانیان هەیـە، ئەمـەش زیـاتر پـەیامنێرە تایبەتیـەکان دەگرێتـەوە، کـە لەکایەیـەکی تایبـەتی ڕۆژنامەنووسـی تایبەتـدا کاردەکـەن، بـۆ نموونـە لـەتۆمارکردن و وەرگرتنی هەواڵـەکانی هـۆڵی شـارەوانی شـاردا، پێویـستە پەیامنێر سەرۆکی شارەوانی شـارو سـەرۆکی بەشـەکان و سـکرتێرەکان و تەنانـەت دەرگاوانـەکانیش بناسـێت، چـونکە هـەر یەکێك لەوانە سەرچاوەیەکی شاراوەی هەواڵن، یان لانیکەم سەرچاوەیەکی ڕێنماییکارن(شێرزاد عەبدولڕەحمان، ١٩٨٧: ٥١).

پەیامنێرانی تایبەت بەدادگا پێویستە ئەوە بزانن کە چۆن دەتوانن مۆڵـەتی ڕێپیـدانی تۆمـاری دادگاکـان بەدەسـتبهێنن و پەرە بەپەیوەندییەکان بدەن لەگەڵ فەرمانبەرە سەرەکیەکانی وەك دادنووسی دادگاکان و نووسەری دادگاییەکان کـە هـەموو تۆمارەکانی دادگا دەپارێزن و دەتوانن دەسنیشانی بەڵگەنامە گرنگ و سەرەکیەکان بکەن.

د. کـازمی موعتەمـەد نـەژاد ڕوونیکردۆتـەوە کـە هەنـدێجار هەواڵـەکان شـاراوەن و بەپەردەیـەك داپۆشـراون و خـاوەنی هەواڵەکە لەبەر هەندێ هۆی تایبەت ناهێڵێ پـەیامنێرەکان دەسـتیان پـێ بگـات، بۆیـە بەئەنقەسـت هەواڵەکـە دەشـارێتەوە، تەنانەت بۆ ئاشکرانەبوونی گیروگرفت لەبەردەم پەیامنێرەکانـدا دروسـت دەکـات، لـەم حاڵەتـەدا پەیامنێرەکـە بەپێـچەوانەی خاوەن هەواڵەکە دەبێت هەوڵبـدات هەواڵەکـە بدۆزێتـەوەو بیداتـە ڕۆژنامەکـەی و لـەم هەلومەرجـەدا پـەیامنێر دەبێـت وەکـو پۆلیسێکی نهێنی بکەوێتە دوای هەواڵەکە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە خاوەنی هەواڵەکە ئامادە نییە هەواڵەکە بـدات بەدەسـتەوە، پـەیامنێر دەتوانێـت ئاسـتی سەرچـاوەی هەواڵەکـە دابـەزێنێت و سـەردانی سـکرتێرەکانیان یـان خزمـەتکارەکانیان بکـات و

بەئاسانی هەواڵەکەی دەست بکەوێت. هەمیشە پێویستە پەیامنێر لەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانیارییەکانی نزیك بێت، و لێیان دوور نەکەوێتەوە، بۆ ئەوەش پێویستە بەردەوام پەیامنێر پەیوەندی هەبێت لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵەکانیدا چونکە متمانەیان زیاتر دەبێت پێت ئەگەر زۆر چاوت پێیان بکەوێت(٨٠:٢٠٠١–٩٠).

بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری گرنگ پەیامنێر پێویستە بەردەوام هاتووچۆی باڵیۆزخانە بیانیەکان بکات، بەتایبەت ئەو بەرپرسانەی کە پەیوەندییان هەیە بەراگەیاندن و بواری رۆژنامەنووسیەوە، هەروەك پێویستە پەیامنێر سەرچاوەی هەبێت لەفرۆکەخانەو بەندەرەکاندا، چونکە ئەوانەی لەم جۆرە شوێنانەدا کاردەکەن ئاگاداری هاتووچۆی کەسانی گەورەو گرنگن، و سەرچاوەی زانیاریگەلێکی بایەخداریشن.

هەروەها کۆنگرەی رۆژنامەنووسی یەکێکی دیکەیە لەسەرچاوەکانی پەیامنێر بۆ ئامادەکردنی هەواڵ و زانیارییەکان، کۆنگرەی رۆژنامەنووسی سەرچاوەیەکی هەواڵە لەبەرئەوەی چەندین کەسایەتی گرنگ و گشتی بەئامادەبوونی زۆرترین رۆژنامەنووس تاووتوێی سیاسەتی نوێ یان یاسای خوێندنی ناوخۆ یان گفتوگۆ لەسەر بابەتێك دەکرێت، کەبەلای رایگشتییەوە گرنگە.

لەشارە گەورەکاندا هەندێك پەیامنێر تەواوی رۆژانی کارکردنیان بەبەدواداچوون و راوەدونانی چەندین بابەت لەنوسینگە رۆژنامەنووسییەکانی سەربەسەرکردایەتی پۆلیس یاخود ئەنجومەنی شار یان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی یان ناوخۆیی، یاخود لەشوێنی دیکە دەگوزەرێنن، بەو پێیەی لەو جۆرە شوێنانەدا هەواڵی گرنگ دەست دەخرێن، بەڵام لەرۆژنامە بچووکەکاندا پەیامنێران رۆژانە جارێك یان دووجار سەردانی سەرچاوەکانیان دەکەن و پاشان دەگەرێنەوە نووسینگەکانیان و دەست بەدارشتن و ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵەکانیان دەکەن(. مالکۆم ئێف مالێتی،٢٠٠٣: ٧–١٠).

پەیوەندی پەیامنێر بە شوێنی گشتی–ەوە:

پێویستە پەیامنێر لەپەیوەندیدابێت لەگەڵ کۆمەڵدا بەگشتی، چونکە زۆرجار ناوپاس و چێشتخانەو سەرتاشخانەو چایخانەو شوێنە گشتییەکانی دیکە، دەبنە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەواڵ، لەزاری خەڵکی ئاساییەوەو پەیامنێر دەتوانێت بەدواداچوونیان بۆ بکات و بڵاویان بکاتەوە. پێویستە پەیامنێر گفتوگۆ بکات لەگەڵ خەڵکێکی زۆری جۆراو جۆردا، دەبێت باش گوێ بگرێت بۆ ئەو قسانەی دەکرێن لەچایخانەو کۆروکۆبوونەوەکاندا(ئەلبرت ل.هستر– وای لان ج.تو،٢٠٠٧: ٢٦٣).

هەروەها پێویستە پەیامنێر بەردەوام لەئاهەنگی دیپلۆکاتەکان و پێشوازیکردندا ئامادەبێت، چونکە لەم جۆرە بۆنانەدا شتی زۆر دەبیستێت و دەتوانێت سوودیان لێوەربگیرێت لەکاری پەیامنێریدا.

. د. عبدالجواد سعید ربیح دەڵێت: "پێویستە پەیامنێر هەندێ کاتی خۆی لەناو بازاڕدا بەسەر بەرێت، چونکە ئەوە پێویستە بۆ شارەزابوون و ئاگاداربوون لەقسەو بیروبۆچوونە جیاجیاکانی خەڵك، ئەو شارەزاییە دەست پەیامنێر ناکەوێت بەتەنیا بەقسەکردن لەگەڵ لێپرسراوێکی بیرۆکراتی، هەروەها هەندێك کات لەگەڵ هاوکارەکانت گفتوگۆ بکە، چونکە بەهۆیەوە دەتوانێت ناو بەناو بیرۆکەیەك بەدەست بهێنێ کە بەکەڵکی چیرۆکە هەواڵێك بێت."

هەروەك پێشیوایە کە پێویستە پەیامنێر هەندێك کات تەرخان بکات بۆ پیاسەکردن و سوڕانەوە بەناو شارو ئەو ناوچەیەدا کەتێیدا دەژیت، بەوردی سەیری ئەو شتانە بکات کە روودەدەن، گەڕان بەئۆتۆمبێل بەکەڵکی ئەو مەبەستە نایەت، دەبێت هەوڵبدات باش شارەزابێت لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت و خۆی گۆشەگیر نەکات لێی. چوونە ناوخەڵك و شوێنە گشتییەکان و شارەزابوون لەو ناوچەیەی کەتێیدا دەژیت یارمەتیدەرێکی باشن بۆ سەرکەوتنی پەیامنێر لەپیشەکەیدا، چونکە شارەزایی ناونیشانەکان و دەنگی خەڵك و چواردەورەکەی دەبێت و دەزانێت رای گشتی چۆنە. (٢٠٠٣: ١١٥)

پەیوەندی پەیامنێر لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکاندا:

دروستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکی باش و نزیك لەگەڵ کەسایەتیە دیارەکانی کۆمەڵ پێداویستیەکی گرنگی پەیامنێرانن، هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزن بۆ پشتڕاستکردنەوەو وەرگرتنی زانیاری ورد لەسەر ڕووداو و هەواڵە شاراوەکان.

ئەلبرت .ل . هستر–وای لان چ .تو (٢٠٠٧: ٢٦٣ – ٢٦٥) لەکتێبی ڕابەری ڕۆژنامەنووس لەجیهانی سێیەمدا چەند ئامۆژگارییەکی پەیامنێران دەکات لەم چەند خاڵەدا.

* لەسەرچاوەی هەواڵەکەت مەپرسە چ شتێکی تازە هەیە؟ چونکە بۆ ئەوان هەواڵی تازە نییە، بەهۆی کارە ڕۆتینیەکانیانەوە، ئەوان ئاگایان لەهیچ هەواڵێك نییە ئەگەر داباریێ بەسەریشیانداو زۆربەشیان لەو بابەتەن، خۆت وادابنێ کە ڕاوچیەکی هەواڵی ڕاهێنراویت.

* خاوەنکارو سەرمایەدارەکان پشتگوێ مەخە، چونکە ئەوان ئیشەکانیان وادەخوازێ کە ئاگاداری هەموو ڕووداوەکان بن ئەگەر بیانەوێ بەردەوام بن لەکارەکانیاندا.

* ناسیاوی پەیدا بکە لەگەڵ هەندێ لەمامۆستایانی زانکۆو پیاوانی کار بەدەست و هاتووچۆیان بکە، چونکە ئەوانە جاروبار هەواڵی باشیان لایە.

* بکەوەرە جەنەبازی و قسەکردن لەگەڵ سیاسی و بەرپرسەکاندا، چونکە ئەوانە زۆربەیان حەز دەکەن بیروڕای خەڵك ببیستن لەسەر خۆیان، هەروەها بڕێکی باش زانیارییان لێوەردەگرن.

* زۆر هەواڵ و زانیاری هەن لەلایەن ئەو کەسایەتیانەی کە لەبڵاوکردنەوەیان قازانج دەکەن، بۆیە ڕاستەوخۆ دەخرێنە دەست پەیامنێرەکانەوەو کۆکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانەش زۆر ئاسانە.

* زۆر لەو کەسایەتییە گشتییانەی کە پەیامنێر پەیوەندی ڕۆژانەیان لەگەڵدا گرێدەدات، شایستەی ئەو پایەو گرنگیە نین، پەیامنێریش ئەو ڕاستیە دەزانێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە.

* یەکێکی دیکە لەسەرچاوەکانی پەیامنێر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەفتەری ئارشیفکردنی ناونیشانەکانە، کە بریتین لەکەسە گرنگ و و پسپۆڕەکان و شارەزایانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و هونەری و... هتد.

* ئەوەی هیچ ڕۆژنامەنووسێك دەستبەرداری نابێت، کتێبی ئامارەکان و پرۆگرامی حزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیە لەگەڵ لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە شوێنی دیارو ئەرکی دیارییان هەیە لەگەڵ شوێن کارەکانیان.

**پەیوەندی پەیامنێرلەگەڵ ڕۆژنامەو دەزگاکانی هەواڵ دا:**

بۆ ئاگاداربوون لەڕووداو و زانیارییە گشتییەکان، پێویستە پەیامنێر ڕۆژنامەکانی دیکە بخوێنێتەوەو سەیری ئاژانس و کەناڵەکانی دیکە بکات، چونکە لەکارەکەیدا سوودیان لێوەردەگرێت.

ئەلبرت .ل . هستر–وای لان چ .تو لەکتێبی ڕابەری ڕۆژنامەنووس لەجیهانی سێیەمدا چەند ئامۆژگارییەکی پەیامنێران دەکات لەم چەند خاڵەدا. (٢٠٠٧: ٢٦٣ – ٢٦٥)

* ئەو بڵاوکراوانە بخوێنەرەوە کە تایبەتن بەبەدواداچوونی هەواڵ ئەگەر دەستت بکەوێت، ئەگەر تواناشت هەبوو یەکێك یان دووان لەو بڵاوکراوانە بکڕە.

* ئەو رۆژنامەیە بخوێنەرەوە کا کاری تێدا دەکەیت، چونکە زۆر رۆژنامەنووس حەز لەخوێندنەوەی ئەو بابەتانە ناکەن کە خەڵکی دیکە دەیاننوسن، تەمەڵ و تەوەزل مەبە، هەموو کاتێك ئاگاداری رووداوەکان بە لەرۆژنامەکەتدا، هەموو رۆژنامەنووسێك دەبێت ئەو رۆژنامەیە بخوێنێتەوە کە کاردەکات تێیدا، ئەگەر بۆت کرا رۆژنامەکانی دیکەش بخوێنەرەوە.

* هیچ دوودڵ مەبە لەدزینی بیرۆکەو هەواڵ لەو رۆژنامانەوە کە لەوڵاتانی دیکە دەردەچن، یان ئەو رۆژنامانەی دیکە کە لەوڵاتەکەی خۆتدا دەردەچن، چونکە ئەوەی پێی دەگوترێت مافی بڵاوکردنەوە بیرۆکە ناگرێتەوە، ئەو مافە تەنیا پەیوەندی هەیە بەشێوازی دەربڕین و گوزارشتکردنەوە، پەیامنێر هەموو کاتێك دەتوانێت بەرگێکی ناوخۆییانە بکاتە بیرۆکەی هەواڵێك ئەگەر بزانێت گونجاوە لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا کە تێیدا دەژیت.

* بەیان و بڵاوکراوەکانی حکومەت بخوێنەرەوە، هەرچەندە بێزاریش بیت لێیان، چونکە هەندێك بابەتیان تێدایە بەکەڵکی ئەوە دێن بکرێن بەهەواڵ.

* بەردەوام سەیری تەلەفزیۆن بکەو گوێ لەرادیۆ بگرە، چونکە هۆکانی راگەیاندن ناوبەناو هەواڵی باش بڵاودەکەنەوەو دەتوانیت سوودیان لێوەربگریت.

* گوێ بگرە لەهەواڵ و بەرنامە بیانییەکان لەسەر شەپۆلی کورت، چونکە ئەو هەواڵ و بەرنامانە رۆشنبیریت زیاد دەکەن و مەودای زانیاریت زۆرجار زیاد دەکەن.

# بەشی دووەم

## باسی سێیەم:

### چۆنییەتی ناردنی زانیاری بۆ ڕۆژنامە:

گواستنەوەو ناردنی زانیاری و وێنە ڕۆژنامەنووسییەکان لەلایەن پەیامنێرانەوە بۆ ڕۆژنامەکان بەشێکی گرنگ و تەواوکەری پرۆسەی ڕۆژنامەنووسیە.

لەدنیای ئێستادا تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن دنیای کردووە بەگوندێکی بچووک و لەچاوی ڕاگەیاندنەوە دەتوانین لەچەند ساتێکی کەمدا بەشێکی زۆری وڵاتانی دنیا ببینین و زانیارییان لەسەر وەربگرین، بێگومان لەهەرێمی کوردستانیشدا ئاستی تەکنەلۆژیا تاڕادەیەکی زۆر گەشەی سەندووەو لەدوورترین شوێنەوە لەڕێگەی مۆبایل و ئینتەرنێتەوە پەیامنێرەکان دەتوانن پەیامەکانیان بگەیەننە ڕۆژنامەکانیان. ڕۆژنامەنووسی پرۆسەی تەکنیککارییە بۆ ڕومالکردن و تۆمارکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە ڕۆژنامەنووسیەی ئامادە دەکرێت بۆ ڕۆژنامەو میدیاکان، بۆ نموونە تازەترین جۆری کامێرای nikon دەتوانرێت بەمانگی دەستکردەوە ببەسترێت و وێنەو دەنگ تۆماردەکات و ڕاستەوخۆ دەتوانرێت لەشوێنی ڕووداوەکانەوەو لەڕێگەی ئیمەیلەوە پەیام و وێنە تۆمارکراوەکان بۆ ڕۆژنامەکان بنێردرێن (هەڤاڵ ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ١١١).

د. یونس شوکر ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئێستا پەیامنێران لەهەر شوێنێکی جیهاندابن هەواڵەکەیان بەسانایی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەنێرنەوە بۆ ژووری هەواڵی ڕۆژنامەکانیان و ئیتر پێویستیان بەفاکس و سەرلەنوێ چنینەوەی نییە، لەئێستادا باسێك لەجیهاندا لەئارادایە پێی دەوترێت "کار لەڕێی دوورەوە" واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بتوانێت لەماڵەکەی خۆیەوە پەیوەندی بکات بەسایتی ڕۆژنامەکەیەوە دەتوانێت کارەکانی بەباشی بکات و بینێرێتەوەو پێویست ناکات بچێتە دەزگاکەیەوە دەوام بکات. (٢٠٠٧: ٥٠)

پەیامنێران لەجیهانی سێیەمدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەیارمەتیدان لەگواستنەوەو خستنەڕووی زانیارییەکان بۆ کەسانێك کە بڕیارگەلێك دەردەکەن و کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، جگەلەوەش پەیامنێران پێویستە لەسەریان ڕۆڵیان هەبێت لەگواستنەوەی دەنگوباس و زانیاری بۆ هاونیشتیمانیان و لەوڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەم. کاتێك پەیامنێر هەواڵ و زانیارییەکانی کۆکردەوە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی تەلەفۆنەوە دەیانگەیەننە ڕۆژنامەکانیان و زانیارییە وەرگیراوەکانیش دروست وەکو خۆیان و بەبێ هیچ جۆرە دارشتن و ڕێکخستنێك دەگوازنەوە. ئەگەر ئامرازێکی گواستنەوەی خێرای هەواڵ و زانیارییەکان نەبێت ئەوا ناتوانین گەشەکردنێکی بەرچاو لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا بکرێت، لەهەندێك لەوڵاتانی دنیادا بەتایبەتی وڵاتە گەشە نەکردووەکان سەرەڕای نەبوونی ڕۆژنامەنووسە پسپۆڕەکان، نەبوون یان کەمی مەسەلە تەکنیکیەکان پەیوەندی وەرگرەکان و نێرەرانی هەواڵ ڕێگە لەگەشەی پەیوەندییەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان دەگرێت و گەشەکردنێك نایەتە بەرهەم.(. فریبا سەیاد–د. عەلی ئەکبەر، ٢٠٠٦: ١٥٧)

## بەشی سێیەم

### ئاستەنگەکانی بەردەم پەیامنێر

دیارترین ئاستەنگی بەردەم کاری پەیامنێری، سانسۆرە کەدەبێتە هۆی تێکدانی شێوازی گەیشتنە سەرچاوەی زانیاری و ڕاست و دروستی زانیارییەکان و نەڕەخساندنی مافی زانین بۆ هەموان، بەبێ جیاوازی، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ نەمان و کەمکردنەوەی متمانەی نێوان خەڵك و حکومەت یان ڕۆژنامەنووس و دەسەڵات. هەربۆیە سانسۆر یەکێکە لەهەڕەشە پڕ مەترسییەکانی سەر ڕێی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، کە هەمیشە کراوەتە بیانوویەك بۆ بەهەڵەدابردن و چەواشەکردنی ڕای گشتی و پێشێلکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ و سنووردارکردنی چالاکییەکانی. (شوان ئادەم، ٢٠٠٦: ٤٩)

بەختیار عەلی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هەمیشە کێبڕکێی توند لەنێوان پەیامنێرو دەسەڵاتدا هەیە، چونکە هەمیشە پەیامنێر هەوڵدەدات سنووری ئازادییەکانی فراوانبکات و دەسەڵاتیش بەپێچەوانەوە، پەیامنێر باش دەزانێت بێدەنگکردنی میللەتێك هەندێکجار لەبێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسێکەوە دەستپێدەکات. (٢٠٠٣: ٤٤)

کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان پابەندن بەنەبوونی سەپاندنی سانسۆر بەسەر دەزگاکانی ماس مێدیادا، هەروەها ئازادیی بۆ پەیامنێران بەجێدەهێڵن لەپەیڕەوکردنی کارەکانیاندا، تا ئەو ڕادەیەی هەست بەبەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخی کۆمەڵگەکەیان هەبێت، لەگەڵ مەترسییەکانی وشە و کاریگەرییەکانی، بۆیە لەنموونەی ئەو تێڕوانینەدا پەیامنێران بەوەوە پابەنددەبن، بێئەوەی دەوڵەت هیچ یاسایەك دەربکات، بەڵکو لەڕێگەی پەیماننامەی یان بەڵگەننامەی ئارەزوومەندانە بۆ ئەخلاقی پیشەکە، بەڵام کۆمەڵگە پەرەسێنەکان بەتەنها پشت نابەستن بەویژدانی ڕۆژنامەنووسەکەو هەستە نیشتمان پەروەرییەکانی، بەڵکو یاسای دانراوو یاساکانی ڕاگەیاندن لەخۆدەگرن، کە پەیامنێران ناچاردەکەن بەپارێزگاریکردنی لەبەهاکانی کۆمەڵگەو سەپاندنی سزا بەسەر ئەوانەی سەرپێچیان لێدەکات. (حسن عماد مکاوی، ٢٠٠٠: ١٢٢)

جەمال عەبدول لەفەرهەنگی ڕاگەیاندندا بەدرێژیی باسی سانسۆر کراوە، لێرەدا کورتەیەکمان لێدەرهێناوە کە وەك پێویست سانسۆر ڕووندەکاتەوە، چاودێریی جۆرە وابەستەییەکە دەسەڵات دەیسەپێنێت بەسەر چالاکی ڕێکخراوە سیاسییەکانداو هەندێك دەوڵەت ئەمجۆرە چاودێرییە بەجۆرو شێوەی جاواز لەبواری ڕاگەیاندن و زانیاریدا کاری پێدەکات، وەك ئەو چاودێرییەی پێشوو لەسەر پەخش، لەسەر پەخشنەکردن و بڵاونەکردنەوەو چاپنەکردنی هیچ شتێك بەبێ ڕێگەپێدانی لایەنی تایبەتمەند، پاش خستنە بەرچاوی بابەتەکەو پشکنینی یان ئەم چاودێرییە لەدوای چاپکردنی کتێب یان ڕۆژنامەوە دەبێت لایەنی چاودێریی مافی هەیە دەست بەسەر چاپکراوەکەدا بگرێت یان ناوی بەرێت.(٢٠٠٦: ٣٥٨)

جۆهانس گۆتێنبێرگ زانای ئەڵمانی لەڕێگەی داهێنانەکەیەوە، هەڵکۆڵینی یەکەم پیتی چاپ و دروستکردنی مەکینەی چاپ، توانی بانگی شۆڕشێکی نوێ بدات بەرووی جیهانداو سەردەمێکی جیاوازتر بێنێتە کایەوە. (شوان ئادەم، ٢٠٠٥: ٨١)، کە ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بەجەماوەری بوونی پەیامی ڕاگەیاندن و خێرا بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیارییەکان ئا لەم وەختە نوێیەدا گیروگرفتی ئازادی و سەربەستی لەنێو خوێنەران و کاربەدەستان سەریهەڵدا. (سمکۆ جەباری، ٢٠٠٤: ٥٣)

ئیتر لێرە بەدواوە ململانێ لەنێوان دەسەڵاتداران و ڕۆژنامەنووسان و لایەنگرانی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی دروستبوون و هەرچی دەسەڵاتداران و حکومڕانان دەیانەوێت کۆنترۆڵی دەزگای ڕۆژنامەنووسیی بکەن و بڵاوکردنەوەیان لەژێر سەرپەرشتی خۆیاندا بێت و خۆیان بەڕێوەی بەرن. لەکاتێکدا پەیامنێرانی ئازادو هاو هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی ئەمە بیردەکەنەوەو خوازیارن خۆیان خاوەنی دەزگاکانی ڕۆژنامەنووسیی بن و بەربەست لەبەردەم کارەکانیان دانەنرێت و

ئازادییەکانیان زەوت نەکرێت. یەکەمین جەنگ کە بۆ ئازادیی زانیاریی دەرکەوت لەبەریتانیا بوو، لەساڵی ١٥٣٤، هنری حەوتەم (Hvenry V111) پێویستی وەرگرتنی رەزامەندیی بەسەر چاپخانەدا سەپاند.

لێرەدا دەردەکەوێت کە سانسۆر لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیدا نایەتەوەو رێگرێکی سەرسەختیشە لەبەردەم چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و کراوەدا. بەدیوێکی دیکەدا سانسۆر رێگەخۆشکەرە بۆ هێنانەدی ئازادیی دەسەڵاتی تاکخوازی و دیکتاتۆری و پەرەدان بەزەبروزەنگ و بەکارهێنانی میدیان بۆ مەرام و خواستی تاکەکەس و تاکە حزب و دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی جەماوەرو ئاراستەکردنیان بەهەر ئاراستەیەك کە حوکمڕان مەیلی لێی هەبێت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بیخوازێت، ئەوەش مەترسییەکی گەورە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەو بەرژەوەندیەکانیان دروستدەکات. (حسن عماد مکاوی، ١٩٨٠: ١٢٠)

شوان ئادەم ئەیڤەس (٢٠٠٦: ٥٦ – ٥٧) لەکتێبەکەیدا "ئیتیك لەرۆژنامەوانی کوردیدا" دەڵێت: هەر جۆرە رێگرییەك لەبەردەم ئازادی ڕادەربڕین و رۆژنامەنووسی و هەقی زانیندا دەبێتە شێوەیەك لەشێوەکانی سانسۆر، سانسۆریشی بەم شێوازە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشکردووە لەوانە:

١. سانسۆری ئاوەرتەیی (الاستپنائیە):

مەبەست لێی ئەو جۆرە سانسۆرەیە کە لەکاتە کتوپڕو نائاساییەکانی رۆژانی جەنگ و سەرهەڵدانی قەیراندا پەیڕەو دەکرێت، ئەمجۆرە سانسۆرەش لەزۆربەی وڵاتاندا هەواداری خۆی هەیەو پەیڕەو دەکرێت.

٢. سانسۆری پاش وەخت:

ئەمجۆرە لەسانسۆر بەباشترین جۆری سانسۆر دادەنرێت و لەزۆربەی وڵاتاندا ئەمجۆرە پیادە دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لەدوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، لایەنی بەرپرس لێپێچینەوە دەکات و سانسۆر دەخاتە سەر ئەو بەرهەمانە.

٣. سانسۆری پێش وەخت:

لەو وڵاتانەدا باوە کە ئازادی ڕادەربڕین و رۆژنامەنووسی تێیدا کەمە، بەپێچەوانەی سانسۆری پاشوەخت، لەپێشدا بەرهەمەکان پیشانی ناوەندە بەرپرسەکانی دەسەڵات دەدات، تاوەکو رەزامەندیی خۆیان لەسەر دەربڕن و پاشتر بڵاویدەکەنەوە یان نا.

٤. سانسۆری هەمیشەیی:

خراپترین جۆری سانسۆرە، کە لەوڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا پەیڕەو دەکرێت، و هەوڵی لەناوبردنی ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەنووسیی دەدەن و بەمەترسییەکی گەورەی دەزانن بۆ سیستەم و دەسەڵاتەکانیان.

٥. سانسۆری خودی:

ئەو جۆرە سانسۆرەیە کە خودی پەیامنێر لەکاتی کارکردنداو لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتیی پیشەیی و ئێتیکی رۆژنامەنووسیدا، خودی خۆی چاودێریی کارو چالاکی و بەرهەمەکانی دەکات و بەرژەوەندیی گشتیی لەبەرچاو دەگرێت و ئەوەی پێی باش نەبێت و زیانی لەقازانجی زۆرتر بێت، سانسۆری دەکات و بڵاوی ناکاتەوە.

٦. سانسۆری جەماوەریی:

پشت بەدەزگای رۆژنامەنووسیی دەبەسترێت، ئەویش لەرێی چاودێریکردنی لایەنە نێگەتیڤەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵات و ئاماژەکردن بۆ گەندەڵییە ئیدارییەکان، لەپێناو بەدیهێنانی ئیدارەیەکی باشتردا، واتە جەماوەر لەرێگەی رۆژنامەنووسییەوە چاودێری دامەزراوەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵات دەکات و ناوەندەکانی رۆژنامەنووسیش دەکاتە بابەتێك بۆ قسە لەسەرکردن و چاودێریکردنی کارو چالاکییەکانیان.

## دەرئە نجام

ئەم توێژینەوەیە گەیاندینە ئەو دەرئەنجامانە:

١. پەیامنێر، ئەو کەسەیە کە کاری سەرەکی بریتیی دەبێت لەگەڕان و بەدواداچوونی هەواڵ و زانیاری.

٢. راستگۆیی لەگەیاندنی پەیامدا، گرنگترین ئەرکی پەیامنێرە.

٣. پاراستنی بێلایەنی یەکێکە لەسیفاتە بنچینەییەکانی پەیامنێری.

٤. پەیامنێر بڕبڕەی کاری رۆژنامەنووسییەو هیچ رۆژنامەیەك بەبێ بوونی پەیامنێر ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

٥. پێویستە پەیامنێران رەچاوی بنەما یاسایی و ئێتیکیەکانی بواری رۆژنامەنووسیی بکەن لەکارەکەیاندا بۆ ئەوەی تووشی کێشەی یاسای نەبنەوە.

٦. لەرۆژنامە کوردییەکاندا گرنگییەکی زۆر بەپەیامنێران نەدراوە هەرچەندە لەئێستادا رۆژنامەکان تارادەیەك رۆڵ و گرنگی پەیامنێریان بۆ دەرکەوتووە لەکاری رۆژنامەنووسیدا.

٧. پەیامنێر بووە بەکایەیەکی پێویست و زەرور لەکاری رۆژنامەنووسیدا بەتایبەتی ئەو رۆژنامانەی رۆژانە دەردەچن، لەئێستادا بەشێك لەرۆژنامە کوردییەکان بەشێکی تایبەتیان بۆ پەیامنێران کردووەتەوە.

٨. پەیامنێرانی رۆژنامە کوردییەکان تاڕادەیەك نەیانتوانیوە لەپیشەکەیاندا وردبین بن و لەرووداوەکاندا هەموو زانیارییە پەیوەستەکان رومالبکەن.

٩. کەمترین پەیامنێر هەیە لەکوردستاندا تەنیا پیشەی پەیامنێری بێت بەڵکو پەیامنێری ئیشی لاوەکییە لای زۆربەیان.

## ڕاسپاردە

١. پێشنیار دەکەم ڕۆژنامە کوردییەکان گرنگی زیاتر بەپەیامنێران بدەن و بیانکەن بەسەنتەری کاری ڕۆژنامەنووسی، چونکە ئەوە ڕۆڵی سەرەکی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسیە.

٢. کردنەوەی خولی بەهێزکردن بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە کوردییەکان یەکێکی دیکەیە لەپێشنیارەکان چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت پەیامنێر هانبدرێت و چالاکانەتر و وریاتر کارەکانی راپەڕێنێت.

٣. کردنەوەی بەشی پەیامنێران لەهەموو ڕۆژنامەکاندا بۆ ئێستای ڕۆژنامە کوردییەکان پێویستیەکی سەرەکییە، چونکە ئەو بەشە دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان پەیامنێران و ڕۆژنامەداو دەبێتە هۆی کار ئاسانیش بۆ پێداویستی و ئیش و کارەکانی پەیامنێران.

٤.دامەزراندنی زیاتری پەیامنێر لەڕۆژنامە کوردییەکاندا، چونکە لەئێستادا عیراق و کوردستان بوونەتە سەنتەری کۆکردنەوەی هەواڵ، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابوری ناوچەکە لەجیهاندا.

٥. فێربوونی بەردەوام لەبواری کاری پەیامنێری و ڕۆژنامەنووسیدا بەتایبەتی خۆفێرکدرنی زمانی بیانی چونکە لەئیشی پەیامنێریدا فێربوونی زمان یەکێکە لەپێویستیەکان.

٦.پێشنیار دەکەم کەپەیامنێرانی ڕۆژنامە کوردییەکان هەوڵبدەن خۆیان فێری داڕشتنەوەی زانیارییەکان بکەن و لەشێوە قاڵبێکی هەواڵیدا زانیارییەکان بۆ ڕۆژنامەکانیان بنێرن.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١. ئەحمەد تەوەکولی، چۆنییەتی راپۆرتنووسین لە راگەیاندندا، و: جوامێر مارابی،چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی٢٠٠٧

٢. ئەلبرت ل.هستر– وای لان ج.تو: رابەری رۆژنامەنووس لەجیهانی سێیەم دا، و: حەسەن عەبدولکەریم، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧

٣. بەختیار عەلی، وەڵام لەرۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، چاپی یەکەم،

٤. بەشێك لەو بابەتانەی لەبەشی رۆژنامەگەری زانکۆی ڤیەننا ئامادەکراون، و. قوباد رەسوڵ گورون، سلێمانی–٢٠٠٦

٥. تاتیان ریپکۆڤا، نیوتایمز، و: محەمەد مستەفا قەرەداغی، چاپخانەی شڤان، پاریس ٢٠٠١

٦. جۆن.ل.هاتلنگ، ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی، و: مەم بورهان قانع،ئۆفیسی قانع، چاپی یەکەم،سلێمانی ٢٠٠٤

٧. حەمەکەریم عارف، راگەیاندن لەپەراوێزی دەسەڵاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی، ٢٠٠١

٨. حەمید عەزیز، سەرەتایەك لەفەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥

٩. حسن عماد مکاوی، ئەخلاقی کاری رۆژنامەنووسی، و:مەم بورهان قانع، چاپی یەکەم

١٠. رەوف حەسەن، ئەلف و بێتای رۆژنامەگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفێستی رون، سلێمانی ١٩٩٩.

١١. رێبوار سیوەیلی، نووسین و بەرپرسیاری یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

١٢. سمکۆ جەباری، کۆی بەرهەمە کوردییەکانی نووسەری شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی شڤان، سلێمان، ٢٠٠٤

١٣. شوان ئادەم ئەیڤەس، کوردو پرۆسەی گەیاندن، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆی نەوا، سلێمانی٢٠٠٥

١٤. شێرزاد عەبدولرەحمان: هونەری رۆژنامەنووسی، بەغداد ١٩٨٧

١٥. صلاح عزیز(د)، محسین ئەدیب، رێبەری کردەیی بۆ رۆژنامەنووسان، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی رێکخراوی Ask، سلێمانی ٢٠٠٦

١٦. عبدالجواد سعید ربیح(د)، فن الخبر الصحفی

١٧. عەلی ئەکبەر میهر ئارا، محەمەد عەباس زادەگان، عەلی فروزخەر، مێژووی پەروەردەو فێرکردن، و: قادر وریا، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی.ن.ك، سلێمانی ٢٠٠٥.

١٨. فاروق رەفیق: خەمە ڤچاتیەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

١٩. فاروق عەلی عومەر (د)، کلیلی دەسەڵاتی چوارەم، و. هیوا سالح ئەحمەد، سلێمانی ٢٠٠٥

٢٠. فاروق محەمەد ئەبوزەید(د): سەرەتایەك لەزانستی رۆژنامەوانی، و: فەرەیدون رەئوف عارف، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ٢٠٠٦

٢١. فریبا سەیاد_ د. عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، نەریتی رۆژنامەوانی، و، کارزان محەمەد، چاپخانەی رون، سلێمانی ٢٠٠٦

٢٢. کۆماز سپراکێنز، تێگەیشتن لەتیۆرە سیاسییەکان، و:فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٥

٢٣. كاروان عەلی، ڕۆژنامەگەری تايبەتمەند، چاپی يەكەم،٢٠٠٧

٢٤. كاروان عەلی، هونەری ڕۆژنامەنووسی ، چاپی يەكەم، سلێمانی/ ٢٠٠٤

٢٥. كازمی موعتەمەد نەژاد(د)، ڕۆژنامەگەری، و. مەجيد سالح، چاپی دووەم،چاپخانەی تيشك (شەقامی مەولەوی) ٢٠٠١

٢٦. كەمال سەعدی(د)، چوارچێوەی ياسايی ڕۆژنامەگەری لەكوردستانی عيراق، توێژينەوەيەكی بەراوردكارييە، چاپی يەكەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٠.

٢٧. كەمال مەزهەر ئەحمەد(د)، تێگەيشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی كورديدا، بەغدا ١٩٧٢

٢٨. كورتيس ماكدۆكال(پرۆفيسۆر): بنەماكانی هەواڵنووسين،و: هەندرێن شێرزاد، چاپی يەكەم، چاپ و بڵاوكردنەوەی راديۆ نەوا، سلێمانی ٢٠٠٧

٢٩. مالكۆم ئێف مالێتی: هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان،و: ئازاد حەسەن فەتاح، لەبڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبيری بەدليسی، چاپی يەكەم، سلێمانی ٢٠٠٣

٣٠. مەريوان مەسعود، پرۆڤيشناڵی لە ڕۆژنامەنووسی كورديدا،سلێمانی ٢٠٠٦

٣١. مەغديد سەپان (د)، ژانرەكانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە، هەولێر٢٠٠٥

٣٢. محەمەد ئەلدروبی(د)، ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و: سۆزان جەمال و لوقمان غەفور ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی يەكەم، سلێمانی ٢٠٠٦

٣٣. محەمەد فەريق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەم، چاپی يەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبيری، هەولێر ١٩٩٨

٣٤. هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، ڕۆژنامەوانی لەسەردەمی جيهانگيريدا، چاپی يەكەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢

٣٥. هەڤاڵ ئەبوبەكر، ڕاگەياندن و ڕاگەياندنی كوردی، چاپی يەكەم، چاپخانەو ئۆفسێتی تيشك، لەبڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبير، سلێمانی ٢٠٠٢

٣٦. هەڤاڵ ئەبوبەكر، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسييەكان و ڕەنگدانەوەيان لە ژيان و ژين دا، چاپی يەكەم، چاپ و بڵاوكردنەوەی راديۆی نەوا، سلێمانی ٢٠٠٧

٣٧. وريا جاف، كاروانی ڕۆژنامەگەری كوردی

٣٨. وێڵ ديورانت، مێژووی شارستانێتی، و:ئازاد بەرزنجی، نەبەز كەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی يەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

٣٩. يونس شوكر خاە(د): هەواڵنووسينی مۆدێرن،و: ڕەحيم سورخی، دەزگای ئاراس، چاپی يەكەم، هەولێر ٢٠٠٧.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

٤٠. ابراهيم الداقوقي(د)، قانون الاعلام، نظرة جديدة في الدراسات الاعلامية الحديثة، مطبعة وزارة الاوقاف و الشؤن الدينية، جامعة بغداد، بدون سنة طبع

٤١. عبدالجواد سعيد ربيح(د)، فن الخبر الصحفي، قسم الصحافة–كلية الاداب ، المنوفية، دارالفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي ٢٠٠٣م

٤٢. كورتيس ماكدوغال(البروفيسور): مبادي تحرير الاخبار، ترجمة: د.اديب خصور، الطبعة الخامسة، دمشق ٢٠٠٠.

## سەرچاوە فارسیەکان:

٤٣. صنوچهر محسن(د)، جامعه شناسی عمومی، چاپ نوزدهم، چاپخانه اگه، تهران، ل٣٦.

٤٤. علا محسن صدری، افشار، نسترن حکمی، فرهنگ گزیده فارس، پاچی دووەم، چاپخانەی دیب، تهران ١٣٨٤.

٤٥. یو رنداب، رۆژنامەنگاری حرفه ای، مترجم، علی اکبر قاچی زاده، موسسه انتشاراتی روزنامه ایران، ١٣٨٢

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

46 .Stephens, Mitchell, A history of news: From the drum to the satellite, penguin books, New York, P65.

47 .Windlesham, lard brod casing in afree society England ox ford, basil black well, 1980 p.3

## فەرهەنگەکان

٤٨. ئانا زایەر، زاراوەکانی بواری میدیا، بەغدا،هەولێر،٢٠٠٧، ل٢٧

٤٩. بەدران ئەحمەد حەبیب، فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن، هەولێر/٢٠٠٦، ل١٤٨

٥٠. جەمال عەبدول، فەرهەنگی راگەیاندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، لەزنجیرە کتێبەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمان، ٢٠٠٦، ل٣٥٨

٥١. محەمەد فاتیح، فەرهەنگی کادیر، کتێبی روناکبیری، لەچاپکراوەکانی مەکتەبی رێکخستنی ی.ن.ك، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٥٦

## دەستگوتارەكان

٥٢. سامان فەوزی، دەستگوتاریوانەی یاسای راگەیاندن كە بەقۆناغی دووەم وتراوەتەوە لەبەشی راگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥

٥٣. مۆفەق دەرگەڵەیی(د)، دەستگوتاری وانەی ئێتیكی رۆژنامەوانی، كە بەخوێندكارانی قۆناغی دووەمی بەشی راگەیاندن لەكۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی وتراوەتەوە، ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥

گۆڤارو رۆژنامەكان

٥٤. ئیبراهیم ساڵح: تیشكێك بۆ سەر راگەیاندن، گۆڤاری رایەن، ژمارە ١.

٥٩. ژمارەی رۆژی ١٢-١-١٩٩٣ی رۆژنامەی كوردستانی نوێ

٦٠. هێرش رەسوڵ: گۆشەی گوزارشت، گۆڤاری زنار،ژمارە ١٤، كانوونی دووەمی ٢٠٠٨.

# ڕۆڵی رووحانیەتی شیعە لە بزاڤی مەشرووتە

**(١٩٠٥ - ١٩١١)**

**م.ی. اسماعیل عبدالرحمن سعید**

**زانکۆی کۆیە/ف. پەروەردە/ بەشی مێژوو**

– پێشەکی

– تەوەرەی یەکەم: بزاڤی مەشرووتە و پێگەی رووحانیەت

باسی یەکەم: مەشرووتە، هۆکار و ئەنجامەکان

– باسی دووهەم: پێگەی سیاسی – کۆمەڵایەتی رووحانیەتی بەر لە بزاڤی مەشرووتە

– تەوەرەی دووهەم: قۆناغەکانی مەشرووتە و ڕۆڵی رووحانیەت

– باسی یەکەم: قۆناغی یەکەمی مەشرووتە (دەسپێکی نارەزایەتی و خۆپیشاندان)

– باسی دووهەم: نووسینی دەستوور (دەرکەوتنی جیاوازییەکان)

– باسی سێیەم: قۆناغی دووهەم مەشرووتە (کۆدەتا لە دژی پەرلەمان)

– باسی چوارەم: قۆناغی سێیەم مەشرووتە (زیندووبوونەوەی مەشرووتە)

– ئەنجام

– لیستی سەرچاوەکان

## پێشەكی:

بزاڤی مەشرووتە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە بزاڤێك كە قۆناغی كۆتایی ئاڵوگۆڕێكی دوورودرێژی فكری و لە هەمان کاتدا دەسپێکی ئاڵوگۆڕی نوێ لە مێژووی ئێراندا بوو. ئەم بزاڤە لوتكەی ململانێی نەریت و مۆدیرنەبوو ئەو ململانێی كە پاش كۆتایی هاتنی شەرەکانی ئێران و ڕووسیا دەستپێكرد و بە گەیشتنی شەپۆلەکانی مودیرنە بۆ لێوارەكانی ئەم ولآتە پەرەیستاند و بە تایبەتی كە ئەو ئاڵوگۆڕە كۆمەلایەتی –ئابوورییەی كە لە هەناوی كۆمەڵگەی كلاسیكی ئێراندا ڕوویدا و لەگەڵ خۆی چین و توێژی نوێی هێنایە شانۆی سیاسیەوە.

سێ چینی سەرەكی ئەو كاتی كۆمەڵگەی ئێران واتە بازرگانەكان، ڕووناكبیران و روحانیەتی شیعە، ڕۆڵی سەرەكیان لەم بزاڤەدا بینی. لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئەم چینانە كە هەر كامیان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان مەبەستی بوو، ڕوانگەی جیاواز لە نێو لێكۆڵەرانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەیە. ئەم جیاوازییە بە تایبەتی لەسەر دەورو نەخشی روحانیەتی شیعە بەرجەستە دەبێ. هەندێك لە لێكۆڵەران هەوڵیان داوە نەخشی ئەم چینە كەم ڕەنگ و بخەنە پەراوێزەوە و بەشێكی تر بە پێچەوانە نەخشیان زۆر بەرجەستە و زەق دەكەنەوە.

ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە تیشك خستنە سەر دەورونەخشی ئەم چینە كۆمەلایەتییە بە گوێرەی قورسایی و ڕۆڵیان لەم بزاڤەدا و تێروانینیان بۆ مەشرووتە خوازی وەك دیاردەیەك كە بەرهەمی مودێرنەیە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش لەم لێكۆڵینەوەیە لە ڕێبازی لێكۆڵینەوەی زانستی مێژوویی كەڵك وەرگیراوە و هەوڵدراوە لە ڕێگەی بەكارهێنانی سەرچاوە مێژووییەكان و لێكدانەوە و پشكنینیان لە ئامانجی لێكۆڵینەوەكە نزیك بێتەوە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە دوو تەوەرە پێكهاتووە. لە تەوەرەی یەكەمدا كە بریتی یە لە دوو باس، تیشك خراوەتە سەر بزاڤی مەشرووتە، پێناسەكردنی لە ڕووی زمانەوانی و هەروەها ئەو فاكتەر و هۆكارانەی كە زەمینەی بەرپابوونی ئەم بزاڤەیان ڕەخساند و ئەو ئامانجانەی كە ئەم بزاڤە مەبەستی بوون، وەك بەربەست كردنی دەسەلآتی رەهای پادشا لە ڕێگەی دامەزراوێكی سیاسی وەك پەرلەمان و یاسا سەروەری.

لە باسی دووهەمدا پێگەی سیاسی–كۆمەلایەتی روحانیەتی شیعە بەر لە مەشرووتە و تێیدا ئەو هۆكارانە كە بوونە هۆی ئەوەی ئەم چینە ببێتە خاوەن پێگەیەكی بەرفراوان لە ناو كۆمەڵدا تاووتوێ دەكرێ.

تەوەرەی دووهەم كە ئاماژە بە قۆناغەكانی بزاڤی مەشرووتە و ڕۆڵی روحانیەت تێیدا دەكرێ بەسەر چوار باس دابەشدەكرێ. لە باسی یەكەمدا سەرەتای خۆپێشاندانەكان و ناڕەزایەتی دەربڕینی كۆمەلآنی خەڵك دەخرێتە ڕوو كە بە شێوازی پەناگیری لە شوێنە پیرۆزەكان و ڕێبەری رووحانیەت تا سەركەوتنی ئارامی ئەم جولآنەوە، لە خۆ دەگرێ. باسی دووهەم بۆ نووسینی دەستوور تەرخانكراوە، ئەو قۆناغە لە بزاڤی مەشرووتە كە ناكۆكیەكان لەسەر داڕشتنی دەستوور دەردەكەوێ و ڕیزی مەشرووتە خوازەكان و روحانیەت لێكدەترازێ. لە باسی سێیەم دا توپبارانكردنی پەرلەمان ، كوشتن و ڕاوەدونانی مەشرووتە خوازەكان، گەڕانەوەی سەرەڕۆیی و پەیوەست بوونی بەشێك لە روحانیەت بە بەرەی سەرەڕۆیی ئاماژەیان پێدەكرێ و باسی چوارەم زیندووبونەوەی مەشرووتە بەهۆی بەرگریكارانی ئازادیخواز دەگرێتەوە و هەروەها كرانەوەی خولی دووهەمی پەرلەمان و دەركەوتنی حیزبەكان لە شانۆی سیاسی ولآت و ململانێی نێوان كونە پارێزان و رادیكالە شورشگێرەكان تاوتوێ دەكرێن.

لەم لێكۆڵینەوە لە چەندین سەرچاوەی بەسوود كەلك وەرگیراوە بە تایبەتی ئەم سەرچاوانە كە نووسەرەكانیان خۆیان نە تەنیا لە نزیكەوە شاهیدی ڕووداوەكانی مەشرووتە بوون بەڵكو چەند كەسێكیان یەكێك لە ئەكتەرەكانی شانۆی سیاسی ئەو سەردەمە بوون. بۆ وێنە: "تاريخ بيداری ايرانيان" لە نووسینی نازمولئیسلامی كرمانی، "تاريخ مشروگه ايران" لە نوسینی سەید حەسەن تەقی زادە و "تاريخ مختصر احزاب سياسی ايران" لە نووسینی مەلیكولشوعەرای بەهار و "تاريخ

مشروگه ایران" لە نووسینی سەید ئەحمەدی کەسرەوی و "ایدئولوژی نهچت مشروگیت ایران" لە نووسینی فەریدون ئادەمیەت.

هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیە سودم لە بەرهەمەکانی چەند نووسەری بیانی وەرگرتووە: جان فوران، ریچارد کاتم، نیکی أرکدی و بە تایبەتی ژانت أفاری کە بەرهەمەکەی تایبەت بۆ ئەم شرارە تەرخانکردووە لە کۆتایشدا هیوادرم تونیبێتم لەم بوارەدا خزمەتێکم بە مێژوو و خوێنەر و لێکۆڵەرانی بواری بزاڤی مەشرووتە لە ئێران کردبێ.

## تەوەرەی یەکەم: بزاڤی مەشرووتە و پێگەی روحانیەت

### باسی یەکەم/مەشرووتە،هۆکاروئامانجەکانی

مەشرووتە زاراوەیەکی فارسی–عەرەبیە (عربی معجم)، کە بەمانای (شەرتی)، (بەربەست)یا (هەموارکراو) دێت.(1)خودی وشەی مەشرووتە لە شارتی فەرەنسی (charte)یان(chart)ی ئینگلیزی و(cart)ی لاتینی وەرگیراوە، کە بە مانای مەنشوور،ڕاگەیاندراو وبڕیاردێ.(2)وشەی مەشروتیەت بێ گومان لە ولاتی عوسمانی ڕاهاتووە و لە سالی١٢٩٣(١٨٧٦ز) لە سەردەمی دامەزراندنی دەسەلاتی نەتەوەیی لە ئەستەنبولێ وسەرەتایی دەسەلاتی سولتان عەبدولحەمیدی دووهەم* بەدەسپێشخەری چاکسازیخوازی بە ناوبانگی ئەو ولاتە مەدحەت پاشا** ئەو وشەیە لەو ولاتە بو بەباو.(3)

ئەگەر مەشرووتیەت لەڕووی وشەوە بە مانای مەرجدارکردن یان مەرج دانان بۆ هەر شتێکی بێ،حکوومەتی مەشرووتە بە چەشنێك لە حکوومەت دەگوترێ کە تێیدا بۆ دەسەلات وحکومکردن وحکومرانی کردن هەلومەرجێك مەزندە دەکرێ. لە حکوومەتی مەشرووتە دەسەلاتدار یا پادشا ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی هەلسوکەوت بکا. بڕیاردان بۆ کاروباری ولات لە دەستووردا دیاریکراوەو بە چاودێری نوێنەرانی خەلك ئەنجام دەدرێ(٤).

---

1. محمد علی همایون کاتوزیان، اقتصاد سیاسی ایران (از مشروطیت تا پایان سلسله پهلوی)، ترجمه: محمد رضا نفیسی و کامیز عزیزی، چاپ دوازدهم، تهران، ١٣٨٥،ص١٠١.

2. سۆران عەلیپور، کوردستانی رۆژهەلات و بزوتنەوەی مەشرووتە، گۆڤاری تیشك، ژمارە ١٥، ١٣٨٣هـ، ل١٨.

* سولتان عەبدولحەمید لە سالی ١٨٧٦ دەسەلاتی گرتە دەست تاکو ١٩٠٩ . ئەو بریاری دا هەرخۆی کاروبار بگرێتە دەست .بۆیە فەرمانێکی دەرکرد بە لە کارلادانی مەدحەت پاشای سەرۆك وەزیران لە ٥ی شوباتی ١٨٧٧ و رۆژنامە گەری کۆت بەند کرد. عەبدولحەمید شەر لە لایەن رووسیاوە لە دژی دەولەتی عوسمانی بە دەرفەتێك زانی تاکو دەستور هەلپەسێرێ وپەرلەمان هەلبوەشێنێتەوە. عەبدولحەمید بۆنزیك ٣٢ سال لە حوکمدا مایەوە.(ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی موراد، مێژووی ئێران وتورکیا، وەرگێرانی بەهادین جەلال مستەفا، هەولێر،٢٠١١، ل ٢٦٣).

** مەدحەت پاشا: لە گەورە ڕیفورمخوازەکانی دەولەتی عوسمانی بوو، لایەنگیری "کۆری عوسمانییە نوییەکان" بوو کە لەسالی ١٨٦٥دامەزرابوو. زمانی فەرەنسی فێرببوو ولە پلەو پایەی دەولەتی بەباشی چوە بۆ پێش، والی هەرێمی نیش بوو لە سالی ١٨٦١ و دەکرێ بە والی لە هەرێمی دانوب لە سالی ١٨٦٩، دەیگوازنەوە بەغدا و دەتوانێ بەهرەی ناوازەی خۆی وەکو بەڕێوەبەرێك بسەلمێنێ . سالی ١٨٧٢ سولتانی عەبدولعەزیز بۆ ماوەی چەند مانگێك دەیکاتە سەرۆکی حکوومەتی عوسمانی و لە سالی ١٨٧٦ دەبێتە سەدری ئەعزەمی عەبدولحەمید دووهەم و دەگاتە ئەوەی ئەو ئامانجە مەیسەر بکات کە لەگەلێ چەند کەسایەتیەکی دیاریکراوی دیکەدا هاوبەشیان تێدا کرد ئەویش : جاردانی دەستورنامەیەك (مەشرووتە)بوو. (فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین، نویل باربەر، وەرگێڕانی ڕێبوار کەریم وەلی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٣٥) و (پۆل دۆمۆن، سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٩-١٨٧٨) وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدولا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٢)

3. سید حسن تقی زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، به کوشش عزیز الله علیزاده، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩،ص٢٤٥.

⋆. لەو کۆمەلە رووناکبیرانە دەکرێ ئاماژە بە کەسانێکی وەك سەید جەمال ئەلدین ئەسەد ئابادی(ئەفغانی) میرزا ئاغا خانی کرمانی، میرزا عبدولرەحیم تالبوف تەبرێزی ، مولکەم خان ، زەینولعابدینی مەراغەیی بکەین کە ڕۆلێکی روشنگەرانە یان لەو قوناخەدا هەبوو.(احسان طبری، برخی بدرسیها درباره جهان بینی هاوجنبش های اجتماعی در ایران، چاپ اول، ١٣٥٧، ص٣٩٥)

١. عباس قدیانی، تاریخ فرهنگ و تمدن ایران در دوره قاجاریه، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣، ل١٢.

٢. جەرجیس فەتحولا، وریا بوونەوەی کورد (مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥)، وەرگێر: حەسەن جاف، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٣١.

٣. یاسین سەردەشتی، گەلی کورد و بزاڤی مەشرووتە خوازی لە ئێران(١٩٠٥-١٩١١)،٢٠٠١،ل١٢.

بزاڤی مەشرووتە ١٩٠٥–١٩١١ وەك یەكێك لە ڕووداوە گرینگەكانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، ڕووداوێكی لە پڕو لە ناكاو نەبوو و بە ڕێكەوت هەڵنەقولا، بەڵكو ڕیشەی لە ڕابردوویەكی دووری فیكری و سیاسی دا هەبوو، كۆمەڵە هۆیەك دەستیان دایە دەستی یەكتر تا ببنە سەرچاوەی ئەو ئاڵوگۆڕە مەزنە كە دەكرێ بە پوختی ئاماژە بە گرینگترینیان بكەین: زیادبوونی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری ڕۆژئاوا و سەرنەكەوتنی بنەماڵەی قاجار كە بنەماڵەی حوكمران بوو لەگەڵ میرەكانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای قاجاری و سەركردەكانی سوپا لە كۆكردنەوەی باج بە زوڵم و زۆر تاڕادەی كوشتن و ئازاردان یان ئابلۆقە خستنە ئەو شار و یا گوندەی یاخی دەبێ و بە تۆپ لێیان دەدا[٢].

دەوڵەتیش تووشی لاوازی حوكم، گەندەڵی ئیداری، ئاژاوەی سیاسی و لێك هەڵوەشاندن ببوو، بە جۆرێك كە بەرەو هەرەس و داروخان دەچوو، دزی و بەرتیل خۆری دیاردەی باو و ئاشكرای بەڕێوەبردن بوو[٣].

ناكۆكی نێوان كۆمەڵگەیەكی كلاسیكی و پێوەندی ڕوو لە گەشەی فۆرماسیۆنی سەرمایەداری، كێشە و دووبەرەكی نێوان شازادەكانی قاجار بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات، داخوازی روحانیەتی گەورەی تاران، قوم، مەشهەد و نەجەف بۆ بەشداری لە دەسەلات[٤]. ئاشنابوونی دەستەبژێری ئێرانی لەگەڵ كولتوورو شارستانییەتی ڕۆژئاوا و چوونە سەری ڕادەی وشیاری گشتی وچالاكیی بەر چاوی ڕووناكبیرانی ئازادیخواز وپێشكەوتوو كە بانگەشەیان بۆ پەسەندكردنی بیرو باوەڕ وبایەخە نوێیەكان لە كۆمەڵدا دەكرد*[٥]. دەرچوونی چەندین ڕۆژنامە لە دەرەوە كە ڕۆڵێكی گرنگیان گێڕا لە هاركردنی ئێرانیەكان دژی ستەمی قاجاری و بانگهێشت كردنیان بۆ بەرپاكردنی شۆڕش دژی ئەم ڕژێمە[٦]. هەروەها دوو ڕووداوی گرینگی دەرەكی وەك شكستی رووسیا لە ژاپۆن (١٩٠٥) و شورشی ساڵی (١٩٠٥) رووسیا و دەنگدانەوەی ئەو دوو ڕووداوە كاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ڕەوشی ئێران[٥].

بزاڤی مەشرووتە لەسەر بەستێنی ئەم هەل و مەرجە لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٠٥ دەستیپێكرد. بزاڤێكی نەتەوەیی یە كە لە چەشنی جولانەوەكانی ئازادیخوازی چینی ناوەڕاستی شارنشین بوو.

گرینگترین ڕەگەرەكانی عەقلانیەتی كۆمەلایەتی و ئایدۆلۆجی ئەو بزاڤە لە دیموكراسی سیاسی یا لیبرالیزمی پەرلەمانی پێكدەهات.[٦]لەم بزاڤە هەروەك زۆربەی جولانەوەكانی كۆمەلایەتی چین و توێژی جۆراوجۆر تێیدا بەشداربوون بە ئاسۆی كۆمەلایەتی جۆراوجۆر و ڕوانگەی جیاواز، كە لە سەرووی هەمووان سێ كۆمەڵی دیاریكراوی بازرگان، رووحانیەت و ڕوناكبیرانێك كە مۆدێلی پێشكەوتنی ڕۆژئاوایان ڕەچاو دەكرد.[٧]

ئەمانە بەهاوكاری چین و توێژی كۆمەلایەتیەكانی تر بە یەك مەبەست و یەكیەتی خوازانە بەشداری بزاڤەكە بوون بە مەبەستی لە ناو بردنی سەرەڕۆیی و جێگیركردنی یاسا لە شوێنی،[٨] دەسەلاتی و پێگەی بێگانەكان بەربەست بكەنەوە،[٩] خەڵك خاوەنی بڕیار و ئیرادەی خۆی بێ و لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆیدا بەشدار بێ، ئەم دیاریكردنی چارەنووسەش لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بێ و پاشایەتی دامەزراوێكی سیاسی بە دەسەلاتێكی دیاریكراو دەبێ و دەسەلاتیش لە میللەتەوە

---

٤. احسان طبری، ایران دردوران معاصر (جامعه ایران دردوران رضاشاه)، ١٣٧٧، ص١٨.

٥. اسماعیل بازیار، دژایەتی شۆڕشی مەشرووتە لە پێناوی چی؟، گۆڤاری تیشك، ژمارە١٠، ١٣٨١، ل١٢.

٦. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، خەلیل عەلی موراد، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٨.

5. سید حسن تقی زاده، تاریخ انقلاب مشروطه ایران، م.ق، ص١٤٣.

6. فریدون أدمیت، فكر دمكراسی اجتماعی درنهضت مشروطه ایران ، چاپ أول، تهران، ١٣٨٠، ص٣.

7. كاظم علمداری، چرا ایران عقب ماند و غرب پیش رفت؟ چاپ نهم، تهران، ١٣٨٢، ص٤٩٠.

8. محمد علی همایون كاتوزیان، م.ق.ص ، ل١٠٥.

9. ریچارد كاتم، ناسیونالیزم در ایران، ترجمە: احمد تدین، چاپ اول، تهران، ١٣٧١، ص٥.

سەرچاوە بگرێ.[10] لە ڕاستیدا مەشرووتە ئامانجی تەنیا هێنانە خواری دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆ و ستەم گەر نەبوو، بەڵکو ڕماڵینی دام و دەزگای دیکتاتۆرێکی بە شێوازی سەدەکانی کۆن و لە شوێن ئەو دانانی حکومەتێکی یاسایی بوو.[11]

شەپۆلەکانی نوێخوازی هەرچەند بە درەنگەوە بەڵام لە ئاست وڵاتانی ئاسیایی زووتر گەیشتنە لێوارەکانی وڵاتی ئێران، ئەمە و لە لایەکی تر لە ئاکامی سەرهەڵدان و گەشەی پەیوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و هاتنە ئارای چینی نوێ، واتە بورژوازی، پەیوەندییەکانی سیستەمی کلاسیکی و چەق بەستوی کۆنیان هەڵتەکاند. ئاکامی ئەم ململانێیە بزاڤی مەشرووتەی لێکەوتەوە و لەم سونگەیەوە ئێرانییەکان لەگەڵ مۆدێرنیزم کە پێشتر تەنها بە ژمارەیەك دەستەبژێر بەربەست دەبوو، ئاشنا بوون و بەرهەمەکەیان تاقیکردەوە.

[10]. سۆران عەلیپور، م.ق، ل٢٢.

[11]. محمد علی همایون کاتوزیان، قیام شێخ محمد خیابانی، ترجمە: علی رضا طیب، مجله اطلاعات سیاسی اقتصادی، سال پانزدهم،شماره ١٥٩-١٦٠، ١٣٧٩، ص٢٤.

## باسی دووهەم/ پێگەی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕووحانیەتی شیعە

### بەر لە بزاڤی مەشرووتە

کۆمەڵگەی ئێران لە سەردەمی قاجارەکان سەرەڕای شارستانیەت و کولتورێکی دێرین و درەوشاوەی، کۆمەڵگەیەك بوو خاوەنی بەشی سەرەکی تایبەتمەندییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. دەمارگرژی ئاینی زاڵ بوو بەسەر ڕوح و فکری زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە. تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەتوندی بەداب ونەریت و بایەخەکانی ئاینی گرێدرابوون[١٢] بێ گومان لەم چەشنە کۆمەڵگەیەدا ڕووحانیەت وەك ڕێبەرانی ئاینی خەڵك زەمینەیان بۆ دەڕەخسێ کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن پێگەیەکی بەر فراوان بن و بەتایبەتی کە بە دایم لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدابن و کێشەکانی پێوەندیدار بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان چارەسەر بکەن. کێشەکانی وەك هاوسەرگیری ،تەلاق ،لە دایك بوون ومردن، پێدان و دەرکردنی بەڵگەنامە و پێڕاگەیشتن بە ناکۆکی و کێشەکان لە ئەستۆی ئەوان بوو، هەر بۆیە خەڵك سۆز و سەرنجی زۆرتر بۆ زانایانی دین بوو تاوەکو کار بەدەستانی دەوڵەت.[١٣]

بێجگە لەمە بەپێچەوانەی دەزگای دیکتاتۆری دەوڵەت ڕووحانیەت لە ڕووی بابەتیەوە لە بەرامبەر خەڵکدا ڕانەدەوەستا و خەڵك زوڵم و ستەمی بابەتیان لێنەدەدیتن. بە پێچەوانە ڕووحانیەت پەناگای خەڵك بوون لە بەرامبەر دەزگای زوڵم و زۆری دەوڵەت،[١٤] بە ڕێکەوت نەبوو کە ماڵی موجتەهیدەکان و زانایانی ئایینی هاوشێوەی شوێنەکانی تری وەك مزگەوت، دەربارەی شاو لەسەردەمی مەشرووتەدا باڵوێزخانەی وڵاتانی دەرەوە و تەلەگرافخانەکان ببوونە شوێنی پەناگیری. واتە هەر تاوانبارێك کە پەنای دەبردە بەر ئەم شوێنانە لە هەر چەشنەدەستدرێژی و زیان پێگەیاندن دەربازی دەبوو.[١٥]

ڕووحانیەت دەسەڵاتی بەسەر ڕوح و دڵی خەڵکدا هەبوو، ڕووحانیەت لە مەلای گوند ڕابگرە تا موجتەهیدی پلە بەرز بە زنجیرەیەکی زۆر پتەوی نادیاری پێکەوە گرێدراو و بە هەموو دەسەڵاتی ڕووحی شوێن و پێگەی خۆی، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و هەیمەنەی چینی خۆی و لەڕێگەی ئامانجی هاوبەشدا تێدەکۆشان.[١٦] ئیدوارد براون لێکۆڵەری ئینگلیزی لەم بارەیەوە دەڵێ: "ڕووحانیەت تا ڕادەیەکی بەرفراوان خاوەن دەسەڵات و ڕێزیان لێدەگیرا، لە ڕاستیدا لەمەزنترین وەزیرەکان بەهێزتربوون، چون دەیانتوانی بە ئاشکرا دژایەتی پادشا بکەن، هەروەك زۆر جار ئەم هەڵوێستەیان دەبووبێ ئەوەی ئەو چارەنووسەی کە وەزیرێکی هەڵگەڕاوە چاوەڕوانی دەکرد نەسیبی ئەوان بێ"[١٧]* . سەرجان موڵکەم مێژوونووسێکی دیکەی ئینگلیزی مێژووی ئێران لەم بارەیەوە دەڵێ:"موجتەهیدەکان هیچ پلە و پایەك وەرناگرن و هیچ کاریان نییە بێجگە لە ڕێنوێنی خەڵك و پشتیوانی لەوان بەرامبەر دەسەڵاتداران. ئەو موجتەهیدانە لەلای خەڵك پێگەیان بە جۆرێکە کە لووت بەرزترین سوڵتانەکان ناچاردەکەن کە بۆ ڕێزلێنانیان لەگەڵ خەڵك هاودەنگ بن.[١٨]

---

12. علی اصغر شمیم،ایران دردوره سلطنت قاجار،چاپ اول، تهران، ١٣٧٩، ص٣٧٢.
13. أحمد تاجبخش ، تاريخ تمدن و فرهنط اسلامی (قاجار) ، ضاث اول، تهران، ١٣٨٢ ، ص ٦٥٧.
14. باقر مومنی، دین و دولت، در عمر مشروطیت، چاپ أول، سوید، ١٩٩٢، ص١٩٧.
15. أحمد تاجبخش،م.ق، ص٤٣.
16. علی أصغر شمیم، م.ق، ص٣٧٣.
17. ادوارد براون ، تاریخ ادبیات ایران (از صفویه تا عصر حاضر) ترجمة: بهرام مقدادی ،چاپ دوم ،تهران، ١٣٥٧، ص٣٢١.
18. وەرگیراوە لە( أحمد تاجبخش، م.ق ، ص٤٣٠).

*. ئیدوارد براون بەهێنانەوەی چەندین نموونە لە دەسەڵاتی ڕووحی ڕووحانیەتی شیعە لە قۆناغەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێران پێگە و توانای ئەم توێژە لەنێو کۆمەڵ و دەرباری پادشاکان نیشان دەدا بڕوانە (لاپەڕەکانی ٣١٨ تا ٣٢٢ ادوارد براون، هەمان سەرچاوە) هەروەها بڕوانە (مرتضی راوندی ، تاریخ اجتماعی ایران ، جلد سوم ، چاپ دوم، ١٣٥٦، ص٥٢٩).

فاکتەرێکی گرنگە کە کاریگەری هەبوو لەسەر پێگە و دەسەڵاتی ڕووحانیەتی شیعە سەربەخۆیی ئەوان بوو لە ڕووی ئابووریەوە، واتە لەم بارەیەوە گرێدراو بە دەبارنەبوون. ڕووحانیەت لەرێگەی کۆکردنەوەی زەکات وخومس (وجوه شرعی) و هەروەها ئەوقاف لە ڕووی دارایی و ئابووریەوە دامەزراوێکی خۆبژیو بوو.[19] لە سەردەمی سەفەوی بەم لاوە نەریتی کۆکردنەوەی و جوهاتی شەرعی بەهۆی ڕووحانیەت پێگەی سیاسی و دەسەڵاتی ئەم توێژە کۆمەلایەتییەی بەهێز تر و پەرە گرتووتر دەکات [20].

بەرفراوانی پێگەی ڕووحانیەتی شیعە تەنیا بە بواری کۆمەڵایەتی بەربەست نابێتەوە و لە بواری سیاسیشدا ئەم توێژە مۆرك و نیشانی خۆی لە ڕووداوە سیاسیەکان دەدات. هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی قاجار دەسەڵات و پێگەی زانایانی شیعە پەرەدەسێنێ، تەنانەت دەکرێ بڵێین کە لە سەردەمی قاجارەکان زانایانی شیعە بەرەو پێش چوونی بەرچاویان وە دەستهێنا بوو لە ئاست سەردەمی سەفەوی. ئەگەر لە سەردەمی پادشاکانی سەفەوی دەسەڵاتی ئایینی زانایانی شیعە کەوتبووە ژێر کاریگەری هێزی سیاسی، ڕووحانی و تەریقەتی شای سەفەوی، ئەوە شای قاجار نە لایەنی شێخایەتی و نە پێگەی کۆمەڵایەتی شای سەفەوی هەبوو، هەر بۆیەش لەوان زۆرتر پێویستیان بە پێدانی ڕەوایی بەهۆی زانایانی شیعە هەبوو.[21] بۆ وێنە یەکەم جار لەدوای شا تەهماسبی سەفەوی (١٥٢٣–١٥٧٦) شای قاجار فەتحعەلیشا (١٧٩٧– ١٨٣٤) بە پێویستی زانی کە ڕەوایی دەسەڵاتی خۆی جێگیر بکات لەسەر ئیزنی تایبەتی مەرجەعی تەقلیدی سەردەمی خۆی کە لەلایەن ئیمامی زەمانەوە سەرپەرشتی دیندارەکانی لە ئەستۆ بوو. "شێخ جعفر کاشف الغگا" مەرجەعی تەقلیدی ئەو کات کە لە نەجەف بوو، ئیزنی سەلتەنەتی دا بە فەتحعەلیشا.[22]

یەکلابوونەوەی ململانێی نێوان ڕووحانیەتی "ئەخباری*" و "ئسوولی" هۆکارێکی گرینگی دیکە بوو کە ڕێگەی بۆ دەست واڵایی ڕووحانییەت خۆشکرد تا سەنگی خۆی لە هاوکێشەکانی شانۆی سیاسی – کۆمەڵایەتی ئەو کاتی ئێراندا قورستر بینێتەوە. فەتحعەلیشای قاجار سەرئەنجام پاش ماوەیەك ڕاڕایی و دوودڵی بڕیاری دا ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خۆشی بێ پشتگیری ڕووحانیەتی ئسوولی بکات لە بەرامبەر ڕووحانیەتی ئەخباری دا. ئەم هەڵبژاردنە و سەرکەوتنەی ڕووحانیەتی شیعەی ئسوولی ڕێگەی خۆشکرد بۆ چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم باڵە لە ڕووحانیەت کە لە ئەمە بەدوا پتر دەستێوەردان بکات لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، کولتوری، سیاسی و ئابووری.[23] هەر بۆیەش دەبینین زانایان و موجتەهیدەکانی ڕووحانیەتی شیعە نە تەنیا بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی و ڕێ وڕەسمی عیبادەت، بەڵکو دادخوازی (دادگاکانی شەرع) و کولتوور (قوتابخانەکان و مەکتەبەکان) لە پاوانیان دابوو.[24]

ڕووداوێکی تری سیاسی کە لەوقۆناغەدا بوو بەهۆی ئەوەی ڕووحانیەت لە چەقی کێشە سیاسی یەکان نزیك ببنەوە، شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا بوو. کاتێك قۆناغی یەکەمی شەڕەکانی ئێران و ڕووسیا لە ساڵی ١٨٠٣ دەستیپێکرد و بۆماوەی دە ساڵ درێژەی کێشا، یەکێك لەو هەنگاوانەی کە بەرپرسانی شەڕ هاویشتیان واتە دەربار و عەبباس میرزای ولایەت عەهدی

---

[19] .نیکی . أرکدی، ریشەهای انقلاب ایران، ترجمة: عبدالرحیم گواهی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٢ ، ص٦٠.

[20] .کاظم علمداری ، م.ق ، ص٤٨٨.

[21] .صادق زیبا کلام، سنت و مدرنیتە (ریشەیابی علل ناکامی اصلاحات و نوسازی در ایران عصر قاجار) چاپ چهارم، ایران، ١٣٧٩،ص٢٢٥.

[22] .شجاع الدین شفا، پس ازهزار وچهار صد ساڵ، جلد دوم، نشر فرزاد، ٢٠٠٣، ص٨٠١.

[23] .رضا أیرملو، م.ق، ص١٧٨.

[24] .احسان طبری، م.ق، ص٣٥.

*. ڕووحانیەتی شیعەی جەعفەری بەسەر دوو قوتابخانەی فکریدا دابەش ببون یەکەم "ئسوولی" کە بەرگریان لە مافی ڕووحانیەت دەکرد لە کاروباری دنیایی (سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، کولتووری و....) و ئەویتر ڕووحانیەتی "ئەخباری" کە دژی دەستێوەردانی ڕووحانیەت لە کاروباری غەیرەدینی بوون(رضا أیرملو، توسعە مدرنسیم و اسلام گرایی در ایران و ترکیە، ترجمە:جمعی ازعلاقمندان بە دانش اجتماعی، سوید، ٢٠٠٤،ص١٦١).

فەتحعەلیشا، درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ زانایانی شیعە بوو. دەوڵەتی قاجار لە زانایانی شیعە دەخوازێ تا بەدەرکردنی فتوای شەڕ لەگەڵ ڕووسیا وەك شەڕ لەگەڵ کافران ڕابگەیەندرێ و داوا لە موسڵمانان بکرێ بەشداربن لە جیهاد بەدژی ڕووسیا.(٢٥)

هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی کڕین و فرۆشتنی توتن و تەماکۆ بەهۆی کۆمانیای رژی بە فتوای ڕووحانیەت، نموونەیەکی دیکەی بەهێزی پێگەی سیاسی –کۆمەڵایەتی پیاوانی ئایینی دەردەخات: ناسر ئەلدین شا کە لەنێوان ساڵەکانی ١٨٤٨–١٨٩٦ شای قاجارەکان بوو لە سەفەری سێیەمدا بۆ ولاتانی ئەورووپا لەساڵی ١٨٩٠ ئیمتیازی پاوان کردنی کڕین و فرۆشتنی توتن و تەماکۆی هەموو ناوچەکانی ئێرانی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دا بە کۆمپانیای رژی.(٢٦) نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵك و بەتایبەتی بازرگانەکان و دژایەتی ڕووحانیەتی شیعە بەو ڕێککەوتننامەیە کە دەبوو بەهۆی بەهێزبوونی پێگەی وڵاتانی بێگانە، دەرکردنی فەتوای حەرامبوونی بەکارهێنانی توتنی لێکەوتەوە لەلایەن ڕووحانی پلە بەرزی شیعە حاجی میرزا محەممەد حەسەنی شیرازی. لە ئاکامدا خەڵك نێرگەلەکانیان شکاند و بازرگانەکان توتن و تەماکۆیان ئاگر تێبەردا.(٢٧) تەنانەت خاتوونەکانی حەریمی ناسرئەلدین شا نێرگەلەکانیان شکاند. دەمارگرژی ئایینی و مل کەچ بوون بۆ مەرجەعەکانی ڕووحانیەتی شیعە کە هەستێکی بەهێز بوو لەگەڵ بێزاری لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، خەڵکی لە دژی ئەم ڕێککەوتنامەیە هاندا.(٢٨) ناسر ئەلدین شا کە خۆی لەبەرامبەر هێزی گەورەی ڕووحانییەت دا دیتەوە پاشەکشەی کرد و ناچار بوو ئیمتیازی کڕین و فرۆشتنی توتن و تەماکۆی کە بە کۆمپانیای ئینگلیزی دابوو، هەڵوەشێنێتەوە،(٢٩) ئەم ڕووداوە لەلایەك شوێن و پێگەی سیاسی – کۆمەڵایەتی ڕووحانیەتی شیعە ئەوەندی تر قورس و قایم تر کرد و لەلایەکی تر پەیوەندی نێوان ڕووحانیەت و چینی بازرگانی بەهێز و تۆکمەتر کرد. لەڕاستیدا پشکی سەرەکی سەرچاوەی داهاتی پیاوانی ئایینی بەهۆی بازرگانەکان بەدانی زەکات و پشکی ئیمام دابین دەبوو و لە بەرامبەریشدا ڕووحانیەت پارێزەری بەرژەوەندی ئەم چینە بوو.

شایانی باسە ئەم تێبینی یە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ چینی ڕووحانیەت لەبەرچاوبگیرێ کە ڕووحانیەت چینێکی یەکدەست و یەکگرتوو نەبوون، بەڵکو دەستەبەندی نێوخۆیی، تێك ئەڵقانی بەرژەوەندییەکان و تێڕوانینی جیاوازی ئایینی ئەوانی لێك جیا دەکردەوە.(٣٠) لە ڕووی پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی زانایان و ڕووحانیەت بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبوون، دەستەیەکیان پێوەندی نزیکیان لەگەڵ دەربارهەبوو و پایپشەی دەوڵەتیان هەبوو ودەستەیەکی تریان کەپێوەندیان لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی نەبوو و خاوەنی سەربەخۆی سیاسی و دارایی بوون.(٣١) بەشێك لە ڕووحانیەت لە نەبوونی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیدا بەهۆی سەرەڕۆیی دەسەڵات (قاجارەکان) ڕۆڵی ئۆپوزیسیۆن و دژایەتی کردنی دەوڵەتی کەوتبووە سەرشان و ئەوان ئەو بۆشاییان پڕدەکردەوە و سروشتی بوو کە بەهۆی شوێن و پێگەوە و بەرژەوەندی جیاوازیەك هەڵوێست نەبن بەرامبەر بە دەسەڵات.

---

25. صادق زیبا کلام، م.ق،ص١٩٦.

26. عباس رمضانی، ناصر الدین شاه قاجار، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٥، ص٦٧.

27. أحمد تاجبخش، م.ق، ص٥٣٢.

28. احسان طبری، م.ق، ص١٥٧.

29. علی أضغر شمیم، م.ق، ص٣١٩.

30. جان فوران، مقاومت شکننده (تاریخ تحولات اجتماعی ایران) ترجمة: احمد تدین، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٠، ص٢٠٤.

31. محمد سالار کرایی، چالش سنت و مدرنیته در ایران، چاپ أول، تهران، ١٣٧٩، ص٢٢٧.

## تەوەرەی دووهەم: قۆناغەکانی مەشرووتە و ڕۆڵی روحانیەت

باسی یەکەم/ قوناغی یەکەمی مەشرووتە (دەستپێکی نارەزایەتی و خۆپێشاندان)

بزاڤی مەشرووتەی ئێران لە مانگی دەسەمبەری ١٩٠٥ بە خۆپیشاندان و پەرگیری و بەشداری کۆمەلآنی بەرینی خەڵك لە تاران دەستپێکرد. بەستێنی بەرپا بوونی جولانەوەکە کە خۆی لەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێکردن، ئامادەببوو، چاوەروانی پریشکێ بوو تا بتەقێتەوەو ئەمەش کاتێك روویدا کە حاکمی تاران عەلائەدولە چەند کەسی لە بازرگانەکانی کە گوایە بە پێچەوانەی فەرمانی دەوڵەت نرخی شەکریان بەرزکردبوو، دەستگیرو دارکاریان دەکات[٣٢]. کێشەی توندو تیژی بەرامبەر بە بازرگانەکان کاردانەوەی خەڵکی لێکەوتەوە. بازاریەکانی تاران بە هاندانی دوو لە زانایانی ئایینی سەید موحەممەدی تەباتەبایی و سەید عەبدولای بەهبەهانی، دوکانەکانیان داخست و لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك لە مزگەوتی شا کۆبوونەوە.[٣٣] بەلآم بەهۆی دەستێوەردانی هێزەکانی دەوڵەت و پێلان گێری وتار بێژی مزگەوتی هەینی تاران کۆبونەوە کە شێوێندراو بلآوەی پێکرا.[٣٤]

خەڵك لە زانایانی ئایینی کە ئایەتولآ تەبا تەبایی و بەهبەهانی رێبەریان دەکردن، دەخوازن کە لەسەر ئەم رووداوانە بریاری پێویست بدەن. لە ئەنجامدا بریاردرا خەڵك لەگەڵ رێبەرانی خۆی بە نیشانەی نارەزایەتی بە هەڵوێستی دەوڵەت بەرەو شا عەبدولعەزیم لە شاری رەی وە رێکەوتن و لەم شوێنە پەناگیربوون.[٣٥] لە عەبدولعەزیم نزیکەی دوو هەزار کەس لە وتاربێژوو خوێندکاری ئایینی و هەندێ بازرگان و پیشەیی کۆبونەوە. لە تاران بۆ هاودەنگی لەگەڵ ئەوان جاروبار بازار دائەخرا و کاربەدەستان بەزۆر پێیان دەکردنەوە. کێشەکە تا دەهات گەورەتر دەبوو.[٣٦] پەناگیران چەند داخوازیان پێشکەش بە شاکرد، لەوانە دەرکردنی بەرێوەبەری گومرگ (جوزین ناوس) کە بەلجیکی بوو، هەروەها لابردنی سەرۆك وەزیران عەین ئەلدولە، جێبەجێکردنی شەریعەت و دامەزراندنی خانەی دادوەری (عەدالەت خانە).[٣٧] پاش مانگێك هەوڵی ناسەرکەوتوانەی دەوڵەت بۆ تێکشکاندنی مانگرتنی گشتی لە تاران بە ناچار تەسلیم بوو و نارەزاییەکان سەرکەوتوانەو لەنێو پێشوازی گەرمی خەڵك گەرانەوە تاران.[٣٨]

وا پێ دەچوو شاوعەین ئەلدەولەش نە تەنیا لە ئاست بەڵێنەکانیان خۆیان گێل دەکرد بە تایبەتی لە بابەت دامەزراندنی خانەی دادوەری، بەڵکو خەڵکی بێ تاوان لە تاران و شارەکان دەکەوتنە بەر توندو تیژی کاربەدەستانی دەوڵەت هەر بۆیە وتار بێژە بەناوبانگەکان وەك سەید جەمال ئەلئایینی ئەسفە هانی و شێخ محەممەدی واعیز کەوتنە هاندانی خەڵکی لە دژی دەسەلآت.[٣٩] دەسەلآتی قاجاری سەید جەمالی ئەسفەهانی کە لە دژی زوڵم و ستەمی قاجاری وتاری دەدا، بۆ شاری قوم دوورخستەوە، هاتوچۆی شەوانەو پێکهاتنی کۆبوونەوەی نهێنی یاساغ کرد. لە ئاکامی ستەمکاری عەین ئەلدەولە جارێکی تر خەڵك راپەرین و لە ئاکامی تێکهەڵچوونی پاسەوانانی دەوڵەت و خەڵك ژمارەیەك کوژران.[٤٠]

---

32. م.س. ايوانف ، تاريخ نوين ايران، ترجمه: هوشنگ تيزابى و حسن قائم پناه، تهران، ١٣٥٧، ص١٧.

33. احمد قاسمى، شش سال انقلاب مشروطيت ايران، تهران، ١٣٥٧، ص ١٢.

34. محمد سالار كسرايى، م.ق ، ص٣١٢.

35. عباس قديانى، م.ق، ص١٥١

36. صالح محمد امين، كوردو عەجەم، چاپى يەكەم، ١٩٩٢.، ل٣٢٢.

37. خەليل عەلى موراد، س.پ، ل١١٣

38. يرواند ابراهاميان، ايران بين دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدى، محمد ابراهيم فتاحى، چاپ نهم، تهران،١٣٨٣، ص١٠٥

39. نيكى، اركدى، م.ق. ص١١٩

40. مرتضى راوندى، تاريخ اجتماعى ايران، جلد دوم، تهران، ١٣٥٤، ص٥٨٨

دژبەرانی دەوڵەت بە وەرێخستنی خۆپیشاندانی بەرفراوان وەڵامی ئەو توندوتیژییان دایەوە. ئایەتوڵا تەبا تـەبایی و بەهبەهانی و کەسایەتیەکانی تری ئاینی بێجگە لە وتاربێژی مزگەوتی هەینی کە سەربەدەوڵەت بوو، لەگـەڵ بنەماڵـەکانیان و کەسانی دەوروبەریان و دوو هەزار خوێندکاری زانستی ئایینی بەرەو شاری قوم وەرێکەوتن. تەنانەت موجتەهیـدی بەتـەواوی کۆنە پارێز بەڵام خاوەن پێگەی وەك شێخ فەزلولای نوری هاورێیەتی کردن.[41] بەم کۆچەی رووحانیـەکان ژیـانی ئاسـایی لـە شاری تاران تێکچوو، چونکە ژیانی رۆژانەی خەڵك پێویستی بە بوونی زانایانی شیعە هەبوو. ئـەوان کاروبـاری وەك شـکایەت، هاوسەرگیری و جیابوونـەوەیان رادەپەرانـدو چـاودێریان بەسـەر رێ و رەسمـی پرسـەو سەرەخۆشـی و بـە خـاك ئەسـپاردندا دەکرد و پێش نوێژی نوێژی رۆژانە بوون.[42] ڕێبەرانی ئاینی پەناگیر لە شاری قوم رایانگەیاند تا ئەو کاتـەی شـا بەڵێنـەکانی بەجێ نەهێنێ پایتـەخت بـێ رێبـەری ئـاینی دەبـێ و لـە ئاکامـدا هـەموو کێشە یاسـایی و دادوەرییـەکان بـەبێ چارەسـەری دەمێننەوە. لە راستیدا زانایانی ئایینی مانیان گرتبوو.[43]

لە زۆر شوێنی ئێران بروسکەی پشتیوانی لە پەناگیرانی قوم بەرێدەکرا، بە تایبـەتی بروسـکەی زانایـانی شـیعە لـە نەجەف گرینگی تایبەتی هەبوو: "بۆ حجج اسلام دامت برکاتم: لە رێگەی بروسکە هەواڵی ناخۆشمـان لـە تارانـەوە پێگەیـشت کە بوو بە هۆی دڵگرانی لە ڕادەبەدەر. لە دۆخی خۆتان بە پەلە ئاگادارمان بکەنەوە، تا ئەوەی پێویـستە ئـەنجامی بـدەین". حاجی میرزا حوسین، حاجی میرزا خەلیل، محەممەد کازم خوراسانی، عەبدوڵا مازندەرانی[44].

لە قۆناغی کۆچ بۆ شاری قوم دووهەمین وگرینگترین بەشی بزاڤەکە ڕوویدا کاتێك کـە بـۆ پـشتگیری لـە پـەناگیرانی قوم دوکان و بازاری شاری تاران داخرا. عین ئەلدەولە ئـەمری کردنـەوەی بـە زۆری دوکـان و بـازار و تـاڵانی کـەلو پـەلی ئـەو دوکانانەی دەرکرد کە داخرابوون[45]. ئەمە بو بەهۆی ئەوەی کە بازرگانەکان و کۆمـەڵێك لـە خـەڵك لـە باڵوێزخانـەی ئینگلیـز پەناگیربن[46] ژمارەی ئەمانە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو بە جۆرێك نزیك بە دوازدە هەزار کـەس لـە بـاغی باڵوێزخانـەی ئینگلیـز خێوەتیان هەڵدابوو[47]. ئەمە نزیك بە ١ لەسەر ٣ی هێزی کاری تاران بـوو.[48] بازرگـانی لـە تـاران پـەکخرا. [49] بـەم جـۆرە زانایـانی شـیعە و خوێنـدکارانی ئـایینی لـە قـوم و پیـشەگەران و بازرگـان و خوێنـدکارانی ئـایینی لـە باڵوێزخانـەی ئینگلیـز پەناگیرببون.[50] پەناگیرانی باڵوێزخانەی ئینگلیز داخوازەکانیان بەم شێوەیە راگەیاند:

١–گەرانـــەوەی زانایـــان بـــۆ تـــاران ٢– وەلانـــانی عـــەین ئەلدەولـــە ٣– دامەزرانـــدنی پەرلـــەمان (درالـــشورا) ٤– سزادانی بکوژان ٥– گەرانەوی دوورخراوەکان[51].

خالێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بیرۆکەی پەرلەمان (مەشرووتە) لە حەوشەی باڵوێزخانەی ئینگلیز داواکرا. هەروەك پێـشتر ئاماژەمان پێکرد ئەم بیرۆکەیە زۆر لەوە پێشتر لـە لای هەنـدێك لـە رووناکبیرانی ئـەو سـەردەمە دروسـت ببـوو. بـەڵام نابـێ

41 .یرواند ابراهامیان، م،ق، ص١٠٧

42 .ژانت افاری، انقلاب مشروطة ایران (١٩٠٦-١٩١١) ، ترجمە: رضارضایی، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩، ص٨٢.

43 . یرواند ابراهامیان، م، ق. ص١٠٧

44 . محمد علی تهرانی( کاتو زیان) مشاهدات وتحلیل اجتماعی و سیاسی از تاریخ انقلاب مشروطة ایران، چاپ اول،تهران،١٣٧٩، ص١٩٢.

45 .سرپرسی سایکس، تاریخ ایران، ترجمە: سید محمد تقی فخرداعی گیلانی ، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٦، ص٥٧٢.

46 .عباس اقبال اشتیانی، تاریخ ایران، چاپ ششم، تهران،١٣٨٨،ص٥٩١

47 .سرپرسی سایکس، م.ق ، ص٥٧٢.

48 .ژانت افاری، م. ق، ص٨٤

49 .نیکی. ارکدی، م. ق، ص١١٩

50 .محمد علی تهرانی (کاتو زیان)، م. ق، ص١٩٢.

51 .علی رضاواوسطی، ایران درسه قرن گذشته، جلد اول، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣، ص٢،٤٢.

ئەوەش لەبەر چاو نەگیرێ کە لە ململانێی نێوان رووسیا و ئینگلیز لە نێو دەرباری قاجاری بۆ وەدەستهێنانی ئیمتیازی ئابوری زۆرتر لە ئێران، دەوڵەتی قاجاری زۆرتر بەلای رووسەکاندا دایدەشکاند و ئەمە نارەزایەتی دەوڵەتی ئینگلیزی لێکەوتبووە و هەربۆیە پێی خۆش بوو بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، شای قاجار لاواز بێت و ناڕاستەوخۆ پشتگیری مەشرووتە خوازەکانی لەم قوناخەدا دەکرد.

سەرئەنجام موزەفەرئەدین شا لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی خەڵکدا پاشەکشەی کرد، عەین ئەلدەولەی وەلا ناو و میرزا نەسرولاخانی مشیر ئەلدەولەی شوێنی گرتەوە، زانایانی ئاینی بەدوای ئەم سەرکوتنە بەرێزێکی تایبەتی لە قوم گەرانەوە بۆ تاران و لە ٥ ی مانگی ئابی ١٩٠٦ شا فەرمانی مەشرووتەی ( دامەزراندنی پەرلەمانی) واژۆکرد. (٥٢) قۆناغی یەکەمی بزاڤی مەشرووتە بە سەرکەوتنی کۆمەڵانی خەڵك کۆتایی پێهات کە لە بەرەیەکی یەکگرتوو لە زانایان، رووناکبیران و بازرگانان و پیشەییەکان پێکهاتبوو. لەم قۆناغەدا دەوری روحانیەتی شیعە لە هاندانی خەڵك لە دژی دەسەلات و رێبەری خۆپیشاندانەکان و مانگرتن حاشا هەڵنەگرە، رووحانیەت بەهۆی پێگەی جەماوەری خۆی رێبەری جولانەوەکە بەدەستەوە دەگرێ، لێرەدا پرسیارێك کە دێتە پێش ئەوەیە کە رووحانیەت بۆ لە دژی دەسەلات دێتە گۆرەپانەکەوەو مەبەستی چیە؟ وەلامی ئەم پرسیارە دەبێ لەبەر تەسك بوونەوەی دەسەلاتی رووحانییەت بەهۆی دەسەڵاتدا بدۆزرێتەوە. م. پاولویچ لەم بارەیەوە دەڵێ: "دەوڵەت زەوی گەورەکانی لێساندنەوە و هەر چەشنە رێکەوتنێکی لەسەر دەستی ئەوانی قەدەغە کردووە، هەروەها رووحانیەتی لە چاودێری شوێنە پیرۆزەکانی پر داهات بێ بەش کرد و لە شوێن ئەوان کاربەدەستی دەوڵەتی داناو و سەرئەنجام دەستی بۆ زەوییەکانی مەوقوفەش درێژ کردوو دەستی بەسەر داگرتن.(٥٣) هەروەها لە هۆکارێکی تری ئەم ناکۆکیەی نێوان روحانیەت و دەسەلات کێ بەرکێی ئەوان لەسەر کێشەی دادوەری بوو، دادوەری شەرعی لە دەستی رووحانیەت دابوو، بەلام دادوەری عورف کە شا خۆی مەرجەعی سەرەکی بوو و بەهۆی شازادەکان، حاکمەکان و دارۆغەو کەلانتەرەکان و پاسەوانەکان ، بەرێوە دەچوو. (٥٤)

رووحانیەتی شیعە بەهەر مەبەستێك لەم بزاڤەدا بەشدار بووبێ نابێ نکوڵی لە ڕۆڵی بەرچاویان و تەنانەت ڕێبەریکردنی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی بەهۆی ئەوان بکرێ. بێ گومان ئەمە کارێك بوو کە لە دەستی دوو چینی سەرەکی دیکەی بەشداری ئەم جولانەوەیە نەدەهات، واتە بازرگان و روونـاکبیران.ئەم دووچینە لە رووی فکری و مادییەوە یارمەتیدەری جولانەوەکە بوون نەك لە ڕووی وروژاندنی جەماوەر و هێنانیان بۆ سەر شەقام و ڕێبەریکردنیان.

---

52 .عزیز الله بیات، تاریخ تطبیقی ایران باکشور های جهان( ازمادها تا انقراض سلسله پهلوی)، چاپ اول، تهران، ١٣٨١، ص٢١١

53 .م. پاولویچ، سه مقاله درباره انقلاب مشروطه ایران، ترجمه: م. هوشیار ، تهران، ١٣٥٧، ص٣٧

54 . احسان طبری، م، ق، ص٣٧

## باسی دووهەم/ نوسینی دەستوور ( دەرکەوتنی جیاوازییەکان )

لە لایەن شاوە فەرمان دەرچوو بۆ هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ( پەرلەمان) هەڵبژێردرێ تاکو دەستورێك بۆ وولات دابنێ. ئەوەبوو لە یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٠٦ ئەنجومەنەکە کرایەوەو یەکسەر لێژنەیەکیان پێکهێنا بۆ دانانی دەستوور[٥٥]. پاش ئەوەی دەستوور پەسەند کرا، موزەفەرەدین شاش واژۆی کردو چەند رۆژ دواتر دەمرێ[٥٦]. لەدوای مردنی موزەفەرەدین شا، کوڕەکەی میرزا محەممەد عەلی کوری شا فەرمانرەوایەتی گرتە دەست، ئەوەی بە هاوکاری نزیکی لەگەڵ رووسەکان و ملکەچی بۆ فەرمانەکانیان ناوبانگی دەرکردبوو، ئەوەش بووە هۆی دووری جەماوەر لیی و تاوانبارکردنی بە کرێگیراوی[٥٧]. محەممەد عەلی میرزا دە رۆژ دوای مردنی باوکی تاجی پادشایی لەسەرنا، لەو رێورەسمەدا شا هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتی بانگهێشت کردبوو، بێجگە لە نوێنەرانی پەرلەمان و بەمەش یەکەم کاردانەوەی دوژمنانەی بەرامبەر مەشرووتە نیشاندا[٥٨].

پەرلەمان کە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی تاران کرابووە، پاش گەیشتنی نوێنەرانی شارەکان دەستی بە راپەراندنی ئەرکەکانی کرد. گرینگترین ئەرکی پەرلەمان نووسین و پەسەند کردنی دەستوور بوو. پەرلەمان ئەو یاسایەی لە پەنجاو یەك بەندا نووسیبوو[٥٩]. پێگەی کۆمەڵایەتی نوێنەرانی خولی یەکەمی پەرلەمان لە کۆی ١٦١ نوێنەری هەڵبژێردراو بەم چەشنە بوو: نوێنەرانی بازرگان و پیشەیی ٥٧ کەس (پتر لە ١ لەسەر ٣ نوێنەران) زانایان و فەقیەکان ٤٧ کەس (٢٩٪) کارگێرانی دەربار ( خانەدانەکان) ٣٦ کەس (٢٢٪) شازادەو قاجارەکان ٨ کەس (٥٪) خاوەن زەویە گەورەکان ٦ کەس، پزیشکان ٤ کەس و ٣ کەس کە نادیار بوون[٦٠].

لە کاتێکدا محەممەد عەلی شا لە بیری هەلوەشاندنی سیستەمی مەشرووتە دابوو، لەنێو مەشرووتە خوازەکاندا ناکۆکی درووست بوو. ئەو ناکۆکیانە لایەنی جۆراو جۆری هەبوو، بۆ وێنە خوێندنەوەی جیاواز لە سیستەمی مەشرووتە هەبوو. هەندێك لەسەر ئەو باوەرە بوون کە دەبێ نموونەو یاساکانی ولاتانی ئەورووپی رەچاو بکرێ، بەڵام کەسانێکی تر کە شێخ فەزلولای نوری رێبەری دەکردن لەدژی ئەم بۆچوونە بوون و خوازیاری گونجاندنی بە گشتی مەشرووتە لەگەڵ یاساکانی ئیسلامی بوون[٦١]. شێخ فەزلولا لە کاتی نووسینی پاشکۆی دەستووردا ئەو گەلاڵەیەی هێنا ئاراوە کە دەبێ لێژنەیەك لە زانایانی ( موجتەهیدان) پلە بەرز پێك بهێندرێ تا چاودێری بکەن بەسەر گشت یاساکانی پەسەند کراوی پەرلەمان و هەر یاسایەك کە بەرای ئەوان بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێ، نە دەتوانێ ببێتە یاساو نە جێبەجێ دەکرێ[٦٢]. سەرەنجام رووحانیەت توانیان سەرکەون لە دانانی بەندێك لە دەستووردا بۆ چاودێری زانایان بەسەر یاساکاندا[٦٣]. بەڵام رەوتی بزاڤی مەشرووتە رێگەی نەدا کە ئەم ماددەیە کە چارەنووسی دیموکراسی ولاتی بە دەستی رووحانیەکان دەسپارد، جێ بەجێ بکرێ[٦٤].

---

55. جەرجیس فەتحولا، س.پ، ل٣٣
56. عزیز الله بیات، م، ق، ص٥٣٩
57. یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووهەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٠
58. ابراهیم فخرایی، گیلان در جنبش مشروطیت، چاپ اول، تهران، ١٣٥٢.، ص٦٢.
59. علی اصغر شمیم، م. ق، ص٤٨١
60. محمد سالار کسرایی، م. ق، ص٣١٦
61. عباس قدیانی، م. ق، ص١٥٥
62. احمد قاسمی، م. ق، ص٢،٩
63. محمد سالار کسرایی، م. ق، ص٣١٨
64. احمد قاسمی، ٦ سال انقلاب مشروطه ایران، چاپ اول، ١٣٥٧، ص٣٠

لە رەوتی پەسەندکردنی پاشکۆی دەستوردا لەسەر چەند بەندێکی دەستوور کە وەك بنەمایەکی دیموکراتیك دێنە ئەژمار لە نێوان پەرلەمانتارەکاندا ململانێی توند ڕوویدا. سەید حەسەن نەقی زادە کە خۆی یەکێك لە نوێنەرانی خولی یەکەمی پەرلەمان بوو لەم بارەیەوە دەڵێ: "یەکێك لە کێشە گەورەکانی خولی یەکەم کە مشت و مڕێکی زۆری لەسەربوو بەرخودانی توندی هەندێك لە زانایان بوو لە دژی هەندێك لە بنەماکانی پاشکۆی دەستوور و بە تایبەتی ئەو بنەمایەی کە پەیوەندی بە یەکسانی هەموو ئێرانیەکان هەیە لە بەرامبەر یاسادا بە مسوڵمان و غەیرە مسولمانەوە.[٦٥] بۆ وێنە بەندی هەشتەم لە پاشکۆی دەستور دەڵێ:" خەڵکی ولاتی ئیران لە بەرامبەر یاسای دەولەتیدا مافی یەکسانیان دەبێ".[٦٦] دژبەرانی مەشرووتە ئەو پرسیارە سەرەکیان دەهێنا گۆڕێ، کە چۆن دەکرێ زەردەشتی، کەلیمی، مەسیحی و خەڵکی بێ دین لەگەڵ مسوڵمانان لەبەرامبەر یاسادا ماف یەکسانیان هەبێ؟ و ئەمەیان بە دژی شەرع و یاسای شەریعەت دەزانی.[٦٧] و رەخنەیان دەگرت لەم بەندەو دەیانگوت: موسلمان و کافر لە (دیە) و سزا(حدود) ناتوانن یەکسان بن. ئەگەر مسوڵمانێك جولەکەیەك یا زەردەشتێك یا کافرێکی تری کوشت ناکرێ ئەوی بە کوشتن سزا بدەیەوە و دەبێ (دیە)ی بدات.[٦٨]

لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەردەی گشتی دا لە پاشکۆی دەستوور دا لە بنەمای هەژدەهەم و نۆزدەهەم دا نووسراوە:" خوێندن و پەروەردەی زانست و مەعارف و پێشەیی ئازادە مەگەر شەرع قەدەغەی کردبێ." و" دامەزراندنی قوتابخانە لەسەر حیسابی دەوڵەت و میللەتەو خوێندنی ئیجباری دەبێ بە پێی یاسای وەزارەتی (علوم و معارف)دیاری بکرێ و هەموو قوتابخانەو مەکتەبەکان دەبێ لەژێر سەرۆکایەتی باڵاو چاودێری وەزارەتی(علوم ومعارف) دابن[٦٩]. لە بەرامبەردا رووحانیەتی شەریعەت خواز دەیگووت: " خوێندنی ئیجباری بە پێچەوانەی شەرعە".[٧٠]مەشرووتە خوازەکان دەخوازن منداڵان بە شێوازی سروشتی پەروەردە بکەن و بە خوێندنی ئیجباری منداڵانی ئێران لە قوتابخانە نوێیەکان بە خەتی نوێ و زمانی پەهلەوی کۆن، هەوڵدەدەن ئەوان نەتوانن ئەو کتێبانەی کە زانایان لە سەردەمی سەفەویدا نووسیویانە، بیخوێننەوە.[٧١]

هەلوێستی موجتەهیدەکانی نەجەف لەسەر پاشکۆی دەستوور گرینگ بوو، بەلام ئەمانیش هەڵوێستێکی یەکدەستیان نەبوو.سێ کەسیان ئاخوند مەلا کازمی خوراسانی شێخ عەبدوللا مازەندەرانی ومیرزا حوسێنی تارانیلە دەستوور وپەرلەمان پشتیوانیان دەکرد، بەڵام سەید کازمی یەزدی، پشتگیری شێخ فەزلولای دەکرد، بەڵام خوراسانی ومازەندەرانیش کە لایەنگیری مەشرووتە بوون رازی نەبوون پشتیوانی لە یاسا گەلێك بکەن کە دەسەڵاتی لە زانایانی ئایینی دەستاندەوە.[٧٢]

لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی مەشرووتە شێخ فەزلولاو هاوبیرانی لە نارەزایەتی بە پەسەند کرانی یاساکانی دەستوور لە پەرلەمان بە جۆرێکی تر هەڵوێست دەگرن و لە خاڵێکی وەرچەرخاندا لە ململانێی لەگەڵ پەرلەمان و زانایانی مەشرووتە خواز لە هاوینی ١٩٠٧ لە عەبدولعەزیم پەناگیر دەبن. لەم شوێنە ڕوانگەکانیان راگەیاندو بلاویان کردەوەو مەترسی لە دەرئەنجامی سەرکەوتنی مەشرووتەیان شی کردەوە.[٧٣] ئەو مانگرتنە کە بە رەزامەندی و پشتگیری ماددی و مەعنەوی

---

65. سید حسن تقی زاده، م.ق، ص٧٣

66. مرتضی راوندی، تفسیر قانون اساس ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٥٧، ص١٤٦

67. ماشاالله أجودانی، مشروطه ایرانی، چاپ پنجم، ١٣٨٣، ص١٤٤

68. احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨، ص٣٤٨

69. مرتضی راوندی، تفسیر قانون اساسي، م. ق، ص١٤٨

70. احمد کسروی،م.ق، ص٣٤٨

71. باقر مومنی، م. ق، ص٣٣٩

72. ژانت أفاری، م.ق، ص١٣٩

73. محمد علی همایون کاتو زیان، دولت و جامعه درایران( انقراض قاجارو استقرار پهلوی)، ترجمه: حسن افشار،چاپ سوم، تهران،١٣٨٤، ص٦٤

محەممەد عەلی شا بەڕێوەچوو سێ مانگی خایاند.*(٧٤) ژمارەی مانگرتوان نزیك بە هەزار كەس دەبوو كە بریتی بوون لە هەژدەكەس لە زانایانی شیعە، سێ رووحانی پلە ناوەند پەنجا وتاربێژی مزگەوت و مەلا، سێ سەد فەقێ و دووسەد كاسب، سەد خزمەتكارو پتر لە دووسەد كەس كە بۆ خواردنی بەلاش هاتبوون.(٧٥)

پەرگیرانی عەبدولعەزیم لە هەموو روێكەوە خۆیان تەیار كرد، لە لایەك بۆ نەجەف بروسكەیان دەنارد و لە لایەكی تر بۆ ولایەتەكان. بێجگە لەوەی كە كەسانێكیان بۆ بانگەشە بۆ شوێنە جۆراو جۆرەكان ناردو بوونە هۆی بەهێزبوونی لایەنگیرانی سەرەڕۆیی. هەروەها دەستیان دایە بلاوكردنەوە چەندین بەیاننامە كە بە (لایحە)بەناوبانگ بوون كە تێیدا ئامانج و روانگەكانیان رەنگی دابووە.(٧٦) پوختەی ئەو روانگانەی بریتی بوون لە: نیزامنامەی پەرلەمان (دەستوور) لە پاش زاراوەی مەشرووتە زاراوەی مەشروعە بنوسرێ، گونجاندنی یاساكانی پەرلەمان لەگەڵ شەرعی پیرۆز و زیادكردنی بەندێك كە كۆمەڵێك لە موجتەهیدەكان لەهەر سەردەمێك بەسەر پەرلەمان و دەستووردا چاودێری بكەن و لە وێرا كە دەستور لە روی یاساكانی ولاتانی رۆژئاوایی نوسراوە ، بەمەبەستی پاراستنی ئیسلام و شەرع تێیدا پێویستی بە هەندێك ئالوگۆرو هەمواركردن بە پێ ی روانگەو بۆچوونی زانایان هەیە.(٧٧)

كات و زیان مامۆستای زانكۆی كێنتی بەریتانیا دەڵێ :" مەشروعە زاراوەیەكی لێل و ناڕوون بوو كە شێخ فەزلولا و شوێن كەوتوانی بە پەلە بۆ وەسفی مەشرووتەیەك كە بنەمایەكی پتەوی لە شەریعەتدا هەبێ دایانرشت. ئەم زاراوەیەو واتایەكی سیاسی روونی نیە چونكە چوارچێوەو ناوەرۆكی ئەو حكومەتەی كە دەبێ شوێن حكومەتی مەشرووتە بگرێتەوە دیاری ناكات.(٧٨) بەم پێیە دەردەكەوێ كە شێخ هیچ چەشنە ئەلترناتیڤێكی نیە لە شوێن مەشرووتەی دابنێ، ئەلتەرناتیڤێك كە لە توانای دابێ رێبەری چاكسازی و ئالوگۆری كۆمەلایەتی بكات. ئەو پشتیوانی لە سیستەمی پادشایی و سولتانی ئیسلام پەنا (محەممەد علی شا) دەكات.(٧٩)كەوابوو مەشرووتە تەنیا دەیتوانی ئامرازێك بێ لە خزمەت شادا تا سەرەرووی نەریتی خۆی بە هەندێك هەمواركردن هەروا درێژە پێبدا و ئامرازێكیش بێت لە خزمەت هەندێك لە زانایانی ئایینی تا دەسەلات و پێگەی كۆمەلایەتی خۆیان پەرە پێبدەن و ئامرازێكیش بێ لە خزمەت شێخ فەزلولا تا ركابەرەكانی و بە تایبەتی بەهبەهانی لە گۆرەپانەكە دوور بخاتەوە و ببێ بە گەورەترین موجتەهیدی سیاسی ولات. (٨٠)

ئەگەر بزاڤی مەشرووتە لە قۆناغی دەستپێكی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن لە دژی دەسەلاتی قاجار، بەشداری و پشتیوانی زۆربەی روحانیەتی لەگەڵدابوو، لەم قۆناغەدا كە ئامانج ونیوەرۆكی مەشرووتە روونتر خۆی نیشاندەداو دەردەكەوێ كە ئامانجەكانی مەشرووتە تەنیا بە كەم كردنەوەی دەسەلاتی قاجاری كۆتایی پێنایەت و كۆمەڵگا بەرەو دیموكراتیك بوون و عورفی بوون دەبا. سنوور بەندی لە نێوان رووحانیەتی مەشرووتە خواز پەیدا دەبێ و ئەم چینە كۆمەلایەتیەی بەسەر دوو بەرەی مەشرووتە خوازو مەشرووعە خواز دابەش دەكات بە جۆرێك كە لە بەرامبەر یەكدی بە توندی رادەوەستن.

---

* شێخ فەزلولاو مانگرتوانی عەبدولعەزیم پاش تیرۆری ئەمین سولتان ناسراو بە نەتابەك و سەدری ئەعزەمی محەممەد عەلیشا كۆتایی بە مانگرتن دێنن و دەگەڕێنەوە بۆ تاران( ماشاالله أجودانی، مشروطه ایرانی، م، ق، ص١٤٨).

74. باقر مومنی، م. ق، ص١٩١

75. ژانت افاری، م، ق، ص١٤٩

76. محمد علی تهرانی، م. ق، ص٧٤٤

77. علیرضااوسطی، م.ق، ص٣٦٧

78. محمد علی همایون کاتوزیان، تضاد دولت وملت ( نظریه تاریخ وسیاست در ایران)، ترجمه: علیرضا طیب، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠، ص١٦٦

79. محمد سالار کسرایی، م. ق، ص٣٧٨

80. محمد علی همایون کاتو زیان، اقتصاد سیاسی ایران، م.ق، ص١٠٨

## باسی سێهەم/قۆناغی دووهەمی مەشرووتە(کودەتا لە دژی پەرلەمان)

لە هاوینی ١٩٠٨ واتە پاش دوو ساڵ لە دامەزراندنی مەشرووتە محەممەد علی شا بە هاوکاریی راوێژکارانی رووسی خۆی پرۆژەی لەناوبردنی پەرلەمان کە سیمبولی مەشرووتە بوو دارشت.(٨١) بە فەرمانی محەممەد علی شا دەسەڵاتی سەربازی راگەیەندرا ولیا خۆف فەرماندەی رووسی سوپای قەزاق پەرلەمانی تۆپباران کرد. ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران کوژران و کۆمەڵێك دەست بەسەر کران و زۆر کەسی تریش رایان کرد.(٨٢)محەممەدعەلی شا سیاسەتی گرتن و کوشتنی ئازادیخوازانی گرتە بەرو کولنیل لیا خۆف ماڵ و سامانی ئەو کەسانەی کە شا بە نەیاری خۆی دەزانین تالان و بۆمباران کرد.(٨٣) سەید عەبدوللا بەهبەهانی و سەید محەممەدی تەباتەبایی دوورخرانەوە.(٨٤) بەلام شێخ فەزلولا نوری تا رادەیەکی زۆر کەسی یەکەمی دەربارو شابوو.(٨٥) بەم جۆرە جارێکی تر سەرەرۆیی شوێنی مەشرووتەی گرتەوە ئەو قۆناغە کە پتر لەیەك ساڵی درێژەکێشا بە قۆناغی (استبداد صغیر) سەرەرۆیی بچووك ناسراوە.(٨٦)

لە پاش کودەتا محەممەد عەلیشا (ئەنجومەنی دەربار) ی پێکهێنا ئەم ئەنجومەنە پێکدەهات لە ژمارەیەك کاربەدەستی دەوڵەتی، شازادەکانی قاجار، شێخ فەزلولای نوری، پێش نوێژی هەینی تاران و چەند کەس لە زانایانی هاوبیریان.(٨٧) شێخ فەزلولا دۆخی شکستی مەشرووتە خوازەکان بە هەلێکی باش دەزانێ و داوا لە محەمەد عەلی شا دەکات کە بە یەکجاری کۆتایی بە مەشرووتە بهێنێ. نازمولئیسلامی کرمانی کە خۆی لە نزیکەوە شاهیدی رووداوەکانی ئەو سەردەمە بوو، دەقی نامەی شێخ و پێش نوێژی هەینی و ئەوانی تری لە کتێبەکەیدا چاپ کردووە کە لێرەدا ئاماژە بە چەند بەشێکی دەکەین:" پەرلەمان( ئەنجومەنی شورای گشتی) دژی یاساکانی ئیسلامەو پێك ناکۆکن... و هەر بۆیە نە تەنیا ئێمە بەڵکو هەموو خەڵکی موسلمانی ئەو وڵاتە داواکارین کە پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە" . (٨٨) نوری لە ساڵی ١٩٠٨ بە ئاشکرا بوو بە لایەنگیری شای سەرەرۆو هەموو رۆژنامەنووس و مەرجەعەکانی نەجەفی تەکفیر کرد.(٨٩)

لە لایەکی دیکە لە پێنج موجتەهیدە بالأکەی نەجەف و کەربەلا سێ موجتەهید بەبێ دواکەوتن لە مەشرووتیەت پشتیوانیان کرد و بە راشکاوی محەمەد عەلیشایان پرۆتستۆ کرد و رایانگەیاند: "هاودەنگی و ملکەچ کردن بۆ دەسەلأت وەك تەقە لە میللەت و کوشتنی مەشرووتە خوازانەو ئەمە وەك ملکەچ کردن بۆ یەزیدی کوری مەعاویەیەو لەگەڵ موسلمانیەتی دژایەتی هەیە".(٩٠) تەنانەت بەرامبەر بە شێخ فەزلولاش هەڵوێست وەردەگرن و دەڵێن: " لە وێرا کە نوری تێکدەری ئاسایشەو گەندەڵە، دەستێوەردانی لە کارو بار حەرامە".(٩١)

هەروەها ئەوان جیهادیان لە پێناوی دەستوورو پەرلەماندا راگەیاند و داوای پاراستنی ناموس و ماڵی مسوڵمانانیان کرد. پێدانی باجیان بە باجگرەکانی حکومەت حەرام کرد. ئەوانەشیان تۆمەتبارکرد کە بە دەقی فەتواکە کار نەکەن شەڕ

---

81. عباس قدیانی، م. ق، ص١٥٦
82. عریزالله بیات، م، ق، ص٥٢,٥
83. مهدی بهار، میراث خوار استعمار، چاپ چهاردهم، ١٣٥٥تهران، ص٥٣٣
84. عباس اقبال اشتیانی، م. ق، ص٧٩٧
85. مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران(قرون ١٢.و١٣و١٤ هجری) جلد سوم چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١، ص١٠٤
86. عباس قدیانی، م. ق، ص١٥٦
87. محمد علی همایون کاتوزیان، دولت و جامعه در ایران، م. ق، ص٦٦
88. ناظم السلام کرمانی، تاریخ بیداری ایرانیان، جلد دوم، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٧، ص٢,٤٢.
89. جان فوران، م. ق، ص٢,٧٩
90. یرواند ابراهامیان، م. ق، ص١٢,٣
91. ابراهیم فخرائی، م. ق، ص٦٩

لەگەڵ پەیامبەری خواو گەورەی تێکرای ئافەریدەکان (د.خ) دەکەن.[٩٢] ئەحمەدی کەسرەوی مێژوو نووسی بەناوبانگی مێژووی مەشرووتەی ئێران کە خۆی لە نزیکەوە شاهیدی بەربەرەکانی مەشرووتە خوازانی تەبریز بوو لە سەردەمی سەرەڕوویی بچووکدا، دەڵێ:" لە وەیرا کە مەلاکان لە تەبریز و شارەکانی تر لە دژی مەشرووتە راوەستابوون و مەشرووتە خوازەکانیان بە لادان لە دین و " بابی*"دەناساند. ئەگەر فەتواکانی زانایانی نەجەف نەبوایە کەسانێکی کەم یارمەتی مەشرووتەیان دەدا و موجاهیدەکانی تەبریز زۆربەیان شوێن کەوتووی دین بوون. ئەو فەتوایانە هاندەریان بوون بۆ گیان فیدایی و تێکۆشان. سەتارخان** زۆر جار دەیگووت کە من "ئەمری زانایانی نەجەف بەرێوە دەبەم"[٩٣]

هەروەها موجتەهیدێکی تر هەوڵی تیۆریزەکردنی مەشرووتە دەدات لە روانگەی ئاینی شیعەوە، ئەو موجتەهیدە موحەممەد حوسەینی نائینی یە کە لە نەجەف دادەنیشت. ئەو لە نووسراوەیەکی لە ژێر ناوی" تنبیه الامەو تنزیه الملە" لە پاش کودەتا لە دژی و لە وەلأم بە رەوتی مەشرووعە خوازی و رەخنەکانی شێخ فەزلولا، بلأویکردەوە.[٩٤] نائینی هەولی دەدا بیسەلمێنێ کە مەشرووتە لەگەڵ ئایینی ئیسلام ناتەبا نیە.[٩٥]

لەم قۆناغە روانگە و ئامانجی راستەقینەی بەشێك لە رووحانیەتی شیعە بە تەواوی بەرامبەر بە مەشرووتە دەردەکەوێ، واتە لە پاش کودەتاو هاتنەوە سەر دەسەلأتی سەرەڕۆیی، ئیتر بە مەشرووتەی مەشرووعەش رازی نابێ، بەڵکو هەولی وەلانانی یەکجاری مەشرووتە (پەرلەمان) دەدات و هەروەها دابەش بوونی بە کردەوەی روحانیەتیش بوو بەسەر دوو بەرەی سەڵتەنەت خوازو سەرەرۆکان و بەرەی ئازادیخواز و خەڵك.

---

[92] . یاسین سەردەشتی، س. پ، ل٥٥

* بابی: لە ساڵی ١٨٤٤ ئایینی "باب" لە ئێران دامەزرا. ڕێبەری ئەم ئایینە سەید عەلی محەممەدی شیرازی ناسراو بە باب بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەمان ئیمامی دوازدەهەمە کە بە پێی روانگەی شیعەکان دەبێ لە کاتی دیاریکراو دەرکەوێ. ئەو داواکارییە بوو بەهۆی شەری ئاشکرای نێوان مەلاکانی شیعەی ئسولی دوازدە ئیمامی و بابیەکان. کاتێك بانگەشەی باب پەرەی ستاند چەندین ڕاپەرینی لە مازەندەران و نەیریز و زەنجان لێکەوتەوە. زانایانی ئایینی فەتوای کوشتنی سەید عەلی موحەممەدی بابیان دەرکرد و لە تەورێز لە سێدارەدرا. (رضا آیرملو، م.ق، ص١٨٦، محمد معین، فرهنگ فارسی، جلد پنجم (اعلام)، چاپ هفتم، تهران، ١٣٦٤، ص٢٢٢)

** سەتارخان: سەرداری میللی، کوری حاج حەسەن قەرەچەداغی (سەرداری مەشرووتە). کەسایەتی یەکەم لە دوو بەرگریکاری بەناونگی تەبریز لە بەرامبەر سوپای محەممەد عەلیشای قاجار و کەسایەتی تر باقرخان کە بە (سالاری میللی) بەناوبانگە. سەتارخان و باقرخان لە ژێر فشاری ڕووسەکان لە ساڵی ١٩٠٩ تەبریزیان بەجێهێشت بەرەو تاران. لە هەمان ساڵدا شەرێکی توند لە نێوان سەتارخان و هێزی دەوڵەتی لە پارکی ئەتابەك ڕوویدا کە بە نیاز بوون موجاهیدەکانی سەتارخان چەك بکەن. سەتارخان لەم ڕووداوە بریندار بوو و چەند ساڵ دواتر بەهۆی ئەو برینەی دەمرێ و باقرخانیش لە ڕووداوی کۆچ (مهاجرت) دەکوژێ. (محمد معین،م.ق، ص٧٣٣)

[93] . احمد کسروی، م. ق، ص٦٨٧

[94] . صادق زیبا کلام، م. ق، ص٤٨٩

[95] . محمد طبیبیان و دیگران، اندیشه ازادی ، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١، ص٢٧

## باسی چوارەم/ قوناغی سێهەمی مەشرووتە( زیندووبوونەوەی مەشرووتە )

ئەگەر دەسەلاَتی قاجاری توانی لەتاران مەشرووتە کپ بکات، ئەوە لە شوێنەکانی تری ئێران، ڕێبەران وسەرکردەی ئازادیخوازەکان دەستیان لەسەر دەست دانەناو بۆ دامەزراندنی سەرلەنوێی دەسەلاَتی نەتەوەیی وڕووخانی سەلتەنەتی محەممەد عەلیشا ڕاپەڕین و ئەو جولاَنەوەیە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وەك ئازەر بایجان وگەیلان وئەسفەهان وناوچەکانی تری وەك فارس وکرمان دەستیپێکرد.[96] بەرگری ئازایانەی خەڵکی تەبریز بەڕێبەری سەتارخانی سەرداری میللی وباقرخانی سالاری میللی شێوەی دەگرت و وردە وردە لە ناوچەکانی تریش کاریگەری هەبووە وئازادیخوانی بۆ ڕاپەڕین ئاگادارکردەوە .[97] خراپترین دوژمنانی مەشرووتە خوازەکان لە تەبریز لایەنگرانی میرزا حەسەنی موجتەهید وشەقام وکولانەکانی دەوەچی بوون،میرزا حەسەنی موجتەهید کەسێکی نزیك لە شێخ فەزلولاو هاوبیری ئەو بوو.[98] سەرەنجام هێزی خۆبەختکەری شۆرشگێر (فیدایی) ڕوویان لە تاران دەکرد ولەگەڵ هێزەکانی شادا لە شەڕێکی خوێناویدا پێکیاندادا کە بە تێکشکانی هێزەکانی پاشایەتی لە ١٦ ی ژونی ١٩٠٩کۆتاییهات. محەممەد عەلیشا ناچار بوو، پەنا بۆ باڵوێزخانەی ڕووسیا لە تاران بەرێت.[99] کوڕە دوانزە ساڵەکەی ئەحمەد میرزا بوو بە جێنشینی، باوکی لە ئێران بەدەرنراو لە بەندەری ئودسا لە ڕووسیا نیشتەجێبوو.[100]

پێش لە کرانەوەی پەرلەمانی دووهەم مەشرووتەخوازانی سەرکەوتوو لە تاران ژمارەیەك لە سەرکردەکانی دژی مەشرووتەیان دەسبەسەرکرد و پاش دادگاییکردن لە سێدارەیاندان. بە ناوبانگترین کەسی ئەم کۆمەڵە شێخ فەزلولاَ نوری بوو کە بە جیددی لە قۆناغی (سەرەرۆیی بچوکدا) پشتگیری سەرەرۆیی کرد بوو.[101]لە روحانیەتی دژی مەشرووتە چەند کەسێکی تریش وەك میرزا سەید ئەبولقاسم وتار بێژی هەینی تاران، حاج ئاقا عەلی ئەکبەری بروجێردی و مەلا موحەممەدی ئامولی دەسبەسەر کران، بەلاَم ئەمانە لە تاران دوورخرانەوە.[102]

پەرلەمان سەر لە نوێ دامەزرایەوە (پەرلەمانی دووهەم) و لە پەرلەماندا دوو حیزب بە ناوەکانی (دموکرات عامیون) و (اجتماعیون اعتدالیون) بە ڕەسمی پرۆگرامی سیاسی خۆیان ڕاگەیاند.[103] کەسانی کۆنە پارێز و لیبەرال کە زۆرتر لە پیاوانی پێشووی دەربار و ئەریستۆکراتەکانی خاوەن زەوی و روحانیە گەورەکان (بەهبەهانی و تەباتەبایی) لە حیزبی (اعتدالیون) دا کۆببونەوە.[104] لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتدا (دمکرات عامیون) باس لەمانە کرابوو: جیابوونەوەی دین لە سیاسەت، مافی دەنگدان بە هەموو پیاوان، یەکسانی هەموو هاولاَتیان بە بێ لەبەر چاوگرتنی مەزهەب و ڕەگەز، پەروەردەی بەبێ بەرامبەر بۆ هەمووان و بە تایبەتی بۆ ژنان، ئەسپاردنی ئیدارەی موقوفات بە دەوڵەت ، دابەشکردنی زەوی، دوو ساڵ خزمەتی سەربازی.[105] سروشتی بوو کە ئەم بەرنامەیە کە گوزارشت لە بەرنامەیەکی رادیکاڵی کۆمەلاَیەتی دەکات،

---

[96]. عبدالرحیم ذاکر حسین، ادبیات سیاسی ایران در عصر مشروطیت، جلد اول، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧، ص١٩٥.

[97]. پرویز بابایی، مێژووی هاوچەرخی ئێران، وەرگێرانی: سەرتیپ زەندی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٩.

[98]. رحیم رئیس نیا و عبدالحسین ناهید، دومبارز جنبش مشروطه، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٥، ص٧١.

[99]. یاسین سەردەشتی، م.ق، ل٥٥.

[100]. عزیز الله بیات، م.ق، ص٥٤٥.

[101]. عباس اقبال أشتیانی، م.ق، ص٧٩٩.

[102]. هاشم کەریمی، ئایین و دەسەلاَت لە پرۆسەی مێژووی روحانیەتی شیعەدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٠٥.

[103]. ملك الشعرا بهار، تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، جلد اول، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٩، ص٩.

[104]. رحیم رئیس نیا، م.ق، ص١٣٤.

[105]. یرواند أبراهامیان، م.ق، ص١٣١.

بەرژەوەندی چین و توێژەکانی کونەپارێز و خاوەن مولك و ڕووحانیەت دەخاتە مەترسیەوە و کاردانەوە و ناڕەزایەتی ئەوانی لێدەکەوێتەوە.

دوژمنایەتی و ململانێی ئەو دوو حیزبە کە لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی تاران بەهۆی مەشرووتە خوازەکان دەرکەوتبوو گەیشتە کوشتن و تیرۆر کردن و سەرئەنجام ئایەتولا سەید عەبدولاّ بەهبەهانی (لە ڕێبەرانی مەشرووتە) تیرۆرکرا.[١٠٦] ڕۆژنامەکانی سەر بە حیزبی (اعتدالیون) تیرۆری بەهبەهانیان دایە پاڵ حیزبی نەیاری خۆیانواتە حیزبی دیموکرات.[١٠٧] بەدوای تیرۆر بەهبەهانی سەید حەسەن تەقی زادە** ناچارکرا ئێران جێبهێڵێ.[١٠٨] نەیارانی سیاسی تەقی زادە بۆ ئەوەی ناوبراو لە شانۆی سیاسی دورەپەرێزە بخەنەوە، پەنایان بردە بەر دوو مەرجەعی مەزنی ئەو سەردەم واتە شێخ عەبدولاّ مازندەرانی و محەممەد کازمی خوراسانی تا لە دژی فەتوا دەربکەن، کە ئەم فەتوایەش دەردەچێ و تێیدا بەڕاشکاوی ئاماژە دەکرێ بە دژایەتی سەید حەسەن تەقی زادە لەگەڵ ئیسلام و دەوڵەت و یاساکانی شەرعی پیرۆز.[١٠٩]

لەم قۆناغەدا واتە لە پاش دەسبەسەرداگرتنی تاران لە لایەن مەشرووتەخوازەکان و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا، بۆ وێنە : لە سێدارەدانی شێخ فەزلولاّ، تیرۆری ئایەتولاّ بەهبەهانی و رادیکاڵ بوونی کەش و هەوای سیاسی،بوون بەهۆی ئەوەی کە ڕووحانیەت لە دڵەڕاوکێ دابێ و بە نیگەرانیەوە بروانیەتە ڕەوتی ڕووداوەکان. بە وتەی جان فوران: "ڕووحانیەت لەمە بەدوا بە پێچەوانە بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی مەیلی نەبێ و تەنانەت ئەو بەشە لە ڕووحانیەت کە مەشرووتە خواز بوو کەوتنەبەرەی کۆنەپارێزەکانی پەرلەمان."[١١٠] لە ژێرکاریگەری ئەم دۆخەدایە کە نائینی ڕووحانی ناوداری نیشتەجێ لە نەجەف و خاوەنی بیردۆزی پێکەوە هەلکردنی ئیسلام و مەشرووتیەت لە بزاڤی مەشرووتە هەڵدەگەرێتەوە و بەرگی کتێبەکەی (تنبیه الامه و تنزیه المله) کۆکردەوە و تەباتەبایی لە ڕابردووی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ: سرکەم داناوە بو بە شەراب" و تا کۆتایی تەمەنی لەمەر مەشرووتە نەدواوە.[١١١]

لە ساڵی ١٩١٠ پەرلەمان کە لە ڕووی بێ سەرە وبەری داراییەوە و کەمی داهاتەوە فشارێکی زۆری لەسەر بوو، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دا لە پسپۆران و توێژەرانی ئەمریکی. ئەم ئەنجومەنەش بەڕێوەبردنی لەلایەن کەسێك بوو بە ناوی مورگان شوستەر.[١١٢] بەڵام ڕوسیا بەمە ناڕازی بوو و لە ئولتیماتۆمێکدا کە ئاراستەیدەوڵەتی ئێرانی کرد، خوازیاری لابردنی شوستەر و بەلیەنی دانی دەوڵەت دەبێ کە بەبێ ڕەزامەندی ڕوسیا لە ڕاوێژکاری دەرەکی کەلك وەرنەگیرێ.[١١٣] روسەکان هەروەها هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر داخوازییەکانیان لە ماوەی چل و هەشت ساعەتدا جێبەجێ نەکرێ، تاران

---

106 . ملك الشعرا بهار، م.ق، ص١١.

107 . علی اصغر شمیم، م.ق، ص٥٦٨.

* سەید حەسەن تەقی زادە: کوڕێ سەید تەقی لە ساڵی ١٨٧٨ز لە تەبرێز لە دایك دەبێ و لە ساڵی ١٩٦٩ز دەمرێ. لە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی تەقی زادە دەکرێ ئاماژە بەمانە بکەین: خوێندنی ئایینی و بوون بە ڕووحانی، نوێنەری شاری تەبرێز لە چەند خولی پەرلەمان، دورخستنەوە بۆ ئەوروپا دووجار، هاوکاری ئالمانیەکان لە دژی بەریتانیا و ڕووسیا، پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی و بلاّوکردنەوەی گۆڤاری کاوە لە بەرلین. وەزیر لە چەند کابینەدا، سەرۆکی پەرلەمانی پێران (سەنا). (سید حسن تقی زاده، م.ق، ص٧)

108 . نیکی.أرکدی، م.ق، ص١٢٣.

109 . ماشاالله أجودانی، م.ق، ص١١٠.

110 . جان فوران، م.ق، ص٢٧٩.

111 . محمد سالار کسرائی، م.ق، ص٣٧٧.

112 . پرویز بابایی، م.ق، ل٥٣.

113 . محمد علی همایون کاتوزیان، دولت و جامعه در ایران، م.ق، ص٩٣.

داگیردەکەن.[١١٤] سوور بوونی ڕووسیا لەسەر داواکاریەکانیان دەوڵەتی ئێرانی ناچارکرد کارەکانی پەرلەمان بوەستێنێت و بە فەرمی لە ٢٤ دیسەمبەری ١٩١١ دەرگای پەرلەمان داخرا.[١١٥]

بەم جۆرە لە ئاکامی دەست تێوەردانی وڵاتان بێگانە کۆتایی بە تەمەنی پەرلەمان هات و تا سێ ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩١٤ پەرلەمان نەکرایەوە و ئەمەش ساڵی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو، کە ئێرانیش لەبەر کەوتنی پریشکی ئاگری ئەم شەڕە بێ بەش نەبوو و ئەمەش پەرلەمانی سێهەمی کە تازە پێکهاتبوو لەگەڵ زنجیرەیەك کێشە و قەیرانی نوێ بەرەورووکرد کە ئەمەش خۆی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەخۆ دەگرێ.

روحانیەتی شیعە لەبەرامبەر بزاڤی نارەزاییەتی کۆمەڵانی خەڵك لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، کە دوو چینی بازرگان و ڕوناکبیر ڕۆڵی بەرچاویان تێیدا هەبوو، بێ لایەن نەمایەوە. رووحانیەت نەتەنیا تێکەڵ بە بزاڤەکە بوو، بەڵکو بەهۆی پێگەی جەماوەری خۆی ڕێبەری بزاڤەکەشی کەوتە ئەستۆ. کەم ڕەنگ کردنەوەی نەخشی روحانیەت لە سەرکەوتنی ئارامی ئەو جوڵانەوەیە کە پاشەکشەی سەرەرۆی و نووسینی دەستور و دامەزراندنی پەرلەمانی لێکەوتەوە، لە ڕاستیمان دوور دەکاتەوە. روحانیەت لەو بەشداربوونەی ئامانجی خۆی هەبوو کە بریتی بوو لە: کەم کردنەوەی دەسەلاتی دەوڵەت رکابەری لە مێژینەی. حەسەنی قازی مورادی لەم بارەیەوە دەڵێ: " هۆکاری بێ ئەم لاو ئەو لای دژایەتی رووحانیەت لەگەڵ دەسەڵاتی قاجارەکان ئەوە بوو کە قاجارەکان بە تایبەتی محەممەد شا و ناسرئەلدین شا، هەوڵیان دا بوو بازنەی دەسەڵات و پێگەی رووحانیەت لە کۆمەڵگە کەم بکەنەوە. ئەم دوو پادشایە ئەو قەڵەمرەوەی کەتا ئەو سەردەم وەك قەڵەمڕەوی شەرع لە ژێر چاودێری رووحانیەت دا بوو بە دوای ڕیفۆرمەکانی کە لە ڕۆژئاوا وەرگیرابوون، خستیانە قەڵەمڕەوی عورفی خۆیانەوە."[١١٦]

ئەم بزاڤە کە پاشەکشەی بە دەوڵەت کرد بە ئامانجی خۆی واتە نووسینی دەستور و دامەزراندنی پەرلەمان گەیشت. ئامانجێك کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەی روحانیەتی نەبوو، بەڵکو بیرۆکەی ڕونابیرانی ئەو سەردەم بوو کە بەهۆی ئاشنا بوونیان بە بیر و ئەندێشەی ڕۆژئاوا خستیانە روژەڤەوە و بە پێویستێکی مێژوویان دەزانی بۆ ڕزگاری ئێران لە دواکەوتوویی و سەرەڕۆیی. لە ڕاستیدا پانزدە ساڵ پێش لە دەسپێکی بزاڤی مەشرووتە مەلکەم خان لە ژمارەی ٦ ی ڕۆژنامەی قانون بۆ یەکەم جار لە ئێران باس لە پێویستی پەرلەمان دەکات بە مەبەستی ڕامالینی دام و دەزگای سەرەڕۆیی.[١١٧] لە ڕاستیشدا مەشرووتە بە مانای مافی بەشداریی خەڵکە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، دامەزراوێکی ڕۆژئاواییە.[١١٨]

دان پێنانی ئایەتوڵا تەباتەبایی لە ڕێبەرانی روحانی بەشدار لە بزاڤی مەشرووتەبەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم داوایە. ئەو دەڵێ: "ئێمە وەك خۆمان مەشرووتەمان نەبینیوە بەڵام ئەوەی بیستبوومان و ئەوانەی وڵاتی مەشرووتەیان بینیوە بە ئێمەیان گووت مەشرووتە دەبێتە هۆی ئاسایش و ئاوەدانی وڵات، ئێمەش پێشوازیمان لێکرد، تا مەشرووتە لە وڵات جێگیر بێ."[١١٩]

---

114. یرواند أبراهامیان، م.ق، ص١٣٦.

115. یاسین سەردەشتی، م.ق، ل٥٩.

116. حسن قاضی مرادی، نوسازی سیاسی در عصر مشروطه ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢،ص١٠٦.

117. همان منبع، ص١٠٩.

118. محمد علی اسلامی ندوشن، هویت ایرانی در دوران بعد از اسلام، مجله سیاسی-اقتصادی، ژماره ١٣٠ – ١٢٩، سال دوازدهم، ١٣٧٧، ص٥٤.

119. فریدون أدمیت، ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٨، ص٢٢٦

لە کاتی نووسینی دەستوور کە یاساکانی عورف دەسەڵاتی شەرعیان بەربەست و دەخستە پەراوێزەوە، بەشێك لە روحانیەتی شەریعەت خواز ڕیزی خۆیان لە مەشرووتە خوازەکان جیادەکەنەوە و لەم هەڵوێستەیان تا ئەو شوێنە دەچنە پێش کە لەگەڵ بەرەی سەرەڕۆیی و دژە پەرلەمان دەکەون. ناوەڕۆکی بزاڤی مەشرووتە هەڵگری ئەو نۆرم و بایەخانەی ڕۆژئاوا بوو: ئازادی، دیموکراسی، پەرلەمان، سیکولاریزم، ناسیۆنالیزم و دەسەڵاتی خەڵك، کە ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی شیعە و تێڕوانینی روحانیەت یەکدیان نەدەخوێندەوە. مەشرووتە کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای عورفە و جیا لە بنەمای دینە و لەگەڵ بنەماکانی شەرع تێکدەئالقان و سروشتی بوو کە رووحانیەت کە خۆی بە پارێزەری شەرع دەزانی ڕیزی خۆی جیابکاتەوە، چون زاڵبوونی بنەماکانی عورف هەم بەرژەوەندی ئەوەی دەخستە مەترسیەوە و هەم بنەماکانی شەرع کەم رەنگ دەبوونەوە و دەخرانە پەراوێزەوە.

لە قۆناغی مەشرووتەی دووهەم دا واتە لە پاش سەرکەوتنی ئازادیخوازەکان و زیندوبوونەوەی سەر لە نوێی مەشرووتە کە ڕەوت و بیر و ئەندێشەی رادیکال ئەم جار پر رەنگتر لە شانۆی سیاسی کۆمەڵگە دەردەکەوێ و بزاڤەکە ویست و داخوازەکانی ڕوونتر و قوڵتر دەبێ و روحانێکی پلە بەرزی دژی مەشرووتە ئیعدام دەکرێ و رووحانێکی مەشرووتە خواز کەلەبەرەی کۆنەپارێزەکاندایە تیرۆردەکرێ، ئەو بەشە لە روحانیەت کە کەم و زۆر لە بەرەی مەشرووتە خوازەکاندا مابوونەوە و بە تایبەتی لە قۆناغی (سەرەرۆیی بچوك) دا پشتگیری ڕوحی بەرگریکارانی مەشرووتە بوون، لە هەڵوێستەکانیان پاشگەزبوونەوە و چوونە ڕیزی کۆنەپارێزەرانی پەرلەمان و یا چوونە پەراوێزەوە.

## دەرئە نجامەکان

١. بزاڤی مەشرووتە لوتکەی ململانێی نەریت و مۆدێرنە بوو، ململانێیەك کە چەندین دەیە بوو لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا هەموو بوارەکانی ئابووری–کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گرتبووە.

٢. ناڕەزایەتی کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەی خۆپیشاندان، مانگرتن و "پەناگیری" لە شوێنە پیرۆزەکان دەستیپێکرد و روحانیەتی شیعە بەهۆی پێگەی جەماوەری خۆی ڕێبەری ناڕەزایەتیەکانی بەدەستەوەگرت.

٣. دەسەلات لەبەرامبەر ویست و ئیرادەی خەڵك پاشەکشە دەکات و فەرمانی مەشرووتیەت دەردەچێ و پەرلەمان بۆ یەکەم جار وەك دامەزراوێکی سیاسی دادەمەزرێ و دەسەلاتی رەهای شا بەربەست دەبێ.

٤. لە ڕەوتی نووسینی دەستوور بەهۆی پێداگری بەشێك لە رووحانیەت کە خوازیاری گونجاندنی یاساکانی شەریعەت لە دستوور دابوون، ڕیزی مەشرووتە خوازەکان لێکدەترازێ.

٥. دەسەلات دووبەرەکی نێوان مەشرووتە خوازەکان دەقۆزێتەوە و بە هاوکاری ڕووسیا لە دژی مەشرووتە کودەتا دەکات. پەرلەمان دادەخرێت و سەر لە نوێ سەرەڕۆیی بەسەر کەش و هەوای سیاسیدا زاڵ دەبێت.

٦. لە ماوەی گەڕانەوەی سەرەڕۆیی بەشێك لە رووحانیەت لە دژی مەشرووتە خوازەکان دەچنە پاڵ بەرەی شا و دەسەلاتی سەرەڕۆ.

٧. خۆراگری مەشرووتە خوازەکانی تەبرێز کاریگەری بۆ سەر شوێنەکانی تری ئێران دەبێ و ئازادیخوازان بە پشتیوانی روحی موجتەهیدەکانی پلە بەرز بە داگیرکردنی تاران سەر لە نوێ مەشرووتە زیندوو دەکەنەوە.

٨. پەرلەمانی دووهەم دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی حیزبە کۆنەپارێز و رادیکالە شۆرشگێرەکان بە جۆرێك کە تەشەنە دەکاتە نێو کۆمەڵگە و توند وتیژی لێدەکەوێتەوە ئەمە و روون تر بوون و ڕادیکالیزە بوونی ئامانجەکانی مەشرووتە روحانیەتی شیعە نیگەران دەکات و هەربۆیەش دەچێتە پەراوێزەوە .

# لیستی سەرچاوەکان

**کتێبە کوردییەکان:**


١. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد،خەلیل عەلی موراد،مێژووی ئێران وتورکیا،وەرگێڕانی:بەهادین جەلال مستەفا،هەولێر،٢٠١١.
٢. یاسین سەردەشتی،گەلی کورد وبزاڤی مەشرووتەخوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١) ٢٠٠١.
٣. یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووهەم،سلێمانی ٢٠١٠.
٤. هاشم کەریمی،ئایین ودەسەلات لە پرۆسەی مێژووی ڕۆحانییەتی شیعەدا،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٥.
٥. نوبێل باربەر،فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین،وەرگێڕانی ڕێبوار کەریم وەلی،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠١.
٦. صالح محمدأمین،کورد وعەجەم،چاپی یەکەم،١٩٩٢.
٧. جەرجیس فەتحولا، وریابوونەوەی کورد (مێژووی سیاسی ١٩٠٠ - ١٩٢٥)، وەرگێڕ: حەسەن جاف، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دهۆك،٢٠٠٩.
٨. پۆل دۆمۆن،سەردەمی تەنزیمات(١٨٣٩-١٨٧٨)، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدولا،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٨.
٩. پرویز بابایی،مێژووی هاوچەرخی ئێران، وەرگێڕانی:سەرتیپ زەندی،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١٠.

- **کتێبە فارسیەکان**

١. ابراهیم فخرایی، گیلان در جنبش مشروگیت، چاپ اول، تهران، ١٣٥٢.
٢. احسان طبری، ایران در دوره معاصر (جامعه ایران در دوره رضا شاه)، تهران، ١٣٥٧.
٣. احسان طبری، برخی بررسیها درباره جیهانبینی وجنبش های اجتماعی در ایران، چاپ أول، تهران، ١٣٥٧.
٤. احسان طبری، فروپاشی نظام سنتی و زایش سرمایه داری در ایران، تهران، ١٣٥٧.
٥. احمد تاجبخش، تاریخ تمدن و فرهنگ ایران اسلامی (دوره قاجار) چاپ اول، تهران، ١٣٨٢.
٦. احمد قاسمی،شش سال انقلاب شروطیت ایران،تهران،١٣٥٧.
٧. احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨.
٨. ادوارد براون،تاریخ ادبیات ایران (از صفویه تاعصر حاضر)ترجمه:بهرام مقدادی،چاپ دوم،تهران،١٣٧٥.
٩. باقر مؤمنی،دین ودولت در عصر مشروطیت،چاپ اول،سوید،١٩٩٣.
١٠. جان فوران، مقاومت شکننده،تاریخ تحولات اجتماعی ایران،ترجمه:احمدتدین،چاپ سوم،تهران،١٣٨٠.
١١. حسن عمید، فرهنگ فارسی، جلد پنجم (اعلام)، چاپ هفتم، تهران، ١٣٦٤.
١٢. حسن قاچی مرادی، نوسازی سیاسی در عصر مشروطه ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٤.
١٣. ژانت أفاری،انقلاب مشروطة ایران(١٩٠٦-١٩١١)،ترجمه:رضا رضایی،چاپ اول،تهران،١٣٧٩.
١٤. رحیم رئیس نیا و عبدالحسین ناهید، دومبارز جنبش مشروطه، چاپ دوم، تهران، ١٣٥٥.
١٥. رضا آیرملو، تو سعه مدرنیستم و اسلامگرایی در ایران و ترکیه، ترجمه: جمعی ازعلاقمندان به دانش اجتماعی، چاپ اول، سوید، ٢٠٠٤.
١٦. ریچارد کاتم، ناسیونالیزم در ایران، ترجمه: احمد تدین، چاپ اول، تهران، ١٣٧١.
١٧. سرپرسی سایکس،تاریخ ایران، ترجمه:سید محمد تقی فخرداعی گیلانی،چاپ سوم،تهران،١٣٦٦.
١٨. سید حسن تقی زاده،تاریخ انقلاب مشروطه ایران، به کوشش عزیز الله عزیز زاده، چاپ اول،تهران،١٣٧٩.
١٩. شجاع الدین شفا، پس ازهزار و چهارصد سال، جلد دوم، نشر فرزاد، ٢٠٠٣.

٢٠. صادق زیبا کلام، سنت و مدرنیته (ریشه‌یابی علل ناکامی اصلاحات و نوسازی در ایران عصر قاجار)، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧٩.

٢١. عباس اقبال أشتیانی،تاریخ ایران،چاپ ششم،تهران،١٣٨٨.

٢٢. عباس رمضانی، ناصرالدین شاه قاجار، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٥.

٢٣. عباس قدیانی، تاریخ فرهنگ وتمدن ایران دردوره قاجاریه،چاپ اول تهران،١٣٨٣.

٢٤. عبدالرحیم ذاکر حسین، ادبیات سیاسی ایران در عصر مشروطیت، جلد اول، چاپ اول، تهران، ١٣٧٧.

٢٥. عزیزالله بیات، تاریخ تطبیقی ایران باکشورهای جهان (ازمادها تا انقراض سلسله پهلوی)،چاپ اول، تهران، ١٣٨١.

٢٦. علی اصغر شمیم، ایران در دوره سلطنت قاجار، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩.

٢٧. علیرضا اوسطی، ایران درسه قرن، گدشته، جلد اول، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣.

٢٨. فریدون أدمیت، ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران، چاپ اول، تهران ١٣٧٨.

٢٩. فریدون أدمیت، فکر دمکراسی اجتماعی در نهضت مشروطه ایران، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠.

٣٠. کاظم علمداری، چرا ایران عقب ماندوغرب پیش رفت؟ چاپ نهم، تهران، ١٣٨٢.

٣١. م.پاولوچ، سه مقاله درباره انقلاب مشروطه ایران، ترجمه: م.هوشیار، تهران، ١٣٥٧.

٣٢. م.س.ایوانف،تاریخ نوین ایران،ترجمه:هوشنگ تیزابی وحسن قاتم نپاه،تهران،١٣٥٧.

٣٣. ماشاالله آجودانی، مشروطه ایرانی، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٣.

٣٤. محەممەد علی همایون کاتوزیان،اقتصاد سیاسی ایران (از مشروطیت تاپایان سلسله پهلوی) ترجمه: محەممەد رضا نفیسی وکامبیز عزیزی،چاپی دوازدەهەم،تهران،١٣٥٥.

٣٥. محەممەد علی همایون کاتوزیان،تضاد دولت وملت (نظریة تاریخ وسیاست در ایران)، ترجمه: علیرضا طیب،چاپ اول،تهران،١٣٨٠.

٣٦. محەممەد علی همایون کاتوزیان،دولت وجامعه در ایران (انفراض قاجار واستقرار پهلوی)، ترجمه حسن افشار،چاپ سوم،تهران،١٣٨٤.

٣٧. محمد سالار کسرایی،چالش سنت ومدرنیته در ایران،چاپ اول،تهران،١٣٧٩.

٣٨. محمد طبیبیان و دیگران، اندیشه آزادی، چاپ سوم، تهران، ١٣٩١.

٣٩. محمد علی تهرانی(کاتوزیان) مشاهدات وتحلیل اجتماعی وسیاسی ازتاریخ انقلاب مشروطه ایران،چاپ اول،تهران،١٣٧٩.

٤٠. مرتضی راوندی،تاریخ اجتماعی ایران،جلد دوم،چاپ دوم،تهران،١٣٥٤.

٤١. مرتضی راوندی،تفسیر قانون اساسی ایران،تهران،١٣٥٧.

٤٢. ملك الشعرا بهار، تاریخ مختصر اضراب سیاسی در ایران، جلد اول، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٩.

٤٣. مهدی بامداد، شرح حال رجال ایران (در قرن ١٢ و ١٣ و ١٤ هجری) جلد سوم، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧١.

٤٤. مهدی بهار، میرات خوار استعمار، چاپ چهاردهم، تهران، ١٣٥٥.

٤٥. ناظم السلام کرمانی، تاریخ بیداری ایرانیان، جلد دوم، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧٧.

٤٦. نیکی.أرکدی، ریشه‌های انقلاب ایران،ترجمه:عبدالرحیم گواهی،چاپ دوم،تهران،١٣٨٢.

٤٧. یرواند ابراهامیان،ایران بین دو انقلاب، ترجمه:احمدگل محمد ومحمد ابراهیم فتاحی،چاپ نهم،تهران،١٣٨٣.

## گۆڤارەكان


گۆڤاری كوردی

١. اسماعیل بازیار، دژایەتی شۆرشی مەشرووتە لە پێناوی چی؟، گۆڤاری تیشك، ژمارە ١٠، ١٣٨١.

٢. سۆران علیپوور، كوردستانی ڕۆژهەلات و بزووتنەوەی مەشرووتە، گۆڤاری تیشك، ژمارە ١٥، ١٣٨٣.

گۆڤاری فارسی

١. محمد علی همایون كاتوزیان، قیام شێخ محەممەد خیابانی، ترجمە: علیرضا طیب، اطلاعات سیاسی – اقتصادی،ژمارە ١٦٠ – ١٥٩، سال پازدهەم، ١٣٧٩،.

٢. محمد علی اسلامی ندوشن، هویت ایرانی در دوران بعد از اسلام، مجله اطلاعات سیاسی – اقتصادی،ژمارە ١٣٠ – ١٢٩،سال دوازدهم،١٣٧٤.


## دور الروحانية الشيعية فى حركة المشروطة
(١٩٠٥-١٩١١)


جاءت حركة المشروطة نتيجة الصراع المستمر بين التقاليد القديمة والحداثة داخل المجتمع الايرانى والذي إمتد لعشرات السنين،ذلك الصراع الذى كان قد إسشترى بين طبقات المجتمع الايرانى فى كافة النواحي الاقتصادية والاجتماعية والثقافية. وقد استفادت الروحانية الشيعية من ذلك المد الجماهيري المعارض وعدم الرضى عن السلطة الحاكمة. فباتت تمتلك زمام الامور فى تلك الفترة. أما السلطة الحاكمة فلم تجد بداً من الرضوخ لإرادة الشعب، الامر الذي ادى بالنتيجة الى الاقرار بالمشروطية، أي إعلان الدستور ونتيجة لاصرار قيادات من الروحانيين ممن كانوا يحاولون التنسيق بين الشريعة والقانون ظهرنزاع داخل مناصري المشروطية، الأمر الذي ادى الى تهيئة ظروف مستجدة، فحدث انقلاب ضد المشروطة و تفشى الفوضى، لكنها لم تستمر طويلاً. ان الأهداف التي كان يسعى اليها المشروطيون ادت الى اشارت تخوف الروحانيين الشيعة و ابدوا عدم رضاهم، الأمر الذي جعلهم يبتعدون عن الساحة و الأنزواء بعيداً عن الأحداث.

## Abstract

Mashruta movement was a result of the conflict between Iranian Traditionalists and Modernists. This conflict included variety aspects of the Iranian society, such as economical, social and intellectual life. The Shiite spiritual leaders, as they were influential figures, lead people`s movement against the authority. The authority have been forced to obey to the people`s demand. Therefore, the constitutional chart has been issued. However, due to the spiritual leader`s insistence on the combination of Sharia law with the constitution, a struggle between them and secular intellectuals followed. This struggle provided a ground for a military coup and the restoration of tyranny. However, this struggle did not prolonged for long as Shitte Spiritual leaders had been isolated due to the radical aims of the Mashruta.